«ئایا باوەڕداران بە مەسیح تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنن بۆ گۆڕینی جیهان یان تەکنەلۆژیا بە شێوازی ناتەندروست باوەڕداران بە مەسیح دەگۆڕێت؟ بە تایبەت لە سەردەمی فرانکلین و جێفرسۆنەوە کە داهێنانی شتەکان و شێوازە تەکنەلۆژییەکانی ڕێکخستنی شتەکان بوونە شێوازێکی ژیان، باوەڕداران بە مەسیح پێویستیان بەوە هەبووە ئاگاداربن لەم جۆرە پرسیارانە. ڕەنگدانەوەی تۆنی ڕاینک لەسەر مۆبایلی زیرەک ئامۆژگارییەکی یارمەتیدەر پێشکەش دەکات سەبارەت بەوەی کە چۆن خەڵکی ئەمڕۆ پێویستە وریا بن سەبارەت بە کاریگەرییەکانی تەکنەلۆژیا نوێیە دڵخوازەکانیان.»

**جۆرج ئێم مارسدن**، مامۆستای مێژوو لە زانکۆی نۆتردام

«کتێبی ١٢ ڕێگا کە مۆبایلەکەت تۆی پێ دەگۆڕێت کتێبێکە بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش قەناعەتپێهێنەرە بە قووڵی تێڕامان دەکات. مۆبایلی زیرەک بوونەتە بەشێک لە ژیانمان، بەڵام تۆنی بەدواداچوون بۆ ئەو وێرانکارییە دەکات کە بەهۆی پەرۆشی بۆ تەکنەلۆژیاوە بەسەر مێشک و ڕۆحی مرۆڤدا دێت. داوامان لێدەکات نەک لە بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکمان بکۆڵینەوە، بەڵکو لێکۆڵینەوە لەو پاڵنەرانەش بکەین کە پاڵنەرن بۆی. ئەمە کتێبێکی پێویستە بۆ نەوەی سەردەمی ئێمە، بۆ ئەوەی بیرمان بخاتەوە کە خووەکانی بەکارهێنانی تەلەفۆنمان یان تووشی گەورەترین ماندووبوونمان دەکات یانیش بەرەوپێشی دەبات- واتا شکۆمەندی ڕزگارکەری تێرکەری دەروونمان.»

**جاکی هیڵ پێری**، شاعیر؛ هونەرمەندی هیپ هۆپ

«بە پێچەوانەی ئەو تەلەفزیۆنەی کە زاڵە بەسەر ژووری میوانە مۆدێرنەکاندا، مۆبایلی زیرەک بە شێوەیەکی گشتی زۆر کەمتر دیارە. ڕەنگە بەهۆی ئەم بێدەنگیە وەردە فێڵاوییەوە، جێگەی سەرسوڕمانە کەم کەس ڕەنگدانەوەی بەردەوامیان بۆ ئەو کاریگەرییە تەرخان کردبێت کە ئەم تەکنەلۆژیایە ئێستا لە هەموو شوێنێکدا لەسەر ژیانمان هەیەتی. لەم کتێبەدا تۆنی ڕاینک تەمی دەوری ئەم ئامێرانە دادەماڵێت بەوەی چاوی ڕەخنەگرانەمان دەکاتەوە و دەیخاتە ژێر ڕووناکی گەڕانی دانایی مەسیحییەوە. ئەنجامەکەی هەڵسەنگاندنێکی زۆر وریاکەرەوەیە بۆ ئەو کاریگەرییەی کە لەسەر ژیانمان هەیانە، لەگەڵ ئامۆژگارییەکی زۆر دانایانە و کرداری بۆ زاڵبوون بەسەریاندا. ئەمە چارەسەرییەکی بنەڕەتییە لە کاتی خۆیدا هاتووە بۆ پرسێکی قووڵی گرنگ، ئەمە کتێبێکە پێویستە بە هەموو باوەڕدارێک بە مەسیح بگوترێت بیخوێنێتەوە تاکو مۆبایلێکی زیرەکی هەبێت، لەپێناو تەندروستی ڕۆحیمان.»

**ئەلیستەر ڕۆبەرتس**، یەزدانناس و بلۆگەر

«کتێبی ١٢ ڕێگا کە مۆبایلەکەت تۆی پێ دەگۆڕێت لە نووسینی تۆنی ڕاینک یەکێکە لە گرنگترین کتێبەکان کە مەسیحییەکی سەدەی بیست و یەکەم بتوانێت بیخوێنێتەوە. من زۆر بە ڕژدی پێشنیاری خوێندنەوەی دەکەم.»

**بروس ڕایلی ئاشفۆرد**، بەڕێوەبەر و مامۆستای یەزدانناسی و کەلتوور، کۆلیژی یەزدانناسیی لەئاوهەڵکێشی (باپتیستی) باشووری ڕۆژهەڵات.

«بۆ زۆر کەس مۆبایل شتێکی زیادکەری دڵەڕاوکێ و ماندوێتی و پشتبەستنە. تۆنی ڕاینکی دانا بە شێوەیەکی کرداری ڕێبەرایەتیمان دەکات بۆ دۆزینەوەی ئازادی لە تەلەفۆن بەبێ ئەوەی پێویست بکات لە دێرێکدا لە شوێنێکی چۆڵەوانی لە ناوەڕاستی مۆنتانای ئەمریکا خۆمان ببینینەوە. ئەگەر دەتەوێت بزانیت چۆن تەکنەلۆژیا و ژیانت بۆ مەسیح و شانشینیەکەی بەڕێوەببەیت، ئەمە بخوێنەرەوە.»

**ڕاسیل مۆر**، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ڕەوشت و ئازادی ئایینی، کڵێسای لەئاوهەڵکێشی (باپتیستی) باشوور لە ئەمریکا

«ئەگەر هەست بە نائارامی بکەیت سەبارەت بە پەیوەندییە بەردەوامەکانت لەگەڵ مۆبایلەکەت (وە تەنانەت ئەگەر هەستیشی پێ نەکەیت، وە بپرسیت داخوا پێویستە چی بکەیت)، بۆت دەردەکەوێت کە تۆنی ڕاینک ڕێبەرێکی جێی متمانەیە بۆ ئەوەی چۆن دەبێت کاریگەری مۆبایلەکانمان لەسەر خۆمان و لەسەر پەیوەندییەکانمان هەڵبسەنگێنین. کتێبێکی نایابە کە مامەڵە لەگەڵ بابەتێکی گەورە دەکات بە زمانێکی ڕوون و سەرنجڕاکێش!»

**ترێڤین واکس**، بەڕێوەبەری نووسین، پڕۆژەی ئینجیل؛ نووسەری کتێبی، ئینجیلە ساختەکان و چەوساندنەوەی پیرۆز.

«لەم کتێبەدا دوو شت سەرسامم دەکات. یەکەم: ڕینک زۆر بە ساکارییەوە دەنووسێت، خۆی دەخاتە ناو گێڕانەوەکە بۆ ئەوەی یارمەتیدەرمان بێت لەوەی نەک تەنیا وەک مامۆستایەک بەڵکو وەک هاوڕێیەک لە خەباتەکەدا بیبینین. دووەم: ئەمە ماندووبوونێکی تاوانباری نییە بە پاڵنەری گوناە تایبەتمەندە لەوەی نەکرێت. بەڵکو تۆنی بەردەوام ئێمە دەکێشێتە سەرەوە بۆ ناو شکۆمەندیی مەسیح و تەنانەت یارمەتیمان دەدات خەون بە ڕێگەی نوێ ببینین بۆ شکۆمەندکردنی خودا لە ڕێگەی تەکنەلۆژیا دیجیتاڵییەکانمانەوە. کتێبی ١٢ ڕێگا کە مۆبایلەکەت تۆی پێ دەگۆڕێت کتێبێکی سوودبەخش، هیوابەخش، ساکار و ئیلهامبەخشە، کتێبێکە بۆ ئەم سەردەمە و دانایەکە بۆ نەوەکانی داهاتووە.»

**ترێلیا نیوبێل**، نووسەری کتێبی، چێژ وەربگرە، ترس و باوەڕ، وە یەکێتی

«وێنە هەموو شتێکە، بۆ ژنێک کە شوناسی خۆی لەسەر لمێک بنیادناوە کەوا لە ئینتەرنێت بەدەستی دەهێنێت، لە کۆتاییدا شایانی بێهیواییە. بەڵام ڕێگەیەکی باشتر هەیە بۆ بەرەوپێش چوون، ڕێگەیەکە بۆ بەکارهێنانی مۆبایلەکانمان لە خزمەتێکی نکۆڵی لەخۆکردن، بۆ شکۆمەندکردنی خودا لە پەیوەندییەکانماندا، وە وێناکردنی مەسیح بە ڕەفتاری مۆبایلەکانمان. بۆیە، دەبێت شاشە درەوشاوەکانمان هەڵبسەنگێنین، وە درکپێکردنمان ڕابهێنین بۆ بینینی جیاوازی نێوان خووەکانی بینین و ڕێڕەوی باوەڕ لە بەشەکانی کتێبی پیرۆز. هەموو بابەتێکی ئەم کتێبە وەک ئاگادارکردنەوەیەکی پاڵنەر بۆ ژیانمانە. ڕاوەستە، بخوێنەوە، تاوتوێی بکە، بە وریاییەوە پەیڕەوی بکە.»

**گلۆریا فورمان**، نووسەری، خزمەتی ئەرکی دایکایەتی

«وەک هەرزەکارێک و بەکارهێنەرێکی مۆبایلی زیرەک پێویستم بەم کتێبە بوو. تۆنی ڕاینک سەرنجڕاکێش و سەرزەنشتکارە، بەڵام بەردەوام بە نیعمەتمان دەگەیەنێت. ئەوەی من پێویستی بەم کتێبە هەیە، چونکە پێویستە بە دروستی لە تەکنەلۆژیا تێبگەین. ئەگەر ئەمە نەکەین، تێچووەکەی گەلێک زۆرە. کتێبی ١٢ ڕێگا کە مۆبایلەکەت تۆی پێ دەگۆڕێت- کتێبێکە پێویستە هەموو بەکارهێنەرێکی مۆبایلی زیرەک بیخوێنێتەوە، بە تایبەتی بۆ ئێمەی گەنج.»

**جاکیل کرۆ**، نووسەری، ئەمە هەموو شتێک دەگۆڕێت

«زیاتر لە نەوەیەکی پێچوو هەتا گالیسکەی سەیر و سەمەرەی بێ ئەسپ، بەو هەموو جادوو و ترسناکییەوە، ببێتە ‹ئۆتۆمبێل›ێکی ئاسایی و لێڕاهاتین لەگەڵی. بەڵام ئەو ئامێرەی کە ڕۆژێک پێمان دەگوت ‹مۆبایلی زیرەک›، گەیشتە ئەوەی پێی بڵێین ‹مۆبایل›، شتێکی باو و ڕۆژانە و پێویستە، بە خێراییەکی زۆر کە کاتێکی کەمی بۆ ئێمە هێشتۆتەوە بۆ بیرکردنەوە لەو هێزە ڕاستەقینەیەی کە لە ژیانماندا هەیەتی. تۆنی ڕوانگەیەکی دیاریکراوی مەسیحیمان پێشکەش دەکات سەبارەت بەم شتە سەرسوڕهێنەرە بچووکەی ناو گیرفانمان، وە بینینی چاکە و جوانی و هێزیان، بەڵام هەروەها دانایی خودایی و وریایی لێکۆڵینەوەی باش بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی یارمەتی خوێنەران بدات مۆبایلەکانیان بەکاربهێنن بەبێ ئەوەی لەلایەن مۆبایلەکانیانەوە بەکاربهێنرێن.»

**جۆن دایر**، نووسەری، لە باخچەوە بۆ شار: ڕزگاری و گەندەڵی هێزی تەکنەلۆژیا

«تۆنی یەزدانناسی کرداری لە باشترین ئاستی خۆیدا ئەزموون کردووە، لە کاتێکدا تێگەیشتنێکی ورد لە کتێبی پیرۆز بەکاردەهێنێت بۆ تێگەیشتنێکی ورد لە کەلتوورەکەمان، کە دەگاتە دەرەنجامی ڕێنماییەکی جوان نووسراو و هاوسەنگ بۆ مەترسی و دەرفەتەکان

کە لەبەردەستماندایە. بەڵێ مۆبایلەکانمان ئێمەی بۆ خراپتر گۆڕیوە، بەڵام ئەم کتێبە ئێمە و بەکارهێنانی مۆبایلەکەمان بۆ باشتر دەگۆڕێت.»

**دەیڤید مۆرای**، قەشە؛ نووسەر؛ مامۆستای پەیمانی کۆن و یەزدانناسی کرداری، کۆلیژی یەزدانناسیی چاکسازیکراوی پیوریتان

«هەرچەندە شتێک بەربڵاوتر و کاریگەرتر بێت، پێویستە باوەڕداران بە مەسیح زیاتر بیری لێ بکەنەوە. لەم کتێبە پڕ لە داناییەدا، تۆنی ڕاینک یارمەتیدەرمانە بۆ ئەوەی ئەم کارە بکەین سەبارەت بە مۆبایلی زیرەک. بەبێ ئەوەی دابەزێتە ناو ترس لە تەکنەلۆژیا (تەکنۆفۆبیا) یان شێتی مەزنێتی، ئەو ڕێگا جۆراوجۆرانە نیشان دەدات کە مۆبایلەکان ژیانمان دەگۆڕن، تیشک دەخاتە سەر هەم کێشەکانی ئەم بابەتە و هەم چارەسەرەکانیشی. کتێبێکی بیرمەندانە و لە کاتی خۆیدایە.»

**ئەندرۆ ویڵسن**، نووسەر؛ وتاربێژ؛ قەشەیەکی مامۆستا، لە کڵێسای کینگ لە لەندەن

«بە دەگمەن کتێبێک کە لە ڕووی کردارییەوە کاریگەری هەبێت، هێندەش لە ڕووی یەزدانناسییەوە دەوڵەمەند دەبێت. لە سەردەمێکدا کە ڕۆژانە ئێمە بۆ ناو گێژەڵوکەیەکی دیجیتاڵی ڕادەکێشرێین، تۆنی ڕاینک هۆشداری دەدات لە کاریگەرییەکانی و ئالنگاری ئەوەمان دەکات کە بزانین ئایا مۆبایلەکانمان پێشینەیی ڕۆحی ئێمەیان لە مەسیحدا بەجێهێشتووە یان نا. ڕاینک بە ڕاشکاوی، باسی ململانێ تەکنەلۆژییەکانی خۆی دەکات، بەم کارەش، دەمانباتە دۆخی بیرکردنەوە و نوێژکردن و تەنانەت تۆبەکردنیش. ئەم کتێبە بە تەواوی سەرنجڕاکێش و دەستبەجێ بەرکارە، کتێبی ١٢ ڕێگا کە مۆبایلەکەت تۆی پێ دەگۆڕێت، پێویستە لەم سەردەمەی ئێمەدا بخوێنرێتەوە.»

**کیم کاش تەیت**، نووسەری، کلینگ: هەڵبژاردنی شێوازی ژیانێکی سۆزداری نزیک لەگەڵ خودا

# ١٢ ڕێگا
# کە مۆبایلەکەت تۆی پێ دەگۆڕێت

**تۆنی ڕاینک**

**وەرگێڕانی**
دانیال گەردی

**پێداچوونەوەی**
ماریا کوردستانی

Email: jamala@worksmail.net
Email: contact@handofhelp.info
Skype: jamalabumajd
www.handofhelp.info
UK: +44 (0) 7966 610944
Iraq: +964 (0) 751 792 5515
iraq, erbil, Ankawa, Hershem 28 / 23

handofhelp
FOR SOCIAL SOLIDARITY / HOSS | NGO
Jamal Liddawi
FOUNDER & DIRECTOR

ئەم کتێبە وەرگێڕانێکە لە:
12 Ways Your Phone Is Changing You
Copyright © 2017 by Tony Reinke
Published by Crossway
1300 Crescent Street
Wheaton, Illinois 60187

Kurdish Edition Copyright 2024 by Hand of Help, all rights reserved. Without prior permission of the publisher, no portion of this book may be reproduced, stored in a retrieval system, or transmitted in any form or by any means-electronic, mechanical, photocopy, recording, or any other - except for brief quotations in printed reviews.

هەموو مافەکانی وەرگێڕانی چاپی کوردیی ٢٠٢٤ی ئەم بەرهەمە لە لایەن ڕێکخراوی ”هاند ئۆف هێڵپ“ەوە پارێزراوە. هیچ بەشێکی ئەم بڵاوکراوەیە بەبێ ئاگادارکردنەوەی پێشوەختی نووسەر ناکرێت چاپ بکرێت، یان بە شێوەی ئەلیکترۆنی، فۆتۆکۆپی، تۆماری دەنگی ببەخشرێت، مەگەر ئەوەی کە تەنها دەقی کورتی لێ وەربگیردرێت و ئاماژە بە ناوی بەرهەم و نووسەر بکرێت.

- ناوی کتێب: ٢١ ڕێگا کە مۆبایلەکەت تۆی پێ دەگۆڕێت
- نووسەر: تۆنی ڕاینک
- وەرگێڕانی: دانیال گەردی
- چاپی یەکەم، ٢٠٢٤
- چاپخانە: ئاسیا
- تیراژ: ٥٠٠ دانە
- ژمارەی سپاردن: لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی (    )ی ساڵی ٢٠٢٤ی پێدراوە.

هەموو ئایەتەکانی لە چاپی کوردیی سۆرانی ستاندەرەوە (KSS) وەرگیراوە. هەموو مافەکانی پارێزراوە.

# ناوەڕۆک

لاپەڕە


| | |
|---|---|
| پێشەکی لە نووسینی جان پایپەر | ١ |
| دەستپێک | ٤ |
| کەمێک ناساندنی یەزدانناسیی تەکنەلۆژیا | ١٧ |
| | |
| ١ ئێمە ئالوودەی سەرقاڵی بووین | ٢٨ |
| ٢ ئێمە جەستەی گۆشت و خوێنمان پشتگوێ دەخەین | ٤١ |
| ٣ ئێمە ئارەزووی پەسەندکردنی دەستبەجێ دەکەین | ٥٠ |
| ٤ ئێمە خوێندەواریمان لەدەست دەدەین | ٦٥ |
| ٥ خۆراک لە بەرهەم هێنراوەکان دەخۆین | ٧٧ |
| ٦ ئێمە وەک ئەوەمان لێدێت کە «لایکی دەکەین» | ٩٨ |
| ٧ هەست بە تەنیایی دەکەین | ١٠٨ |
| ٨ ئێمە لە خراپەکارییە نهێنییەکاندا ئاسوودە دەبین | ١١٩ |
| ٩ واتا لەدەست دەدەین | ١٣٣ |
| ١٠ ترسی لەدەستدان | ١٤١ |
| ١١ ئێمە توند و تیژ دەبین بەرامبەر بە یەکتر | ١٥٠ |
| ١٢ ئێمە شوێنی خۆمان لە چوارچێوەی کاتدا لەدەست دەدەین | ١٦٤ |
| پوختە: ژیانی زیرەکانە لەگەڵ مۆبایلی زیرەک | ١٧٦ |
| کۆتایی | ١٩١ |
| سوپاس و پێزانین | ٢٠٠ |

**پێشکەشە بە**

کارالی

«هەموو شتێک بۆ من دروستە،» بەڵام هەموو شتێک سوودبەخش نییە.
«هەموو شتێک بۆ من دروستە،» بەڵام هیچ شتێک بەسەرمدا زاڵ نابێت.
«هەموو شتێک بۆ من دروستە،» بەڵام هەموو شتتێک بنیادنەر نییە.

پۆڵسی نێردراو

# پێشەکی

## لە نووسینی جان پاپەر

مۆبایلە زیرەکەکان مەترسیدارن، وەک هاوسەرگیری و مۆسیقا و هونەری چێشت لێنان -یان هەر شتێکی دیکە کە دەکرێت ببێتە بتێک بۆ پەرستن. هەروەها زۆر بەسوودن، وەک دەمانچە و مووسی ڕیشتاشی و دەرمانی بێهۆشکەر -یان زۆر شتی دیکە کە دەکرێت ژیانت تێکبدەن. من وەک خۆم، زۆر حەزم لە هاوسەرگیرییە، وە هەموو ڕۆژێک مووسی ڕیشتاشی بەکاردەهێنم. بۆیە لەگەڵ تۆنی ڕاینک هاوڕام لە دڵگەرمی زۆری سەبارەت بە جیهانی تەکنەلۆژیای هەمیشە لە گۆڕاندا.

بەڵام هەرگیز نەمتوانیوە کتێبێکی لەم شێوەیە بنووسم. من هێندە ئارامگریم نییە، هەروەها هێندە بە خێرایی و بە فراوانی ناخوێنمەوە. بەڵام تۆنی لێکۆڵینەوەی زیاتری بۆ ئەم کتێبە کردووە لە هەموو شتێکی دیکە کە نووسیویەتی. وە ئەو کتێبانەی دیکەش هەمان گرنگییان پێدراوە. پابەندبوونی بەوەی تەواو ئاگادار بێت، وە دادپەروەرانە، پێویستی بە گرنگیدانێکی بەرچاو و هزرێکی هۆشیار و پەیوەستییەکی بەردەوام هەیە بە زۆری لێوردبوونەوە هەرچەندە بەرەو ڕوونکردنەوەی زیاتر بچێت. سەرباری ئەمەش بەهرەی تێڕوانینی یەزدانناسی زیاد بکات، بۆ ئەوەی ئەم کتێبە ببێتە شتێکی ناوازە و کەس نەیتوانیوە بینووسێت. بۆیە بە دڵنیاییەوە من نەمتوانیوە.

بەڵام من لە بیرکردنەوە لە مۆبایلی زیرەک یەک لایەنی باشەی بچووکم هەیە. من تەمەنم حەفتا ساڵە. ئەمەش لەبەر دوو هۆکار لایەنی باشە. یەکێکیان ئەوەیە کە من لە ماوەی تەواوی شۆڕشی کۆمپیوتەردا گەورە بووم -هەر لە سەرەتاوە. ئەوی دیکەیان ئەوەیە کە هەست بە پەلەقاژەی ژیانی هەتاهەتاییم دەکەم کە بەرەو ڕووم دێت.

یەکەم کاری ڕاستەقینەم وەک مامۆستا لە ساڵی ١٩٧٤ دەستکەوت، تەمەنم بیست و هەشت ساڵ بوو. یەکەم کۆمپیوتەری کەسی لە ساڵی ١٩٧٥ ناسێندرا، چەند پارچەیەک بوو پێکەوە دەبەسترا. وە من حەز لە پێکبەستن ناکەم. چاوەڕێم کرد. لە ساڵی ١٩٨٠ لایەنی ئەکادیمیم بەجێهێشت و بوومە قەشە. بە کردەوە لە ساڵی ١٩٨٠ هیچ کڵێسایەک کۆمپیوتەری بەکارنەدەهێنا، زیاتر لە یارییە گرانبەهاکان یان بژمێری گرانبەها دەچوو.

بەڵام زۆری نەخایاند شتەکان دەستیان پێکرد بەرەو ئاراستەیەکی ترسناک. کۆمپانیای IBM لە ساڵی ١٩٨١ یەکەم کۆمپیوتەری بەرهەم هێنا، گۆڤاری تایم ساڵی ١٩٨٢ی بە "ساڵی کۆمپیوتەر" ناوبرد. نرخەکەی زۆر گران بوو. بەڵام من لەبەر یەک هۆکاری سەرەکی حەزم

پێیکرد: چارەسەری دەق یان نووسین. لە ساڵی ١٩٨٤ نرخەکەی گونجاو بوو، لە دەفتەری ڕۆژانەمدا لە ١٦ی حوزەیران نووسراوە: "دوێنێ کۆمپیوتەرێکم کڕی. کۆمپیوتەری جۆری IBM، ڕام ٢٥٦ کیلۆ بایت، دوو دیسک، بە نرخی ١٩٩٥ دۆلار." مۆنیتەرەکە جیاواز بوو. سیستەمی کارپێکردنی دیسک (DOS 2.1) ٦٠ دۆلار بوو.

دوای بیست و سێ ساڵ ئایفۆن دروستکرا. ئەو کاتە کۆمپیوتەر و تەلەفۆن بوونە یەک. لە ماوەی نزیکەی ساڵێکدا، لەناو فڕۆکە بووم. پەیوەندیکردن. نامە ناردن. بەردەوامی لە ئاگاداری هەواڵەکان. لەگەڵ هاوسەرەکەم یاری سکرابڵم دەکرد. وە خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزم، ئایەتەکانم لە لستی پاشەکەوت تۆمار دەکرد، بۆ ئەوەی لە کاتی ڕۆشتندا لەبیرم بێ. سەرباری ئەو هەموو خراپ بەکارهێنان و ئەو هەموو وێرانکارییەی سەرقاڵکردن و کاتژمێرە بەفیڕۆدراوەکان و خۆبەرزکردنەوە و تێکدانی پۆرنۆگرافی، کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرەک وەک بەخششی خودا دەبینم -وەک پاپیروس و کۆدێکس و کاغەز و چاپخانە و ئەندامەکانی ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی بەرفراوان.

بۆیە ئەگەر تەمەنت درێژ بێت، بە گەرمی نوێژ بکە، بەردەوام بە لە سەرنجت لەسەر وشەی خودا کە لەناوناچێت و ناکەوێت، ئەو کاتە دەتوانیت لە کۆیلایەتی نوێگەری ڕزگارت بێت. بە تێپەڕبوونی کات دەتوانیت ڕوودانی شتێکی نایاب ببینیت. دەتوانیت ببینیت کە سەرسامییەکی زۆر ڕێگای بەکارهێنانی هۆشیارانە دەگرێتەبەر. دەتوانیت ببینیت یارییەک دەبێتە ئامرازێک؛ یان سەرشێتییەک ببێتە ئامرازێکی هاوکار لە کاردا؛ یان گەورەیەک ببێتە خزمەتکار. بە هێنانەوەی قسەکانی تۆنی -وە بە هەمان ئامانجی ئەو- دەتوانیت سەرکەوتنی کارایی بەسوود ببینیت بەسەر خووی بێ واتادا.

خۆزگە دەمتوانی چێژی ژیانی هەتاهەتایی بدەم بە هەموو گەنجێکی پێگەیشتوو کە لەگەڵ چوونە ناو دەیەی هەشتەمدا چڕتر دەبێتەوە. هۆشیارییەکی بەختەوەر لە ڕاستی مردن و ژیانی دوای مردن ڕزگارکەرێکی نایاب و سەرسوڕهێنەرە لە مۆدێرن و پەنجە خستنە سەری هەڕەمەکی لەسەر شاشە. من دەڵێم "هۆشیاری بەختەوەر" چونکە، ئەگەر تەنیا شتێک هەتە ترس بێت، بە دڵنیاییەوە مۆبایلە زیرەکەکەت دەبێتە یەکێک لەو ڕێگایانەی کە لە بیرکردنەوە لە مردن ڕزگارت دەبێت.

بەڵام ئەگەر بە هیوای شکۆمەندی خودا دڵخۆش بیت چونکە لە ڕێگەی عیسا لێخۆشبوون گوناهەکانت وەرگرتووە، ئەوا مۆبایلە زیرەکەکەت دەبێتە کەرێک کەوا بارگەی گەشتەکەی تۆی هەڵگرتووە لە ڕێگای بەهەشتدا. ئێمە کەرەکان بەهۆی جوانییانەوە ڕاناگرین. بەڵکو بە ئامانجی ئەنجامدانی ئەرکێک.

ئەو ئەرکەی هەمانە ئەوە نییە کەس سەرسام بکەین. ئەرکەکەمان ئەوەیە کە

خۆشەویستی ئەو زیاد بکات، واتا مەسیح، وە خەڵکمان خۆشبوێت. ئەمە ئەو هۆکارەیە کە ئێمە لەپێناویدا بەدیهێنراوین. لەبەر ئەوە ژیانت بەفیڕۆ مەدە لە پەروەردەکردنی کەرەکەی خۆت. بەڵکو وای لێ بکە قورسایی هەزار کار لە کارەکانی خۆشەویستی هەڵبگرێت. وای لێبکە لەگەڵت هەورازەکانی خواپەرستی ببڕێت.

ئەگەر ئەوە بۆ تۆ سەیر بێت، ڕەنگە سەرنجڕاکێش بێت، تۆنی لە لاپەڕەکانی داهاتوودا بە باشی خزمەتت دەکات. لە کوێی دیکە ئەو ئایفۆنە دەدۆزیتەوە کە بەستراوەتەوە بە ئۆرشەلیمی نوێ؟ لە کوێی دیکە کەسێک هێندە ژیر دەبێت کە بڵێت "گەورەترین پێویستیمان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا ئەوەیە کە شکۆمەندی مەسیحی نەبینراو لە درەوشاوەیی شاشەی شینی کاڵ و کتێبە پیرۆزە پێکسڵییەکانماندا ببینین؟" لە کوێی دیکەدا گوێمان لە ستایشی گونجاو دەبێت بۆ ئاپەکانی کتێبی پیرۆز لەگەڵ دانپێدانانی ڕاستگۆیانە کە "هیچ ئاپێک ناتوانێت هەناسە بدات بە ژیانی هاوبەشم لەگەڵ خودا؟" کێی دیکە بەو قەناعەتە لەسەر مۆبایلە زیرەکەکەی دەنووسێت کە "خەیاڵی مەسیحی لە برسێتیدا دەمرێت لەپێناو خۆراکێکی یەزدانناسیی تۆکمەدا؟" وە کێی دیکە ڕووبەڕووی شاراوەیی گریمانەی گوناهە تایبەتەکانمان دەبێتەوە لەگەڵ ڕاستی کە دەڵێت: "شتێک نییە بە ناوی نادیاری. بەڵکو بابەتەکە تەنیا پرسی کاتە؟"

بەڵێ. لە ئێستاوە کاتەکە کورتە. بەفیڕۆی مەدە بە نمایشکردنی کەرەکەت.

وای لێبکە کار بکات. بەدیهێنەرەکەی دڵخۆش دەبێت.

# دەستپێک

ئـەم مۆبایلـە زیرەکـە نەفرەتییـە! ترۆپکی بەرهەمهێنانـە. پەتایەکی بێزارکـەرە. ئامێرێکی بـێ ڕۆح بـە هێـزی برسـییێتییەکی نەکـوژاوە. جادووگـەری فێڵـە دیجیتاڵییـەکان. ملوانکـەی چاودێـری. بەلوعـەی خەرجکردنـی پـارە. جڵەوێـک لێـی دەربـاز نابیـن. دیکتاتـۆر، لـە یەکـتر جیاکـەرەوە، دوژمـن!

بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا یاریـدەدەری کەسـی مانـدوو نەناسـمە، هاوڕێـی سـەفەرمە کـە جێگـرەوەی نیـە، وە پەیوەنـدی خێرامـە لەگـەڵ هـاوڕێ و خێزانەکـەم. شاشـەی مەجازییـە. ئامێـری یاریکـردن. پارسـەنگی ژیانـی ڕۆژانەیـە. هـاوڕێ زیرەکەکـەم، باڵـە وریاکـەم، هـاوکارە هەمیشـە ئامادەکـەم.

ئەم مۆبایلە نیعمەتە!

مۆبایلەکـەم پەنجەرەیەکـە بـۆ شـتە بـێ سـوود و شـتە بەهـادارەکان، شـتی دەسـتکرد و ڕەسـەن. هەندێـک ڕۆژ هەسـت دەکـەم مۆبایلەکـەم خوێنمژێکـی دیجیتاڵـی بێـت، کات و ژیانـم دەمژێـت. ڕۆژانـی دیکـە، هەسـت دەکـەم وەک سـەنتۆرێکی[a] سـایبێرنێتیک (پەیوەسـت بـە ئینتەرنێتـەوە) وایـە،- بەشـێکی مرۆڤانـە، وە بەشـێکی دیجیتاڵـی- کـە مـن و مۆبایلەکـەم بـە ڕیتـم و ڕۆتینێکـی ئاڵـۆز بـە ئاسـانی تێکەڵـی یەکـتر دەبیـن.

## ئایفۆن ١,٠

سـتیڤ جۆبـس، زانـای تەکنەلۆژیـا لـە پێشـانگای فەرمـی مـاک وۆرلـد لـە ٩ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٧ مۆبایلـی ئایفۆنـی ناسـاند، وەک شاشـەیەکی ”زەبـەلاح“ بـە قەبـارەی ٣.٥ ئینجـی وردبینـی بـەرز و پێویسـتی بـە هیـچ کیبـۆرد و قەڵەمێکـی فیزیکـی نەبـوو. بـە پێچەوانـەی ئـەو مۆبایلـە زیرەکـە قورسـانەی هەتـا ئـەوکات هەبـوون، جۆبـس ڕایگەیانـد: ”ئێمـە باشـترین ئامـرازی ئامـاژەدان لـە جیهانـدا بەکاردەهێنیـن. ئێمـە ئامرازێکـی ئاماژەکـردن بەکاردەهێنیـن کـە هەموومـان پێـی لەدایـک دەبیـن -کـە لەدایـک بوویـن دە دانەمـان هەیـە. ئێمـە پەنجەکانمان بەکاردەهێنیـن“. لـەو سـاتەوە جـادووی تەکنەلۆژیـای فـرە دەسـتلێدان (Multitouch Technology) ئاماژەکانـی سـەری پەنجـەی زۆر وردی دەخسـتە نـاو ئامێرێکـی گیرفانییـەوە، بەمـە مرۆڤەکانـی لـە جـاران زیاتـر لـە تەکنەلۆژیـای کۆمپیوتـەر نزیکـتر کـردەوە. کاتێـک جۆبـس دواتر ڕایگەیانـد، ”ئێسـتا دەتوانیـت دەسـت لـە مۆسـیقاکەت بدەیـت“، بـاری لێدوانەکـە زۆر لێـڵ بـوو بـۆ ئـەوەی لـەم سـاتەدا لێـی تێبگـەن.[b]

---

a سەنتۆر: بوونەوەرێکی ئەندێشەیی ئەغریقییە کەوا جەستەی ئەسپە و سەری مرۆڤە -وەرگێڕ.

b Mic Wright, "The Original iPhone Announcement Annotated: Steve Jobs' Genius Meets Genius," The Next Web, thenextweb.com (Sept. 6, 2015).

کۆمپانیــای ئەپــڵ (Apple) بــە فەرمــی یەکــەم ئایفۆنــی لــە ٢٩ی حوزەیرانــی ٢٠٠٧ بڵاوکــردەوە و منیــش لــە وەرزی پاییــزدا یەکێکــم کــڕی. سەرســام بــووم بــەو تەکنەلۆژیایــەی خرابــووە نــاو ئــەم مۆبایلــە دەســتییە بریقــەدارە: سیســتەمێکی کارپێکردنــی کۆمپیوتــەری، ئایپۆدێــک کــە تــازە دیزایــن کرابــوو بــۆ مۆســیقاکەم، میکانیزمێکــی نوێــی خێــرا بــۆ نامەنــاردن بــۆ هاوڕێکانــم، ڤیدیۆیەکــی زۆر ڕوون کــە لەگــەڵ وێبگەڕێکــی نوێــی مۆبایــل تێکەڵکــراوە بــۆ پاراســتنی تــەواوی دیمەنــی تــۆڕی وێــب، خێراییپێوەرێــک بــۆ هەســتکردن بــەوەی کــە چــۆن مۆبایلەکــەم دەپێچمــەوە و دەیســوڕێنمەوە -هەمــوو ئەمانــە لەســەر شاشــەیەک کــە جڵەوگیــری هەســتیاری زانســتی هەیــە کــە بــە لێدانــی ســەری پەنجــە، ڕاکێشــان (Swipes) و پەنجــە لێــدان (Pinches) ڕێنمایــی دەکرێــت.

لــە ڕێــگای گەشــتێکدا چەنــد ڕۆژێــک دوای دەرهێنانــی مۆبایلەکــە لــە پاکەتەکــەی، لــە دەرەوەی وێســتگەیەکی پشــوودانی بەفــراوی ئایــۆوا ڕاوەســتام، قوفڵــی ئایفۆنــە نوێیەکەمــم کــردەوە، وە لــە گوندێکــی دوورەدەســت کــە ئینتەرنێــت و کۆمپیوتــەری لــێ نەبــوو وەڵامــی یەکــەم ئیمەیڵــم دایــەوە. بــە شــێوەیەکی بــێ وایــەر (وایەرلێــس). بــێ ماندووبــوون. ئــتر مــن ئالــوودە بــووم، تــەواو وەک ملیۆنــان کەســی دیکــە. لــە مــاوەی دە ســاڵدا نزیکــەی یــەک ملیــار ئایفــۆن فــرۆشراوە.

لــەدوای مۆبایلــی ئەپــڵ بەدوایــدا ئەندرۆیــد (Android) هــات، مۆبایلــی زیــرەک بــە جیهــان و هەمــوو گۆشــەیەکی ژیانمانــدا بڵاوبوونــەوە. ئێســتا ئێمــە هــەر ٤.٣ خولەکێــک لــە ژیانــی بەئاگابوونمانــدا مۆبایلــی زیرەکــمان دەپشــکنین.[a] لەوەتــەی یەکــەم ئایفۆنــم دەســتکەوتووە، مۆبایلــە زیرەکەکــەم بــە درێژایــی ڕۆژانــی حەفتــە لــە دەســتمدایە: بــۆ لــە خــەو هەســتانی بەیانیــان، بــۆ کارپێکردنــی کتێبخانــە مۆســیقاییەکەم، بــۆ چێژوەرگرتنــم بــە کورتــە ڤیدیــۆ و فیلــم و پەخشــی تەلەفزیۆنــی ڕاســتەوخۆ، بــۆ وێنەگرتنــی ژیانــم بــە وێنــەی دیجیتاڵــی و ڤیدیــۆ، بــۆ ئــەوەی ڕێگــەم پێبــدات نوێتریــن یــاری ڤیدیۆیــی بکــەم، ڕێنماییــم بــکات لــە شــەقامە نامــۆکان، بــۆ پەخشــکردن لــە سۆشــیال میدیاکــەم، وە هەمــوو شــەوێک دڵنیــام بکاتــەوە لــەوەی جارێکــی دیکــە بەیانــی لــە خــەو هەڵمدەســتێت (بــە مەرجێــک کارەبــای پــێ بــدەم). مــن مۆبایلەکــەم بەکاردەهێنــم بــۆ تۆمارکردنــی خشــتەی خێزانەکەمــان کــە هەمیشــە لــە گۆڕاندایــە بــۆ ئــەوەی هــاوکات بێــت. مۆبایلەکــەم بەکاردەهێنــم بــۆ لێکۆڵینــەوە و نووســین و تەنانــەت نووســینی چەنــد بەشــێکی بەشــەکانی ئــەم کتێبــەش. مــن مۆبایلەکــەم نزیکــەی بــۆ هەمــوو شــتێک بەکاردەهێنــم (جگــە لــە پەیوەنــدی تەلەفۆنــی، وا دیــارە). وە بــۆ هەرکــوێ بچــم مۆبایلەکــەم لەگەڵمدایــە: ژووری نووســتن، نووســینگە، پشــوو، وە، بەڵــێ، تەنانــەت ئاودەســتیش.

---

a Jacob Weisberg, “We Are Hopelessly Hooked,” The New York Review of Books (Feb. 25, 2016).

مۆبایلی زیرەک چەندین تەکنەلۆژیای تازەپێگەیشتووی تێکەڵ کردووە[a] لە بەهێزترین ئامرازی هەڵگیراوی دەستی پەیوەندی کۆمەڵایەتی کە هەتا ئێستا داهێنراوە. بە مۆبایلەکانمان، وای لێهاتووە هەموو ژیان دەکرێت وێنەی بگیردرێت و هاوبەش بکرێت. بۆیە سەرسام نەبووم کاتێک نووسەرانی ڕۆژنامەی تایم ئایفۆنیان بە کاریگەرترین ئامێری هەموو سەردەمێک ناوبرد و گوتیان کە "بە شێوەیەکی بنەڕەتی پەیوەندیی ئێمەی گۆڕی بۆ کۆمپیوتەر و زانیاری -گۆڕانکارییەک کە ڕەنگە بۆ دەیان ساڵی داهاتوو کاردانەوەی هەبێت."[b]

ئای بەڵێ، کاردانەوەکانی. نرخی ئەم هەموو جادووە دیجیتاڵییە چەندە؟ لەو کاتەوە بۆم دەرکەوتووە کە ئایفۆنەکەم کە لە هەموو شوێنێکدا هەیە ژیانم بە سەرقاڵکردنەکانەوە دەخوات -شتێک کە بەڕێوەبەرانی ئەپڵ بەبێ ئاگاداری دانیان پێدا ناوە لە سەروبەندی خستنەبازاڕی کاتژمێری ئەپڵدا (Apple Watch)، کە وەکو چاکسازییەکی تەکنەلۆژی نوێتر و کەمتر داگیرکەری ژیانمان دەخرێتە بازاڕەوە کە لە ئەنجامی ئەو ژاوەژاوەی تەکنۆلۆژیا کەوا لەلایەن ئایفۆنەوە هێنراوەتە ناو ژیانمانەوە.[c]

ئەو کاتەی کە یەکەم ئامێری ئایفۆنم دەکردەوە، بێ ئەوەی من بزانم، جۆبس چالاکانە منداڵەکانی لە ئامێرە دیجیتاڵییەکانی دەپاراست. ئایا دەبێت خۆم بپارێزم؟

## پرسیارە گەورەکە

دروستکەران و بازرگانانی مۆبایلی زیرەک دەسەڵاتێکی زۆریان بەسەر ئێمەدا هەیە، دەمەوێت بزانم ئەم تەکنەلۆژیایە چ کاریگەرییەکی لەسەر ژیانی ڕۆحیم هەیە. وەک لە هەموو بوارەکانی ژیانی باوەڕبوون بە مەسیحیدا، دەمەوێت لە مێژووی کڵێسا و لەو باوەڕدارانە بەتەمەنەکانەوە فێربم. یەکەم گفتوگۆم لەگەڵ زۆرێک لە گەشتی بەرهەمهێنانی ئەم کتێبەدا پەیوەندییەکی تەلەفۆنی بوو لەگەڵ دەیڤید وێلز (لەدایکبووی ١٩٣٩) زانای ئایینی تەمەن حەفتا و پێنج ساڵان. دوایین کتێبی لەسەر پیرۆزی خودا بوو بە شێوەیەکی سەرسوڕهێنەر پڕ بوو لە قسەکردن لەسەر تەکنەلۆژیا (کەوا ئێستا بابەتێکی لاوەکی پەیوەندیدارە لە هەموو گفتوگۆیەکدا).[d]

---

a ئەم کتێبە زۆر کورتە بە شێوەیەک داوای لێبووردن دەکەین لە دووبارە بگێڕانەوەی مێژووی مۆبایلی زیرەک. بۆیە بڕوانە:

Mobile Revolution at the Crossroads of Communications, Computing and Consumer Electronics (North Charleston, SC: CreateSpace, 2011).

b Lisa Eadicicco et al., "The 50 Most Influential Gadgets of All Time," Time magazine (May 3, 2016).

c David Pierce, "iPhone Killer: The Secret History of the Apple Watch," Wired (April 2015).

d David Wells, God in the Whirlwind: How the Holy-love of God Reorients Our World (Wheaton, IL: Crossway, 2014).

ویڵز پێی گوتم: "تەنیا لە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکانەوەیە کە تۆڕی ئینتەرنێت بە شێوەیەکی بەرفراوان لە کۆمەڵگاکەماندا بەکاردەهێنرێت، بۆیە ئێمە لێرەدا باسی دوو دەیە دەکەین. وە ئێمە -هەموومان- هەوڵ دەدەین بزانین چی بەسوودە بۆ ئێمە و چی زیانمان پێدەگەیەنێت. ئێمە ناتوانین لێی ڕزگارمان بێت، وە ڕەنگە هیچ کام لە ئێمە نەمانەوێت لێی ڕزگارمان بێت. ناتوانین ببینە دەرویشی دیجیتاڵی". لەمە سەرسام بووم کە ویڵز بە شێوەیەکی کەسیی دەستی بە فریودەرییەکانی کرد: "گومانی تێدا نییە کە ژیان زیاتر پەرتەوازە بووە، چونکە ئێمە گوێمان لە زەنگی ئاگادارکەرەوە و نامەی کورت دەبێت. ئێمە لە ڕاستیدا لەگەڵ گەردوونێکی هاوتەریب و مەجازیدا دەژین، گەردوونێک کە دەکرێت هەموو ئەو کاتە وەربگرێت کە هەمانە. چیمان بەسەر دێت کاتێک لە جوڵەی بەردەوامداین -کاتێک ئالوودەی هاندانی بەردەوامی بینین بین؟ ئەمە چیمان لێدەکات؟ ئەوە پرسیارە گەورەکەیە."[a]

ویڵز تەواو ڕاست دەکات -مۆبایلەکانمان ئامێری گۆڕینی بەردەوامە، هەمیشە ڕەفتارە نوێیەکان لە ئێمەدا دەگۆڕن. ساڵانێکی زۆر لەمەوبەر، جاک ئێلول (١٩١٢-١٩٩٤) هۆشداریی داوە لەم مەترسییەی سەردەمی تەکنەلۆژی و نووسیویەتی "پێشبینی نەکردن یەکێکە لە تایبەتمەندییە گشتییەکانی پێشکەوتنی تەکنەلۆژی."[b] توانای پێشبینینەکردنی سەردەمی تەکنەلۆژیا ئاستێکی دیاریکراوی نائارامی بێ وەستانی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە کە دوورمان دەخاتەوە لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی ویڵز. ئێمە نازانین مۆبایلی زیرەک چیمان لێدەکات، بەڵام گۆڕانکاریمان بەسەردا دێت، ئەمە زۆر ڕوونە.

پاش ماوەیەک ئیمەیڵێکم نارد بۆ ئۆلیڤەر ئۆدۆنۆڤانی تەمەن حەفتا و یەک ساڵان (لەدایکبووی ١٩٤٥)، کە زانایەکی لێهاتووی ڕەوشتی مەسیحییە لە سکۆتلەندا، بۆ ئەوەی لێی بپرسم ئایا مەسیحییەکان دەبێ هەست بە نائارامی بکەن سەبارەت بە سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان. گوتی کە پەیوەندییە ئەلیکترۆنییەکان زیاتر پرسیارێکە بۆ نەوەی گەنج نەک بۆ نەوەی من. ئاماژەی بەوەشکرد، "ئەوە ئەوانن کە بەڕاستی دەبێت فێربن لەو دەسەڵات و هەڕەشانە تێبگەن کە بەرجەستەی دەکەن، بەشێکی لەڕێگەی تاقیکردنەوە و هەڵەکردنەوە، بەڵام هەروەها، وە زۆر لەوەش گرنگتر، لەڕێگەی بیرهێنانەوەی ئەوەی کە پێش دەستپێکردنی شۆڕشی پەیوەندییەکان، گرنگترین شتیان چییان هەبووە."

سەبارەت بەو پرسیارانەی ئێستا ڕووبەڕوومان دەبنەوە گوتی: "پێشتر کەس پێویستی بەوە نەبووە ئەمە فێربێت. کەس ناتوانێت نەوەی نوێ فێربکات چۆن فێری ئەمە بن.

a David Wells, interview with the author via phone (July 9, 2014).

b Jacques Ellul, The Technological Bluff (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1990), 60.

ئەمە ئالنگارییەکی گەورەیە بۆ توانای ویژدانییان بۆ درکپێکردن، ئەمە ئالنگارییەکە بە شێوەیەکی ناوازە لەبەردەم ئەوان دانراوە. بێگومان ئەو مەترسییەی کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە ئەوەیە کە ئامرازەکان کارنامە دادەنێن. ئامرازی پەیوەندیکردن ئامرازێکە بۆ گەیاندنی شتێک". پاشان وێلز ئەو پرسیارەی دووپات کردەوە: "ناوەندەکانی ڕاگەیاندن چەقبەستوو نابن، چاوەڕێی ئەوەن کە ئێمە بێینە سەری و بەسوودیان ببینین بۆ هەندێک پڕۆژە کە لە مێشکماندایە. تەکنەلۆژیا پێمان دەڵێت چی بکەین، لەوەش گرنگتر ئەوەیە، ‌بمانەوێت چی بکەین. شەپۆلێک هەیە دەڕوات، ئەگەر نەزانین مەلە بکەین، ئەوا هەڵمان دەگرێت. کەسێک دەبینم شتێک دەکات و منیش دەمەوێت بیکەم. پاشان هەرچییەک کە پێم وابوو دەمەوێت بیکەم، لەبیرم دەچێتەوە."

ئۆدۆنۆڤان بە هۆشدارییەکی سەرنجڕاکێش کۆتایی بە چاوپێکەوتنەکە هێنا: "ئەم نەوەیە ئەرکی ناوازەی پێ سپێردراوە کە تێگەیشتن لەوەی کە میدیای نوێ بەڕاستی بۆ چی باشە، ئەمە هەروەها بە واتای ئەوەیە کە بۆ چی باش نییە. ئەگەر بە سووکی تەماشای بکەن، نەوەکانی دوای ئەوان باجەکەی دەدەن."[a]

## نیگەرانیی من

من ویستم ئەم کتێبە لە چوارچێوەی گفتوگۆ لەگەڵ پیرەکانی کڵێسادا بنووسم، بەڵام لە پرسیارەکانم بۆ وێلز و ئۆدۆنۆڤان پرسیارێکی دیکەی لێکەوتەوە: ئێمە کە زۆرترین ئاشنایەتیمان هەیە لەگەڵ مۆبایلە زیرەکەکانمان، چۆن دەتوانین هەموو هەوڵێکمان بدەین بۆ ڕوونکردنەوەی دەرەنجامەکان؟

هەروەها خۆم لە شوێنێکی فێڵبازیدا دەبینمەوە -پرسیاری گرنگ دەکەم سەبارەت بەوەی کە چۆن مۆبایلەکەم دەمگۆڕێت لە هەمان کاتدا، هەموو کات بە شێوەی ئۆنلاین کار دەکەم و هەوڵ دەدەم لێهاتوویی و ئەزموونەکانم بەکاربهێنم بۆ ئەوەی سەرنجی بینەرێکی مەجازی ڕابکێشم. لەگەڵ گەشەکردنی جیهانی ئۆنلاین، وە گەشەکردنی مۆبایل، هەروەها دەرفەتی نوێ بۆ ئینجیلیش دەکرێتەوە.

بە شێوەیەکی بەرفراوان، هێزی سەردەمی دیجیتاڵی لە کۆکردنەوەی زیرەکی مرۆڤ و زانیارییە ڕاستییەکان بێ وێنەیە (ویکیپیدیا تەنیا یەک نموونەیە لەوەی کە لە داهاتوودا ڕوودەدات). ئێستا هەموو باوەڕدارێک بە مەسیح دەرفەتی بێ هاوتای پێدەدرێت بۆ خزمەتکردنی ئۆنلاین. بانگخوازە دیارەکانی ئەمڕۆمان دەتوانن لە ڕێگەی سۆشیال میدیاوە بگەنە سەدان هەزار کەس. تەنانەت ئاساییترین باوەڕداریش بە مەسیح دەتوانێت لە فەیسبووکەوە لەگەڵ ئامادەبووانی دەستبەجێی دوو سەد تا سێ سەد هاوڕێی خۆی قسە

a Oliver O'Donovan, interview with the author via email (Feb. 10, 2016).

بـكات، ئەمـەش توانایەکـی گەیشـتنە کـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا بێهاوتایـە.

بۆیـە هەسـت بـە فشـاری ئـەم سەرلێشـێوانە دەکـەم. مـن دەمەوێـت لێهاتـوو بـم لـە بەدەسـتهێنانی سـەرنجی ئۆنلایـن (بـۆ مەسـیح)، بـەڵام دەمەوێـت پرسـیاری ڕەخنەگرانـەش بکـەم دەربـارەی پاڵنـەر و خـوو و گریمانەکانـی بەکارهێنانـی مۆبایلەکـەم.

## مەبەستی من

ئـەم کتێبـە دەربـارەی مۆبایـل بـە ئاسـانی دەکرێـت لـە کەتەلۆکـی تەلەفـۆن قەبـارەی گەورەتـر بێـت، بۆیـە بـۆ ئـەوەی کـورت بێـت، دەبێـت تەنیـا قسـە لەسـەر شـتە سـەرەکییەکان بکـەم و بـە کورتـی و پوختییـەوە بـاس بکـەم. لـە کاتێکـدا هەندێـک لـە نووسـەران پێیـان وایـە مۆبایلەکانمـان وامـان لێدەکـەن زیاتـر هۆشـیار بیـن و لەسـەر ئاسـتی پەیوەنـدی قووڵـتر،[a] هەندێکـی دیکـە هۆشـداری دەدەن لـەوەی مۆبایلەکانمـان وامـان لێـدەکات زیاتـر ڕووکەشـی و گەمـژە و کەمـتر لێهاتـوو بیـن لـە جیهانـی ڕاسـتەقینەدا.[b] هـەردوو بەهانـەکان هەندێـک جـار ڕاسـت دیـارن، بـەڵام "سۆشـیال میدیـا هەتـا ڕادەیەکـی زۆر ئەوەیـە کـە ئێمـە لێیـان دروسـت دەکەیـن -یـان ئامـرازی ڕاکـردن، یانیـش ئامـرازی گۆڕانـکاری؛ بەپێـی ئـەوەی چاوەڕێـی چـی لێ دەکەیـن و چـۆن بـەکاری دەهێنیـن."[c] پرسـیاری ئـەم کتێبـە سـادەیە: باشـترین سـوودی مۆبایلـە زیرەکەکـەم چییـە لـە بەدیهێنانـی گەشەسـەندنی ژیانمـدا؟

بـۆ ئـەو مەبەسـتەش، ئامانجـم ئەوەیـە کـە لـە هـەردوو تونـدڕەوی دوور بکەومەتـەوە: گەشـبینی نموونەیـی کـە لـە خۆشویسـتنی تەکنەلۆژیـاوە دێـت، وە ڕەشـبینی ئەندێشـەی تـرس لـە تەکنەلۆژیـا. ئۆدۆنۆڤـان تـەواو ڕاسـت دەکات کاتێـک دەڵێـت فریوخواردنـی ئێمـە ئەوەیـە کـە تەماشـای کەسـێک بکەیـن شـتێک دەکات و دواتـر تەنیـا ڕەفتارەکـە لەبەربگرینـەوە و بانگـەوازە کەسـی و ئامانجەکانـی ژیانمـان لەبەرچـاو بگریـن. بـە دەربڕینێکـی دیکـە دەبێـت لـە خۆمـان بپرسـین: چ تەکنەلۆژیایـەک خزمـەت بـە ئامانجەکانـم دەکات؟ وە لـە پلـەی یەکەمـدا ئامانجەکانـم چیـن؟ بەبـێ وەڵامـی ڕوون، وەک بـاوەڕدار بـە مەسـیح ناتوانین هیچ پێشـکەوتنێک بەدەسـت بهێنیـن لـە بیرکردنـەوە لـە لایەنـە بـاش و خراپەکانـی مۆبایلـی زیرەکـەوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئەگـەر خاوەنـی مۆبایلێکـی زیـرەک بیـت، ڕەنگـە خـراپ بـەکاری بهێنیت.

---

a Clive Thompson, Smarter Than You Think: How Technology Is Changing Our Minds for the Better (New York: Penguin, 2013) and Steven Johnson, Everything Bad Is Good for You: How Today's Popular Culture Is Actually Making Us Smarter (New York: Riverhead Books, 2006).

b Nicholas Carr, The Shallows: What the Internet Is Doing to Our Brains (New York: W. W. Norton, 2011) and Mark Bauerlein, The Dumbest Generation: How the Digital Age Stupefies Young Americans and Jeopardizes Our Future (Or, Don't Trust Anyone Under 30) (New York: TarcherPerigee, 2009).

c Andy Crouch, Strong and Weak: Embracing a Life of Love, Risk & True Flourishing (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 2016), 87.

ئـەم جـۆرە خـراپ بەکارهێنانـە ئامانجـی ژمارەیەکـی بێشـومار لـە گۆڤـار و کتێبـی ماتەمینـی و ڤیدیـۆی بەهێـزە کـە ئاشـکرای دەکـەن زیادەڕۆیـی لـە بەکارهێنانـی مۆبایلـی زیرەکـمان چەنـدە گەمژانـە کاریگـەری لەسـەر ژیانمـان هەیـە. سـاتێک لـە هەسـتی تاوانبـاری دەکرێـت پاڵنەرێکـی بەهێـز بێـت، بـەڵام بـەردەوام نابێـت. بـە تێپەڕینـی کات و کەمبوونـەوەی هەسـتی تاوانبـاری، دەگەڕێینـەوە بـۆ ڕەفتـارە کۆنـەکان. ئەمـەش لەبـەر ئەوەیـە کـە قەناعەتـە بنەڕەتییەکانمـان زۆر لاوازن بـۆ بەردەوامـی لـە شـێوازە نوێیەکانـی ڕەفتـار، ئیـتر ئـەوەی دەسـتبەجێ "ڕاسـت" دەردەکەوێـت (وە کوژاندنـەوەی مۆبایلەکانمـان) بەڕاسـتی هیچـی دیکـە نییـە لـە بەرهەمـی بـۆ سـاتێک شـەرمەزاری. ئـەوەی پێویسـتمانە کەرەسـتەکانی ڕێککارییـە بـۆ ژیانـی نـوێ کـە لـە کۆمەڵەیەکـی نوێـی پێشـینەییەکانی ژیانـەوە لەدایکبـوون، بـە ئـازادی ژیانـی نوێـمان لـە عیسـای مەسـیحدا بەهێزکـراون. بۆیـە ناتوانـم پێـت بڵێـم مۆبایلەکـەت دابنـێ، وازی لـێ بهێنـە، یـان دوای پەرۆشـبوون بـۆی دووبـارە هەڵیبگـرەوە. ئامانجـم ئەوەیـە کـە ئـەو هـۆکارە بزانـم بۆچـی لـە پلـەی یەکەمـدا ئـەم جـۆرە کارانـە لەبەرچـاو دەگرێـت.

## تێبینی

لێـرەدا چەنـد تێبینییـەک دەخەینـەڕوو کـە دەبێـت لـە کاتـی دەسـتپێکردنماندا لەبەرچـاو بگیرێـن.

یەکـەم: ئـەم کتێبـە بەقـەد ئـەوەی کـە لەلایـەن منـەوە نـووسراوە، بـۆ مـن نـووسراوە. نـەک هـەر پێویسـتم بـەم پەیامـە هەیـە، بەڵکـو بارگرانییـە گەورەکـەی لـە ئەسـتۆ دەگـرم. ئەگـەر ناونیشـانەکە پێدەچێـت ئامـاژە بـەوە بـکات کـە مـن ئامـۆژگاری تـۆ دەکـەم، وا نییـە. لـە ڕاسـتیدا مـن ئامـۆژگاری خـۆم دەکـەم. نابێـت زۆرێـک لـە ئێـوە ببنـە نووسـەر، چونکـە ئێمـەی کـە کتێـب دەربـارەی ڕەوشـت دەنووسـین، لـە هەمـوو کـەس دیکـە توندتـر دەسـت بـە قسـەکانمانەوە دەگریـن.

دووەم: بـۆ ئـەوەی ناونیشـانی ئـەم کتێبـە کـورت بێـت، ئامـاژەم بـەوە کـردووە کـە هەمـوو شـتێک لـەم کتێبـەدا پەیوەنـدی بـە هەمـوو خوێنەرێکـەوە هەیـە. لـە ڕاسـتیدا، مـن هەرگیـز بـەم جـۆرە ئـاگاداری ئـەو جۆراوجۆریـەی ڕەفتارەکانـی مۆبایلـی زیـرەک نەبـووم. ئێمـە وەک بەرهەمهێنـەری نـاوەڕۆک یـان بەکارهێنـەری نـاوەڕۆک مۆبایلەکانمـان لەدەسـت دەگریـن، وە سـەرنج دەخەینـە سـەر ناوەڕۆکێکـی نەمـر یـان ناوەڕۆکێکـی کاتـی. بـە هەمـان شـێوە پەیوەندییەکانـی مۆبایلـی زیـرەک بـە ئاراسـتەیەکی دیاریکـراودا دەڕۆن: وەک بەشـێک لـە کۆمەڵگـە مەجازییـەکان یـان وەک تەواوکـەری پەیوەندییـە ڕووبەڕووەکانمـان. وە ئـەو گفتوگۆیانـە بـەردەوام بـەرەو ڕۆشـنگەری یـان گفتوگـۆ دەڕۆن (بڕوانـە وێنـەی ١). هەمووومـان بـەردەوام لـە دەوری ئـەم تۆڕانـەدا دەخلیسـکێین، هـەر ئاراسـتەیەکی خاڵـی بەهێـز و تەڵـەی

تایبەتی خۆی هەیە کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا باسی دەکەین. بەڵام هیچ کام لە ئێمە ناتوانین بە تەواوی خۆمان لە هەمان خاڵ دابنێین. ئەمە لە پێشەکی کتێبەکەدا باس دەکەم وەک ڕێگەیەک بۆ داوای ئارامگرتن کاتێک باسی ئەو ڕەفتارانە دەکەین کە ڕەنگە دەستبەجێ تۆ نەگرێتەوە.




وێنەی ١. ڕەفتارەکانی مۆبایلی زیرەک و پەیوەندییەکانی

سێیەم: ئەم کتێبە دژە مۆبایلی زیرەک نییە؛ بۆ ئەو کەسانە نووسراوە کە وەک من سوود لە مۆبایلی زیرەک وەردەگرن و ڕۆژانە بەکاریدەهێنن. ڕەنگە لە مۆبایلەکەتەوە لە سۆشیال میدیادا دەربارەی ئەم کتێبە گوێت لێبووبێت، وە هەندێکتان لە مۆبایلەکانتانەوە ئەم کتێبە دەخوێننەوە، تەنانەت ڕەنگە کەسێک لە فەیسبووک وتەیەکی ئەم کتێبەی وەرگرتبێت -ئەوە دژیەکی، گاڵتەجاڕی، یان پێچەوانەی یەکتر نییە؛ ئەوە جێبەجێکردنی مەبەستی نووسینی ئەم کتێبەیە و نیازی منە بۆ چۆنیەتی بڵاوکردنەوەی پەیامەکە.

چوارەم: هەروەها ئەم کتێبە بۆ بانگەشەی مۆبایلێکی زیرەک نییە. بەڵکو دەمەوێت ئەم کتێبە هاوسەنگ بێت، بەڵام هاوسەنگی ئامانجی سەرەکیم نییە. ئاخو من بە درێژایی ڕێگاکە هاوسەنگی ڕادەگرم لەنێوان حەزی مۆبایل/ڕق لە مۆبایل (یان تەنانەت بەش

بـە بـەش)، ئەمـە جێگـەی نیگەرانـی مـن نییـە چونکـە دەزانـم کـە لـە کۆتاییـدا، خوێنـەران دابـەش دەبـن. مـن پێشـەکی دان بـەم خاڵـەدا دەنێـم بـۆ ئـەوەی ڕاسـتەوخۆتر قسـە لەگـەڵ خوێنەرانـم بکـەم کـە بەنیـازن دووبـارە بیـر لـە شـێوازەکانی ژیـان بکەنـەوە (وە بـۆ ئـەوەی ئـەم کتێبـە بـەدوور بگـرم لە ملیۆنێـک مـەرج و هۆشـداری و گـرێ). مـن لـە چوارچێـوەی ئـەم گریمانەیـەدا بـەردەوام دەبـم وای دادەنێـم کـە هەموومـان پێویسـتە بوەسـتین و بیـر لـە خووەکانـی بەکارهێنانـی مۆبایلـی زیـرەک بکەینـەوە، چونکـە هەموومـان پێویسـتمان بـە زیاتـر لـە ڕەخنـە لەخۆگرتـن هەیـە، بـە تایبەتـی لـە سـەردەمێکدا کـە چـاو و دڵـمان بـە نوێتریـن ئامێـر ڕازێنراوەتـەوە.

پێنجـەم: بـەو پێیـەی تـۆ کتێبێـک دەخوێنیتـەوە بـە نـاوی ١٢ ڕێـگا کـە مۆبایلەکـەت تـۆی پێ دەگـۆڕێـت، مـن وا گریمانـە دەکـەم کـە پێدەچێـت تـۆ ئـەو جـۆرە خوێنـەرە بیـت کـە ئازایانـە پێشـوازی لـەم جـۆرە ڕەخنەگرتنـە بـۆ خـۆت دەکەیـت. دەستخۆشـیت لـێ دەدەم. سـێنێکای فەیلەسـوفی کـۆن بـە تـەواوی ڕاسـتی کـرد کـە گوتـی: ”هەندێـک جـار لەگـەڵ خۆتـدا توندبـە.“[a] هەندێـک جـار، هەمیشـە نـا. لـە هەندێـک سـاتەوەختی سـەرەکی ژیانـدا، خـۆت بخـەرە نـاو ئاوێنـەی حەمامـەوە، چاوەکانـت بتروکێنـە، هەسـت بـە ڕەشـبینی بکـە بەرامبـەر بـەو کەسـەی دەیبینیـت. هەمووـمـان پێویسـتمان بـە ڕەخنـەی تەندروسـتە. بـەڵام ئەگـەر تەنیـا لەگـەڵ خۆتـدا تونـد دەبیـت، بـا وشـەیەکی هۆشـداریت پـێ بڵێـم. ئـەم کتێبـە شکسـت دەهێنێـت ئەگـەر لـەدوای خوێندنـەوەی تەنیـا زیاتـر ڕقـت لـە خـۆت بێـت؛ تەنیـا لـەو کاتـەدا سـەرکەوتوو دەبێـت کـە زیاتـر چێـژ لـە مەسـیح وەربگریـت. بۆیـە ئەگـەر بـە ئاسـانی خـۆت بارگـران دەکەیـت بـە سەرزەنشـت و گومـان لـە خـۆت، نوێـژ دەکـەم ئـەم کتێبـە فێـرت بـکات و چێـژت پێبـدات بـۆ خۆشـی ئـازادی لـە ژیانـدا بـۆ ئـەوەی قووڵـتر تامـی ئـەو خۆشـییە بێکۆتایـە بکەیـت کـە لـە مەسـیحدا هەمانـە، کارێکـی سـادە بەجێبهێڵێـت بـۆ چێژێکـی زیاتـر و ڕازیکەرتـر لـە داهاتـوودا.

شەشـەم: مـن قسـەی یەزدانناسـان، فەیلەسـوف، مامۆسـتا، قەشـە، پاپـا، خـاوەن ڕوانگـە نامەسـیحییەکان، وە بێدینـە ئاساییەکان دەهێنمـەوە -ئەمـەش بـەو واتایەیـە کـە بەشـداری لـەم کتێبـەدا پشـتگیرییەکی تـەواو نییـە بـۆ یەزدانناسـی کەسـێک یـان پشـتگیرییەکی گشـتی نییـە بـۆ بەسـتەرەکان، ئاپـەکان، کتێـب، یـان فیلمـی چەتەگـەری کـەوا لـە داهاتـوودا باسـی دەکەیـن.

لـە کۆتاییـدا، وەک لـە ناونیشـانەکەدا دەردەکەوێـت، ئـەم کتێبـە زیاتـر لەسـەر دەستنیشـانکردن و جیهانبینـی زیاتـرە نـەک بەکارهێنـان. ئێمـە چاوپۆشـی لـە کـردارە گرنگـەکان ناکەیـن، بـەڵام پەیڕەوکردنـی بـە شـێوەیەکی گشـتی بـە درێژایـی ئامـاژەی پێدەکرێـت و لـە کۆتاییـدا بـە تایبەتـی بـاس دەکرێـت.

---

a Seneca, Letters from a Stoic: Epistulae Morales ad Lucilium, trans. Robin Campbell (New York: Penguin, 2015), 67.

## بانگەواز بۆ بێفیزی

گومـان لـە خـۆت نیشـانەی بەدیهێـنراوە ژیرەکانـە.[a] وە گفتوگـۆی ڕەخنەلەخۆگرتـن دەربـارەی ڕەفتـارە کەسـییەکانمان پێویسـتی بـە دۆزێکـی گـەورەی خۆنزمکردنـەوە هەیـە. زۆرجـار گفتوگـۆکان دەربـارەی مۆبایلـی زیـرەک پرسـیاری نـوێ دروسـت ناکـەن؛ بەڵکـو دەمانگەڕێننـەوە بـۆ ئـەو پرسـیارە هەمیشـەییانەی کـە هەمـوو نەوەیـەک ناچـار بـووە بیـکات.

سـناپچات وەک نموونـە وەربگـرە، وەک نوێتریـن دیـاردەی "دەربڕینـی خێـرا". لـە یەکێـک لـە چاوپێکەوتنەکانمـدا زانایەکـی یەزدانناسـی پێشـنیاری بـۆ کـردم کـە زەحمەتـە 'بەڵێ'یەکـەت بەڵـێ بێـت کاتێـک قسـەکانت لـەدوای چەنـد چرکەیەکدا نامێنـن.[b] بـەڵام تەکنیکاران دەسـتبەجێ بـە ڕاسـتییەکی سـادە بەرگـری لـەم بانگەشـەیە دەکـەن و دەڵێـن: لـە کاتێـکدا وشـە کاتییـەکان کـە لـە سـناپچاتدا هاوبـەش دەکرێـن لـە چەنـد چرکەیەکـدا نامێنـن، وشـە دەنگدارەکانمـان لـە سـەدان بەشـی چرکـەدا لـە هـەوادا نامێنـن. تەکنەلۆژیـا کاتـی قسـەکانمان زیاتـر نـاکات -ئەگـەر هەرچـی لێبـکات، بەڵکـو بەهێزتـری دەکات. ئەگـەر پێویسـت بێـت بـۆ هـەر قسـەیەکی پـووچ هەژماردێـک بدەیـن، ڕەنگـە ئێمـە یەکـەم نـەوە بیـن کـە بەڕاسـتی قەبـارەی وشـە پووچەکانمان بـەرز بنرخێنیـن، لەبـەر ئـەوەی ئێمـە لـە مێـژووی مرۆڤایەتیـدا لـە هـەر کۆمەڵێـک زیاتـر وشـەی پووچـمان بـڵاو کردۆتـەوە.

سـەرباری ئـەوەی دەتوانیـن ڕەسـەنایەتی خۆمـان بپشـکنین کاتێـک لـە ڕێگـەی پەیامێکـەوە قسـە دەکەیـن کـە بـە ئەنقەسـت خـۆی دەسـڕێتەوە (وەک سـناپچات)، بـەڵام مۆبایلەکانمـان قسـەکانمان زیاتـر ڕاگـوزەر یـان پووچـەڵ نـاکات؛ تەنیـا ئـەو پرسـیارانە دەوروژێنـن کـە لـە هەمـوو نەوەیەکـدا دەکرێـت. تەنیـا کاتێـک دان بـەم پرسـیارانەدا بنێیـن دەتوانیـن بگەڕێینـەوە بـۆ پشـکنینی سـناپچات.

گفتوگـۆکان لـە دیجیتـاڵ میدیـا زۆرجـار بـەم شـێوەیە کاردەکـەن. بۆیە بـە داوای ئاگربەسـت دەسـت بـە کتێبەکـە دەکـەم. ئایـا دەتوانیـن هـاوڕا بیـن لەسـەر هەندێـک لـە گرنگتریـن پرسـیارەکانی تایبـەت بـە مۆبایلـی زیـرەک هەروەهـا گفتوگـۆ نادیجیتاڵییەکانیـش دەگرێتـەوە؟ تەنیا لەبـەر ئـەوەی ململانێیـەک کـە لـە ژیانـی دیجیتاڵیمانـدا ڕووبـەڕووی دەبینـەوە پەیوەنـدی بـە چوارچێـوەی نادیجیتاڵیشـەوە هەیـە، بـەو واتایـە نییـە کـە دەکـرێ خۆمـان بـەدوور بگریـن دەربـارەی پەیوەندییـە دیجیتاڵییـەکان -نەخێـر، ئەمـە بـەو واتایەیـە کـە کتێبـی پیـرۆز پەیوەنـدی بەردەوامـی خـۆی بـە سـەردەمی دیجیتاڵـی دەسـەلمێنێت.

---

a پەندەکان ٣: ٥-٨؛ ١٢: ١٥؛ ٢٦: ١٢.

b یاقوب ٥: ١٢

## من کێم؟

وەک دەبینیت، ئەم گەشتە بۆ هەڵوەشاندنەوەی پەیوەندییەکانم لەگەڵ مۆبایلەکەم زۆر کەسییە (واتە هەوڵێ ڕەخنەگرتنە لە خۆمەوە بۆ خۆم)، بۆیە پێویستە هەر لەسەرەتاوە بزانیت من کێم.

من 'زوو لەخۆگیراومەتەوە'- شێوازێکی باشم بۆ گوتنی "ئالوودەبووی ئایفۆن و ئالوودەبووی تەکنەلۆژیا.»"هەروەها من نزیکەی دوو دەیەیە باوەڕدارم بە مەسیح، وە کتێبی پیرۆزم وەک دەسەڵاتی ڕەها و کۆتایی بەسەر ژیانمدا داناوە. لە بواری بازرگانی و ڕۆژنامەگەری و هونەرە ئازادەکاندا خوێندوومە، ئێستا وەک پەیامنێرێکی لێکۆڵینەوە کاردەکەم لە جوڵەی ئاڵۆزی ژیانی مەسیحی لە گرژیدا لەگەڵ فشارەکانی ئێستای یەکسانیی کەلتووریدا. لێکۆڵینەوە دەکەم و بە هاوئاهەنگی لەگەڵ زۆر دەنگی دیکەی ناو کڵێسادا دەنووسم، چ زیندوو و چ مردوو.

نزیکەی دوو دەیەیە هاوسەرگیریم کردووە، من و هاوسەرەکەم سێ منداڵمان هەیە، هەوڵدەدەین پەروەردەیان بکەین بۆ ئەوەی لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە لێهاتوو بن و لە ڕووی دیجیتاڵییەوە خۆیان جڵەوگیر بکەن.[a] لەماڵەکەماندا، لە ئێستادا یەک کۆمپیوتەری سەر مێز و سێ لاپتۆپ و سێ تابلێت و سێ مۆبایلی زیرەک و یەک ئایپۆد کار پێدەکەین.

لە کاتی بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە، ئەزموونی ٣٢.٦ ساڵم لە چوار پلاتفۆرمدا کۆکردۆتەوە: بلۆگینگ Blogging، تویتەر، فەیسبووک و ئینستاگرام.[b] بۆ ماوەی دە ساڵ بە شێوەی ئۆنلاین بۆ خزمەتە قازانج نەویستەکان کارم کردووە، هەرگیز وازم لە ئایفۆن نەهێناوە. ئەو زەحمەتییانە منیان لە پرسیارە زەقەکانی سەردەمی دیجیتاڵی دانەبڕاندووە -بەڵکو گەورەتریان کردووە. لە هەمان کاتدا، کارەکانم منی خستۆتە ناو پەیوەندی لەگەڵ چەندین لە بیرمەندترین فەیلەسوف و یەزدانناس و قەشە و هونەرمەندی مەسیحی کە بە وردی بیر لە یارمەتیدانی کڵێسا دەکەنەوە کە بە شێوەیەکی دانایانە کاردانەوەیان هەبێت بۆ سەردەمی دیجیتاڵی، لێرەدا هەندێک لە باشترین تێڕوانینەکان دەخەمە ڕوو لە گفتوگۆ زۆرەکانم لەگەڵیان.

لە هەمان کاتدا، ئەم کتێبەم بە گفتوگۆ لەگەڵ چەندین کۆمەڵی جۆراوجۆری باوەڕدار بە مەسیح نووسیوە: خوێندکار، زگورتی، هاوسەردار، دایک و باوکان، ژنی ماڵ،

---

a Reinke, "Walk the Worldwide Garden: Protecting Your Home in the Digital Age," Desiring God, desiringGod.org (May Tony 14, 2016).

b ماوەی ٥٦٥ هەفتەیە لە بلۆگینگ نووسین بڵاو دەکەمەوە، هەروەها ٤٤١ هەفتەیە لە تویتەر و فەیسبووک پۆست دەکەم، ٢٤٨ هەفتەش ئینستاگرام بەکاردەهێنم.

شارەزای پیشەیی، ڕابەرانی خزمەت. هەریەکەمان ڕووبەڕووی پرسیاری هاوشێوە دەبینەوە سەبارەت بە چۆنیەتی ژیانێکی تەندروست و هاوسەنگ لە سەردەمی دیجیتاڵیدا.

## ئارەزووی پاشەکشە

مارشال مەکلۆهان (١٩١١-١٩٨٠) زانای ژینگەی ڕاگەیاندن باسی ئەوەی خۆی کردووە بەوەی کە تەکنەلۆژیا هەمیشە درێژکراوەی خودە. چەنگاڵێک تەنیا درێژکراوەی دەستمە. ئۆتۆمبێلەکەم درێژکراوەی قوڵ و پێیەکانمە و کەمتر نییە لە بەپێ ڕۆیشتنی فرێد فلینتستۆن.

بە هەمان شێوە، مۆبایلە زیرەکەکەم ئەرکە مەعریفیەکانم درێژ دەکاتەوە.[a] دەمارە چالاکەکانی مێشکم ئاڵۆزییەکی تێکەڵە لە مێشکمدا هەڵدەکات، وە ژیانی هزریم وەک ڕەشەبایەکە بەسەر کەنزاسدا.[b] ئەم ڕەشەبایە کارەباییە بچووکە لە ئاسمانی وردی سیستەمی دەمارەکانمدا بە شێوەیەکی تەواو سروشتی درێژدەبێتەوە بۆ پەنجە گەورەکەم بۆ ئەوەی پریشکی بچووکی دیجیتاڵی کارەبا لەناو مۆبایلەکەمدا دروست بکات کە لە ڕێگەی شەپۆلی ڕادیۆییەوە تیشک بەرەو جیهان دەردەچێت.

ئەمە هەمووی بەو واتایەیە کە مۆبایلەکەم شوێنێک دەگرێت لە کات و شوێندا -لە دەرەوەی من- کەوا بتوانم پەیوەندییەکانم، پەرۆشییەکانم، وە تەواوی بازنەی بوونی هۆشیارم تێیدا دەرببڕم. لە ڕاستیدا، وشەی «ئارەزوو desire» بخەیتە بەردەم ئاوێنە دەردەکەوێت بە «erised»، کە ناوی ئاوێنەیەکی جادووییە لە چیرۆکی هاری پۆتەردا.[c] لە ئاوێنە کۆنەکەی ئێریسێد، قووڵترین پەرۆشی دڵت دەبینیت کە بە ڕەنگی زەق دەردەکەون. شاشەی بریقەداری مۆبایلی زیرەک هەمان شت دەکات.

---

a «ئەگەر تایە درێژکراوەی پێ بێت، وە ئامرازەکانی دەست و پشت و قوڵ بێت، ئەوا کارۆموگناتیسی وەک لە دەرکەوتنە تەکنەلۆژییەکانیدا درێژکراوەی دەمارەکانمانە، وە بە شێوەیەکی سەرەکی دەبێتە سیستەمێکی زانیاری.» مارشال مەکلۆهان، چاوپێکەوتنی ڤیدیۆیی، «داهاتووی مرۆڤ لە سەردەمی کارەبادا» (-mar BBC (shallmcluhanspeaks.com, ١٩٦٥.

بە درێژایی کتێبەکە جیاوازی دەکەم لە نێوان ژیانمان وەک بەرجەستە و بێ جەستە، نەک بەکارهێنانی زاراوەی ورد، بەڵکو وەک زاراوەی بەسوود بۆ دەرخستنی جیاوازی. بێگومان هەمیشە لە بەکارهێنانی مۆبایلەکانماندا جەستەمان بەکاردەهێنین -چاوەکانمان، پەنجەی گەورە، گوێچکە، مێشک و تەنانەت دەمارەکانمان بۆ هەستکردن بە لەرزینە ئەندێشەییەکان. سوودی زاراوەکان دواتر لە کتێبەکەدا ڕوون دەبێتەوە کاتێک باس لە کاریگەری مۆبایلەکانمان دەکەین لەسەر تەندروستی جەستەمان، شتێک کە زۆرجار پشتگوێی دەخەین. هەروەها وەک دەرخستنێکی باشە بۆ دەرکەوتن لەگەڵ ژیانی بەرجەستەکراو، زاراوەیەکە بەکاری دەهێنم بۆ ئاماژەدان بەو سیناریۆیانەی کە تێیدا هەموو کەسایەتیمان -دەروون، جەستە، ڕۆح، هەست- لە یەک کاتدا بەکاردەهێنرێت (وەک لە گفتوگۆی ڕووبەڕوو).

b وەرگیراوە لە وتاری ئێن دی. ویلسۆن بە ناوی: «وشەکان جەستە دروست دەکەن: گێڕانەوەی چیرۆک و بووکە شووشە ڕووسییەکانی داهێنانی خودایی» ڤیمیۆ (vimeo.com) ٢٥ی نیسانی ٢٠١٥.

c J. K. Rowling, Harry Potter and the Sorcerer's Stone (New York: Scholastic, 1998), 207–8.

زۆرجـار ئـەوەی مۆبایلەکـەم لـە منـدا ئاشـکرای دەکات، ئـارەزووە پیـرۆزەکان نییـە کـە دەزانـم دەبـێ بمەوێـت، تەنانـەت ئـەو شـتانەش نیـن کـە پێموایـە مـن دەمەوێـت، وە بـە تایبەتی ئـەو شـتانە نییـە کـە دەمەوێـت تـۆ پێـت وابێـت کـە مـن دەمەوێـت. شاشـەی مۆبایلەکـەم بـە پێکسـڵی[a] زۆر ورد ئـەوە ئاشـکرا دەکات کـە بەڕاسـتی دڵـم چـی دەوێـت.[b] شاشـەی درەوشـاوەی مۆبایلەکـەم ئـەو ئـارەزوو و حەزانـە دەخاتـە نـاو چاوەکانمـەوە کـە لـە تـەواوی گۆشـەکانی دڵ و ڕۆحمـدا هـەن، دەربڕینـی بیـنراو لـە پێکسـڵەکانی وێنـە و ڤیدیـۆ و دەقـدا دەدۆزێتـەوە بـۆ ئـەوەی ببینـم و بەکاریبهێنـم و بنووسـم و هاوبەشـی بکـەم. ئەمـەش بـەو واتایـەیـە کـە هەرچییـەک لـە مۆبایلـە زیرەکەکەمـدا ڕووبـدات، بـە تایبەتـی لەژێـر پـەردەی نادیاریمـدا، ئاشـکرابوونی ڕاسـتەقینەی دڵمـە، کـە لـە پێکسـڵی تـەواو ڕەنگاوڕەنگـدا ڕەنگدەداتـەوە و دەگەڕێتـەوە نـاو چاوەکانـم.

لـە ڕاسـتیدا، ڕەنگـە ئەمـە پاسـکۆدەکان (Passcodes) ڕوون بکاتـەوە. چوونـە نـاو مۆبایلی کەسـێکی دیکـەوە، چاوخشـاندنە بـە نـاوەوەی ڕۆحـی کەسـەکەیە، ڕەنگـە زۆر شـەرم بکەیـن لـەوەی کەسـانی دیکـە بزانـن چیمـان کلیـک کـردووە و کردوومانەتـەوە و لـە ئینتەرنێتـەوە بەدوایـدا دەگەڕێیـن.

چی لەمە زیاتر وروژێنەری ڕاڕاییە؟

ئەگـەر هێنـدە ڕاسـتگۆ بیـن کـە ڕووبـەڕووی خووەکانمـان ببینـەوە لـە مۆبایلـی زیـرەک، وە لاپەڕەکانـی پێشـتر وەک بانگهێشـتنامەیەک بەکاربهێنیـن بـۆ پەیوەندیکـردن لەگـەڵ خـودا، دەتوانیـن چاوەڕێـی ئـەوە بیـن کـە نیعمەتمـان دەسـتبکەوێت بـۆ شکسـتە دیجیتاڵییەکانمـان و بـۆ داهاتـووی دیجیتاڵیـمان. خـودا ئێمـەی زۆر خۆشـدەوێت، وە بـە تامەزرۆییـەوە هەمـوو شـتێکمان پێـدەدات کـە لـە سـەردەمی دیجیتاڵیـدا پێویسـتمانە. خوێنـی ڕژاوی کوڕەکـەی ئەمـە دەسـەلمێنێت.[c] ئێمـە لـە کاتێکـدا پێگـەی مۆبایلـی زیـرەک هەڵدەسـەنگێنین پێویسـتمان بـە نیعمەتـی ئـەو هەیـە -لایەنـە بـاش و خراپەکانـی- لـە ڕێـڕەوی ژیانـی هەتاهەتاییمانـدا. ئەگـەر ئێمـە ئەمـە بـە هەڵـە ببینیـن، نـەک هـەر ئێسـتا ئـازار دەچێژیـن، بەڵکـو نەوەکانـی دوای ئێمـەش باجەکـەی دەدەن.

---

a خاڵی درەوشاوەی ورد کەوا پێکهاتەی شاشەیە -وەرگێڕ.

b A haunting heart reality vividly described in James K. A. Smith, You Are What You Love: The Spiritual Power of Habit (Grand Rapids: Brazos, 2016), 27–38.

c ڕۆما ٨: ٣٢.

# کەمێک ناساندنی یەزدانناسیی تەکنەلۆژیا

ئەو ساتەی کە یەکەم مۆبایلی زیرەکم بە وایەرلێس ئیمەیلێکی وەرگرت لە دەرەوەی ئەو وێستگەی پشوودانە لەگەڵ ڕەشەبا لە کێڵگەکانی گەنمەشامی ئایۆوا، ئەو کاتە نییە کە چیرۆکی ئەم کتێبە لێیەوە دەست پێدەکات. خستنەبازاڕی ئایفۆن لە پێشانگای فەرمی بەرهەمەکانی ماک وۆرلد لە ساڵی ٢٠٠٧ مێژوویەکی هێندە دوور نییە. نە سەرەتای ئەپڵ و نە لەدایکبوونی ستیڤ جۆبس. بۆ زانینی زنجیرەی کاتی مۆبایلە زیرەکەکان، پێویستمان بە چاوخشاندنێکی خێرا هەیە بە مێژووی تەکنەلۆژیادا کە درێژ دەبێتەوە بۆ سەدەکانی ڕابردوو. سەردەمی دیجیتاڵی ئێمە ڕووداوێکی گەردوونی نییە.

## چیرۆکی تەکنەلۆژیا

لە سەرەتادا، خودا ئادەمی لە قوڕ و حەوای لە پەراسووی ئادەم دروستکردووە. ئینجا یەزدان چەمایەوە و هەناسەی فووکردە سییەکانیان، ئەوانیش لە خەو هەستان بۆ ناو جیهانێکی سەیر لە زەریاکان و تیشکی خۆر و شاخ و میوە و ئاژەڵە بێناوەکان، خاکی نەکێڵدراو، کەرەستەی بەکارنەهێنراو، وەک ئەڵماس و زێڕ و زیو و ئاسن.[a] خودا سەرەتا فەرمانی بە بەدیهێنراوانی کرد کە زۆربن و منداڵیان ببێت، خۆراک کۆبکەنەوە، دەسەڵاتدار بن بەسەر ئاژەڵەکان. بەڵام لەو ڕاسپاردە سەرەتاییانەدا، خودا لە نەخشەکانییەوە پێشتر کۆتاییەی داڕشتبوو. بەهەشت تەنیا سەرەتایەک بوو. ئامانجەکە زەوییەکی پێشکەوتوو بوو لە تەکنەلۆژیا، کە دەبێتە هۆی بەدیهێنراوێکی هێندە نایاب کە شەقامەکانی شار بە زێڕی بلوری دروست دەکرێن، بەدیهێنانێکی هێندە درەوشاوە و گەش دەبێت کە بەزەحمەت دەتوانین ئەندێشەی بکەین کە لە کۆتاییدا چۆن دەبێت.[b] بۆیە کاتێک ئادەم و حەوا لە خەو هەستان و چوونە ناو باخچەکەوە، پلانێکی نەبینراو و زۆر گەورەتریش دانرا. باخچەی کشتوکاڵی دەبێتە شارێکی شکۆمەند.

ئێمە خۆمان لە ناوەڕاستی ئەم مێژووەدا دەبینینەوە کە لە باخچەکەوە دەبێتە شار، وە خودا بە چەندین شێواز تەواوی پرۆسەکە بەڕێوەدەبات. ڕەوتی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا -لە باخچەکەوە بۆ شار- لەنێوان بەربەستەکانی یاسای سروشتی، هەروەها بەربەستی زۆر و دەگمەنی هەندێک کەرەستەی خاو لە زەویدا، وە لە ڕێگەی هەڵگرانی وێنەی خودا (مرۆڤ) دەگوازرێتەوە، ئەوانەی تەکنەلۆژیای ناردن و وەرگرتنی زانیارییان پێدراوە بۆ ئەوەی توانای داهێنانیان هەبێت. ئەم پرۆسەیە بە تەواوی لەلایەن خوداوە

---

a پەیدابوون ٢: ١٠-١٤.

b ئاشکراکردن ٢١: ١٨-٢١.

دەستپێکردووە، مەبەستی بووە و ڕێنمایی دەکات.[a]

بەڵام لەنێوان سەرەتای ژیانی گوندنشینی قوڕاوی باخچە و کۆتایی شارستانی درەوشاوە، دەبێت چیرۆکەکە پڕ بکەینەوە، چونکە ئەوە ئەو شوێنەیە کە خۆمانی لێ دەبینینەوە: ڕۆژهەڵاتی بەهەشتی عەدەن، ڕۆژئاوای شارە گەورەکە (شاری ئاسمانی)، ئێستا گەشت دەکەین بە مێژووی ڕێنماییکراو بە سەروەری ڕەهای خودا، مۆبایلی زیرەکمان بەدەستەوەیە. لەگەڵ پەرەسەندنی مێژووی فراوانتری تەکنەلۆژیا، کتێبی پیرۆز فێری نۆ ڕاستی بنەڕەتیمان دەکات کە دەبێت لە سەردەمی دیجیتاڵیدا بەردەوام بیڵێینەوە.

## ١. تەکنەلۆژیا دەستکاری بەدیهێنان دەکات

ئەو ئەرکەی خودا بە یەکەمین ژن و مێردەکەی دا، ئەوە بوو کە زەوی بکێڵن و ئاژەڵ بەخێو بکەن، زنجیرەیەک پێشکەوتنی تەکنەلۆژی لەخۆدەگرێت کە هەموو ئەم کارانە دەکرێت ئەنجام بدرێن لە ڕێگەی ئامێری بەردین، پاشان ئامێری مس، پاشان ئامێری ئاسنینەوە.

بە پێچەوانەی بەدیهێنراوانی دیکە، هەڵگرانی وێنەی خودا بە شێوەیەکی ستراتیژی خۆراکیان دەچاند. بەپێی دیزاین، پێشکەوتنە کشتوکاڵییەکانی هەتاڕادەیەک خێرا دەستپێکرد -ڕێڕەوێک لە خاکەناس، داس و گاسنی ئەسپ ڕاکێش، وە پاشان تراکتۆر، سیستەمی ئاودێری، ئێستاش ئامێری ڕێنماییکراو بە جی پی ئێس. تەکنەلۆژیا بۆ ملکەچکردنی بەدیهێنراوان بۆ بەرژەوەندی مرۆڤ بەکاردەهێنرێت، بەڵام هەروەها بۆ زیادکردنی کارایی. شێوازەکانی کشتوکاڵی ئەمڕۆ نموونەیی نییە، وە پرسیاری ڕەوشتیی دەوروژێنێت، بەڵام شەمەندەفەری درێژی پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان لەم بووارەدا بە تایبەتی ڕووناککەرەوە و سەرسوڕهێنەرە.

کشتوکاڵ یەکێکە لە نموونەکانی تەکنەلۆژیا کە لە زیرەکی بەدیهێنراوەوە دروستکراوە (کە بە مرۆڤایەتی دراوە) وە زۆری بەدیهێنراوان (کە لە زەویدا دابین کراوە). تەکنەلۆژیا بریتییە لە ڕێکخستنەوەی کەرەستەی خاو بۆ بەرژەوەندی مرۆیی. ئادەم و حەوا کەرەستەی خاوی خاکیان ڕێکخستەوە بۆ ئەوەی ڕووەک و گوڵەکان گەشە بکەن. ئەمڕۆ، چێشتلێنەران کەرەستەی خاوی خواردنەکان ڕێکدەخەنەوە بۆ ئەوەی ببێتە ژەمە خواردنێکی بەتام. دارتاشان کەرەستەی خاو لە دار و بزمار ڕێکدەخەنەوە بۆ ئەوەی خانوو دروست

---

a ئەم مەحاڵییە مێژوونووسان ناویان لێناوە دیاردەی «دۆزینەوەی فرە» یان «داهێنانی هاوڕێک». بڕوانە:
This inevitability explains what historians call the phenomenon of "multiple discovery" or "simultaneous inventions." See Clive Thompson, Smarter Than You Think: How Technology Is Changing Our Minds for the Better (New York: Penguin, 2013), 58–66.

بکەن. کیمیاگەرانی دەرمانساز توخمە ئۆرگانی و دەستکردەکان ڕێکدەخەنەوە بۆ دەرمانی چارەسەرکردن. مۆسیقاژەنان نۆت و دەنگەکان ڕێکدەخەنەوە بۆ مۆسیقا. ڕۆمانووسان مادەی خاوی ئەزموونی مرۆڤ ڕێکدەخەنەوە بۆ چیرۆک. من وەک نووسەرێکی کتێبی ناچیرۆکی، کەرەستەی خاوی وشە و بیرۆکەکان ڕێکدەخەمەوە بۆ بڵاوکەرەوەیەک، کە ئەویش کرۆکی دار و مەرەکەبی ڕەش و چەسپی بەستنەوە ڕێکدەخاتەوە بۆ کتێبێک بۆ ئەوەی تۆ بەدەستیەوە بگریت و بیخوێنیتەوە. هەموو ئەمانە تەکنەلۆژیان.

## ٢. تەکنەلۆژیا بەرگری دەکات لە ئەنجامی کەوتن

چیرۆکی جیهان زۆری نەخایاند، ئادەم و حەوا ئەو هەڵە کارەساتبارەیان کرد -ئەنجامدانی گوناەێک ڕوون ناکرێتەوە- کە تاکە قەدەغەکردنی خودایان پشتگوێ خست. شەیتان ڕاڕایی خستە دڵیانەوە و حەوا و ئادەمیش لە بەرهەمی دارەکەیان خوارد بۆ ئەوەی وەک خودایان لێبێت. لەو ساتەدا، خودا نەفرەتی خۆی دابەزاندە سەر بەدیهێنراوان، وە دەرەنجامەکەی دەستبەجێ تێکچوونی پەیوەندییەکانی مرۆڤ بوو لەگەڵ هەموو کەسێک و هەموو شتێک.[a]

ئەو شکستە هەتا ئەمڕۆش کاریگەری لەسەر ئێمە هەیە -دڕک و گژوگیا لە بەرهەمەکاندا، ئازار لە ژووری منداڵبوون، شەرمەزاری لە ڕووتیدا. جووتیاران تەکنەلۆژیای لەناوبردنی گژوگیا بەکاردەهێنن بۆ کەمکردنەوەی دڕک و گژوگیا لە کێڵگەدا. خانمان لە کاتی منداڵبووندا تەکنەلۆژیای ئازارشکێن بەکاردەهێنن. دیزاینەرانی جلوبەرگ بۆ داپۆشینی جەستەمان قوماش بەکاردەهێنن. زۆری پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا دیاریەکی بەخشندەییە لەلایەن خوداوە بۆ ئەوەی یارمەتیمان بدات لە بەدیهێنراوێکی کەوتوودا بژین. بەڵام هەموو ئەم تەکنەلۆژیایەش کێشە بنەڕەتییەکەمان بیردەخاتەوە -ئێمە بە هۆی گوناهەوە لە خودا نامۆ بووین.

## ٣. تەکنەلۆژیا هێزی مرۆڤ دادەمەزرێنێت

بەبێ ترس و گوێڕایەڵی خودا، تەکنەلۆژیا بە خێرایی دەبێتە داشێک[b] لە یارییەکانی هێزی مرۆڤدا. دۆزینەوەی مس و داهێنانی ئاسنی کاربۆناتی بەهێزتر و ڕەقتر کرد، کشتوکاڵی ئاسانتری هێنایە ئاراوە، بەڵام هەروەها ئامێری نوێی بۆ شەڕیش هێنا.[c] خاوەندارێتی کانەکانی ئاسن و دامەزراندنی ئاسنگەرەکان وەک جڵەوگیری بێکۆتایی چەکی

---

a پەیدابوون ٣: ١-٢٤.

b داش: بەردێکی دامە -وەرگێڕ.

c پەیدابوون ٤٩: ٥؛ دادوەران ١: ١٩؛ ٤: ٣.

نوێیـه، وه جڵەوگیـری دابینکردنـی بێکۆتایـی چەکـی نوێـش بریتییـه لـه سـەپاندنی باڵادەسـتی سـەربازی، سـەپاندنی باڵادەسـتی سـەربازی بریتییـه لـه بەکارهێنانـی دەسـەڵات بەسـەر گەلانـی ڕکابـەردا. کـەوان و تیـر و ئاسـن و بـاروت هەموویـان دەسـەڵات دەدەن بـه بەرگریکـردن و داگیرکـردن. بـۆ سـەردەمی ئێستاشـمان هەمـان شـته. دەسـەڵات و باڵادەسـتی پشـت بـه تەکنەلۆژیـا دەبەسـتێت: چەکـی ئەتۆمـی، کەشـتی جەنگـی، فڕۆکـەی بێفڕۆکـەوان، فڕۆکـەی جەنگـی و مووشـەک. هەتـا هێـزی سـەربازی وڵاتێـک گەورەتـر بێـت، دەتوانێـت دەسـەڵاتی زیاتـر لـه جیهانـدا بەکاربهێنێـت. هێزێکـی وەهـا ژمارەیـی و قەبـارەدار تەنیـا لـه ڕێگـەی داهێنانـی تەکنەلۆژییـەوە دەکرێـت.

## ٤. تەکنەلۆژیا یارمەتیدەرە بۆ بنیادنانی ڕۆحەکان

لـه ڕووداوەکانـی چیرۆکـی کتێبـی پیـرۆزدا، داهێنانـەکان خزمـەت بـه خواپەرسـتانیش دەکـەن.

ئامێـری مۆسـیقا بـۆ ئـەوە داهێـنرا کـه گەلـی خـودا بـه گۆرانـی جـوان خۆشـی خۆیـان دەربـبڕن.[a] دواتـر، پەرستگای ئیسرائیـل سـاڵانێک پێشـکەوتنی لـه بـواری تەکنەلۆژیـای بیناسـازی و کانزاسـازی و کاری دەسـتی هونەریـدا پیشـان دەدا. گەورەیـی و شـکۆمەندی پەرسـتگای خـودای ئیسرائیلـی بـه نەتـەوەکان ڕادەگەیانـد.

لەگـەڵ گواسـتنەوەی پلانـی خـودا لـه ئایینـی ”وەرە و ببینـه“ (پەیمانـی کـۆن) بـۆ سـەرنجی ”بـڕۆ و ڕابگەیەنـه“ (پەیمانـی نـوێ)، چەقـۆ و بـەرد بواریـان بـۆ پێشـکەوتنه سـەرەتاییەکانی کاغـەز و ڕەنـگ کـردەوە، ئەمـەش دەرفەتـی ڕەخسـاند بـۆ تەکنەلۆژیـای پەیوەندییـه نـووسراوەکان. وشـەی خـودا، کـه سـەرەتا لەسـەر بـەرد هەڵکەنـرا، پاشـان لەسـەر پێسـتی ئامادەکـراوی ئاژەڵـەکان، دواتـر لەسـەر بەرهەمـی دارەکان نـووسرا، دەبـووە ناوەنـد تـەوەری بەدیهێنـەر بـۆ کۆکردنـەوەی گەلەکـەی کـه بە کیشـوەر و زمـان و هـەزاران سـاڵ جیاکراونەتەوە. بـه تێپەڕینـی کات، دەستنووسـه زۆرەکانـی پەیمانـی کـۆن و کتێـب و نامـه زۆرەکانـی پەیمانـی نـوێ لـه دەستنووسـێکدا کۆکرانـەوە و وەرگێـڕدران و بـه بەرفراوانـی بڵاوکرانـەوە وەک یـەک کتێبـی دەسـەڵاتی یەکگرتـوو کـه ئێسـتا بـه ئاسانی لـه یـەک دەسـتدا هەڵیدەگرین. هـەر جارێک کتێبـی پیرۆزمـان دەکەینـەوە، ڕۆحـمان لـه ڕێگـەی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیـای چەندیـن سـەدەوە خـۆراک دەدرێـت.

لـه کەڕەنـا و پەرسـتگاکانەوە هەتـا کتێبـی پیـرۆزی لێـوار زێڕیـن، خـودا مەبەسـتی بـوو تەکنەلۆژیـا ڕۆڵێکـی سـەرەکی بگێڕێـت بـۆ ئـەوەی ئێمـه بناسـین و بیپەرسـتین.

---

a یەکەم پوختەی مێژوو ١٥: ١٦؛ ٢٣: ٥.

### ٥. تەکنەلۆژیا لەشمان دەپارێزێت و بەهێزی دەکات

پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییـەکان هەروەهـا جەسـتەمان بـە شـێوەیەکی زۆر سـەرنجڕاکێش دەگـۆڕن و چاکـی دەکـەن. چاویلکـە و ئامێـری بیسـتن ئاسـتی هەسـتەکانی بینیـن و بیسـتنمان بـەرز دەکەنـەوە. تەکنەلۆژیـای مۆسـیقایی وەک کەمانچـە، توانـای جوڵـەی مـرۆڤ وردتـر دەکاتـەوە و ئامانجـی نوێـمان پـێ دەبەخشـێت بـۆ لێهاتوویـی جوڵـە وردەکانـی جەسـتەمان. تەکنەلۆژیـای پیشەسـازی دەسـتەکانمان بـە قۆڵـی هایدرۆلیکـی ئامێرەکانـی هەڵکەندنـەوە دەبەستێتەوە. تەکنەلۆژیـای پزیشـکی ترپـەی دڵـە وەسـتاوەکان دروسـت دەکاتـەوە و جەسـتەی مـردوو دەگەڕێننـەوە ژیـان. پێشـکەوتنەکان لـە بـواری دەرمانـدا چەندیـن نەخۆشـی چارەسـەر دەکات و نەخۆشـییە لەناوبـەرەکان ناهێڵێـت. وە پێشـکەوتنەکانی جلوبـەرگ وامـان لێـدەکات بتوانیـن جەسـتەمان بـە شـێوەیەک بڕازێنینـەوە کـە ئـەو شوناسـەی کـە بـۆ یەکـتر دروسـتی دەکەیـن پێناسـە و قاڵبـی پـێ بـدەن.[a]

تەکنەلۆژیـا جەسـتەمان باشـتر دەکات، جووڵەکانمـان ڕێکدەخـات، کردارەکانمـان گەورەتـر دەکات، ئـەو شـێوازەمان دادەڕێژێـت کـە خۆمانـی پـێ پێشـکەش دەکەیـن بـە جیهـان.

### ٦. تەکنەلۆژیا دەربڕینی سەربەخۆیی مرۆڤە

تێکەڵـەی باش-خراپ-ناشریـن لـە تەکنەلۆژیـادا لـە تـاوەری بابـل دەربڕینێکـی ناخۆشـی تایبـەت بـوو، هەوڵێـک بـوو بـۆ چەسـپاندنی هەمـوو داهێنانـە بیناسـازییە نـاسراوەکان بـۆ بنیادنانـی شـارێکی یاخـی.[b] زیاتـر لـە هەوربڕێکـی سـادە، بابـل ئیمپراتۆریەتێکـی نـوێ بـوو کـە شـارێکی ناوەنـدی هەبـوو لـە دەوری پەرسـتگایەک (تاوەرەکـە) یەکگرتـوو بـوو، هەمـووی تایبـەت بـوو بـە پەرسـتنی پێشـکەوتنی مـرۆڤ. سـەرکوتکردنی داهێنانـی خـودا بـە هەمـوو پێشـکەوتنەکانی مـرۆڤ، بابـل هەوڵێکـی مـرۆڤ بـوو بـۆ ڕفاندنـی تەکنەلۆژیـا و دروسـتکردنی کۆمەڵگایەکـی تـەواو و ژیانـی ئایینـی یاخـی لـە بەدیهێنـەر.

بـەم شـێوەیە، بابـل بـووە نیشـانەیەک بـۆ ڕەتکردنـەوەی بەکۆمـەڵ لەلایـەن مرۆڤـەوە بـۆ ئـەو بیرۆکەیـەی کـە تەکنەلۆژیـا بەخششـێکە لەلایـەن خـوداوە. پێـش ئـەوەی تاوەرێکـی ئاسمانبڕ دروسـت بکـەن، خەڵکـی بابـل هێڵێکیـان لەسـەر خۆڵـدا کێشـا وەک ئـەوەی بـە بەدیهێنـەر بڵێـن: "لـە ئێسـتا بـەدواوە، مـرۆڤ لـە داهێنانـی تەکنەلۆژیـا سـەربەخۆیی وەردەگرێـت، زۆر سـوپاس." گاڵتەکـردن بـەم کارە ناپاکییـە لایەنێکـی گاڵتەئامێزیشـی هەیـە -مـرۆڤ هەتـا دەتوانێـت پەرسـتگاکەی بـەرز دەکاتـەوە، دواتـر خـودای زینـدووی گـەردوون هەتـا ئەژنۆکانـی دەچەمێتـەوە

a یەکەم پەترۆس ٣: ٣ و ٤؛ یەکەم تیمۆساوس ٢: ٩؛ ئاشکراکردن ١٧: ٤ و ٥.

b پەیدابوون ١١: ٥.

و ڕوومەتـی دەخاتـە سـەر زەوی بـۆ ئـەوەی پێشـکەوتنەکان هەڵبسـەنگێنێت.[a] هەمیشـە ئەمـە ڕوودەدات کاتێـک تەکنەلۆژیـا لـە بێباوەڕیـدا بـە خـراپ بەکاردەهێنرێـت. خـودا داهێنـەری هەمـوو زانسـت و پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیایـە، وە نووسـەر و جێبەجێکاری شارە شکۆمەندەکەیە کـە لـە داهاتـوودا دێـت. بۆچـی هەوربڕێکـی لـە قـوڕ دروسـتکراو کاریگـەری لەسـەری دەبێـت؟

تەکنەلۆژیـا لـە بنەڕەتـدا خراپـەکاری نییـە، بـەڵام مەیلـی ئـەوەی هەیـە ببێتـە سـەکۆی هەڵبـژاردن بـۆ دەربڕینـی ئـەو ئەندێشـەیەی لـە سـەربەخۆیی خـودی مرۆڤانـەدا هەیـە.

## ٧. خودا فەرمانڕەوایەتی بەسەر تەکنۆلۆژیای مرۆڤ دەکات

تـاوەری بابـل بەڕاسـتی تـاوەری نەزانـی بـوو. کـەوا ئـەم هەوربـڕەی لووتبـەرزی بـە کەرەسـتەی خـاو لـە زەوی کۆکرابـووەوە و بـە لێهاتـووی مـرۆڤ لـە قاڵـب درابـوو -هەمـوو ئـەم بەخششـانەش لـە خـوداوە هاتبـوون. دروسـتکردنی هەوربڕێکـی بـێ خـودا، بـە کەڵـک وەرگرتـن لـە سـەرچاوەکانی خـودا کـە خرایـە ناخـی زەوی و توانـای داهێنانـی خـودا کـە لـەو کەسـانەدایە لەسـەر وێنـەی ئـەو بەدیهاتـوون، لووتکـەی لووتبـەرزی مـرۆڤ بـوو وە (وەک دواتـر دەبینیـن) شـێواندنی تـەواوی مەبەسـتی مـرۆڤ بـوو.

بۆیـە خـودا بیناکارەکانـی لـە سەرانسـەری جیهانـدا بـە زمانـە جۆراوجـۆرەکان بڵاوکـردەوە (وە هەمـوو ئـەو زمانانـەی لـە ڕۆژی پەنجایەمیـن کۆکـردەوە کاتێـک ئینجیـل ئامادە بـوو بـۆ بڵاوکردنـەوە لـە سەرانسـەری جیهانـدا[b]). خـودا لـە بابـل نادیـار نەبـوو. ئـەو سەرپەرشـتیاری گـەردوون بـوو لـە شـوێنەکەدا، تەکنەلۆژیـای مرۆڤـی ڕەتکـردەوە بـۆ ئـەوەی خزمـەت بـە ئامانجـی کۆتایـی ئینجیلـی خـۆی بـکات.

بـەڵام حوکمڕانـی سـەروەری خـودا بەسـەر ترسـناکترین خراپەکانـی تەکنەلۆژیـادا لـە هیـچ شـوێنێکدا هێنـدە ڕوون نەبـوو وەک ئـەوەی لـە خاچـی ڕۆمایـی بـوو. خـاچ سـتوونێکی داری ڕاسـت لەگـەڵ سـتوونێکی داری ئاسـۆیی یەکتـر بـوو، خـاچ وەک نمایشـێک بـوو بـۆ تاوانبـار: بـە سـێ بزمـاری ئاسـن کەسـی تاوانبـاری لەسـەر بزمارکـوت دەکـرا، پاشـان بەرزدەکرایـەوە بـۆ ئـەوەی هەمـووان ببینـن و خاچەکـە لـە زەویـدا دەچەقێـنرا. خـاچ بـۆ کوشـتنی تاوانبـاران و یاخیبـووان و کۆیلـە یاخییـەکان دروسـتکرابوو، کـە بـە هێواشـی لـە ڕێـگای خوێنـڕژان و خنکانـەوە دەکـوژرا. مردنـە هێواشـەکە ئەشـکەنجەیەکی ئاشـکرا بـوو، تابلۆیەکـی ڕاگەیاندنـی تۆقێنـەر بـوو، دەیگـوت: بڕوانـە! ئەمـە چارەنووسـی هـەر گەمژەیەکـە کـە سـەرپێچی لـە دەسـەڵاتی ڕۆمـا بـکات و هەڕەشـە لـە سـەقامگیری کۆمەڵایەتـی بـکات.[c]

---

a پەیدابوون ١١: ٥.

b کرداری نێردراوان ٢: ١-١٣.

c Martin Hengle, Crucifixion (Minneapolis: Fortress Press, 1977).

بەڵام ئەم ئامرازە تۆقێنەرەی ئەشکەنجەدان وەک خولگەیەکی[a] لێهات کەوا تەواوی پلانی ڕزگارکەری خودا لەسەری دەخولایەوە. خودا درەختی بۆ خزمەتکردنی مرۆڤ بەدیهێناوە، بەڵام مرۆڤ خاچی داهێناوە بۆ لەناوبردنی مرۆڤی برای. لە تاریکی ئەم خراپترین ساتەوەختەدا، تەواوی پلانی خودا بۆ شارە نوێیە شکۆمەندەکە هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەی بەرەو پێشەوە نا. مرۆڤ لە ڕێگەی خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای خراپەوە، مرۆڤی داهێنەری ژیانی کوشت، بەڵام خودا سەروەر بوو بەسەر تەواوی پرۆسەکەدا.[b] بە دوو ڕەهەندییەکی گەردوونی کە هەرگیز بەری لێ ناگیرێت، بە ئەشکەنجەیەکی ڕووتی شەرمەزاری لەبەرچاوی مرۆڤدا، مەسیح هەموو هێزەکانی خراپەی خستە بەردەم شەرمەزاری شکستی ڕووتکراوە.[c]

خراپە بە تەکنەلۆژیا شکستی هێنا، هەمووی بە داڕشتنی سەروەری خودا بوو. تەکنەلۆژیا تەنانەت لە دەستی خراپترین نیازی مرۆڤیشدا، هەرگیز ناکەوێتە دەرەوەی پلانی زاڵی خودا. لەم حاڵەتەدا، گولگۆسا تێکشکێنرا. خودا تەکنەلۆژیای خاچی تێکشکاند "وە پێچانەوەیەکی بچوک ئەرکەکەی پێچەوانە کردەوە."[d] خودا ئەمە دەکات: لە ڕێگەی دەستوەردانە سەروەرییەکەیەوە گاڵتە بە تەکنەلۆژیا خراپەکانمان دەکات.

## ٨. تەکنەلۆژیا هەموو پەیوەندییەک دادەڕێژێت

ڕەچەڵەکی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا درێژە -تیر و کەوان، تایە و ئەکسیل، ئامێر و چەکی ئاسن، تایپ و چاپخانە، کاتژمێری دیوار و کاتژمێری دەستی، بزوێنەری هەڵم و هێڵی ئاسنین، ئۆتۆمبێل و فڕۆکە، کۆمپیوتەر و مۆبایلی زیرەک. هەموو تەکنەلۆژیایەکی نوێ مرۆڤایەتی بەڕووی هیوا و خەون و ئاواتێکی نوێدا دەکاتەوە. هەموو تەکنەلۆژیایەک ئاستی بنەڕەتی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت لە چۆنیەتی پەیوەندیمان بە جیهان و یەکتر و لەگەڵ خودا.

یەکەم: تەکنەلۆژیا چۆنیەتی پەیوەندیمان لەگەڵ زەویدا دەگۆڕێت. بە بەکارهێنانی ئاپی سیستەمی جیهانی بۆ دیاریکردنی شوێن (GPS)، دەتوانم شوێنێکی دیاریکراو لەسەر زەوی بە شێوەیەک ببینم کە نزیکەی بیست ساڵ لەمەوبەر مەحاڵ بوو و باوباپیرانم بتوانن لێی تێبگەن.

---

a خولگە: لە دەرگای سەردەمی کۆندا لایەکی دەرگا لە ستوونێک ڕاگیر دەکرا و خوارەوەی ستوونەکە لەسەر بەردێکی چاڵ دادەنرا بۆ ئەوەی کردنەوە و داخستنی دەرگاکە ئاسان بکات -وەرگێڕ.

b کرداری نێردراوان ٣: ١٥؛ ٢: ٢٣.

c کۆلۆسی ٢: ١٥.

d Martin M. Olmos, “God, the Hacker: Technology, Mockery, and the Cross,” Second Nature, secondnaturejournal.com (July 29, 2013).

دووەم: تەکنەلۆژیا شێوازی پەیوەندیمان لەگەڵ یەکتردا دەگۆڕێت. ئەگەر لەسەر شەقام لێت نزیک ببمەوە و دەست بکەم بە گفتوگۆکردن، پەیوەندییەکەمان لە بنەڕەتدا کراوە دەبێت. بەڵام ئەگەر بۆ قسەکردن لێت نزیک ببمەوە و ئاپی تۆمارکەری ڤیدیۆکەم کراوە بێت و مۆبایلەکەم لەبەردەمم هەڵبگرم، ئەوا کارلێکمان لە بنەڕەتدا دەگۆڕێت لە کاتێکدا هەوڵدەدەیت بڕیار بدەیت کە ئایا چاوپێکەوتنت لەگەڵ مندا دەبێت یان لەگەڵ بینەرانێکی نەبینراو لەو دیوی زومی مینی کامێراکەمەوە تەماشا دەکەن.

سێیەم: دەکرێت تەکنەلۆژیا ببێتە تێگەیشتنێک کە خودا بەکاری دەهێنێت بۆ ئاشکراکردنی کارەکانی خۆی لە جیهاندا. بۆ نموونە کاتێک پێشکەوتنی سەرەتاییمان لە کانزاسازیدا بەدەستهێنا، خودا دەیتوانی کارەکانی لە مرۆڤایەتیدا وەک ئاگرێکی سووتێنەر ئاشکرا بکات؛ بۆ ئەوەی حوکم لەسەر خراپەی یاخیبوون بدات و دەستکردەکانی خۆی، گەلەکەی، لە خڵتی ساختە پاک بکاتەوە. پەردەلادان لەسەر تەکنەلۆژیای نوێ تێگەیشتنی نوێ بۆ خودا دروست دەکات بۆ ئەوەی ئاشکرای بکات کە پەیوەندی لەگەڵ ئێمەی مرۆڤدا چۆنە.[a]

## ٩. تەکنەلۆژیا هزری یەزدانناسیمان دادەڕێژێت

لە کۆتاییدا، ئێمە تەکنەلۆژیا بەکاردەهێنین بۆ دەرخستنی تێگەیشتن لە خودا (بۆ چاکە یان خراپ). نوێترین تەکنەلۆژیای کاتژمێری گیرفان وەربگرە -سپرینگی بچووکی وەک موو، خەپکە گرگراکەییەکان و شەفتە وردەکان، هەموویان پێکەوە چرکەیەک دروست دەکەن. بە داهێنانی کاتژمێر دەتوانین بە وردی کات بپارێزین و خشتەکانمان دابڕێژین. هەروەها پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لە کاتژمێردا دوو تێگەیشتنی نوێی داهێنا بۆ ڕوونکردنەوەی پەیوەندی خودا لەگەڵ ئێمە -یەکێکیان تێگەیشتنە، ئەوی دیکەیان هەڵخەڵەتێنەرە.

یەکەم: کاتژمێر تێگەیشتنێکی سوودبەخشی بۆ خودا دابین کرد. بەو پێیەی پارچە جیاوازەکانی کاتژمێر هەموویان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا خزمەت بە یەک کار بکەن، هەموو نیشانەکانی «دیزاینی زیرەک»ی هەڵگرتووە، کە کاری دەستی یەک دیزاینەرە. ئەمە بۆ جەستەی ئێمەش وایە. پارچە جیاوازەکان و ماددە کیمیاییە جۆراوجۆرەکانی بوونمان پێکەوە بە هاوئاهەنگی یەکدەگرن بۆ بەردەوامبوونی یەکگرتوومان. ئەمە

---

a ئیشایا ١٤: ١-٧؛ کرداری نێردراوان ٧: ٤٩-٥٠؛ عیبرانییەکان ١: ١١-٢٨.

Technology, Symbolism and Tradition in Ancient Society (Sheffield, England: Bloomsbury T&T Clark: 2009).

شایانی باسە خودا هەتا کۆتایی سیپارە یاساییەکانی پەیمانی کۆن خۆی تەکنەلۆژیای نوێی دادەهێنا.

«لێکچوونە لەگەڵ دروستکەری کاتژمێر». خودا تەنیا نزیک نییە؛ جێپەنجەی لەسەر ئێمەیە.

بەڵام کاتژمێر تێگەیشتنێکی هەڵەشی بۆ خودا دابین کرد. هەندێک کەس دەستیان کرد بە خەیاڵکردن سەبارەت بە خودایەک کە گەردوونی کۆکردۆتەوە، ڕێکی خستووە و خستوویەتییە جووڵەوە و ئیتر ڕۆیشتووە. ئەمەش جۆرێکە لە خودایەتی (دییزم)، بیرۆکەی ئەوەی کە خودا بە گشتی دوورکەوتۆتەوە جگە لەوەی تەنیا یاسا سروشتییەکان لە جیهان دەپارێزێت.

بە باش یان خراپ، تەکنەلۆژیا لە بنەڕەتدا چۆنیەتی قسەکردنمان لەسەر خودا دەگۆڕێت. وە تەکنەلۆژیا شێوازی پەیوەندی خودا لەگەڵ ئێمەدا دادەڕێژێت. خودا لە ڕێگەی تەکنەلۆژیاوە خۆی بۆ ئێمە دەردەخات، ئێمەش دەتوانین پێناسەی بکەین، هەروەها بیشێوێنین، لە ڕێگای داڕێشتنی دەستەواژەکانی تەکنەلۆژیا لەسەری.

## یەزدانناسی تەکنەلۆژیا

من لێرەدا تەنیا قووڵاییەکانم بنجکۆڵ کردووە. مەبەستم ئەوەیە کە هەموو داهێنانێکی تەکنەلۆژی بانگهێشتێکی نوێی یەزدانناسییە بۆ نوێبوونەوەی ڕامان لە کتێبی پیرۆز لەلایەن گەلی خوداوە. ئەمەش واتای چەند شتێک.

یەکەم: ژیان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا بانگهێشتێکی کراوەیە بۆ بیرکردنەوەی ڕوون و بەگوێرەی کتێبی پیرۆز سەبارەت بە کاریگەرییەکانی مۆبایلەکانمان لەسەر خۆمان، لەسەر بەدیهێنانمان، لەسەر دراوسێکانمان وە لەسەر پەیوەندییەکانمان لەگەڵ خودا. وەرگرتنی تەکنەلۆژیای نوێ بەبێ بیرکردنەوە کارێکی دونیاییە.

دووەم: تەکنەلۆژیا تەکنەلۆژیایە، جا ئەگەر بە پلاکی کارەبا بەسترابێت یان بە ئەسپێکەوە. لەم پڕۆژەیەدا جیاوازییەکی خێرا و خەست ناکەم لەنێوان ئامێر و تەکنەلۆژیادا، ئامێرە سەرەتاییەکانی بێ تۆڕی کارەبا لە تەکنەلۆژیا نوێیەکانەوە کە ئێمە بە کارەباوە دەبەستین، جیاناکرێنەوە. ئەمە بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ خوداوەندەکانی ماڵەوە کەوا لە بەرد یان دار تاشرابوون و ئەو بتانەی لە زێڕ و لە زیو هەڵدەگیران، کەوا لە جیهانی کۆندا باو بوون، ئەمانە کەلوپەل نەبوون. ئەم بتانە وەک تەکنەلۆژیاکانی ئێمەن، قسەی خودایین سەبارەت بە زانین و خۆشگوزەرانی، کە خواپەرستان بەکاری دەهێنن لە هەوڵیاندا بۆ جڵەوگیری ڕووداوەکانی ژیان گۆڕینی بۆ سوودی کەسی. پەیکەر و ئایفۆن وەک یەک بتن.

سێیەم: مۆبایلە زیرەکەکەم هەرچییەکم پێ بکات، ئاراستەم دەکات بۆ شارە شکۆمەندەکە کە لە داهاتوودا دێت. ئێمە متمانەمان بە شتە دەستکردەکان نییە. ئێمە متمانەمان بە شتە دەستییەکان نییە. بەڵکو، تامەزرۆی ئەوەین ببینە بەدیهێنراوێکی نوێ

لە ئامادەبوونی خودای سێیانەمان، کە نەک بە داهێنانی مرۆڤ و نە بە دەستی گوناهبار بنیاد نراوە، بەڵکو بە دیزاین و داهێنانی خودا بنیاد نراوە؛ ئەو بەدیهێنراوە بێ گوناە و بێ مردن و بێ فرمێسکەی کە هەمیشە خودا مەبەستی بووە.[a]

## شوێنی ئێمە لە مێژوودا

کەواتە ئێمە لێرەین، لە «سەردەمی دیجیتاڵی»، سەردەمێک کە هێندە پڕە لە داهێنان لە ئاستیدا کوێر دەبین. بە جۆرێک ئێمە لە هەر نەوەیەکی مێژووی جیهاندا خێراتر تەکنەلۆژیا نوێیەکان وەردەگرین و دەیگونجێنین. هەتا ساڵی ٢٠١٥ لەنێوان تەمەن گەورەکانی ئەمریکا، کە تەمەنیان هەژدە بۆ بیست و نۆ ساڵە، لەسەدا ٨٦ خاوەنی مۆبایلێکی زیرەکن، لەکاتێکدا چوار ساڵ پێشتر لەسەدا ٥٢ بووە. لە هەمان پێکهاتەی دانیشتووان، لەسەدا ٥٠ خاوەنی تابلێتن، لەکاتێکدا چوار ساڵ پێشتر تەنیا لەسەدا ١٣ بووە. لە هەمان کاتدا، وە لەنێوان هەمان پێکهاتەی دانیشتووان، خاوەندارێتی کۆمپیوتەر و کارپێکەری MP٣ و یارییە ئەلیکترۆنییەکان و خوێنەری کتێبی ئەلیکترۆنی کەمیکردووە.[b] مۆبایلەکانمان ئەم ئەرکانە هەڵدەلووشن.

ڕەنگە ئێمە بە ئاسانی خۆمان بگونجێنین، چونکە نەوەیەکی بەهرەمەندین، بە ئاسانی ڕاهێنانمان پێ دەکرێت و لە قاڵب دەدرێین. یان ڕەنگە بە ئاسانی خۆمان بگونجێنین، هەروەک جاک ئێلول پێی وایە، تەکنەلۆژیا جۆرێک لە تۆقاندن بەسەرماندا دەسەپێنێت.[c] ئێمە لە ژێر ئەو هەڕەشەیەدا دەژین کە ئەگەر نەتوانین تەکنەلۆژیا نوێیەکان لەخۆ بگرین، ئەوا فڕێدەدرێینە ناو سەبەتەی بەسەرچوونی ڕۆشنبیری، بەبێ کارامەیی سەرەکی دەمێنینەوە کە پێویستمانە بۆ بەدەستهێنانی کار، لە گفتوگۆ ڕۆشنبیرییەکان دادەبڕێین، وە لە هاوڕێکانمان جیا دەبینەوە.

پاڵنەرەکانمان هەرچییەک بن، ڕاستییەکە هەروایە -ئێمە تەکنەلۆژیا وەردەگرین، دەچینە سەر ئینتەرنێت و مۆبایل بەکاردەهێنین. کەڤەری مۆبایلی زیرەک دوو هێندەی جزدان دروستکراوە، چونکە ئێمە ناوێرین بەبێ ئەوە ماڵ بەجێبهێڵین. لە ڕاستیدا، لەسەدا ٣٦ی منداڵانی تەمەن ١٨ بۆ ٢٩ ساڵان لە ئەمریکا دان بەوەدا دەنێن کە «نزیکەی بەردەوام» لەسەر هێڵی ئینتەرنێتن؛ دیاردەیەکە کە بەهۆی مۆبایلی زیرەکەوە بووەتە شتێکی کەوا دەکرێت هەبێت. زۆرترین تەمەن گەورەکان کە بە شێوەی پەیوەست بە

---

a یۆحەنا ١٤: ١-٧؛ کرداری نێردراوان ٧: ٤٩-٥٠؛ عیبرانییەکان ١: ١١-٢٨.

b Monica Anderson, “Technology Device Ownership: 2015,” Pew Research Center, pew internet.org (Oct. 29, 2015).

c Jacques Ellul, The Technological Bluff (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1990), 384–400.

ئینتەرنێت دەژین، ساڵانە زیاتر لە ٧٥ هەزار دۆلار قازانج دەکەن، دەرچووی کۆلێژن، لە ژینگەیەکی ناگوندنشین دەژین، لە تەمەنی هەژدە بۆ بیست و نۆ ساڵدان.[a] ڕەنگە ئالوودەبوونمان بە ئینتەرنێتی مۆبایل نوێ بێت، بەڵام لێرەیە بۆ ئەوەی بمێنێتەوە. هەرگیز واز لە ئینتەرنێت ناهێنین.

ئیتر ئایا مۆبایلە زیرەکەکەم دوژمنێکی توند وتیژە؟ ئایا شتێکی بچووکی ڕۆشنبیرییە؟ ئایا ئامرازێکی بیرسایە؟ ئەوانە چەند پرسیارێکن کە لە لاپەڕەکانی داهاتوودا لێی دەکۆڵینەوە. مۆبایلەکانمان تەکنەلۆژیای بەهێزیان چڕکردووەتەوە لەناو ئامێرێکی بچووک کە بە پەنجە جڵەوگیری دەکەین. ئێمە دەستمان بە تەواوی ئەم تەکنەلۆژیایە گەیشتوە، بە جۆرێک لە جادووی دیجیتاڵی و کارەبایی، ڕەنگە لە هەموو کاتێکدا بە هەموو مۆبایلێکی دیکەی سەر هەسارەکەماندا بەسترابین.

هەموو ئەم ڕاستییانە دەمانگۆڕن؛ هیچ مشتومڕێک لەسەر ئەوە نییە. پرسیارە گەورەکان ماونەتەوە: چۆن مۆبایلی زیرەکمان دەمانگۆڕێت؟ وە ئایا دەبێت نیگەران بین؟

a Andrew Perrin, "One-Fifth of Americans Report Going Online 'Almost Constantly,'" Pew Research Center, pewinternet.org (Dec. 8, 2015).

# ١

## ئێمە ئالوودەی سەرقاڵی بووین

ئێمـە سـاڵانە نزیکـەی ٨١,٥٠٠ جـار مۆبایلـە زیرەکەکـەمـان دەپشـکنین، یـان لـە هـەر ٤.٣ خولەکێکـدا جارێـک لـە ژیانـی ئاگاییمانـدا، ئەمـەش واتـا پێـش ئـەوەی ئـەم بەشـەی ئـەم کتێبـە تـەواو بکەیـت، سـێ جـار ڕاڕاییـت بـۆ دروسـت دەبێـت کـە مۆبایلەکـەت بپشـکنیت.[a]

تێگەیشـتن لـە پاڵنەرەکـە قـورس نییـە. ژیانمـان لەگـەڵ مۆبایلەکانمـان تێکـەڵ بـووە: سـاڵنامەکانمان، کامێرامـان، وێنەکانمـان، کارمـان، ڕاهێنانمـان، خوێندنەوەمـان، نووسـینەکانمان، کارتـی بانکییـمان، نەخشـەکانمان، هەواڵەکانمـان، کەشـوهەوامان، ئیمەیڵـمان، بازاڕکردنمـان - دەتوانرێـت هەموویـان بـە ئاپـی پێشـکەوتوو لـە ئامێـرە بچووکـە بەهێزەکانـدا بەڕێوەبچێـت کـە لـە هەمـوو شـوێنێک هەڵیدەگریـن. تەنانـەت ئاپـی جـی پـی ئێـس لـە مۆبایلەکەمـدا کـە ئەمڕۆ ڕێنمایـی کـردم بـۆ قاوەخانەیەکـی نـوێ، خاوەنـی سـی هـەزار هێنـدەی خێرایی چارەسـەرکردنی زانیـاری ئـەو کۆمپیوتەرەیـە کـە ئەپۆلـۆ ١١ی ڕێنمایـی دەکـرد بـۆ سـەر ڕووی مانـگ.

سـەیر نییـە کـە ئێمـە بەیانیـان یەکـەم شـت مۆبایلەکانمـان لەدەسـت دەگریـن، نـەک تەنیا بۆ کوژاندنـەوەی زەنگـی ئاگادارکردنەوەکانمـان، بەڵکـو بـۆ پشـکنینی ئیمەیـڵ و سـۆشیال میدیـا، لـە کاتێکـدا هێشـتا خەواڵوویـن و چاومـان بـە تـەواوی نەکراوەتـەوە. ئەگـەر گـەردوون کە هەمیشـە فراوانـتر دەبێـت، ئاسـۆی کۆتایـی مرۆڤایەتـی بێـت بـەرەو دەرەوە، مۆبایلەکانمـان دەمانبەنـە گەشـتێکی بـێ سـنوور بـەرەو نـاوەوە، هەمـوو بەیانیـەک زوو گەشـتەکە دەسـتپێدەکەینەوە.

مـن نامـۆ نیـم بـەم دەسـت بەسـەرداگرتنە غەریزەییـەی مۆبایـل، بـەڵام ویسـتم بزانـم ئایـا کەسـانی دیکـەش ئـەم شـێوازەیان هەیـە یـان نـا، بۆیـە ڕاپرسـییەکم کـرد لەنێـو هەشـت هـەزار بـاوەڕدار بـە مەسـیح، سـەبارەت بـە بەکارهێنانـی سۆشـیال میدیـا.[b] زیاتـر لـە نیـوەی بەشـداربووان (لەسـەدا ٥٤) دانیـان بـەوەدا نـا کـە لـە مـاوەی چەنـد خولەکێـک لـەدوای لـە خـەو هەسـتانیان مۆبایلـی زیرەکیـان پشـکنیوە. کاتێـک پرسـیاریان لێکـرا کـە ئایـا مەیلیـان بـۆ پشـکنینی ئیمەیـڵ و سۆشـیال میدیایـان زیاتـرە هەبـووە پێـش ئەنجامدانـی لایەنـە ڕۆحییـەکان لـە بەیانییەکـی ئاسـاییدا، لەسـەدا ٧٣ گوتوویانـە بەڵـێ. ئـەم ڕاسـتییە جێگـەی نیگەرانییـە بـە تایبەتـی کـەوا بەیانـی ئـەو کاتەیـە کـە دڵـمان لـە ڕووی ڕۆحییـەوە ئامـادە دەکەیـن بـۆ ئـەو ڕۆژە. (لـە

a Jacob Weisberg, “We Are Hopelessly Hooked,” The New York Review of Books (Feb. 25, 2016).

b This was a nonscientific survey of desiringGod.org readers conducted online via social-media channels (April 2015). I will return to our findings later in the book.

بەشـەکانی داهاتـوودا سـەرنجێکی زیاتـر دەخەینـە سـەر ئـەم دەسـتکەوت و خووانـەی مـن).

مۆبایلەکانمـان تووشـی ئالوودەبوونمـان دەکـەن، وەک ئالوودەبـوو، ئێمـە یەکسـەر بـەدوای سـەردانێک لـە بەیانیانیـدا دەگەڕێیـن. وە بەڵـێ، ئاپێـک هەیـە بـۆ ئـەوە.

## فەیسبووک

ئـەو ئاپـەی کـە زۆرتریـن جـار ڕووی تێدەکەیـن بـۆ سـەردانیکردنمان فەیسـبووکە. لـە سـاڵی ٢٠١٣ لەسـەدا ٦٣ی بەکارهێنەرانـی فەیسـبووک ڕۆژانـە دەچوونـە نـاو ئاپەکـە. تەنیـا لـەدوای ساڵێک ئـەو ژمارەیـە گەیشـتە لەسـەدا ٧٠. ئەگـەر ڕۆژانـە فەیسـبووک بپشـکنیت، ئـەوا دەچیتـە پـاڵ هەمـان ڕۆتینـی ناچـاری زیاتـر لـە یەک ملیـار کەسـی دیکـە. وە بەکارهێنەری ئاسـایی ئێسـتا پەنجـا خولـەک بەسـەر دەبـات -ڕۆژانـە- لـە هێڵـی بەرهەمەکانـی فەیسـبووک (فەیسـبووک، ماسـنجەر، ئینسـتاگرام)، ژمارەکـە بەهـۆی دیزاینـی سـتراتیژی بەردەوامـە لـە بەرزبوونـەوە.[a]

بەرزبوونـەوەی ئاسـتی فەیسـبووک هاوکاتـە لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی ئاسـتی تەکنەلۆژیـای مۆبایـل و بەرزبوونـەوەی ڕێـژەی ئـەو بەکارهێنەرانـەی کـە مۆبایلـی زیـرەک لـە هەمـوو سـاتێکی کـراوەی ژیانیانـدا بەکاردەهێنـن. ئێسـتا فەیسـبووک لەگـەڵ ئێمـەدا گەشـت دەکات، ئـەم گوازراوەییـەی هەموومـان ئالـوودەی فەیسـبووک دەکات. کـەم کەسـمان دەتوانیـن خۆمـان ڕابگریـن. ئۆفیـر توریـل، پسـپۆڕی دەروونـاس لـە زانکـۆی فولێرتـۆن لـە ویلایەتـی کالیفۆرنیـا، هۆشـداری دەدات لـەوەی ئالوودەبووانـی فەیسـبووک بـە پێچەوانـەی بەکارهێنانـی مـاددە هۆشـبەرەکانەوە، "توانـای جڵەوگیرکردنـی ڕەفتارەکانیـان هەیـە، بـەڵام پاڵنەرێکیـان نییـە بـۆ جڵەوگیرکردنـی ئـەم ڕەفتـارە، چونکـە نابینـن دەرەنجامەکانـی هێنـدە کارەسـاتیبار بێـت."[b]

بـەڵام دەرەنجامەکانـی ڕاسـتەقینەن. لەگـەڵ هاتنـە نـاوەوەی سـەرقاڵکردنی دیجیتاڵـی بـە ڕێژەیەکـی بێ وێنـە بـۆ نـاو ژیانمـان، زانایانـی ڕەفتـار و دەروونـاس لـە توێژینـەوەی یـەک لەدوای یـەک بەڵگـەی ئامـاری پێشـکەش دەکـەن: هەتـا زیاتـر ئالـوودەی مۆبایلەکـەت بیت، زیاتـر ئەگەری تووشـبوونت هەیـە بـە خەمۆکـی و دڵەڕاوکـێ، وە توانـات کەمـتر دەبێتـەوە بـۆ سـەرنجدان لـە کارەکـەت و خەوتنـی شـەوانە. ئامرازەکانـی سـەرقاڵکردنی دیجیتاڵـی یارییـەک نییـە. بەوپێیـەی هەموومـان زۆر پێکـەوە پەیوەسـتین، سـەدان کـەس (هـاوڕێ، ئەندامانـی خێـزان و کەسـانی نامـۆ) دەتوانـن لـە هـەر سـاتێکدا قسـەکانمان ببـڕن. وە کاتێـک بێـزار دەبیـن، بـە لێدانـی پەنجەی دەسـت دەتوانیـن لسـتێکی بێکۆتایـی شـتی سـەرنجڕاکێش و نامـۆ لـە ئینتەرنێـت ببینیـن.

---

a James Stewart, “Facebook Has 50 Minutes of Your Time Each Day. It Wants More,” The New York Times (May 5, 2016).

b Rebecca Strong, “Brain Scans Show How Facebook and Cocaine Addictions Are the Same,” BostInno, bostinno.streetwise.co (Feb. 3, 2015).

دەرەنجامە دەروونی و جەستەییەکانی سەرقاڵکردنە دیجیتاڵییەکانمان سەرنجڕاکێشن، بەڵام ئەم کتێبە لەبری ئەوە سەرنج دەخاتە سەر ڕەهەندە ڕۆحییەکانی ئالوودەبوونمان بە مۆبایلی زیرەک -کە دەرەنجامەکانی نزیکەی بە تەواوی لە زۆرێک لە بابەت و کتێبە مەسیحییەکاندا پشتگوێ خراون. لەگەڵ بەرەوپێشچوونمان، ئاماژە بە هەندێک دۆزینەوەی زانستی دەکەم، بەڵام تەنیا وەکو وەرچەرخانێک بۆ ئەوەی باسەکە لە کاریگەرییە زیندەکییەکانی خووەکانی شاشەوە بگوازینەوە بۆ باسە گرنگترەکەی پاڵنەر و ڕاکێشانی ڕۆحی نێوان کردارەکانمان لە ئینتەرنێت و دەرەنجامە بێکۆتاکان لە ڕەفتاری ئامێرەکانمان. ژیانی هەتاهەتایی نەک دەروونناسی، قووڵترین خەمی منە.

کەواتە، ئەگەر لێکۆڵینەوە لە تسۆنامی ڕەوتی سەرقاڵی دیجیتاڵی نیشان بدات کەوا ژیانمان داگیر دەکات، ئێمە لەو بارودۆخەدا پێویستمان بە دانایی هەیە بۆ وەڵامدانەوەی سێ پرسیاری ڕۆحی: بۆچی ئێمە بۆ سەرقاڵییەکان بە وەسوەسە ڕادەکێشرێین؟ سەرقاڵی چییە؟ وە، لە هەموو ئەوانە گرنگتر، ژیانی سەرقاڵنەکراو چییە؟

## بۆچی سەرقاڵییەکان ئێمە بە وەسوەسە ڕادەکێشن؟

ئالوودەبوونە دیجیتاڵییە ناتەندروستەکان گەشە دەکەن، چونکە ئێمە شکست دەهێنین لە بینینی دەرەنجامەکانی، بۆیە با لێکۆڵینەوەکەمان بە ئاشکراکردنی سێ هۆکار دەست پێبکەین کە بۆچی بە ئاسانی خۆمان دەدەین بەدەست سەرقاڵییەکانەوە.

یەکەم، ئێمە سەرقاڵی دیجیتاڵی بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی لە کار دووربکەوینەوە. فەیسبووک ڕێگایەکە بۆ دەربازبوون لە فشارە پیشەییەکانمان. ئێمە دەمانەوێت کارە سەختەکان درێژ بکەینەوە: وادەی کۆتایی کارکردن، گفتوگۆی سەخت، جلشۆردن، وە پڕۆژە و کاغەزەکانی قوتابخانە. خوێندکاری ئاسایی کۆلێژی ئەمریکی لەسەدا ٢٠ی کاتەکانی پۆل بەفیڕۆ دەدات بە کاری ئامێری دیجیتاڵی، شتگەلێک دەکات کە پەیوەندییان بە پۆلەوە نییە (ئەمە ئامارێکە کە بەلامەوە ئاستێکی نزمە!).[a] هەرچەندەی ژیان زۆرترین داواکاری هەبێت، ئێمە ئارەزووی شتێکی دیکە دەکەین، هەر شتێکی دیکە.

دووەم، ئێمە سەرقاڵکردنی دیجیتاڵی بەکاردەهێنین بۆ ئەوەی لە خەڵک دوور بکەوینەوە. خودا داوای لێکردووین کردووین بۆ ئەوەی دراوسێکانمان (نزیکەکەمان) خۆشبوێت، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە ڕوو لە مۆبایلەکانمان دەکەین بۆ ئەوەی لە دراوسێکانمان دوور بکەوینەوە و هەمووان بزانن کە پێمان باشە لە شوێنێکی دیکە بین. لە کۆبوونەوە یان پۆلێکدا، ئەگەر مۆبایلەکەم لێمەوە دووربێت، ئەگەری ئەوە زیاترە کە وەک بەشداربووێک هەستم پێدەکرێت. ئەگەر مۆبایلەکەم بەکارنەهێنرێت، بەڵام لەسەر مێزەکە ڕووی بەرەو

a Leslie Reed, "Digital Distraction in Class Is on the Rise," Nebraska Today, news.unl.edu (Jan. 15, 2016).

خـوارەوە بێـت، خـۆم وا دەردەخـەم کـە بەشـدارم، بـەڵام ڕەنگـە لـە هـەر کاتێـکدا دابـڕێـم کـە پێویسـتم بـە کەسـێکی گرنگـتر بێـت لـە دەرەوەی ژوورەکـە. بـەڵام ئەگـەر مۆبایلەکـەم لەنـاو دەسـتم بێـت، وە وەڵامـی نامـە نـووسراوەکان بدەمـەوە و سـۆشـیال میدیـا بخوێنمـەوە، ئـەوا مـن بـە ڕوونـی بەکەمزانـی پیشـان دەدەم، چونکـە "دابەشـکردنی سـەرنج دەربـڕینێکـی ئاسـایی بێڕێزیکردنـە."[a]

لـە سـەردەمی دیجیتاڵیـدا، ئێمـە خۆمـان بـە خـاو دەبینیـن بـە تایبەتـی لـە «پەیوەندیکـردن لەگـەڵ کەسـانی سـاکار»ی دەوروبەرمـان.[b] لەبـری ئـەوە، ئێمـە دەگەڕێینـەوە بـۆ مۆبایلەکانمـان -واز لـە سـووکایەتیکردنمان دەهێنیـن لـە دۆخـە ئاڵـۆزەکان یـان کەسـانی بێزارکـەر. لـە هـەردوو حاڵەتەکـەدا، کاتێـک مۆبایلەکانمـان لەدەسـت دەگریـن، هەسـتی باڵادەسـتیمان بەسـەر کەسـانی دیکـەدا دەردەبڕیـن؛ زۆرجـار بەبـێ ئـەوەی هەسـتی پـێ بکەیـن.

سـێیەم، ئێمـە سـەرقاڵکردنی دیجیتاڵـی بەکاردەهێنیـن بـۆ ئـەوەی بیرکردنـەوەکان دەربـارەی ژیانـی هەتاهەتایـی دوور بخەینـەوە.

ڕەنگـە لـە هەمـووی نادیارتـر، ئێمـە بـە ئاسـانی بکەوینـە نـاو تەڵـەی سـەرقاڵکردنی دیجیتاڵییـەوە، چونکـە لە سەرنجڕاکێشـترین ئاپـە نوێیە سەرنجڕاکێشـەکان، هەڵهاتنێکی پێشـوازی لێکـراو ببینیـن لـە وێناکردنـی خۆییـەکان کـەوا لـە ڕاستی و ڕاسـتگۆیی و ڕاشـکاوی زیاتـر بێـت. ئەمـە تێڕوانینـی ڕوونـی دانـا و زانـای بیـرکاری و پەندبێـژی بـاوەڕدار بـە مەسـیح، بلەیـز پاسـکال بـووە. کاتێـک سـەرنجی لـە کەسـە سـەرقاڵبووەکانی سـەردەمی خـۆی دا (کـەوا زۆر لەوانـەی سـەردەمی ئێمـەوە جیـاواز نیـن)، تێبینـی ئـەوەی کـردووە کـە ئەگـەر "هەوەسـەکانیان لـێ بسـتێنێت، دەبینیـت کـە ماندوێتـی وشـک دەبنـەوە"، چونکـە کارەکـە وەک بردنیانـە بـەرەو دڵتەنگـی کاتێـک "دەمانەوێـت بیـر لـە خۆمـان بکەینـەوە، بەبـێ بوونـی ئامرازێکـی سـەرقاڵی."[c] خاڵەکـەی پاسـکال ڕاسـتییەکی هەمیشـەیی و بەردەوامـە: ئـارەزووی مـرۆڤ بـۆ سـەرقاڵی لـە هەمـوو سـەردەمێکدا زۆرە، چونکـە سـەرقاڵییەکان ڕاکردنێکـی ئاسـانمان پـێ دەبەخشـن لـەو بێدەنگـی و تەنیاییـەی کـە بەهۆیـەوە ئاشـنا دەبیـن بـە سـنووردارییمان و مردنێـک کـەوا دەربازبـوون لێـی نییـە، وە دووری خـودا لـە هەمـوو ئـارەزوو و هیـوا و چێـژەکان.

پاڵنـەری هەمـوو لادانێـک، لـە جەنگـی نێودەوڵەتییـەوە هەتـا گەشـتوگوزاری نێودەوڵەتـی، بەڵێنـی ڕزگاربوونـە لـە بێـزاری لـە ماڵـەوە، پاسـکال لـە سـەردەمی خۆیـدا دەڵێـت: "بـۆم

---

a Oliver O'Donovan, Ethics as Theology, vol. 2, Finding and Seeking (Grand Rapids, MI: Eerdmans, 2014), 45.

b ڕۆما ١٢: ١٦.

c Blaise Pascal, Thoughts, Letters, and Minor Works, ed. Charles W. Eliot, trans. W. F. Trotter, M. L. Booth, and O. W. Wight (New York: P. F. Collier & Son, 1910), 63.

دەرکەوتووە کە هەموو ناخۆشییەکانی مرۆڤ لە یەک ڕاستییەوە سەر هەڵدەدەن، ئەوەیە کە ناتوانن بە بێدەنگی لە ڕاستییەکانی ژوورەکەی خۆیاندا بمێننەوە."[a] چاولێکردن لە سەقفی ژوورە بێدەنگەکانمان، تەنیا بە بیرکردنەوەمان لە خۆمان و ڕاستی و خودا، شتێکە بەرگەی ناگیرێت. "لێرەوە ئەوە دێتە ئاراوە کە پیاوان هێندە حەزیان لە ژاوەژاو و وروژانە؛ لێرەوە ناشیرینی بەندیخانە وەک سزایەک دێتە ئاراوە؛ وە لێرەوە درک نەکردن بە چێژی تەنیایی لێرەوە دێتە ئاراوە."[b] بەبێ بەردەستبوونی بەردەوامی سەرقاڵی، دۆخەکە وەک زیندانی تاکەکەسییە، سزایەکە کە زۆرترین ترسی تێدایە. هەر بۆیە لەو ساتانەی کە دەزانین مۆبایلەکەمان لەبیر کردووە، یان بزرمان کردووە، یان پاتریەکەمان تەواو بووە، تامی دیلبوون لە ژوورێکی زیندان دەچێژین، وە ڕەنگە ترسناک بێت.

هەرچەندە هەزار هۆکارمان هەیە بۆ ئەوەی بەهۆی خۆڕاگریمانەوە هۆشیار بین، بەڵام بەدوای کات بەسەربردنەکاندا دەگەڕێین، وەک «یاری بیلیارد یان لێدانی تۆپ»[c]، یان، بۆ ئێمە، دابەزاندنی یارییەکی نوێ کەوا نرخی نەوەد و نۆ سەنت بێت. مۆبایلە هەمیشە ئامادەکانمان لایەنگری بێکۆتایی پێشکەش دەکەن، لە دابەزاندنی دە چرکەییەوە هەتا کڕینی بە یەک دەست لێدان. دەنگی زەنگ و ئاگادارکردنەوەکان هەموویان لە گەورەترین پێداویستی و ڕاستییەکانمانەوە ئاڕاستەمان دەکەنەوە.

پاسکالی نەوەی ئێمە بەم شێوەیە دایدەڕێژێتەوە: "ئێمە وەکو مێرولەیەکی بچووکی بە ویژدان، وەک کەروێشکی ترساو، لەسەر ئامێرەکانمان سەما دەکەین، کۆیلەکانمان، ئاغاکانمان"؛ کرتە، هەڵدانەوە، دەستلێدان، بەدڵبوون، هاوبەشکردن... هەر شتێک.[d] "پێمان وایە ئارامی و بێدەنگی و ئازادی و کات بەسەربردنمان دەوێت، بەڵام لە قووڵایی دڵمان دەزانین کە ئێمە بەرگەی ئەوە ناگرین." لە ڕاستیدا، "ئێمە دەمانەوێت ژیانمان ئاڵۆزتر بکەین. پێویست ناکات ئەمە بکەین، بەڵام دەمانەوێت. ئێمە دەمانەوێت پەرێشان و بێزار و سەرقاڵ بین. بەبێ هۆشمەندی، ئێمە هەر ئەو شتەمان دەوێت کە گلەیی لێ دەکەین. چونکە ئەگەر کاتی بەتاڵمان هەبووایە، تەماشای خۆمان دەکرد و گوێمان لە دڵمان دەگرت و ئەو بۆشاییە گەورەیەمان لەناو دڵمان دەبینی و دەترساین، چونکە ئەو بۆشاییە هێندە گەورەیە کە جگە لە خودا هیچی دیکە ناتوانێت پڕی بکاتەوە."[e]"

---

a هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٢.

b هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٣.

c هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٥٥.

d clicking, scrolling, tapping, liking, sharing

e Peter Kreeft, Christianity for Modern Pagans: Pascal's Pensées Edited, Outlined, and Explained (San Francisco: Ignatius, 1993), 168–69.

بـۆ بێهۆشـکردنی برینـی ئـەم بۆشـاییە، ڕوو دەکەینـە ”دەرمانـە نـوێ و بەهێزەکانـی دژە خەمۆکـی لـە جۆرێکـی نادەرمانـی“؛ مۆبایلـی زیرەکـمان.[a] بـەڵام تەنانـەت لـە کاتێکـدا ئێمـە لـە سۆشـیال میدیـادا بـەدوای هەڵهاتنـدا دەگەڕێـن، مـردن بـەدوای ئێمـەدا دەگەڕێـت و بـە شـێوازی نـوێ ئـەو سـەرقاڵییە دیجیتاڵیانـە ڕاودەکات. نووسـەرێکی ڕاسـتگۆ دان بـەوەدا دەنێـت: ”مـن حـەزم لـە خۆشـی و گاڵتـەی زۆرە لـە تویتـەر. وێنـە جـوڵاوەکان GIF. نوکتـە. گفتوگـۆی تیکـەڵ. بـەڵام ڕاسـتییەکە ئەوەیـە لـە قووڵایـی دڵـمدا بەشـێک لـە مـن هەیـە کـە دەترسـێت لـەوەی لەبەرچـاو دوور بکەومـەوە، لـە مێشـک دەردەچـم، ئیـتر گرنـگ نابـم. بـە جۆرێـک ئەمـە یەکێکـە لـە ڕەهەندەکانـی ترسـی مـردن کـە زۆربەمـان لـە کۆمەڵگـەی ئەمریکـی هاوچەرخـدا هەرگیـز نامانەوێـت چیـتر لەگەڵیـدا بجەنگیـن و نـاوی لـێ بهێنیـن.“[b] نەخێـر ئێمـە حەزمـان لـەوە نییـە. هەموومـان خۆمـان وا دەبینیـن کـە بـە شـێوەیەکی نائـارام نزیـک دەبینـەوە لـە تێپەڕیـن بـۆ نـاو نهێنـی ژیانـی هەتاهەتایـی، جێهێشـتنی ئـەم شـوێنە، لەبیرکردنـمان لـە تاکـە ماڵێکـدا کـە هەتـا ئێسـتا ناسـیومانە (زەوی). بۆیـە هەمـوو ڕۆژێـک بـاز دەدەینـەوە نـاو چەرخـی گفتوگـۆ دیجیتاڵییەکانـمان و ڕاسـتی دادەپۆشـین.

وتـەی فەلسـەفی کاریگـەر، ”مـن بیـر دەکەمـەوە، کەواتـە مـن هـەم،“[c] گـۆڕاوە بە دروشـمی دیجاڵـی ”مـن پەیوەنـدی دەکـەم، کەواتـە مـن هـەم“[d]، کـە دەبێتـە هـۆی خواسـتێک لـە حاڵەتـی: ”مـن ’پەسـەند دەکرێـم‘، کەواتـە مـن هـەم.“[e] بـەڵام پەیوەندییـە دیجیتاڵییەکانـمان و تیکەکانـی پەسـەندکردنمان تەنیـا خاڵـی تیشـکدەرن (پێکسـڵ) کـە ناتوانـن لەسـەر ئـەوە زەمینەسـازی واتـای ژیانمـان بکەیـن. لەگـەڵ ئەوەشـدا، هـەر جارێـک کـە لـە کۆشـکی چایخانـەی فەیسـبووک دادەنیشـم مـن هـەوڵ دەدەم ئـەم ئـارەزووە تێـر بکـەم، بـۆ ئـەوەی لـەو شـوێنە بـم کـە هەمـوو هاوڕێیەکـم نـاوم بزانێـت، کـە دەتوانرێـت بـە درێژایـی ڕۆژ بوونـی مـن لـە خاڵـە مەجازییـەکان بـەردەوام دووپـات بکرێتـەوە. هـەر شـتێکم دەوێـت ئـەو بێدەنگییـە بشـکێنێت کـە وا دەکات هەسـت بـە قورسـایی مردنـم بکـەم.

ئیـتر لێـرەدا ڕاهێنانێـک دەخەینـەڕوو کـە یارمەتیـدەرە بـۆ زەمینەسازیکردنی تێگەیشـتن لـە خۆمـان. ڕۆژانـە جارێـک، مۆبایلەکـەت بـۆ سـاتێک دابنـێ، دەسـتی ڕاسـتت درێـژ بکـە، نـاو لـەپ و پەنجەکانـت بـەرەو ئاسـمان درێـژ بکـە، بیهێنـە بەرچـاوت کـە هێڵـی کاتیـی مێـژوو دەگاتـە

---

a Andrew Sullivan, “I Used to Be a Human Being,” New York magazine (Sept. 18, 2016).

b Andrew Sullivan, “I Used to Be a Human Being,” New York magazine (Sept. 18, 2016).

c René Descartes, The Philosophical Works of Descarte, trans. E. S. Haldane and G. R. T. Ross (New York: Cambridge University Press, 1970), 101.

d Kevin Vanhoozer, interview with the author via email (Feb. 26, 2016).

e Donna Freitas, The Happiness Effect: How Social Media Is Driving a Generation to Appear Perfect at Any Cost (New York: Oxford University Press, 2017), 33.

دووری میلێـک لـەلای چەپتـەوە و ژیانـی هەتاهەتایـی لـە لای ڕاسـتتەوە. کاتـی تـۆ لەسـەر زەوی بـە نزیکەیـی هێنـدەی فراوانـی دەسـتت دەبڕێـت (زیاتـر یـان کەمـتر).[a] هیـچ شـتێک وەک ڕاسـتی مردنمـان خووەکانـی سـۆشـیال میدیـا و مۆبایلـی زیـرەک ناخاتـە نـاو چوارچێـوەی گونجاویـەوە. بـا کەمێـک لـە ناختـدا نوقـم بێـت. هەسـت بـە کورتـی ژیـان بکـە، وە ئەمـە بـە تـەواوی بـە زیندوویـت دەهێڵێتـەوە.[b]

## پێناسەی سەرقاڵییەکان

دەزانـم ئەمـە هەمـووی زۆر قورسـە، بـەڵام ئەگـەر ڕاسـتگۆ بیـن، ئەمڕۆ پێویسـتمان بـە دۆزی پێشـبینییە هۆشـدارییەکانی پاسـکال هەیـە. دۆگلاس گرۆتوسـی فەیلەسـوف کـە لـە سـاڵی ١٩٩٧ کتێبەکـەی بـە نـاوی ڕۆح لـە فـەزای مەجازیـدا، زیاتـر لـە بیسـت سـاڵ بەدواداچـوون دەکات لەسـەر کاریگەرییەکانـی جیهانـی دیجیتاڵـی لەسـەر بـاوەڕداران بـە مەسـیح، دەڵێـت: "ئێمـە لـە شارسـتانییەکی زۆربڵێ، سـەرگەرم، وە سـەرقاڵدا دەژیـن. ئەسـتەمە بـە دڵ و ڕۆح و توانـا و دەروونمـان خزمەتـی خـودا بکەیـن لـە کاتێکـدا پەرتەوازەیـن لـە هەمـان کاتـدا چەندیـن ئەرکـی جیاوازمـان هەیـە."[c] بـروس هیندمارشـی مێژوونـووس لەمـە زیاتـر دەڵێـت، "بارودۆخـی ڕۆحـی ئەمڕۆمـان یەکێکـە لـە هاوپێچکراوەکانـی دەروونمـان.»[d]

ئەگـەر پاسـکال وا دەربکەوێـت کـە باسـەکەی زۆر دوورخسـتبێتەوە، لـە ڕاسـتیدا هێنـدەی پێویسـت دووری نەخسـتۆتەوە. هۆشـدارییەکانی سـەبارەت بە سـەرقاڵکردنی کاتبەسـەربردنی نارێک تەنیـا هاوشـێوەی هۆشـدارییەکانی کتێبـی پیـرۆزە سـەبارەت بـە سـەرقاڵی، کـە پۆلینەکـەی زیاتـر فراوانـتر دەکات تاوەکـو «سـەرقاڵی» هەمـوو وردەکارییـە ڕاسـتەوخۆکانی ژیانـی ڕۆژانـە، پەیوەنـدی، ئەرکـە ڕواڵەتییەکانمـان و تەنانـەت هەوڵدانمـان بـەدوای پـارە و موڵکـدا دەگرێتـەوە؛ هـەر شـتێک کـە سـەرنجمان لەسـەر ئـەم جیهـان و ژیانـە سـەرقاڵ بـکات. سـەرقاڵی دەکرێـت بـە چەندیـن شـێوە بێـت: کات بەسـەربردنێکی نـوێ، نیگەرانـی بـەردەوام، یـان ئاواتێکـی بێهـودە. شـتێکە کـە مێشـک و دڵمان لەسـەر ئـەوە لادەبـات کـە لـە هەمـووی گرنگـترە؛ هـەر شـتێک "کـە نیگەرانییەکانـی دڵ قـۆرخ بـکات."[e] دڵ باشـترین کاردەکات کاتێـک نیگەرانـی و داواکاری بەسـەریدا زاڵ نەبێـت.

پەیمانـی نـوێ لـە شـەش شـوێن ئاگادارمـان دەکاتـەوە لـە کاریگەرییەکانـی سـەرقاڵکردنە ڕێکنەخـراوەکان لەسـەر ڕۆح، دەتوانیـن ئـەو سـەرقاڵکردنانە لـە سـێ پۆلینـدا پوخـت بکەینـەوە:

---

a زەبوور ٣٩: ٤-٥.

b زەبوور ٩٠: ١٢.

c Douglas Groothuis, interview with the author via phone (July 3, 2014).

d Bruce Hindmarsh, interview with the author via phone (March 12, 2015).

e Horst Robert Balz and Gerhard Schneider, Exegetical Dictionary of the New Testament (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1990), 2:409.

١. **سـەرقاڵکردنە ڕێکنەخـراوەکان دەکرێـت ڕۆحـەکان لـە ئاسـت خـودا کوێـر بکـەن.** ئەمانـە مەترسـیدارترین سـەرقاڵکردنن: نیگەرانییـە دونیاییـەکان، دڵەڕاوکـێ و شـوێنکەوتنی سـامان، مەترسـی سـەرنجدان لەسـەر خـود، ئەمەیـان پەیوەسـتە بـە ئاسایشـی کەسـی کـە ڕۆح دەخنکێنێـت بـە ڕێـگای هەڵکەندنـی تـۆوی ڕاسـتی، وە خنکاندنـی بەرهەمـی ئینجیـل، بـێ بایەخکردنـی هیـوای ئینجیل. لووتبـەرزی بـۆ شـتە کاتییـەکان کـەوا بەسـەردەچن ژیانمـان لـەو شـتانە دەدزێـت کـە بەهـای بێکۆتایـی هەیـە.[a]

٢. **سـەرقاڵکردنە ڕێکنەخـراوەکان کـە ڕێگـری دەکـەن لـە هاوبەشـی لەگـەڵ خـودا.** ئـەم سـەرقاڵکردنانە لـە مەرسا بـە نموونـە دەهێنرێنـەوە، کـە هێنـدە سـەرقاڵ بـووە بەهـۆی خزمەتکردنـی ئامادەکردنـی خـوان بـۆ کەسانی دیکـە کـە گرنگـی قسـەکانی مەسـیحی بـۆ ژیانـی خـۆی لەدەسـتدا.[b] دەکرێـت لـە ژیانـدا ئەوەنـدە بـێ سـەرنج بیـن کـە لەنـاو چەرخـی بـێ بەزەیـی ئەرکەکانـی ڕۆژانـەدا ون بیـن و گـوێ لـە دەنگـی مەسـیح نەگریـن، وە شکسـت دەهێنیـن لـە نوێـژ و شکسـت دەهێنیـن لـە بینینـی وەک ئـەوەی بـە وردی گوێـی لێبگرێـت و لێـمان نزیـک دەبێتـەوە. خـودا هەسـت دەکات کـەوا لێـی دووریـن لەبـەر ئـەوەی سـەرقاڵین. لەگـەڵ ئەوەشـدا، ئـەو بـەدوای ئێمـەدا دەگەڕێـت؛ ئـەو داوای سـەرنجی دابەشـنەکراوی ئێمـە دەکات.

٣. **سـەرقاڵکردنە ڕێکنەخـراوەکان کە پێویستبوونی خودا بێدەنگ دەکات.** هاوسـەرگیری بەخشـشێکی جوانـە، بـەڵام لەگـەڵ ڕۆتیـن و ئەرکەکانیشـدا دێـت -هەندێـک سـەرقاڵی ناومـاڵ- کـە گرنگیپێدانـی زۆری دەوێـت. هەروەهـا بـە وەرگرتنـی نیعمەتەکانـی هاوسـەرگیری، هاوسـەرەکان بـە ئامادەبییـەوە سـەرقاڵییەکانی ژیانـی هاوسـەرگیری قبـوڵ دەکـەن و دەسـتبەرداری ئـەو شـتە دەبـن کـە پۆڵـس وەک ژیانـی «ناسـەرقاڵ» دەیبینێـت -بەخششـی زگورتییێتـی.[c]

هاوسـەرگیری تـەواوی پێشـینەیی ژیـان نییـە؛ نـە خۆشەویسـتی ڕۆمانسـی و نـە سێکس. هاوسـەرگیری بەخششـێکی بەهـادارە، سـۆزداری لـە ژیانـی هاوسـەرگیریدا دەربڕینێکـی جوانـە لـە دیزاینـی خـودا؛ بـەڵام کتێبـی پیـرۆز داوای کات دەکات کـە تەنانـەت سێکسـیش دەبێـت ڕابگیرێـت بـۆ ئـەوەی هاوسـەرەکان ژیانـی نوێژکردنیـان بپشـکنن و پێشـینەیی گەورەتریـان لـە هاوبەشـی لەگـەڵ خـودا ڕێکبخەنـەوە.[d]

---

a مەتا ١٣: ٢٢؛ مەرقۆس ٤: ١٩؛ لۆقا ٨: ١٤.

b لۆقا ١٠: ٣٨-٤٢.

c یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٣٢-٣٥.

d یەکەم کۆرنسۆس ٧: ١-٥.

هاوسـەرگیری و زگورتییێتـی هەردووکیـان بەخششـی گـەورەن. هاوسـەرگیری چاکـەی بەدیهێـنراوان دووپـات دەکاتـەوە،[a] سـێبەرێکی جوانـی خۆشەویسـتی مەسـیح دەخاتـە سـەری کڵێسـاکەی،[b] پێشـبینی هاوسـەرگیرییەکی گەردوونـی دەکات کـە لـە داهاتـوودا دەبێـت.[c] لـە بەرامبـەردا زگورتییێتـی سـەرنجمان دەخاتـە سـەر ژیانی جوانـی مەسـیح لەسـەر زەوی و بـەرەو پێـش بـۆ شـکۆمەندی ساتی شـکۆمەندی کەسـیمان کـە بـە زوویـی دێـت.[d] بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەو سـاتەی گـۆڕان، مەسـیح زگورتییێتـی هێنـدە قـووڵ و شـاهانە وێنـا کـردووە کـە هەمـوو زگورتییێتییەکـی زەمینـی پێویسـتییەکی پایـەدار و کەرامەتێکـی بـێ گومانـی تێدایـە. لـە هـەر حاڵەتێکـدا، هاوسـەرگیری و زگورتییێتـی دوو بەخششـی خوداییـن، لەلایـەن مەسـیحەوە پەسـەندکراون، لەلایـەن پۆڵسـەوە پیرۆزباییـان لـێ دەکرێـت.

بەشـی حەوتەمـی یەکـەم کۆرنسـۆس وردتریـن یەزدانناسـی کتێبـی پیـرۆزە لەبـارەی سـەرقاڵی و هەوڵـدان بـۆ نەبوونـی سـەرقاڵییە. کاتێـک ئێمـە ململانـێ دەکەیـن لەگـەڵ ئـەوەی کـە واتـای هاوسـەرگیری چییـە، ئێمـە لـە دۆخێکدایـن کـە هەمـان ئـەو پۆلینکردنانـە لـە ژیانـی دیجیتاڵیمانـدا بەکاربهێنیـن. سـەرقاڵییە ڕاستەقینەکان هـەر شـتێک دەگرێتـەوە (تەنانـەت شـتی باشـیش) کـە چـاوی ڕۆحیـمان دەگرێـت لـە ئاسـت کورتـی کات و لـە پێویسـتی ژیـان بـۆ وەرزی چاوەڕوانـی پێشـبینییە زۆرەکان لەکاتێکـدا چاوەڕێـی کورتکردنـەوەی هەمـوو مێـژوو دەکەیـن.

بـەرواری هاتنـەوەی مەسـیح نهێنییـە، بـەڵام هێنـدە خێـرا نزیـک دەبێتـەوە کـە داوا لـە هەمـوو باوەڕدارێـک بـە مەسـیح دەکات لـە چاوەڕوانیـدا لەسـەر پەنجەکانـی قاچیـان ڕاوەسـتن.[e] مـردن و زیندووبوونـەوەی مەسـیح سـەرەتای کۆتایـی بـووە؛ کاتـی زیادکـراو، ئـەو سـاتەی کـە کاتژمێـری یـاری تۆپـی پـێ نـەوەد خولـەک تێدەپەڕێنێـت و بـەردەوام دەبێـت لـە یاریکـردن لەبـڕی هەندێـک کاتـی ڕاوەسـتانی نەزانـراو، ئیـتر دواجـار بـە زوویـی کۆتایـی پێدێـت. کاتژمێرەکـە لەسـەر هێڵـی کاتـی ڕزگاری خـودا نـەوەد خولـەک تێپەڕیـوە، هێشـتا کاتژمێرەکـە چرکـەی دێـت. لـە ئێسـتا بـەدواوە هەرچەنـدەی هەوڵدەدەیـن سـەرقاڵییەکان پێناسـە بکەیـن، بە تایبەتـی لـە ئاڵۆزتریـن بوارەکانـی ژیانـدا -وەکـو پەیوەنـدی سـۆزداری، سـێکس و هاوسـەرگیری-

---

a مەتا ١٩: ٤-٦؛ یەکەم تیمۆساوس ٤: ١-٥.

b ئەفەسۆس ٥: ٢٢-٣٣.

c ئاشکراکردن ١٩: ٦-١٠.

d مەرقـۆس ١٢: ٢٥؛ یەکـەم کۆرنسـۆس ٧: ٢٩. لـە پرسـیارە ئاڵـۆزەکان سـەبارەت بـە هاوسـەرگیری، جیابوونـەوە و زگورتییێتـی لـە بەشـی حەوتـی یەکـەم کۆرنسـۆس، وەڵامـەکان دەبێـت «لـە چوارچێـوەی پێشـینەیی ئینجیـل و ئـەو ڕوانگـە گـۆڕاوەدا بێـت کـە بەهـۆی سـەرهەڵدانی سـەردەمی کۆتایـی و پێشـبینییەوە هاتۆتـە ئـاراوە».
D. A. Carson, sermon, "The Gospel of Jesus Christ; 1 Cor. 15:1–19," The Gospel Coalition, thegospelcoalition.org (May 23, 2007).

e مەتا ٢٤: ٣٦-٢٥: ١٣؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ١-١١.

دەبێت هەوڵبدەین خۆمان لەناو چوارچێوەی کاتی بەپەلە و بەم زووانەی کۆتایی خودادا بۆ ئەم بەدیهێنراوە دابنێین.

هەموو سەرقاڵکردنەکان بەو ڕاستییە دەپێورێت کە «کاتی دیاریکراو زۆر کەمی ماوە.»[a] ئێمە داوامان لێکراوە بۆ ئەوەی شەوارە بگرین و لە چاوەڕوانیدا بین[b]، چونکە هەموو شتێک لە ژیانی باوەڕدار بە مەسیحدا مەرجدارە بەم هەستەی بەپەلەیی کۆتایی زەمانە بۆ گەڕانەوەی مەسیح.[c] بۆ ئەوانەی چاویان هەیە ببینن، گەڕانەوەی مەسیح هێندە نزیکە، بە شێوەیەک ژیانمان بەتاڵ دەکاتەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە ڕووکەشن، وە هەموو سەرقاڵییەکی بێهودەمان بێ بایەخ دەکات. ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە بڵێین، شەڕی ئێمە لەدژی سەرقاڵکردنە ماندووکەرەکانی ئەم جیهانە -بە تایبەتی سەرقاڵی ناپێویستی مۆبایلەکانمان- شەڕێکی دڵە کە تەنیا لە حاڵەتێکدا دەتوانین ئەنجامی بدەین سۆزەکانمان بە توندی لەسەر شکۆمەندی مەسیح بێت. وەڵامی جیهانی دیجیتاڵی کە جوڵەی زۆرە و لادەرە، هێورکەرەوەی ڕۆحە بۆ شکۆمەندی مەسیح، کە ئەقڵ هەستی پێدەکات و ڕۆح چێژی لێ وەردەگرێت. جوانی مەسیح ئاراممان دەکاتەوە و قووڵترین پەرۆشیمان لە خاکی هیوای هەتاهەتاییدا ڕەگ دادەکوتێت و زۆر لەوە زیاترە کە هیوا بخوازین لە مۆبایلە زیرەکەکەمان پێی بگەین.[d]

## ژیانی سەرقاڵنەکراو چییە؟

کەواتە ئایا دەبێت میلی کاتژمێرەکە بگەڕێنینەوە دواوە و بگەڕێینەوە بۆ سادەیی سەردەمی پێش دیجیتاڵی «بێ سەرقاڵکردن»؟ نەخێر، ڕەنگە سەردەمی پێش دیجیتاڵی هەبووبێت، بەڵام هەرگیز ژیانێک نەبووە کە سەرقاڵکردن نەبێت. چ مۆبایلێکی زیرەکت هەبێت، یان مۆبایلێکی نازیرەک، یان هەر مۆبایلت نەبێت، ناتوانیت لە ژیانێک ڕزگارت بێت کە سەرنجت پەرتەوازە بکات. بەڵام کتێبی پیرۆز بە ڕوونی دەڵێت کە ئەو سەرقاڵکردنانە بەرفراوانن. ڕووبەڕووی سەرقاڵکردنی پیرۆز و سەرقاڵکردنی پیرۆزنەکراو دەبینەوە. ئێمە ڕووبەڕووی سەرقاڵکردنی ڕۆح پڕکەرەوە و سەرقاڵکردنی ڕۆحکوژ دەبینەوە. ڕووبەڕووی پچڕانی پێویست و پچڕانی دونیایی دەبینەوە. ڕووبەڕووی سەرقاڵیەک دەبینەوە ناکرێت

a یەکەم کۆرنسۆس ٧: ٢٩.

b مەتا ٢٤: ٤٢؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٦: ١٣؛ کۆلۆسی ٤: ٢.

c ڕۆما ١٣: ١١-١٤.

d See John Owen, Meditations and Discourses on the Glory of Christ, in The Works of John Owen, ed. William H. Goold (Edinburgh: Banner of Truth Trust, 1965), 1:277–79, 402–3. In this life, where we so often struggle with self-love, worldliness, endless cares and fears, and with “an excessive valuation of relations”—t hink: social media—in contrast, our souls must be fed “sedate meditations on Christ and his glory” (1:403).

خۆمـان لـێ لابدەیـن تایبـەت بـە هاوسـەرگیری خوداییانـە وە سـەرقاڵکردنی خۆپاراسـتن لـە کەلتووری بەکاربـەر دەبینـەوە. هـەر لـە سـەرەتای ئـەم لێکۆڵینەوەیـەدا، دەبـێ ئـەو بیرۆکەیـە نەهێڵیـن کـە دەکرێـت ژیانێکـی بـێ سـەرقاڵکردن هەبێـت -ئـەوە نییـە و هەرگیـز نەبـووە. ژیانـی پیـرۆز لەخواترسـییەکی ئاڵـۆزە، بـە واتـای ئـەوەی دەبێـت لـە هەمـوو بارودۆخێکـدا فێربیـن چـۆن سـەرقاڵی بەڕێوەببەیـن.

هۆشـدارییەکە لێرەدایـە: وەک بـاوەڕداران بـە مەسـیح، ئەگـەر شکسـت بهێنیـن لـەوە بـە دانایـی سـەرقاڵکردنی ژیـان بەڕێوەببەیـن، ئـەوا خێرایـی خۆمـان لەدەسـت دەدەیـن وە -بـە دەربڕینـی یەکێـک لـە دایکـە ئالوودەبووەکانـی مۆبایلـی زیـرەک «ڕەنگـە لەبیـر بکەیـن چـۆن لەگـەڵ پـەروەردگاردا بژیـن.»[a] بەڕێوەبردنـی سـەرقاڵی کارامەییەکـی گرنگـە بـۆ تەندروسـتی ڕۆحـی، بـە تایبەتـی لـە سـەردەمی دیجیتاڵیـدا. بـەڵام ئەگـەر تەنیـا شـێوەیەکی سـەرقاڵکردنی دیجیتاڵـی لـە ژیانمـان دەربهێنیـن بەبـێ ئـەوەی بـە خووێکـی نوێـتر و تەندروسـتتر جێگـەی پڕبکەینـەوە، ئـەوا حـەوت سـەرقاڵکردنی دیجیتاڵـی دیکـە جێگـەی دەگرێتـەوە.[b] بـە تێپەڕبوونـی کات، ڕەنگـە دڵـمان لەدەسـت بدەیـن بەهـۆی هێـزی هەڵوەرێنـەری کات بەسـەربردنە بـێ جڵەوگیرەکانـەوە. لـە کۆتاییـدا، ئێمـە پۆڵـس پشـتگوێ دەخەیـن کاتێـک هەسـتکردن بـە شـوێنی خۆمـان لەسـەر هێڵـی کاتـی خـودا لەدەسـت دەدەیـن.

## بێ سەرقاڵی بە ئامانج

لـە کاتێکـدا ڕەنگـە پەیوەندیـمان لەگـەڵ مۆبایلەکانمـان پەیوەنـدی پەیمانـی تـەواوی ژیـان نەبێـت (هەرچەنـدە گرێبەسـتی کۆمپانیاکانـی گەیانـدن ڕەنگـە ئاماژە بـەوە بکـەن)، مـن یەکـەم کـەس نابـم کـە پێـم وابێـت خاوەندارێتـی مۆبایلێکـی زیـرەک هاوشـێوەی پەیوەندییـە لەگـەڵ هاوبەشـێکی سـەخت و تینـووی گرنگیپێـدان. مۆبایلـی زیـرەک پـڕە لـە ڕاگەیانـدن و ئـاگاداری دەنگـی و سەرنجڕاکێشـان.[c] زۆرێـک لـەم هاندەرانـە (ڕەنگـە زۆربەیـان) گونـاه نیـن، بـەڵام تێکەڵـن.

هەتـا زیاتـر بـە دیجیتاڵیـەوە سـەرقاڵ بیـن، لـە ڕووی ڕۆحییـەوە زیاتـر ئـاوارە دەبیـن. بـە پەیڕەوکردنـی قسـەکانی پۆڵـس بـۆ هاوسـەردارەکان، دەبێـت ئـەوە ئامانجـمان بکەینـە ئـەوەی کـە ژیانمـان لـە هەمـوو سـەرقاڵکردنێکی ناپێویسـت و بـێ سـوود پـاک بکەینـەوە. جارێـک لـە ئینتەرنێتـەوە پرسـیار لـە قەشـە تیـم کێلـەر کـرا: بۆچـی پێتوایـە گەنجانـی پێگەیشـتووی

a Tracy Fruehauf, “Airing My Dirty Laundry,” One Frue Over the Cuckoo’s Nest, onefrueover thecuck-oosnest.com (Aug. 18, 2015).

b مەتا ١٢: ٤٣-٤٥؛ لۆقا ١١: ٢٤-٢٦.

c Trip Lee, interview with the author via Skype, explaining his track “iLove” (March 25, 2015). The same metaphor appears in Freitas, The Happiness Effect, 224.

باوەڕدار بە مەسیح ململانێی قووڵیان هەیە لەگەڵ خودا وەک ڕاستییەکی کەسی لە ژیانیاندا؟ لە وەڵامدا گوتی: ”ژاوەژاو و سەرقاڵی. بڵاوکردنەوە لە تویتەر ئاسانترە لە نوێژکردن!“[a] (لە تویتەردا گوتراوە، کەمتر نییە!) ئاسانی و دەستبەجێی تویتەر بەراورد ناکرێ لەگەڵ ئارامگرتنی زۆری نوێژ، وە پشتگوێخستنی نوێژ وا دەکات هەست بکەین کە خودا لە ژیانماندا دوورە.

وەک هەموو سەردەمێک، خودا داوا لە منداڵەکانی دەکات کە بوەستن، وە لێکۆڵینەوە لەو شتانە بکەن کە لەم جیهانەدا سەرنجیان ڕادەکێشێت، دەرەنجامەکانی هەڵبسەنگێنن، تێبکۆشن بۆ دڵە سەرقاڵ نەکراوەکان لەبەردەم خودا. بۆ ئەو مەبەستەش، لێرەدا دە پرسیاری دەستنیشانکردن دەخەینەڕوو کە دەکرێت لە سەردەمی دیجیتاڵیدا لە خۆمانی بکەین:

١. ئایا خووەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم ئالوودەیی پیشان دەدەن بۆ کات بەسەربردنێک لە کاتی خۆیدا نەبێت؟
٢. ئایا خووەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم ئارەزووی ناچاری پیشان دەدەن بۆ دەرکەوتن و پشتگیری ئامادەبووان؟
٣. ئایا خووەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم سەرقاڵم دەکەن لە هاوبەشی ڕاستەقینە لەگەڵ خودا؟
٤. ئایا خووەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم دەربازبوونێکی ئاسان دابین دەکەن لە بیرکردنەوەیەکی هۆشیارانە لەبارەی مردنم و گەڕانەوەی مەسیح و ڕاستی ژیانی هەتاهەتایی؟
٥. ئایا خووی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم سەرقاڵم دەکات بە بەدواداچوون بۆ سەرکەوتنی دونیایی؟
٦. ئایا خووەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم دەنگی ڕێنمایی ڕۆحی خودا لە ژیانمدا بێدەنگ دەکەن؟
٧. ئایا خووی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم سەرقاڵم دەکات بە پەیوەندی سۆزداری و ڕۆمانسیەت؟
٨. ئایا خووەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم یارمەتیدەرە لە بنیادنانی باوەڕداران بە مەسیح و کڵێسای ناوخۆیی؟
٩. ئایا خووەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم سەرنجی لەسەر ئەو شتانەیە کە بۆ

---

aTim Keller (@timkellernyc), Twitter, twitter.com (Dec. 31, 2013).

مـن پێویسـتن و بـۆ کەسـانی دیکـەش سوودبەخشـن؟

١٠. ئایا خووەکانـی بەکارهێنانـی مۆبایلـی زیرەکـم لـە پێداویسـتییەکانی ئەو دراوسـێیانە (نزیکەکانـم) دوورم دەخاتـەوە کـە خـودا خسـتوویەتییە بەردەمم؟

بـا ڕاسـتگۆ بیـن: ئالوودەبوونـە دیجیتاڵییەکانمـان (ئەگـەر بـەو شـێوەیە ناویـان بنێیـن) ئالوودەبوونێکـی پێشـوازی لێکـراوە. کلیلەکـە ئەوەیـە کـە لـە سـەرقاڵبوونی بـە مەبەسـتەوە بگوازرێتـەوە بـۆ کەمـتر و کەمـتر سـەرقاڵبوون بـە ئامانجـی ژیانـی هەتاهەتایـی. پرسـیارەکان بـە ئـازارن، هەمـوو بوارەکانـی ژیـان دەگرێتـەوە -خـودا، هاوسـەر، خێـزان، هاوڕێیـان، کار، کات بەسـەربردن، خۆئاراسـتەکردن. بـەڵام ئـەم ئـازارە دەکرێـت ببێتـە هـۆی ئـەوەی گۆڕانـکاری تەندروسـت بکەیـن.

مۆبایلـی زیرەکـمان ناپێویسـترین سـەرقاڵکردنەکان گەورەتـر دەکـەن، چونکـە دوورمـان دەخەنـەوە لـە گرنگتریـن و گرنگتریـن «سـەرقاڵییەکان»، پێداویسـتییە ڕاسـتەقینەکانی خێـزان و نزیکەکانمـان. مۆبایلەکـەم مەرجـدارم دەکات کـە چاودێرێکـی نەرێنـی بـم. مۆبایلەکـەم دەتوانێت بـە زۆرێـک لـە هاوڕێکانمـەوە ببەسـتێتەوە، بـەڵام دەتوانێـت لـە چاوەڕوانییـەک بـۆ تێکەڵبـوون بـە ژیانـی ڕاسـتەقینە جیـام بکاتـەوە. کاتێـک دەچمـە نـاو ناوەندەکانـی سۆشـیال میدیاکانـی خۆمـەوە، زۆرجـار فەیسـبووک بەکاردەهێنـم بـۆ ئـەوەی لـە پێداویسـتییە ڕاسـتەقینەکانی هاوڕێکانـم دابـڕێـم. فەیسـبووک دەبێتـە ژوورێکـی سـەلامەت و پاکوخاوێـن کـە دەتوانـم وەک بینەرێکـی نادیـار تەماشـای هـەوراز و نشـێوی کەسـانی دیکـە بکـەم، هیـچ پاڵنەرێکـی ناچاریـم نییـە بـۆ وەڵامدانـەوە و گرنگیـدان بـە هیـچ شـێوەیەکی واتـادار. وە کاتێـک ئـەوە دەکـەم، زیاتـر و زیاتـر کوێـر دەبـم لـە جەسـتەی گۆشـت و خوێنـی دەوروبـەرم. ئـەو گۆڕانکارییـە لـە لیسـتی داهاتـووە.

# ٢

## ئێمە جەستەی گۆشت و خوێنمان پشتگوێ دەخەین

ئێمە دەزانین نابێ کەسانی دیکە پشتگوێ بخەین، بەڵام چاوپۆشی لە ویژدانمان دەکەین و هەرچۆنێک بێت ئەمە دەکەین. ئەم پشتگوێخستنە شێوەیەکی مەترسیدارتر وەردەگرێت لە دیاردەی لێخوڕینی سەرقاڵیدا.

نامە ناردن و لێخوڕین خووێکی هێندە باو و ئاساییە، ئێستا ئاماری ئاساییمان هەیە. قسەکردن بە تەلەفۆن لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا، ئەگەری تووشبوونت بە ڕووداوی چوار هێندە زیاتر دەکات، بەڵام نامە ناردن لە کاتی لێخوڕیندا ئەگەری ڕووداوی پێکدادان بیست و سێ هێندە زیاتر دەکات. ئەگەر گریمانەی ئەوە بکەین کە شۆفێرێک سەری بەرز نەکاتەوە لە تێکڕای ئەو کاتەی کە پێویستە بۆ ناردنی نامەیەکی نووسراو (٤.٦ چرکە)، بە خێرایی پەنجا و پێنج میل لە کاتژمێرێکدا دەڕوات، ئەوا بە درێژایی یاریگایەکی تۆپی پێ لێدەخوڕێت. نامە ناردن و لێخوڕین هێندە گەمژانەیە، لە پەنجا ویلایەتی ئەمریکا چل و شەش ویلایەت قەدەغەیان کردووە.

بەڵام تەنانەت ئەم ڕاستییانەی کە زۆرجار ئاماژەیان پێدەکرێت، ئەم سەرقاڵکردنە توند و بێباکانەیان ڕانەگرتووە. جیاوازییەکی کەمیان دروست کردووە. بە هەمان شێوە، یاساکانی دژ بە نامە ناردن لە کاتی لێخوڕین کاریگەرییەکی کەمیان هەبووە. توێژینەوەیەکی زانکۆی میشیگان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە یاساکانی دژە نامە ناردن لە کاتی لێخوڕین لە ڕاستیدا ڕەنگە ببێتە هۆی بەرزبوونەوەی مەترسیدارترین ڕووداوەکانی نامە ناردن لە کاتی لێخوڕیندا.[a]

### بۆچی یاساکان کار ناکەن

بۆچی یاساکان کار ناکەن؟ وە بۆچی کوشندەترین ڕووداوەکانی نامە ناردن لە کاتی لێخوڕین لە زیادبووندایە؟

ڕۆژنامەنووس مات ڕیشتێل بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە لەژێر ناونیشانی (گەڕانی بکوژ) نووسیویەتی لەدوای لێکۆڵینەوە لە ڕووداوێکی پێکدادان لە ساڵی ٢٠٠٦

---

a Johnathon P. Ehsani, C. Raymond Bingham, Edward Ionides, and David Childers, "The Impact of Michigan's Text Messaging Restriction on Motor Vehicle Crashes," Journal of Adolescent Health (Jan. 3, 2014).

بەهۆی خوێندکارێکی کۆلێژەوە ڕوویدا کە لە کاتی شۆفێریدا نامەی دەنووسی کاتێک ئۆتۆمبێلەکەی وەرگەڕاوە و خۆی بە ئۆتۆمبێلێکی بەردەمیدا کێشا، بەهۆیەوە دوو کەس گیانیان لەدەستدا.[a] ئەو ڕووداوە دڵتەزێنەکە دەگێڕێتەوە، بەدوای دادگاییکردنی دەرەنجامدا دەگەڕێت، پرسیاری پەیوەندیدار دەکات سەبارەت بە ئەرکە یاساییەکانمان بۆ پاراستنی سەرنجی دابەشنەکراو لە جیهانێکی دیجیتاڵیدا.

لە کۆتاییدا، ڕیشتێل بۆ لێخوڕینی سەرقاڵانە پەنجەیەکی تاوانباری ئاراستە دەکات بۆ بازرگانانی پەیوەندییەکان. دەڵێت پەیامی تێکەڵمان پێدەدرێت. بۆ نموونە، لە ساڵی ٢٠١٣ کۆمپانیای زەبەلاحی پەیوەندییەکان AT&T ڕیکلامی بازرگانی ”Dizzy“ی بڵاوکردەوە، کە سی چرکەیە و چوار منداڵی بچووک لەسەر مێزێک وەڵامی تەنیا پرسیارێک دەدەنەوە لەلایەن سەرپەرشیارەوە. چی باشترینە؟ دەپرسێت، ”دوو شت بە یەک جار ئەنجام بدەیت یان تەنیا یەک شت بە یەکجار؟“ بێگومان منداڵەکان وەڵامە ئاشکراکە هاوار دەکەن: ”دوو.“ پێمان دەگوترێت ئاڵۆز نییە. تەنانەت منداڵە بچووکەکانیش دەزانن باشترە دوو شت بە یەک جار ئەنجام بدەن.

لە هەمان کاتدا، کۆمپانیای AT&T هەروەها پارە دابین دەکات بۆ فیلمی بەڵگەنامەیی بەناوبانگ بە ناوی «وێرنەر هێرزۆگ»ی دژە نامە ناردن لە کاتی لێخوڕین، لە یەک چرکەوە بۆ دواتر، وەک بەشێک لە کەمپەین و ماڵپەڕی سەرنجڕاکێشی کۆمپانیای AT&T «دەکرێت چاوەڕێ بکرێت». نزیکەی هەشت ملیۆن شۆفێر لە ئینتەرنێتەوە بەڵێننامەیان داوە بە ناوی «چاوت لەسەر ڕێگاکە بێت، نەک لەسەر مۆبایلەکەت.»[b]

بۆیە دەبێت بپرسین: ئایا بەڕاستی ئەنجامدانی دوو شت بە یەک جار وەڵامێکی پێشوەختەیە کە هەر منداڵێک دەتوانێت بیداتەوە؟ نەخێر، هێندە سادە نییە.

بەڵام پێموایە ڕوونکردنەوەیەکی سادەتر هەیە بۆ ئەوەی بۆچی یاساکان دەربەست نایەن. وەک ئەوەی هەر مامۆستایەکی قۆناغی ئامادەیی دەتوانێت پێت بڵێت، ئێمە بوونەوەرێکی داهێنەرین، کاتێک باس لە بەکارهێنانی نهێنی مۆبایلەکانمان دەکرێت. یاساکانی قەدەغەکردنی نامە ناردن لە کاتی شوفێریکردندا نزیکە لە جێبەجێنەکردن، بەڵام ئەو ویلایەتانەی کە بە توندی سەرکوتی دەکەن، تەنیا وا دەکات ئەو کارە زیاتر بە نهێنی بکرێت. لە ئۆتۆمبێلدا دەتوانیت بە یەک پەنجە دەقەکان بنێریت، لە ژێر ئاستی دیمەنی پەنجەرە بۆ ئەوانەی لە دەرەوە بیبینن. هەتا پۆلیس بە توندتر سەرکوتی نامە ناردن بکات، مۆبایلەکان نزمتر دەبنەوە، هەتا مۆبایلەکان نزمتر بنەوە، زیاتر سەرنجی شۆفێران

a Matt Richtel, A Deadly Wandering: A Mystery, a Landmark Investigation, and the Astonishing Science of Attention in the Digital Age (New York: William Morrow, 2015).

b بڕوانە itcanwait.com

لەسەر ڕێگاکە نامێنێت، ئەمەش پێویستی بە کاتێکی زیاترە بۆ خوێندنەوە و ناردنی نامە، هەروەها کاتێکی زیاتر بۆ ئاڕاستەکردنەوەی سەرنجەکانیان بۆ لێخوڕینی ئۆتۆمبێلەکەیان. بەم شێوەیە، هەتا هەوڵی وەستاندنی نامە ناردن و لێخوڕین قورستر بێت، نامە ناردن شاراوەتر (وە مەترسیدارتر) دەبێت و ڕووداوەکانیش گەورەتر دەبن کە لە ئەنجامدا دروست دەبن.

ئەگەر یاساکان و ڕێوشوێنەکانی پۆلیس و پێبژاردن نەتوانن نامە ناردن لە کاتی لێخوڕین بوەستێنن، دەبێت چارەسەرەکە خوێناوی بێت؛ بەڕاستیش هەروایە. هەڵمەتە ڕیکلامە گرافیکییەکان نیشانی دەدەن کە شۆفێرێک بێباکانە چەندە خێرا دەتوانێت نامە بنێرێت و وێرانکارییەکی گەورە بخاتە ناو ژیانی کەسانی دیکە لە ڕێڕەوی بەرامبەردا. ڕاگەیاندنەکانی خزمەتگوزاری گشتی پێکدادانەکان بە جووڵەیەکی خاو نیشان دەدەنەوە، لەگەڵ شکانی شووشە و چەقانی کانزاکان و فڕێدانی جەستەی مرۆڤ. ئەو ڕێکلامانە هۆکاری ڕاستەقینەی نامە ناردن لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل دەخەنە ڕوو -نەبوونی هۆشیاری لەو گۆشت و خوێنەی کە ڕۆژانە بە خێرایی لێی تێدەپەڕین.

## ڕوانگەیەکی مەسیحی

لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە پاڵ هاتوچۆی بەرامبەردا هەمیشە مەترسیدارە. ئێمە ڕابەریەتی سندوقێکی پۆڵا و شوشە دەکەین کە کێشی ١٣٥٠ کیلۆگرامە (سێ هەزار پاوند) یان ئۆتۆمبێلێکی وەرزشی ٢٠٠٠ کیلۆگرام، بە خێرایی بەرز، زۆرجار جیابوونەوەیەکی کەمیان هەیە لەگەڵ بەرامبەرەکەیان کەوا هێڵێکی بۆیاخکراوە لەسەر ڕێگاکە. بچوکترین هەڵە لە ئاراستەکردن بە خێرایی خێراتر دەبێتەوە و دەبێتە کارەساتێک کە گەڕانەوەی تێدا نییە و پەشیمانییەکی درێژخایەن و بێهیوایی لە تەواوی ژیانە. ئەو ئامرازانەی لە ژیانماندا بەکاریان دەهێنین، کەسانی دیکە دەخەنە بەردەم زیان، یەک خلیسکانێکی بچووکیش دەکرێت ژیانی چەندین کەس بۆ هەمیشە بگۆڕێت.[a] نامە ناردن لە کاتی شۆفێریدا و ژیانمان بە خوێنی کەسانی بێتاوان لەسەر دەستمان پەیوەندییەکی نزیکتریان هەیە لەوەی کە دەمانەوێت بیری لێ بکەینەوە.

ئەوەی یاسا ناتوانێت بیوەستێنێت، کتێبی پیرۆز وەک بابەتی دڵ باسی دەکات. عیسا ژیانی باوەڕدارانی لە دوو پرسیاری بنەڕەتی پوخت کردەوە: «چۆن خودام خۆش بوێت؟» وە «چۆن نزیکەکەم خۆش بوێت؟»[b] وە کاتێک داوا لە عیسا کرا پێناسەی «نزیکەکەم»

---

a دواوتار ١٩: ٤-١٠.

b بڕوانە مەتا ٢٢: ٣٧-٤٠.

بکات، ئاماژەی بە ڕێگایەک کرد.[a] لە سەردەمی دیجیتاڵیدا (هەروەک لە سەردەمی پێش دیجیتاڵیشدا)، کەسانی دوور و نیگەران دەکرێت گرنگپێدانی بۆ پاساوی ئێمەیان هەبێت، ئەمەش وا دەکات کوێرمان بکەن لە پێداویستییە دەستبەجێیەکانی دەوروبەرمان. لەکاتی لێخوڕیندا، دەنگی دینگەی مۆبایلەکانمان دێت، مێشکمان بڕێک دۆپامین (هۆرمۆنی چێژ) وەردەگرێت، زۆرجار بڕیارەکانمان دەربڕینی کەمتەرخەمی نزیکەکەمان دەبێت. ئێمە وا گریمانە دەکەین کە دەتوانین ئەو کەسانە پشتگوێ بخەین کە دەیانبینین بۆ ئەوەی گرنگی بەو کەسانە بدەین کە نایبینین، بەڵام تەواوی ئەو بیرۆکەیە خوار و پێچەوانەیە.[b]

ئێمە بە مۆبایلەکانمان گوناه دەکەین کاتێک نزیکەکانی سەر شەقام پشتگوێ دەخەین، وە لەگەڵ ئەو نامۆیانەی کە هەمان ڕێڕەوی شەقامەکەدان هاوبەشی دەکەن.

## توڕەیی ڤایرۆسی

نامە ناردن لە کاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێلدا یەکێکە لە نموونەکانی خاڵە سەرەکییەکانی ئەم بەشە. ئێمە خێرا باوەڕ بەو درۆیە دەکەین کە دەتوانین لە یەک کاتدا بە بوونێکی دابەشکراو بەسەر چەند شتێکدا بژین، بە مۆبایلەکانمان سەرقاڵ دەبین و ئەوانی دیکە پشتگوێ دەخەین.

نموونەی دووەمی ئەم شکاوییە، ململانێمانە لەسەر ئینتەرنێت.

جەستەمان لە یەکتر جیامان دەکاتەوە و بوونی ئێمە لە جیهاندا دیاری دەکات. لە بواری دیجیتاڵیدا، ئێمە ئەم خاڵە سەرچاوەییە سەرەکییە لەدەست دەدەین.[c] چاومان لەسەر یەکتر نامێنێت، کاتێکیش ئەوە دەکەین، توڕەیی خێراتر هەڵدەچێت.

ئێمە زیاتر ئەگەری ئەوەمان هەیە کە لە بەرامبەر شاشەدا تووڕەییمان هەڵبچێت لەوەی ڕووبەڕوو بین، توێژەران ئەم دیاردەیە ناودەبەن بە «توڕەیی نادیار». هەڵمی توڕەیی کەلێنێکی خێرا لە وشەکاندا دەبینێتەوە کە بە پەنجە دەخرێنە ناو مۆبایلەکانمانەوە. ئێستا زۆر گونجاوە تووڕەیی خۆمان لەبەردەم خەڵکدا دەربخەین. لە سەرووی ئەمەشەوە، سێ تاوانباری دیکە هەن: "نادیاربوونی ڕێژەیی، نەبوونی دەسەڵات و دەرەنجامەکان، وە لەخۆگرتنی ناهۆشیارانە بۆ تەنیایی خود[d]؛ ئەو تیۆرییەی کە، بە شێوەیەکی نائاگایی،

---

a لۆقا ١٠: ٢٩-٣٧.

b یەکەم یۆحەنا ٤: ٢٠.

c Alastair Roberts, “Twitter Is Like Elizabeth Bennet’s Meryton,” Mere Orthodoxy, mereortho doxy.com (Aug. 18, 2015).

d تەنیایی خود (solipsistic): بیرۆکەیەکی فەلسەفییە کەوا پێی وایە جگە لە خود هیچ شتێکی دیکە بوونی ڕاستەقینەی نییە تەنیا ئەقڵی تاک هەیە.

دەڵێت قسەکردن لەسەر کۆمپیوتەر دەکرێت زیاتر وا دەربکەوێت کە ئێمە قسە لەگەڵ خۆمان دەکەین نەک قسە لەگەڵ خەڵکی ڕاستەقینە.“ بە واتایەکی دیکە، ”زۆر ئەستەمە وشەکان لەسەر شاشەیەک ببەستینەوە بەو ڕاستیەیی کە مرۆڤێکی زیندوو و هەناسەدەر لە لایەکەی دیکەی پەیوەندییەکەدا هەیە.“[a] تووڕەیی لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەرەنجامی دابەشبوونە لە ژیانماندا -سەرنجمان دابەش بووە، مێشکمان دابەش بووە و کەسایەتییە دیجیتاڵییەکانمان لە گۆشت و خوێنمان جیا دەبنەوە.

ئەم دابەشبوونانە دەبنە هۆی لێک تێگەیشتنێکی هەڵە و زوو هەڵچوون لە ئینتەرنێتەوە کە دەتوانرێت لێی دوور بکەوینەوە. پەنجەکانمان هاوسۆزییان نییە لە نووسین کاتێک بەبێ ئەوەی ڕووخساری زیندوو لەبەردەمماندا بێت. بریندارکردنی وێنەیەکی هێمایی (ئاڤاتار) لە ئینتەرنێت زۆر ئاسانترە لە برایەکی ژیانی ڕاستەقینە.

بەڵام تووڕەیی لە ئینتەرنێتەوە تەنیا بەربڵاو نییە؛ هەروەها پەتایەکەی درمە. من هێندە لە جیهانی سۆشیال میدیادا نوقم بووم و بۆم دەرکەوت کە گرنگترین هۆکاری دیاریکەر سەبارەت بەوەی کە ئایا ئەوەی لە ئینتەرنێت بڵاوی دەکەمەوە گەرموگوڕ دەبێت، وەک پەتایەکی ڤایرۆسی بڵاودەبێتەوە و دەگاتە گیرفانی خوێنەرانی نوێ، ئەوە سەرکەوتنمە لە داگیرسانی مشتومڕێکی گەرم. توێژینەوەکان زیات لەسەر ئاستی کەسی پشتگیری ئەم بابەتە دەکەن، دەریدەخەن کە ڕادەربڕینێکی (کۆمێنت) باش ئەگەری زۆرە هاوڕێکانت (فۆڵۆوەر) بەرەکەتدار بکات، بەڵام زۆر لەوە زیاتر ناڕوات، لە کاتێکدا سەرنجێکی تووڕە زۆر زیاتر ئەگەری هەیە لە دەرەوەی فۆڵۆوەرەکانت بڵاوبێتەوە و زۆر کەسی دیکە تووڕە بکات. یەکێک لە توێژەران لەم ئاراستەیە دەڵێت: ”تووڕەیی هەستێکی وروژێنەری بەرزە، مرۆڤەکان پاڵدەنێت بۆ ئەوەی هەنگاو بنێن. ئەوە وا دەکات هەست بکەیت گڕت تێبەربووە، وا دەکات زیاتر شتەکان بگوازیتەوە.“[b] بەم شێوەیە تووڕەیی بڵاودەبێتەوە.

## خۆشی پێکەوەبوون

ئەگەر تووڕەیی هەستێک لە پەتایەکی ڤایرۆسی بێ جەستەیی ئۆنلاین بێت، ئەوا خۆشی هەستێکی مەسیحییانەی پێکەوەبوون بەجەستەیە ، دوو نێردراو ئەمەیان سەلماندووە: یۆحەنا و پۆڵس. یۆحەنا یەکێک لە نامە دەستنووسە کۆنەکانی بە دێڕێک کۆتایی پێهێنا کە پەیوەندییەکی بەردەوامی هەیە بۆ ئەوانەی ئێستا بە پەنجە دەنووسین: «زۆر شتم هەیە بۆتانی بنووسم، بەڵام نامەوێت بە مەرەکەب و کاغەز بێت [تەکنەلۆژیای مۆدێرن

a Nick English, “Anger Is the Internet’s Most Powerful Emotion,” Greatist, greatist.com (Sept. 18, 2013).
b Matthew Shaer, “What Emotion Goes Viral the Fastest?” Smithsonian (April 2014).

لـەلای یۆحەنـا]، بەڵکـو ئومێـدەوارم لەگەڵتـان بـم و ڕووبـەڕوو بدوێـین، تاکـو تـەواو دڵخـۆش بیـن.» (دووەم یۆحەنـا ١٢). یۆحەنـا تەکنەلۆژیـای بەکارهێنـا بـۆ پەیوەندیکـردن، بـەڵام دەیزانـی کـە نامەکـەی تەنیـا بەشـێکە لـە پەیوەندییـەکان. شـێوازێک بـوو بـۆ دەربڕینـی پێشـبینی؛ دەبـوو پێکەوەبوونـی ڕووبـەڕووی بەدوایـدا بێـت. پۆڵـس لـە دوو نامەیـدا هەمـان خـاڵ دەخاتـە ڕوو.[a]

کەواتـە بۆچـی دوو نێـردراو پێـمان دەڵێـن خۆشـییان بەسـتراوەتەوە بـە پێکەوەبـوون بەجەستەوە؟ دۆگلاس گرۆتـوس، مامۆسـتای فەلسـەفە لـە پەیمانـگای دێنڤـەری یەزدانناسـی پێـی گوتـم: "پێموایـە پەیوەنـدی بـە بەریەککەوتنـی کەسـایەتییەکانەوە بوونـی هەیـە". هەروەهـا گوتـی، "کەسـایەتی ئێمـە هەتـا ڕادەیـەک لـە نامەیەکـی ئیمەیـڵ یـان تویتێکـدا دەردەکەوێـت. بـەڵام ئێمـە بوونەوەرێکـی گشـتگیرین: هەسـت و بیرکردنـەوە و خەیـاڵ و جەسـتەمان هەیـە." کاتێـک بەشـێک لـە کەسـایەتی بەجەسـتەکراومان لا دەبەیـن، هەڵـە تێگەیشـتنەکان ئاسـانتر دەبـن. کاتێـک ئێمـە قوڵـە جەسـتەییەکانمان کـە تێکدەئاڵێـن، چاوەکانمـان کـە تەماشـا دەکـەن، گوێچکەکانمـان کـە گاڵتەجـاڕی دەستنیشـان دەکـەن و تۆنەکانـی دەنگـی کـە ئارامـی تێدایـە، بـە وێنـەی دوو ڕەهەنـدی دەگۆڕینـەوە، ئـەوا بانگهێشـتی هەڵـە تێگەیشـتن و گـرژی دەکەیـن. -بۆیە پێموایـە "پـڕی خۆشـی" لەگـەڵ کەسـایەتییەکدا دێـت کـە کارلێـک لەگـەڵ کەسـایەتییەکانی دیکـە دەکات لـە ڕووی دەنـگ و دەسـت لێـدان و دەرکەوتـن و کاتـەوە. هەندێـک جـار کاتـی ئـەوە هاتـووە لەگـەڵ خەڵکیـدا تەنیـا بێدەنـگ بیـن، یـان لەگـەڵ خەڵکیـدا بگرییـن، یـان لەگـەڵ خەڵکیـدا پێبکەنیـن."[b]

سـەرباری ئەمـە، بەرکەوتنـی چـاو یەکێکـە لـە بەهێزتریـن شـێوازەکانی پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی کـە دەکرێـت، متمانـە لەنێـوان مرۆڤەکانـدا دروسـت دەکات، لـە دیاردەیەکـی ئاڵۆزدا کـەوا مرۆڤـەکان دەتوانـن مێشـکیان هـاوکات بکـەن و لێکتێگەیشـتن و فێربـوون و تیژبوونـەوەی یەکتـر بەدەسـتبهێنن بـە شـێوەیەک کـە لـە ڕێگـەی ئامێـرە دیجیتاڵییەکانـەوە مەحاڵـە.

بـە دڵنیاییـەوە هـۆکاری دیکـە زۆرن بـۆ ئـەوەی دەرفەتـی کۆبوونـەوەی ڕووبـەڕوو بـە بەهـادار بزانیـن، بـەڵام ئـەم بڕگانـەی نێردراوان خاڵێکـی گرنگـمان بـۆ بەجێدەهێڵن کە پێویسـتە لـە تەکنەلۆژیـای پەیوەندییـە دیجیتاڵییەکانمانـدا لەبیرمـان بێـت. هەمـوو ئـەو نووسـینانەی کـە لـە دوورەوەن -وەک نامـە کۆنـەکان، یـان پەیامـی کورتـی مۆدێـرن، یـان تەنانـەت ئـەم کتێبـەش- زیاتـر لـە پەیوەنـدی تارماییـەک بـە تارماییەکـەوە دەچێـت نـەک کارلێکـی کەسـێک لەگـەڵ کەسـێکی دیکـە. بەڵـێ، شـتێک لـە ئێمـە بـە وشـەی نـووسراو هەیـە، بـەڵام هەمـوو شـتێک لـە پێکەوەبوونـی ڕاسـتەقینەدا ناتوانرێـت لەسـەر شاشـەی تەلەفۆنـەکان بنووسرێـت و بـە خێرایـی

a ڕۆمـا ١٥: ٣٢؛ دووەم تیمۆسـاوس ١: ٤. ئەمـە لـە هیوایەکـی دیکـە سـەرچاوەی گرتـووە کـەوا لـە یەکەم سـالۆنیکی ١: ١٩ و ٢٠ هاتـووە.

b Douglas Groothuis, interview with the author via phone (July 3, 2014).

ڕووناکی لە ڕێگەی کێبڵی فایەر ئۆپتیکەوە بنێردرێت. ئەمە ڕاستیی پەیوەندییە. خۆشی هەستێکی بەهاداری بوونی یەکگرتوومانە. خۆشی سەرنجمان و مێشکمان و گۆشت و خوێنمان کۆدەکاتەوە بۆ هاوبەشییەکی ڕووبەڕوو -خۆشەویستی چاو بە چاوە. ئاڵنگاری بەردەم باوەڕداران بە مەسیح ئەوەیە کە خۆشەویستی نەک تەنیا لە تویت و نووسیندا بێت، بەڵکو زیاتر لە کردار و ئامادەبوونی جەستەییدا بێت.[a]

## تێکەڵبوونی جەستەیی

لە سەردەمی مۆبایلی زیرەکدا، کاتێک کردارە مەعریفییەکانمان لە بوونی جەستەییمان جیا دەکرێتەوە، لە جیهانی بێ جەستەی ئینتەرنێتدا ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە زیاد لە پێویست پێشینەیی بدەین بە کارلێکە هەتاڕادەیەک ئاسانەکان و سروشتی بە جەستە پێکەوەبوونی باوەڕی مەسیحی کەم بکەینەوە.

لە گێڕانەوەی سەرەتاییەوە کە خودا بەجەستە بوو، پەیمانی نوێ بیرۆکەی پێکەوەبوون بە جەستەی پەرەپێداوە. بەردەوام بە لە خوێندنەوە، وە کتێبی پیرۆز باس لە سروشتی گەلی خودا دەکات: ئێمە ئەندامی تاکەکەسی کڵێساین، وە یەکێتیمان لەنێوان هەمەجۆرییەکاندا لە لێکچوونەکانی سروشتی فرە هەست و فرە ئەرکی جەستەی مرۆڤدا دەردەکەوێت.[b] بەردەوام بە لە خوێندنەوە، پۆڵس هاندەدات بۆ ماچی پیرۆز (نائاسایی!).[c] هەروەها ئاگادارمان دەکاتەوە کە کۆبوونەوەی پێکەوەییمان پشتگوێ نەخەین،[d] وە سەرنج دەخاتە سەر دوو ئاهەنگی باوی کڵێسا: لەئاوهەڵکێشان و شێوی پەروەردگار. هەردوو نهێنییەکە بۆ کۆبوونەوەکانمان زۆر گرنگن و چەندین ئاستی تێکەڵبوونی جەستەیی تێدایە. ناتوانین لە مۆبایلەکانماندا لەئاوهەڵکێشان بکەین یان لە شێوی پەروەردگار بخۆین.

کردەوەیەکی گوێڕایەڵییە بۆ ئەوەی شوێنکەوتوویکی مەسیح لە ژێر ئاودا نوقم بکرێت. بۆ من لە حەوزێکی گەرمی کاتیدا ڕوویدا کە لە ناوەڕاستی زستاندا لەسەر شانۆی کڵێسا دانرابوو، کاتێک مردنم لە گوناه و ژیانی نوێ لە مەسیحدا دووبارە نمایشکرایەوە. لە ئاستێکدا، تەنیا هێمایی بوو: لەگەڵ پاڵنانی من بۆ ژێر ئاو، هێما بوو بۆ یەکگرتنم لەگەڵ مردنی جەستەیی مەسیح. وە کاتێک لە ئاوەکە هاتمە دەرەوە، وێناکردنی زیندووبوونەوەی ڕۆحی من بوو لە زیندووبوونەوەی جەستەیی مەسیحدا. بەبێ مردنی جەستەیی و زیندووبوونەوەی جەستەیی مەسیح لەئاوهەڵکێشانی من واتایەکی ڕۆحی نەدەبوو. بەڵام تەڕبوون بە لەئاوهەڵکێشانەکەم تەنیا هێمای ڕاستییەکی ڕۆحی ڕابردوو

a یەکەم یۆحەنا ٣: ١٨.
b یەکەم کۆرنسۆس ١٢: ١٢-٣١.
c ڕۆما ١٦: ١٦؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٦: ٢؛ دووەم کۆرنسۆس ١٣: ١٢؛ یەکەم سالۆنیکی ٥: ٢٦؛ یەکەم پەترۆس ٥: ١٤.
d عیبرانییەکان ١٠: ٢٤-٢٥.

یـان ئێسـتا نەبـوو لـە منـدا. ئێسـتا دڵنیـام کـە کاتێـک مردنـی جەسـتەییم دەگات و جەسـتەم لـە زەویـدا دەنێژرێـت، وەک تۆوێـک دەچێنرێـت، چاوەڕێـی بەهـاری هەتاهەتایـی دەکات لـە زیندووبوونـەوەی جەسـتەیی. کـرداره لێکچوونەکـەی لەئاوهەڵکێشـانم هێـمای ئـەوه بـوو کـە تەنیا بـە ڕاستییەکی جەسـتەیی مەسیح دەکرێـت و یەکێتـی ڕۆحـی مـن لەگەڵیـدا دەسـتەبەری داهاتـووی جەسـتەیی مـن دەکات.[a]

شـێوی پـەروەردگار یەکێکـی دیکەیـە لـە پەیڕەوکارییەکانـی کڵێسـای کۆبـووەوە، کـە بـە یەکێتیەکـی جەسـتەیی کۆدەبنـەوە، نادرێنـە دەسـت کەسـە پەرتـەوازەکان. لـەم یەکێتییـەدا ئێمـە لاسایی مەسیح دەکەینـەوە. عیسا لـەو شـەوەی دەسـتگیر کـرا، نانەکـەی لـەت کـرد و جامەکەی پڕکـرد، گوتـی ئـەوە جەسـتەی شـکا و خوێنـی ڕژاوە لەپێنـاو گوناهبـاران. هـەر جارێـک کـە ڕێبـازی عیسـا نمایش دەکەینـەوە، یـادی مەسـیح دەکەینـەوە (کـە ئێسـتا نایبینیـن)، مردنـی ئـەو ڕادەگەیەنیـن هەتـا دەگەڕێتـەوە (ئـەو کات دەبینرێـت) -دووپاتـی دەکەینـەوە کـە ئـەو وەک جـام و نانەکـەی دەسـتمان ڕاستەقینەیە. وە ئەگـەر هـەر یەکێـک لـە ئێمـە بـە خۆپەرسـتانە یـان ناشایسـتەییەوە لـەم خوانـە نزیـک بێتـەوە، ئـەوا مەترسـی نەخۆشـی جەسـتەیی، وە تەنانـەت مردنـی جەسـتەیی دەکەیـن، لـە ئەنجامـی ئـەوەدا![b]

لـە جەسـتەماندا، مردنـی عیسـا هەڵدەگریـن، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن ژیانمـان بدەیـن لەپێنـاو خوشـک و براکانمـان لـە مەسیحدا.[c] هەمـوو ڕاستییەکی ڕۆحـی نەبینـراو لـە ژیانی مەسـیحییێتیدا، وە هەمـوو پەیڕەوکردنێکـی جەسـتەیی لـە کڵێسـادا، ڕەگ و ڕیشـەی لـە ڕاسـتییەکی جەسـتەیی ڕزگارکەرمانـدا هەیـە؛ کـە ئـەو خـودای بەجەسـتەبووە و هەیـە. ژیـاوە، ڕۆیشـتووە، خزمەتـی کـردووە، لـە خـاچ درا، مـرد، نێـژراوە، زینـدوو بـۆوە بـۆ ژیانێکـی نـوێ، وە ئەو ئێسـتا لە ئاسـمان دانیشـتووە، وە بـەم زووانـە دەگەڕێتـەوە. ئەگـەر ئـەم ڕاسـتییە جەسـتەییە تەنیـا خەیاڵـی بـن، ئـەوا هیـوا و باوەڕمـان -لـە سـەرەوە هەتـا خـوارەوە- بـە تـەواوی بـێ واتایـە.[d]

ئـەو دروشـمەی سـەردەمی نـوێ کـە زۆرجـار دەیبیسـتین: "شـوێنی مەسـیح دەکـەوم، بـەڵام بـە ئایینـی ڕێکخـراو بێـزارم مەکـە"؛ ئەمـە نیشـانەی گریمانـە بـێ جەسـتەییەکانی سـەردەمی دیجیتاڵییـە. لـە ڕاسـتیدا، ژیانـی مەسـیحی لـەوە زیاتـر بـە جەسـتە ناکرێـت. پشتگوێخسـتنی هەمـوو ئـەم ڕاسـتییانە، وە کردنـە پێشـینەیی بوونـی بـێ جەسـتەمان لـە ڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە، هیچـی کەمـتر نییـە لـە "پیلانگێڕییـەک بـۆ سـڕینەوەی مرۆڤایەتـی."[e]

---

a ڕۆما ٦: ١-١١.
b یەکەم کۆرنسۆس ١١: ١٧-٣٤.
c دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٠-١١؛ یەکەم یۆحەنا ٣: ١٦.
d یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ١٤.
e Medri Kinnon Productions, "N. T. Wright on Blogging and Social Media," Vimeo, vimeo.com (July 20, 2009).

## پیکسڵی قوڕین

دواتـردا لـە کتێبەکـەدا جارێکـی دیکـە دێینـەوە سـەر باسـی کاریگەرییەکانی ئەم جەسـتەیانە لەسـەر ژیانمـان. لـە ئێسـتادا، بەسـە بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەو خاڵـەی کـە دەسـتمان پێکـرد: پەتـای نامـە نـاردن لـە کاتـی لێخوڕینـی ئۆتۆمبێـل (لەنێـوان زۆرێـک لـە پەتاکانـی دیکـەدا) هەوڵێکـە بـۆ هەڵهاتـن لـە سـنووری سروشـتی گۆشـت و خوێنـمان. ئێمـە هـەوڵ دەدەیـن سـنووری کات و شـوێن تێپەڕێنیـن و لـە کۆتاییـدا گۆشـت و خوێنـی دەوروبەرمـان پشـتگوێ دەخەیـن.

لـە ڕاسـتیدا، ئێمـە سـنووردارین. بـا وای دابنێیـن کـە دەتوانیـن لـە یـەک کاتـدا ئۆتۆمبێـل لێبخوڕیـن و لـە مۆبایلەکانمـان بخوێنینـەوە و بنووسـین، بـەڵام لـە گریمانەکانمـان لاوازتریـن. بوونمـان ئەوەیـە کـە بـە سـنوورێکی مـادی دەور بدرێیـن؛ سـنوور و ئاسـتەنگەکان ئـەوە سـنووردار دەکـەن کـە دەتوانیـن هەسـتی پـێ بکەیـن و بەدەسـتی بهێنیـن. کاتێـک هەمیشـە لـە ڕێگـەی شووشـەوە ژیانـی خۆمـان دەبینیـن، لەبیرمـان دەچێـت کـە لـە گۆشـت و خوێـن دروسـت بوویـن.

لـە ڕاسـتیدا ئێمـە گۆشـت و خوێنـی سـنووردار و لەنێـوان گۆشـت و خوێنـی سـنووردار‌دا دەژیـن. وە ئەگـەر توێژینـەوەکان ڕاسـت بـن، ئـەوا ژمارەیەکـی زۆر لـە مۆبایلـی زیـرەک بڕێکـی کەمـی پیسـاییان لەسـەرە. ڕاپۆرتـە هەواڵییەکانـم خوێنـدەوە و بـەو سـەرنجە خراپانـەی کـە بەدوایـدا دێـن، پێکەنیـم. ئێمـە بوونەوەرێکیـن کـە لـە قـوڕ دروسـتکراوین، پارچـە شووشـەی بریقەدارمـان لـە دەسـتدایە و هەوڵدەدەیـن بـە بەرگـی پێشـکەوتوو و قوماشـی مایکرۆفایبـەر پاکوخاوێنـی درەوشـاوەیی بپارێزیـن. ئەمـە ئەسـتەمە. ئێمـە تەکنەلۆژیـا نیـن. ئێمـە وەک بلـوری دەسـتکردی مـرۆڤ نـەرم و پـاک و نەشـکاو نیـن. نەخێـر، ئێمـە بـە ئاسـانی تووشـی ڕووشـان دەبیـن. ئێمـە بـە شـکاوی لەدایـک بوویـن. ئێمـە خـۆڵ و ئاویـن، مـادەی کیمیایـی و میکرۆبیـن، بچینـە هـەر شـوێنێک پەڵـەی چـەور لەسـەر هەمـوو شـتێک بەجێدەهێڵیـن کـە دەسـتی لێدەدەیـن. نزیکـە لـە مەحاڵـەوە ئـەو لێکچوونـە گاڵتەئامێـزەی نێـوان خـودی تـۆزاوی و پێکسـڵە درەوشـاوەکانمان لەدەسـت بدەیـن. ئێمـە تەکنەلۆژیـا پیـس دەکەیـن چونکـە ئێمـە ئامێـر نیـن. ئێمـە بەدیهێنراوێکیـن کـە لەسـەر وێنـەی بەدیهێنـەری مـەزن بەدیهاتوویـن، وە دروسـتکراوین کـە پێکـەوە بـە نـاوی ئـەو، لـە خۆشـیدا بـە جەسـتە هاوبەشـی بکەیـن.

# ٣

## ئێمە ئارەزووی پەسەندکردنی دەستبەجێ دەکەین

لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، دەتوانین جەستە پشتگوێ بخەین، بەڵام هەروەها دەتوانین سووکایەتیشی پێ بکەین.

ئیسێنا ئۆنیڵ دەناسێنم، کە وەک نمایشکارێکی جلوبەرگی ئوسترالی تەمەن نۆزدە ساڵان پێنج سەد هەزار هاوڕێی (فۆڵۆوەر) ئینستاگرامی کۆکردۆتەوە. کاتێک خەریکی دەستکەوتنی ژیانی پیشەیی بوو لە ڕێگای گرێبەستی پشتگیرییەوە لە ئینتەرنێت، لە ساڵی ٢٠١٥دا کەوا ناوی لێنا وازهێنان، زۆربەی وێنەکانی خۆی سڕییەوە، پێداچوونەوەی بەو باسانەدا کرد کە مابوونەوە بۆ ئەوەی پاڵنەرە ڕاستەقینەکانی پشت وێنەکان ئاشکرا بکات (زۆربەی ڕیکلام بوو کەوا لەلایەن کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانەوە پارەی پێدرابوو). بۆچی ئەو هەنگاوە توندە؟[a] ئیسێنا زانی کەوا ژیانی لە ئینتەرنێت پووچ و ساختەیە و خودچەقە[b].

دانی بەوەدا نا کە "زۆر سێکس کردن، وێنەی خواردنی نموونەیی، کورتەڤیدیۆی نموونەیی دەربارەی گەشتکردنی نموونەیی؛ هەموو ئەوانە وەک ڕاچێتەیەکی ڕێنماییە بۆ ئەوەی ناوبانگ بەدەستبهێنم".[c] بەڵام هەموو ئەمانە بەشێک بوون لە خولگەیەکی دابەزین کە منی گەیاندە پەشیمانی. "هەموو کەسێک بە شێوەیەکی جیاواز بە ژیاندا تێدەپەڕێت، من لە کەشێکدا گەورە بووم کە بە بەراوردی کۆمەڵایەتی بە ئاسانی دەستدەکەوێت. ئەمە منی خوارد... من تەمەنی ١٢-١٦ ساڵیم بەسەر برد و ئاواتی ئەوەم دەخواست کەسێکی دیکە بوومایە. پاشان تەمەنی ١٦-١٩ ساڵیم بەسەر برد لەوەی بەردەوام خۆم لە قاڵب دەدا، دەستکاری و خۆبەرزکردنەوەم لە 'باشترین بەشەکانی ژیانم' کە گۆڕا بۆ ژیانێکی پیشەیی گەورە لەسەر بنەمای ژمارە و چۆنیەتی دەرکەوتنم لە ڕووی جوانییەوە."[d] ئەمڕۆ ئیسێنا گوتی، "بە سادەیی، چیتر نامەوێت ژیانم بەراورد بکەم لەگەڵ

---

a هەندێک لە ڕەخنەگران دەڵێن ئەوە فێڵێک بووە بۆ بانگەشەکردن بە مەبەستی سەرنجڕاکێشان. لەم پڕۆژەیەدا متمانەم بە مەبەستە ڕاگەیەندراوەکانی ئەو هەیە.

b هەموو سەرنجێک لەسەر خودی خۆیەتی.

c Megan McCluskey, "Instagram Star Essena O'Neill Breaks Her Silence on Quitting Social Media," Time magazine (Jan. 5, 2016).

d . Essena O'Neill, "Dear 12 Year Old Self (re-upload)," YouTube, youtube.com (Nov. 8, 2015).

گرینگترین شته دەستکاریکراوەکانی کەسێکی دیکە. دەمەوێت هەموو ئەو کاتژمێرانەی کە تەماشای شاشەیەکم کرد، بخەمە خزمەت ئامانجە ڕاستەقینەکانی ژیانی خۆم و پەیوەندییە کەسییەکانم و هیواکانم. چیتر ئەم کەلتوور و ڕاڕاییەی ناوداران کاریگەری لەسەرم نییە. گەمژانەیە، لە زۆربەی کاتەکاندا، لە ناوەوە تەنیایی و ساختەیە."[a]

لە هەمووی کارەساتبارتر، ئیسێنا دان بەوەدا دەنێت کە بەبێ ئەقڵی جەستەی خۆی پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی خەڵکی پێی سەرسام بن، وێنەی سێڵفی بڵاوکردۆتەوە بۆ ئەوەی پێی بڵێن جوان و سەرنجڕاکێشە. وە ئاماژەی بەوە کردووە، "بەهۆی لەدایکبوونمان لەم سەردەمەی شاشەدا، فێردەکرێین خۆمان لە قاڵب بدەین بۆ ئەوەی زۆرترین پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی [بەدڵبوون (لایک)، بیراو و فۆڵۆوەر لە ناوەندەکانی سۆشیال میدیادا] بەدەستبهێنین. -بە سادەیی خۆمم لە ستۆدیۆی پەیکەرسازی دەرهێناوە. نامەوێت چاوم لە کەسانی دیکە بێت بۆ ئەوەی پێویستە چۆن بژیم و قسە بکەم و چۆن داهێنان بکەم."[b]

لە کۆتاییدا گوتی، "من لە ڕەهەندێکی خۆ خۆشەویستییەکی مەرجدار و ڕق لەخۆبوونی بەردەوام دەژیام. لە بنەڕەتدا، بەهای خۆم پشتی بە ڕەزامەندی کۆمەڵایەتی بەستبوو". ئەو وای دانابوو کە بە بوون بە کەسێکی «بەناوبانگ لە فەیسبووک» یان «بەناوبانگ لە ئینستاگرام» دەتوانێت دڵی خۆی ڕازی بکات، بەڵام لەگەڵ گەشەکردنی ناوبانگەکەی، زیاتر هەستی دەکرد ژیانی ڕووکەش و داخراوە. بە وتەی خۆی؛ ئەو بەناوبانگبوونەی وای لێکرد هەست بکات گیری خواردووە لە خولگەیەکدا کە زیاتر بەتاڵ، تەنیا، پڕ لە ڕق، لە ئیرەیی و نائارامی دەکات.[c] وە لە نائارامی کەسی زیاتر هیچ شتێکی دیکە مرۆڤەکان لەناو نەخشە ناتەندروستەکانی سۆشیال میدیا بەند ناکات.[d]

ئەو تەنیا نییە. یاسەمین دەناسێنم، ژنێکە لە تەمەنی سەرووی بیست ساڵان، چاوی لەوەیە لە ئینستاگرام بەناوبانگ بێت، کە قسەی کرد، بەڵام تەنیا لە ژێر ناوێکی خوازراو چونکە هێشتا لە یارییەکەدا بوو و زۆر شەرمی دەکرد دان بەوەدا بنێت. ئەو شوناسەی

a هەمان سەرچاوەی پێشوو.

b Essena O'Neill, "Social Media Addiction and Celebrity Culture," letsb e game changers .com (Oct. 30, 2015). This and the following quotations from Essena O'Neill appeared in materials on her website, lets be game changers .com, at the time of writing. Prior to publication, that site was taken down. Interested readers can find the quotations by searching letsb e gamec hangers.com through web .archive.org.

c Essena O'Neill, "Liked," letsbegamechangers.com (undated).

d «ئەو خوێندکارانەی چاوپێکەوتنم لەگەڵدا کردوون کە بەدەست نائارامی کەسییەوە دەناڵێنن، دڵەڕاوکێیان هەیە سەبارەت بە پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان، خەمی ئەویان هەیە کە چۆن لەلایەن کەسانی دیکەوە دەبینرێن، ئەوانەن کە لە سۆشیال میدیادا دەخنکێن.»

Donna Freitas, The Happiness Effect: How Social Media Is Driving a Generation to Appear Perfect at Any Cost (New York: Oxford University Press, 2017), 20.

کە پێشبینی دەکرد، تێچووی زۆری دەویست، بینی کە لەژێر قەرزی کارتی بانکی خنکاوە. ئاماژەی بەوە کرد، ”زۆر شت دەکڕم بۆ پاراستنی وێنەکەم. پارەی ژەمە خواردنەکان لە دەرەوە دەدەم، جلی نوێی بەکینی کەنار دەریا (هەرگیز دوو جار بە هەمان جل وێنەم نەگرتووە)، نزیکەی هەفتەی جارێک جلی چاپکراوی جوان، هەفتەی جارێک گوڵی نوێ وەک ئەوەی نەریتێکی ئایینی بێت،... هتد. من پارە خەرج دەکەم بۆ ئەوەی ژیانم بە شێوەیەکی دیاریکراو دەربکەوێت، دەرکەوتنم بەو شێوەیە زۆر وروژانم پێدەدات، بەڵام کارتی بانکییم هاوبەشی وروژانەکەی من نییە.“

قەرزی کارتی بانکیی بە بڕی ٣٤٠٠ دۆلار زیاد بوو. نەیتوانی بیداتەوە، بەڵام هەروەها نەیتوانی ئەو کڕینە ناچارییە ڕابگرێت. گوتی، ”لە کاتێکدا ئەمە دەنووسم، ئەو سوشییە دەخۆم کە لە ڕێگای بەرەوە ماڵەوە کڕیومە، پەنجا جار وێنەم گرتووە و پۆستم کردووە، هەتا ئێستا ٢٣١ بەدڵبوونم (لایک) وەرگرتووە. من پلانم هەیە کاتێک لە کۆتایی هەفتە دەگەڕێمەوە ماڵەوە ئەم بابەتە بە دایک و باوکم بڵێم بۆ ئەوەی بتوانن هاوارم لەسەر بکەن و ناچارم بکەن بوەستم، چونکە دەزانم ئەوان بە تەواوی تووشی سەرسامی دەبن. بە تەواوی دەزانم ئەوەی من دەیکەم چەندە گەمژانەیە، بەڵام تەنیا پێویستم بە کەسێکە پێم بڵێت، پێم وایە.“[a]

ئیسێنا و یاسەمین دوو نموونەی ڕژدی ئەو فریودانەی مۆبایلی زیرەکن کە هەموومان ڕۆژانە ڕووبەڕووی دەبینەوە. هەرچەندە ڕەنگە نیو ملیۆن فۆڵۆوەرمان نەبێت یان قەرزی کارتی بانکیی زیادمان لەسەر نەبێت، بەڵام دەتوانین بە هەمان شێوە هەوەسمان هەبێت بۆ بەڕێوەبردنی وێنەی ڕووکەشمان، وە بە هەمان شێوە بە ئاسانی خۆمان بخەینە ناو ئەو ڕەفتارانەی کە بە زەحمەت هەستیان پێدەکەین هەتا ئەوەی نقووم دەبین.

## پاڵەوانییێتی لە بەرامبەر ناوبانگ

ئیسێنا و یاسەمین و هەر کەسایەتییەکی دیکەی ناوداری ئینستاگرام یان یوتیوب هێمایەکی نوێن لەوەی کە مێژوونووس دانیال بۆرستین نزیکەی پەنجا و شەش ساڵ لەمەوبەر ئاگاداری کردینەوە. پێشبینی کرد کە لەدوای هاتنی «شۆڕشی گرافیکی»[b] کە توانای بەرهەمهێنانی بە کۆمەڵ و دەستکاریکردنی وێنەی مرۆڤەکانی لە فیلم و چاپکراودا

---

a Jasmine, “The Financial Confessions: ‘My “Perfect” Life on Social Media Is Putting Me in Debt,’” The Financial Diet, thefinancialdiet.com (April 12, 2015). But here’s the catch: scaling up online fame may not alleviate the problem, but only make finances harder. In the words of one writer: “Many famous social media stars are too visible to have ‘real’ jobs, but too broke not to.” Gaby Dunn, “Get Rich or Die Vlogging: The Sad Economics of Internet Fame,” Fusion, fusion.net (Dec. 14, 2015).

b The Graphic Revolution

(وە ئێستاش لە ئینتەرنێتدا) تەقاندەوە، کەسە بەناوبانگەکان جێگەی پاڵەوانەکان دەگرنەوە.[a] قسەکەی ڕاست بوو.

پاڵەوانەکان بریتین لە ژن و پیاوی خاوەن کەسایەتی، بە کردەوەی ئازایەتی ناسراون کەوا ئەنجامیان داوە و زۆر لەدوای مردنیان یادیان دەکرێتەوە. کات نەک وێنە، پاڵەوان دروست دەکات. زۆر جار قارەمانییەتی لە کاتی خۆیدا نابینرێت، وە پاڵەوانەکانمان، لانیکەم لە حاڵەتی سەرۆکەکانماندا، وەک ئەوەی هەمیشە زیندوو بن لەسەر دراوەکانمان، وەک ئەوەی بە مەبەست لە دەرەوشاوەبوون شۆردراونەتەوە. هەموو کەلتوورێک پاڵەوانی خۆی هەیە، چونکە ئێمە دەمانەوێت بزانین مرۆڤایەتی توانایەکی گەورەی هەیە. بۆیە ئێمە یادەوەری پاڵەوانەکانمان لەسەر پارە و دراو و پول بە نەمری دەهێڵینەوە.

بەڵام ئێمە هەر لەگەڵ هاتنی شۆڕشی گرافیکدا ئارامیمان نەما لە چاوەڕوانی پاڵەوانی نوێدا، بۆیە هێمای نوێمان داهێنا. باڵادەستی وێنە لە میدیاکاندا (وە ئێستاش زۆری وێنەی دیجیتاڵی) بەو واتایە بوو کە دەتوانرێت شەپۆلی کەسایەتیە ناودارەکان دروستبکرێت و ڕەت بکرێتەوە و جێگەیان بگرێتەوە. ئێمە ڕوومان لە کەسایەتییە ناودارەکان کرد کە «دروستکران بۆ ئەوەی چاوەڕوانییە زیادەڕەوییەکانمان لە گەورەیی مرۆڤایەتی تێر بکەن.» بۆرستین دەنووسێت، بە پێچەوانەی پاڵەوانەکان، ئەو کەسایەتییە ناودارانە تەنیا بەهۆی سۆز و خۆشەویستییە دیارەکەیانەوە، دیمەنی سەرنجڕاکێشیان، شایەنی بڵاوکردنەوەن. لە ڕاستیدا ”هەر کەسێک دەتوانێت ببێتە کەسایەتییەکی ناودار ئەگەر تەنیا بتوانێت بچێتە ناو هەواڵەکانەوە و لەوێدا بمێنێتەوە.“ هەمووی پەیوەستە بە کاتەوە، ئەوەش گەورەترین جیاوازییە لە هەموویان. ”تێپەڕینی کات، کە پاڵەوان دروست دەکات و دایدەمەزرێنێت، ناوداران لەناو دەبات. بە دووبارەکردنەوە یەکێکیان دروست دەکرێت، ئەوی دیکەیان دەکوژێت.“[b]

## کارگەی وارهۆل بۆ وێنە

ڕەنگە هیچ هونەرمەندێک زیاتر لە ئەندی وارهۆڵ (١٩٢٨-١٩٨٧) ئەم دیاردەی وێنە-بزوێنەرە نەقۆزێتەوە، کە ژیانی تەرخان کردووە بۆ دووبارەکردنەوەی وێنەی بەهێز لە هونەری پۆپدا. بەرهەمهێنەری شۆڕشی گرافیک بوو و یەکێک بوو لە مامۆستاکانی. زۆر پێش ئەوەی مۆبایلی زیرەک لە ڕووی تەکنەلۆژیاوە گونجاو بێت (یان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئاسایی بێت)، تۆمارکەری دەنگی و کامێرای پۆلارۆیدی هەڵدەگرت و لە شوێنی گشتی لەبەردەم خەڵکدا وەک جۆرێک لە ڕێگر لەنێوان خۆی و جیهاندا. کاتێک ڕووی کامیراکەی لە خۆی کرد، لە بنەڕەتدا وەک داهێنانی سێلفی بوو.

a Daniel J. Boorstin, The Image: A Guide to Pseudo-Events in America (1961; repr., New York: Vintage, 1992), 45–76.

b هەمان سەرچاوەی پێشوو.

ئۆلیڤیا لاینگ دەنووسێت: "ئەگەر ئێستا شتێک هەبێت کە کارەکانی وارهۆڵ زیندوو بکاتەوە، ئەوە ئارەزووی سێکسی نییە، ئیرۆس[a] نییە وەک ئەوەی ئێمە بە گشتی لێی تێدەگەین، بەڵکو حەزە بۆ بەدەستهێنانی سەرنج: هێزی بزوێنەری سەردەمی نوێیە. ئەوەی وارهۆڵ بەدوایدا دەگەڕا، ئەوەی لە تابلۆ و پەیکەر و فیلم و وێنەدا بەرهەمی دەهێنایەوە، بە سادەیی هەموو ئەوە بوو کەوا هەمووان بەدوایدا دەگەڕان، جا کەسایەتییە ناودارەکان بێت یان قوتووی شۆربا یان وێنەی کارەساتەکان، کارەساتی کەسانێک کە لە ژێر ئۆتۆمبێلدا کەوتوون یان لەسەر دار هەڵواسراون." بە بەرهەمهێنانەوەی وێنەی سەرنج ڕاکێش، سەرنجی مرۆڤی ڕادەکێشا و ئەمەش ڕایکێشا بۆ باشترین ئامرازی بەرهەمهێنانەوەی وێنە لە سەردەمی خۆیدا، تەلەفزیۆن. وارهۆڵ پێیوابوو ئەگەر بتوانێت بچێتە ناو تەلەفزیۆنەوە و لە هەموو ژوورێکی دانیشتنی ماڵەکاندا بە وێنەی ڕەوشن خۆی دووبارە بکاتەوە، ئەوا هەست بە ڕەزامەندی دەکات. لاینگ بە تێڕوانینێکی قووڵەوە دەڵێت: "ئەوە خەونی دووبارەکردنەوەیە، سەرنجی بێکۆتایی، ڕێزێکی بێکۆتایی."[b] بەڵام ئەوە درۆی کەلتووری ناودارانە: وێنە دووبارەبووەکانی خود هەرگیز ئەو سۆزە ناگەیەنن کە بەڵێنی دەدەن.[c]

دووبارەکردنەوەی وێنەی وارهۆڵ پێشبینی ساتێک بوو کە هەموومان دەتوانین بە ئاسانی وێنەی خۆمان بە شێوەیەکی دیجیتاڵی لە ڕێگەی مۆبایلەکانمانەوە دووبارە بکەینەوە لە سێلفی و لە وێنەی هێمایی (ئاڤاتار) کە هەر جارێک لە ئینتەرنێت قسە دەکەین دەردەکەونەوە، ئەمەش وایکردووە هەریەکەمان بتوانین سەرنج ڕابکێشین و تامی ناوبانگ بکەین، تەنانەت بۆ چاوتروکانێکیش بێت.

لاینگ دەنووسێت، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو ئەم هەوڵانە بۆ دووبارەکردنەوە و ناوبانگ بەڕاستی دەبنە "جێگرەوەی سۆز، ئالوودەبوون بە جێگرەوەکەی."[d] جیهانی دیجیتاڵی لە ڕێگەی مۆبایلەکانمانەوە ڕێگەمان پێدەدات ئامرازەکانی خۆ دووبارەکردنەوە و ئەو هیوایەی کە بتوانین سەرنجی بێکۆتایی و ڕەچاوکردنی بێکۆتایی لەلایەن کەسانی دیکەوە کۆبکەینەوە، بەو شێوەیەش جۆرێک لە ناوبانگێک لە ئینتەرنێت بەدەستبهێنین. بەڵام سەرنجدان لە ڕێگای ئینتەرنێت دەیسەلمێنێت کە جێگرەوەیەکی بێتوانایە بۆ سۆزی ڕاستەقینە و ئالوودەبوون بە وێنەیەکی ئینتەرنێت وا دەکات پەیوەندی سۆزداری ڕاستەقینە مەحاڵ بێت.

---

a ئیرۆس: لە ئەفسانەی یۆنانیدا خوداوەندی خۆشەویستییە، بەرپرسیارە لە ئارەزوو و خۆشەویستی و سێکس، وەک خوداوەندی توانای منداڵبوون دەپەرسترا -وەرگێڕ.

b Olivia Laing, The Lonely City: Adventures in the Art of Being Alone (New York: Picador, 2016), 245.

c See Tony Reinke, "Selfies and Polaroids of Intimacy: Andy Warhol and My Smartphone," Desiring God, desiringGod.org (April 7, 2016).

d Laing, The Lonely City, 243–44.

## ئاسوودەیی هاوڕێیانی ئینتەرنێت

زۆرێـک لـە بـاوەڕداران بـە مەسـیح خۆیـان لـەم شـتە پووچانـە بـەدوور دەگـرن و خۆیـان دەسـەلمێنن کـە لێهاتـوون لـە بەکارهێنانـی سۆشـیال میدیـا و مۆبایلەکانیـان بـۆ دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ئـەو کەسـانەی کـە ڕووبـەڕوو دەیانناسـن. بـۆ ئـەوان ڕۆژانـی یەکشـەممە کاتێکی گونجاوە بـۆ پەیوەندیکردن بە شـێوەیەکی کەسـی. بەڵام هەندێکـمان زیاتر مۆبایلەکامنان بەکاردەهێنیـن بـۆ پەیوەندیکـردن لەگـەڵ کەسـانێک کـە بـە شـێوەیەکی ڕێکوپێـک بـە شـێوەی کەسـی نایانبینیـن؛ لەگـەڵ ئەوەشـدا ڕەنگـە ڕۆژی یەکشـەممە خۆمـان نیشـان بدەیـن و هەسـت بـە نامۆیـی بکەیـن لەنێـو کەسـانێک کـە نایانناسـین. ئایا هەتـا ئێسـتا بیـرت لـەوە کردۆتـەوە کـە بۆچـی هەسـتێکی زۆر سروشـتییە کـە لـە ڕێـگای ئینتەرنێتـەوە پەیوەنـدی لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا بکەیـت، بـەڵام هەندێـک جـار هەسـت بـە نائاسـایی دەکەیـت کـە بەیانیانـی یەکشـەممە لـە کڵێسـا پەیوەنـدی لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا بکەیـت؟ زۆر هـۆکار لەپشـت ئـەوەدا هـەن.

یەکـەم: لـە جیهانـی ئینتەرنێتـدا دەتوانیـن لـە سـنووورداری جەسـتەیی خۆمـان ڕزگارمـان بێـت (ئەگـەر مبانەوێـت). دەتوانیـن خۆمـان وەک بەتەمەنـتر، یـان گەنجـتر، پیشـان بدەیـن لەوەی کـە لـە ڕاسـتیدا هەیـن. دەتوانیـن جەسـتەمان وەک ئامرازێـک بەکاربهێنیـن بۆ ڕاکێشـانی سـەرنج و فرۆشـتنی بەرهەمـەکان لـە ڕێـگای ئینتەرنێتـەوە -ئەگـەر جەسـتەیەکی گونجاومـان هەبێـت. ئەگـەر بـەم شـێوەیە نەبێـت، کێشـمان زۆر بێـت یـان ناشـیرین، دەتوانرێـت جەسـتەمان لـە چـاوە دیجیتاڵییـەکان بپارێزرێـت. ئەگـەر لـە ڕووی جەسـتەییەوە کەمئەنـدام بیـن، دەتوانیـن کورسـییە جووڵاوەکامنـان بـە تـەواوی لـە هـاوڕێ دیجیتاڵەکامنـان بشـارینەوە. ئـەو کەموکوڕییـە جەسـتەیی و سـنووورداری و نائاسـاییانەی کـە ئێمـە لەگەڵیانـدا لەدایـک بوویـن، یـان ئێسـتا لەگەڵیانـدا دەژیـن، هەموویـان دەتوانرێـت لـە ڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە دابپۆشـرێت. شـاردنەوەی تایبەمتەندییـە ناخۆشـەکامنان لـە ڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە زۆر سروشـتی و ئاسـانە، بـەڵام دوور لـە ئینتەرنێـت زۆر سـەخت و ناسروشـتییە، کاتێـک لـە کڵێسـا ناوخۆییـە تەندروسـتەکاندایـن کـە هاوڕێیەتـی ڕاسـتگۆیانە سەرڕاسـتی تێدایـە. خـۆ دەسـتکاریکردن لـە پەیوەندییـە ڕاسـتەقینە ڕووبەڕووەکانـدا کەمـتر دەکرێـت. هیـچ فلتەرێکـی ڤالێنسـیا[a] بـۆ ژیانـی ڕاسـتەقینەت نییـە. بەبێ ئـەوەی بـە ڕاسـتگۆییەوە دان بـەم مەیلـەی ئینتەرنێتـدا بنێیـن، بـەردەوام دەبیـن لـە بیرکردنەوە لـەوەی هەسـتکردن بـە شـەرمەزاری لـە کڵێسـای ناوخۆیـی هەسـتێکی سـەیرە کـە دەبێـت بەرەنـگاری بکرێتـەوە نـەک ئامرازێکـی بەهـادار بـۆ دووبـارە داڕشـتنەوەمان.

دووەم: لـە جیهانـی ئینتەرنێتـدا دەتوانیـن خۆمـان لـە کەسـانێک بـەدوور بگریـن لـە کەسـانێک کـە وەک ئێمـە بیـر ناکەنـەوە و بـەرەو ئـەو کەسـانە بچیـن کـە وەک ئێمـە بیـر دەکەنـەوە. ئەمـەش یەکێکـە لـەو هۆکارانـەی کـە زۆر حـەز دەکـەم لـە ڕێـگای ئینتەرنێـت بنووسـم. خوێندنـەوە و نووسـین لـە جیهانـی ئێسـتای دیجیتاڵـی تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکانـی

---

a فلتەرێکی دەستکاریکردنی وێنەکانە لە ئینستاگرام -وەرگێڕ.

ئینتەرنێتدا ئامرازێکە بۆ هاوبەشییەکی قووڵی مەسیحی. دەتوانین شتانێکی زۆر نزیک لە دڵمان و ترس و قەناعەتە سەرەکییەکانمان ئاشکرا بکەین، دەکرێت هەندێک لە هاوڕێیەتی نزیکمان لە مۆبایلەکانمانەوە لەگەڵ کەسانێک لە سەرانسەری جیهان دروست بکرێت و بپارێزرێت. بەڵام وەک لە بەشی ڕابردوو باسم کرد، دەکرێت لایەنی زۆر خراپ هەبێت لە هاوڕێیەتی تەنیا لە ئینتەرنێتەوە.

لێکۆڵینەوەکانم لەسەر ئەم خاڵە لە کۆتاییدا منی گەیاندە باکووری ئینگلتەرا، بۆ لای ئەلستەر ڕۆبەرتس، یەزدانناسێکی پەرۆشی لێکۆڵینەوە و تەمەن سی و شەش ساڵ، نووسەرێکی قسەخۆش کە لە بوارەکانی یەزدانناسی کتێبی پیرۆز و پرسە ڕەوشتییە هاوچەرخەکاندا کاردەکات، لەوانەش پەیوەندیمان لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیاکان. هەروەها ڕۆبێرتز لەمێژە وبلاگ نووسە و بە ژیرانە هۆشداری دەدات لە مەترسییەکی ژەهراوی کە هەڕەشە لە کۆمەڵگەی ئینتەرنێتیمان دەکات:

ئینتەرنێت دەکرێت توانامان پێبدات لە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە شتانێکی زۆر تایبەتمان لەگەڵیاندا هاوبەشە، ئەمەش کارلێکەکانی زۆر هاندەر، دەوڵەمەند و قووڵتر دەکات. ئەگەر کارلێکەکانی ئینتەرنێت نەبووایە نەمدەتوانی بگەمە ئەوەی ئەمڕۆ لێرەم یان ئەو بابەتەی ئێستا من لەسەریم، کەوا یارمەتیم دەدات لە پەرەپێدانی دیدگایەک کە زۆرجار بە درێژایی ساڵانێک پەیوەندییەکی کەمی بە چوارچێوەی ئەو کاتەمدا هەیە.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەرچەندە بێ گومان بڕە پارەیەکی زۆر باشم لەمانە بەدەستهێناوە، چەندین جار بۆم دەرکەوتووە کە پاشەکشەیەکن لە ئاڵنگاری پەیوەندییە ڕاستەقینەکان لەگەڵ دراوسێ باوەڕدارەکانم بە مەسیح کە جیاوازم لەگەڵیاندا، بۆ من فریودانێکی گەورەتر بووە بەهۆی ئەو ڕاستییەی کە دەتوانم بە شێوەیەکی سروشتی کەسێکی زۆر دوورەپەرێز بم، تووشی خۆبەدوورگرتن بم. کاتێک دەزانیت شوێنێک هەیە کە هەمووان هەتا ڕادەیەکی زۆر لەگەڵ تۆدا هاوڕان و ڕێزت لێ دەگرن، دەکرێت تووشی دوودڵییەک بیت بۆ چوونە کڵێسایەک کە هێندە بەهات پێ نەدرێت، لێت تێناگەن و ڕێزت نەزانرێت. ئەو نەرگسییەی[a] کە دەکرێت ببێتە تایبەتمەندی نموونەیی ڕۆمانسی -نموونەییە ڕۆمانسیەکان کە لە ڕاستیدا دەکرێت لە هاوبەشە ڕاستەقینەکانمان دوورمان بخەنەوە بۆ زیندەخەونی هەڵهاتن و ئاسوودەیی سۆزداری- هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندییە چەسپاوە دیاریکراوەکانمان بگۆڕین بە کۆمەڵگە نموونەییەکان کە تێیدا دەتوانین دەستبەرداری ئەو ململانێیانە بین پەیوەستن بە گۆڕینی کۆمەڵگە ڕاستەقینەکان و لە خۆگونجاندن لەگەڵ کەسانی دیکە و کاریگەربوون پێیان.[b]

ئێمە بە ئاسانی لە گوندە دیجیتاڵییەکانی ئەو هاوڕێیانە نیشتەجێ دەبین کە وەک

---

a گرنگی بەخۆدانی زیاد -وەرگێڕ.

b Alastair Roberts, interview with the author via email (Jan. 23, 2016).

ئێمە بیردەکەنەوە و لە دەستی کەسانێک هەڵدێن کە جیاوازن لە ئێمە. ڕۆبێرتز هۆشداری دەدات، مۆبایلەکانمان لە هەمەجۆریی دەمانپارێزن. هەرچەندە "جیاوازی نەوەکان لە بنەڕەتدا جیاوازی پێکهێنەرن بۆ ڕەگەزی مرۆڤ... ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی نوێ یەکێکە لەو ڕێگا زۆرانەی کە وا دەکات پیرەکانمان نەبینراو بن"[a]. وە نەک تەنیا پیرەکانمان، بەڵکو هەزاران، ئەوانەی توانای مەعریفییان کەمە، منداڵان، ئاستی فێرکردنی نزمتر، کەمتر خوێندەواران، کەمتر ئازادبووان لە کۆتی نەتەوایەتی یان کەمی هزری گوندی جیهانی[b] (کۆزمۆپۆلتن) و خەڵکی ناڕۆژئاوایی. لە ڕاستیدا کۆمەڵگە ئینتەرنێتییەکانمان "زۆرینەی ڕەگەزی مرۆڤایەتی نەبینراو دەکات."[c]

لە ڕاستیدا، کۆمەڵگەکانی ئینتەرنێتی پێکدێت لە هاوڕێ هاوبیرەکانمان کە زۆرجار دیاری دەکرێن بە «بازنەیەکی بەتاڵ لە کاردانەوەی ئەرێنی»، کەوا «دووپاتکردنەوە و ڕەزامەندی تەنیا پێشوەختە زانراوەکان گەشە پێدەدەن. لەم جۆرە چوارچێوانەدا کۆمەڵگاکان وەک دوورگەیەک دابڕاو دەبن، یان ژوورێک تەنیا ڕای پشتیوان هەیە، کەوا بە ڕووی دەنگە دژەکاندا داخراوە»، ئەمەش بەو واتایەیە کە «خنکاندنی هاوسەنگی جیاوازی» پەروەردە دەکەن.[d] ئەو کۆمەڵگایانەی کە شکست دەهێنن لە وەرگرتنی سوود لە ڕای جیاواز و شکست دەهێنن لە کارکردن لە ڕێگەی گرژی و جیاوازییەکانەوە، بەرەو یەکجۆری و ناتەندروستی دەچن، چونکە "مەیلیان هەیە بۆ زیادەڕۆیی لە خاڵی کوێرانە و لاوازی چارەسەرنەکراودا."[e]

بەڵام ڕەنگە بتوانین زیاتر فشار بدەین. هەروەک چۆن قورسە پێکەوە وەک دەستەیەک گەشە بکەین کاتێک هەر یاریزانێک سەرقاڵی ئەنجامدانی تاکەکەسی و ناوبانگی خۆی بێت،[f] بە هەمان شێوەش سەختە گەشە بکەیت وەک خێزانێک کاتێک منداڵان کەشی

a Alastair Roberts (@zugzwanged), Twitter, twitter.com (Jan. 18, 2016).

b گوندی جیهانی باس لە دیاردەی زیاتر پەیوەستبوونی هەموو جیهان دەکات لە ئەنجامی بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیای میدیا لە سەرانسەری جیهاندا

c Roberts, interview with the author via email (Jan. 23, 2016).

d Alastair Roberts, "Twitter Is Like Elizabeth Bennet's Meryton," Mere Orthodoxy, mereorthodoxy.com (Aug. 18, 2015).

e Roberts, interview with the author via email (Jan. 23, 2016).

f شۆن پایتۆن سەرۆکی ڕاهێنەرانی تۆپی پێی ئەمریکی، کاتێک پرسیاری لێکرا سەبارەت بە گەورەترین ئالنگاری ڕاهێنەرایەتی، ئاماژەی بە ناوەندەکانی سۆشیال میدیا و سەرگەرمی تۆپی پێ کرد؛ یەکێکیان ئاستی تاکەکەسی یاریزانەکان ناهێڵێت و ئەوی دیکەیان بانگەشەیەکی بێسنوور بۆ یاریزانانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو لە ئەنجامداندا دروست دەکات. لە کۆبوونەوەی دەستەکاندا یاریزانەکان پەرۆشن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە سەر مۆبایلەکانیان.

See "Sean Payton: That's the Biggest Challenge as a Coach in Today's Game...," Coaching Search, coachingsearch.com (Feb. 21, 2016).

قوتابخانە دەهێننە ناوماڵەوە، کەوا زۆر لەلایان پەسەندە، لە ڕێگەی مۆبایلەکانیانەوە کە لە هەموو شوێنێکدا لەگەڵیانە.[a] کۆبوونەوە بێزارکەرەکانی دەستە و کاتە بێزارکەرەکانی خێزان بەڕاستی دەرفەتێکن بۆ گەشەکردنی کەسی لەو شوێنی کە خۆشەویستی بێ مەرجی تێدایە، کە پشوویێک بۆ ڕۆح دەڕەخسێنێت لە داواکارییە بەردەوامەکان بۆ پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی.

ڕەنگە ئەمە ئەرکێکی سەرەکی بێت بۆ ئامادەبوون لە کڵێسا لە سەردەمی دیجیتاڵیدا. دەبێت لە جیهانە ئینتەرنێتییەکانمان بکشێینەوە بۆ ئەوەی وەک جەستەیەک لە کڵێسا ناوخۆییەکانماندا کۆببینەوە. ئێمە کۆدەبینەوە بۆ ئەوەی بینراو بین، هەست بە نائارامی بکەین، ڕەنگە هەست بە کەمێک نەبیستراو و کەم بایەخی بکەین، هەموو ئەمانە بە ئەنقەستە. لە گوێڕایەڵی ڕاسپاردەی کتێبی پیرۆزدا ئەوەیە واز لە کۆبوونەوەمان پێکەوە نەهێنین،[b] هەریەکەمان وەک پارچەیەکی بچووک، ئەندامێکی تاکەکەسی، یەک ئەندامی جەستەیەک دەبین، بۆ ئەوەی ئامانج ، ژیان و بەها لە یەکگرتن لەگەڵ بەشەکانی دیکەی جەستەی زیندوو مەسیحدا بدۆزینەوە.

لەم هەستە نائاساییە، ئەمە جێهێشتنی سەلامەتی هاوڕێیەتییەکانمانە لە ئینتەرنێت، ئەم تێکەڵبوونە لەگەڵ کەسانێک کە نایانناسین یان لێیان تێناگەین لە کڵێسا ناوخۆییەکانماندا، شتێکی بەهادار بۆ ڕۆحمان هەیە بە شێوەیەک کە وێنای ناکەین. کڵێسا شوێنێکە بۆ بەریەککەوتنی ڕاستەقینە لەگەڵ کەسانی دیکە و بۆ خۆئاشکراکردنی ڕاستەقینەیە لەنێوان گوناهبارانی دیکە. لە کڵێسای ناوخۆیی تەندروستدا، لە ڕەتکردنەوە ناترسم. لە کڵێسای ناوخۆیی تەندروستدا، دەتوانم بەدوای قووڵاییەکی ڕۆحیدا بگەڕێم کە پێویستی بە وروژان، بێزاری و ناڕەحەتی هەبێت لەگەڵ کەسانێک کە نەک لەگەڵ شانشینی «من» بەڵکو لەگەڵ شانشینی خودادا دەگونجێن. ئاڵنگاری بۆ ئێمە ئەوەیە کە "پەرستنی بە کۆمەڵ بە بەهادار بزانین، کە زۆرترین پەیڕەوکردنی بەریەککەوتنی کەلتوورەکانە، کەوا هیچ جێگرەوەیەکی مەجازی بۆ نادۆزرێتەوە."[c]

## شکۆمەندی بەرامبەر پەسەندکردن

ئەم گفتوگۆیە پرسی پەسەندکردن دەوروژێنێت. کەلتووری ناودارانی ئینتەرنێت بەهۆی شکۆمەندی و ستایش و پەسەندکردنەوە دەجووڵێت، بەڵام کتێبی پیرۆز بە هەمان شێوەیە. چیرۆکی خودا دەوڵەمەندە بە شکۆمەندی، پەسەندی و سەرسامی. توندکردن و ڕاکێشانی

a See Suzanne Franks, “Life Before and After Facebook,” The Guardian (Jan. 3, 2015).

b عیبرانییەکان ١٠: ٢٤-٢٥.

c Oliver O’Donovan, interview with the author via email (Feb. 10, 2016).

هەبوون بە هێز و پەستانی شکۆمەندیەکەیەوە بەستراوەتەوە. ئێمە لە چیرۆکێکی کێبڕکێی چێژ و ناڕەزاییەکاندا دەژین، لەنێوان خۆشی پەسەندکردن و خەمۆکی ناڕەزاییەتیدا. کەواتە وەک باوەڕداران بە مەسیح، لە سەردەمی دیجیتاڵیدا چۆن لەم گرژییانە تێبگەین؟

مەسیح یارمەتیدەرمانە بۆ جیاکردنەوە لەنێوان شکۆمەندی مرۆڤ و شکۆمەندی خودا لە چیرۆکێکدا کە لە (یۆحەنا ١٢ :٢٧-٤٣) گێڕدراوەتەوە. ئەوە ترۆپکی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بوو: عیسا وەک پاشایەک لەسەر پشتی جاشکێک هاتە ناو ئۆرشەلیم، دوای ئەوەی بەهۆی جەژنێکی جووەکان جەماوەرێکی زۆر هاتبوونە شارەکە. خودا لە ئاسمانەکانەوە قسەی کرد بۆ هێورکردنەوە و بانگهێشتکردنی هەمووان. پاشان عیسا ڕاوەستا بۆ ئەوەی پێشبینی ترۆپکی مێژوو ڕابگەیەنێت، کە خەریک بوو ڕوویدات: خەریکی ئەوە بوو بەرز بکرێتەوە بۆ سەر خاچ و بمرێت پاش ئەوە زیندوو دەبێتەوە لە مردن هەڵدەستێتەوە. لە کۆتایی هەفتەی داهاتوو، تەواوی هێڵی کاتیی کەوا بەدیهێنەر بۆ گەردوونی کێشاوە خەریکە وەرچەرخانێکی گەردوونی دەگرێتەبەر.[a] ئەوانەی تێدەگەن و بەرەو باوەڕ بە مەسیح دەچن، ئەوانە لە ڕووناکیدا دەڕۆن. ئەوانەی باوەڕ ناهێنن بە مەسیح بەردەوام دەبن لەوەی لە تاریکیدا بڕۆن. وە تاریکی بەسەریاندا زاڵ دەبێت.

مەسیح دەرکەوتنی شکۆی خودایە، وێنەی خودای نەبینراوە، بەڵام زۆرینەی ڕابەرە ئاینییەکان شکستیان هێنا لەوەی وەک ڕاستی بوونی خۆی ببینن. ئەو چەند کەسەی کە درکیان بەو ڕاستییە کرد، تووشی پەتای لاوازی باوەڕ بوون. بێئاگا بوون لەوەی مەسیح چەند پەرجووی کرد (تەنانەت مردووی زیندوو کردەوە)، زۆربەی ڕابەرەکان بە تەواوی ڕەتیان کردەوە شوێنی مەسیح بکەون. بۆچی؟ چی دەتوانێت لە لێواری ئەو ساتەوەختەی مێژووی گەردوونیدا دەم بێدەنگ بکات؟

یۆحەنا پێمان دەڵێت: «هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە ڕابەرەکانیش باوەڕیان پێی هێنا، بەڵام لەبەر فەریسییەکان ڕایاننەدەگەیاند نەوەک لە کەنیشت دەربکرێن، چونکە شکۆی خەڵکیان لە شکۆی خودا زیاتر خۆشدەویست» (یۆحەنا ١٢: ٤٢-٤٣).

بۆچی هێندە سەخت بوو بۆیان مەسیح شکۆمەند بکەن؟ وەڵامەکە ئاسانە -پەسەندکردنی ڕای گشتی قەدەغەی دەکرد. ئەگەر شوێن مەسیح بکەویت، ئەوا جیهان وازت لێدەهێنێ. پەراوێز دەخرێیت. سووکایەتیت پێ دەکرێت. ئەگەر شکۆمەندی مرۆڤ خوداوەندی تۆ بێت، ستایشی شکۆمەندی مەسیح ناکەیت. یان، ئەگەر بێیتە لای مەسیح و شکۆمەندییەکەی لە سەرووی هەموو شکۆمەندییەکانی دیکەوە دابنێیت، ئەوا ناچار دەبیت واز لە جەنجاڵی ڕەزامەندی مرۆڤ بهێنیت. باوەڕداران بە مەسیح ئەمڕۆش هێشتا

---

a عیبرانییەکان ١: ٢؛ ٩: ٢٦.

ڕووبەڕووی شەڕی شکۆمەندی ژیانی ڕاستەقینە و گرژییەکانی ژیانی ڕاستەقینە دەبنەوە لەناو جیهانی دیجیتاڵیدا. کەواتە زیاتر لە چی دەترسین، لە ناڕەزایی خودا یان نەمانی فۆڵۆوەرەکانمان لە ئینتەرنێت؟

## پەسەندکردنی ڕاستەقینە

ئەو ڕەزامەندی و پەسەندکردنەی کە ئێمە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەدوایدا دەگەڕێین شتێکی بێ واتایە چونکە هەڵە تێگەیشتنە کە چۆن پەسەندبوون لە پاشکەوتی خودادا کار دەکات.

یەکەم: پەرۆشی بۆ ڕەزامەندی مرۆڤ لە کۆتاییدا باوەڕ بێ واتا دەکات.[a] بۆچی؟ چونکە باوەڕ کردەوەی ڕازیبوونە بە مەسیح، هەروەک جان پایپەر دەڵێت، "ئەگەر مکوڕ بوویت لە بەدەستهێنانی ڕەزامەندیت لە پەرۆشیت بۆ بەدەستهێنانی ڕێزگرتن لە خۆت، دووپاتکردنەوەی خەڵک، ئەوا لە عیسا دوور دەکەویتەوە، چونکە ناتوانیت کۆیلایەتی دوو گەورە بکەیت". بە واتایەکی دیکە دەڵێت: "لە پەیوەندییەکی تۆکمە و هەڵبژاردەی خودا لەگەڵ عیسادا، ناڕەزایی مرۆڤ ناتوانێت ئازارت بدات و ڕەزامەندی مرۆڤ ناتوانێت ڕازیت بکات. بۆیە ترس لە یەکێک و ئارەزووی ئەوی دیکە، گەمژەییەکی تەواوە."[b] ئەمە بێباوەڕییە.

دووەم: تاقیکردنەوەی ڕەسەنایەتی بۆ ژیانمان بە چەپڵە لێدانی خەڵکی دیاری ناکرێ، بەڵکو بە ڕەزامەندی خودا دیاری دەکرێت.[c] ناتوانین خۆمان دەستخۆشی لە خۆمان بکەین. خودا دەستخۆشیمان لێدەکات.[d] ئەو ئێمە دەپشکنێت. ئەو هەموو پاڵنەرێکمان دەزانێت، تەنانەت پاڵنەرەکانمان بۆ خزمەتکردنیش دەزانێت.[e]

ڕاستییە دڵتەزێنەکە ئەوەیە کە زۆرێک لە ئێمە ئالوودەی مۆبایلەکانمانین، چونکە ئارەزووی ڕەزامەندی و دووپاتکردنەوەی دەستبەجێمان هەیە. ئەو ترسەی کە لە دڵماندا هەستی پێ دەکەین کاتێک سەرقاڵی خزاوینەتە ناو ئینتەرنێت، ئەو پاڵنەرەیە بەڕێوەمان دەبات بۆ "نوێنەرایەتیکردنی خۆمان بە شێوەیەکی زۆر باڵا"[f]. ئێمە دەمانەوێت لەلایەن کەسانی دیکەوە خۆشەویست و پەسەندکراو بین، بۆیە پەڵە و کەموکوڕیەکانمان دەشارینەوە.

---

a یۆحەنا ٥: ٤١-٤٥.

b John Piper, interview with the author via Skype, published as "Gospel Wisdom for Approval Junkies," Desiring God, desiringGod.org (March 15, 2016).

c ڕۆما ٢: ٢٩.

d دووەم کۆرنسۆس ١٠: ١٨.

e یەکەم سالۆنیکی ٢: ٣-٥.

f Roberts, interview with the author via email (Jan. 23, 2016).

کاتێک ئەم نوێنەرایەتییە داتاشراوەی خۆمان دەخەینە سەر ئینتەرنێت، ڕەزامەندی خەڵکی لە پێوەرێکی کاڵای دڵخوازی و هاوبەشکردن دادەنێین (Likes and Shares). وێنەیەک بڵاو دەکەینەوە، پاشان تەماشای وەڵامی دەستبەجێ دەکەین. ئێمە لاپەڕەکە نوێ دەکەینەوە (Refresh)، تەماشای بەرزبوونەوەی ئامارەکان دەکەین؛ یان ڕادەوەستێت. ئێمە وەڵامە دەستبەجێیەکانی هاوڕێ و ئەندامانی خێزان و کەسانی نامۆ دەپێوین. ئایا ئەوەی پۆستمان کرد دەستبەجێ ڕەزامەندی کەسانی دیکەی بەدەستهێنا؟ لە ماوەی چەند خولەکێکدا دەزانین. تەنانەت بەڵێنی پەسەندکردنی پۆستی ئایینی و دووپاتکردنەوەی باوەڕدارانی دیکە ڕاکێشانێکی کێشکردنە کە بەرەو مۆبایلەکانمان ڕادەکێشێت.

## تێچووی گەڕان بەدواوی پەسەندبوون

ئەم ئالوودەبوونەی پەسەندبوون دەبێت هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی عیسا بە ڕوونی ئاگادارمان دەکاتەوە کە بە گوێڕایەڵیمان بەدوای ستایشی مرۆڤدا نەگەڕێین. هۆشداریمان پێدەدات کە کارەکانمان لە ئینتەرنێت نمایش نەکەین بۆ ئەوەی لەلایەن کەسانی دیکەوە ستایش بکرێین: «هۆشیار بن و نەکەن لەبەرچاوی خەڵک چاکە بکەن بۆ ئەوەی بتانبینن، ئەگینا لەلای باوکی ئاسمانیتان پاداشتتان نابێت» (مەتا ٦: ١).

با نموونەیەک لەبەرچاو بگرین. بیهێنە بەرچاوت چەند هەفتەیەک لە پشووی هاوینەت تەرخان بکەیت بۆ ئەوەی لەسەر ڕێگایەکی خۆڵ گەشت بکەیت و بە ئۆتۆمبێلێکی جیپی دەنگی بەرزەوە بڕۆیت، بە قووڵی بچیتە ناو گوندێکی دارەستانە دوورەکانی ئەمریکای ناوەڕاست. مەترسی تا و نەخۆشی و گەرمات لەسەرە، هەموو ئەمانەش بۆ ئەوەی یارمەتی دروستکردنی هەتیوخانەیەک بدەیت بۆ بیست منداڵی خاوەن پێویستی. لە کۆتایی مانگەکەدا هەنگاو دەنێیتە دواوە و وێنەیەکی سێلفی دەگریت و کارە دەستییەکانت لە پاشخانەکەدایە و بە شانازییەوە لە فەیسبووک بڵاوی دەکەیتەوە. ئۆف! پاداشتەکە نەما. بیری لێ بکەرەوە. لە یەک سێلفی خۆبەزلزانیندا، ئەم مامەڵەیە کۆتایی پێهات؛ پاداشتی هەمیشەیی لەلایەن خوداوە دەفرۆشرێت بە شۆربایەک کە ڕەنگە هەشتا لایک و دوازدە کۆمێنتی ستایش بێت. (لێرەدا چوارچێوەکە گرنگ نییە؛ ئێمە هەمان ئەم جۆرە کارە دەکەین بە وێنەی کتێبی پیرۆزی کراوە لە کافتریایەکدا).

ئایا دەکرێت پەیڕەوکردنی قسەکانی عیسا زۆر وشک بێت و سەرنجی لەسەر نیازی دڵ نەبێت بۆ کردارەکە؟ لەوانەیە، بەڵام ئایا نابێت لە ڕێگەی نموونەی بەرجەستەی وەک ئەمەوە خۆمان بپشکنین؟ دەبێت هاوڕا بین کە لە ئاستێکدا، عیسا گوتی کە بڵاوکردنەوەی کارە باشەکانمان لە ئینتەرنێت بۆ ئەوەی شوێنکەوتووەکانمان (فۆڵۆوەرەکانمان) بیبینن تەنیا ئەمە هەموو ئەو پاداشتەیە کە بەدەستی دەهێنین.

مامەڵەکە ترسناکە. جان پایپەر ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: ”شتێکی گەورە لەدەست دەدەیت، شتێکی شایانی بەزەییش بەدەست دەهێنیت.“ -چیت دەست دەکەوێت؟ ستایشی مرۆڤەکان بەدەست دەهێنیت. تۆ ئەمەت دەوێت؟ ئەوە بەدەستت هێنا. ئەمە وەک مادەی هۆشبەر وایە. چێژێک دەبەخشێت، دواتر نامێنێت. پاشان دەبێت چارەسەرێکی دیکەت هەبێت. وە هەمیشە بە نائارامی بەجێتدەهێڵێت. هەمیشە پێویستت بە ستایشی کەسانی دیکەیە بۆ ئەوەی دڵخۆش بیت یان هەست بە دڵنیایی بکەیت. هەرگیز تێر نابیت.“[a] ڕۆژانە لە هەموو کاتێک برسیتر لە خەو هەڵدەستین و بەدوای سەلماندندا دەگەڕێین.

زەنگی پەسەندکردنی کۆمەڵایەتی ئێمەی مەرجدار کردووە کە خۆراک لە ”زەنگی نزم لە قبوڵکردن کە بۆمان دێت لەگەڵ هەر لایکێک، دڵخوازی، دووبارە بڵاوکردنەوە (Retweet)، یان بەستەری پەیوەندێکە (Link).“[b] ئەم لێڕاهاتنە فیزیۆلۆژییە نوێیە بەو واتایەیە کە ژیانمان زیاتر وابەستەی پەسەندکردنە سات بە ساتەکانی کەسانی دیکە دەبێت. کێشەکە تەنیا ئەوە نییە کە پێویستە لەم زەنگە نزمانەی پەسەندکردن دوور بکەوینەوە، بەڵکو دەبێت خۆمان لە کاریگەری ئەم برسییێتییەی ئینتەرنێت لابدەین.

ئەگەر لە ژەهری ئەم خووانە ڕزگار نەبین، ئەوا بەردەوام دەبین لە گەڕان بەدوای سۆزداری لە ڕێگای دووبارە بەرهەمهێنانەوەی خۆمان، وە زێدەڕۆیی لە ڕەزامەندی خەڵکی، وە دەستپێکردنی هەر ڕۆژێک بە کاریگەری ڕەزامەندی دوێنێ. پاشان پێویستمان بە دژە ژەهرێکی نوێ هەیە لە پەسەندکردن لەلایەن هاوڕێکانمانەوە بۆ ئەوەی بەردەوام خۆمان ڕازی بکەین بەوەی ژیانمان ئامانجدارە. ئەمە کارەساتە. ئەمە پاداشتێکی بەفیڕۆچووە. ئەو ستایشە تۆکمەیەی کە چاوەڕێی دەکەین لە خوداوە، لەسەر بنەمای ئەو کردارانە دامەزراوە کە ئێستا هەتا ڕادەیەکی زۆر نەبینراون؛ ئەو ستایشە پێچەوانەی کە ئێمە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەدوایدا دەگەڕێین، لەسەر بنەمای ئەوەیە کە ئێمە بنیادی دەنێین. ناتوانین ئەم دژایەتییە پشتگوێ بخەین.

## ڕەزامەندی خۆت بەفیڕۆ مەدە

مۆبایلی زیرەک پاڵنەرە سەرەتاییە مرۆییەکان بۆ قەدرزانی دەچنن -خۆ دووبارەکردنەوە بۆ ئەوەی ببینرێت، بناسرێت و خۆشبویسترێت- لە ڕێگەی بەرکەوتنی بەردەوام لەگەڵ گەڕان بەدوای دووپاتکردنەوە. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە زۆر بە سەختی واز لە مۆبایلەکانمان بهێنین. ئێمە لە یەکتر دەترسین، وە سەرسامیمان لە یەکتر دەوێت، بۆیە لە ڕێگەی پلاتفۆرمی سۆشیال میدیاکانمانەوە ئارەزووی نائاساییمان هەیە بۆ پەسەندکردنی مرۆڤانە. بۆ ئەوانەی کەوا لێرەدا تێدەکۆشین، هۆشدارییەکەی عیسا زۆر ڕوونە: «ئەوەی

a John Piper, interview with the author via Skype, published as “Incentives to Kill My Love of Human Praise,” Desiring God, desiringGod.org (Aug. 25, 2014).

b Alastair Roberts, email to the author (Feb. 22, 2016). Shared with permission.

[تۆڕە کۆمەڵایەتییەکەی] لە من زیاتر خۆشبوێت، شایانی من نییە» (مەتا ١٠: ٣٧).

عیسای پەروەردگار دەتوانێت ڕاستییەکی وەها سەخت بڵێت چونکە ئەو سۆزەی پێویستمانە بۆ تێرکردنی دڵمان لە کۆتاییدا لە خودادایە، وە لە بەڵێنە جوانەکانی وەک ئەوانەی لە زەبووری ١٣٩ هاتووە، کە ڕۆحمان تەواو تەڕبووە لە شەپۆلەکانی ڕاستی بەهادار سەبارەت بە قبوڵکردن و خۆشەویستی خودا بۆ ئێمە. هێزی ئەو ژیانمان دەشواتەوە، وە ئامادەبوونی ئەو بەسەر هەموو دەستکەوتێکی بچووکی ئاگادارکردنەوە و قبوڵکردنی دیجیتاڵیدا زاڵ دەبێت کە ئێمە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەدوایدا دەگەڕێین. ئەو ئەوەمان بیردەخاتەوە کە ژیانمان بە ڕەزامەندی پێچەوانەی کەسانی دیکە بۆ خۆ دووبارەکردنەوەمان پارێزراو نییە؛ بەڵکو بە دەسەڵاتی فراوانی خودا بەسەر هەموو شتێکدا پارێزراوە.

ناتوانین بەردەوام بەدوای فریودانی ستایشی ئاشکرا و پەسەندکردنی گشتیدا بگەڕێین. ئارەزووی لەو جۆرە لە ڕووی ڕۆحییەوە دەمانکوژێت، وە پۆڵس ئاماژەی بە هۆکارەکەی داوە. بەگوێرەی مامەڵەی خودا، ڕەزامەندی شتێکە کە دەبێت چاوەڕێی بکەین. ئەوانەی پارووی بچووکی ڕەزامەندی دەستبەجێ لەلایەن مرۆڤەوە دەخۆن، بۆ هەمیشە برسی دەبن. بەڵام ئەوانەی ئامانجی هەموو ژیانیان بەرەو شکۆمەندی و پەسەندکردنی خودایە، لە مەسیحدا، ڕەزامەندی هەمیشەیی دەدۆزنەوە.[a] مەترسییەکان هێندە بەرزن.

ئەگەر دەتەوێت ببیتە «کەسایەتییەکی ناوداری ئینستاگرام»، ئەگەر ئارەزووی ناوبانگت هەیە و لە ڕێگەی خۆناساندنەوە بەدوایدا دەگەڕێیت، لێت دەپاڕێمەوە وازبهێنیت. ئەو پەلەییەی کە هەستی پێدەکەیت و کە وات لێدەکات ئینتەرنێت بەکاربهێنی، بەهۆی ترستەوەیە لەوەی وەڵام نەدرێیتەوە، نەبینراو بیت، خۆشەویست نەبیت. هەموو ڕۆژێک هەست دەکەیت کە دەستت بەسەر دۆخی ئۆنلاینەکەتدا لەدەست دەچێت مەگەر ناوەڕۆکی دڵخۆشکەری قەرەباڵغی پێشکەش نەکەیت. واز لە هەوڵدان بێنە بۆ سەرسامکردنی جیهانی ئینتەرنێت بە جەستەت یان ژیرییەکەت، هەموو ئەمانە لەپێناو چەند لایک و پەسەندکردنێک. شکۆمەندی پووچ دڵت تێر ناکات؛ بەڵکو تەنیا ئارەزووی ستایشی مرۆڤەکانت چڕتر دەکاتەوە.

دانیال بۆرستین بە درێژایی کات ڕاستی دەکرد: دەبێت هەژماردی کات بکەین. ئایا دڵت لەسەر ئەوە داناوە کە لەم ژیانەدا ببیتە کەسایەتییەکی ناودار یان لە ژیانی داهاتوودا ببیتە پاڵەوان؟ ئایا کات سەرچاوەی بێزاری ڕۆژانەتە، هەڕەشەی لەناوبردنی گرنگیت دەکات، یان هاوڕێتە؟ ئایا ئێستا ڕەزامەندی و ناوبانگت دەوێت، یان دەتوانیت

a ڕۆما ٢: ٦-١١.

چاوەڕێی تاجێکی هەتاهەتایی بکەیت؟ هەموومان دەبێت وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەینەوە، وە بۆ چۆنیەتی وەڵام دانەوەیان، دیاری دەکات کە ئایا ڕۆحمان تەندروستی لە مەسیحدا دەبینێتەوە یان نەخۆشی لە خاڵی سەرنجڕاکێشیدا.

لە کاتێکدا ئێمە شەڕ دەکەین لە دژی فریودانی خۆ شکۆمەندی، عیسای پەروەردگار و پۆڵس و پەترۆس هەموویان داوامان لێدەکەن: پەسەندبوونی خۆت بەفیڕۆ مەدە. پەرۆشی ڕەزامەندی مرۆڤەکان مەبە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە. لە جیهانی ئەلیکترۆنیدا کارە چاکەکانت نمایش مەکە. ئەگەر هۆشدارییەکانی ئەوان لەبەرچاو نەگرین، هەڵەیەکی گەمژانەی گەردوونی دەکەین، لەگەڵ ئەو پەشیمانییە هەمیشەییەی کەوا لەدوای دێت.

# ٤

## ئێمە خوێندەواریمان لەدەست دەدەین

تەواوی باوەڕمان لەسەر کتێبێک بنیاد نراوە، لەناو ئەو کتێبەدا شەست و شەش کتێبی بچووکتر هەیە، یان سیپارە. ژیانی ڕۆحیمان بە سیپارەکانی ناو کتێبەکە خۆراک دەدرێت، وەک چەرخەکانی نێو چەرخەکە کەوا حزقیێل بینی. وە ڕۆژانە کتێبی نوێی مەسیحی لە سەرانسەری جیهان بڵاودەکرێتەوە. کتێبەکان بۆ شوێنکەوتووانی مەسیح بابەتێکی گرنگن. ئێمە شانازی بە چاپەمەنی دەکەین. بڵاوکردنەوە بەشێکە لە ئەرکی ئینجیل. لە هەر شوێنێک مزگێنی ئینجیل بڵاوبێتەوە، هاوشانی ئەویش خوێندەواری هەیە.[a]

بەڵام لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، کتێبەکان زیاتر بوونەتە بەرکەوتەی بێزارکەر. بە بەراورد لەگەڵ نوێترین یاری یان پەخشی زنجیرەی تەلەفزیۆنی، ڕوانین لە شێوەی ڕەش و سپی (وەک ئەمەی لەبەردەستتدایە) بۆ چەند کاتژمێرێک وەک وەبەرهێنانێکی گەمژانە دێتە بەرچاو. ئێمە کەوتینە ناو جۆرێک لە ئاسانکاریی کات بەسەربردن کە وا دەکات کتێبەکان هەستی مۆدێلێکی تەواو کۆن، بێزارکەر و ماندووکەر ببەخشن.

ئامارەکان دەریدەخەن کە ئەو باوەڕدارانەی کێشەیان هەیە لە خوێندنەوەی کتێب، هەوڵدەدەن بۆ ڕزگاربوون لە خووی خراپی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک وەک یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکان.

### لەدەستدانی خوێندەواریمان؟

لە ڕاپرسییەکەمدا کە لەسەر هەشت هەزار باوەڕدار بە مەسیحیدا کردوومە، کەوا لە بەشی یەکەمدا باسم کرد، پرسیم: لە دوازدە مانگی ڕابردوودا چەند کتێبی ناچیرۆکیت خوێندۆتەوە (بەلایەنی کەم سەد و پەنجا لاپەڕە)؟ وەک چاوەڕوان دەکرا ئەنجامەکان بۆ باوەڕداران بە مەسیح کەمێک لە سەرووی تێکڕای خەڵکی گشتی ئەمریکا بوو:

---

a لەم بەشەدا گفتوگۆ لەسەر بەهای خوێندنەوەی کتێب لە ژیانی باوەڕداران بە مەسیحیدا دەکەم، هەتا ڕادەیەک بە خێرایی لەسەری دەدوێم. دەتوانیت لێکۆڵینەوەیەکی تەواوتر بخوێنیتەوە دەربارەی (ئەشقی کتێب - بیبلۆفیلیزم) لە کتێبەکەم بە ناونیشانی:
A Christian Guide to Reading Books (Wheaton, IL: Crossway, 2011).



| | پیاو | ژن |
|---|---|---|
| ٠—٢ کتێب | ٤١ % | ٤٧ % |
| ٣—٦ کتێب | ٣٣ % | ٣٤ % |
| ٧ کتێب و زیاتر | ٢٦ % | ٢٠ % |

دواتر پرسیارم کرد: بە گشتی، ئایا مۆبایلە زیرەکەکەت و بەکارهێنانی ئێستای سۆشیال میدیا دەبێتە هۆی ئەوەی کتێبی زیاتر بخوێنیتەوە یان کەمتر، یان جیاوازییەکی بەرچاو لە ژمارەی ئەو کتێبانەی دەیخوێنیتەوە دروست دەکات؟

دوو ڕاستی سەرنجڕاکێشم دۆزییەوە. یەکەم: ژمارەیەکی زۆر لە بەکارهێنەرانی مۆبایلی زیرەکی باوەڕدار بە مەسیح خەریکە زیاتر دەبنە خوێنەری کتێبە ناچیرۆکییەکان. لەم حاڵەتەدا سۆشیال میدیا و کۆمەڵگە ئینەرنێتییەکانمان هێزێکی توانادارن بۆ هاندانی خوێندەواری مەسیحی، دیاردەیەک کە من ڕاستەوخۆ لێی تێدەگەم. من ئێستا لە ژیانمدا زیاتر کتێب دەخوێنمەوە، چونکە سۆشیال میدیا دەمبەستێتەوە بە خوێنەرانی تێگەیشتوو کە زۆر حەز بە خوێندنەوە و هاوبەشکردنی کتێبی نایاب دەکەن.

دووەم: گەیشتمە دۆزینەوەیەکی دیکە بەڵام کەمتر هاندەرە. بیستوومە کە بەکارهێنەرانی مۆبایلی زیرەک ژمارەیەکی کەمتر لە کتێب دەخوێننەوە. وە ئەمەیان بەربڵاوترە لەوەی یەکەم. چینێکی بەربڵاوی ئەم نمونەیەی کردبوومە ئامانج لە ڕووپێوییەکەم (نزیکەی سێ هەزار کەس لەنێو هەشت هەزار وەڵامدەرەوە) گوتوویانە بەکارهێنانی مۆبایلەکانیان کاریگەری نەرێنی لەسەر ژمارەی ئەو کتێبانە هەیە کە دەیخوێننەوە. وێنەی ژمارە ٢ پوختەیەک لە ئەنجامی ڕاپرسییەکە دەخاتە ڕوو، لەگەڵ ڕێژەی سەدی ئەوانەی کە گوتوویانە بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکیان بووەتە هۆی ئەوەی کەمتر کتێب بخوێننەوە (ڕەنگی ڕەش) یان کتێبی زیاتر (ڕەنگ خۆڵەمێشی) کە بەپێی ڕێژەی دانیشتووان تەمەن/ ڕەگەز دابەشکراون.

ناوەڕاستی نادیاری نێوان ئەم دوو وەڵامە جەمسەرییە لەلایەن ئەو کەسانەوە داگیرکراوە کە هەست بە هیچ پەیوەندییەک ناکەن لەنێوان خوێندنەوەی کتێب و بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک (کە نزیکەی لەسەدا پەنجای هەردوو ڕەگەزی ژن و پیاوی پێکهێناوە).




وێنەی ژمارە ٢. باوەڕداران بە مەسیح و خوێندنەوە

هێشتا ئەو ڕاستییەی کە سێ هەزار کەس لە بەشداربووان ڕایانگەیاندووە کە ئێستا لە ئەنجامی مۆبایلەکانیان و سۆشیال میدیا، کەمتر کتێب دەخوێننەوە (ژنان لەسەدا ٥٦.٨ و پیاوان لەسەدا ٤٣.٢) دەریدەخەن کە لەگەڵ پەرەسەندنی مۆبایل لە ژیانماندا، ڕۆژ بە ڕۆژ خوێندنەوەی کتێب بۆ گەنجانی باوەڕدار بە مەسیح قورستر دەبێت.

## ئاهەنگی هەمەچەشنەی بێکۆتایی

ئەمە بابەتی سەرنجدانە، و لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، سەرنجی ئێمەیە کە کاڵایەکە بە بەهای پارە. با ئەمە بە دۆخێکی بەبێ ئینتەرنێت (ئۆفلاین) وەسف بکەم. من لە نزیک یەکێک لە گەورەترین مۆڵەکانی جیهان دەژیم، زیاتر چێژم لە ڕۆیشتن بەو مۆڵەدا وەردەگرت ئەگەر فرۆشیارانی ناو کیوسک (دوکانە بچووکەکانی ناوەندی مۆڵەکان) نەبوونایە. کەم کەس هەیە بچێتە مۆڵەکان بۆ گەڕان بە ناو کیوسکەکاندا. (بێگومان من ئەوە ناکەم!) وە فرۆشیارەکانیش ئەوە دەزانن. تاکە هیوایان بۆ ئەنجامدانی فرۆشتن ئەوەیە کە سەرنجت ڕابکێشن. ئەوان ناتوانن هیچت پێ بفرۆشن هەتا نەتوانن سەرقاڵت بکەن، هەروەها

ناتوانـن سـەرقاڵت بکـەن هەتـا چـاوت پێیـان نەکەوێـت. (واتـە کلیلەکـە دوورکەوتنەوەیـە لـە بەرکەوتنـی چـاو.) مۆڵـەکان وێناکردنێکـن بـۆ مۆبایلەکانـمان: ئـەوان ناوەندێکـی بازرگانـی قەرەباڵغـن بـۆ هونەرمەندانـی کۆڵانەکانـی جیهانـی دیجیتاڵـی. هەمـوو سۆشـیال میدیاکانـمان کێبڕکـێ دەکـەن بـۆ ئـەوەی زیاتـر و زیاتـر سـەرنجمان ڕابکێشـن، هەریەکەیـان بـە شـێوازی خۆیـان، لەسـەر هەژمـاردی ئـەو سـەرنجە بەردەوامـەی کـە پێویسـتە بـۆ خوێندنـەوەی کتێـب. هـەروەک دەیڤیـد بروکـس، نووسـەری سـتوونێکی نیویـۆرک تایمـز دەڵێـت، ئەمـە دەگەڕێنێتـەوە بـۆ ئـەوەی دەق، سـناپ، وە تویتـەکان بەشـێکن لـە ئاهەنگێکـی هەمەچەشـنی بێکۆتاییـدا کـە چەندیـن گفتوگـۆی تێدایـە. وە هەتـا ئێسـتا هەوڵـت داوە لـە ناوەڕاسـتی ئاهەنگێکـدا کتێـب بخوێنیتـەوە؟ وە ئـەی چـی دەربـارەی ئـەو ئاهەنگـەی کـە هەرگیـز کۆتایـی نایـەت؟

بروکـس هەروەهـا دەنووسـێت: "خاوبوونـەوەی خوێندنـەوە یـان بیرکردنـەوەی تاکەکەسـی بـەو واتایەیـە کـە تـۆ هێنـدە گرنگـی نادەیـت بـە هـەر بەشـێکی زانیـاری. بەڵکـو تـۆ زیاتـر گرنگـی بـەوە دەدەیـت کـە چـۆن پارچەکانـی زانیارییـە جیـاوازەکان پێکـەوە دەگونجێـن. ئەمـە چـۆن پەیوەنـدی بـەوەوە هەیـە؟ تـۆ خەمـی شـێوەی گێڕانەوەتـە، تیـۆری پێکهاتەکـەی، یـان چوارچێـوەی گشـتی. کاتـت هەیـە بزانیـت چـۆن شـتێک پشـت بـە شـتێکی دیکـە دەبەسـتێت، کـەوا هەسـتێکی تێکـەڵ، گاڵتـە و دژیەکـی بەرهـەم دەهێنێـت. کاتـت هەیـە لـە ژینگـە ئاڵۆزەکـەی کەسـێکی دیکـەدا خـۆت لەدەسـت بدەیـت." بروکـس ئـەم چوارچێوەیـە ناودەنێـت بـە «زیرەکـی بلوری»؛ یـان "توانـای بەکارهێنانـی ئەزمـوون، زانیـاری، بەرهەمەکانـی پـەروەردەی تـەواوی ژیـان کـە لـە یـادەوەری درێژخایەنـدا هەڵگیـراون. توانـای لێکچوواندن و بەراوردکردنـە سـەبارەت بـەو شـتانەی کـە پێشـتر لێکۆڵینـەوەت لەسـەر کـردووە. زیرەکـی بلـوری بـە درێژایـی سـاڵان کەڵەکـە دەبێـت و دواجـار دەبێتـە تێگەیشـتن و دانایـی."[a]

کارامەییەکـی لـەو شـێوەیە پێویسـتی بـە جیابوونـەوە هەیـە لـە ئاهەنگـی هەمەچەشـنی دیجیتاڵـی بـۆ ئـەوەی بتوانیـن سـەرنجی هێڵـی بەردەوامـمان چـالاک بکەیـن و مێشـکمان بەکاربهێنیـن. سروشـتی پارچەپارچەیـی جیهانـی ئینتەرنێـت وا دەکات ئـەم جـۆرە سـەرنجە بپارێزرێـت -هەمـوو ئەمانـە بەگوێـرەی ئـەوەی بـۆی دامەزرێـنراوە.

بەهـۆی ئـەوەی زۆر شـت لـە مەترسـیدایە، کۆمپانیـاکان هونـەری سەرنجڕاکێشـان گەشـە پێـدەدەن لـە ڕێـگای بوارێکـی گەشەسـەندووی شـارەزایی تەکنەلۆژیـا کـە پێـی دەگوترێـت «کاپتۆلـۆژی -Captology »، کـە نازناوێکـە بـۆ «کۆمپیوتـەرەکان وەک تەکنەلۆژیـای قایلکـەر». زانایانـی کاپتۆلـۆژی لـە ڕێگاکانـی بەکارهێنانـی مۆبایلـی زیـرەک دەکۆڵنـەوە بـۆ ڕاکێشـانی سـەرنج و ڕێکخسـتنی شـێوازەکانی ڕەفتـار.

a David Brooks, "Building Attention Span," The New York Times (July 10, 2015), emphases added.

یەکێک لە فێڵەکان بەم شێوەیە کاردەکات: هەتا لە ئینتەرنێت لایک (بەدڵبوون) و کلیک (کرتە)م زیاتر بێت، و ئالگۆریتمی (خواریزمی[a]) وێبسایتەکەت زیاتر بەوردی لە وێنە و بیرۆکە خوراک درابێت بەرهەمەکانم کە لەسەر بنەمای بەشداریکردنی پێشووم دانراوبێت. ڕەنگە وا دەربکەوێت کە من کەوتوومەتە ناو زنجیرەیەک شتی پەرشوبڵاوی هەڕەمەکی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ پێشکەش دەکرێت بۆ بەرچاوم، هەتادێت زیاتر دەگونجێت لەگەڵ ئەو وردە نانەی کە دوێنێ لە خۆراکی دیجیتاڵیمدا بەجێم هێشت (بە باشە یان خراپە). کەواتە، ئەوەی ئێستا دەیبینم بەپێی ئەوە دیزاین کراوە کە لە ڕابردوودا چ پۆستێکم بەدڵ بووە (لایکم کردووە)، کە بووەتە دروستکردنی گێژەڵوکەیەکی ناوەڕۆکی تایبەت بەخۆم، کێژەلووکەیەکی شتە نوێیەکان، شاشەکەم پڕدەکاتەوە لە کاتی دەستلێدان لە شاشە و هەڵدانەوەی شاشە، هەموو ئەمانە بە ئامانجی ئەوەی چاوەکانم بە شاشەکەوە بچەسپێنم لە ڕێگای خۆراکپێدانی شێوازە زۆر تایبەتەکانی ئارەزووی خۆراکی دڵی پەرۆشم و لە کۆتاییدا بەهێزکردنی هەوەسم بۆ مۆبایلی زیرەک.

ماتیۆ کراوفۆرد، نووسەر و سەرۆکی لێکۆڵەران لە پەیمانگای لێکۆڵینەوە ڕۆشنبیرییە پێشکەوتووەکان لە زانکۆی ڤێرجینیا دەنووسێت: "ناوەندەکانی ڕاگەیاندن بوونەتە وەستا لە کۆکردنەوەی هاندەرەکان بە شێوەیەک کە مێشکمان توانای بەرگەگرتنی نییە، تەواو هەروەک چۆن ئەندازیارانی خۆراک شارەزا بوون لە دروستکردنی خۆراکی «زۆر بەچێژ» بە دەستکاریکردنی ئاستی شەکر و چەوری و خوێ. ڕەنگە سەرقاڵی وەک هاوتای دەروونی قەڵەوی ببینرێت." بەبێ توانای سەرنجدانی مێشکمان، لەلایەن کەسانی دیکەوە سەرنجمان ڕابەرایەتی دەکرێت، بە ئاسانی لەلایەن "فرۆشیارانی مارشمەلۆ[b] لە هەموو شوێنێکەوە" داگیر دەکرێت -ئەو سەرقاڵکەرانەی لە مۆبایلەکانماندا هەن سەرنجڕاکێشن. کراوفۆرد دەپرسێت، "دەبێت چ جۆرە هاوارێکی جیاواز بێت، چ جۆرە خۆجڵەوگیرکردنێکی نامۆ بێت، بۆ ئەوەی بەرەنگاری ئەو مارشمەلۆ کەلتوورییە دیزاینکراوە باشانە ببیتەوە؟"[c]" بەرەنگاربوونەوەیان سەختە (وەک دواتر دەبینین).

## کاغەز یان پێکسڵ؟

بەڵام ئەم بەشە باس لە خوێندنەوەی کتێب دەکات، پێویستە کتێبەکە بە تەواوی بکەینەوە و بچینە ناو مشتومڕێکی گەورەوە. چی باشترە بۆ خوێندنەوە: کاغەز یان پێکسڵ؟

a هاوکێشە و ڕێکخستنەکانی کاری کۆمپیوتەر -وەرگێڕ.

b جۆرێکە لە شیرینی کەوا نەرم و ئیسفەنجییە -وەرگێڕ.

c Matthew Crawford, The World beyond Your Head: On Becoming an Individual in an Age of Distraction (New York: Farrar, Straus and Giroux, 2015), 16–17.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دوو دەروونناس بە بابەتێکی کورت کە نزیکەی هەزار وشەی تێدابوو، تێگەیشتنی دیجیتاڵی و چاپەمەنییان بەراورد کرد. بەشداربووان بەسەر دوو گروپدا دابەشکرابوون. گروپێک بابەتەکە لەسەر شاشەیەک دەخوێندەوە و گروپەکەی دیکەش لەسەر کاغەز دەیانخوێندەوە. پێویست بوو بڕێکی یەکسان کاتیان هەبێت بۆ خوێندنەوەی دەقەکە. پاشان تاقیکردنەوەکە بۆ جاری دووەم لەگەڵ گروپی نوێ ئەنجامدرا، بەڵام بە یەک جیاوازی سەرەکییەوە: چوارچێوەی کاتیی خوێندنەوە لابرا، خوێنەران سەرپشک کران بۆ ئەوەی کاتی خۆیان دیاری بکەن. لە کۆتاییدا، هەموو گروپەکان تاقیکرانەوە بۆ بیرەوەرییان لە دەقەکە. بەشداربووانی تاقیکردنەوەی یەکەم کە داوایان لێکرا کاتێکی خوێندنەوەی یەکسان بۆ خوێندنەوە بەکاربهێنن جا لەسەر شاشە یان کاغەز، لە تاقیکردنەوەکەدا نزیکەی هەمان نمرەیان بەدەستهێنا. بەڵام لە تاقیکردنەوەی دووەمدا، خوێنەرانی چاپکراوەکە بە شێوەیەکی بەرچاو لە هاوتا دیجیتاڵییەکانیان باشتر بوون. بۆچی؟ هۆکارەکە سادە بوو: خوێنەرانی دیجیتاڵی بە شێوەیەکی سروشتی زۆر خێرا دەخوێننەوە.

ئەو دەرەنجامەی لە توێژینەوەکەدا وەرگیرا سادە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا قووڵ بوو: خوێندنەوەی دیجیتاڵی خراپ لە ئەنجامی ئەو ئامرازەدا نەبوو کە بەکارهاتبوو، "بەڵکو لە ئەنجامی شکستی خۆناسین و خۆجڵەوگیرکردن بوو: ئێمە درک بەوە ناکەین کە تێگەیشتنی دیجیتاڵی ڕەنگە هەمان کات بخایەنێت وەک خوێندنەوەی کتێبێک."[a] لە بەکارهێنانی دەقی دیجیتاڵی لە مۆبایلەکانمان، لەبارودۆخێکداین کە دەبێت بە خێرایی تێپەڕین. بەڵام لە کتێبێکی چاپکراو لەبەردەستدا، بە شێوەیەکی سروشتی بە هێواشتر دەخوێنینەوە، بە خێراییەکی ڕاستەقینە بۆ مانەوە لە یادمان. بە سادەیی، "ئەگەر بتەوێت پارچە زانیارییەک لە یادت بپارێزیت، دەبێت لەسەری بمێنیتەوە."[b] بەڵام ڕاهێنراوین کە مانەوەمان لەسەر دەقە دیجیتاڵییەکان درێژە نەکێشێت.

ئۆلیڤەر ئۆدۆنۆڤان، زانای ڕەوشتناس دەڵێت، سەردەمی دیجیتاڵی دیلمان دەکات و سەرنجمان دەکاتە ملیۆنێک پارچەی بچووک، ئێستا گەورەترین ئالنگاری بەردەم خوێندەواری ماوەی سەرنجدانێکی کورتە، "سەرنجی بڵقێکی بچووکی لەناکاو لێرەوە، یەکێکی دیکە لەوێ. لە ڕاستیدا هەرگیز زانیاری بەو شێوەیە پێمان نادرێت. بەڵکو دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت و شوێنی بکەویت، وەک شیعرە سەرسوڕهێنەرەکانی دانایی لە

a Maria Konnikova, "Being a Better Online Reader," The New Yorker (July 16, 2014), summarizing Rakefet Ackerman and Morris Goldsmith, "Metacognitive Regulation of Text Learning: On Screen versus on Paper," Journal of Experimental Psychology: Applied (March 17, 2011), 18–32.

b Clive Thompson, Smarter Than You Think: How Technology Is Changing Our Minds for the Better (New York: Penguin, 2013), 135.

سەرەتای سیپارەی پەندەکانی سلێمان پێمان دەڵێن."[a] وە هەمیشە کارێکی ژیرانەیە کە خووەکانی سۆشیال میدیامان لەگەڵ خووەکانی گەڕان بەدوای داناییدا بەراورد بکەین، کە لە سێ بەشی یەکەمی سیپارەی پەندەکان سلێماندا هاتوون. خۆجڵەوگیر نەکردنی ئێمە لەگەڵ مارشمەلۆی دیجیتاڵی چڕبوونەوەی هێڵی بەردەوامیمان تووشی بەدخۆراکی دەکات.

خوێندنەوەی قووڵ لە جاران قورسترە. ئەمڕۆ بە لەبەرچاوگرتنی ئەو بڕە وشە نووسراوانەی کە لە ڕۆژێکی دیاریکراودا دێنە ناو ژیانمانەوە، بە سادەیی تووشی بێباکی بووین. نیکۆلاس کاری نووسەر بە حەسرەتەوە دەڵێت: "ڕۆژێک لە دەریای وشەکاندا مەلەوان بووم، بەڵام ئێستا وەک کابرایەک لەسەر ماتۆڕێکی ئاوی (جێت-سکی) بە درێژایی ڕووی دەریاکە بە خێرایی تێدەپەڕم."[b] بە زەحمەت دەتوانین لە کارە ڕژدەکانی خوێندنەوەی کتێبێکدا نوقم بین پێش ئەوەی هەست بە ئارەزووی سەرهەڵدانی دیجیتاڵی و ماتۆڕی ئاوی (تیپەڕین) بکەین بەسەر ئاوە ئاسانترەکاندا.

بەڵام هۆکارەکەی هەرچییەک بێت، ئەو کێشەی خوێندەوارییی کە ئەمڕۆ ڕووبەڕووی دەبینەوە، نەخوێندەواری نییە بەڵکو خوێندەوارییە، ئەو سکیم کردن و خێرا تێپەڕینەی دیجیتاڵییە کە تەنیا هەوڵێکە بۆ ئەوەی لەگەڵ لافاوێکی زانیارییەکاندا بڕۆین کە لە ڕێگەی مۆبایلەکانمانەوە دێن نەک خاوکردنەوە و هەڵمژینی ئەوەی کە لە هەمووی گرنگترە. ئەوانەی خوێنەوارن، بە زەحمەت ئەوەی کە هەتاهەتایە بەهادارە جیای دەکەنەوە لەوەی کە ڕاگوزەرە. ئەوان لاپەڕەکان تێدەپەڕێنن، بەڵام نەک بۆ ئەوەی ئەو شتانە دەستنیشان بکەن و بیخەنە لاوە کە پێویستە بە وردی و ڕامانەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت. لەبەر ئەوەی خوێندەوارەکان ناتوانن بەم جیاکارییەدا بڕۆن، ئەوان هەوڵ دەدەن بۆ وەرگرتنی پوختەی پەیوەندی لەنێوان دەقە نووسراوەکان، بە تایبەتی لە دەقە کۆنەکاندا.

ئایا لە کۆتاییدا ڕاهێنان بە خۆمان دەکەین بۆ خوێندنەوەی دەقە دیجیتاڵییەکان بە شێوەیەکی هێواشتر و وردتر؟ ئەو وەڵامە نادیارە. ئێمە دەزانین کە کاتێک باس لە دەقە دیجیتاڵییەکانی ئەمڕۆ دەکرێت، ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە کە بە خێراییەکی ناسروشتی لە پەلەکردن و دڵەڕاوکێوە تێیانپەڕێنین. ئێمە زۆر باش نین لە درێژەدان بە دەقی دیجیتاڵی.

## سەرنجی پەیمان

خوێندنەوەی دیجیتاڵی بەبێ پێویستی پەلەی لێ دەکرێت، ئەم خووە کاریگەری دەکاتە سەر چۆنیەتی خوێندنەوەمان بۆ کتێبی پیرۆز. هونەرمەندی هیپ هۆپ و قەشە

---

a Oliver O'Donovan, interview with the author via email (Feb. 10, 2016).

b Nicholas Carr, The Shallows: What the Internet Is Doing to Our Brains (New York: W. W. Norton, 2011), 7.

تریپ لی لەلای من دانی بە شتێکدا ناوە کە پێموایە هەموومان ئەزموونمان کردووە، گوتی: ”هەرچەندە کاتێکی زیاتر بەسەر ببەم لە خوێندنەوەی تویتە درێژەکان لە تویتەر، وە تەماشاکردنی ڕووکەشی بابەتە هەڕەمەکییەکانی ئینتەرنێت، زیاتر کاریگەری دەبێت لەسەر توانای سەرنجدانم، ئەو ماسولکانەم لاواز دەبێت کە پێویستن بۆ خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بۆ مەودای دوور.“[a] بەڵام پێش ئەوەی ئاپەکانی کتێبی پیرۆزمان بسڕینەوە، پێویستە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە توێژینەوەکان پێمان دەڵێن کە خوێنەرانی باوەڕدار بە مەسیح زیاتر دڵسۆزن بۆ پەیڕەوکردنی پلانەکانی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆزی دیجیتاڵی لە مۆبایلی زیرەکدا (بە بەبیرهێنانەوەی ڕۆژانە) لەوەی لە کتێبی چاپکراو و خوێندنەوەی بەبێ ئینتەرنێت.[b]

کەواتە ئامرازەکە هەرچییەک بێت (کاغەز یان پێکسڵ)، وە لاوازی بەکارهێنەرانی ئامرازەکە هەرچییەک بێت (لەبیرچوونەوە یان پەلەکردن)، دەبێت ئێمە بەبیرهێنانەوە باشتر بکەین و خێراییمان خاو بکەینەوە. ئینجیل بەڵگەنامەیەکی پەیمانە لەلایەن خوداوە بۆ ئێمە. ئەو پەیوەندییە ڕوون دەکاتەوە کە لەگەڵیدا چێژی لێ وەردەگرین، فێری ئەو بەڵێنانەمان دەکات کە پێمان دراوە و بە خوێنێکی پاک کڕدراوینەتەوە، وە ڕێنماییمان دەکات کە چۆن لەم جیهانەدا بژین بۆ ئەوەی دڵسۆزیمان بۆ پەیمانەکە دەرببڕین.

سکۆت سواین زانای یەزدانناسی دەنووسێت، ”پەیوەندی و هاوبەشی نێوان خودا و گەلەکەی لە بنەڕەتدا دیاردەیەکی دەقییە. خودای ڕەوانبێژی هەتاهەتایی، چەمایەوە بۆ ئەوەی وشەیەکی دڵنەوایی ڕزگارکەرمان پێبڵێت. لەبەر ئەوەی کتێبی پیرۆز شوێنی باڵایە بۆ خۆپەیوەندیکردنی خودا لەگەڵ جیهان، بۆیە باوەڕداران بە مەسیح «کەسانی خاوەن کتێبن“. پەروەردگار لە ڕێگەی ئەم کتێبەوە گەلەکەی کۆدەکاتەوە و خۆراکیان پێدەدات و بەرگرییان لێ دەکات و ڕێنماییان دەکات؛ وە گەلەکەی لە دەوری کۆدەبنەوە و خۆراکی لێ دەخۆن و تێیدا پەناگە دەدۆزنەوە و بەدوای وشەکانی ئەم کتێبەدا دەڕۆن.“[c]

خودا هێزی سەرنجدانی پێبەخشیوین بۆ ئەوەی بتوانین ئەو شتانە ببینین و خۆمانی لێ بەدوور بگرین کە درۆ و ساختە و ڕاگوزەرن -بۆ ئەوەی ڕاستەوخۆ تەماشای ئەو شتانە بکەین کە ڕاست و جێگیر و هەتاهەتایین. ئەمە بەشێکە لە بەدیهێنراویمان کە بە ئاسانی سەرقاڵ دەبین؛ بەشێکە لە گوناهباریمان کە بە ئاسانی سەرنجمان ڕادەکێشرێت بۆ ئەو شتانەی کە پووچ و بێ بایەخن.

---

a Trip Lee, interview with the author via Skype (March 25, 2015).

b John Dyer, “Print Bibles Vs. Digital Bibles: Comparing Engagement, Comprehension, and Behavior,” unpublished draft (March 2016). His study also confirms the findings of Ackerman and Goldsmith.

c Scott R. Swain, Trinity, Revelation, and Reading: A Theological Introduction to the Bible and Its Interpretation (London; New York: T&T Clark, 2011), 95.

خۆشیمان بە خودا لە مەترسیدایە. لە لووتبەرزیماندا، خۆراک لە خواردنە خێراکانی دیجیتاڵی دەخۆین، تامـمان دووبارە بەرنامەڕێژ دەکرێتەوە و سۆزەکانمان تێکدەشکێت. براد لیتلجۆن، زانای سەربەخۆ ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: "بە دڵنیاییەوە، ئەوەی بە کاریگەری ناچارییەوە، شت دەکرێت، یان یاری دەکات، یان فەیسبووک بەکاردەهێنێت، ڕەنگە هەوڵی ئەوە بدات ئەو بۆشاییە لە ژیانیاندا پڕبکاتەوە کە بە قەبارەی خودایە، یان ئەو دەنگە کپ بکات کە لە ناخیدایە بە ژاوەژاوی شتی بێ بایەخ. بەڵام وەک هەموو خراپە و چاکەکان، شتێک هەیە وەک ئەڵقەیەکی کاردانەوە لێرەدا کاردەکات. هەرچەندە زیاتر پەنا بۆ سەرقاڵی ببەین، زیاتر ئالوودەی تەنیا وروژاندن دەبین و کەمتر هەستیاریمان بۆ خۆشی دەبێت. ئێمە توانای وەستان و بیرکردنەوەمان بە قووڵی لە شتێک لەدەست دەدەین، بۆ سەرسامبوون بە شتێکی جوان لەپێناو خۆیدا، یان لەدەستدانی خۆمان لە خولیای یارییەک، چیرۆکێک، یان کەسێکدا."[a]

بە گەڕان بەدوای چێژێکی بێ بایەخدا لە مۆبایلەکانمان، خۆمان ڕادەهێنین بەوەی زیاتر لەو چێژە بێ بایەخانەمان بوێت. لە هەموو ئەوە مەترسیدارتر، "یان ئێمە بەهۆی ترس و تاوانباری، خۆشیمان بە خودا لەدەست دەدەین، کە سەرچاوەی هەموو چاکەیەکە، پاشان دەست دەکەین بە لەدەستدانی خۆشیمان لە هەموو ئەو بەخششە چاکانەی کە پێی بەخشیوین، هەتا ئەوەی کەمتر و کەمتر گرنگی دەدەین بە هەر کەسێک یان هەر شتێک، وە خۆمان لە سەرقاڵییە ڕاگوزەرەکان لەدەست دەدەین، کە دواتر دەبنە تاکە 'چێژ' کە دەیزانین -یان دەست دەکەین بەوەی بەبێ بیرکردنەوە ئالوودەی ئەو ئامرازانەی سەرقاڵکردن دەبین لە دەوروبەرمانن، هەتا ئەوەی دەست دەکەین بە لەبیرکردنی ئەو هەستەی گرنگیدان بە شیعرێک یان کەسێک." وەک ئەوەی لیتلجۆن دەڵێت، "توانای چێژوەرگرتنی قووڵمان لەناوچوو، بە خێرایی توانای چێژوەرگرتن لەو کەسە لەدەست دەدەین کە داوای زۆرترین سەرنجی بەردەوام دەکات."[b]

## سەرنجی کتێبی پیرۆز

ئەم دەرەنجامانەی دڵ قورس دەبێت، بەڵام ئێرە ئەو شوێنەیە کە ئامانجی گەردوونی لەگەڵ ڕێککاری کەسیدا یەکدەگرێتەوە. ئێمە بانگهێشت کراوین کە لاپەڕەتێپەڕاندنی درێژخایەنی مۆبایلمان ڕابگرین بۆ ئەوەی لەسەر ڕاستی هەتاهەتایی بمێنینەوە، چونکە کتێبی پیرۆز گرنگترین کتێبە لە تەواوی مێژووی جیهاندا. دەکرێت بڵێین خوێندەواری

---

a Brad Littlejohn, "The Seven Deadly Sins in a Digital Age: 4. Sloth," Reformation 21, reformation21.org (November 2014).

b هەمان سەرچاوەی پێشوو.

هەتا ڕادەیەک دابەزیوە کە بۆ زۆرێک لە باوەڕدارانی ئەمڕۆ (ڕەنگە زۆربەی باوەڕدارانی ئەمڕۆ)، کتێبی پیرۆز وەک کۆنترین و درێژترین و ئاڵۆزترین کتێبە کە هەوڵ دەدەین خۆمان بیخوێنینەوە. لە هەمان کاتدا، هەموو فریودان و ڕاڕاییەکی سەردەمی دیجیتاڵی هەوڵ دەدات قەناعەتمان پێبکات کە واز لە کاری سەخت و بەردەوام بهێنین بۆ ئەو ناوەڕۆکە دەستبەجێ و پاڵنەرانەی کە دەتوانین لە ئینتەرنێت ڕووکەشانە و خێرا بیکەینەوە.

خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز کارێکی زۆر سەختە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاسوودەیی و هیوایەکی زۆرم هەیە لە زانینی ئەوەی کە کتێبی پیرۆز بانگم دەکات بۆ بەشداریکردنی لە تەواوی ژیانمدا. کتێبی پیرۆز کتێبێک نییە بۆ ئەوەی «تێپەڕێنیت»، بۆ ئەوەیە کە بەرگ بە بەرگ بیخوێنیتەوە و دواتر بیخەیتە سەر ڕەفەیەک؛ هەروەها کتێبێک نییە بۆ لاپەڕەهەڵدانەوە و خوێندنەوەی ڕووکەشی. کتێبی پیرۆز دەرگای کراوەی ئێمەیە بۆ گوێگرتن لە دەنگی خودا چ بە تەنیا و چ پێکەوە لە کۆمەڵگادا. مەبەست لێی ئەوەیە لە قووڵاییەکەیدا بێ بن و لە پەیوەندیدا بێکۆتایی بێت. ئەمە کەمتر کتێبە و زیاتر جیهانێکی ئاشکراکردنی سروشە کە تێیدا دەژین و دەجوڵێین و بوونمان هەیە. ئەم کتێبە ژیانمان پێدەبەخشێت، پلانی ڕزگارکەری خودا دەجوڵێنێت و بەرەوپێشی دەبات.

لە ڕاستیدا "تەواوی مەبەستی خودا بۆ گەردوون لە سەرکەوتن و شکستی دەکەوێتە سەر کتێبەکە. ئەگەر کتێبەکە شکستی هێنا، هەموو شتێک شکست دەهێنێت."[a]

کەواتە، خوێندنەوەی ڕووکەشی کتێبی پیرۆز، خوێندنەوەیەکی هەڵەیە، هەوەرک دانیال دۆریانی، زانای یەزدانناسی پەیمانی نوێ، لە سێ خاڵدا ئاماژەی پێدەکات. یەکەم: ئامانجی کتێبی پیرۆز بەقوتابیکردنە، کە بەردەوام بیرکردنەوە و خوو و ڕەفتارەکانمان پێکبهێنێت و دووبارە دایبڕێژێتەوە. ئەم پرۆسەیە چالاکە هەرگیز کۆتایی نایەت. بەمجۆرە خوێندنەوەمان هەرگیز کۆتایی نایەت -وە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی بە خێرایی هەتا کۆتایی هیچ سوودێکی نییە. دووەم: نووسەری کتێبی پیرۆز بەردەوام و چەندبارە ئاگادارمان دەکاتەوە لەوەی کە کتێبەکە بە چەندین شێوە ڕەتدەکرێتەوە، دەشێوێنرێت، یان بە هەڵە و شێوەی جیاواز لێی تێدەگەن. هۆشدارییە ناوخۆییەکانە توندەکان ئاگادارمان دەکەنەوە کە بە هێواشی و وردی و نوێژکردن و وردبینی و مکوڕییەوە بیخوێنینەوە.[b] سێیەم: "دانەری کتێبی پیرۆز و نووسەرانی شێوازێکیان هەڵبژاردووە کە نەک بە وتارێکی ڕاستەوخۆ یان پێشنیاری بەردەوام بگەنە ئامانجەکانیان، بەڵکو لە ڕێگەی گۆرانی و شیعر، وتەی ناڕوون، چیرۆکی نیوە ڕوونکراوە بگەنە ئامانجەکانیان." بە واتایەکی دیکە، "ئێمەی خوێنەر

a John Piper, in a personal conversation (March 18, 2016). Shared with permission.

b Examples include 2 Pet. 3:15–16 and the "have you not read" statements from Jesus (Matt. 12:3–7; 19:4; 19:4–5; 22:31).

ڕێنووس وەرناگرین؛ بەڵکو لە دەریایەکی لێکچواندن مەلە دەکەین.“[a] وە بۆ درککردن بەو لێکچوونانە، دەبێت تەواوی ژیانمان لەناو دەقی خوداییدا قووڵ بکەینەوە.

## (خۆ)جڵەوگیری نامۆکان

ئۆدۆنۆڤان دەڵێت، لە خوێندنەوەی هێواشی کتێبی پیرۆزی کۆندایە کە ئێمە دەتوانین سوودمەند بینین لەوەی تێیدا نووسراوە. ”دەقی کاتی [لە جیهانی دیجیتاڵی] وێنای هێزی تایبەتی پەیوەندی دەق ناکات، کە هێزی داپۆشینی مەودایەکە، بۆ کردنەوەی ڕوانگەی مێژوویی و ناوخۆییەکان کە ئاڵوگۆڕی دەستبەجێ دەستیان پێناگات.“[b] سۆشیال میدیا زۆر نوێیە، زۆر هاوچەرخە، زۆر نزیکە، زۆر هاندەرمە بۆ ئەوەی دەست لە گەورەترین سوودی خوێندەواری هەڵبگرم. هەروەک سی ئێس لویس دەڵێت بۆ ئەوەی بگۆڕدرێین و ئاڵنگاری بکەین، پێویستمان بە شنەبای پاکی دەریایە کە لە کتێبە کۆنەکانەوە دێت.[c] ئێمە پێویستمان بە شنەبای ڕۆحی پیرۆزی ژیان بەخش لە کتێبە کۆنەکەدا هەیە. وە کاتێک باس لە خوێندەواری ڕژد دەکرێت، کڵێسای دڵسۆز لە ڕووی دژە کەلتوورییەوە بۆ سەرکەوتن سەنگەری گرتووە، چونکە بانگەشەی ڕوونکردنەوەیەکی تۆکمە لە بنەڕەتدا نموونەیەکی خوێندنەوەی تەندروست و هێواشە.[d]

لە سەردەمی مۆبایلی زیرەکدا، ڕۆژانە لەلایەن هەواڵە ڕاستەوخۆکانەوە بۆردومان دەکرێین: نوێکارییەکانی فەیسبووک، پۆستی وبلۆگ و هەواڵە بەپەلەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، گرنگترین کتێب بۆ ڕۆحمان کتێبێکی کۆنە. وشەی خودا داوای بەرزترین ئاستی سەرنجی ئەدەبیمان دەکات، چونکە پێویستی بە خوێندنەوەیەکی پەیوەندیدارە: نەک گفتوگۆیەکی ڕووکەشی ئاهەنگێکی هەمەچەشنە، بەڵکو چڕبوونەوەیەکی پەیمان وەک ئەوەی پەیمانی هاوسەرگیری. قسەی خودا بانگهێشتێکە بۆ ئاراستەکردنی سۆز و ئارەزووەکانمان.[e] ئاڵنگاری ئێمە ئەوەیە کە سۆشیال میدیا لە خزمەت خوێندنەوەی ڕژد بەکاربهێنین.

---

a Daniel M. Doriani, “Take, Read,” in The Enduring Authority of the Christian Scriptures, ed. D. A. Carson (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 2016), 1123–24.

b Oliver O’Donovan, Ethics as Theology, vol. 2, Finding and Seeking (Grand Rapids, MI: Eerdmans, 2014), 133.

c C. S. Lewis, God in the Dock (New York: HarperOne, 1994), 220.

d C. Christopher Smith, Reading for the Common Good: How Books Help Our Churches and Neighborhoods Flourish (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 2016), 27–28.

e زەبووری ١١٩ بابەتێکی درێژ و بەرهەمدارە سەبارەت بە گوێڕایەڵی، وە بارگاوییە بە زمانی پڕی دڵ، خۆشی، شادی، سەرسامی، ستایش و گۆرانی ڕۆحی. کلیلی گوێڕایەڵی تەنیا خوێندنەوەی شەریعەتی خودا نییە، بەڵکو دڵێکی پڕ لە خۆشییە بەوەی شەریعەتی داناوە و بە وشەکانی بۆ ئێمە. بەرگریکردنمان لە دژی گوناە دڵێکی پڕە لە سۆز و خۆشەویستی خودا.

کەواتە دەبێت ببینە چ جۆرە نامۆیەکی خۆجڵەوگیر بۆ بەرەنگاربوونەوەی مارشمەلۆیەکی سەرقاڵکەر کە بە ئەندازەییەکی زۆرەوە دیزاین کراوە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە، ئەو کەسە نامۆیانەی کە باوەڕیان هەیە بەوەی لە دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٨ هاتووە، ئەوانەی «تەماشای شتە بینراوەکان ناکەین، بەڵکو شتە نەبینراوەکان، چونکە بینراوەکان کاتین، بەڵام نەبینراوەکان هەمیشەیین». وە ئەم ئاڵنگارییە کە دەمانباتە وێستگەی داهاتوومان.

# ٥

## خۆراک لە بەرهەم هێنراوەکان دەخۆین

هەروەک ماسی لە ئاودا دەژییت. کەسایەتییە ناودارەکان لە دووبارەکردنەوەی وێنەکاندا دەژین.

بۆ ئەوەی کەسایەتییە ناودارەکان ڕۆژێکی دیکە لە ژیاندا بمێننەوە، دەبێت ڕێگایەک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی چەندبارە و بەردەوام وێنەی خۆیان دووبارە بکەنەوە. کەسایەتییە ناودارەکان دەبێت لە تەوەری هەواڵەکاندا بمێننەوە -ئەمە کاری ئەوانە- وە ئەو کۆمپانیایانەش کە پشت بە ناودارەکان دەبەستن پێویستە بەردەوام بن لە پاڵنانی ئەم ئایکۆنانە بۆ پێشەوە. ئەمەش واتای کەلتووری ناودارانە کە لەسەر کامێراکان دەمێنێتەوە -کامێرای زۆر: کامێرای هەڵگیراو، کامێرای ڤیدیۆیی، کامێرای ستۆدیۆ، کامێرای وێنەگرە بەناوبانگەکان و کامێرای هەواداران.

مۆبایلی زیرەکمان نەک هەر کامێرای بەهێزیان هەیە کە وێنە و ڤیدیۆی کوالیتی بەرز دەگرن، بەڵکو ئەو کامێرایانە هەمیشە لەگەڵمانن، ئێمەش پەنجەی گەورەمان پەرەپێداوە، کە ئامادەیە بۆ وێنەگرتنی هەر شتێک لە ساتێکدا. ئێمە نەک هەر کەلتووری ناوداران بەکاردەهێنین، بەڵکو ئێستا خۆراک بە کەلتوورەکەش دەدەین.

### یەکێک لە ئایکۆنەکان

کاتێک ڕاگەیەندرا کە ئەستێرەی گەورە جۆنی دیپ و هاوڕێکانی لە ئەندامانی تیپی نواندن بۆ یەکەم جار بۆ نمایشی فیلمێک لە بۆستن دەردەکەون، هەوادارانی سەرسەختانە کۆببوونەوە لەودیو ئەو شوورا کانزاییە کاتییەی کە لە هەردوولای فەرشی سوورەوە بوو بە درێژایی ڕێڕەوەکە بەرەو شانۆیەکی داخراو. لەگەڵ دەرکەوتنی دیپ و ئەکتەرە جیاوازەکانی دیکە لەسەر فەرشی سوور، سەدان کامێرا گڕیان گرت. لە ساتێکی پڕ لە ژیرمەندی و دژبەیەکی، فۆتۆگرافەرێکی بە ئەزموونی بۆستن سەرنجی لە ئەستێرەکانەوە گۆڕی بۆ ئەو جەماوەرە سەرسەختەی لە بینەران کە کۆببوونەوە و وێنەیەکی گرت کە ئایکۆنێکە بۆ سەردەمی ئێمە.[a]

---

a یاریدەدەری سەرەکی وێنەگر جۆن بلاندینگ لە ڕۆژنامەی بۆستن گلۆب (The Bosten Globe) لە ١٦ی ئەیلولی ٢٠١٥ وێنەکەی گرتووە، بۆ بینینی وێنەکە، بڕوانە:
Emily Anderson, “This Boston Globe photo is perfect,” BDCwire, bdcwire.com (Sept. 28, 2015).
بوو، کە فیلمێکە دەربارەی وایت بولگەر (لەدایکبووی «Black Mass (2015; R» دیپ ئەکتەری سەرەکی فیلمی 1929)، بکوژی سزادراو و سەرۆک چەتەی ناوبانگ خراپ لە باشووری بۆستن.

لـەم وێنەیـەدا چـل و چـوار بینـەر دەبینـم کـە بـە سەرسـەختی پێکـەوە فشـار دەکـەن و لانیکـەم سـی مۆبایلـی زیرەکـی بیـنراو لـە هـەوادا بەرزکراونەتـەوە و کامێراکانیـان کراوەتـەوە. پیاوێکـی تەمـەن ناوەڕاسـت لـە ڕیـزی پێشـەوە بـە ئەپێکـەوە بێـزارە، بـێ گومـان هەوڵـدەدات کامێراکـە کارا بـکات. نزیکـەی هەمـووان ئامـادەن بـۆ ئـەو ساتە، مۆبایلـەکان بـە شـێوەیەکی ڕاسـت بـەرز ڕابگـرن هەتـا ئـەو ئاسـتەی قۆڵەکانیـان پێیـدەگات بـۆ ئـەوەی ڕوونتریـن وێنـە یـان ڤیدیـۆی کاروانەکـە بگـرن. ئەمـەش واتـا نزیکـەی هەمـووان لـە وێنەکـی دوور لـە دیـپ دەڕوانـن، تەماشـای سـەرەوە دەکـەن بـۆ مۆبایلـەکان و بـە دڵنیاییـەوە نەوەکانـی داهاتـوو بـە گاڵتەکردنـەوە چێـژی لـێ وەردەگـرن.

بـەڵام لـە پێشـەوەی ئـەو قەرەباڵغییـەی مۆبایلـە زیرەکانەی بەرزکـراوەدا ژنێکی بەساڵاچوو ڕاوەسـتاوە، بـە ئارامییـەوە قۆڵەکانـی بەسـەر سـنگیدا چەماونەتـەوە و خـۆی بەسـەر سـەرەوەی شـووراکەدا داوە. بـە ئارامییەکـی بێخـەم و خەندەیەکـەوە ڕاسـتەوخۆ تەماشـای ئەکتـەرەکان دەکات. ئـەو هـەوڵ نـادات هیـچ شـتێک بگرێـت یـان هاوبەشـی بـکات، هـەوڵ نـادات وێنەیـەک یـان ڤیدیۆیـەک بگرێـت بـۆ ئـەوەی دواتـر لـە ئینتەرنێـت هاوبەشـی بـکات. ئـەو تەنیـا چێـژ لـە ساتەکە وەردەگرێـت.

لـە لای چەپیـەوە ژنێکـی گەنجتر ڕاوەسـتاوە کـە مۆبایلەکـەی دەرهێنـاوە بـۆ تۆمارکردنـی دیمەنەکـە، بـەڵام چاوەکانـی بـە چەسـپاوی لەسـەر ڕووداوەکـەی پێـش خـۆی جێگیـر بـووە، نـەک لەسـەر شاشـەکە. بە پێچەوانـەی ئەوانـی دیکـەوە، ئـەو توانـای ئـەوەی هەیـە مۆبایلەکـەی بگرێـت، بـەڵام بـە چـاوی خـۆی چێـژ لـە ساتەکە وەربگرێـت.

## چێژوەرگرتن لەنێوەندگیر

قەرەباڵغییەکـە لـەو سـاتەوەختەکەدا وێنـای بوارێکـی فـراوان لـە هەڵوێسـتەکان دەکات (تەنیـا تەماشـاکردن، تەماشـاکردن و وێنەگرتـن، تەنیـا وێنەگرتـن)، وە پێویسـتە لێـرەدا ئێمـە پێویسـتە بزانیـن مەیلـمان بـەلای کام هەڵوێسـتدا هەیـە. بـەڵام پێـش ئـەوەی بگەڕێمـەوە بـۆ ناچارییەکانـی کامێـرای مۆبایلـی زیـرەک، پێویسـتمان بـە پێناسـەی وێنـەی فراوانـتر هەیـە، بـۆ ئـەوەش بـۆ سـاتێک دەچمـە گەشـتێکی گشـتگیر.

یەکـەم و لـە هەمـووی بنەڕەتیـتر، هەمـوو شـتێک لـەم جیهانـەدا کـە دەیبیستین، دەیبینیـن، بۆنـی دەکەیـن، دەسـتی لێدەدەیـن و تامـی دەکەیـن، هەبوونـی هەیـە، چونکـە خـودا بـە هێـزی وشـەکەی هێناویەتییـە بـوون. قسـەی دەکـرد -وە هەمـوو بەدیهێـنراوان، دیمـەن و هێـزە بیـنراو و درکپێکـراوەکان هاتنـە بـوون.[a] قسـەی دەکـرد -ڕووناکـی، ئـاژەڵ، ئۆقیانـوس،

---

a پەیدابوون ١: ١-١٣؛ عیبرانییەکان ١١: ٣.

شاخ، خۆرهەڵاتن، مانگی پڕ، دارستان و بواری فراوانی ڕەنگەکان هاتنە بوون. ئەوەی بە وشەکەی هێنایە بوون، هەتا ئێستاش بەردەوامە لە قسەکردن لەم ڕێگەیەوە کە داوا لە مرۆڤە خواپەرستەکان دەکات کە پێی خۆشحاڵ بن لە کاتێکدا چێژ لەوە وەردەگرین کە دروستی کردووە.

هەموو بەدیهێنراوێک ڕێگایەکی پێیە بۆ گەڕانەوە بۆ لای خودا. کەواتە ئەگەر تەماشای خۆری سووتێنەر بکەیت و بپرسیت «خۆر چییە؟» وەڵامی تەواو ئەوە نییە کە بۆمبێکی ئەتۆمی هەمیشەیی تەقینەوەی گازە ناجێگیرەکانە. وەک باوەڕداران بە مەسیح فشار دەخەینە سەر فیزیا و دەپرسین: "بەڵێ، بەڵام هەر لە بنەڕەتدا بۆچی خۆر هەیە؟ کێ خۆری خستە بۆشایی ئاسمان؟ وە ئەوە چیمان پێدەڵێت دەربارەی ئەو کەسەی کە خۆری وێناکرد و وایکردووە بێتە ڕاستی؟"

هیچ شتێک لە گەردووندا لەخۆڕا یان ڕێکەوت نییە، چونکە هیچ شتێک بە ڕێکەوتی هەڕەمەکی بوونی نییە. هەموو شتەکان لە کەسێکەوە سەرچاوە دەگرن، بەهۆی کەسێکەوە دروست دەبن، بەم شێوەیە واتایەک لەخۆدەگرن لە دەرەوەی سروشتی خۆیانە. «چونکە ەەموو شتەکان لە ئەوە و بەهۆی ئەوە و بۆ ئەوە.ەەتاهەتایە شکۆمەندی بۆ ئەوە! ئامین» (ڕۆما ١١: ٣٦). سەبارەت بەوانەی چاویان هەیە بۆ بینینی واتای ڕاستەقینەی، ئەوا خۆری گڕگرتووی ئاسمان نمایشی شکۆمەندی خودایە، هەروەها وەک شوێنگرەوەیەکی کاتییە بۆ شکۆمەندییەکی گەورەتر کە دواتر ڕادەگەیەنرێت.[a] بۆیە هەموو شتێکی ڕاستەقینە سەرچاوەی خۆی لە خوداوە دەبینێتەوە؛ واتا هەموو بەدیهێنراوان نێوەندگیرن.

بەڵام سەرباری ئاستێکی دیکە، ناوەندێک؛ وە ئێستا باس لە ئەزموونی نێوەندگیرییەکان دەکەین. هەموو ئەو شتانەی لە مۆبایلەکانمان دەیخوێنینەوە، دەیبیستین، دەیبینین، یان تەماشای دەکەین، دەکەوێتە ژێر ئەم پۆلە. لەسەر شاشەی مۆبایلی زیرەکمان تەنیا کۆپی ئەو شتانە دەدۆزینەوە کە لە جیهاندا هەن. ئێمە پەیامەکان دەخوێنینەوە تەنیا لەو کاتەی کە لەلایەن کەسانی دیکەوە نێوەندگیرییان بۆ دەکرێت؛ لەلایەن پاسەوانانی دەروازەکانی جیهانی داهێنەر لە مۆسیقاژەنەکان، هونەرمەندان، بەرهەمهێنەرانی فیلم و تەنانەت هاوڕێ و ئەندامانی خێزانەکەمانەوە.

ڕەنگە ئەمە هێشتا واتای نەبێت، بۆیە با نێوەندگیری ڕوون بکەمەوە کە چییە و لە سێ پۆلی جیاوازدا پێکەوە کۆی بکەمەوە:

---

a ئاشکراکردن ٢٢: ٥.

## ئاشکراکردنی سروشتی لە خوداوە (نێوەندگیری، بەشی یەکەم)

خودا کە نەبینراوە، بە وشەکەی بەدیهێنراوانی هێنایە بوون[a]، ئێستا لە ڕێگەی بەدیهێنراوی ماددی و ئەو یاسا سروشتیانەی کە دەیخاتە جووڵەوە نێوەندگیری هەبوونی ئەو دەکەن، کە لە بنەڕەتدا تەواو و کامڵن، ئێستا پەڵەدار و کەوتوون[b] بەڵام هەرگیز بێدەنگ نین.[c]

## ڕاگەیاندنی تایبەت لەلایەن خوداوە (نێوەندگیری، بەشی دووەم)

خودا کە نەبینراوە، خۆی قسە لەگەڵ گەردوون دەکات بە وشەکانی، کارەکانی، وە لە کۆتاییدا لە وشەی بەجەستەبووی عیسای مەسیحدا. مەسیح وشەی یەکلاکەرەوەی خودایە و ئێستا لە لاپەڕەکانی کتێبی پیرۆزدا پێمان ناسێنراوە.[d]

## بەرهەمەکانی مرۆڤ (نێوەندگیریە)

هەڵگرانی وێنەی خودا (ئێمە) کەرەستەکانی جیهان، وە وشەکان، یاسا سروشتییەکان، بەهاکانی گەشەسەندنی مرۆڤ کە لەلایەن بەدیهێنەرەوە دامەزراون، لە ڕێگەی بەرهەمە کەلتوورییەکانمانەوە دووبارە نێوەندگیری دەکەینەوە -هونەر، مۆسیقا، ئەدەب و دەقەکان- بە زیادکردنی چینێکی لێکدانەوە لەم داهێنانانەمان، بە مەبەست یان بەبێ ئەنقەست، بۆ چاکە یان خراپە.

هەمیشە وشە و کارەکانی خودا لە پێش قسە و کارەکانی مرۆڤەوەن. خودا بە وشەکەی بەدیهێنراوانی هێنایە بوون و وشەی یەکلاکەرەوەی خۆی لە کەسایەتی عیسا مەسیحی کوڕەکەیدا بۆ ئێمە دەربڕی. خودا جیهان و دانایی و ڕزگارکردنی ڕێکخست و زەمینەی بۆ هونەری مرۆڤ ڕەخساند.

لێرەدا ڕێگەیەکی دیکە هەیە بۆ گوتنی ئەمە. خودا ئێمەی بەدیهێناوە بۆ ئەوەی بەخششەکانی بەسەر ژیانماندا ببارێنێت، سەرەتا بە سەرسوڕهێنەرە سروشتییەکانی هەناسەدان، تیشکی خۆر، خواردن، ئاو، باران، کەناراو و شاخەکانەوە دەست پێدەکات. لەگەڵ وەرگرتنی ئەم بەخشderwanە (وە زۆری دیکە)، لە ساتەوەختە سەرەکییەکاندا دەوەستین بۆ ئەوەی بە سوپاسێکی گەرموگوڕەوە وەڵامی بدەینەوە.[e] دەبێت سەرەتا هێزی گوناه بشکێنێت بۆ ئەوەی ئەم سوپاسگوزارییە بە باشی لە ژیانماندا کاربکات، بەڵام کاتێک ئەمە دەکات، بەخششی سوپاسگوزاری خودا چڕبوونەوەمان دەربارەی خودا پێدەدات بۆ

a پەیدابوون ١: ١-٣١؛ عیبرانییەکان ١١: ٣.

b عیبرانییەکان ٣: ١٤-١٩؛ ڕۆما ٨: ١٨-٢٥.

c ڕۆما ١: ١٨-٢٣.

d یۆحەنا ١: ١-١٨؛ دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤-٦؛ کۆلۆسی ١: ١٥-٢٠؛ ٢: ١-٨؛ عیبرانییەکان ١: ١-٣.

e ڕۆما ١: ١٨-٢٣؛ یەکەم تیمۆساوس ٤: ١-٥.

ئـەوەی ڕێکخسـتنە سروشـتییەکەی لـە بـاوەش بگریـن، وە وەرگرتنـی هەمـوو سەرسـوڕهێنەرییە گەردوونییەکانـی، بـۆ ئـەوەی چێـژ لە «چڕی» بەخشـشـە ماددییەکانـی وەربگرین،[a] وە دڵخۆشـبین بـە هـاوڕێ و هاوژینەکانمـان؛ بـە وەرگرتنـی هەمـوو بوونمـان لـە خـوداوە: ژیانمـان، بەشـەکانمان، ڕۆحـمان، جەسـتەمان، ڕەگـەزی بایۆلۆژیـمان (نێـر یـان مـێ)، وە دیزاینـە سەرسـوڕهێنەر و بـێ شـەرمەزارییەکەی بـۆ ڕەگـەزی مـرۆڤ و زاوزێ.[b]

ڕۆحـی پیـرۆز وادەکات لـە ڕووی ڕۆحییـەوە زینـدوو بیـن بـۆ ئـەوەی شـکۆمەندی خـودا ببینیـن کـە لـە کتێبـی پیـرۆزدا ڕاگەیەنـراوە، وە چاومـان دەکاتـەوە بـۆ بینینـی ئـەو بەدیهێنـەرەی لـە پشـت هەمـوو بەخشـشـە سروشـتییەکانمانەوە وەسـتاوە.[c] کتێبـی پیـرۆز خودایەکـمان بـۆ ئاشـکرا دەکات کـە بـە تامەزرۆییـەوە لـە ڕووی جەسـتەیی و ڕۆحییـەوە

---

a دۆگلاس ویلسۆن دەڵێت: «بەدیهێنـان بەخشـشێکە کـە مەبەسـت لێـی هێنانـی شـکۆمەندییە بۆ بەدیهێنـەر. لێرەدا هەمـوو بـاوەڕداران بـە مەسـیح هـاوڕان. بـەڵام بـاوەڕداران بـە مەسـیح بـە درێژایـی سـەردەمەکان گومانەکانیـان لـە شـوێنی جیـاوازدا هەبـووە. سـی ئێـس لویـس و ئۆگسـتین وەربگـرە. مـن هەردووکیانـم خۆشـدەوێت، بـەڵام پێـم باشـە لەگـەڵ لویـس بیـرە بخۆمـەوە. لویـس بەڕاسـتی داوای بیرەیەکـی باشـی بـۆ کردوویـن، تەنیـا لەبـەر ئـەوەی بەڕاسـتی بیرەکـە بـاش بـوو، لەگـەڵ تێگەیشـتنەکەی لـە خـودا کـە تـەواوی هەمـووو لایەکـی دەگرتـەوە. بـۆ ئـەو لـە کاتێکـدا چـڕی بەدیهێـنراو دەکرێـت ببێتـە بتێـک بـۆ پەرسـتن، ڕکابـەری خـودا، بـەڵام بـۆ ئێمـە وەک وتارێکـە لەلایـەن خـوداوە سـەبارەت بـە خـودا. وە ناتوانیـت ڕێـز لـە بانگخـواز بگرێـت بـە پشتگوێخسـتنی وتارەکـەی. بـەڵام ڕەنگـە ئۆگسـتین پێـی وابێـت کـە بیرەیەکـی سـووک ڕەنگـە یارمەتیدەرمـان دەبێـت زیاتـر بیـر لـە عیسـا بکەینـەوە، نـەک بیرمـان پەرتـەوازە بـکات و لەکاتێکـدا بەڕاسـتی لـە نیعمەتـدا پێشـکەوتووین، ڕەنگـە لـە ئاویـش هەمـان کاریگـەری بەدەسـتبهێنین. مـن بـەو دانپێدانانـە تـەواوەوە دەڵێـم کـە شـایەنی ئـەوە نیـم خزمەتـکاری پێڵاوەکانـی ئۆگسـتین بـم. کەواتـە ئامانجـی دروسـت لـە بیرۆکـەی چـڕی بەدیهێـنراو بـە شـێوەیەکی تەواوتـر بەدیهێنـەر شـکۆمەند دەکات؛ ئەوەیـە ڕێـز لـە کارەکانـی دەگریـن وەک ئـەوەی بەخشـیوەیەتی، لەبـری ئـەوەی هەوڵـی لاوازکردنـی بدەیـن بـە دڵگەرمییەکـی چەواشـەکارانە بـۆ شـکۆمەندی ئـەو».

ئیمەیڵ بۆ نووسەر (١ی تەمموزی ٢٠١٦). بە مۆڵەت وەرگرتن لە نووسەر بڵاوکراوەتەوە.

بـە مەبەسـت بێـت یـان نـا، ڕوونکردنـەوەی ویڵسـن بـە وێناکردنـی سـەبارەت بـە چـڕی کحـول هاوکاتـە لەگـەڵ پیشـاندانی شـکۆمەندی خودایـی کـە لـە یەکـەم پەرجـووی عیسـادا ڕەنگـی دایـەوە (یۆحەنـا ٢: ١-١١). ئـەو دەسـەڵاتی سـەروەری خـۆی نەگـۆڕی بـە گۆڕینـی شـەراب بـۆ ئـاو، بەڵکـو بـە گۆڕینـی ئـاوی شـۆردنی ڕێوڕەسـمی بـۆ شـەرابی ئاهەنگگێڕانـی تاریـک و ڕوون نەکـراو؛ «شـەرابی بـاش» کـە سـەرنجی ڕاکێشـا. چـڕی ئـاو بـۆ شـەراب نـەک هـەر شـکۆمەندی مەسـیحی لێـڵ نەکـرد، بەڵکـو بـە ڕوونـی دەریخسـت. هەروەهـا بڕوانـە:

Douglas Wilson, “Creation Is Thick, I Tell You,” Blog & Mablog, dougwils.com (May 16, 2010); and Joe Rigney, The Things of Earth: Treasuring God by Enjoying His Gifts (Wheaton, IL: Crossway, 2014), 74, 95–115

b زەبوور ١٦؛ پەندەکان ٥: ١٨-١٩؛ ژیرمەندی ٩: ٩.

c هێرمـان باڤینـک دەڵێـت: «ئەگـەر گوێـمان لـە خـودا نەبوایـە کـە لـە کارەکانـی نیعمەتـدا قسـەمان لەگـەڵ دەکات، وە دەنگـی ئەومـان لـە کارەکانـی سروشـتدا نەناسـیبووایەوە، هەمووسـان وەک بتپەرسـت دەبوویـن، کـە سـەبارەت بـەوان سروشـت بـە نامۆیـی و زمانێکـی شـێواز قسـە دەکات.»

Reformed Dogmatics, vol. 2, God and Creation (Grand Rapids, MI: Baker Academic, 2008), 75.

بەرەکەتمـان پێدەبەخشـێت -وە گەورەتریـن بەڵگـەی بەخشـندەیی زۆری ئـەو خوێنـی ڕژاوی کـوڕە بەهادەرەکەیەتـی.[a] کاتێـک تەماشـای شـکۆمەندی مەسـیح دەکەیـن بـە باوەڕبـوون بـە کتێبـی پیـرۆز، دڵـمان پڕدەبێـت لەوپـەڕی سوپاسـگوزاری.[b] هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە پێـمان دراوە -وە هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە هەیـن یـان هیوادارین ببیـن- دیاریـن لـە مەسـیحدا، کـە هـەم بەدیهێنـەر و هـەم ڕزگارکەرمانـە.[c] لـە مەسـیحدا، لـە ڕێگـەی بارینـی بەخشـشـەکانەوە تەماشـای شـکۆمەندی بەخشـەر دەکەیـن، لەکاتێکـدا چاوەڕێـی ژیانـی هەتاهەتایـی دەکەیـن لـە خۆشـییە بێهاوتاکانـی ئامادەبوونـی خـودادا.[d] ئـەوە بەخشـشـێکی باڵایـە لـە سـەرووی هەمـوو بەخشـشـێکەوەیە؛ ئـەو بەخشـشـەی کـە هەمـوو بەخشـشـەکانی دیکـە بـە درێژایـی کات ئاراسـتەمان دەکـەن بـۆی و ڕێبەرایەتیـمان دەکـەن!

کەواتـە ئایـا دەبێـت ڕۆژەکانمـان بـە حەسرەتێکـی بێدەنـگ تێپەڕێنیـن لـە کاتێکـدا چاوەڕێـی ئـەم شـکۆمەندییە بینراوەیـن؟ نەخێـر ناتوانیـن. بـە بـاوەڕ، دەبێـت ئێسـتا شـانازی بە مەسـیحەوە بکەیـن، کـە ڕزگارکـەر و بەدیهێنەرمـان و پارێـزەری هەمـوو شـتێکە.[e] ڕۆحـمان بـۆ ژیانێکـی نـوێ هەسـتێندراوەتەوە بـۆ ئـەوەی شـانازی بـە مەسـیحەوە بکەیـن، لەگـەڵ قسـەکردنمان خۆشـیمان فراوانـتر و سـەرڕێژ دەبێـت، دەبینـە داهێنـەر و هونەرمەنـد. هونـەر شـتێکی لەخـۆڕا نییـە. هونـەر ستایشـی سوپاسـگوزارییە. هونـەر ڕەنگدانـەوەی جوانـی خودایـە لـە جیهـان. هـەر لەبـەر ئەمەشـە ئێمـە بوونمـان هەیـە!

لـە باسـکردنی ئامانجـی ژیانمانـدا، پێویسـتە سـنووری خۆمـان ببەزێنیـن (لـە بەشـی داهاتـوو وردەکاری زیاتـر بـاس دەکەیـن). بـا لێـرەدا بـاس لـە ئامانجـی ناوەندەکانـی ڕاگەیانـدن بکەیـن.

هەمـوو هونەرمەندێـک تەنیـا بـە کەرەسـتەی خـاو کاردەکات کـە لـە بەخشـندەیی خـوداوە هاتـووە، ئەمـەش بـەرەو دوو دەرەنجـام دەمانبـات.

بـە شـێوەیەکی نەرێنـی، دەربڕینـی هونـەری دوور لـە خـودا، واتـای ئەوەیـە کـە هیـچ ئامانجێکـی باڵاتـر لـە ناوبانگـی هونەرمەنـد بوونـی نییـە. هونـەری دوور لـە خـودا تەنیـا فەرامۆشـکردنی خـودا نییـە یـان بـە ئەنقەسـت لەبیـری نـاکات -هونـەری دوور لـە خـودا چالاکانـە خـودا لـەو ڕاسـتییە دەردەهێنێـت کـە بەدیهێنـاوە و ڕەنگدانـەوەی شـکۆمەندیەکەی بـە چینێکـی ئەسـتووری بۆیـەی ڕەش سـەرکوت دەکات.

بـە شـێوەیەکی ئەرێنـی، دەربڕینـی هونـەری شـکۆدارکردنی مەسـیح بـەو واتایەیـە کـە

a ڕۆما ٨: ٣٢.
b یەکەم کۆرنسۆس ٢.
c یۆحەنا ١: ٣، ١٠؛ یەکەم کۆرنسۆس ٨: ٦؛ کۆلۆسی ١: ١٦؛ عیبرانییەکان ١: ٢.
d یۆحەنا ١: ٣؛ وە دیسان زەبووری ١٦.
e ڕۆما ١١: ٣٦؛ یەکەم کۆرنسۆس ٨: ٤-٦؛ گەلاتیا ٦: ١٤.

هەمـوو ئـەو شـتانەی لـە مۆبایلەکانمانـدا دروسـتی دەکەیـن و هاوبەشـی دەکەیـن و بـڵاوی دەکەینـەوە -وێنـە، مۆسـیقا، فۆتۆگرافـی، شـیعر و کتێـب؛ دەکرێـت ڕاگەیاندنـی گشـتی و تایبەتی خودایـی گەورەتـر بـکات. بۆیـە ئامانجـمان بەرهەمهێنانـی هونەرێکـە کـە شـکۆمەندی خـودا لـە گەورەیـی خـۆی کـەم نەکاتـەوە.

لـە هـەر حاڵەتێکـدا، لـە هـەر شـتێکدا کـە دروسـتی دەکەیـن، چینێکـی ڕاڤەکـردن زیـاد دەکەیـن. بۆیـە دەبێـت هەمیشـە لـە خـۆم بپرسـم، ئایـا هونـەری دیجیتاڵـی مـن شـکۆمەندی کاڵ دەکاتـەوە یـان ڕەنگدانـەوەی شـکۆمەندییە؟

## ئۆتۆمبێلی جیپ بانگی جیپ دەکات

لێـرەدا یـەک نموونـەی سـادە دەخەینـەڕوو. بیهێنـە بەرچـاوت فەیسـبووک بکەیتـەوە و ڤیدیۆیەکـی جوانـی فڕۆکـەی بێفڕۆکـەوان لـە دۆڵـی گرانـد کانیـۆن ببینیـت. تـۆ سـاتێک بـۆ تەماشـاکردنی ئـەو کلیپـە سـینەماییە دەدەیـت کـە شـتێک لـە قووڵایـی و پانتایـی دیمەنـە مەزنەکـە دەگرێتـەوە، هەمـوو ئەمانـە بـە گێڕانـەوەی شـیعریی و مۆسـیقایەکی ترسـناک تـەواو دەکرێـت. شـتێکە هەناسـە ڕادەگرێـت.

ئـەم ڤیدیۆیـە دەکرێـت بـە ئامانجـی جیـاواز پێشکەشـمان بکرێـت. یەکـەم: دەکرێـت بەکاربهێنرێـت بـۆ وروژاندنـی خواپەرسـتی لـە ئێمـەدا، کاتێـک دەبینیـن شـکۆمەندی سروشـتیی خـودا لـە ڕێگـەی بەرهەمهێنانـی مرۆڤـەوە نێوەندگیـری دەکرێتـەوە. یـان دەکرێـت هەمـان ئـەم گرتـە ڤیدیۆییـە بەکاربهێنرێـت بـۆ وروژاندنـی حەزمـان بـۆ بەرهەمێکـی نـوێ، وەکـو ئۆتۆمبێلێکـی جـۆری جیپـی لاڕێـگا (ئۆفـڕۆد - off-road). یەکێـک لـە لێکدانـەوەکان شـکۆمەندی خـودا گەورەتر دەکات، لـە کاتێکـدا لێکدانەوەیەکـی دیکـە لێهاتوویـی کۆمپانیایەکـی فرۆشـیاری گەورەتـر دەکات.

لـە هـەردوو حاڵەتـدا، تەماشـاکردنی ڤیدیۆکـە هاوتـا نییـە لەگـەڵ ڕاوەسـتان لەسـەر لێـواری دۆڵـی گرانـد کانیۆنـی گـەورە و بینینـی بەدیهێـنراوان ڕاسـتەوخۆ وەک بەریەککەوتنێـک لەگـەڵ فراوانـی و مەزنـی خـودا. ڤیدیۆکـە ناتوانێـت بـە تـەواوی ئـەم سەرسـامییە بوروژێنێـت.

خاڵـی ڕوانگـەی مـن سـادەیە. دەبێـت ئـاگاداری ئـەوە بیـن کـە هەمـوو ناوەڕۆکەکانـی سـەر «شاشـەی بچـووک»ی مۆبایلەکانمـان نێوەندگیـرن. ئەمـە بـاش یـان خـراپ نییـە، تەنیـا ڕاسـتییەکە کـە پێویسـتی بـە تێگەیشـتن و هەڵسـەنگاندن هەیـە. لـە مۆبایلەکانمانـدا دەروازەی زۆر ڕووممـان هەیـە بـۆ نـاو جوانـی و شـکۆمەندییە بەرفراوانەکانـی بەدیهێـنراوان، بـەڵام هـەر پەیامێـک کـە پێـمان دەگات، بـۆ مەبەسـتێک بـڕاوە، دەسـتکاری کـراوە، بەرهـەم هێـنراوە. ئـەم جیاوازییـە هەروەهـا شاشـەی مۆبایلـی زیرەکـمان لـە چوارچێـوەی دروسـتدا دەهێڵێتـەوە، کاتێـک بـاس لـە شـکۆمەندی گـەورەی خـودا دەکرێـت، واتـا بیـنراو و نەبیـنراو؛ کـە ژیانمانـی دەورە داوە.

## ئاراسته بکە، لێدە، لەبیر بکە

ئێستا، توانیومە باسێکی گەورە سەبارەت بە هونەر بکەمەوە، بەڵام ئێمە تەنیا باسی مۆبایلی زیرەک دەکەین، بۆیە بۆ ئەوەی ئەم بابەتە کورت بێت، باسی هەندێک خاڵی سەرەکی دەکەم و هەروەها ئاماژە بە چەند پێشنیار و کاریگەرییەک دەکەم، سەرەتا بە گەڕانەوە بۆ بابەتی کامێرای مۆبایلی زیرەک.

کامێرای وردبینی بەرز (high-resolution) کە لەناو مۆبایلەکانماندا دانراوە یەکێکە لە نیعمەتە سەرسامکەرەکانی سەردەمی دیجیتاڵی؛ گونجاوە، هەڵدەگیرێت و بەهێزە. بەڵام سێ پرسیاریش دەوروژێنێت.

یەکەم، پێویستە بیر لە توانای کۆمەڵایەتی مۆبایلەکانمان بکەینەوە و ئەو توانایە چۆن پاڵنەرەکانمان دادەڕێژێت. ئەوەی لەسەر کامێراکانمان هەیە بۆ هەموو ڕەفتارێکی مۆبایلی زیرەک هەیە؛ هێزی دەستبەجێ هاوبەشکردنی هەر شتێک کە دەیبینین یان ئەنجامی دەدەین، لە پلەی یەکەمدا ئەوە دیاری دەکات کە وێنەی دەگرین. لە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراوانی دۆنا فرێیتاس لەسەر خووەکانی سۆشیال میدیا لەلایەن خوێندکارانی کۆلێژ، کچە خوێندکارێکی بیر تیژ پێی گوتووە: "خەڵکی شتەکانیان دەکرد و پاشان پۆستیان دەکرد، ئەو ڕەزامەندییەی کە لە هەر شتێکدا بەدەستت دەهێنا بەرهەمێکی لاوەکی بوو بۆ چالاکییەکی ڕاستەقینە. ئێستا پەسەندکردنی پێشبینیکراو ئەوەیە کە بزوێنەری ڕەفتار یان چالاکییەکەیە، بۆیە تەنیا جۆرێک لەم پێچەوانەبوونەوەیە هەبووە."[a] ئەو مۆبایلانەی کە پەیوەندی کۆمەڵایەتییان هەیە، ئێمە -و هاوڕێ و منداڵەکانمان- دەگۆڕن بۆ ئەکتەر. ئەوە گەورەیە.

دووەم: پێویستە بیر لە یادەوەرییەکانمان بکەینەوە. چی ئەگەر کامێرای دەستبەجێی مۆبایلەکانمان وامان لێبکات کەمتر توانای ڕاگرتنی یادەوەرییە جیاکراوەکانمان هەبێت؟ یەکێک لە دەروونناسەکان ئەم بیرچوونەوەیە ناودەبات بە «کاریگەری لاوازی وێنەگرتن»[b]، وە بەم شێوەیە کاردەکات: لە ڕێگای پشتبەستن بە کامێراکانمان وەک سەرچاوەی یادەوەری دەرەکی بۆ ساتێک، ئێمە ڕووداوەکە تەخت دەکەین بۆ وێنەیەکی خێرا و دوو ڕەهەندی و بەردەوام دەبین لە پشتگوێخستنی زۆرێک لە هێڵکارییەکانی دیکە؛ وەکو چوارچێوە، واتا، بۆن، دەست لێدان و تام.

ئەگەر کامێراکانی ناو گیرفانمان ساتەکانمان بێدەنگ بکەن و بنە یادەوەری دوو ڕەهەندی، ڕەنگە دەوڵەمەندترین یادەوەرییەکانی ژیان باشتر لەلایەن هۆشی هەستیاری تەواومانەوە

a Donna Freitas, The Happiness Effect: How Social Media Is Driving a Generation to Appear Perfect at Any Cost (New York: Oxford University Press, 2017), 4.

b Jeff Jacoby, "Free Your Eyes from the Shackles of the Shutter," The Boston Globe (Oct. 4, 2015).

لـە سـاتەوەختەکەدا «بگیرێـن»؛ پاشـان لـە ڕۆژانەمـان بنووسرێتـەوە. ئـەم پەیڕەوکردنـە سـادەیە سـەلماندوویەتی کـە ئامرازێکـی دەوڵەمەنـدە بـۆ پاراسـتنی یـادەوەری مرۆڤـەکان بـە درێژایـی سـەدەکان. وێنەگرتـن نیعمەتـە، بـەڵام ئەگـەر زۆر بـە خێرایـی ڕوو لـە ئاپـی کامێراکانمـان بکەیـن، ئـەوا دەکرێـت مێشـکمان شکسـت بهێنێـت لـە وێنەگرتنـی سـاتە ڕاسـتەقینەکان و وردەکارییـە دەوڵەمەندەکانـی ئەزموونێکـی زینـدوو لـە بەرامبـەر یادەوەرییـە بیـنراوە تەختکـراوەکان. لـە ڕاستیدا، ڕەنگـە کامێـرای دەسـتبەجێ زیندووتریـن بیرەوەرییەکانمـان بەفیـڕۆ بـدات. بـەڵام هەتـا ئـەو کاتـەی قەناعـەت بـەم شـتە نەکەیـن، ئێمـە بـەردەوام دەبیـن لـە گرتنـی مۆبایلەکانمـان بـەرەو پاڵنەرێـک لـە کاتـی ڕوودانێکـی نائاسـایی (یـان تەنانـەت کەمتریـش بێـت لـە نائاسـایی).

سـێیەم، وە لـە هەمـووی فێڵاویـتر، مـن پرسـیار دەکـەم ئایا ئـەم پاڵنـەرە جڵەوگیرنەکـراوە شـتێکی قووڵـتر و تاریکـتر لـە ئێمـەدا ئاشـکرا دەکات، بێباوەڕییەکـی دیاریکـراو کـە پاڵنەرمانـە، شـتێکی زیاتـر لـە درۆیـەک دەچێـت کـە ڕەنگـە سـاتێکی دیاریکـراو دوا دەرفەتمـان بێـت بـۆ نزیکبوونـەوە لـە گەورەیـی. لـە بنەڕەتـدا ئەمـە ئـەو فێڵـە بـوو کـە ئـادەم و حـەوای کـردە ئامانـج، لـەو کاتـەوە دڵـی هەمـوو مرۆڤێـک فێڵبـاز دەکات.[a]

گونـاە سـەبارەت بـە داهاتـوو درۆ دەکات. گونـاە پێـم دەڵێـت، ئەگـەر ئێسـتا ئـەم دەرفەتـە نەقۆزمـەوە بـۆ شـکۆمەندی، بـۆ هەمیشـە لەدەسـت دەچێـت. بۆیـە ئێمـە مۆبایلەکانمـان ئاراسـتەی کەسـایەتییە نـاودارەکان دەکەیـن، ئەمـەش تەنیـا ئامـاژە بـە لەبیرچوونمـان دەکات. ژیانـی هەتاهەتایـی لەبیـر دەکەیـن. ئێمـە بـە ئاسـانی ئـەو بـاوەڕە لەدەسـت دەدەیـن کاتێـک ئەندێشـە بکەیـن کـە ڕۆژێـک دێـت جیهـان بـە میـرات دەگریـن و بەناوبانگـتر و دەوڵەمەندتـر دەبیـن لـەوەی کـە جۆنـی دیـپ لـەم ژیانـەدا ئەندێشـەی بـکات.[b] ئێمـە ئێسـتا پشـکی خۆمـان لـە شـکۆمەندی دەوێـت، لەبـری ئـەوەی چاوەڕێـی «شـکۆی داهاتـوو کـە تیامانـدا ئاشـکرا دەکرێـت»[c] بکەیـن. چـی دەبـوو ئەگـەر چرکـەی سـێلفی سـناپچات و ئینسـتاگرامی پـڕ لـە ئەسـتێرەکانمان لاوازی هیوامـان بـە داهاتوومـان ئاشـکرا بکـەن؟[d]

## ئازادبوون

کەواتە چۆن دەتوانین بە داناییەوە بڕۆین (وە کلیک و هاوبەش «شێر - Share“ بکەین)؟

یەکـەم، دەبێـت بـە سـادەیی دان بـەوەدا بنێیـن کـە ئێمـە ئامانجـی کۆمپانیـا گـەورە

a پەیدابوون ٣: ٤-٥.

b زەبـوور ٣٧: ١١؛ مەتـا ٥: ٥؛ ٢٥: ٢١؛ یەکـەم کۆرنسـۆس ٣: ٢١-٢٣؛ دووەم تیمۆسـاوس ٢: ١٢؛ یاقـوب ٢: ٥؛ ئاشـکراکردن ٢: ٢٦؛ ٥: ١٠.

c ڕۆما ٨: ١٨؛ یەکەم پەترۆس ٥: ١.

d فیلیپی ٣: ١٩.

دیجیتاڵییەکانیـن کـە دەتوانـن ئێمـە بکەنـە بەکارهێنـەری بێئـارام بـۆ ناوەڕۆکـی سـتراتیژی نێوەندگیـر. لێـرەدا ناتوانیـن بێهەڵوێسـت بیـن. مـاوەی سـەرنجدانمان کراوەتـە پـارە، ئالوودەبوونمـان بـە مۆبایـل کاڵایەکـی بازرگانییـە کـە بـە ملیارەهـا دۆلار هەژمـارد دەکرێـت نـەک تەنیـا بڕێـک پـارە. زۆرجـار چەنگاڵەکـە بـە شـێوەیەکی فریـودەری بیـنراو دێـت. دیسـانەوە ئـەم ئامـرازە لـە بنەڕەتـدا هەڵـە نییە. هونـەری دیجیتاڵـی و پەیـام نـاردن دەکرێـت بـۆ شـکۆمەندی خـودا ئەنجـام بدرێـت، وە بـە باشـی ئەنجـام بدرێـت. بـەڵام دەبێـت بزانیـن کـە ئێمـە مەرجـدار دەکرێیـن کـە ڕوو لـە مۆبایلەکانمـان بکەیـن کاتێـک دەمانەوێـت سەرسـام و واقوڕمـاو بیـن، لـە بەرامبـەردا، بـۆ قازانجـی کۆمپانیـاکان دەدۆشرێیـن. بـە هەمـان شـێوە ناوەندەکانـی سۆشـیال میدیـا کاری بازرگانـی زەبەلاحـن کـە نرخـی پشـکی گشـتییان هەیـە، تەنیـا لـەو کاتـەدا دەتوانـن بەهایـان گەشـە بـکات کـە مەرجـمان بـۆ دابنێـن بـۆ ئـەوەی ببینـە ئەکتـەر لەبـەردەم مۆبایلەکانمانـدا.[a]

دووەم: دەبێـت فێربیـن چێـژ لـە ژیانـی ئێسـتامان وەربگریـن بـە بـاوەڕ؛ واتـا چێـژ لـە هـەر سـاتێکی ژیـان وەربگریـن بەبـێ ئـەوەی هەسـت بکەیـن ناچاریـن "وێنـەی بگریـن". ڕەوتێکـی گەشەسـەندوو لەنێـو مۆسـیقاژەنە گەڕۆکـەکان هەیـە کـە داوا لـە هـەواداران دەکـەن وێنـەی کۆنسـێرتەکان بـە مۆبایـل نەگـرن. دەڵێـن مۆبایلەکـە لـە گیرفانـی خۆتـدا هەڵبگـرە و چێـژ لـە ساتەکە وەربگـرە. ئـەم ئاراسـتەیە هاوتەریبـە لەگـەڵ شـتێک لـە چێژوەرگرتنـی بـاوەڕداران بـە مەسـیح لـە بەخششـەکانی خـودا. لـە مۆبایلەکـەت دووربکـەوە، بچـۆ خێوەتهەڵـدان، تەماشـای ئەسـتێرەکان بکـە، پیاسـەیەک بـە سروشـتدا بکـە؛ هـەر شـتێک کـە بەدیهێـنراو نزیکـتر و دەوڵەمەندتـر بـکات لـە پیکسـڵ.

---

a سـێس گۆدینـی خاوەنـکار دەڵێـت: «سۆشـیال میدیـا بـۆ ئـەوە دانەهێـنراوە بـۆ ئـەوەی باشـتر بیـت، بەڵکـو بـۆ ئـەوە داهێـنراوە کـە تـۆ پـارە بـۆ کۆمپانیاکـە بهێنیـت. لـەو ڕێگەیـەوە دەبیتـە کارمەنـدی کۆمپانیاکـە، تـۆ ئـەو بەرهەمـەی کـە ئـەوان دەیفرۆشـن. وە دەتخەنـە نـاو چەرخێکـی بچووکـی هامسـتەر و جارجـارە پارچەیـەک شـیرینی فـڕێ دەدەنـە ناویـەوە... کۆمپانیـا گەورەکانـی سۆشـیال میدیـا لـە کاڵای گشـتی زۆر گرنـگ و بەسـوودەوە کـە بەهایەکـی زۆریـان هەیـە، گـۆڕاون بـۆ کۆمپانیـای گشـتی لـە ژێـر فشـاردا بـۆ ئـەوەی نرخـی پشـکەکان بەرزبێتـەوە.»

Tim Ferriss, The Tim Ferriss Show podcast, "How Seth Godin Manages His Life— Rules, Principles, and Obsessions," The 4-Hour Workweek, fourhourworkweek.com (Feb. 10, 2016).

بـۆ زیاتـر پەرەپێدانـی لێکچوونەکـە، چەرخـی هامسـتەریش چەرخێکـی ددانـدارە، ددانەکانـی لەنـاو ددانەکانـی چەرخـی هامسـتەرێکی دیکـە گیرکـراوە. هەتـا ئـەو کاتـەی هامسـتەرێک ڕادەکات، هەمـوو چەرخەکانـی دیکـە دەخولێنـەوە، ئەمـەش هەمـوو هامسـتەرەکانی دیکـە ناچـار دەکات ڕابکـەن. هێـزی سۆشـیال میدیـا (پێکـەوە بەسـتنەوەی) تەوقـی یـەک ئامێـری تێکئـاڵاو دروسـت دەکات، کـەوا هـەر کاتێـک دەسـتی پێکـرد، ڕەنگـە بـە خێرایـی جیـاواز بجوڵێـت، بـەڵام دەبێتـە شـتێکی بـێ وەسـتان. ئامێرەکـە ڕاناوەسـتێت. دەبێـت هەمـوو هامسـتەرەکان ڕابکـەن.

سێیەم: دەبێت ئاهەنگ بگێڕین. ناتوانین ئارەزووی ڕۆحمان بشارینەوە بۆ ئەوەی کە سەرسوڕهێنەرە. ئامانجەکە ئەوە نییە هەموو میدیاکانی مۆبایلی زیرەک بێدەنگ بکەین، بەڵکو لە میدیای دروست خۆاک وەربگرین. ئێمە بۆ ئەوە بەدیهێنراوین کە دەوڵەمەندی شکۆمەندی خودا تەماشا بکەین، ببینین، تام بکەین و چێژی لێ وەربگرین؛ وە ئەو شکۆمەندییە زۆرجار لە ڕێگەی شکانەوەی تیشکی ڕووناکی لە هونەرمەندە لێهاتووەکانەوە بۆمان دێت. ئارەزووی تێرنەکراوی ئێمە بۆ ڤیدیۆ و میم (Meme[a]) و تویتەکانەوە دێت و بەرهەمی ئارەزووی شکۆمەندییە کە خودا پێی بەخشیوین. جیهانێکی بە چێژی سەرسوڕهێنەری میدیایی بەدیهێنا بۆ ئەوەی ئێمە چێژ وەرگرتن و لە باوەشگرتن و بە بەهادار زانینمان هەبێت بۆ هەر شتێک کە «ڕاست و ڕێزدارن، دادپەروەر و پاکن، خۆشەویست و ناوبانگ باشن، ڕەوشت بەرز و شایانی ستایشن.» ئەمەش زۆر سەرقاڵمان دەکات بە سەرسامبوون بە کتێبی پیرۆز، سروشت، وە بە نیعمەتی خودا لەو کەسانەی کە بەدیهێناون.

## ڕەوایەتی خۆراکدان

ئێمە کە پڕ دەبین لە ڕاستی کە لەلایەن نێوەندگیرەوە بۆمان گواستراوەتەوە، دڵگەرمتر دەبین لە تامەزرۆییمان بۆ ئەو هونەرەی لەلایەن نێوەندگیرەوە پێمان سپێردراوە. بۆ تۆڕەکانی ئینتەرنێتمان، ئێمە زیاتر وەک پاڵێوەرین (فلتەر)، وەک خوێ و ڕووناکی-کردەوەیەکی خۆشەویستی دەکەین لەوەی کە بڵاوی دەکەینەوە و هاوبەشی دەکەین و بەدڵمانە (لایکی دەکەین). ڕەتیدەکەینەوە گوازەرەوەی بێ ئەقڵ بین بۆ نوێترین میمی بەربڵاو. بەڵکو ئێمە وەک باوەڕدارێک بە مەسیح دەژین کە «بەرخۆدانێکی گفتوگۆئامێز» پێشکەش دەکەین؛ ئەمەش بەو واتایەیە کە ئێمە لە ڕێگەی تێگەیشتنی تاکەکەسیمانەوە پەیامەکانی جیهان دەپاڵێوین، وە دواتر لە ڕێگەی یەزدانناسییەکی بەهێزی ڕاستی، توانا و واتا لە خوداوە لە ئینتەرنێت هاوبەشی دەکەین.[b]

بۆ ئەنجامدانی ئەمەش، دەبێت لە داوی دونیای نێوەندگیری بەرهەمهێنەر ڕزگارمان بێت و دوور بکەوینەوە بۆ ئەوەی ژیانی خۆمان بژین. لە یادی نۆ مانگەی وازهێنانی لە سۆشیال میدیا -بە تەواوی لە ئینستاگرام، پینتەرێست، فەیسبووک و تویتەر- هاوسەرەکەم ڕووی لە من کرد و گوتی، ”خووەکانی سۆشیال میدیای ناچاری بازرگانییەکی خراپن: کاتێکی ئێستای تۆ لە بەرامبەر زنجیرەیەکی بێکۆتایی لە کاتەکانی ڕابردووی کەسێکی

a میم Meme: میم، یەکەی زانیاری کەلتووری کە بە لاسایی بڵاودەبێتەوە. لە (میمێما)ی یۆنانییەوە وەرگیراوە کە بە واتای ”لاسایی“ دێت. لە ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن زانای بایۆلۆجی پەرەسەندنی بەریتانی ڕیچارد داوکینز لە بەرهەمی جینی خۆپەرستیدا ناسێندرا -وەرگێڕ.

b Oliver O’Donovan, Ethics as Theology, vol. 2, Finding and Seeking (Grand Rapids, MI: Eerdmans, 2014), 83, 87.

دیکەیە.“ ئەو ڕاست دەکات سەبارەت بە تێچوونەکە. ژیانمان لە سۆشیال میدیا دەکرێت ببێتە هۆی ڕاگرتنی بژێویمان.

یان وەک ئەندی کرۆچ دەڵێت، ئالوودەبوونی مۆبایلی زیرەکمان دەبێتە هۆی کوێریمان بەرامبەر بە بەدیهێنراوان. لە ئامادەنەبوونی ڕازاندنەوەی دیجیتاڵی درێژخایەن، دەتوانین هەست بکەین بە بچووکی و کەمتر گرنگی، زیاتر مرۆڤایەتی، ئازادی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو جیهانەی کە بانگهێشت کراوین بۆ خۆشویستنی.[a] کاتێک سەرنجمان لەسەر ەەوڵەکانمانە بۆ داڕشتنی دیمەنی داهاتوو لە «ژیاننامەی بەردەواممان“دا بە دڵنیاییەوە کوێربوون لەئاست سەرسوڕهێنەری بەدیهێنراوان گەشە دەکات.[b] لەبری ئەوە، کرۆچ دەڵێت، ”هەموو داهێنانێکی ڕاستەقینە و بەردەوام لە کاردانەوەی قووڵ و مەترسیدار لەگەڵ پڕی بەدیهێنراوان سەرچاوە دەگرێت.“ کەواتە ’لەناو بەدیهێنراوانی شکۆمەند و سەرسامکەر دەربچن و با خودا دڵت بجولێنێت و بیگوشێت. پاشان شتێکت دەبێت لە ئاوێنە ڕوونەکەدا پێشکەشی بکەیت کە ”سۆشیال میدیا“؛ وە لە جیهانی تەواو و ڕاستەقینەدا کە داوای بەشداریکردنی هەموو دڵ و دەروون و ڕۆح و هێزمان دەکات.“[c] بەڵێ، لە شاشەکان دوور بکەوە، وە با شکۆمەندییەکانی بەدیهێنراوان دڵت بگوشێت و با دەستکردی ژێرمەندانەی خودایی داهێنەر بتشوات کاتێک لە شاخەکاندا خلیسکێنە دەکەیت، وە لە ڕێڕەوە سروشتییەکان دەڕۆیت، لەناو زەریاکان مەلە دەکەیت. بەڵام هەر لەو ئاستە ڕامەوەستە. هەروەها سەربکەوە بۆ سەر لوتکەکانی کتێبی پیرۆزیش. با وشەی خودا مەبەستەکانت و پاڵنەرە ڕاستەقینەکانت ببڕێت، وە با خۆت سزا بدرێیت، بشکێنرێیت و نوێ بکرێیتەوە؛ ئەمە هەستی ڕاوەستانە لە ئامادەبوونی دڵخۆشانە لەبەردەم خودادا.[d]

پاشان هەموو ئەو بەخششانەی خودا بەدیهێناوە و بەتۆی ڕاگەیاندووە ببە و وا بکە هەموویان لە ژیانێک دەربکەون کە نیشانی جیهانی بدات خودا بەڕاستی چەندە شکۆمەند و ڕازیکەرە. ئەمە گێڕانەوەی نهێنی «بەدیهێنان“ی هونەری دیجیتاڵی گەورەیە بە هەموو شێوە و جۆرەکانیەوە.

---

a Andy Crouch, “Small Screens, Big World,” Andy Crouch, andy-crouch.com (April 8, 2015).

b ئەو پوختەیەی کە سی ئێس لویس پێشکەشی کردووە سەبارەت بەو پاڵنەرەی ڕێنوێنی شەیتان دەکات لە قەسیدەی داستانی جۆن میلتۆن «بەهەشتی وون – Paradise Lost». پاش ئەوەی شەیتان ئاسمان و دۆزەخ و هەموو گەردوونەکانی تێپەڕاندووە، دواجار تەنیا سەرنجی لەسەر خۆی دەبێت؛ بێزارییەکی بێکۆتایی کە دەربازبوون لێی نییە. ئادەم، کە لە باخچەیەکی بچووکدا لەدایکبووە، هێندە بە خێرایی پڕ دەبێت لە سەرسامی و سەرسوڕمان لەبەردەم بەدیهێنراوان هەتا ئەو ئاستەی کە پێدەچێت لە گەورەیی هەموو ئەمانەدا خەریکە خۆی لەبیر بکات. بڕوانە:
C. S. Lewis, A Preface to Paradise Lost (London: Oxford University Press, 1961), 101–3.

c Joshua Rogers, “Five Questions with Author Andy Crouch,” Boundless, boundless.org (June 15, 2015).

d عیبرانییەکان ٤: ١٢-١٣.

**بانگهێشت بۆ هەموو هونەرمەندان (گەشتێک)**

ئێستا بەشەکە کۆتایی هات، وە بە شێوەیەکی سەرەکی قسەی لەگەڵ بەکارهێنەرانی ناوەڕۆک دەکرد، بەڵام دەبێت بە تایبەتیتر قسە بکەم لەگەڵ هونەرمەندە ڕژدکانی دیجیتاڵی (لە هەموو ئاستەکانی لێهاتوویی)، وە ئەمە وەک شوێنێکی باش دەردەکەوێت. بەم شێوەیە پەراوێزێک دەست پێدەکات بۆ هونەرمەندان، هاوبەشکەران و داهێنەران.

ئەو باوەڕدارانەی مەسیح کە لە سۆشیال میدیای دیجیتاڵی دادەهێنن و بڵاوی دەکەنەوە، دەرگا و دەرفەتی کراوەیان زیاترە بۆ دەربڕین لە چاو هەر کاتێکی دیکە لە مێژووی کڵێسادا. هەڵوێستی کڵێسا بەرەو دواوە و دوور لە میدیای دیجیتاڵی نییە، بەڵکو بەرەو پێشەوە و کراوەیە بۆ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ؛ بۆ بەرهەمهێنانی بابەت، شیعر، وتە، مۆسیقا، فیلم، ڤلۆگ، پۆدکاست، ڕۆمان، فۆتۆگرافی و تابلۆ، هەموو ئەمانە بە مەبەستی ڕەنگدانەوەی شکۆمەندی خودا، سەرقاڵکردنی جیهان بە جیهانبینی کتێبی پیرۆز و تەنانەت ڕاگەیاندنی هیوای ئینجیلە.

ئەو لێکچوواندنەی عیسا بۆ کاری ئینجیل باسی کرد جووتیارێکە کە تۆو بە هەموو جۆرە زەوییەکدا دەوەشێنێت، بەو هیوایەی هەندێک لەو تۆوانە ڕەگ دابکوتن و گەشە بکەن و گەورە بن و ببنە بەرهەم.[a] بە هەمان شێوە ڕابەر و هونەرمەندەکانی باوەڕدار بە مەسیح بانگهێشت دەکرێن بۆ ئەوەی ڕاستییەکان لە هەموو شوێنێکدا پەخش بکەن، بە نوێژکردن بەو هیوایەی بەشێکی لە دڵەکاندا ڕەگ دابکوتێت. من بانگەشە بۆ میمە زێدەڕەوییە ئایینییەکان ناکەم، بەڵکو ڕەنگدانەوەی قووڵ، بیرلێکراوە و ڕەسەن کە لەو شوێنە سەرهەڵدەدەن کە بەدیهێنراو و ڕاستییەکانی کتێبی پیرۆز لەگەڵ ژیان و خواپەرستیت یەکدەگرنەوە. هونەرمەندانی باوەڕدار بە مەسیح ئەم یەکتربڕینە کەسییە بە بەهرەی ناوازە و واتادار دەردەبڕن. وە هەموومان ئامرازەکانمان هەیە. هەر کەسێک مۆبایلێکی هەیە تەنیا بەکارهێنەری ناوەڕۆک نییە، بەڵکو ئێستا بەرهەمهێنەر و بەکاربەرە؛ وەک دەڵێن بەرهەمهێن-بەکاربەر (Prosum-er). هەموومان داکۆکیکار و مامۆستا و پێغەمبەرین، قسە دەکەین بۆ ژیانی کەسانی دیکە. ئەم شێوازە نوێیانەی دەربڕینی ڕۆشنبیری کە بە دەستی هونەرمەندەکانی تێگەیشتوو تیژ دەکرێنەوە، دەبنە چەکی ستراتیژی ئینجیل.

---

a مەرقۆس ٤: ١-٢٠.

ئەم دەرفەتە سەرسوڕهێنەرە پرسیارێکی گەورە دەوروژێنێت:

ئامانجی کۆتایی هونەرەکەم چییە؟ تەکنەلۆژیا پراگماتیکە[a]؛ فشارمان لەسەر دروست دەکات کە بپرسین چۆن، نەک بۆچی.[b] میکانیزم و تەکنیکەکانی تەکنەلۆژیا بە شێوەیەکی سروشتی سەرکەوتوو دەبێت سەبارەت بە پرسیارەکان دەربارەی ئامانجە کۆتاییەکان. ئیتر، لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، دەبێت ئەم پرسیارەی ئامانج بەردەوام دووپات بکەینەوە.

ئەو باوەڕدارانەی کە ئەم پرسیارە دەکەن («بۆچی هونەر دروست دەکەم؟») بۆیان دەردەکەوێت کە «خۆدەربڕین» وەڵامێکی بەس نییە. فەرمانمان پێکراوە کە بەردەوام خۆمان هەڵسەنگێنین بۆ هەموو ڕەفتار و پەیڕەوکردنێک، ئەمانە بە ئامانج ، مەبەست و خواست دەپێورێت. پۆڵسی نێردراو لە گفتوگۆیەکی کۆندا پێوەرێکی زێڕینی ڕەوشتی باوەڕدارمان پێدەدات.

دروشمێکی زاڵ لە کۆرنسۆسی کۆنەوە: «هەموو شتێک بۆ من دروستە».

پۆڵس وەڵامی دایەوە: «بەڵام ەەموو شتێک سوودبەخش نییە».

دیسانەوە دروشمەکە هاتەوە، ڕەنگە دەنگێکی بەرزتر بێت: «هەموو شتێک بۆ من دروستە».

پۆڵس وەڵامی دایەوە: «بەڵام هیچ شتێک بەسەرمدا زاڵ نابێت».

بۆ جاری سێیەم دروشمە هاتەوە و ڕەنگە ئەمجارە توندتر بێت «هەموو شتێک بۆ من دروستە».

پۆڵس دووپاتی کردەوە: «بەڵام ەەموو شتێک بنیادنەر نییە».[c]

ئازادی لە مەسیحدا ئەوە نییە هەرچیت بوێت بیکەیت؛ بۆ دڵنیایی خۆڕاگرییە و بۆ دوورکەوتنەوەیە لە کۆیلایەتی گوناهی کەلتوورییە. ئازادیم لە مەسیحدا چاوم پێدەبەخشێت بۆ ئەوەی بزانم هەموو

a مامەڵەکردن لەگەڵ شتەکان بە شێوەیەکی ئەقڵانی و ڕاستی بە شێوەیەک کە لەسەر بنەمای ڕەچاوکردنی پراکتیکی بێت نەک تیۆری -وەرگێڕ.

b Langdon Winner, Autonomous Technology: Technics-out-of-Control as a Theme in Political Thought (Cambridge, MA: MIT Press, 1977).

c یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٢، ١٣؛ ١٠: ٢٣.

شتەکان یارمەتیدەر نین بۆ من، یارمەتیدەر نین بۆ خەڵکی، یان قبوڵکراو نین بۆ شایەتیدان من لە جیهان.

لە بنەڕەتدا، پۆڵس بەردەوام فشار دەخاتە سەر داهێنەرانی باوەڕدار بە مەسیح کە سێ پرسیار بکەن:

- کۆتایی: ئایا هونەر و سۆشیال میدیاکەم خەڵکی ئاراستە دەکەن بەرەو خودا؟
- کاریگەری: ئایا هونەر و سۆشیال میدیاکەم خزمەتی بینەرەکانم دەکەن و بنیادیان دەنێت؟
- کۆیلایەتی: ئایا هونەر و سۆشیال میدیاکم زیندانیم دەکەن بۆ کۆیلایەتی ناتەندروست لەگەڵ نێودەنگیرەکەم؟

**قورسایی قسەکانم لەسەر کەسانی دیکە**

ئەم بنەمایانە ڕاستن لە هەموو ئەو شتانەی کە دروستی دەکەین، بەڵام بە تایبەتی لەگەڵ ئەو وشانەی کە دایاندەڕێژین. تەنانەت وشە دیجیتاڵییەکانیشمان دەبێت کەسانی دیکە بەرەو خودا ئاراستە بکەن. «وشەی پووچ» ناتوانێت ئەمە بکات، بۆیە عیسا پێمان دەڵێت کە «هەموو وشەیەکی پووچ» پێویستە فڕێبدرێت.[a] پێویستە لە وشە لەناوبەرەکان ڕزگارمان بێت.

بۆ بەکارهێنانی یەکێک لە نموونە سەرنجڕاکێشەکانی کتێبی پیرۆز، زمانمان وەک ئاگر وایە؛ توانای دەربڕینی بەرەکەتی هەیە و هەروەها توانای لەناوبردنیشی هەیە.[b] بە زمانمان خودا شکۆمەند دەکەین و هەر بە زمانیشمان نەفرەت لە هەڵگرانی وێنەی خودا دەکەین. زمانێکی دەستەمۆنەکراو وەک چەرخێکی گڕدار وایە و بە درێژایی ڕێڕەوەکەیدا دەخولێتەوە و لەگەڵ ڕۆشتنیدا بڵێسەی ئاگر بڵاودەکاتەوە. ئێمە بەردەوام بە زمانمان (بە بەکارهێنانی پەنجە گەورەمان) لە چاتکردندا پاڵ بە ڕێڕەوی یەکترەوە دەنێین.

ڕەنگە پێغەمبەرانەترین وشەی سی ئێس لویس بۆ سەردەمی دیجیتاڵی ئەم تەوەرە بێت. نووسیویەتی: ”ژیان لە کۆمەڵگەیەکی

---

a مەتا ١٢: ٣٦.

b یاقوب ٣: ١-١٢.

ئەگەری خودایەتی و خوداوەندەکاندا مەترسیدارە“، کە ئەمە دەڵێت مەبەستی ئەوە نییە مرۆڤ بۆ پێگەی خودا بەرز بکاتەوە، وەک ئەوەی لە بەهەشت مار بە درۆکەی کردی، بەڵکو وەک خوداوەند و خوداوەندەکان لە دۆخی شکۆمەندی خۆیاندا لە بەدیهێنراوی نوێدا. ڕەنگە بتوانین ئەندێشەی بکەین کە شکۆمەند بووین، بەڵام زۆرجار ئەم ئەندێشەکردنەمان بۆ دراوسێکانمان نییە. لە ڕاستیدا، ”ماتترین و ناسەرنجڕاکێشترین کەس کە دەتوانیت قسەی لەگەڵ بکەیت، ڕەنگە بوونەوەرێک کە ئەگەر ئێستا ببینی، ڕۆژێک فریودانێکت لەلا دروست بێت بۆ ئەوەی بیپەرستیت، یان ترسناکی و گەندەڵییەکی وەک ئەوەی ئێستا چاوت پێی دەکەوێت، تەنیا لە کابوسێکدا, بە گریمانەی ئەوەی دەکرێت.“[a]

بە دڵنیاییەوە هەموو مرۆڤێک لەبەردەم خودادا ڕادەوەستێت بۆ ئەوەی حیساب بۆ ژیانی خۆی بدات و قورسایی هەمیشەیی باوەڕ یان بێباوەڕی خۆی هەڵبگرێت. بەڵام ئەوەش بە ڕاستی دەمێنێتەوە کە هەموو ڕۆژێک ئێمە بە یەکێک لە دوو ئاراستەدا ڕێنوێنی یەکتر دەکەین: (١) بەرەو مەسیح؛ بەرەو جوانییەکی هەتاهەتایی کە ڕۆژێک زۆر دڵخۆشمان دەکات، یان (٢) بەرەو ڕەتکردنەوەی مەسیح؛ بەرەو ناشیرینییەکی شێواو و خراپبوونی ڕۆحی هەتاهەتایی، هەردەم ئەو خراپەیەمان دەهێنێتەوە یاد کە تەنیا بەزەحمەت لە فیلمە ترسناکە نوێیەکان ئاماژەی پێدەکرێت. ”لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ئەگەرە سەرسەختانەدا، بەو سەرسامی و وریاییەی بۆی دەگونجێت، دەبێت هەموو مامەڵەکانمان بەڕێوەببەین لەگەڵ یەکتر، هەموو هاوڕێیەتییەک، هەموو خۆشەویستییەک، هەموو یاریکردنێک، هەموو سیاسەتێک“؛ وە هەموو ئەوەی هەمانە لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا. ”خەڵکی ئاسایی بوونی نییە. هەرگیز لەگەڵ مرۆڤێکی سادە قسەت نەکردووە. گەلان، کەلتوورەکان، هونەرەکان، شارستانیەتەکان؛ هەموو ئەمانە بەسەردەچن، ژیانیان بە بەراورد بە ژیانی خۆمان وەک ژیانی پێشکەیە. بەڵام ئەوە نەمرەکانن کە ئێمە گاڵتەیان لەگەڵ دەکەین، کاریان لەگەڵ دەکەین، هاوسەرگیرییان لەگەڵ دەکەین، ڕەتیان دەکەینەوە، فێڵیان لێ دەکەین؛

a C. S. Lewis, The Weight of Glory: And Other Addresses (New York: HarperOne, 2001), 45.

ئەمانـە یـان ترسـناکی نەمـرن یـان شـکۆمەندی هەتاهەتایـی."[a]

بێگومـان ئـەم هۆشـدارییە ڕاسـتەوخۆ پەیوەنـدی هەیـە بـە هێرشـی ئەلیکترۆنیـەوە (cyberbullying)، بـەڵام بنەماکـە درێژدەبێتـەوە بـۆ هەمـوو گفتوگـۆ نووسـراوەکانمـان و تویتەکانمـان. لـە پشـتی وشـەکانی سـەر زارمـان ئارەزووەکانـی دڵـمان ئاشـکرا دەکەیـن، وە ئـەو ئارەزووانـەش هەمیشـە ئـارەزووی نـوێ لـە دڵـی کەسـانی دیکـە دەوروژێنـن.[b]

بـە کورتـی: دەیڤیـد پـلات دەڵێـت: "ئـەو کەسـانەی کـە بـە نامـە قسـەیان لەگـەڵ دەکەیـن و تویتیـان بـۆ دەنێـرن، ملیارەهـا سـاڵی داهاتـوو یـان لـە بەهەشـت یـان لـە دۆزەخـدا بەسـەر دەبـەن."[c] وە هێڵـی تێپەڕینـی کاتـی کەمکراوەتـەوە. ڕەنگـە دار و بـەرد ئێسـک بشـکێنن، بـەڵام نووسـین و تویتـەکان ڕۆحـی هەتاهەتایـی پاڵدەنێـت بـۆ یەکێـک لـەم دوو ئاراسـتەیە. بـا ئـەم ڕاسـتییە ورياکەرەوەيـە ڕێنمایـی هونەرەکـەت بـکات.

### قورسایی قسەکانم لەسەر خۆم

لێرەدایـە کـە هەروەهـا دەبێتـە شـتێکی کەسـی. کاتێـک بـاس لـە زمانمـان دەکرێـت، عیسـا ئاگادارمـان دەکاتـەوە لـەوەی کـە ئێمـە ئـەو شـتانە دەڵێیـن کـە پێشـتر لـە دڵمانـدا هەڵگیـراون: «ئـەوەی لە دەمـەوە دێتـە دەرەوە، لە دڵـەوە سەرچـاوە دەگرێـت کە دەبێتـە هۆی گڵاوبوونـی مـرۆڤ» (مەتـا ١٥: ١٨). بـە تەنیـا سـەرچاوەی دڵـی وشـەکانمان پشـکنینێکی باشـە بـۆ بەکارهێنانـی سۆشـیال میدیـا، چونکـە وشـە تایپکـراوەکان بـە پەنجەمـان خۆشەویسـتی و ئـارەزووە سـەرەکییەکانی دڵـمان دەردەخـەن. عیسـا ڕوونـی دەکاتـەوە کـە قسـەکانمان تەنیـا ئێمـە ئاشـکرا ناکـەن، بەڵکـو هەروەهـا شوناسـمان دیـاری دەکـەن؛ نـەک هـەر تەنیـا شوناسـمان دیـاری دەکـەن، بەڵکـو دەتوانێـت لەناومـان بـبن.

عیسـا نموونەیـەک بـاس دەکات کـە لـە هەمـوو کتێبـی پیـرۆزدا هەیـە: «ئـەوەی ئـاگای لە دەمـی بێـت گیانـی خۆی دەپارێزێـت، بـەڵام

---

a هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٤٦.

b دەربارەی هێزی ئارەزووی لاساییکردنەوەی ئارەزوو، بڕوانە:

René Girard, Deceit, Desire, and the Novel: Self and Other in Literary Structure (Baltimore: Johns Hopkins Press, 1965), and Theater of Envy: William Shakespeare (New York: Oxford University Press, 1991).

c David Platt, sermon, "The Urgency of Eternity," Radical, radical.net (March 10, 2013).

ئەوەی زمان درێژی دەکات لەناودەچێت» (پەندەکانی سلێمان ١٣: ٣)؛ «قسەی زاری دانا شیرینە، بەڵام گێل لێوەکانی خۆی هەڵیدەلووشن» (ژیرمەندی ١٠: ١٢). سەرنج بدەرە بەجەستەبوونی قسەکانمان. بەردەوام و چەندبارە ئاگادار دەکرێینەوە کە هەر جارێک قسە دەکەین، وشە بۆ جیهان لەدایک دەبێت. ئێمە قسە لەسەر میراتێک دەکەین. قسەکانمان لە دەوروبەرمان دەمێننەوە، لە بەهێزیدا گەشە دەکەن، یان باشترمان دەکەن یانیش وەک ئاگری جڵەوگیرنەکراو لەدژی ئێمە هەڵدەگەڕێنەوە. ئەگەر خۆمان جڵەوگیر بکەین، ئەوا ئەو وشانەی کە بۆ بنیادنانی کەسانی دیکە بەکاری دەهێنین، ئێمەش بنیاد دەنێت. بەڵام ئەگەر خۆجڵەوگیرکردنمان نەبێت، ئەوا وشە دیجیتاڵییە نەپاڵێوراوەکانمان کە لە ڕێگەی مۆبایلەکانمانەوە دەیڵێین، وەکو سوپایەک دەبێت کە لە دەممانەوە تف بکات و تووشی شەڕێکمان بکات، بە هەموو شێوەیەک زیان بە ژیانمان دەگەیەنێت؛ لە ڕووی سۆزداری، کۆمەڵایەتی، دارایی، جەستەیی و ڕۆحی.[a]

«مردن و ژیان بە دەست زمانە» (پەندەکانی سلێمان ١٨: ٢١). بە وشە دیجیتاڵییەکانمان دەتوانین کەسانی دیکە و خۆشمان لەناوببەین. بە وشە دیجیتاڵییەکانمان دەتوانین کەسانی دیکە بنیاد بنێین و خۆمان بەرەکەتدار بکەین. پەیوەندی قووڵی کتێبی پیرۆز کلیلەکەیە. وشەکانمان لەناومان دەبەن ئەگەر مەبەست لێی لەناوبردنی کەسانی دیکە بێت، بەڵام وشەکانمان بنیادمان دەنێن ئەگەر مەبەست لێی بەرەکەتدارکردنی کەسانی دیکە بێت. ئەمەش بەو واتایەیە کە بۆ زۆربەمان، لە ڕێگای پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیایە سادەکانمان، گەورەترین کاریگەری وشەکانی مۆبایلی زیرەکمان لەو هێز و کاریگەرییەدا دەبینرێت کە بەسەرمانیدا هەیە.

## بەکارهێنانی وشەی دیجیتاڵی

دابەشکردنی خێرای وەک ڕەشەبا لە وشە، مۆسیقا و وێنەی دیجیتاڵی ئامرازێکی گەورەیە، بەڵام پێویستی بە لێهاتوویی هەیە، کارامەییەک کە دەتوانین فێری بین بە گەڕانەوە بۆ قاڵبی ڕەوشتی سێ ڕەهەندی بۆ هەموو ئەوانەی لە باوەڕی مەسیحدا دەژین: (١) کوشتنی خووە

a زەبوور ٦٤: ٨؛ ١٤٠: ٩؛ پەندەکان ١٠: ١٤؛ ١٢: ١٣؛ ١٣: ٣؛ ١٤: ٣؛ ١٨: ٦-٨، ٢٠-٢١؛ ژیرمەندی ١٠: ١٢-١٤.

گوناهەکانی ژیان کە بەخشەکانی خودا خراپ بەکاردەهێنن، لە سایەی (٢) شکۆمەندی بەخشەر لەپێناو خودی بەخشەکان لە ڕێگای (٣) بەکارهێنانی بەخششەکان بە مەبەستی نێردراوییێتی. لەم حاڵەتەدا «بەخشش»ەکان بگۆڕە بە «بەخششی میدیای دیجیتاڵی». ئەو خووە گوناهانەی ژیان بکوژە کە لە ناوەندە دیجیتاڵییەکان بەخششە باشەکانی خودا خراپ بەکاردەهێنن، ستایشی بەخشەر دەکەن بۆ بەخششی ناوەندی دیجیتاڵی بە بەکارهێنانی ناوەندی دیجیتاڵی بە ئامانجی نێردراوییێتی.

ئەگەر هەموو ئەو شتانەی لە فەیسبووک، تویتەر و سناپچات بڵاوی دەکەینەوە، وە هەرچی لە کورتەنامە و ئیمەیڵەکانماندا دەینووسین، بەرهەم هێنرابێت، ئێمە خۆمان بەرهەمهێنەرین. کەواتە، من چی بەرهەم دەهێنم، لەوەش گرنگتر، بۆچی بەرهەمی دەهێنم؟ پێش ئەوەی نامە بنێریت، تویت بکەیت، یان هونەری دیجیتاڵی لە ئینتەرنێت بڵاوبکەیتەوە، ڕاستگۆیانە لە خۆت بپرسە:

- ئایا ئەمە لە کۆتاییدا من یان خودا شکۆمەند دەکات؟
- ئایا ئەمە سۆزی تەندروست بۆ مەسیح دەوروژێنێت یان دەیکوژێنێتەوە؟
- ئایا ئەمە تەنیا بەڵگەنامەیەکە بۆ شتێک کە تەنیا من دەیزانم و ئەوانی دیکە نایزانن؟
- ئایا ئەمە وێناکردنی خۆم خراپ دەکات یان ڕەوایە؟
- ئایا ئەمە ئەگەری هەیە ئیرەیی لە کەسانی دیکەدا دروست بکات؟
- ئایا ئەمە یەکڕیزی بەهێز دەکات یان دووبەرەکی ناپێویست دەوروژێنێت؟
- ئایا ئەمە بنیاد دەنێت یان دەڕوخێنێت؟
- ئایا ئەمە گوناه کەڵەکە دەکات یان نایهێڵێت؟
- ئایا ئەمە هەوەسی گوناه دادەگیرسێنێت یان هۆشداری دەدات لە گوناه؟
- ئایا ئەمە زیادەڕۆیی لە بەڵێنەکان دەکات و هیوای درۆیین لە کەسانی دیکەدا دەچێنێت؟

لە وروژاندنی ئەم پرسیارانەدا، نامەوێت لە ترسدا هێندە ئیفلیج بم کە هاوبەشی نەکەم، هەروەها نامەوێت هێندە بێهەڵوێست بم کە کەمتەرخەم بم لەوەی هاوبەشی دەکەم. وەک یەکێک لە داهێنەران لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە، پێویستم بەم پرسیارانە هەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە دڵم هەر جارێک کە پۆست دەکەم یان بابەتێک بڵاو دەکەمەوە.

لە هەموو ئەمانەدا، من بەهای گفتوگۆ یان گاڵتە لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە فەرامۆش ناکەم. ئەمانە دەکرێت ئامرازی بەهێز بن بۆ مەبەستی نێردراوێتی. تەنانەت پۆڵسی نێردراویش درێغی نەکرد لە کەمکردنەوەی خۆی.[a] ئەمە ئیفلیجی نەکرد، بەڵکو وەک گوناهبارێکی ڕزگارکراو زەمینەسازی کرد و بە کەسێتی کرد. نکۆڵی لەخۆکردنێکی ستراتیژی هەیە کە لە ڕێگەی پێکەنین بە خۆمانەوە دێت و وا دەکات پلاتفۆرمەکەمان زیاتر بە کەسانی دیکە بگات. هەتا خودا زیاتر لە ئینتەرنێت بەکارت بهێنێت، وە هەتا زیاتر پەیوەندی ئینتەرنێتی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دروست بکەیت کە بە شێوەیەکی کەسی ناتناسن، زیاتر دەتوانیت بە شێوەیەکی ڕازیکەر نوکتە بەکاربهێنیت بۆ پێدانی سروشتێکی مرۆڤانەتر بە خۆت و تەنانەت بۆ ئەوەی پەیامی نیعمەتەکەت کاریگەرتر بێت. بۆ باوەڕداران بە مەسیح، نوکتە لە خۆیدا ئامانجێک نییە، بەڵکو ئامرازێکە بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا ڕاستییەکانی ئینجیل زیاتر ڕاستەقینە بێت بۆ ئەو کەسانەی کە لە ڕێگای ئینتەرنێتەوە دەتبینن (وەک دواتر دەبینین).

نوکتە بێت یان نا، خۆ دەربڕین بە تەنیا هەرگیز هۆکارێکی گونجاو نییە بۆ ئەوەی باوەڕداران بە مەسیح لەڕێگای ئینتەرنێتەوە پەیوەندی بکەن. بۆ چ چارەنووسێکی هەتاهەتایی کاریگەریم لەسەر کەسانی دیکە هەیە، تەنانەت لەسەر خۆشم؟ بە لەبەرچاوگرتنی ئەم بانگەوازە باڵایە، پۆڵس داوای نوێژ دەکات. کاتێک نوێژ دەکەین هەریەکەمان دەبێت بزانین کەی قسە بکەین، وەک پۆڵس، «نوێژ بۆ منیش بکەن تاکو هەر کاتێک دەمم دەکەمەوە قسەی گونجاوم بدرێتێ و ئازایانە نهێنی پەیامی ئینجیل ڕابگەیەنم» (ئەفەسۆس ٦: ١٩).

هەروەها دەبێت بزانین کەی بێدەنگ بین. چاکەکارییەکانی

a یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٩؛ یەکەم تیمۆساوس ١: ١٥.

سەردەمی ئێمە بریتین لە زیادە پەیوەندی و فرەکارکردن نەک تەنیایی و ڕامان. بەڵام دانایی ڕاستەقینە پێویستی بە جڵەوگیری زمانمان دەکات.[a] هەمان ئینجیل کە وشەمان پێدەدات بۆ ئەوەی بیڵێین، فێرمان دەکات چی نەڵێین.[b]

لە ئینجیلدا، پەیام و ئەرکمان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا دەبینینەوە. بۆیە ئێمە نوێژ دەکەین و دەڵێین، «ئەی پەروەردگار، با هیچ قسەیەکی گەندەڵ لە پەنجەم دەرنەچێت، بەڵکو تەنیا ئەوەی باشە بۆ بنیادنان، بەگوێرەی پێویست، بۆ ئەوەی وەبەرهێنانی من لە سۆشیال میدیا نیعمەت بەو کەسانە ببەخشێت کە دەیبینن.»[c]

---

a پەندەکانی سلێمان ١٠: ١٩؛ ١١: ١٢؛ ١٢: ٢٣؛ ١٣: ٣؛ ١٥: ٢٨؛ ١٧: ٢٧-٢٨؛ ١٨: ١٣؛ ٢١: ٢٣؛ ٢٩: ٢٠.

b تیتۆس ٣: ١-١١.

c بڕوانە ئەفەسۆس ٤: ٢٩.

# ٦

## ئێمە وەک ئەوەمان لێدێت کە "لایکی دەکەین"

ئـەو وشـە و وێنانـەی لـە مۆبایلەکانمانـدا بـڵاوی دەکەینـەوە کاریگەرییـان لەسـەر کەسانی دیکـە هەیـە (وەک لـە بەشـی ڕابـردوو بینیـمان). بـەڵام ئـەو وشـە و وێنانـەی کـە بەکاریـان دەهێنیـن دەمانگـۆڕن.

چیرۆکـی نێرگـزت[a] لەبیـرە؟ گەنجێکـی سـەرنجڕاکێش بـوو، بـەڵام خۆبەزلـزان بـوو و نەیدەتوانی خۆشەویستی لـە کـەس وەربگرێـت یان ببیەخشێت. بەهۆی سـۆز و خۆشەویستییە ساردەکەیەوە، خوداوەنـد نێمێسـیس بـە شـێوەیەکی زۆر بێهیوایـی نەفرەتـی لێکـرد، وای لێکـرد عاشـقی ئـەو وێنەیـە بێـت کـە بـۆ خـۆی وێنـای کردبـوو. ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ کـز بـوو و وێنەدانـەوەی خـۆی لـە ڕووی ئاوەکـەدا دەبینـی، تامـەزرۆی ئـەو وێنەیـەی خـۆی بـوو کـە دەیبینـی، هەتـا ئـەو ئاستـەی ڕۆژێـک سـەرنجی ڕەنگدانـەوەی وێنەکـەی خـۆی دا لـە بنـی بیرێـک و بازێکـی دا نـاوی و خنـکا.

نائاساییە بـەم شـێوەیە بیڵێیـن، بـەڵام وەک چـۆن نێرگـز کـە چـاوی بڕیبـووە نـاو ئاوەکـە، بـە خۆیـەوە سەرسام بـوو، ئێمـە دەچەمێینـەوە بەسـەر مۆبایلەکانمانـدا؛ وە ئـەوەی بـە زۆرتریـن خێرایـی سـەرنجمان ڕادەکێشـێت وێنەدانـەوەی خۆمانـە: وێنـە دووبارەبووەکانمـان، خشـتەی پەسـەندکردنمان، «لایک»ــە کەڵەکەبووەکانمـان. سۆشـیال میدیـا بووەتـە کۆمپانیـای پەیوەندییـە گشـتییە نوێیـەکان بـۆ مارکـەی بازرگانـی خـودی خۆمـان، وە ئێمـە بـە ناچـاری پوختـەی کارەکانمـان دەپشـکنین و نزیکـە لـە مەحاڵـەوە کـە لـە تەماشـاکردنی -وە خۆشویسـتنی- «خـۆی دووەم»مـان دوور بکەوینـەوە.[b]

کەواتـە کاتێـک بـاس لـە "ئالوودەبـوون بـە مۆبایلـی زیـرەک" دەکەیـن، زۆرجـار ئـەوەی باسـی دەکەیـن ئالوودەبوونـە بـە تەماشـاکردنی خۆمـان.

---

a نێرگـز یـان نرکسـوس یـان نەرسـیس (بـە یۆنانـی : νάρκισσος) لـە ئەفسانەی یۆنانیدا نێرگز ڕاوچییەکـی خەڵکـی تێسـپیا بـووە، بـە جوانییەکـەی بەناوبانـگ بـووە، کـوڕی خوداوەنـدی کیفیسـیا و نمفـی لیریـۆپ بـووە، خۆبەزلـزان بـووە و شـانازی بـە خۆیـەوە کـردووە هەتـا ئـەو ئاستەی هـەر کەسـێک خۆشـی بوویستبا پشـتگوێی دەخسـت و لێـی دوور دەکەوتـەوە. خوداوەنـد نێمێسـیس سـەرنجی ڕەفتارەکانـی دەدات و دەیباتـە دەریاچەیـەک و لـەوێ کـە ڕەنگدانـەوەی خـۆی لەنـاو ئاوەکـە دەبینێـت و عاشـقی خـۆی دەبێـت بەبـێ ئـەوەی بزانێـت ئـەوە تەنیـا وێنەیەکـی خۆیەتـی -وەرگێـڕ.

b Sherry Turkle, The Second Self: Computers and the Human Spirit (Cambridge, MA: MIT Press, 2005).

## خۆ گونجاندن

نێرگسیزمی دیجیتاڵی -سەرنجدانی بەردەوام و چەسپاوە لەسەر وێنەدانەوەی خۆمان- ناتوانێت بە شێوەیەکی جێگەی ڕەزامەندی شوناسمان پێناسە بکات و هۆکاری زۆریش هەیە بۆ ئەوە. لە بنەڕەتدا دۆزینەوەی شوناسمان تەنیا بابەتی خۆشەویستی خود نییە بەڵکو بابەتی خۆگونجاندنیشە.

ئێمە دەزانین هەرزەکاران بە ماندووبوونەوە هەوڵدەدەن بۆ ئەوەی خۆیان بگونجێن، دەزانین کە بەدوای ئەم خۆگونجاندنە، هەوڵدەدەن دەربکەون. بۆ نموونە، ڕەنگە هەرزەکارێک خۆی نیشان بدات بە قژی ڕەشی بریقەدار و ڕەنگی تۆخی قەڵەمچاو لەسەر چاوی و جلی ڕەشەوە. ڕەنگە ئەم شێوازە هەوڵێک بێت بۆ ئەوەی جیاواز بێت، بەڵام لەوەش گرنگتر، هەوڵێکە بۆ خۆگونجاندن (لەگەڵ لقی کەلتووری گۆتیک[a]).

بەڵام هەموومان ئەمە دەکەین: هەموومان "جلوبەرگ" لەبەر دەکەین بۆ ئەوەی ڕەزامەندی هەندێک لقی کەلتووری بەدی بهێنین، چونکە گەڕانمان بۆ تاکایەتی هەمیشە شوێنکەوتنی خۆگونجاندنە. پەندێکی کۆن هەیە دەڵێت: "ئێمە ئەو کەسە نین کە خۆمان پێمان وایە؛ تەنانەت ئەو کەسەش نین کە خەڵکی پێیان وایە؛ ئێمە ئەو کەسەین کە پێمان وایە خەڵکی دیکە پێیان وایە ئێمە کێین." بە واتایەکی دیکە ئەوەی ئێمە پێمان وایە خەڵکی وادەزانن ئێمەین، بە قووڵی هەستی شوناس و گەڕانمان بۆ وابەستەیی لە قاڵب دەدات. ئەم چالاکییە کۆمەڵایەتییە ئاڵۆزە زیاتر دەیسەلمێنێت کە ئێمە شوناسی خۆمان لە خۆماندا نادۆزینەوە.

زۆر پێش دەرکەوتنی مۆبایلی زیرەک، قەشە تیم کێلەر ئەم چالاکییەی بۆ کۆمەڵی باوەڕداران ڕوونکردەوە. "خەڵکی شاری نیویۆرک حەز دەکەن بیر لەوە بکەنەوە، بڵێن 'ئێمە تاکین.' خەڵکی لێرە دەتوانن بڕیار بدەن کە دەیانەوێت چی بن و چی بکەن. بەڵام ئەوە ڕاست نییە"، ئەو ڕاستی کردەوە. "هەمووتان جلی یەکپۆشیتان هەیە. هەندێکتان یەکپۆشی وۆڵ ستریتتان لەبەردایە. هەندێکتان یەکپۆشی گوندێکی ڕۆژهەڵاتیتان لەبەردایە. هەندێکتان یەکپۆشی سۆهۆتان لەبەردایە. یەکپۆشی هەیە! دەبێت خۆت بگونجێنیت، دەبێت پەسەندکردنەکەت لە کەسێکەوە وەربگریت. دەبێت کۆمەڵێک کەس هەبێت کە بڵێن 'تۆ یەکێکیت لە ئێمە'."[b] لە ناوەڕۆکی ژیانماندا، دەمانەوێت خۆ بگونجێنین بۆ دۆزینەوەی شوناسمان.

---

a کولتوری گۆتیک کولتوورێکی گەنجانەیە، زۆربەیان جل و بەرگی ڕەنگ تاریک دەپۆشن و ڕوخسارێکی نامۆ و قژی ڕەشیان هەیە. لە سەرەتای ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو لە ئینگلتەرا دەستی پێکردووە، بنەرانی ڕۆکی گۆتیک و هونەرمەندەکانی «پۆست پانک» یارمەتیدەر بوون لە پەرەپێدان و داڕشتنی کولتوری گۆتیک. ئەم دیمەنە لە فێستیڤاڵەکانی مۆسیقا و یانە شەوانەکان و کۆبوونەوە ڕێکخراوەکاندا دەبینرێت، بەتایبەتی لە ئەوروپای ڕۆژئاوا -وەرگێڕ.

b Timothy Keller, sermon, "Built Together; Redeemer's Organization Service," Gospel in Life, gospelinlife.com (June 2, 1991).

## وەک مایک

لە کاتێکدا ئێمە هەوڵی وابەستەیی دەدەین، دیسان دەگەڕێنرێینەوە بۆ کەسایەتییە ناودارەکان. ئەوان نموونەی بەهێزی سەرسوڕهێنەر بۆ سەرسامی و هاوشێوەکردنی بەکۆمەڵمان دابین دەکەن. لە ڕاستیدا، ئارەزووی خۆ گونجاندن بەهای بازرگانی کەسایەتییە ناودارەکان ڕوون دەکاتەوە و یەکێک لە گەورەترین کارەساتەکانی بەبازاڕکردنی وەرزشی لە ڕێگەی باوەڕکردنە بەم خۆ گونجاندنە. هەڵمەتی ڕیکلامی گاتۆراد لە ساڵی ١٩٩٢ دەربارەی مایکل جۆردنی یاریزانی گەورەی باسکە بوو: "وەک مایک، دەمەوێت وەک مایک بم." کێ نایەوێت پێڵاوی وەرزشی مایک لەبەر بکات، لەخۆڕازیبوونی مایکی هەبێت، وەک مایک یاری بە تۆپ بکات؟ ملیۆنان وەرزشکاری گەنج دەیانەوێت وەک مایکل جۆردن بن، بۆیە تەنانەت هەتا ئەمڕۆش هەوڵ دەدەن لاسایی لێهاتووییەکەی ئەو بکەنەوە لە یاری تۆپی باسکە، بەو قسەیەی کە دەڵێت "وەک مایک، دەمەوێت وەک مایک بم."

هەتا ساڵی ٢٠١٦، دروشمێکی نوێ بۆ هێڵی بەرهەمهێنانی پێڵاوی نایک تایبەت بە مایک جۆردن سەریهەڵدا: "من مایکل نیم، من جۆردنم"؛ هەوڵێکی نایابە بۆ ئەوەی شوێنی زیاتر بۆ تاکایەتی لە ژێر چەتری خۆ گونجاندن لەگەڵ کۆمەڵگادا دروست بکات. ئێستا لەدوای چەندین ساڵ دوورکەوتنەوەی لە یاریگا، هێشتا خەڵکێکی زۆر پێڵاوی وەرزشی مایکیان دەوێت، ئەستێرەی پێشووی یاری باسکە، ساڵانە ١٠٠ ملیۆن دۆلار لە هێڵی بەرهەمهێنانی پێڵاوەکانیەوە کۆدەکاتەوە.

سەبارەت بەو کەسە ناودار و وەرزشوانانەی کە هێشتا لە لووتکەدان، لاساییکردنەوە پارەیەکی زۆر ڕادەکێشێت، چونکە ئەوان نوێنەرایەتی ئەو شکۆمەندییە دەکەن کە ئێمە دەمانەوێت خۆمان هەمانبێت. بینینی شکۆمەندی دیاردەیەکە کە دەست پێدەکات بە برین و داتاشینی ڕووکاری شوناسمان. خواستی لاساییکردنەوەی ئەو شکۆمەندییەی کە لە کەسانی دیکەدا دەیبینین، یەکێکە لە دیارترین (وە قووڵترین) ڕاستییە دەروونییەکان کە ڕیکلامەکان دەیکەنە ئامانج. ئێمە پەرۆشی قبوڵکردنین، هەمیشەش وەک ئەو شتە دەبین کە پێی سەرسام دەبین. کەواتە ماڵەکەم لە شوناسی کێدا دەدۆزمەوە؟

## بە خۆشەویستی دەگۆڕێین

ئێمە پێکهاتەیەکین لەو کەسانەی کە دەمانەوێت لەگەڵیاندا بگونجێین، ئەم خۆ گونجاندنە یەکێک لە بەهێزترین هاندەرەکانی مۆبایلی زیرەکمان دیاری دەکات. ئێستا تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی گەڕانمان بۆ وابەستەیی خێراتر و تایبەتمەندتر دەکات.

بۆ یارمەتی لە ڕوونکردنەوەی ئەم دیاردەیە، پەیوەندیم بە یەزدانناس ڕیچارد لینتس کرد، کە لێکۆڵینەوەی کردووە لەوەی چۆن وەک ئەوەین کە دەیپەرستین. ئەو لە خۆ

گونجاندنمان دەکۆڵێتەوە لە چوارچێوەی هەریەک لە نەرێنی (بتپەرستی) و ئەرێنی (پەرستن و پیرۆزکردن). پێی گوتم: "ئێمە ئاوێنەین. وە بەم شێوەیە لێکچوونی گشتگیری مرۆڤایەتی -ڕەنگدانەوەی ژینگەکەی، چوارچێوەکەی، بتەکانی، خوداوەندەکانی- بە شێوەیەکی ڕەها بنەڕەتییە، لە سەرەتای کتێبی پیرۆز هەتا کۆتایی. ئەوەی ئێمە پێی دەڵێین پەرستن -پەرستنی خودا بە دڵسۆزی و ڕاستییەوە- هەروەها بابەتی شوناسی ئێمەیە. ئێمە بۆ ئەوە بەدیهێنراوین. ئەوە ئێمەین."[a]

ئەگەر ئەمە دەبینین یان نا، پەرستن چالاکییەکی بنەڕەتی لەقاڵبدانمانە. هەر ئەمەشە وایکردووە، هەرچەندە بە توندی سەربەخۆ بین، هەرگیز شوناسی خۆمان لەناو خۆماندا نادۆزینەوە. دەبێت هەمیشە تەماشای دەرەوەی خۆمان بکەین بۆ دۆزینەوەی شوناسمان، چی لەگەڵ کۆمەڵەکەمان و خۆشەویستانمان دەگونجێت. هەردوو چالاکی ڕاستییەکە ئاشکرا دەکەن: ئێمە دەبینە وەک ئەوەی دەیبینین. دەبینە وەک ئەوەی دەیپەرستین. یان، بە زاراوەیەکی ڕاستەوخۆی فەیسبووک، دەبینە ئەوەی کە کرتەی بەدڵبوونی لەسەر دەکەین (لایکی دەکەین).

## پەرستشی ڕێنمایی و چەواشەکاری

کتێبی پیرۆز گرنگی خاڵی ئەم چالاکییە وەک شەفرەی دارتاش تیژ دەکاتەوە. یان بەدیهێنراو (بتەکان) دەپەرستین یان بەدیهێنەر (مەسیح). ئەمە تاکە بژاردەی ئێمەیە.

ئەگەر بت بپەرستین وەک بتەکانمان لێدێت.[b] بتپەرستی هەوڵێکی بێهودەیە بۆ دۆزینەوەی واتای ڕەها لە شتە سنووردارەکان کە دەتوانین بە دەستی خۆمان دروستی بکەین و لە ناو دەستمان هەڵیانبگرین.ئەمە لە کتێبی پیرۆزدا زۆر ڕوونە: خۆشویستن و پەرستنی بتی مردوو بریتییە لەوەی دەبیتە وەک بتەکە. ئەگەر بتەکانمان دەستیان نەبێت بۆ ئەوەی لە باوەشمان بگرم، چاویان نەبێت بۆ بینینمان، دەمیان نەبێت بۆ ئەوەی دڵنیامان بکەنەوە، وە گوێیان نەبێت بۆ گوێگرتن لێمان، ئەوا ئێمەی کە بت دەپەرستین وەک ئەوانمان لێدێت: لە ڕووی ڕۆحییەوە بێدەسەڵات، کوێر، کەڕ و لاڵ دەبین. بتەکانمان لە مرۆڤایەتی داماندەماڵن؛ ڕۆحمان بە بەرد دەکەن، وە هەموو هەستە ڕۆحییەکانمان کڕ و مات دەکات و دەیکوژێت.[c] بتەکان تەنیا دەتوانن بمانشێوێنن (وەک دواتر بە تەواوی دەیبینین). بۆیە پەرستنی هەر شتێک کە خودا نەبێت، لە بنەڕەتدا ژیانە لە سەرلێشێواوی شوناسدا.

---

a Richard Lints, interview with the author, "Why We Never Find Our Identity Inside of Ourselves," Desiring God, desiringGod.org (Aug. 31, 2015).

b ڕۆما ١: ١٨-٢٧.

c زەبوور ١١٥: ٤-٨؛ ١٣٥: ١٥-١٨.

کاتێـک ئێمـە شـکۆمەندی کەسـە ناودارەکانـمـان دەپەرسـتین (وەک مایـک)، ئـەوان دەبنـە بتەکانـی سەرسامی و لێکچوونمـان، بـەرز دەکرێنـەوە بـۆ "پەرسـتن، ڕێزگرتـن و بەختـەوەری، لـە دەربڕینـی هەسـتێکی ئایینـی دروسـتدا بـەڵام بـۆ مـرۆڤ."[a] سـەردەمی تەماشـاکردن ئـەو کەسـە ناودارانـە بەرهـەم دەهێنێـت کـە دەبنـە بتـی کەلتـووری بـۆ پەرسـتن و لاسـاییکردنەوە. بـەڵام لـە کاتێکـدا ڕەنگـە ئـەوان نمایشـێکمان بـۆ بکـەن، وە ڕەنگـە ئێمـە وەکـو کچێکـی سەرسـەخت ئاشـقیان ببیـن، بـەڵام بتەکانـمـان خۆشەویسـتییان لەگەڵـمان نییـە. هەرگیـز ئێمـە نابینـن.

ئەگـەر مەسـیح بپەرسـتین، وەک مەسـیح دەبیـن.[b] بـە پێچەوانـەی بتەکانـمـان، خۆشویسـتن و پەرسـتنی مەسـیح، واتـا هاوشـێوەی ئـەو ببیـن، لەگـەڵ وێنـە جوانەکەیـدا زۆر بگونجێنیـن، وێنـەی ڕاسـتەقینەی خـودا. عیسـای مەسـیح وێنـەی تـەواوی ئەوەیـە کـە مـن و تـۆ بـۆ دەربڕینی بەدیهاتوویـن.[c] لەسـەر وێنـەی ئـەو دروسـتکراوم. بـەڵام مرۆڤایەتیـم گوناهبـار و خـوار و تێکشـکاوە. هێنـدە منـی خۆشـدەوێت هەتـا ئـەو ڕادەیـەی کـە خوێنـی خـۆی لەپێنـاوم ڕشـت، بـۆ ئـەوەی لـە هەمـوو تەڵەکانـی دیکـەی هاوشـێوەیی ڕزگارم بـکات.[d] لـە ئـەودا لـە ڕووی ڕۆحییـەوە زینـدوو بوومەتـەوە و هیـوای هەتاهەتایـی و خۆشـییەکی بەردەوامـم پێـدراوە، وە لەویشـدا پێشـبینی بـۆ سـاتێک دەدۆزمـەوە کـە ڕووبـەڕوو ببینـم و ئەزموونـی چاکبوونـەوەی تـەواو و نموونەیـی هەمـوو ئـەو شـتانە دەکـەم کـە وەک ئـەوەی بەدیهاتـووم هەڵگـری وێنـەی خـودا بـم. ئـەم هیـوا و ئارەزووەمەندییـە ئەوەیـە کـە پاڵـم دەنێـت لـە کتێبـی پیـرۆزدا ببینـم؛ وە پاشـان بـۆ ئـەوەی خۆشـم بووێـت، وێنەدانـەوەی ئەوبـم، وە لـە ئێسـتادا ژیانـم بگونجێنـم وەک ئـەوی لێبکـەم (وە پێشـبینی ئـەوە بکـەم کـە لـە زیندووبوونـەوەدا بـە تـەواوی لەگـەڵ وێنەکەیـدا بگونجێـم).[e]

بابەتـی پەرسـتنەکەمان بابەتـی لاسـاییکردنەوەی ئێمەیـە. خـودا ئـەم نەخشـە چەسـپاوەی داڕشـتووە. ئێمـە ئـەوە دەپەرسـتین کـە دەمانەوێـت ببیـن بـەو. وە ئـەوەی دەیپەرسـتین، شـێوەمان دادەڕێژێـت. ئەمـە ئەڵقـەی یەکەمـی زنجیـرە درامـای ئەنترۆپۆلۆژییـە.

## بەدیهێنراو لەسەر وێنەی خودا

بـەڵام هەمـوو ئـەم قسـەکردنە دەربـارەی ئاوێنـە و بـت و خـۆ گونجانـدن بـە تـەواوی وەڵامـی ئـەو پرسیارە باڵایـەی شوناسـی ئێمـەی نەداوەتـەوە: بۆچـی مـن بوونـم هەیە؟بێگومان،

---

a Jacques Ellul, The Technological Bluff (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1990), 382.

b ڕۆما ١٢: ١-٢؛ دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨؛ کۆلۆسی ٣: ١٠.

c دووەم کۆرنسۆس ٤: ٤.

d ڕۆما ٥: ٨.

e دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٨؛ یەکەم یۆحەنا ٣: ٢-٣؛ یەکەم کۆرنسۆس ١٥: ٤٢-٤٩.

ئامانجی ژیانمان لە دووپاتکردنەوەی سۆشیال میدیاماندا نییە.[a] بۆ وەڵامەکە، ڕوو لە کتێبی پیرۆز دەکەین، لەوێش دەخوێنینەوە کە ئێمە لەلایەن خوداوە بەدیهێنراوین بۆ ئەوەی ڕەنگدانەوەی وێنەی خودا بین.[b] ڕەنگدانەوەی وێنەی خودا بین بە واتای زۆر شت دێت؛ لە ڕووی ڕۆحییەوە، لە ڕووی ئەقڵانییەوە، لە ڕووی سۆزدارییەوە، بەڵام بۆ ئەوەی بگەمە کرۆکی ڕەنگدانەوەی وێناکردن، داوام لە جان پایپەر کرد ئەوەم بۆ ڕوون بکاتەوە، ئەو بە پەیکەری مەڕمەڕ ڕوونی کردەوە: "تۆ پەیکەرێکی ستالین دادەنێیت چونکە دەتەوێت خەڵکی تەماشای ستالین بکەن و بیر لە ستالین بکەنەوە. پەیکەرێکی جۆرج واشنتۆن دادەنێیت بۆ ئەوەی باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکات بیر بخرێتەوە. وێنەکان بۆ بەرجەستەکردنی هێمایەک دروست دەکرێن." ئەمە سەبارەت بە گۆشت و خوێن چی دەگەیەنێت؟ واتا خودا "وێنەی بچووکی خۆی بەدیهێناوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەک قسە و ڕەفتار و هەست بکەن کە خودا دەیکات. بۆیە خەڵک تەماشای شێوازی ڕەفتارەکانت دەکەن، تەماشای شێوازی بیرکردنەوەت دەکەن، تەماشای شێوازی هەستکردنت دەکەن و دەڵێن: "دەبێت خودا گەورە بێت، دەبێت خودا ڕاستەقینە بێت". هەر بۆیە تۆ بوونت هەیە."[c] بە دەربڕینێکی دیکە، ئێمە بەدیهێنراوین بۆ ئەوەی لە دژایەتی ئەو تەکنۆ-دونیاپەرستییەدا ڕابوەستین کە بێگومان وا دەکات خودا لە جیهانی نوێی تەکنیک و باڵادەستی ئامێرەکاندا بێ بایەخ دەربکەوێت.

کلیلەکە لێرەدایە: "خودا تۆی وەک ئامانجێک لە خۆتدا بەدینەهێناوە. بەڵکو ئەو خۆی ئامانجە؛ تۆ ئامرازیت. وە هۆکاری ئەوەی کە بە مژدەیەکی زۆر خۆش دادەنرێت ئەوەیە باشترین ڕێگەیە بۆ نیشانی ئەوەی خودا بەهایەکی بێ سنووری هەیە کە تێیدا زۆر دڵخۆش بیت. ئەگەر گەلی خودا بێزار بن لە خودا، ئەوا بەڕاستی وێنەیەکی خراپن. خودا لە خۆی ناڕازی نییە. بێ سنوور دڵگەرمە بۆ شکۆمەندی خۆی."[d]

دروستبوون لەسەر وێنەی خودا واتا ئێمە لەبەر دوو هۆکار بوونمان هەیە: (١) ڕازیبوون

---

a کاتی کۆریک دەڵێت: «ئێمە لەم ڕۆژانەدا کاتێکی زۆر بەسەر دەبەین، من پێموایە، بەدوای دووپاتکردنەوەی دەرەکیدا دەگەڕێین -لە ڕێگای پۆستەکانمان لە ئینستاگرام کە بە وردی نووسراوە، پۆستە زیرەکەکانمان، وێنەی نموونەیی، ژماردنی لایکەکانمان (بەدڵبوون) کە بۆمان کراوە، دڵخوازەکان، فۆڵۆوەرەکان و هاوڕێکانمان- بۆ ئەوەی بە ئاسانی خۆمان لە پرسیارە گەورەکان بەدوور بگرین: من کێم؟ ئایا کارێکی دروست دەکەم؟ ئایا من ئەو جۆرە کەسەم کە دەمەوێت ببم؟»
"Katie Couric to Grads: Get Yourself Noticed," Time magazine (May 18, 2015).

b پەیدابوون ١: ٢٦-٢٧؛ ٥: ١؛ ٩: ٦؛ یاقوب ٣: ٩.

c John Piper, interview with the author via Skype, published as "What Does It Mean to Be Made in God's Image?" Desiring God, desiringGod.org (Aug. 19, 2013).

d John Piper, sermon, "The Story of His Glory," Desiring God, desiringGod.org (Sept. 10, 2008), emphasis added.

لە بەهای بێکۆتایی بەدیهێنەر و (٢) بۆ ئەوەی نیشانی جیهان بدەین کە ئەو چەندە بەهادارە و ئەوپەڕی ڕازیبیبوونە. ’گونجاویمان‘، ’خۆشەویستیمان‘ و ’وابەستەییمان‘ هەموویان لەناو ئەودا یەکدەگرنەوە. شوناسمان بەندە بەوەوە و لەویشدا ئەو هێزە دەدۆزینەوە کە ڕۆحی پیرۆز پێمان دەبەخشێت بۆ ڕەتکردنەوەی هەموو ئەو شوناسانەی کە بەسەرماندا دەسەپێنرێت.[a] بەڵام ئەگەر خەڵکی ئێمە ببینن کە لە خودا بێزار بووین، خۆمان دەخۆینەوە، لەگەڵ کەسە ناودارە دونیاییەکان هاوشێوەین، ئەوا وێنەی عیسا نابینن کە لە ئێمەدا ڕەنگدانەوەی هەبێت. ئەگەر شکست بهێنین لە ڕەنگدانەوەی مەسیح، ئەوا شکست دەهێنین لەوەی کە خودا لەپێناوی دروستی کردووین؛ ئامانجەکەمان لەدەست دەدەین.

## پەرستنی ئامێر

ئەمەش دەمانباتەوە سەر مۆبایلەکانمان. پەرستشی ئێمە و بتپەرستیمان هەمیشە کردەوەی ڕادەستبوونە، پیتەر لیسارت لەسەر مەیلی خۆمان بۆ خۆبەدەستەوەدان بە تەکنەلۆژیاکەمان دەنووسێت: ”بتپەرستانی تەکنەلۆژیا پێیان وایە کە تەکنەلۆژیاکانیان شێوەیەکی پەرستشی نییە بە واتای وشەیی. بەڵام زۆرێکیان خۆیان ’زەلیل‘ دەکەن لەبەردەم تەکنەلۆژیاکانیان. لەبری ئەوەی بە ژیرانە بەرهەمەکانی کار و داهێنەرییەکانیان بەکاربهێنن، ’کڕنۆش“ دەبەن هەتا دوایین فێڵکردن فەرمانڕەوایی ژیانیان بکات، دیاریکردنی چۆنیەتی بەکارهێنانی کاتەکانیان، چۆنیەتی خەرجکردنی پارەکانیان، گرنگیدان و بەهاکانیانە.“[b] ملکەچبوون بۆ شتێکی دروستکراو، وەک مۆبایلێکی زیرەک، دەبێتە بتپەرستی کاتێک ئەو ئامرازە یان ئامێرە دروستکراوە ئامانجەکانی ژیانمان دیاری دەکات.

ئەم شێوەیەی بتپەرستی -ملکەچکردنی ئامانجەکانی مرۆڤ بۆ ئامرازە تەکنەلۆژییە بەردەستەکان- پێی دەگوترێت گونجانی پێچەوانە.[c] لە سەردەمی دیجیتاڵی، ئێمە مۆبایلەکانمان دەپەرستین کاتێک توانای پرسیارکردنمان لەدەست دەدەین کە ئایا یارمەتیمان دەدەن (یان ئازارمان دەدەن) لە گەیشتن بە ئامانجە ڕۆحییەکانمان.

---

a ڕۆما ١٢: ٢.

b Peter J. Leithart, “Techno-god,” First Things, firstthings.com (Sept. 27, 2012).

«لە ڕێگای بەردەوامی لە وەرگرتنی تەکنەلۆژیاکان، ئێمە وەک ئامێرێکی جێگرەوە خۆمان پێیانەوە دەبەستینەوە. ئەمە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی پێویستە لەسەرمان، ئەگەر پێویست بکات هەر دەبێت ئەم شتانە بەکاربهێنین، خزمەتی ئەم شتانە بکەین، ئەگەر وەک درێژکراوەی خودی خۆمانە، وەک خوداوەندێک یان ئایینێکی بچووک.»

Marshall McLuhan, Understanding Media: The Extensions of Man (Cambridge, MA: The MIT Press, 1994), 46.

c Langdon Winner, Autonomous Technology: Technics-out-of-Control as a Theme in Political Thought (Cambridge, MA: MIT Press: 1977), 229.

ئێمە هێندە بە بریقەی ڕووکەشی تەکنەلۆژیا سەرسام دەبین کە دەبینە دیلی ئامرازەکانی حەسانەوە لە مۆبایلەکانمان؛ خێرایی و ڕێکخستن و کارایی، ئەم ئامرازانە تەنیا خۆیان دەبنە ئامانج. ئێمە هەڵە دەکەین لە ملکەچکردنی ئامانجە مرۆڤانە و ڕۆحییەکان بۆ تواناکانی تەکنەلۆژیا. ئەمە خۆگونجاندنێکی پێچەوانەیە.

پاڵنەرە بتپەرستییەکانمان وامان لێدەکەن بە ئاسانی لەم دونیاپەرستییەدا گیربخۆین، ئامانجە ڕاستەقینەکەمان لەدەست بدەین. ئێمە زۆرجار لەسەر مۆبایلەکانمان ناوەستین و ئاراستەیان ناکەین، لەسەر بنەمای بانگهێشتەکەمان بۆ ڕەنگدانەوەی وێنەی خودا. لەبری ئەوە، ئێمە وەک جیهانێکی ئەسانگاری دیجیتاڵی کڕنۆش بۆ مۆبایلەکانمان دەبەین، هەرگیز پرسیار ناکەین دەربارەی ئامانجە کۆتاییەکانمان. کاتێک ئامرازەکان دەبنە خووی بێ ئامانجمان، ئەمە تەکنەلۆژیاپەرستییە.

## بتەکانی تۆڕی کۆمەڵایەتی

ئەگەر بتەکان لە قاڵبمان بدەن، ئەوا بە دڵنیاییەوە نەخشەی ناتەندروستی تەلەفۆن لە پەیوەندییەکانماندا ڕەنگ دەداتەوە.

کارلێکە دیجیتاڵییەکانمان لەگەڵ یەکتردا، کە زۆرجار بەهۆی پێویستی کورت و ڕووکەشن، دەست دەکەن بە نەخشاندنی هەموو پەیوەندییەکانمان. کاتێک پەیوەندییەکانمان لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە ڕووکەش دەبن، پەیوەندییەکانمان بەبێ ئینتەرنێت دەبنە ڕووکەش. دۆگلاس گرۆتوس، مامۆستای فەلسەفە لە پەیمانگای دێنڤەری یەزدانناسی هۆشداری دەدات و دەڵێت: ”شێوازی کارلێککردنمان لە ئینتەرنێت دەبێتە ڕێگایەک بۆ چۆنیەتی کارلێککردنمان بەبێ ئینتەرنێت. پەیوەندییەکانی فەیسبووک و تویتەر زۆر کورت و پوخت و خێران. وە ئەوەش ڕێگەیەک نییە بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی باش لەگەڵ کەسێکدا بکەیت. جگە لەوەش گفتوگۆیەکی باش بریتییە لە گوێگرتن و دانانی کات، ئەوەش لە پەیوەندییەکانی ئینتەرنێت هەتا ڕادەیەک بوونی نییە، چونکە تۆ لەوێدا لەگەڵ کەسەکە نیت. بۆیە هەر کەسێک دەکرێت نامەیەکت بۆ بنێرێت و تۆش پشتگوێی بخەیت، یان کەسێک نامەیەکت بۆ بنێرێت و لەدوای دوو کاتژمێر بگەڕێیتەوە بۆ نامەکە. بەڵام ئەگەر لە کاتی ڕاستەقینەدا و لە شوێنی ڕاستەقینە بیت کە جەستەی ڕاستەقینە و دەنگێکی ڕاستەقینەی هەبێت، ئەوە چالاکییەکی زۆر جیاوازە. نابێت بەو شێوەیەی کە لە تویتەر کارلێک دەکەیت مامەڵە لەگەڵ کەسێکی دیکەدا بکەیت.“[a] لەگەڵ ئەوەشدا، خووەکانمان لە ئینتەرنێت خووەکانی پەیوەندییەکانمان دەگۆڕن: هەر یەکەیان دەبنە پوخت و ڕووکەش، وە بە ئاسانی سەرقاڵ دەبین و کەمتر ئارامیمان لەگەڵ یەکتردا دەبێت.

---

a Douglas Groothuis, interview with the author via phone (July 3, 2014).

هەروەها پەیوەندییەکانمان زەرەرمەند دەبن کاتێک کە بیرکردنەوەمان لەژێر هەڵکشان و داکشانی ئینتەرنێتدا گیردەخوات. نووسەر ئالان جاکۆبس حەوت ساڵی بەسەربردووە لەگەڵ ئایفۆنەکەیدا، حەوت ساڵ لە تویتەر سەرقاڵی بووە و زیاتر لە دە ساڵ وەڵامی کۆمێنتەکانی داوەتەوە. پاشان ڕاوەستا و هەڵسەنگاندنی بۆ کرد و هەمووی لابرد. وازی لە سۆشیال میدیا و ئایفۆنەکەی هێنا.[a] گوتی: "من تێچوون و سوودەکانم لەبەرچاو گرتووە، وە بە توندی بڕیارم داوە کە چیتر بە بارمتەی ئەو شتانە نەگیرێم." بۆچی نا؟ "هۆکاری سەرەکی ئەوە نییە کە خەڵکی کێشەی خراپی میزاج یان تەنگانەیان هەیە؛ هەرچەندە پەروەردگار دەزانێت یەکێک لەو وەسفانە بە وردی پەیڕەو دەبێت بەسەر ژمارەیەکی زۆر لە پەیوەندییەکانی سۆشیال میدیاییەکان؛ بەڵام هۆکارەکەی ئەوەیە زۆرێکیان لە سۆشیال میدیا بە هەموو بایەکی بیروباوەڕ دەفڕێنرێن، سەرنجەکانیان دەکەونە ژێر شەپۆڵەکانی تسۆنامی ئەو ساتەوەختە، خواستیان دیلی ئەو پێویستییە هەستپێکراوەیە بۆ کاردانەوەی ئێستا لەگەڵ کاردانەوەی ئێستای کەسانی دیکە."[b]

کاتێک ئەندرۆ شێروود، خوێندکاری خوێندنی باڵا، بڕیاریدا هەمان شت بکات (واز بهێنێت لە سۆشیال میدیا و مۆبایلی زیرەک)، هاوسەرەکەی گوتی ئەوە گەورەترین دیارییە کە هەتا ئێستا پێی بەخشیبێت. بۆچی؟ پێی گوت: "کاتێک مۆبایلی زیرەکت هەبوو، تۆ وەک ئامێرێکی گەڕۆک بوویت و هەر شتێکت بڵاو دەکردنەوە کە ئەو ڕۆژە تووشی دەبوویت. ئەستەم بوو باسی شتە ڕژدە گرنگەکان بکەیت، چونکە بەردەوام بەهۆی زبڵ و خاشاکەکانی ئینتەرنێتەوە سەرقاڵ بوویت. تۆ ئێستا دەتوانیت سەرنجت لەسەر پرسە قووڵەکان بێت و گرنگییەکی پێویستی پێبدەیت. ئەوەی ئێستا باسی دەکەین زیاتر لە دڵی تۆوە دێت نەک سەرنجەکان لەسەر تویتەر."[c] ئایا کاتی ئەوە هاتووە بە تەواوی وازبهێنیت لە مۆبایلی زیرەک یان نا؛ ئەمە پرسیارێکە کە ئێمە بۆ دواتر هەڵیدەگرین، بەڵام ئەندرۆ ڕوونکردنەوەیەکی زیندوومان پێشکەش دەکات کە چۆن بتە دیجیتاڵییەکان نەخشەمان دەکێشن.

## ئاگادارکردنەوە و هیوا

وەک مرۆڤێک، لەسەر وێنەی خودا دروستکراوین، ئەمەش واتای شوناسمانە، بە پێناسە، دەکرێت لە قاڵب بدرێت، ئەوەش بە واتای خێرایی کاریگەری دێت. ئێمە وەک پەیکەری

a Alan Jacobs, "My Year in Tech," Snakes and Ladders, blog.ayjay.org (Dec. 23, 2015).

b Alan Jacobs, "I'm Thinking It Over," The American Conservative, theamericanconservative. com (Jan. 4, 2016).

c Andrew Sherwood, "The Sweet Freedom of Ditching My Smartphone," All Things for Good, garrettkell. com (Jan. 21, 2016).

مۆمیـن، بەهـۆی ئـەو کارانـەی کـە لـە مۆبایلەکانماندا دەیکەیـن دەگۆڕێیـن و شـێوەمان بـۆ دادەڕێژرێتـەوە. بـەڵام ئـەم نەرمییـە بـەو واتایـەش دێـت کـە دەکرێـت بـە نیعمەتـی سـەروەریی ڕزگارکەرمـان، پەیکەرسـازی مەزنـی وێنەمـان، ڕزگارمـان بێـت و دووبـارە دروسـتبکرێینەوە و بگەڕێینـەوە بـۆ ئـەوەی ئـەو کارە بکەیـن کـە لەپێنـاوی بەدیهێنراویـن: بـۆ شـکۆداری خـودا. لـە کاتێکـدا ڕەنگدانـەوەی وێنـەی ئـەو دەبیـن، جیهـان بانگهێشـت دەکەیـن بـۆ باوکێکـی پێشـوازیکار، کـەوا ونبـووان دەتوانـن پەناگـە و شوناسـیان بدۆزنـەوە، لـەوێ گوناهبارانـی تینـوو ئـاوی ژیـان دەدۆزنـەوە کـە بـە تـەواوی تینوویەتییـان دەشـکێنێت.

هەڵگرتنـی وێنـەی ڕاسـتەقینەمان ئازادمـان دەکات بـۆ ئـەوەی لـە ڕووی دیجیتاڵییـەوە ڕاسـتگۆ بیـن سـەبارەت بـە خۆمـان. نوێـژ دەکەیـن خـودا نیعمەتمـان پێبـدات بـۆ ئـەوەی لـە دۆخـی نالەبـاری نێرگـز دوور بکەوینـەوە؛ بـۆ ئـەوەی ئاشـقی وێنـەی خۆمـان نەبیـن. وە نوێـژ دەکەیـن لەپێنـاو نیعمـەت و بوێـری بـۆ ئـەوەی ڕاسـتگۆیانەتر تەماشـای ڕەنگدانـەوەی وێنـەی دیجیتاڵیـمان بکەیـن لـە شاشـە بریقەدارەکانـی مۆبایلەکانمـان، بـۆ ئـەوەی ببینیـن لـە کوێـدا شکسـت دەهێنیـن لـە پێشکەشـکردنی ڕەنگدانـەوەی وێنـەی مەسـیح، ئامادەیـن بـە سـاکارییەوە دان بـە گونـاه بنێیـن، تۆبـە بکەیـن، وە بگۆڕێیـن، کاتێـک هەندێـک جـار ڕەنگدانـەوەی وێنەکەمـان دەبینیـن وەک ئەژدیهایـەک تەماشـامان دەکات.

# ٧

## هەست بە تەنیایی دەکەین

پیاوێکی بێ ماڵ و حاڵ، لە تەمەنی ناوەڕاستدا، بە تەنیا لەسەر شۆستەیەکی بەرخۆر لە شار دادەنیشێت، پشتی بە شوراییکەوە داوە و خەوی لێکەوتووە. کەریم، ڕێبوارێکی بەخشندە لە ڕێگاکە، لێی نزیک دەبێتەوە و لە سەر سەریەوە ڕاوەستاوە و پارەی بەدەستەوەیە. پیاوەکەی سەر شەقامەکە لە خەو هەڵدەستێت و لە بەرگریکردن لە خۆیدا دەلەرزێت و جانتا کۆڵەپشتەکەی کەلوپەلەکانی دەگرێت. لەگەڵ ئەوەی چاوەکانی لەگەڵ تیشکی خۆردا خۆیان دەگونجێنن، دەستە درێژکراوەکە دەبینێت و بە سوپاسەوە پارەکە دەگرێت.

دەستیان بە گفتوگۆ کرد، پیاوە بێ ماڵ و حاڵەکە خۆی ناساند کە ناوی مارکە. لە یەک پێچەوانەکردنەوەی ڕۆڵدا، مارک جانتا کۆڵەپشتە پیسەکەی هەڵدەگرێت و داوا لە کەریم دەکات ساتێک چاوەڕێی بکات، هەڵدەستێت و بە پارەکەوە دەڕوات و کەریم بە تەنیا لەسەر شەقامەکە بەجێدەهێڵێت. مارک چەند ساتێک دواتر دەگەڕێتەوە بە کیسەیەکی نایلۆن و دوو سندوقی فلینەوە. مارک ئەو چاکەیەی بەکارهێنا بۆ کڕینی دوو ژەمی ئێوارە؛ یەکێکیان بۆ هاوبەشکردن بوو.

مارک پرسیاری کرد: «تکایە دەتوانیت دابنیشیت و لەگەڵم نان بخۆیت؟»

کەریم سەری سوڕماوە، بەڵام ڕازی دەبێت و لەسەر کۆنکرێتەکە دادەنیشێت. پێکەوە سندوقی ژەمە ئێوارەکانیان دەکەنەوە. پیاوە بێ ماڵ و حاڵەکە دەڵێت: "دڵخۆشم کە تۆ لێرەیت لەگەڵمدا، شوێنەکە لێرە ناخۆشە. خەڵکی بەلامدا تێدەپەڕن و پشتگوێم دەخەن. گرنگی نادەن بەوەی من مردووم یان زیندوو. زۆر خۆشە لێرە لەگەڵ کەسێک دابنیشیت."

ڤیدیۆی ئاڵوگۆڕەکە لە ڕێگەی کامێرایەکی شاراوە گیراوە، هەر جارێک لە یوتیوب دەیبینم دڵم گڕدەگرێت.[a]

### هەزار پارچە شووشە

هیچ کەسێک ڕەسەنایەتی ئەم جۆرە ڤیدیۆیانە نازانێت، بەڵام ئەم ڤیدیۆیە وەک پەتایەک بڵاوبۆوە، وە ئاسانە بزانین هۆکارەکەی چییە. ڤیدیۆکە لایەنێکی بێ ماڵ و حاڵی ئاشکرا دەکات کە زیاتر پشتگوێ دەخرێت و بە دەگمەن وێنەی دەگیرێت. هاوڕێیەتی

a Karim Metwaly, video, “Lonely Homeless Man,” YouTube, youtube.com (June 19, 2015).

مرۆڤانە بۆ ژیانی مرۆڤ لە پارە و خواردن و شوێنی حەوانەوە بنەڕەتیترە. ئێمە بەدیهێنراوین بۆ ئەوەی پەیوەندیمان لەگەڵ مرۆڤەکانی دیکەدا هەبێت بۆ هاوبەشی ڕاستەقینە، هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەی لەسەر وێنەی خودای سێیانە بەدیهێنراوین. وە ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی تەنیایی وەکو چەقۆیەک لە پێستمان دەچەقێت.

جەی ئێچ ڤان دێن بێرگ، پزیشکی دەروونی کۆچکردووی هۆڵەندی، لە نووسینە بەناوبانگەکەی دەڵێت، "تەنیایی ناوکی پزیشکیی دەروونییە." هەروەها نووسیویەتی، "ئەگەر تەنیایی بوونی نەبووایە، دەمانتوانی بە شێوەیەکی ئەقڵانی وای دابنێین کە نەخۆشییە دەروونییەکانیش ڕوونادەن."[a] پیتەر لیتارت، زانای یەزدانناسی ئەم لێکدانەوە ڕۆحییە بۆ ئەم قسە سەرسوڕهێنەرانە زیاد دەکات: "مرۆڤەکان لە ئاستێکی هێندە بنەڕەتیدا پەیوەندییان بە مرۆڤەکانی دیکەوە هەیە کە کاتێک پەیوەندیمان پچڕاند، ڕۆحمان دەشکێت و دەبێتە هەزار پارچەی بچووک."[b]

پێم وایە دەتوانم لە پەیوەندی نێوان تەنیایی و بێ ماڵ و حاڵی تێبگەم. بەڵام ئەوەی تێگەیشتنی قورسترە ئەوەیە کە بۆچی تەنیاییەکی وەها بەربڵاو لە سەردەمی دیجیتاڵی زۆر پەیوەندیدا بەردەوامە.

## ئۆنلاینە لە ئینتەرنێت و تەنیایە

بڕیار بوو مۆبایلی زیرەک و سۆشیال میدیا چارەسەری پەتای تەنیایی بکەن. هەموومان پەیوەست دەبووین -هەموومان پێکەوە، هەموو کاتێک- وە هیچ کام لە ئێمە هەرگیز هەست بە تەنیایی ناکەین. بەڵام ڕاستییە سەختەکە ئەوەیە کە دەکرێ هەردەم تەنیا بین، تەنانەت لەناو قەرەباڵغیشدا؛ وە ئێستا، لەوەش زیاتر، لەناو قەرەباڵغییەکی دیجیتاڵیدا.[c]

ئێمە دەق، وێنە و ڤیدیۆ دەنێرین؛ تویت و نوێکارییەکانی فەیسبووک بڵاودەکەینەوە؛ لاپەڕەکە نوێدەکەینەوە و چاوەڕێ دەکەین؛ زۆرجار دەبینین شاشەکە هەروەک خۆیەتی کە هیچ وەڵامێک نیشان نادات، یان زۆر کەم. کاتێک ئێمە کردتە دەکەین لەسەر نوێکردنەوە (refresh) و تەماشای شاشەیەک دەکەین کە هیچ نوێکارییەکی نوێی تێدا نییە، دەکرێت

a Cited in Peter J. Leithart, Traces of the Trinity: Signs of God in Creation and Human Experience (Grand Rapids, MI: Brazos, 2015), 17.

b هەمان سەرچاوەی پێشوو.

c کەتی کۆریک دەڵێت: «دەکرێ سۆشیال میدیا شتێکی گەورە بێت: دەنگ بە بێدەنگەکان دەدات، خەڵکی لە سەرانسەری جیهان یەکدەخات لە دۆزێکی هاوبەشدا. بەڵام بە وریاییەوە بەردەوام بە. پەیوەندی بەردەوام دەکرێت وات لێبکات هەست بە گۆشەگیری و پچڕان بکەیت. بە سۆزی درۆیینی سۆشیال میدیا فریو مەخۆ.»
"Katie Couric to Grads: Get Yourself Noticed," Time magazine (May 18, 2015).

وا دەربکەوێت کە کەس لە دیوەکەی دیکەدا نییە. لە ناوەڕاستی پەیوەندی ئینتەرنێتدا هەست بە ئازاری تەنیایی دەکەین. هەندێک جار هەست دەکەین وەک ئەوەی بەناو مۆزەخانەیەکی ئاسەواری پەیوەندییەکان و وێنەی سێ ڕەهەندیدا دەڕۆین. لە ڕاستیدا "ئەوە کارێکی تەنیاییە؛ گەڕان بەناو تەگەرەکانی شوناسی هاوڕێکانمان و شێوە هاوڕێ ڕووکەشییەکانیان، هەوڵ دەدەین بزانین کە دەبێت چ بەشێک لە خۆمان دەربخەین، کێ گوێ دەگرێت، چی دەبیستن."[a]

ئەمە بابەتێکە وەک ئەو پرسیارەی کە "کامەیان یەکەم جار دروستبووە: هێلکە یان مریشک؟": ئایا فەیسبووک وام لێدەکات هەست بە تەنیایی بکەین یان سەرنجی ئەو کەسانە ڕادەکێشێت کە لە بەڕاستی هەست بە تەنیایی دەکەن؟ چارەسەرکردنی ئەو مشتومڕە قورسە، بەڵام یەک خاڵ ڕوون دەکاتەوە: ئێمە دەستمان کردووە بە وازهێنان لەو بیرۆکەیەی کە فەیسبووک، نەخشەی هەموو تۆڕەکانی پەیوەندی مرۆڤانەمانە، دەکرێت کۆتایی بە تەنیاییمان بهێنێت.

## تەکنەلۆژیا و گۆشەگیری

لە وێنە گەورەکەدا تەکنەلۆژیا سوودی زۆرمان پێدەبەخشێت، بەڵام لەگەڵ یەک تەڵەی سەرەکیدا: گۆشەگیری. گۆشەگیری هەم بەڵێنە و هەم نرخی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە. ستیڤن مارشی نووسەر دەنووسێت: "کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە هەستی تەنیایی بانگهێشت دەکەین، هەرچەندە تووشی بێهیواییمان دەکات. مێژووی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیامان مێژوویەکی گۆشەگیرییە کە داخوازیمان کرد و بەدەستمان هێناوە."[b]

چیرۆکی دوور و درێژی گۆشەگیری خوازراو و بەدەست هێنراو لەلایەن گایڵز سلەید لە کتێبەکەی بە ناوی "دابڕانی گەورە: چیرۆکی تەکنەلۆژیا و تەنیایی"[c] هاتووە. لەوێدا نیشانی دەدات کە چەند تاڵێک لە تەکنەلۆژیا و تەنیایی لە مێژووی داهێنانە جۆراوجۆرەکاندا پێکەوە چنراون، لە دەستفرۆشانی سەر شەقام و تەلەفۆنەوە هەتا دەگاتە تەلەفزیۆن و مۆسیقا.

لەگەڵ باشتربوونی تەکنەلۆژیا، ئامێرەکان جێگەی مرۆڤەکان دەگرێتەوە و خودکاری جێگەی کارکردنی زیندوو دەگرێتەوە. فرۆشیارانی سەر شەقام جێگەیان بۆ ئامێری فرۆشتن کردەوە. کرێکارانی گەیاندنی شیری نوێ ڕێگەیان کردەوە بۆ بەرهەمە شیرەمەنییەکان کە لەناو ساردکەرەوەدا پارێزراوە. بانکدارەکان جێگەیان بە ئامێری ATM دا. دوو سەد ساڵ

a Stephen Marche, "Is Facebook Making Us Lonely?" The Atlantic magazine (May 2012).

b هەمان سەرچاوەی پێشوو.

c Giles Slade, The Big Disconnect: The Story of Technology and Loneliness (Amherst, NY: Prometheus, 2012).

لەمەوبەر، کرێکاران بە شێوەیەکی کەسیی لەگەڵ خاوەن کارەکانیان ئاشنا بوون. بەڵام لە کۆمەڵگەی تەکنەلۆژیای ئەمڕۆدا، زۆرێک لە کرێکاران لە شوێنە دوورەکان کار دەکەن، لە کۆمەڵگا پیشەسازییەکان یان بازرگانییەکان کاردەکەن، خزمەت بەو کڕیارانە دەکەن کە شوێن و ناویان نازانن، لە ڕووی جوگرافیاوە لێیان دابڕاون یان لەڕێگەی زنجیرەیەک بەرهەمهێنانی زۆر درێژەوە.

لە ڕووی جەستەییەوە، ئێمە بەهۆی هۆکارەکانی دیکەوە لەیەکتر جیا دەبینەوە. کۆبوونەوە لە دەوری ئاگرێک ڕێگەی دا بە گەرمکەرەوەی ناوەندی، کە گەرمی پاڵدەنێتە هەموو گۆشەکانی ماڵەکە. کۆبوونەوەی پێکەوە بۆ وەرگرتنی هەواڵە ناوخۆییەکان لە کۆشکێکی سەر ڕێگا بۆ خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان، دیوارێکی کاغەزین دروست دەکات کە ڕوخسارمان بەرامبەر بە یەکتر دادەپۆشێت.

پاشان گۆشەگیری بەهۆی پێشکەوتنەکانی ڤیدیۆوە قووڵتر بووەوە. سینەمای کۆمەڵایەتی جێگەی گۆڕا بە تەلەفزیۆنێکی گەورەی هاوبەش لە ماڵی هەر خێزانێکدا، ئەویش جێگەی خۆی بە تەلەفزیۆنێکی گوازراوە بەخشی، ئێستاش جێگەی خۆی داوە بە تەلەفزیۆنی LED کەسی لە هەموو ژوورێکی نووستندا.

کاتێک باس لە مۆسیقا دەکرێت، ئەم ڕێڕەوی تەکنەلۆژییە لەوەش ڕوونترە. بۆ زۆر کەس، بەشداریکردن لە نمایشێکی ئۆرکێسترای ڕاستەوخۆدا لە ئێوارەیەکی شەممەدا، گۆڕا بە فۆنۆگرافی چەسپاو (یان تۆمارکەر) لە ژووری خێزانیدا، کە ڕادیۆیەکی گەورەی ترانسیستۆری جێگەی ئەوەی گرتەوە، کە پاشان ڕادیۆیەکی ترانسیستۆری گوازراوە جێگەی گرتەوە، ئەمەش گۆڕدرا بە ستیریۆی گوازراوە کە دوو بڵندگۆی گەورەی هەبوو و لەسەر شان هەڵدەگیرا، کە ئەمیش گۆڕا بە ئامێری واکمان کە بە پشتێنەوە دەبەسترا، لە شوێنیدا ئەویشدا ئایپۆدێکی بچووک کە بە قۆڵەوە دەبەسترا. مۆسیقا لە ئەزموونێکی کۆمەڵایەتییەوە گۆڕا بۆ ئەزموونێکی خێزانیی هاوبەش و پاشان بۆ ئەزموونێکی تایبەتی لە هێدفۆن.

تەکنەلۆژیا هەمیشە لەیەکتر جیامان دەکاتەوە، بەپێی دیزاینەکەی. داوای گۆشەگیریمان کرد و بەدەستمان هێنا.

## قەڵغانە گوازراوەکانمان

زۆرێک لەم ڕێڕەو تەکنەلۆژییانە لە مۆبایلی زیرەکدا کۆدەبنەوە؛ باڵاترین داهێنانە بۆ گۆشەگیری کەسی. مۆبایلی زیرەکمان قەڵغانێکە هەڵمانگرتووە کەوا لە بەرانبەر خەڵکدا بەکاریدەهێنین بۆ ئەوەی بەرکەوتن و کارلێکی مرۆڤەکان ڕابگرین. کاتێک هەنگاو دەنێینە ناو بەرزکەرەوەیەک (مەسعەد)، وەک قەڵغانێکی پارێزەر مۆبایلەکانمان لەدەست دەگرین.

هێدفۆنـەکان ئـەم بنەمایـە هەتـا ڕادەی کۆتایـی درێـژ دەکەنـەوە. بەپێـی پێناسـەکەی، چەسـپاندنی بـە گوێچکەکانمـان، ڕەتکردنـەوەی گوێگرتنـە لـە بێدەنگـی، وە "ڕەتکردنـەوەی گوێگرتـن لـە بێدەنگی، ڕەتکردنـەوەی گەیشـتنە بـە خـۆت یـان کەسـانی دیکـە."[a] بەمـەوە خۆمـان لـە جیهانـی دەرەوە دادەبڕیـن، بـەڵام هەروەهـا خۆمـان لـە خۆشـمانەوە دادەبڕیـن (بەپێـی یاسـای پاسـکال[b]). هێدفۆنـەکان نێوانبڕێـک دابیـن دەکـەن بـۆ هەریـەک لـە پشـکنینی تەندروسـتی دەروونیـمان و گفتوگـۆی کۆمەڵایەتـی.

هەروەهـا سـلید دەنووسـێت: "لـە سـەدەی بیسـت و یەکەمـدا، هێدفۆنـی سـپی ئەپـڵ، بـە شـێوەیەکی بەرچـاو، هەمـوو ئـەو کەسـانە ئـاگادار دەکەنـەوە کـە لـە شـوێنە گشـتییەکاندا چاودێریـمان دەکـەن، ئێمـە کەسـانێکی بێباکیـن، حەزمـان لـە مۆسـیقایە، مەترسـی نیـن، لـە کاتێکـدا هێدفۆنـی وایفـای بـێ وایـەر پەیامێکـی کەمێـک جیـاواز و شـەڕانگێزتر دەگەیەنێـت: مـن زۆر سـەرقاڵم، بوێـری ئـەوەت نەبـێ بێـزارم بکەیـت. جارێکـی دیکـە، کارلێککـردن لەگـەڵ ئامێرێکـدا ڕێگـری دەکات لـە کارلێـک لەگـەڵ کەسـانی دیکـە کـە پـڕە لـە مەترسـی و بەفیڕۆدانی وزە، وە لـەو بـە باشـتری دادەنێـت. ئێمـە زیاتـر لـە سـەد سـاڵە مەرجـدار کراویـن کـە تەنیـا لـە ڕێگـەی نێوەندگیـری ئامێرەکانـەوە مەترسـی بەرکەوتنـمان لەگـەڵ کەسـەکان هەبێـت. ئێمـە زۆر زیاتـر متمانەمـان بـە ئامێـرەکان هەیـە لـەوەی کـە متمانەمـان بـە مرۆڤـەکان هەبێـت."[c]

لـە بەیادهێنانەوەیەکـی ئەنـدی وارهـۆڵ سـەبارەت بـە ئامێـرە تۆمارکەرەکانمانـی دەنـگ و کامێـرای پۆلارۆیـد، ئێسـتا ئامێرەکانمـان ئێسـتا وەک بەربەسـتێکن (نێوەندگیـر) بـۆ پەیوەندییەکانمـان.

بـە پاراسـتنی گۆشـەگیریمان، بەبـێ ئـەوەی بزانیـن ڕاسـت دەچینـە نـاو یەکێـک لـە درەوشـاوەترین تەڵەکانـی بازرگانـی جیهـان. سلەید دەنووسـێت: "سـەبارەت بـە بەرهەمهێنەران و بازرگانـان، مـرۆڤ باشـترینە کاتێـک بـە تەنیا بێـت، بـەو پێیـەی تاکـەکان ناچـارن هەریەکەیـان یـەک شـتومەکی بەکاربـەر بکـڕن، لەکاتێکـدا ئەندامانـی خێـزان یـان کۆمەڵـگا هاوبەشـی دەکـەن. جووڵـەی تەکنەلۆژیا بـەرەو بچووککردنـەوە خزمـەت بـەم ئامانجـە دەکات لـە ڕێـگای ئامێـری ئەلیکترۆنـی کەسـی کـە گونجـاو بێـت بـۆ بەکارهێنەرانـی تاکەکەسـی. بـۆ بەکارهێنەرانـی ئەمڕۆ کـە بـە وردی ڕاهێـنراون، هاوبەشـکردن دەسـتێوەردانێکە لـە بـواری کەسـی."[d]

---

a Jacques Ellul, The Technological Bluff (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1990), 378.

b Slade, The Big Disconnect, 160.

یاسـای پاسـکال بـۆ پەسـتان: بـلاز پاسـکالی زانـای فەرەنسـی یاسـایەکی بەناوبانگـی نووسـیوە کـە دەڵێـت کاتێـک فشـار بخرێتـە سـەر شـلەمەنی نێـو ڕووبەرێکـی داخـراو، بـە شـێوەیەکی یەکسـان، ئـەوە بـە هەمـوو لایەکـی ئـەم ڕووبـەرە دابـەش دەبێـت -وەرگێڕ.

c Slade, The Big Disconnect, 160.

d هەمان سەرچاوەی پێشوو، ١٠.

## پێچەوانەکردنەوەی ڕۆڵەکان

بچووککردنـەوە و بـە کەسـیکردنی تەکنەلۆژیـا، ئاراسـتەی زۆرێـک لـە پێشـکەوتنە تەکنەلۆژییەکانمانـە، لـە زۆربـەی کارلێکـە ئاسـاییەکانماندا لـە کەسـانی دیکەمـان دادەبڕێـت. ئێمـە هەوڵدەدەیـن جڵەوگیـری کەسـانی دیکـە بکەیـن لـە ڕێگـەی نێوەندگیـری تەکنەلۆژیـاوە لـە پەیوەندییەکانمانـدا. "لـە کەلتوورێکـی تەکنیکیـدا، پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییـەکان بـە ئاسـانی دەبڕدرێـن و پەیوەندییـە تەکنیکـی یـان ڕێکخراوەییـەکان جێگەیـان دەگرێتـەوە. خۆشەویسـتی دەمرێـت؛ هاوخەمـی و هاوسـۆزی و بەرکەوتـن لەگـەڵ کەسـانی دیکـە نامێنـن. دوورکەوتنـەوە و تەنیایـی زیـاد دەکات."[a] ئـەو دەربڕینـە زیـادەڕەوی تێدایـە، بـەڵام هـەروەک سـلەید لـە سـەرەوە ئامـاژەی پێکـردووە، پێدەچێـت ئێمـە کەمـتر متمانەمـان بـە خەڵـک هەبێـت لـەوەی کـە متمانەمـان بـە تەکنەلۆژیـا هەیـە.

وەک ئـەوەی لـە سـەردانێکی زیندانـدا لـە ڕێگـەی دیوارێکـی شووشـەیی و تەلەفۆنێک سـەر دیـوارەوە گفتوگۆیـەک بکەیـن، ئێسـتا زۆرێـک لـە ئێمـە لـە پشـت بەربەسـتە ئاساییشـییەکانەوە لـە یەکـتر نزیـک دەبینـەوە، بـە زمانێکـی ئامـاژەی دیجیتاڵـی پـڕ لـە کرتـە (کلیـک) و ڕاکێشـان (سـوایپ) و دەسـت لێـدان (تـەچ) لەسـەر شاشـەکان. تەنانـەت کاتێـک لەگـەڵ نزیکتریـن هـاوڕێ و ئەندامانـی خێزانەکەمانداین، کێش دەکرێیـن بـۆ تـۆڕەکانی ئینتەرنێـت. (لـە سـاتە خاوەکانی پشـوو یـان کۆبوونەوەکانـدا، دەکرێـت چەنـد کـەس لەسـەر مۆبایلەکانیـان بدۆزیتـەوە؟)

مۆبایلـی زیـرەک دەبێتـە هـۆی پێچەوانەبوونـەوەی کۆمەڵایەتـی: ئـارەزووی تەنیابـوون لـە شـوێنی گشـتی و تـەواو دانەبـڕاو. دەکرێـت بەرامبـەر بـە خەڵکـی قەڵغانبەنـد بکرێیـن و بـە گۆشـەگیری دەور بدرێیـن، واتـا دەکرێـت ڕزگارمـان بێـت لـە نائاسـایی کارلێکـی مـرۆڤ لەسـەر شـەقام و بێـزاری تەنیایـی لـە ماڵەکانمانـدا. یـان ئێمـە پێـمان وایـە.

## دروستکردنی متمانەی ڕووبەڕوو

لـە سـەرووی هەمـوو ئەمانەشـەوە، سـەردەمی تەکنەلۆژیـا دلبڕینـی جەسـتەیی خێراتـر دەکات، هـەروەک کیڤـن ڤانهـۆزەری زانـای یەزدانناسـی دەڵێـت: "یەکێـک لـە کێشـەکانی جیهانگیـری و تەکنەلۆژیـای گواسـتنەوە و پەیوەندییـەکان و نوێگەرایەتـی بـە گشـتی ئەوەیـە کـە ئـەم سـوودانە تێچـووی لەگەڵدایـە: دابـڕان لـە شـوێن. ئەنجامـی توانـای ئێمـە بـۆ قسـەکردن لەگـەڵ مرۆڤـەکان لـە هـەر شـوێنێکی جیهـان لـە چرکەیەکـدا، یـان گەشـتکردن بـۆ ئەودیـوی هەسـارەکە لـە مـاوەی چەنـد کاتژمێرێکـدا، لەدەسـتدانی هەسـتی ئینتیمایـە بـۆ شـوێنێکی دیاریکـراو. ئیـتر مـەودا بەربەسـت نییـە. ئەمـە لەخۆیـدا شـتێکی باشـە، لەمـە دڵنیابـە. بـەڵام،

a Egbert Schuurman, Faith and Hope in Technology (Toronto: Clements, 2003), 101.

لـە لایەکـی دیکـەوە، پەیوەندیـمان بـە شـوێنە نزیـک و دوورەکانـەوە، وا دەکات قـورس بێـت هەسـت بکەیـن شـوێنێک زێـدی تۆیـە."[a]

ڕەنگـە ئـەوەی زیاتـر نیگەرانکـەر بێـت کاریگەرییـە پەیوەندیـدارەکان بـن. ئەگـەر شـوێنێکمان نەبێـت نیشـتمانی ئێمـە بێـت، ئەگـەری ئـەوە زیاتـرە خۆمـان گۆشـەگیر بکەیـن و چاوەڕێـی ئـەوە بکەیـن پەیوەندییـە دوورەکان لـە ئێمـەدا ڕەگ دابکوتێـت. بـەڵام ئەگـەر قووڵتریـن و بەهادارتریـن پەیوەندییەکانمـان دوور بـن، ئـەوا دەگەڕێینـەوە بـۆ نیگەرانییـەکان سـەبارەت بـە دژە بەریەککەوتنـی شاشـەی تاچـی مۆبایلـی زیرەکـمان و پێویسـتیمان بـە لێـوارە زبرەکانـی کارلێککردنـی ڕووبـەڕووە. لێـرەدا سـوودەکانی نائاسـایی بەرجەسـتەکراو دێنـە گۆڕەپانەکـەوە. زۆرتریـن گفتوگـۆی شـێوەداڕێژراو کـە پێویسـتمانە پـڕن لـە بەریەککەوتـن، بـە سـادەیی ناتوانیـن لـە مۆبایلـە دژە بەریەککەوتنەکانمـان بەدەسـتی بهێنیـن.[b]

وە کاتێـک بـاس لـە کارلێککـردن لەگـەڵ کەسـانی نامـۆ دەکرێـت، سۆشـیال میدیـا وەک شـوێنێکی سـەلامەت بـۆ ئەنجامدانـی ئـەو کارە سـەرهەڵدەدات. ڕەنگـە زێدەڕۆیـی تێـدا نەبێـت ئەگـەر بڵێیـن ئێمـە حەزمـان لـە سۆشـیال میدیایـە، "چونکـە بەبـێ مەترسـی و پابەندبوونەکانـی کۆمەڵگەیەکـی جیهانـی ڕاستەقینە دێـت." یـان لەبـەر ئـەوەی بەڕاسـتی "بێهیواییەکـی قووڵـمان بـە مرۆڤـەکان هەیـە، کـە هەڵەیـان زۆرە و شـت لەبیـر دەکـەن، پێویسـتیان بـە شـتێک هەیـە کـە پێشـبینی نەکـراوە، ئامێـرەکان بـە شـێوەیەک دادەمەزرێنرێـن بـۆ ئـەوەی ئـاوا نەبـن."[c] سـەلامەتترە کـەوا لەپشـت ئامێرێکـەوە لـە یەکـتر نزیـک ببنـەوە.

هەسـت دەکەیـن سۆشـیال میدیـا وەک ڕێگەیەکـی سـەلامەتە بـۆ ئـەوەی خۆمـان پێشـکەش بـە کەسـانی دیکـە بکەیـن. لەسـەر شاشـەی مۆبایلێـک، نووسـەرێک شـایەتی ئـەوە دەدات، "دەمتوانـی خـۆم دەربخـەم بـۆ پشـکنین و چەسـپاندنی مەجـازی و لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە جڵەوگیریـدا بمێنمـەوە، دوور لـە ئەگـەری ڕەتکردنـەوەی فیزیکـی."[d] بـەڵام لـە کاتێکـدا ڕەنگـە بتوانیـن بـە گـەڕان بـەدوای پڕۆفایلـی ئاپێکی ژوانبەسـت بە شـێوەیەکی ئاسـایی بەدوای کەسـانی داواکـراودا بگەڕێیـن، بـەڵام دەزانیـن کـە ناتوانیـن بـەو شـێوەیە هاوسـەرێک هەڵبژێریـن. ئێمـە پێویسـتمان بـە کاتێکـی ڕووبـەڕوو هەیـە، تەنانـەت ئـەو کاتـەش بەزەحمـەت ئامادەیـن بـۆ ئـەو بەریەککەوتنـەی کـە خـودا دەیەوێـت بەکاریبهێنێـت، کاتێـک ئێمـە و هاوسـەرەکانمان بەدرێژایـی سـاڵان ئامـادە دەکرێیـن و شـێوەمان دادەڕێژرێـت بـۆ دوو هاوسـەر کـە ڕەنگدانـەوەی مەسـیح و بووکەکـەی بـن. ئەمـە بەشـێکە لـە لێزانـی (وە نهێنـی) هاوسـەرگیری وەک پەیوەندییەکـی

a Kevin Vanhoozer, interview with the author via email (Feb. 26, 2016).

b پەندەکانی سلێمان ٢٧: ٧.

c Jonathan Franzen, "Sherry Turkle's 'Reclaiming Conversation,'" The New York Times (Sept. 28, 2015).

d Olivia Laing, The Lonely City: Adventures in the Art of Being Alone (New York: Picador, 2016), 224.

پەیمانـی نێـوان دوو کەسـی ڕەگـەزی جیـاواز و زۆرجـار نەتـەوە و بەهـرە و خولیـای جیـاوازە.

لـە تـۆڕی ئینتەرنێـت، ئێمـە ژیانمـان لـە چیرۆکێکـدا پێشـکەش دەکەیـن کـە تەنیـا بـە لێکدانـەوەی خۆیەتـی دروسـتکراون، بـە دەگمـەن لێکدانەوەمـان بـۆ خۆمـان جێگـەی گومانـە. بـەڵام بـە شـێوەیەکی کەسـی، دەکرێـت لێکدانەوەکانمـان بگەڕێنرێتـەوە دواوە، بخرێنـە ژێـر پرسـیارەوە، ڕەخنـەی لـێ بگیرێـت، هەمـوو ئەمانـەش بـۆ چاکـەی خۆمانـە.

بەریەککەوتـن لـە ڕێـگای ڕەسـەنایەتی ڕاستەقینە، وە هیـچ بـڕە پەیوەندییەکـی ئینتەرنێتـی ناتوانێـت زاڵ بێـت بەسـەر نەبوونـی تەواوەتـی ڕاسـتەقینەدا. دەبێـت لەگـەڵ ئـەو کەسـانەدا ڕاسـتەقینە بیـن کـە خـودا دەیخاتـە نـاو ژیانمانـەوە. دەبێـت ڕاسـتیەکان بڵێیـن. دەبێـت لـە قوتابخانـە ڕاسـتگۆ بیـن. دەبێـت دانـا بین سـەبارەت بـە پارەکانمان. دەبێـت هاوڕێـی متمانەپێکراو بیـن. دەبێـت لـە شـوێنی کاردا جێـی متمانـە بیـن. جیهـان پێویسـتی بـەو شـتە هەیـە کـە دەبێـت ببیـن: ژنـان و پیاوانێـک بیـن سـەرنجی ژیانمـان لەسـەر خـودا بێـت، دڵخـۆش و متمانەپێکـراو. ئێمـە مرۆڤـی بـێ کەموکـوڕی نیـن؛ بەڵکـو ئێمـە تۆبەکارێکـی کەوتوویـن کـە پێویسـتمان بـە بەریەککەوتنـی کاریگـەر هەیـە بـۆ گەشـەکردن و پێگەیشـتن. ئێمـە بـاوەڕداری متمانـە پێکراویـن کـە پابەندیـن بـە گـۆڕینی پەیوەندییـە ئاسـانەکان بـە پەیوەندییـە متمانـە پێکـراوەکان.

لـەم ڕەسـەنایەتییە بەرجەسـتەکراوەوە، ئینجیـل بڵاودەبێتـەوە.[a] لـە هـەر شـوێنێک بژیـن، بـاوەڕداران بـە مەسـیح بانـگ دەکرێـن بـۆ ئـەوەی ڕووبـەڕوو لـە جیهانـدا بەشـداربن؛ ئەمـە خاڵێکـی سـەرەکییە بـۆ هەموومـان کـە دەبێـت لەبەرچـاوی بگریـن، بـە تایبـەت دایک و بـاوکان. فرانسـیس چـان پێـی گوتـم: ”منداڵانـی زیاتـر و زیاتـر دەناسـم کـە نازانـن قسـە لەگـەڵ خەڵکـی بکـەن، تەنانـەت نایانەوێـت لـە سـەریان لەسـەر شاشـەکانیان بـەرز بکەنـەوە. ئێمـە سـەرباز پـەروەردە دەکەیـن. ئێمـە خەریکـی پەروەردەکردنـی نێردراوانیـن. کاری ئێمـە ئەوەیـە ئـەم منداڵانـە بگەیەنینـە ئـەو شـوێنەی کـە بتوانـن بچنـە نـاو جیهـان و دەسـت بـە گفتوگـۆ بکـەن لەگـەڵ خەڵکـدا و ڕووناکـی عیسـا و پەیامـی ئینجیلیـان پـێ بگەیەنـن.“[b] ڕەسـەنایەتی پەیوەنـدی چـاو کلیلـی هاوسـۆزی و سـاکاری و متمانەیـە لـە پەیوەندییەکانمـان، وە ئـەم کارامەییانـە هەموومـان پێویسـتمان پێیەتـی.

## تەنیایی بپارێزە

لـە هەمـان کاتـدا، ڕەسـەنایەتی ڕووبـەڕوو- چـاو بـە چـاو پێویسـتی بـە تەنیایـی ڕاسـتەقینە هەیە.

---

a یەکەم سالۆنیکی ١: ٢-١٠.

b Francis Chan, interview with the author, “Dads and Family Leadership,” Desiring God, desiringGod.org (Jan. 13, 2015).

شێری تورکڵ، دەروونناسێکی بەڕێزی سەردەمی دیجیتاڵی دەڵێت: ”توانای گفتوگۆی هاوسۆزی هاوتەریبە لەگەڵ توانای بەرگەگرتنی تەنیایی. لە تەنیاییدا خۆمان دەبینینەوە؛ ئێمە خۆمان ئامادە دەکەین بۆ ئەوەی بە شتێکەوە بچینە ناو گفتوگۆ کە بیڵێین ڕەسەن بێت.“[a] تەنیایی بەخششێکی بەهادارە: هەموومان دەمانەوێت، هەموومان پێویستمان پێیەتی، هەموومان پێمان وایە تەکنەلۆژیای زیاتر نهێنیە. بەڵام ئاوا نییە، ئەلستەر ڕۆبەرتس هۆشداری دەدات و دەڵێت: ”دەترسم ژینگە بینراو و بیستراوەکان کە پڕ لە ئاژاوە و سەرسەختین بمانبەن بەرەو هەڵوەرینی هونەری گوێگرتنی بێدەنگ و بە ئاگا، لەگەڵ ئەوەشدا هەستکردنمان بە بوونی نەبینراوەکان.“[b]

کەواتە، چی بکەین بەو هەمووە تەنیاییەی کە لە سەردەمی تەکنەلۆژیادا پێمان دراوە؟ زۆرجار بە بەکارهێنانی هەڵە تەکنەلۆژیاکانمان ساتمە دەکەین. لەبیرتانە کە لە بەشی یەکەمدا باسم لە ڕاپرسییەکەم کرد کە لەنێو هەشت هەزار باوەڕدار بە مەسیح کردم سەبارەت بە ڕۆتینی بەکارهێنانی سۆشیال میدیا.[c] لەوێدا تێبینیم کرد کە زیاتر لە نیوەی بەشداربووان (٥٤٪) دانیان بەوەدا ناوە کە لە ماوەی چەند خولەکێکدا لەدوای لەخەو هەستان لە بەیانییەکی ئاساییدا مۆبایلە زیرەکەکانیان پشکنیوە. کاتێک پرسیاریان لێکرا کە ئایا پێش یان دوای ئەوەی لە بەیانییەکی ئاساییدا پەرستشە ڕۆحییەکانیان ئەنجام بدەن، ئەگەری پشکنینی ئیمەیڵ و سۆشیال میدیایان زیاترە، لەسەدا ٧٣ گوتوویانە ”پێش“ ئەوە.

ئەم ڕاستییە جێگەی نیگەرانییە، ئەگەر جان پایپەر ڕاست بووبێت کاتێک گوتی: ”هەست دەکەم هەموو بەیانیەک دەبێت ڕزگارم بێت. لە خەو هەڵدەستم و شەیتان لەسەر ڕووخسارم دانیشتووە“[d]. ئەو کاتژمێرە زووانەی بەیانیان زۆر گرنگن بۆ تەندروستی ڕۆحی و بۆ پێشکەوتن لە شەڕە ڕۆحییەکان کە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبنەوە.[e] شەیتان ئەوە دەزانێت، وە دەیەوێت ژیانی پەرستشمان وێران بکات، ئەگەر نەتوانێت وامان لێبکات بە سادەیی ئەو خووە پشتگوێ بخەین، پەیڕەوکردنە ڕۆحییەکانی بەیانیان، ئەوا ”بیرکردنەوەکانمان سەرقاڵ دەکات، وە دەیانشکێنێت بۆ هەزار پارچەی هیچوپووچ.“[f]

---

a Sherry Turkle, “Stop Googling. Let’s Talk,” The New York Times (Sept. 26, 2015).

b Alastair Roberts, interview with the author via email (Jan. 23, 2016).

c A non-scientific survey of desiringGod.org readers, conducted online via social-media channels (April 2015).

d وەک ئەوەی دیارە ئەم لێدوانە لە پەیامێکەوە وەرگیراوە و داڕێژراوەتەوە و لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بڵاوکراوەتەوە. وتاری ڕەسەن نادیارە. وشەکانم لێرەدا لە ڕێگەی ئیمەیڵەوە لەلایەن جۆن پایپەرەوە پشتڕاستکراونەتەوە و پەسەندکراون (٢ی حوزەیرانی ٢٠١٥).

e هەروەک حاڵەتی نووسەرانی زەبوور: ٥: ٣؛ ٨٨: ١٣؛ ٩٠: ١٤؛ ١١٩: ١٤٧-٤٨ ١٣٠: ٦؛ ١٤٣: ٨.

f John Flavel, The Whole Works of the Reverend John Flavel (London: W. Baynes and Son, 1820), 4:253.

سەیر نییە کە ئێمە بە ڕووکردنە مۆبایلەکامنان دەستبەرداری کاتژمێرەکانی بەیانیامنان دەبین، بەڵام بۆچی؟ فریودانەکە چییە؟ پرسیارم لە جان پایپەر کرد، ئەویش ئاماژەی بە شەش هۆکاری غەریزەیی کرد، سێ لەوانە "پاڵنەری شیرین" و سێ "پاڵنەری دوورکەوتنەوەیە".

١. شیرینی نوێگەری. ئێمە دەمانەوێت ئاگادار بین لەوەی کە چی لە جیهاندا نوێیە و لەنێو هاوڕێکامناندا چی نوێ هەیە، وە نامانەوێت دووربین لە شتێکی شایستەی هەواڵ یان جێی سەرنج.
٢. شیرینی ئیگۆ (خو ویستی). دەمانەوێت بزانین خەڵکی چی لەبارەی ئێمەوە دەڵێن و چۆن وەڵامی ئەو شتانە دەدەنەوە کە ئێمە گوتوومانە و پۆستمان کردووە.
٣. شیرینی کات بەسەربردن. ئێمە دەمانەوێت خۆراک وەربگرین لەو شتانەی کە سەرنجڕاکێشن، سەیرن، نامۆن، سەرسوڕهێنەرن، شۆکهێنەرن، یان ناوازەن.
٤. دوورکەوتنەوە لە بێزاری. ئێمە دەمانەوێت ڕۆژی دادێ دوابخەین، بە تایبەتی کاتێک بێزارکەر و ئاسایی دەردەکەوێت، وە هیچ شتێکی سەرسامی لەخۆناگرێت بۆ ئەوەی سەرنجمان ڕابکێشێت.
٥. دوورکەوتنەوە لە بەرپرسیارێتی. ئێمە دەمانەوێت بارگرانییەکانی ئەو ڕۆڵانە لابدەین کە خودا پێی بەخشیوین وەک باوک، دایک، سەرۆک، کارمەند و خوێندکار.
٦. دوورکەوتنەوە لە سەختی. ئێمە دەمانەوێت مامەڵەکردن لەگەڵ ناکۆکی پەیوەندییەکان یان ئازار، نەخۆشی و کەمئەندامییەکانی جەستەمان دوابخەین.[a]

ڕەنگە ئێمە مۆبایلەکامنان بپشکنین بۆ ئامانجی بەرزتر؛ وەک ئەوەی بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ هاوڕێ و ئەندامانی خێزانەکەمان یان بۆ پشتڕاستکردنەوەی خشتەی ئەرکەکانی ئەو ڕۆژە؛ بەڵام بەیانیان یەکسەر پەلەقاژەی فریودامنان دێتە سەر، دەکەوینە ناو تەنیایی بەهادارمان. زەحمەتە کێشەی دەرەنجامی ئەم بابەتە باشتر لەوە کورت بکەینەوە: "مەترسی ڕاستەقینە لەگەڵ فەیسبووکدا ئەوە نییە کە ڕێگەمان پێدەدات خۆمان گۆشەگیر بکەین، بەڵکو بە تێکەڵکردنی ئارەزووی گۆشەگیریمان لەگەڵ شانازیکردن بە خۆمان، ئەمە هەڕەشەیە لەسەر گۆڕینی خودی سروشتی تەنیایی."[b]

---

a پوختەی قسەکانی جان پایپەر، لە چاوپێکەوتن لەگەڵ نووسەر لە ڕێگەی سکایپەوە، کە بەم شێوەیە بڵاوکراوەتەوە «شەش هۆکاری هەڵە بۆ پشکنینی مۆبایلەکەت لە بەیانیاندا: و ڕێگەیەکی باشتر بۆ پێشەوە»، Desiring God، desiringGod.org (٦ی حوزەیرانی ٢٠١٥).
b Marche, "Is Facebook Making Us Lonely?"

پێدەچێت ئەم هاوکێشانە بۆ کاتژمێرەکانی بەیانی زوومان ڕاست بن:

گۆشەگیری + خۆراک وەرگرتن لە شانازیمان = تەنیایی -برسیکردنی ڕۆح

گۆشەگیری + هاوبەشی لەگەڵ خودا = تەنیایی -خۆراکدان بە ڕۆح

پوختە: تەکنەلۆژیا بە ئاراستەیەکی ناوەندیدا دەمانچەمێنێتەوە، بەرەو شوێنێکی ناوەندیی تەنیایی ڕادەکێشێت و ژیانمان پڕ دەکات لە خوویێک کە سوود بەو لایەنە پەیوەندیدارانە دەگەیەنن هەوڵدەدەن سەرنجەکانمان بکەنە پارە.

وە کاتێک باس لە کاتژمێرەکانی بەیانی دەکرێت، چارڵز سپێرجین ڕاست دەکات کە دەڵێت: ”ڕێگە مەدەن مێشکتان بە ئاسانی سەرقاڵ بێت، ئەگینا زۆرجار پەرستشتان لەناو دەچێت.“[a] گرنگە بۆ تەندروستی ڕۆحیمان، دەبێت گوێ بگرین و گوێمان لە دەنگی خودا بێت کە پێمان دەڵێت: «هێوربنەوە، بزانن کە من خودام» (زەبوری ٤٦: ١٠). ئەمە گرنگی بۆ ژیانی ڕۆحیمان هەیە. هەموو بەیانییەک دەبێت کاتێک تەرخان بکەین بۆ وەستان، بێدەنگ بین، بزانین کە خودا خودایە و ئێمە منداڵی ئەوین. تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی نابێت هەموو بۆشاییە بێدەنگەکانی ژیان پڕبکاتەوە.

بۆیە وەک باوەڕداران بە مەسیح، بەیانیان مۆبایلەکانمان پاڵ دەنێینە دواوە؛ بۆ ئەوەی تەنیاییمان بپارێزین، بۆ ئەوەی بتوانین خودا بناسین و بتوانین وەک منداڵانی خودا ڕەنگدانەوەی وێنەی ئەمان هەبێت. وە لە ڕۆژدا مۆبایلەکانمان پاڵ دەنێینە دواوە؛ بۆ ئەوەی متمانەیەکی ڕاستەقینە بنیاد بنێین لەسەر بنەمای پەیوەندی چاو بە چاو لەگەڵ ئەو کەسانەی لە ژیانماندان و بۆ ئەوەی بەهۆی پەیوەندییە سەختەکانەوە تیژتر ببین. بەبێ ئەم دوو پاسەوانە لە شوێنی خۆیان، ئاوارەیی بەسەرماندا زاڵ دەبێت، گۆشەگیری پەنامان دەدات، دەتوانین خۆمان ببینینەوە کە زیاتر و زیاتر تەنیا دەبین، وە لە کۆتاییدا ئەرکی نێردراوییێتی ئینجیلەکەمان ڕادەوەستێت.

بەڵام هێشتا خووی ترسناکی مۆبایلی زیرەک هێندەی دیکە خراپتر دەمێنێتەوە کە لە ژێر پەردەی نهێنیدا گەشە دەکات.

a C. H. Spurgeon, The Sword and Trowel: 1878 (London: Passmore & Alabaster, 1878), 136.

# ٨

## ئێمە لە خراپەکارییە نهێنییەکاندا ئاسوودە دەبین

ئێمـە، بـە سروشـت، بەکارهێنـەری خـاوەن پێویسـتین. ئێمـە بـۆ ئـەوە دروسـت کراویـن کـە وەربگریـن و بیخۆیـن، بـۆ وەرگرتنـی دیـاری مـاددی بـۆ ئـەوەی بژیـن و لـە ئـاوی ژیـان بخۆینـەوە.

لەگـەڵ ئەوەشـدا، ململانێـی بەکاربـەر بـوون ئـەو بیرۆکەیـە کـە دەتوانرێـت هەمـوو ژیـان بگۆڕدرێـت بـۆ کاڵا، پاشـان جڵەوگیـر بکرێـت و بکرێتـە پـارە. ئـەو دروشـمەی دەڵێـت: «ئەپێـک (App) هەیـە ئەمـە دەکات.» دروشـمێکە حوکمڕانـی ڕۆحـی بەکاربـەری لـە سـەردەمی مۆبایلـی زیرەکـدا دەکات. ئەمـڕۆ، دەکرێـت هەمـوو چالاکییـەکان و بەرژەوەندییەکانمـان (وە تەنانـەت پەیوەندییەکانیشـمان) بکرێتـە خشـتەی جیاکـراوە، وەک لـە سـناپچاتدا، کـە پەیوەندییـە پەیوەندیـدارەکان بـۆ خـاڵ کـورت دەکرێنـەوە، وە دەتوانرێـت "سـتریکەکانی سـناپ" بـە پەیوەندیکردنـی لانیکـەم جارێـک لـە هـەر بیسـت و چـوار کاتژمێرێکدا لەگـەڵ هاوڕێـی تایبـەت بپارێزرێـن. لـە ڕاسـتیدا، "تەکنەلۆژیـای سۆشـیال میدیـا لەمسـاڵدا بووەتـە بنەمـاکان، چونکـە گەشـەپێدەران فێردەبـن چـۆن دەسـت بخەنـە نـاو برسـییەتی قووڵـی مـرۆڤ بـۆ هاوشـێوەیی دەسـەڵات و لاوازی."[a]

لـە کەلتوورێکـدا کـە دەتوانێـت پەیوەندییـەکان کـەم بکاتـەوە بـۆ نمـرەی کەسـی لـە یارییەکـی کێبڕکێـدا، هەمـوو ئەزموونێـک، هیـوا و پەرۆشـییەک لـە ژیانـدا دەکرێـت بـە هەمـان ئاسـانی بکرێنـە کاڵای دیجیتاڵـی؛ تەنانـەت بەشـە سـۆزدارییەکانیش.

### ئاشلی مادیسۆن

ئاشـلی مادیسـۆن خزمەتگوزارییەکـی بەشـداریکردنی کەنەداییـە لەڕێـگای ئینتەرنێـت و ئەو ژن و پیـاوە خێزاندارانـە دەکاتـە ئامانـج کـە دەیانەوێـت پەیوەنـدی نهێنیـان لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا هەبێـت کـەوا دەیانەوێـت داوێنپیسـی دەسـتپێبکەن. دروشـمی ماڵپەڕەکـە لەوە سـادەتر (یـان بـێ تامـتر) نییـە: "ژیـان کورتـە. بـا پەیوەندییەکـی نایاسـاییت هەبێـت!» ماڵپەڕەکـە لەگـەڵ سـێکس و پەیوەندییەکانـدا ئـەوە دەکات کـە تەکنەلۆژیـای دیجیتاڵـی هەوڵـدەدات لەگـەڵ هەمـوو ژیانـدا بیـکات؛ وای لێکـردووە ببێتـە کاڵایـەک بەکاربهێنرێـت. داوێنپیسـی کردۆتـە

---

a Andy Crouch, Strong and Weak: Embracing a Life of Love, Risk and True Flourishing (Downers Grove, IL: InterVarsity Press, 2016), 86.

کاڵایەک، کە بەکارهێنەران بەرامبەر بە پارەیەک دەتوانن بەدەستی بهێنن بە ناردنی ناونیشانی ئیمەیڵەکانیان بە شێوەیەکی نهێنی بۆ بنکەی داتاکان، ئیتر دەبنە ئەندام کە دەتوانن نامە بۆ ئەندامانی دیکە بنێرن بۆ هەماهەنگی کۆبوونەوەی نهێنی داوێنپیسی. لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا، دەیان ملیۆن کەس بە نهێنی ناو و کارتی بانکیی و ئیمەیڵ و ناونیشانی ماڵەکانیان تۆمار کردووە و تەنانەت خەیاڵە سێکسییەکانیشیان نووسیوە.

بەڵام بە تێپەڕینی کات، وادیارە زۆرێک لە بەکارهێنەران لەدوای ناو تۆمارکردن بیریان گۆڕاوە، چوونەتەوە ناو ماڵپەڕەکە بۆ سڕینەوەی هەژمار (ئەکاونت) و زانیارییە کەسییەکانیان. ئیتر ڕای جیاواز هەبوو لەسەر ئەوەی داخوا بەڕاستی پڕۆفایل و زانیاری تۆمارکردن لە سێرڤەرەکانی کۆمپانیاکە سڕدراونەتەوە یان نا، بۆ ئاشکراکردنی ئەمە، تیمێکی هاککەر لە هاوینی ٢٠١٥ هەڵیانکوتایە سەر ماڵپەڕەکە و بۆیان دەرکەوت کە هیچ زانیارییەک بۆ هەمیشەیی لە داتابەیسەکە نەسڕاوەتەوە. ئیتر هاککەرەکان هەموو داتا تۆمارکراوەکانیان دزی و ناو و ناونیشانی ئیمەیڵەکانیان بە ئاشکرا دزەپێکرد. هەواڵی پێشێلکردنی داتاکان شەپۆلێکی ترسی وروژاند. هاوسەرە گوماناوییەکان لە هەموو شوێنێک هەنگاوی ترسناکی داهاتوویان نا بەوەی لە داتابەیسەکانی ئینتەرنێت بگەڕێن بۆ ئەوەی بزانن ئایا ناوی خۆشەویستەکانیان یان ناونیشانی ئیمەیڵەکانیان تێدایە یان نا.

سامانتا کە ناوی خوازراوی یەکێک لەو ژنانەیە کە تەمەنی چل و هەشت ساڵە، باس لەوە دەکات کە لە شوێنی کارەکەیدا بووە کاتێک ناونیشانی ئیمەیڵی هاوسەرەکەی لەنێو ئەو زانیارییە دزەپێکراوانەی دۆزیوەتەوە. بە سەرسامییەوە جانتا و کلیلەکانی هەڵگرت و یەکسەر بە ئۆتۆمبێلەکەی گەڕایەوە ماڵەوە.

هاوسەرەکەم لە چێشتخانە بوو، سەری سوڕما کە منی لە ماڵەوە بینی. دەیزانی شتێکی هەڵە هەیە.

گوتم: "تەماشای ئازار و خەمی سەر ڕووخسارم بکە، دەیبینیت؟"

گوتی: "بەڵێ. چی ڕوویداوە؟"

گوتم: "ناو و ناونیشانی ئیمەیڵەکەتم لە ئاشلی مادیسۆن دۆزیوەتەوە."

گوتی: "نا، ناکرێت.»

گوتم: "تۆ بە تەواوی دەزانی باسی چی دەکەم."

ڕوخساری زەرد هەڵدەگەڕا، تفی قوتدەداوە. من زۆر باش هاوسەرەکەم دەناسم: "لە ترس و دڵەڕاوکێدا بوو."[a]

---

a Kristen Brown, "I Found My Husband in the Ashley Madison Leak," Fusion, fusion.net (Aug. 21, 2015).

ترس، وشکبوونی قورگ، شکانی ڕۆح؛ ئەمە هەستی ملیۆنان کەس بوو کە نەیاندەتوانی مەبەستە تاریکەکانی دڵیان تەنها وەک "پێ هەڵخلیسکانێک» یان کلیکێکی هەڵە ڕوون بکەنەوە. ئێستا نیازەکانیان ئاشکرا بوو بۆ جیهان و بۆ هەموو ئازیزانیان، لەگەڵ هەندێک گومان لێیان. لە یەک دزەپێکردنی زانیارییەکاندا، سی و دوو ملیۆن داوێنپیس (یان ئەوانەی بەدوای داوێنپیسییەوە بوون) ئاشکرا بوون، لەنێویاندا کارمەندانی سەربازی، کەسایەتییە ناودارە دیارەکان، تەنانەت شوان و ڕابەرانی خزمەتەکانیش. ئەوە شەپۆلێکی خۆکوشتنی بەدوای خۆیدا هێنا (لەوانەش قەشەیەک کە مامۆستای یەزدانناسی بوو تەمەنی پەنجا و شەش ساڵ بوو).

لە هەمووی کارەساتبارتر، ئێستا وا دەردەکەوێت کە ئاشلی مادیسۆن بەڕاستی تەنها فێڵێکی زەبەلاح بووە کە پیاوانی نەفامی کردۆتە ئامانج. لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە لە کۆی سی و دوو ملیۆن پرۆفایلەکە، تەنها دوازدە هەزاریان ئەکاونتی چالاکی ژنانی ڕاستەقینە بوون. کاتێک داتا دزەپێکراوەکان زیاتر لێکۆڵینەوەیان لەسەر کرا، خشتەیەک دروستکرا بۆ ئەو بەکارهێنەرانەی کە چالاکانە ئیمەیڵ بۆکسی نامەکانیان دەپشکنن. دابەشبوونەکە ۲۰٫۳ ملیۆن پیاو بەرامبەر ۱۵۰۰ ژن بووە، کە بە ڕێژەی زیاتر لە ۱۳٫۰۰۰ پیاو بۆ هەر تەنها یەک ژن بووە. "کاتێک تەماشای بەڵگەکان دەکەیت، سەختە نکۆڵی لەوە بکەیت کە زۆرینەی ڕەهای ئەو پیاوانەی ئاشلی مادیسۆنیان بەکارهێناوە، هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی نهێنییان نەبووە. ئەوان پارەیان داوە بەرامبەر بە فەنتازیایەک."[a] درۆیەک بوو، ملیۆنان پیاو لە ژێر پەردەی ئاشکرانەکردنی شوناسی درۆیینیاندا زیندەخەونیان دەبینی، پاشان ڕاستی هەناویانی بڕی.

تەکنەلۆژیا ئەمە دەکات؛ وامان لێدەکات بیر بکەینەوە لەوەی کە دەتوانین لەژێر پەردەی نادیارییەوە ڕۆبچینە ناو خراپەکارییەکانەوە، تەنانەت لە ڕووی تیۆریشەوە بێت، بەبێ ئەوەی هیچ دەرەنجامێکی داهاتووی هەبێت. نادیاری ئەو شوێنەیە کە تێیدا گوناە گەشە دەکات، نادیاری پەرەسەندووترین درۆی سەردەمی دیجیتاڵییە. کلیکی سەری پەنجەکانمان پاڵنەرە تاریکەکانی دڵمان ئاشکرا دەکات، هەر گوناهێک -هەر دوو جار پەنجە لێدان (دەبڵ کلیک) و هەر کلیکێک- هەژماردی بۆ دەکرێت.

## نرخی سەربزێویە[b] هەرزانەکان

کارەساتەکانی وەک دزەپێکردنی داتاکانی ئاشلی مادیسۆن دڵتەزێنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئاشکراکەرن: ئەوەمان پیشان دەدەن کە ژیانی فریودەر لە سەردەمی دیجیتاڵیدا

---

a Annalee Newitz, “Almost None of the Women in the Ashley Madison Database Ever Used the Site,” Gizmodo, gizmodo.com (Aug. 26, 2015).

b سەربزێوی: فضول (وەرگێڕ).

ئاسووده‌که‌ره‌. ئه‌و دیوارانه‌ی ناڕه‌حه‌تی که‌ له‌ نه‌وه‌کانی پێشوودا خراپه‌کارییه‌کانیان قورس ده‌کرد، له‌ سه‌رده‌می دیجیتاڵیدا دابه‌زێنراون یان نه‌هێڵدراون.

یه‌که‌م، وه‌ک پێشتر ئاماژه‌مان پێدا، مۆبایلی زیره‌ک گوناهی سێکسی شاراوه‌تر ده‌که‌ن، شوێنێکیان پێده‌به‌خشێت که‌ له‌ پشت په‌رده‌ی تایبه‌تمه‌ندییه‌وه‌ بێت. سه‌رباری هاکه‌ره‌کان، ئێستا ده‌توانرێت کارو‌باری نایاسایی به‌ پله‌یه‌ک له‌ نادیاری و نهێنی هه‌ماهه‌نگ بکرێت که‌ پێش مۆبایلی زیره‌ک به‌ زه‌حمه‌ت به‌ خه‌یاڵدا ده‌هات. بۆ زگورتییه‌کان، کاتێک که‌لتووری په‌یوه‌ندیکردن له‌گه‌ڵ ئاپه‌کانی ژوانبه‌ستن یه‌کده‌گرێته‌وه‌، سێکسی ئاسان ده‌بێته‌ کاڵایه‌ک که‌ به‌ شێوه‌یه‌کی به‌رفراوان به‌رده‌سته‌. “ئاپه‌کانی دڵداری” وه‌ک تینده‌ر (Tinder) ته‌کنه‌لۆژیای دیاریکردنی شوێن (GPS) به‌کارده‌هێنن؛ به‌ زیاتر له‌وه‌ی گه‌ڕانێک به‌ پرۆفایلی که‌سانی نزیک و به‌رده‌ست، پیاو ده‌توانێت ڕاسته‌وخۆ په‌نجه‌ بخاته‌ سه‌ر وێنه‌ی ژنێک بۆ ئه‌وه‌ی “پێی بڵێت” که‌ سه‌رنجڕاکێشه‌. ئه‌گه‌ر وه‌ڵامی بداته‌وه‌، ئه‌وا ئه‌و دووانه‌ ده‌توانن گفتوگۆیه‌ک بکه‌نه‌وه‌ و به‌ ئه‌گه‌رێکی زۆره‌وه‌ به‌ شێوه‌یه‌کی ڕاسته‌وخۆ یه‌کتر ببینن. له‌گه‌ڵ ساده‌تربوونی ئاپه‌کانی ژوانبه‌ستن، وه‌ زیاتر پشتبه‌ستن به‌ بینراو، وه‌ زیاتر سه‌لماندنی له‌ ڕووی جوگرافیاوه‌، خۆراک ده‌ده‌ن به‌ که‌لتووری په‌یوه‌ندیکردن بۆ سێکسی به‌ڕێکه‌وت و ڕه‌نگه‌ ژن و پیاو له‌ ئاپه‌که‌دا سه‌ریان لێ ده‌شێوێت له‌وه‌ی له‌ بنه‌ڕه‌تدا به‌دوای چیدا ده‌گه‌ڕێن.[a]

دووه‌م: مۆبایلی زیره‌ک پۆڕنی (وێنه‌ و ڤیدیۆی سێکسی) بێبه‌رامبه‌ر ئاسانتر ده‌کات له‌ چاو پێشبینییه‌کانی که‌شوهه‌وا. پۆڕن هه‌میشه‌ بزوێنه‌ری سه‌ره‌کی بووه‌ له‌ په‌یوه‌ندییه‌ دیجیتاڵییه‌ بینراوه‌کاندا، وه‌ کێشه‌یه‌کی به‌ربڵاوه‌. له‌ ڕاپرسییه‌که‌مدا له‌گه‌ڵ هه‌شت هه‌زار باوه‌ڕدار به‌ مه‌سیح، بۆم ده‌رکه‌وت که‌ به‌کارهێنانی به‌رده‌وامی پۆڕن پرسێکی سه‌ره‌کییه‌ ڕووبه‌ڕووی ئه‌و که‌سانه‌ ده‌بێته‌وه‌ که‌ خۆیان به‌ باوه‌ڕدار ده‌زانن،[b] که‌ زۆربه‌یان گه‌نجن، هه‌رچه‌نده‌ به‌رگری نییه‌ له‌لایه‌ن هیچ ته‌مه‌نێکه‌وه‌.[c] زیاتر له‌ له‌سه‌دا ١٥ی پیاوانی باوه‌ڕدار که‌ ته‌مه‌نیان له‌ سه‌رووی شه‌ست ساڵه‌وه‌یه‌ دانیان به‌وه‌دا ناوه‌ که‌ هێشتا به‌کارهێنه‌ری پۆڕنن؛ ڕێژه‌که‌ زیاتر له‌ سه‌دا ٢٠ بووه‌ بۆ پیاوانی ته‌مه‌ن په‌نجا ساڵان، له‌سه‌دا ٢٥ بۆ

---

a ئه‌و به‌کارهێنه‌رانه‌ی که‌ به‌دوای سێکسی ئاساندا ده‌گه‌ڕێن و ئه‌و به‌کارهێنه‌رانه‌ی که‌ به‌دوای په‌یوه‌ندی نوێدا ده‌گه‌ڕێن، به‌ شێوه‌یه‌کی سروشتی له‌ ڕێگه‌ی هه‌مان ئاپه‌وه‌ یه‌کتر ده‌بینن، به‌ڵام چاوه‌ڕوانییه‌کی زۆر جیاوازیان هه‌یه‌. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانه‌:

Tony Reinke, “Tough and Tinder: Does Easy Sex Make Rude Men?” Desiring God, desiringGod.org (March 12, 2016).

b A non-scientific survey of desiringGod.org readers, conducted online via social-media channels (April 2015).

c Rabbi Shmuley Boteach and former porn star Pamela Anderson, “Take the Pledge: No More Indulging Porn,” The Wall Street Journal (Aug. 31, 2016).

پیاوانی تەمەن چل ساڵان و لەسەدا ٣٠ بۆ پیاوانی تەمەن سی ساڵان. بەڵام نزیکەی لەسەدا ٥٠ی پیاوانی تەمەن هەژدە بۆ بیست و نۆ ساڵان کە خۆیان بە باوەڕدار بە مەسیح دەزانن، بە ئامادەییەوە دانیان بەوەدا ناوە کە بەردەوام بەکارهێنەری پۆڕنن. لە ڕاپرسییەکەدا ڕەوتێکی هاوشێوە لەنێو ژناندا دەرکەوتووە، بەڵام بە ڕێژەیەکی کەمتر: لەسەدا ١٠ی مێینەکان کە تەمەنیان لە تەمەنی هەژدە بۆ بیست و نۆ ساڵی؛ لەسەدا ٥ی ئەوانەی تەمەنیان لە سی ساڵاندایە؛ وە ڕێژەیەکی کەمتر بۆ ئەوانەی لە چل و پەنجا و شەست ساڵان یان زیاتردان. لە لایەکەوە، پۆڕن بووە بەخۆڕایی، کە دەکرێت لە مۆبایلێکی زیرەکەوە دەستت پێبگات، ئێستا لە ڕووی کەلتوورییەوە ”مەترسییەکی گشتییە و پێشتر شتی هێندە مەترسیدار نەبووە.»[a] بەڵام لەوەش نیگەرانکەرتر، لەنێو باوەڕداران بە مەسیح، پۆڕنی بەخۆڕایی کە لە مۆبایلێکی زیرەکدا دەستی پێدەگات، ئاوێنەی پەتایەکی ڕۆحییە کە مەترسییەکەی هاوشێوەی نەبووە لە مێژووی کڵێسادا، کە نەوەیەکی تەواو لە گەنجانی باوەڕدار خۆشییان لە مەسیحدا لەدەست دەچێت و ڕۆحی گەنجەکان بەهۆی شەهوەتی بێ جڵەوگیرییەوە دەشێوێنێت.

سێیەم: خراپەکارییەکانی مۆبایلی زیرەک سوود لە سەربزێوییە بێکۆتاکانمان وەردەگرێت. ڕێژەی دووگیانی کچانی تەمەن خوار هەژدە ساڵان لە ئینگلتەرا و وێڵز لە دوای هێنانەکایەی مۆبایلی زیرەک و سۆشیال میدیاوە زۆر دابەزیوە و کەس هۆکاری ڕاستەقینەی نازانێت؛ هەرچەندە هەندێک لە توێژەران پێیان وایە کە پەیوەندییەکە ناتوانرێت ڕوون بکرێتەوە بە دەستڕاگەیشتنێکی نوێ بە ڕێگری لە دووگیانی یان گۆڕانکاری لەناکاو لە پەروەردەی سێکسی گشتیدا.[b] سەرنجی دیاردەیەکی کەلتووری هاوشێوە دراوە لە ژاپۆن.[c] لەنێو زۆر هۆکاری دیکەدا، ڕەنگە ئەو سەربزێوییەی کە لە نەوەکانی پێشوودا هەرزەکارانی هانداوە بۆ تاقیکردنەوەی سێکس، ئێستا بەهۆی گفتوگۆی سێکسی و پۆڕنی ئینتەرنێتەوە ئارام بکرێنەوە.

براد لیتلجۆن لە وانەیەکی لە ساڵی ٢٠١٦ لێکۆڵینەوەی لەم ڕەفتارە کردوە. گوتی: ”لەبری ئەوەی بڵێسەی شەهوەت هەڵبگیرسێنێت بۆ دروستکردنی دڕندەی سێکسی کە هۆرمۆنی تێستۆستیرۆن دەیوروژێنێت، پێدەچێت پۆڕن بەکارهێنەرانی لە ڕووی سێکسییەوە لاواز بکات، کەوا نەرێنی بێتوانایان دەکات. وە لێرەدا مەبەستم ”بێ توانا“یە بە واتایەکی

a Rabbi Shmuley Boteach and former porn star Pamela Anderson, “Take the Pledge: No More Indulging Porn,” The Wall Street Journal (Aug. 31, 2016).

b John Bingham, “How Teenage Pregnancy Collapsed After Birth of Social Media,” The Telegraph (March 9, 2016).

c Abigail Haworth, “Why Have Young People in Japan Stopped Having Sex?” The Guardian (Oct. 20, 2013).

نۆڕینگەیی و مەجازی؛ پێناچێت هیچ نیشانەیەکی بەکارهێنانی پۆڕنی بە ناچاری هێندە بەربڵاو بێت وەک گلەیی لە لاوازی ڕەپبوون و تێکچوونە سێکسییەکانی دیکە. پێدەچێت زۆرێک لە ئالوودەبووانی پۆڕن زۆر زیاتر لە هاوتەمەنەکانیان بە پاکیزەیی بمێننەوە (لە کچان و کوڕان)، کێشەیان هەیە لە دروستکردنی پەیوەندییەکی واتادار لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر یان پەرەپێدانی دڵگەرمییەکی زۆر بۆ چالاکیی سێکسی.“ لە کۆتاییدا، پۆڕن کە بە شێوەیەکی دیجیتاڵی بەردەستە ”بە پلەی یەکەم دەبزوێت بەهۆی ئەو نیشانە بازرگانییەی کە سەربزێوی بۆ دەکرێت، تینوێتی بۆ نوێگەری، کە تێیدا نیگاکردن نزیکەی دەستبەجێ شتەکە بە بابەتی دەکات و هەڵیدەلووشێت، وە دەبێت بە بێ ئارامییەوە بچێتە سەر یەکێکی دیکە، هەرگیز تێر نابێت.“[a]

لە نەوەیەکی پۆڕنیی تێرنەکراودا، ملیۆنان گەنج توانای سۆزداری مرۆڤانەیان لەدەست دەدەن، لە کاتێکدا خۆیان بەم کۆیلایەتییە دەبەخشن. بە لێدانی پەنجەیەک، لە هەر کاتێک و شوێنێکدا، ژنێکی جوان جلەکانی بۆت دادەکەنێت و بەشداری هەر کردەوەیەکی سێکسی خراپە دەکات کە تۆ داوای لێ دەکەیت، تێرکردنی هەوەسێکی وەها ئاسان هەتا ڕادەیەک ئەو سەختییە پێویستانە ناهێڵێت کە هاوسەرگیرییەکی تەندروست پێکدەهێنێت. تێچووی کۆتایی پۆڕنی بەخۆڕایی لەسەر هاوسەرگیرییەکانی داهاتوو زۆر گەورەیە.

چوارەم: ئەگەر سەربزێوی ئەو پاڵنەرە بێت کە پاڵمان دەنێت بۆ دۆزینەوە و تەماشاکردن و خوێندنەوەی ئەو شتانەی کە لە مۆبایلەکانماندا شتێکی خراپن، ڕەنگە ئێمە شایەتی یاریکردنی پاڵنەرێکی کۆن بین لە جیهانی دیجیتاڵیدا. لە کاتی بەدیهێناندا، خودا ئادەم و حەوای لە یەک دار قەدەغە کرد، داوای لێکردن خۆیان سنووردار بکەن بۆ ئەوەی کە دەیانەوێت بزانن و ئەزموونی بکەن. لە خۆڕاگرتنی خۆیاندا شکستیان هێنا و ڕێگەیان گرتەبەر بۆ زانینی قەدەغەکراو. ئەم گوناهە؛ کە بەدوای تێرکردنی سەربزێوی قەدەغەکراودایە؛ سەرپێچییەکی دیاریکراوە لە پشت هەموو ئەوانەی دیکە، لە ئابوورییەکدا کە بەکاربەر دەیجووڵێنێت کەمتر نییە. ئێمە گاڵتە بە تێگەیشتنی سنووردار دەکەین لەم جیهانە کەوتووە ناو گوناهدا، لەگەڵ ئەوەشدا خودا گوتوویەتی هەندێک زانین قەدەغەیە، چونکە هەندێک زانین لەناومان دەبات؛ وەک لە سەربزێوی تێرنەکراودا دەبینرێت کە دەبێتە هۆی ئالوودەبوونێکی قووڵتر و قووڵتر بە شێوازەکانی پۆڕن. مۆبایلی زیرەک وا دەکات بەکارهێنەران بتوانن لە هەر ساتێکی هەر ڕۆژێکدا خۆیان تێر بکەن بە میوەی نوێی قەدەغەکراو، وە پاشان بە نهێنی خۆیان لەناو دەبەن.

---

a W. Bradford Littlejohn, lecture manuscript, “The Vice of Curiosity in a Digital Age,” The Society of Christian Ethics, scethics.org (Jan. 9, 2016).

## خودا هەمووی دەبینێت

پۆڕنی دیجیتاڵی کارەساتە بۆ ڕۆحمان، نەک تەنها لەبەر ئەوەی بەکارهێنەرانی بێڕێز دەکات، بەڵکو لەبەر ئەوەی (هەروەک ئاوێنەی ئێریسد) سەربزێوی، بت و هەوەسە نەبینراوەکانی دڵمان ئاشکرا دەکات. بەم شێوەیە دێین بۆ ئەوەی بزانین خودا بە درێژایی کاتەکە چی بینیوە.

ئێمە بە نادیاری شوناس خۆمان هەڵدەخەڵەتێنین. بەڵام هەرچی بێت، پێڵاوی زۆر(پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ زیادتر لە کەسێک) بێت، یان نوکتەی پیس، نامەی سێکسی نهێنی بێت، پۆڕنی نایاسایی بێت، یان داوێنپیسی شوناسی نادیار بێت، هیچ ئالوودەبوونێک لە ژیانماندا نییە لەبەرچاوی خودا شاراوە بێت. بەدیهێنەرمان هیچ ڕێزێک لە یاساکانی تایبەتی کەسی ناگرێت. بوونی تەواوەتی ئەو لە هەموو شوێنێکدا ئەو سەراب و نادیارییە تێکدەشکێنێت کە وا لە زۆر کەس دەکات ڕوو لە مۆبایلەکانیان بکەن و وا گریمانە بکەن کە دەتوانن گوناە بکەن و خۆیان سەرقاڵ بکەن بەبێ هیچ دەرەنجامێک.

ئەمە واتای ئەوە نییە ئێمە بە تەواوی گرنگی بە دەرەنجامەکان نادەین: ئێمە بە سادەیی لە دەرەنجامە هەڵەکان دەترسین. ئێمە دەمانەوێت جڵەوگیری ئەو زانیارییانە بکەین کە دەخرێتە سەر ئینتەرنێت، بەڵام بێتواناییمان لە جڵەوگیرکردنی بوونمان لەسەر ئینتەرنێت دەبێتە هۆی نائەمنی کەسی. یەکێک لەو شتانەی کە زۆر ڕقمان لێیەتی، دۆزینەوەی وێنەی نارێکی خۆمان کە لەلایەن کەسانی دیکەوە لە ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە. وە بابەتی ئارامی ژیرانە هەیە کە پەیوەندی بە پاراستنی هەندێک ڕاستییەوە هەیە سەبارەت بە ژیانمان. بەڵام ترس لەوەی کە دەتوانرێت لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە دەربارەی ئێمە بزانرێت، دەکرێت لە هەوڵەکانی داپۆشینی ڕەفتارە تایبەتەکاندا دەربکەوێت کە گوناهن، وەک لە دۆخی ئاشلی مادیسۆندا.

پۆڕنوگرافی گەورەترین پیشەسازی ئینتەرنێتییە، ئەم نێوەندە زۆر گونجاوە لەگەڵ خراپەکاریدا. بەڵام ڕاستییە درووژێنەرەکە ئەوەیە کە چالاکییە سێکسییە تایبەتەکانمان نزیکییمان لە خودا دەپێوێت.[a] کەواتە مەترسییەکان لەوە زیاتر نابێت کاتێک باس لەوە دەکرێت ئێمە چی دەکەین بە وروژانەکان لەسەر ئینتەرنێت، تەنانەت ئەوانەش کە بەربڵاو و بەخۆڕایین.

لەگەڵ ئەوەشدا، هەر پیاوێک کە بە نهێنی چاوی لەسەر ئەکتەری پۆڕن ڕووت بێت، ئەوا لە دڵیدا داوێنپیسی کردووە. کەواتە، ئەگەر چاوی ڕاستت تووشی گوناهی کردیت، دەریبهێنە و فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە ئەندامێکت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو لەشت

---

a یەکەم سالۆنیکی ٤: ٣-٥.

فڕێبدرێتە ناو دۆزەخ. ئەگەر دەستت کە شاشەکە هەڵدەدەیتەوە (سکرۆڵ دەکەیت) تووشی گوناهی کردیت، بیبڕەوە و فڕێیبدە. بۆ تۆ باشترە توانای تەماشاکردنی فیلمە پۆڕنەکانت لەدەست بچێت، لەوەی هەموو لەشت بچێتە دۆزەخەوە.[a] سینکلێر فێرگسۆندا هۆشداری دەدات و دەڵێت، "باشترە بچیتە بەهەشتەوە کە بڕیارت داوە جارێکی دیکە ئینتەرنێت بەکارنەهێنیت، نەک بچیتە دۆزەخ و کلیک لەسەر هەموو ئەو شتانە بکەیت کە ئارەزووی دەکەیت."[b]

تەنها کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە بە تەواوی چی لێرەدا لە مەترسیدایە. دزەکردنی زانیارییەکان لەلایەن هاکەرەکانەوە، دۆزینەوە سەرسامکەرەکان لەلایەن هاوسەرە بریندارەکانەوە، تەنانەت خۆکوشتنی ئارەزوومەندانی داوێنپیسی؛ هەریەکێک لەم دەرەنجامە دڵتەزێنانەی گوناهی نهێنی، وەک ئاماژەیەکی پێغەمبەرانەیە بۆ حیسابکردنێکی نزیک. ڕۆژێک دێت، هەر گوناهبارێک کە لە گوناهی بەناو "نادیاری"دا ژیاوە، لەبەردەم خودادا دەوەستێت. شتێک نییە بە ناوی بێناونیشان. تەنها پرسی کاتە. هەموو وردەکارییەکی خراپە و فانتازیایەکی چەپەڵ و وشەیەکی پووچ و کلیکێکی هەڕەمەکی لە دادگای بەدیهێنەر پەخش دەکرێت. هەموو ئەو شتانەی کە لە نهێنی و تاریکیدا ئەنجام دەدرێن دەهێنرێنە بەر ڕووناکی، هەموو نیازێکی دڵ ئاشکرا دەبێت.[c] ئەمە ترۆپکی زەلیلکردن دەبێت. ئەمە تەواوی ئاشکراکردنی نیازی دڵمان دەبێت. ئەمە تەواوی ترس و دڵەڕاوکێ دەبێت. دەبێتە هۆی دروستبوونی گرێی کۆتایی لە ڕۆحدا و دوا ئارەزووی ڕاکردن و شاردنەوە و مردن لە ئەنجامی هەستکردن بە تاوان و شەرمەزاری لە ئاشکرابوون.

هەموو هەوڵێک بۆ ڕزگاربوون لە شوێنپێی دیجیتاڵیمان بێهودەیە. دەتوانیت وێنە زۆر منداڵانەکانت لە نوێترینی تویتەر و ئینستاگرام و فەیسبووکەکەت بسڕیتەوە. بەڵام هەر شتێک کە لە مۆبایلەکەتدا ئەنجامی بدەیت، لە مۆبایلەکەتدا نەتکردبێت، یان هەرگیز لە مۆبایلەکەتدا ئەنجامی بدەیت، نهێنی نییە. پەشیمانی هەمیشەیی بەدوای خۆیدا دەهێنێت بۆ کلیکێکی نهێنی لە مۆبایلی زیرەک کە لە ئێستادا دەیکەیت. لەبەردەم خودادا، مێژووی گەڕانمان لە ئینتەرنێت وەک تۆمارێکی هەمیشەیی گوناه و شەرمەزاریمان دەمێنێتەوە؛ مەگەر بەزەیی خۆی دەربڕێت. ناتوانین مێژووی گەڕانمان لە ئینتەرنێت لەبەردەم چاوەکانی پاک بکەینەوە کە هەموو ئامادەیە، مێژووی گەڕانمان تەنها بە خوێنی مەسیح دەکرێت پاک بکرێتەوە.[d]

---

a مەتا ٥: ٢٧-٣٠.

b Sinclair Ferguson, interview with the author via phone (Sept. 15, 2016).

c یەکەم کۆرنسۆس ٤: ٥.

d کۆلۆسی ٢: ١٣-١٥.

## نەک لەڕێگای بینین

بەکاربەری دیجیتاڵی ڕاستەوخۆ لەگەڵ زۆرێک لە بنەڕەتیترین بیروباوەڕەکانی ئینجیل ناکۆکە. ڕەسەنایەتی ڕۆحی بە باوەڕبوون بە ڕاستییە نەبینراوەکەی خودا دەپێورێت، نەک بە متمانەکردن بە شتە بەکارهێنراوە بینراوەکانی سەردەمی ئێمە. زاراوەی مەزنی «بە باوەڕ» هاوواتای متمانەیە بە ڕاستییە ڕۆحییە نەبینراوەکان.[a] بەڵام چاوەکانت لەسەر ئەوەیە دڵت حەزی لێیە.[b] ئەمەش پێش شۆڕشی فۆتۆگرافی و پێش شۆڕشی ڤیدیۆیی ڕاست بوو. زۆر پێش سەرهەڵدانی کامێرای دیجیتاڵی کە بە مێگاپێکسڵ دەپێورێت و شاشەی مۆبایلی زیرەک کە بە گیگاپێکسڵ دەپێورێت، کتێبی پیرۆز زۆر مکوڕ بوو بۆ ئەوەی سەرنجمان لەسەر شتە نەبینراوەکان چڕ بکاتەوە.

- «لەبەر ئەوەی ئێوە لەگەڵ مەسیحدا هەستێنرانەوە، کەواتە بۆ ئەو شتانەی سەرەوە کۆشش بکەن، لەوێ مەسیح لە دەستەڕاستی خودا دانیشتووە. بایەخ بەو شتانەی سەرەوە بدەن، نەک ئەوانەی لەسەر زەوین» (کۆلۆسی ٣: ١-٢).
- «ئێمە تەماشای شتە بینراوەکان ناکەین، بەڵکو شتە نەبینراوەکان، چونکە بینراوەکان کاتین، بەڵام نەبینراوەکان هەمیشەیین» (دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٨).
- «چونکە بە باوەڕ دەڕۆین نەک بە بینراو» (دووەم کۆرنسۆس ٥: ٧).
- «چونکە بە هیواوە ڕزگارمان بوو. بەڵام هیوای بینراو هیوا نییە. ئەوەی دەیبینی هیوای چی پێ دەخوازیت؟ بەڵام ئەگەر هیوای شتێک بخوازین کە بینراو نییە، ئەوا بە دانبەخۆداگرتنەوە چاوەڕێی دەکەین» (ڕۆما ٨: ٢٤-٢٥).
- «باوەڕ دڵنیاییە بەوەی هیوامان پێیەتی، بێگومانییە لەوەی نایبینین» (عیبرانییەکان ١١: ١).
- «عیسا پێی فەرموو: «لەبەر ئەوەی منت بینی، باوەڕت کرد؟ خۆزگە دەخوازرێت بەوانەی نەیانبینی و باوەڕیان هێنا“» (یۆحەنا ٢٠: ٢٩).
- «هەرچەندە ]مەسیح[ نەتانبینیوە خۆشتان دەوێ، ئێستاش نایبینن باوەڕی پێ دەهێنن و دڵخۆش دەبن بە شێوەیەک هەر باسی ناکرێت و شکۆدارە، چونکە ئامانجی باوەڕتان بەدەستدەهێنن، واتا ڕزگاریی دەروونتان» (یەکەم پەترۆس ١: ٨-٩).
- «بۆیە با مێشکتان ئامادە بێت بۆ چالاکی، خۆڕاگر بن، هیواتان بە تەواوی لەسەر ئەو نیعمەتە بێت کە لە ئاشکراکردنی عیسای مەسیحەوە دێت» (یەکەم پەترۆس ١: ١٣).

---

a عیبرانییەکان ١١.

b ئەمە بابەتێکە لە سیپارەی ئیشایا چەندین جار دووبارە دەبێتەوە، کە کرداری «تەماشاکردنی» لە یەک کاتدا بۆ بینینی جەستەیی و بینینی ڕۆحی «دڵسۆزی» بەکاردەهێنرێت، لە بەراوردکردنی نێوان دوو ئاستدا: بتەکان/خودا، بینراو/باوەڕ، دەستبەجێ/پێشبینیکراو.

• «لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی لە جیهاندایە، ئارەزووی جەستە و ئارەزووی چاو و سەڵتەنەتی ژیانە، ئەمانەش لە باوکەوە نین، بەڵکو لە جیهانەوەن» (یۆحەنا یەکەم ٢: ١٦-١٧).

هەر کاتێک ئەم بڕگانەت پشتگوێ خست ژیانی مەسیحی هیچ واتایەکی نابێت.

بە دڵنیاییەوە، نابێت وەک بازرگانییەکی سادە بیر لەمە بکەینەوە؛ نەبینراو وادەکات بینراو بێ بەها بێت. نەخێر، بەڵکو وەک ئەوەی چاوە باوەڕدارەکان شکۆمەندییە نەبینراوەکانی خودا دەبینن و ئەو دڵانەی لەدایک دەبنەوە کە لە باوەشی دەگرن، پێدەچێت هەموو شکۆمەندییە بینراوەکانی خودا لە جیهاندا لە کرۆکدا کەڵەکە بن. هەتا زیاتر بە تامەزرۆییەوە باوەش بە خودادا بکەین، زیاتر سوپاسگوزاری دەردەبڕین بۆ ئەو بەخششانەی بۆمان بەدیهێنراون[a] و بە ڕوونی دەست دەکەین بە تێگەیشتن لە شێواندنە گوناهبارەکان و بەڵێنە پووچەکانی گوناهی بەخۆڕایی.

سەرەڕای ئەوەش، دیمەنە زەقەکان بە تایبەتی هێزی توانادارن لە ژیانماندا، هەروەک ئەلستەر ڕۆبەرتس ڕوونی دەکاتەوە، چونکە چاو بە تایبەتی ئامادەیە بۆ "دەستبەجێ سەرنجڕاکێش"ی وێنەیەکی سەرسوڕهێنەر لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، بۆ نموونە. ئەو دەڵێت گوێ زۆر کەمتر تووشی ئەم سەرقاڵکردنە دەبێت، چونکە بەهێزترین ڕاستییە دەنگییەکان کەمتر وروژێنەرن لە چاو ڕاستییە بینراوەکان.[b]

دیسانەوە، پێشینەیی باوەڕداران بە مەسیح لەسەر نەبینراوەکان، دروستکراوە بینراوەکان بێ بەها ناکات.[c] بەڵکو واتا ئەوەی دەیبینین بە تەواوی واتای خۆی پێدەدرێت بەو شتانەی کە ناتوانین ببینین. ئەو بەخششە جەستەییانەی کە چێژیان لێ وەردەگرین "کەڵەکە دەبێت" بەهۆی ئەو توانایەی بینین و پاراستن کە نەبینراوەکە پێمانی بەخشیوە.

هەموو ئەمانە بۆ جیهان نهێنین، بەڵام ڕاستییە نەبینراوەکان بەکارهێنانمان بەڕێوە

---

a سەرنجی بنەمای پێچەوانە بدە لە نامەی ڕۆما ١: ١٨-٣٢.

b Alastair Roberts, interview with the author via email (Jan. 23, 2016).

c بە جۆرێک پێشینەیی باوەڕدار بە مەسیح کە بریتین لە باوەڕ و هیوا و خۆشەویستی، بینراو و نەبینراو پێکەوە دەبەستنەوە. لە خۆشەویستیدا نزیک دەبینەوە لەو کەسانەی کە دەیانبینین، وەک دراوسێکانمان (نزیکەکەمان). بەڵام لە باوەڕ و هیوادا خۆشەویستیمان بە شێوەیەکی دروست لەو ڕاستییەدا زەمینەسازی بۆ کراوە کە دواجار دەبێت دراوسێکانمان لە خودا دوور بکەونەوە یان لەگەڵ خودا ئاشت ببنەوە، بۆ هەتاهەتایە. کەواتە خۆشەویستیمان (بینراو) ڕەنگێکی تایبەت وەردەگرێت، چونکە ژیانی هەتاهەتایی (نەبینراو)ی تێدا دەبینین کە ڕەنگە تەنانەت نەتوانن ئەندێشەشی بکەن. بەرجەستە/بێ جەستە، بینراو/نەبینراو و هەستپێکراو/هەست پێنەکراو هەموویان پێکەوە لە سیستەمێکی گشتگیری خودادا کاردەکەن لەپێناو گەشەکردنی ڕۆڵەکانی. ڕۆح و ئاو و خوێن هەموویان پێکەوە شایەتی دەدەن (یۆحەنا یەکەم ٥: ٨).

دەبەن. ئێمە هەموومان برسی، تینووین و پێویستمان بە ڕزق و ڕۆزی لە دەرەوەی خۆمانەوە هەیە، بەڵام سەرنج و سامانمان دەدەین بە هەوڵدان بۆ تێرکردنی بنەڕەتیترین حەزەکانمان بەو کاڵا و خراپەکارییانەی کە بە ئاسانی لە مۆبایلەکانمان کلیکیان لەسەر دەکەین. چارەسەری ماتریالیزمی فێڵێکە. ئێمە داوای سندوقی کاڵای نوێ دەکەین کە هەرگیز چاکمان ناکاتەوە و کیسە خواردنی ئاسوودەیی دەکڕین کە هەرگیز بەڕاستی دڵنەواییمان نادات، هەموو ئەمانەش لەبەر ئەوەیە کە ئێمە کوێرین بەرامبەر بەو بەخششە بێبەرامبەرانەی خودا کە لە کوڕەکەیدا پێشکەشی کردین، عیسای مەسیح، کە جەستە و خوێنی پێمان داوە بۆ پاراستنی ژیانی هەتاهەتاییمان و بۆ خۆراک بۆ گەشەسەندنی خۆشی بێوچانمان.[a] عیسا ئەو تینوێتییە قووڵە دەکوژێنێتەوە کە ململانێی بەکاربەری ناتوانێت بیکوژێنێتەوە.

لە حاڵەتێکی وەک پێکدادانی ڕووبەڕووی شەمەندەفەرە بارهەڵگرەکان، ئینجیلی ململانێی بەکاربەر و ئینجیلی مەسیح بە توندی پێکدادا دەکێشن:

- ئینجیلی ململانێی بەکاربەری دەڵێت: هەموو ئەو شتانەی کە دەتوانیت بیخەیتە بەرچاوت بۆ بەختەوەری و ئاسوودەیی زەمینی خۆت بە دەیان بژاردە و قەبارە و ڕەنگ و چینی نرخ بەردەستە.
- ئینجیلی عیسای مەسیح دەڵێت: هەموو ئەو شتانەی کە دەکرێت پێویستت پێی بێت بۆ خۆشی زۆر و ئاسوودەیی هەمیشەیی خۆت ئێستا بە چاوی مرۆڤ نابینرێت.

لە مەسیحدا، هەرکاتێک گرنگیی هەر شتێک لە ژیانماندا دەکێشن، ئێمە ئەو شتانە دەکێشن کە لە لایەکەوە دەبینرێت، بەڵام لە لایەکەی دیکەوە «کێشێکی شکۆمەندی هەمیشەیی» قورستر هەیە.[b] بە دەربڕینی یەزدانناسیی ڕوون، ژیانی باوەڕ بریتییە لە تێگەیشتن لە ڕاستییە ڕۆحییە سەرسوڕهێنەرەکان، کە "پێویستی بە خەیاڵێکی بەهێز هەیە بۆ مردن و حوکمدان و چارەنووسی کۆتایی، بینینێک لەسەر بنەمای باوەڕ کە هەست بەو شتە دەکات کە هێشتا تەواو نەبووە؛ ڕزگاریمان؛ وەک ئەوەی پێشتر تەواو بووە، بە یەکگرتنمان لەگەڵ مەسیح. ئەمە بابەتێکە پەیوەستە بە بینینی ئەوەی لە ئێستادا بەشێکە، لە داهاتوودا تەواو دەبێت.»[c] لە زمانی باودا، ژیانی باوەڕ بریتییە لە تێگەیشتن لە تەواوی کاتێک کە تەنها دەتوانین بەشێکی کەمی ببینین. ئەمە کاری خەیاڵە.

لە سەردەمێکدا کە خراپەکارییە بینراوەکان بەربڵاو و سەرسوڕهێنەرن، بینراوی

---

a ئیشایا ٥٥: ١-٢؛ یۆحەنا ٦: ٢٥-٥٩؛ دووەم پەترۆس ١: ٣-٤؛ ئاشکراکردن ٢٢: ١٧.

b دووەم کۆرنسۆس ٤: ١٧.

c Kevin Vanhoozer, Pictures at a Theological Exhibition: Scenes of the Church's Worship, Witness and Wisdom (Downers Grove, IL: IVP Academic, 2016), 237, emphases original.

سەرسوڕهێنەری دیجیتاڵی کە بە تەکنەلۆژیای بەرهەمهێنەری وێنەی (CGI) بەڕێوەدەچن، خەیاڵی مەسیحی برسییێتیەکی زۆری هەیە بۆ یەزداناسییەکی تۆکمە، کەڤین ڤانهوزەری زانای یەزدانناسی ئەم هۆشدارییە دەدات. پێی گوتم: "وێنەکان تەنها کرێمی سەر کێکی خەیاڵن، شەکرە بەڵام بەهایەکی خۆراکی کەم لە شەکردا هەیە. بەڵام گۆشت و پەتاتەی خەیاڵ، ئەو بەشەی بەڕاستی بەهای خۆراکی هەیە، وشەکان لەخۆدەگرێت: بە تایبەتی، چیرۆک و پەند. بۆ تێگەیشتن لە پەند، یان بەردەوامی لە چیرۆکێک، دەبێت پەیوەندی لەنێوان شتەکاندا دروست بکرێت، پاشان، دروستکردنی جیهانێکە."[a]

## کەلتووری ڤیدیۆ

شەکری بینراو دەڕژێتە ناو ژیانمانەوە. هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١٥، نزیکەی لە هەر خولەکێکی ڕۆژدا پێنج سەد کاتژمێر ناوەڕۆکی ڤیدیۆیی نوێ لە یوتیوبدا دادەنرا. هەموو خولەکێك! "لەگەڵ گواستنەوەی سەردەمانی پێشووتر لە زارەکییەوە بۆ خوێندەواری، ڕەنگە ئێمە شایەتی گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی بین بۆ کەلتووری ڤیدیۆیی. ڕەنگە ئێمە پرۆگرامساز نەبین، بەڵام ئێمە بەشداری دەکەین لە پێکهێنانی ئەوەی کە دەتوانین پێی بڵێین دیجیتاڵیزم: ئێمە مرۆڤی پێکسڵین."[b]

هەروەها ئێمە شایەتی گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی وەک بومەلەرزەین لە بەکارهێنانی ڤیدیۆی نەرێنی بۆ وێنەگرتنی ڤیدیۆی چالاک (وە زۆر چالاک)، دەستکاریکردن و هاوبەشکردنی؛ هەموو ئەمانە لە مۆبایلەکانمانەوە.[c] خوێندەواری ڤیدیۆیی لە زیادبووندایە، وە هێزێکی کەلتووری بەهێزی لەگەڵدایە.[d] زۆرێک لە باوەڕداران بە مەسیح ڕێگەی نوێ دەدۆزنەوە بۆ گەیاندنی ناوەڕۆکی بنیادنەر لە کەناڵەکانی یوتیوب بۆ خزمەتکردنی پێداویستییە ڕۆحییەکانی فۆڵۆوەرەکانیان. بۆ ئەمە ستایشی خودا دەکەین. بەڵام وەک چۆن زۆرێک لە باوەڕداران بە مەسیح بۆ شکۆمەندی خودا سوود لە ڤیدیۆ وەردەگرن، زۆرێکی دیکەش بە سادەیی ڕەنگدانەوەی ڕواڵەتی ڕووکەشی جیهانن.

شایەنی ئەوەیە بیری خۆمانی بخەینەوە کە کرۆکی هیوامان لە نوێترین لاکێشە

---

a Kevin Vanhoozer, interview with the author via email (Feb. 26, 2016).

b هەمان سەرچاوەی پێشوو.

c تەلەفزیۆن و ڤیدیۆ بە خێرایی لە بینینی هێڵی ڕاستەوخۆوە (تەلەفزیۆنی ئاسایی) بۆ پەخشی بەگوێرەی داواکاری (فیلم، نمایش، ڕووداوە وەرزشییەکان و ڤیدیۆی یوتیوب) بۆ پەخشی نیمچە ڕاستەوخۆ (ڤیدیۆی بەسەرچوو وەک بەرنامە و ڤیدیۆکانی سناپچات) بۆ پەخشی ڕاستەوخۆ پەرەی سەندووە. پەخشی ڕاستەوخۆ (وەرزش و تەلەفزیۆنی ڕاستەوخۆ و ڤیدیۆی کەسی ڕاستەوخۆ کە لە مۆبایلەکاندا تۆمار دەکرێت).

d See Clive Thompson, Smarter Than You Think: How Technology Is Changing Our Minds for the Better (New York: Penguin, 2013), 83–113.

بریقـەدارەکان (شاشـەی مۆبایلەکانمـان) نییـە. بەڵکـو، دڵـمان خۆشـدەبێت و چێـژ لـە مەسـیح وەردەگریـن کە هێشـتا ناتوانیـن ببینیـن، مەسیح کـە بـە بـاوەڕ قبوڵـی دەکەیـن، مەسیح هێنـدە ڕاسـتە و ڕاستەقینەیە بـۆ ئێمـە کـە لـە ساتەکانی ئـەم ژیانـەدا پـڕ دەبین لـە خۆشی بـەردەوام کـە بـە دەم دەرنابڕدرێـت و شـکۆمەندە. دەبێت خەیاڵەکانمـان ببووژێنـەوە بـۆ مەسـیح بـۆ ئەوەی بتوانیـن «ببینیـن» کـە ئێمـە لـە ئـەودا دەژیـن، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن لـەو خراپەکارییـە بینراوانـە دوور بکەوینـەوە کـە بەرچاومـان دەگـرن، وە بـۆ ئـەوەی بتوانیـن بـە بـاوەڕ بژیـن و هاوبەشـی خۆشـی ئێسـتا بیـن و پێشـبینی خۆشـی بێئەنـدازەی داهاتـوو بیـن لـە ئامادەبوونـی ئـەودا.[a]

## هیوا و بێزاری

لـە کۆتاییـدا، مـن پرسـیار دەکـەم ئایـا زۆربـەی شـێوازە خـۆ تێکـدەرەکان لە ژیانمـان؛ لـە زێدەڕۆیـی لـە خواردنـەوە، نیگەرانـی، شـەڕکردن، زیـادە خەرجکـردن، هەتـا دەگاتـە لەدەسـتگرتنی مۆبایلەکانمـان یەکـەم شـت لـە بەیانیانـدا؛ دەرەنجامـی برسـییێتی خەیاڵـە، بەدخۆراکـی هیوایـە. کاتێـک دەژیـن لەپێنـاو ئـەوەی کـە دیـارە و ئـەوەی نەبیـنراوە پشـتگوێی دەخەیـن، ئـەوا پێناسـەی بێبـاوەڕی وێنـا دەکەیـن. بـاوەڕی ڕاسـتەقینە لەپێنـاو ئـەوە دەژی کـە نەبیـنراو و ئاشـکرا نەکـراوە. هەمـوو نەوەیەکـی کڵێسـا ڕووبـەڕووی ململانێیەکـی نـاوازەی خۆی دەبێتـەوە بـۆ ئـەوەی سـەرنجی لەسـەر خـودا و ئـەو شـتانە بێـت کـە نەبیـنراون. ململانێیەکـە ڕاسـتەقینەیە؛ جـا لەگـەڵ نوێتریـن ئایفـۆن بێـت یـان بتـە دێرینەکـەی ماڵـەوە.

کاتێـک لـە مەسـیح بێـزار دەبـم، لـە ژیـان بێـزار دەبـم، وە کاتێـک ئـەوە ڕوودەدات، زۆرجـار ڕوو لـە مۆبایلەکـەم دەکـەم بـۆ وروژانێکـی نوێـی دیجیتاڵـی بەکارهێـنراو. ئـەوە خـووی ئاسـایی منـە. "خووگرتـن بـە ئایفـۆن، واتـا کـە بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ مامەڵـە لەگـەڵ جیهانـدا بکەیـت وەک ئـەوەی "بـۆ مـن بەردەسـتە" و لەبەردەسـتمدایە؛ واتـا وەک ئـەوەی جیهـان "لەبەردەسـتمدایە"، بـۆ ئـەوەی هەڵیبژێـرم، پێوانـەی بکـەم، بیپشـکنم، کلیکـی لەسـەر بکـەم، چێـژی لـێ وەربگـرم."[b] لـە مۆبایلەکانمانـدا، سـەردەمی دیجیتاڵـی و سـەردەمی بەکاربـەری ئاوێتەی یەکـتر دەبـن و شاشـەکانمان هەمـوو ئـەو شـتانەمان پێشـکەش دەکـەن کـە دەتوانیـن ببینیـن یـان ئـارەزووی بکەیـن، تەنانـەت هەڵسـوکەوتی ناچـاری "نەنـاسراو" و خەیاڵـی پووچیـش.

## پاککەرەوە

لـە ژێـر ڕۆشـنایی ئـەو هەمـوو فریودانـە دیجیتاڵیانـەدا، گەنجێـک کـە لەگـەڵ خراپەکارییـە دیجیتاڵییـەکان لـە ململانێـدا بـوو، پرسـیاری ئـەوەی کـرد کە ئایـا پێویسـتە دەسـتبەرداری مۆبایلە

a یەکەم پەترۆس ١: ٨-٩؛ یەهوزا ٢٤-٢٥.
b James K. A. Smith, Imagining the Kingdom: How Worship Works (Grand Rapids, MI: Baker Academic, 2013), 143, emphasis original.

زیرەکەکەی بێت و بگەڕێتەوە بۆ "مۆبایلی نازیرەک". جان پایپەر ستراتیژییەکی ژیرانەی بەکارهێنا، گوتی: "پێم وایە کە هەندێک دەڵێن "باشە، پایپەر تەماشا بکە، بەو پێیەی مۆبایل کێشەکە نییە، بەڵام دڵ کێشەکەیە، سوودی نییە مۆبایلەکە فڕێبدرێت." وەڵامی دەدەمەوە و دەڵێم، "نا، فڕێدانی مۆبایلەکە بێ سوود نییە."" ئێمە لە شەڕی پیرۆزیدا لە سەردەمی دیجیتاڵی لە دوو بەرەدا شەڕ دەکەین، هەروەک جان پایپەر ڕوونیکردەوە. "ئێمە لە بەرەی ناوەوەی دڵدا شەڕ دەکەین؛ بەرەی دڵ بۆ ئەوەی تەواو تێربێت لە عیسا، بەوپەڕی ڕوونی ببینین، بەوپەڕی ئەزیزییەوە خۆشمان بوێت، هێندە نزیکبین لێیەوە کە هیچ شتێک، تەنانەت مۆبایلێکی زیرەکیش، نەتوانێت جڵەوگیرمان بکات. بەڵام بەگوێرەی کتێبی پیرۆز، ئێمە لە بەرەی دەرەکیشدا شەڕ دەکەین بۆ لابردنی یان دوورکەوتنەوە لە بەربەستەکانی بەردەم باوەڕەکەمان." پاشان لە کۆتاییدا پوختی کردەوە و گوتی: "ئازادی ڕاستەقینە لە کۆیلایەتی تەکنەلۆژیا لە بنەڕەتدا لە فڕێدانی مۆبایلی زیرەکەوە سەرچاوە ناگرێت، بەڵکو لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکەوە دێت کە هەوڵدەدەیت بە چێژوەرگرتن لە ئامێرەکە بە شکۆمەندییەکانی عیسا پڕی بکەیتەوە."[a]"

ئەو ئاڵنگارییەی ئێمە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا بەرەنگاری دەبینەوە دوو لایەنە:

١. لە بەرەی دەرەکی: ئایا ئێمە خۆمان دەپارێزین و بە بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک نکۆڵی لە خۆمان دەکەین؟

٢. لە بەرەی ناوخۆ: ئایا ئێمە لە هەمان کاتدا بەدوای تێرکردنی دڵمانین بە شکۆمەندی خودایی کە هەتا ڕادەیەکی زۆر لە ئێستادا نابینرێت؟

فریودانەکانی ئینتەرنێت هەمیشە لەگەڵمان دەبن، لە شێوەی لافاوێک لە فریودانی پووچ، وە وێنەی سێکسی و ڕیکلامی چەواشەکارانەدا. لەبری ئەوە دەبێت دڵمان لێوانلێو پڕ بکەین لە شکۆمەندی بۆ ئەوەی چاوەکانمان فێربن بە شێوەیەکی سەروو سروشتی بەسەر ئەو وێنە پووچەڵانەدا تێپەڕن کە بە شێوەیەکی سروشتی سەرنجی هەوەسی چاوەکانمان ڕادەکێشن. بۆ ئەوەی ژیانێکی چاک لەم کۆمەڵگە بەکاربەرە تێرنەبووەدا بژین، پێویستە لە نوێژدا داوای دەسەڵاتی خودا بکەین کە چاوەکانمان دووربخاتەوە لە گوفەکی زبڵی دیجیتاڵی کە بێکۆتایی لە مۆبایلەکانمان پیشان دەدرێت، وە گوێچکەمان ڕێکبخەین بۆ گوێگرتن لە دەنگدانەوە بەرزەکانی سەرسامبوونێکی هەمیشەیی لەو جوانییە زۆرەی کە لە کتێبی پیرۆزدا «دەیانبینین.»[b]

---

a John Piper, interview with the author via Skype, published as "When Should I Get Rid of My Smartphone?" Desiring God, desiringGod.org (Aug. 25, 2015), emphases added.

b زەبووری ١١٩: ١٨؛ ٣٦-٣٧.

# ٩

## واتا لەدەست دەدەین

تێکڕای بەرهەمی دەقی ئیمەیڵ و سۆشیال میدیا بە ٣.٦ تریلیۆن وشە مەزەندە دەکرێت، یان نزیکەی سی و شەش ملیۆن کتێب؛ کە هەموو ڕۆژێک بڵاودەکرێنەوە! لە بەرامبەردا کتێبخانەی کۆنگرێس سی و پێنج ملیۆن کتێبی تێدایە.[a]

ئێمە ئێستا لە لافاوێکی زانیاریدا دەژین کە تەنها ڕۆماننووسانی دیستۆپیایی[b] دەتوانن پێشبینی بکەن. نیل پۆستمان لە پێشەکی کتێبە گرینگەکەیدا بە ناوی (گاڵتەکردن بە خۆمان هەتا مردن)، دوو هۆشداری کەلتووری زۆر جیاواز لە یەکتری بەراورد کردووە، ئەوانیش هۆشداریی ڕۆمانەکەی جۆرج ئۆروێل بە ناوی (١٩٨٤) وە هۆشداری لە ڕۆمانی (جیهانی نوێی بوێر) لە نووسینی ئالدۆس هاکسلی. ئۆروێل دەڵێت کتێبەکان بە هۆی چاودێری (سانسۆر) نامێنن؛ بەڵام هاکسلی پێی وابوو کتێبەکان بەهۆی هەڵڕشتنی زانیارییەکانەوە پەراوێز دەخرێن. پۆستمان ئەم دیاردەیە بە باشی پوخت دەکاتەوە. "ئۆروێل ترسی لەو کەسانە هەبوو کە بێبەشمان دەکەن لە زانیاری. هاکسلی لەو کەسانە دەترسا کە هێندە زۆر زانیاریمان پێدەدەن کە تووشی نەرێنی و خۆویستی ببین. ئۆروێل ترسی ئەوەی هەبوو کە ڕاستییەکان لە ئێمە بشاردرێنەوە. هاکسلی ترسی ئەوەی هەبوو کە ڕاستییەکان لە دەریای بێ بایەخیدا نقووم بن.»[c] پێدەچێت هاکسلی سەرکەوتنی بەدەستهێنابێت.

هەروەک ئەوەی هاکسلی و پۆستمان بەبیرمان دەهێنێتەوە، لەم دواییانەدا، پاپا فرانسیس لە بڵاوکراوەیەکی پاپاییدا دەربارەی پیسبوونی جیهانی هۆشداری دا سەبارەت بە باری زۆری زانیارییەکان، هۆشداری دا لەوەی کە "کاتێک دەزگاکانی ڕاگەیاندن و جیهانی دیجیتاڵی لە هەموو شوێنێک بڵاو دەبنەوە، دەکرێت کاریگەرییەکانیان خەڵکی ڕابگرن لە فێربوونی چۆنیەتی ژیانی ژیرانە، بیرکردنەوەی قووڵ، خۆشویستنی بە بەخشندەیی. لەم چوارچێوەیەدا، پیاوە دانا گەورەکانی ڕابردوو مەترسی ئەوەیان لەسەرە لەنێو ژاوەژاو و

a Clive Thompson, Smarter Than You Think: How Technology Is Changing Our Minds for the Better (New York: Penguin, 2013), 47.

b دیستۆپیا کۆمەڵگایەکە کە لە دۆخێکی کارەساتباردان، کارەکتەرەکانیان ئەندێشەیی شەڕانگێز و وێرانکاری ژینگە و جڵەوگیری تەکنەلۆژیا و ستەمکارن. ڕۆمانە دیستۆپیاییەکان زۆرجار بەدواداچوون دەکەن بۆ بابەتەکانی وەک سیستەمی حوکمڕانی و ستەم و هەژاری -وەرگێڕ.

c Neil Postman, Amusing Ourselves to Death: Public Discourse in the Age of Show Business (New York: Penguin, 1985), vii–viii.

سەرقاڵکردن بە بارگرانییەکی زۆری زانیاری قسەکانیان نەبیستریێت.“ ئەو ئاماژەی بەوەدا کە دەبێت سەرقاڵکردنی دیجیتاڵی لە جڵەوگیریدا بمێنێتەوە، چونکە دانایی ڕاستەقینە دەرەنجامی خوێندنەوەی قووڵ و خۆپشکنین و ”گفتوگۆ و بەریەککەوتنی بەخشندەی نێوان کەسەکانە». هۆشداری دا لەوەی تەنها کۆکردنەوەی زانیاری ”دەبێتە هۆی بارگرانی زۆر و سەرلێشێواوی، جۆرێک لە پیسبوونی دەروونی.“[a]

## خواردنی خێرا و بێکەڵکی ڕۆح

هەریەک لە پۆستمان و هاکسلی و پاپا هاوبەشن لە ڕەشبینی تەکەنۆلۆژیا کە من لەگەڵیان بەشدار نیم. وە ئەگەر باری زیادەی زانیاری لە سەردەمی دیجیتاڵیدا کێشەیەک بێت، ئەوا وەک کێشەیەکی لاوەکی دەیبینم، کێشەیەک کە هەتا ڕادەیەک سنووردار یان ناتەواوە، وەک ئەوەی نەگاتە چەقی کێشە ڕاستەقینەکە.

یەکەم: دابەزینی ڕێژەی خوێندەواری ببووە کێشەیەکی بەرچاو، پێش ئەوەی فەیسبووک دابهێنرێت. وەک ئۆلیڤەر ئۆدۆنۆڤان دان بەوەدا دەنێت: ”سەرنجی من ئەوەیە کە ئەو زیانانەی لەدوای کەلتووری خوێندەواری هات ڕاستییەکە گەڕانەوەی بۆ نییە، کە بە زۆری ناوەندەکانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی تاوانبار دەکرێن. بەڵام هۆکاری دیکەش لە کاردان. پێش ساڵانی ١٩٩٠ خوێندەواری لە تەندروستییەکی نایابدا نەبوو.“[b] نابێت وای دابنێین کە نەوەکانی پێش مۆبایلی زیرەک لە بواری خوێندەواریدا پێشکەوتوون و هەربۆیە لێهاتووتر بوون لە شیکردنەوەی ڕاستییە ڕەهاکان.

دووەم: ئاڵنگاری گەورەتر بۆ ئێمە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا پیسبوونی دەروونی نییە بەهۆی باری زۆری زانیارییەوە، بەڵکو خراپی خۆراکی ئەو ناوەڕۆکەیە کە ئەندازە کراوە، وەک خواردنی خێرای مۆدێرن، بۆ ئەوەی ئارەزووی خواردنمان بوروژێنێت. زانیارییەکانی ئینتەرنێت هەتا دێت زیاتر بە تام دەبن، هاوشێوەی خواردنە خێرا و فریودەرەکان. هەواڵە بەپەلەکان، قسە و باسی ڕۆژنامە سەرنجڕاکێشەکان، میمە بەربڵاوەکان، دوایین مشتومڕەکانی وەرزش، سیاسەت، کات بەسەربردن، هەمووو ئەمانە وەک ئەوەی کێکێکی توینکی سورکراوە بن کە لە کەرنەڤاڵی شاردا لەسەر دار بەرزکرابێتەوە، بەرەو مۆبایلەکانمان ڕاماندەکێشن. خواردنە ناسکەکانی دیجیتاڵی سەرنجڕاکێشن، بەڵام بەهای خۆراکییان نییە.

سێیەم، ئەلستەر ڕۆبەرتس دەڵێت، مۆبایلەکانمان وا دەکات بتوانین خۆراکێکی جێگیر لە زانیارییەکان هاوبەش بکەین و بەکاریبهێنین کە بێ سوودە لەوەی وامان لێبکات هەست

a Pope Francis, “Encyclical Letter, Laudato Si’ of the Holy Father Francis on Care for Our Common Home,” The Holy See, w2.vatican.va (May 24, 2015).

b Oliver O’Donovan, interview with the author via email (Feb. 10, 2016).

بـە پەیوەنـدی لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا بکەیـن. ئەم پەیوەندییانـە ڕووخۆشـی و ڕووکەشـی لەخۆدەگرێـت؛ ئەمـە بـە زانیارییەکـی بـێ بایەخـە کـە هاوبـەش دەکرێـت بـۆ پاراسـتنی جۆرێـک لـە پەیوەنـدی کۆمەڵایەتـی، بـەڵام بـۆ گەیاندنـی بیرۆکـەکان نییـە (بـۆ زیاتـر لەسـەر لایەنـە بـاش و خراپەکانـی «گفتوگـۆی کـورت"ی دیجیتاڵـی بڕوانـە بەشـی ١٢). سۆشـیال میدیـا گرێبەسـتێکی ناڕاسـتەوخۆی لەگەڵدایـە، جۆرێکـە لـە کـۆدی پەسـەندکردنی پێـش و دوای کـە بـە تێپەڕبوونـی کات دەکرێـت بەهـای ئـەو زانیارییانـە بشـێوێنێت کـە هاوبەشـی دەکەیـن. مـن شـوێنت دەکەوم و ئـەوەی بەرهەمـی دەهێنیـت «لایـک»ی دەکـەم ئەگـەر خـۆت بگەڕێیتـەوە و هەمـان شـت بـۆ مـن بکەیـت. بـە دڵنیاییـەوە کرۆکـی ناوەڕۆکەکەمـان دەکرێـت کـەم ببێتـەوە، چونکـە پاڵنـەر بـۆ لایـک و شـەیر (هاوبەشـیکردن) زیاتـر بەهـۆی بەرامبەرایەتـی کۆمەڵایەتـی ناچارییـەوە دەجووڵێـت.[a]

کەواتـە کێشـەکەمان قووڵـترە لـە بـاری زانیـاری زیـاد؛ ئـەوە "ئـارەزووی جڵەوگیرنەکـراوی ئێمەیـە بـۆ پەیوەندیکردنـی دەسـتبەجێ و پێداگـری لـە "درامـای گـەورەی پەیوەندیکـردن"ی کۆمەڵگاکەمانـدا.»[b] مۆبایلەکانمـان بـەرەو خـووی ناتەندروسـتمان دەبـەن، نـەک لەبـەر ئـەوەی بێسـنوور زانیاریـمان دەوێـت، بەڵکـو لەبـەر ئـەوەی دەمانەوێـت لـە پەیوەندیـدا بمێنینـەوە لەگـەڵ ئـەوەی دەگوزەرێـت و چێـژ وەربگریـن. ئێمـە دەمانەوێـت گاڵتەچـی بیـن و خەڵکـی ئێمەیـان بـەدڵ بێـت. ئـەم ڕاسـتییە کۆمەڵایەتییانـە نیگەرانـی مـن دەربـارەی بـاری زیـادەی زانیارییەکانـەوە کەمـتر دەکەنـەوە.

## "هەواڵی بە پەلە"

هانـدەری ئـارەزووی پەیوەندیکردنمان، ئـارەزووی نوێگەریمانە. بۆ ڕونکردنـەوەی ئەم خاڵە، بیهێنـە بەرچـاوت کـە ئاژانسـەکانی هـەواڵ، ڕۆژانێـک لـە ناوچەکانـی خۆیانـدا بڵاوبوونەتـەوە و لـە ڕێگـەی تـاوەری تەلەفزیـۆن و گواسـتنەوەی ڕادیۆیـی و گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـەوە هەواڵیـان بەسـەر بینەرەکانیانـدا دابـەش دەکـرد. لـە سـەردەمی دیجیتاڵیـدا، هەواڵەکانمـان زیاتـر لـە قەڵاکـی گـەورە (تـۆڕی ئینتەرنێـت)دا قەتیـس دەبـن، لەگـەڵ ژمارەیەکـی کـەم دەرگاوانـی بەهێـز کـە بڕیـار دەدەن کـەی هەواڵـەکان دەربچـن و کـێ ببینێـت (بـە شـێوەیەکی زیاتـر، پلاتفۆرمـی سۆشـیال میدیـا). سۆشـیال میدیـا جێگـەی ناوەندەکانـی میدیـای گشـتی ناگرێتـەوە؛ خەریکـە دەبێتـە پاڵێوەرێـک (فلتـەر) کـە دەبێـت ناوەڕۆکـی بەرهەمهێـنراوی میدیـای گشـتی ئێسـتا پێیـدا تێپەڕێـت بـۆ ئـەوەی بگاتـە جەماوەرێکـی لـە ڕادەبـەدەر.

---

a Cal Newport, Deep Work: Rules for Focused Success in a Distracted World (New York: Grand Central, 2016), 208.

b Alastair Roberts, interview with the author via email (Jan. 23, 2016).

ئەگەر شتێک شایستەی بڵاوکردنەوە بێت، بە دڵنیاییەوە تویتەر و فەیسبووک ئاگادارمان دەکەنەوە. لەنێوان ساڵانی ٢٠١٣ بۆ ٢٠١٥، ئەمریکییەکان دەیانگوت پلاتفۆرمەکانی سۆشیال میدیاییەکان زیاتر ئەو شوێنەن کە هەواڵیان لێ وەرگرتووە؛ بازدانێکی بەرچاو هەبوو لەنێوان بەکارهێنەرانی تویتەر (لەسەدا ٥٢ بۆ ٦٣) و فەیسبووک (لەسەدا ٤٧ بۆ لەسەدا ٦٣).[a]

جا ئاگادارکردنەوەیەکی «هەواڵی بەپەلە» بێت، یان ئاگاداری نامەیەکی ڕاستەوخۆ، کورتە نامەیەک، یان ئاپی هەواڵ، مۆبایلەکانمان بە شێوەیەک ژیانمان بەرەوڕووی دەستبەجێیی ئەو ساتەوەختە ئامادە دەکەن، کە هەموو نەوە و کەلتوورەکانی پێشووتر پێیان نەزانیوە. سۆشیال میدیا و خاڵەکانی دەستگەیشتن بە ئینتەرنێت لە مۆبایلەکانماندا ڕووداوە دەستبەجێیەکانی جیهان دەبەنە ناو ژیانمانەوە. لە ئەنجامدا تووشی نەخۆشی ”هەوەسی نوێیی“ دەبین، یان ئالوودەبوون بە هەر شتێکی نوێ لە ماوەی پێنج خولەکی کۆتاییدا.

بەهۆی سۆشیال میدیاوە، هەموو دەزگایەکی ڕاگەیاندن کێبڕکێ دەکات بۆ شوێنی نوێترین ڕووداو. هەروەك ئۆدۆنۆڤان دەنووسێت، ئەمە گەشەپێدەرە بۆ سروشتی «تازە پێمان گەیشت» لە هەواڵەکان. ئەوەی پێی دەگوترێت ”هەواڵی خێرا» بەپەلە، کە لەنێو سۆشیال میدیادا زۆر بە تام دەکرێت، کلیلی سەرکەوتنە بۆ سەرنجڕاکێشان لە پلاتفۆرمە گەورەکان: ”بە تەرخانکردنی تەواوی سەرنجیان بۆ دوایین شەپۆلی هەواڵەکان، پاشان دەنگدانەوەی هاوارەکەی بۆ ئێمە؛ ئێمە هەموو بەیانییەک بانگەوازیان دەکەین بۆ ئەوەی جیهانی نوێمان پیشان بدەن، وەک ئەوەی هەرگیز دوێنێ نەبووبێت. لە ڕوانگەی سیپارەی پەندەکان، پێویستە هەواڵ بوژێنەرەوە بێت،» ئەو دەڵێت و دەنگدانەوەی پەندەکانی دەداتەوە.[b] ناوبەناو هەواڵی خۆش دەکرێت بمانبوژێننەوە، بەڵام لەگەڵ مۆبایلەکانماندا تەنانەت هەواڵی دڵتەزێنیش لە کاتی ڕاستەوخۆدا پەلەمان لێدەکات. ئێمەش پێشوازی لێدەکەین. ”ئەوەی سەرنجڕاکێشە لە پەیوەندییە خێرا و بەرفراوانەکانی هەواڵە نوێیەکان ئەوەیە کە ئێمە چەندە لێیانەوە نزیکین، هەروەک ئەوەی بەردەوام بترسین کە جیهان لە پشتمانەوە گۆڕانکاری بەسەردا بێت ئەگەر ئێمە لە درکپێکردنی دەستبەجێ نەبین لەگەڵ هەزار زانیاری نوێی لە یەکتر جیاواز. ئەمەش پێوەرێکە بۆ نەبوونی ئاساییشی میتافیزیکیمان، کە بزوێنەری حەزی نوێمانە بۆ جڵەوگیری.»[c]

جا ئەگەر خواردنی خێرا زۆر تامدار بێت یان نا، ڕقمان لە لەدەستدانی هەیە (وەک

---

a Michael Barthel et al., “The Evolving Role of News on Twitter and Facebook,” Pew Research Center, journalism.org (July 14, 2015).

b Oliver O’Donovan, Ethics as Theology, vol. 2, Finding and Seeking (Grand Rapids, MI: Eerdmans, 2014), 234. See Prov. 25:13, 25, along with 13:17.

c هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٥.

لە بەشی داهاتوودا دەیبینین). لە خواستی ئێمەدا بۆ «شارەزابوون» لە جیهان، بە تایبەتی ئامادە دەبین بۆ نوێگەری و هاندان؛ هەر هێندەی نامەیەکمان پێبگات، یان تویت (پۆستی تویتەر) دەخوێنینەوە، یان ئاگادارکردنەوەکان لە مۆبایلەکانمان دەبینین، هەموو شتێک لە ژیانماندا ڕادەوەستێت. بەڵام بە پێچەوانەی ئەم دەستبەجێییە، وە دوایین هەواڵی ئەو ساتەوەختە، «بەهۆی خۆشەویستی نەگۆڕی یەزدانە کە لەناونەچووین، چونکە بەزەییەکەی تەواو نابێت. ئەوانەت هەموو بەیانییەک نوێن؛ دڵسۆزییەکەت چەند گەورەیە.» (شینەکانی یەرمیا ٣: ٢٢-٢٣). ئۆدۆنۆڤان دەنووسێت، بەیانی ئەو کاتەیە کە «بە زیرەکی ئاوڕێک لە دواوە دەدەینەوە و بە هیواوە تەماشای پێشەوە دەکەین، ئەوەی سۆشیال میدیا دەیهێنێت "هەموو بەیانییەکی نوێ" (بە خێرایی دەبێتە "هەموو ساتێک نوێ")، ڕەنگە مرۆڤ بوێرێت بڵێت، دژایەتییەکی تەواوەتییە لەگەڵ ئەو پێشکەشکردنە ڕۆژانەیەی نیعمەت. زیاتر خزمەت بە جێگیرکردنی تێڕوانینمان دەکات لەسەر کاتی ئێستا، ڕێگری لە گەڕانەوە دەکات بۆ ڕووداوەکانی ڕابردوو، بێتواناکردنی بیرکردنەوە، لە جیهانێکی گریمانەکراوی ئێستادا دەمانگرێت کە وەک دۆزەخە، داهاتوو و ڕابردووی لەدەستداوە.»[a]

هۆشدارییەکی بەهێزی ئاوا کە لە سەرووی وێناکردنەوەیە، گونجاوە بۆ ئێمە وەک بوونەوەرێکی هەتاهەتایی، بەهۆی خولەکانی هەواڵی ڕۆژانەوە لە کات دابڕاوین، لە چیرۆکی خودادا لە شوێنی خۆمان دادەبڕێین. ئێمە جێگەی خۆمان لە مێژوودا لەدەست دەدەین (وەک دواتر دەبینین). وە ئێمە دەستڕاگەیشتنمان بە واتای کۆتایی لەدەست دەدەین.

## خەزێنەکردنی دانایی

ئەگەر گەورەترین کێشەمان زۆری زانیاری بێت یان زۆری ناوەڕۆک، نابێت شانمان هەڵبتەکێنین (بێهەڵوێستبوون)، یان بچەمێینەوە بۆ سەر ڕەنگدانەوەی وێنەی خۆماندا (نێرگزیبوون)، یان بە پشتگوێخستنی ڕابردوو و داهاتوومان بکەوینە ناو چاڵی بێهیوایی هەبووونمانەوە (نیهیلیزم).

چارەسەری هەر سێ کێشە سەرەکییەکە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا لەلایەن پاشا سلێمانەوە پێشکەش دەکرێن؛ لەگەڵ هۆشداری پێغەمبەرانە سەبارەت بە سەردەمێکی زانیاری کە هەرگیز ئەندێشەی نەکردووە. لە سەردەمی خۆیدا، کە چاوی لە بڵاوبوونەوەی ئەدەبی دانایی بوو لە هەموو داناکانی دونیا، سوود و بەهای دەبینی، بەڵام نقومبوونیشی دەبینی. گوتی داناکان هەرگیز واز لە نووسینی کتێب ناهێنن و ئێمەش هەرگیز واز لە ویستی بەردەوامبوون ناهێنین. بەڵام ئەگەر هەوڵبدەین لە ئێستادا بمێنینەوە، شەکەت دەبین، چونکە کتێبخانە کەڵەکەبووەکانی دانایی کۆتاییان نییە، وە «لێکۆڵینەوەی زۆریش

a هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٣٧.

لەش ماندوو دەکات.»[a] نەبوونی خۆجڵەوگیرکردن لەسەر قەبارەی هەڵلوشینی زانیارییەکان بارگرانییەک دەخاتە ڕوو کە جەستەی فیزیکیمان ناتوانێت هەڵیبگرێت.

لێرەدا سێ چارەسەرەکەی سلێمان دێن.

یەکەم: لەناو ئەو هەموو ژاوەژاوەدا، باوەڕداران بە مەسیح دەبێ دانایی بناسن و بە بەهاداری بزانن. پێش ئەوەی کوڕەکەی ئاگادار بکاتەوە لەبارەی کاری کتێب کە بێکۆتاییە و ماندووبوونی زۆر خوێندنەوە، نووسیویەتی: «وشەکانی پیاوی دانا وەک نەقیزە وایە، وەک بزمارە چەقیوەکانن لە پیاوانی کۆمەڵ، لەلایەن یەک شوانەوە دراون. ئەی ڕۆڵە، سەرەڕای ئەمانە، ئاگاداری شتەکانی دیکەش بە» (ژیرمەندی ١٢: ١١-١٢). دەبێت هەڵسەنگاندنێک دابنێین بۆ بەهای هەموو ئەو زانیاریانەی کە وەریدەگرین. ئێمە بەشداری ناوەڕۆکی دیجیتاڵی ناکەین تەنها بۆ هاوقەتاری یان ئاگاداری، یان پەیوەندی پێوە بکەین. بەڵکو گوێمان دادەخەین لەئاست ژاوەژاوی نوێگەری، بۆ ئەوەی بتوانین واتا دەستنیشان بکەین و ڕاستی، چاکە و جوانی لە ئامێز بگرین. ئێستا ئێمە لە سەردەمی زێڕینی کوالێتی و ناوەڕۆکی ئینتەرنێتدا دەژین، کە بەبێ بەرامبەر بەردەست دەخرێن. بەڵام ئایا ئێمە خێراییمان خاو دەکەینەوە و ئەم بەهایە هەڵدەمژین کە ئەو ماڵپەڕانە پێشکەشی دەکەن، یان لە جەنجاڵی دەستبەجێیی و خێرایی هەندێک بەرواری بەسەرچوونی نەبینراو و زۆر تامکردنی ژاوەژاوی دیجیتاڵی دیکەدا بەهای ئەم ماڵپەڕانە لەدەست دەدەین؟

بەهادان بە دانایی لقێکی خوێندەوارییە. "پێشتر واتای خوێندەواری، توانای لێکۆڵینەوە بوو لە دەرکەوتنێک، لەوانەش دەرکەوتنی ژمارەکان. مەبەست چییە؟ چ ئەزمونێک لە پشتیانەوە هەیە؟ خوێندەواری دەپرسێت: مەبەست چییە؟ ڕەنگە گەورەترین هەڕەشە کە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە ئەوەیە کە بە ماوەی سەرنجدانێکی کورت بژین، ئێستا بە تەقینەوەیەکی بچووکی سەرسوڕمانەوە جێی دەگرێت، ساتێکی دیکە بە یەکێکی دیکەوە. لە ڕاستیدا، هەرگیز زانین بەو شێوەیە پێمان نادرێت. دەبێت بەدوایدا بگەڕێیت و هەوڵی بۆ بدەیت، هەروەک شیعرە سەرسوڕهێنەرەکانی دانایی لە سەرەتای سیپارەی پەندەکانی سلێمان پێمان دەڵێن."[b] بەبێ دانایی، بە گەمژەیی "ئێستا"ی بێ ئامانج لە تەقینەوەی نوێگەریدا ون دەبین. بەبێ دانایی، بە گەمژەیی لە "ڕابردوومان" و لە "داهاتوومان" دووردەکەوینەوە.

دووەم: لەناو ئەو هەموو ژاوەژاوەدا، باوەڕداران بە مەسیح دەبێت تێبکۆشن لەپێناو ترسی گوێڕایەڵی لەجیاتی زانیاری بێ بایەخ.

---

a ژیرمەندی ١٢: ١٢.

b O'Donovan, interview with the author via email (Feb. 10, 2016).

لەدوای لێدوانەکەی سەبارەت بە بێکۆتایی کتێبەکان، سلێمان نووسیویەتی: «هەموو شت ئێستا بیستراوە ودەرئەنجامەکەی ئەوەیە: لە خودا بترسە و ڕاسپاردەکانی بەجێبگەیەنە، چونکە ئەمە ئەرکی سەر شانی هەموو مرۆڤە» (ژیرمەندی ١٢: ١٣). گرنگتر لە دەستڕاگەیشتن بە زانیاری، بەهادارتر لە ناوبانگ لە سۆشیال میدیا، گوێڕایەڵی خودایە.

سێیەم: لەناو ئەو هەموو ژاوەژاوەدا، دەبێت ئازادیی خۆمان لە مەسیحدا لە ئامێز بگرین، لەکاتێکدا بەرەو دواوە هەنگاو دەنێین لە هێرشی بڵاوکردنەوەی ئینتەرنێت و بڵاوبوونەوەی دانایی دیجیتاڵی. بە نیعمەت، ئێمە ئازادین لە داخستنی سەرچاوەی هەواڵەکانمان، وە داخستنی ئەو ئاپانەی ژیانمان هاک دەکەن، وە کوژاندنەوەی مۆبایلەکانمان بۆ ئەوەی بە سادەیی چێژ وەربگرین لە ئامادەبوونی هاوڕێیاندا، وە چێژ وەرگرتن لە هاوسەر و خێزانەکانمان لە نهێنی و شکۆمەندی و "چڕی" بوونی مرۆڤ.[a]

## تەکنەلۆژیا و دانایی

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو پێناسەیەی کە لە سەرەتای ئەم کتێبەدا بەکارمهێنا، تەکنەلۆژیا زیاتر لە مۆبایلی زیرەکمان لەخۆدەگرێت. ئادەم و حەوا، بە ڕووتی بەدیهێنران، بۆ ئەوەی لە زەوییەکی پڕ لە ئاژەڵدا بژین. وەک پاڵنەرێکی سەرەتایی بەرەو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، خودا یەکەم قوماش و یەکەم شمشێری داهێنا.[b] بە دەستپێکردن بەو یەکەمین جلوبەرگە و یەکەمین شمشێرەوە، هەموو ئەو شتانەی دیکە کە دادەڕێژرێن، لە زەوی دەردەهێنرێن، دەتوێنرێنەوە، شێوەیان دادەڕێژرێت، ڕێکدەخرێن و بە شێوەیەکی بەرفراوان بەرهەم دەهێنرێن؛ دەخرێتە ژێر چەتری تەکنەلۆژیا.

ئەیوب ٢٨ شیعرێکە کە ئاهەنگ دەگێڕێت بە داهێنانی تەکنەلۆژیای مرۆڤ. دەتوانین هەسارەکە کنجکۆڵ بکەین بۆ کەرەستەی خاوی وەک ئاسن و مس. دەتوانین بچینە ئەو

---

a سپارەی ژیرمەندی ٩: ٧-٩. وەک دیتریش بۆنهۆفەر دەڵێت: «بە دڵنیاییەوە، چاودێری زیادەڕۆیی لە پەیوەندییە مرۆییەکان... بەرەو پەرستنی مرۆڤمان دەبات کە لەگەڵ ڕاستیدا ناگونجێت. بە پێچەوانەی ئەوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمە تەنها ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە ژیاندا بۆ ئێمە لە هەموو شتێک گرنگترن. بە دڵنیاییەوە ئەوە بەو واتایە نییە کە جیهانی شتە مادییەکان و دەستکەوتە کردارییەکان بەهایەکی کەمتری هەبێت. بەڵام جوانترین کتێب یان وێنە یان خانوو یان سامان بە بەراورد بە ژنەکەم، دایک و باوکم، هاوڕێکەم چییە؟ لەگەڵ ئەوەشدا، تاکە کەسێک کە بتوانێت بەم شێوەیە قسە بکات، ئەو کەسەیە کە بەڕاستی هاوڕێیەتی مرۆڤی لە ژیاندا دۆزیبێتەوە. بۆ زۆرێک کەس لەمڕۆدا مرۆڤەکان زیاتر نین لەوە بەشێکن لە دونیای شتەکان»:
Dietrich Bonhoeffer, Letters and Papers from Prison, ed. Christian Gremmels, trans. Isabel Best, vol. 8, Dietrich Bonhoeffer Works (Minneapolis: Fortress, 2010), 509.

b پەیدابوون ٣: ٢١، ٢٤.

شوێنانەی کە باڵندە و ئاژەڵ و تەنانەت گەشتیارانیش هەرگیز نەچوونەتە ئەوێ. دەتوانین بچینە خوارەوە بۆ ناو شوێنە تاریکەکان، وە قووڵایی ژێر زەوی بپێوین بە بەکارهێنانی دەنگدەرەوە، لەسەر پەتەکان بەرەو پێش و دواوە بچین بۆ قووڵتر و قووڵتر دابەزینمان بۆ دەرهێنانی پارچەی زێڕ و ئەڵماس. دەتوانین شاخەکان لە ڕەگەوە هەڵبتەکێنین.

ئەگەر بەشی ٢٨ی سیپارەی ئەیوب سروودێکی شکۆمەندە بۆ ئاهەنگگێڕان بە داهێنانی مرۆڤ (ئایەتەکانی ١-١١)، هەروەها گۆرانییەکی ئاگادارکەرەوەیە سەبارەت بە سنووری ئەو داناییەی کە دەتوانین بە ئامێرەکانمان بیدۆزینەوە (ئایەتەکانی ١٢-٢٨). کاتێک باس لە گەڕان دەکات بەدوای واتای بوونی ئێمە لەم جیهانەدا، هەموو تەکنەلۆژیاکانمان ناتوانێت هێندە قووڵمان بکاتەوە یان بە ڕادەیەکی پێویست بەرزمان بکاتەوە. دانایی ڕاستەقینە لە چەکوش و تەکنیکەکانمان بەدەرە. دەتوانین سەرکێشی بکەین بۆ خوارەوە بۆ ناو ئەو بیرە تاریکانەی کە دەچنە قووڵایی زەوی، بەڵام دانایی لەوێ نییە. دەتوانین بچینە ژێر دەریا، بەڵام دانایی لەوێش نییە. هەموو ئەو زێڕە دەوڵەمەندانەی کە دەهێنرێنە بەر ڕووناکی، دانایی ئاشکرا ناکەن. دەتوانین گەمژەی شارەزای تەکنەلۆژیا بین.

لەم سەردەمەی دیجیتاڵی پڕ لە ناوەڕۆک، نابێت دەستبەرداری خۆمان بین بۆ نەرێنی یان خۆویستی. وە بە دڵنیاییەوە نابێت لە دەریای هەواڵ و قسە و باسێکدا بخنکێین کە پەیوەندی بە ئێمەوە نەبێت. بەڵکو دەبێت فێربین بەهای ئەو شتە بزانین کە لە گەردووندا بەهادارترینە؛ کە خودایە. کاتێک ڕوو لە خودا دەکەین، بۆمان دەردەکەوێت کە بەهادارترین دانایی و زانست لە ژێر شاخێکدا نەشاردراوەتەوە یان لەنێو نوێترین ئامێردا، بەڵکو لە عیسا مەسیحدا دەدۆزرێتەوە.[a] تەنها مەبەست و واتای تەواوی ژیان دیاری دەکات. ئەو ئەو شتانە ئاراستە دەکات کە بەڕاستی گرنگ و بەهادارە بۆ ئێمە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، وە لە هەموو سەردەمێکدا.

---

a کۆلۆسی ٢: ٣.

# ١٠

## ترسی لەدەستدان

لەدەستدانی کەسێک کە ڕەنگە ببێتە هاوسەرمان، لەدەستدانی ئۆفەرێکی کارێکی نموونەیی، لەدەستدانی زانیارییەکی دزەپێکراو سەبارەت بە پشکێکی زێڕین لە بۆرسە، یان لەدەستدانی ئاهەنگێک لەگەڵ هاوڕێکانمان؛ لەدەستدانی هەرچییەک بێت برینێکی پەشیمانی بەجێدەهێڵێت کە هەمووومان ڕقمان لێیەتی. بینینی داهاتوو تەمومژاوییە، بەڵام بۆ بینینی ڕابردوو چاومان ٦/٦ دەبینێت، ئەمەش واتا ئێمە بە ڕوونییەکی بلوری هەڵەکانی ڕابردوومان دەبینین. لە کاتێکدا بۆ چەندین جار شتێکمان لەدەست دەچێت، ڕەنگە دەستبکەین بە ترس لە لەدەستدانی داهاتوو بە شێوەیەکی نائاسایی.

کەواتە مۆبایل و سۆشیال میدیاکانمان وەکو نوێکردنەوەی کاتی ڕاستەقینەیە بۆ بەراوردەکانمان بە ژیانی کەسانی دیکە، بەردەوام خۆراک دەدات بە "ترسی لەدەستدان (FOMO – Fear of missing out)." ترس لە لەدەستدان و سۆشیال میدیا شانبەشانی یەکتر دەڕۆن. تەنانەت لە زمانی ئینگلیزیش ئەو دەربڕینە نوێیە لە فەرهەنگی ئینگلیزی ئۆکسفۆرددا هاتووە، پەیوەندی نێوانیان پشتڕاست دەکاتەوە: "ترسی لە لەدەستدان: دڵەڕاوکێ لەوەی کە ڕووداوێکی سەرنجڕاکێش یان وروژێنەر ڕەنگە لە شوێنێکی دیکەدا ڕووبدات، زۆرجار بەهۆی ئەو پۆستانەی کە لە ماڵپەڕێکی سۆشیال میدیادا دەبینرێن، دەوروژێت.»[a]

دەکرێت ترسی لەدەستدان لە ڕێگەی نیشانە سەرەتاییەکانی «نیگەرانی پچڕانی هێڵی ئینتەرنێت» دەستنیشان بکرێت، کە بە «فۆبیای بێ مۆبایلی» ناسراوە یان «نۆمۆفۆبیا»؛ ئەو نیگەرانییەی کاتێک خۆمان دەبینینەوە کە ڕێگریمان لێدەکرێت لە دەستگەیشتن بە جیهانە دیجیتاڵییەکەمان. ئەم جۆرە ترسە لە لەدەستدان زۆر درمە و بە خێرایی گەشە دەکات. بۆ نموونە ژنێکی گەنج کە هەژدە ساڵ لە کۆمەڵگەیەکی ئەمیش[b] دوور لە ئینتەرنێت پەروەردە بووە پێش ئەوەی بچێتە ناو جیهانی ئینتەرنێتەوە، دوای ئەوەی چووە ناو جیهانی ئینتەرنێت بە خێرایی تووشی تای پچڕانی پەیوەندی ئینتەرنێت بوو. لەدوای ئەوەی خۆی لەگەڵ ژیانی نائەمیشی گونجاند وە خۆی لەگەڵ ئەمریکای دیجیتاڵیدا

---

a "FOMO," Oxford English Dictionary, oed.com (June 2015).

b ئەندامانی تایفەیەکن کە لە ساڵی ١٧٢٠ بەدواوە لە پێنسیلڤانیا و ئۆهایۆ و شوێنەکانی دیکەی ئەمریکای باکوور نیشتەجێ بوون، دوور لە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای سەردەم دەژین -وەرگێڕ.

گونجاند، گەشتێکی نێردراوییێتی ئەنجامدا کە تێیدا ئینتەرنێتی نەبوو. گوتی «بیرم لەوە دەکردەوە، ناتوانم چاوەڕێ بکەم هەتا دەگەڕێمەوە بۆ ئەمریکا کە بتوانم جارێکی دیکە پەیوەندیم بە تەکنەلۆژیاوە هەبێت و بزانم چی ڕوودەدات. چونکە هەست دەکەم ڕووتم یان شتێکی وەک ئەوە بەبێ ئەوەی بەردەوام نوێ ببێتەوە بۆم کە چی ڕوودەدات.“[a]

ئەگەر ژنێکی پێشووی ئەمیش کە هەتا تەمەنی گەورەیی دەستی لە ئایفۆن نەداوە، وە هەتا ڕادەیەک خووەکانی ئینتەرنێت تەندروست دەپارێزێت، تووشی ئەم ترسە بێت، گومانم هەیە زۆرێک لە خراپترین خووەکانی مۆبایلەکەم لە ترسی لەدەستدان لەدایک بوون. دەمەوێت بزانم، دەمەوێت ببینم، نامەوێت پەراوێز بخرێم.

ئارەزووی من بۆ ئەوەی هەرگیز لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پەراوێز نەخرێم لەسەر هەژماری دەنگەکانی ئاگادارکردنەوەی وەک بیپ و پینگ دێت کە بێکۆتایە. بەردەوام مۆبایلەکەم دەپشکنم بۆ ئەوەی دڵنیا بم لەوەی هیچم لەدەست ناچێت. بەڵام کەسانێک باجێک دەدەن بۆ ئەوەی پێی دەگوترێت «پەیوەندیدار»ی من. کاتێک باس لە ترسی لەدەستدان دەکرێت لەسەر ئاستی کەلتووری، ئێمە بە تامەزرۆییەوە دەمانەوێت مێزەکان هەڵبگێڕینەوە و شەرمەزاری لەسەر کەسانی دیکە کەڵەکە بکەین کە هێشتا ئەو فیلم و زنجیرە تەلەفزیۆنییانە یان چیرۆکە بڵاوکراوەیان نەبینیوە کە ئێمە پێشتر بینیومانە. کاتێک کەسێک دان بەوەدا دەنێت کە لە دواوەیە لەسەر ئەم بەرهەمە کەلتوورییانە بێ ئاگایە، ئێمە بە خێرایی ئاشکرای دەکەین. ”هێندەی ئێمە بێزار دەبین لە وەرگرتنی هەستی تاوانەکە، بە دابەشکردنی بە یەکسانی لەناوی دەبەین.»[b] بەڵێ، ئێمە دەستمان بە خوێن پیسە؛ چونکە هەڵگری ئەم نەخۆشییە خراپەی ترسی لەدەستدانین و بڵاوی دەکەینەوە. هەستێکی زۆر خۆشە کە پەیوەندیی خۆتان بەسەر بێ پەیوەندییەکانی یەکتردا نمایش بکەن.

کاریگەرییەکانی نەخۆشییەکە ئەوەیە کە ترسی لەدەستدانمان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕاستەوخۆ ڕابکەینە ناو سروشتی “بەپەلەی”ی هەواڵەکان، کە تەنها ئەو کێشانە قووڵتر دەکاتەوە کە لە بەشی ڕابردوودا باسمان کرد و ترسەکانمان لەم جیهانە دەوروژێنێت. پۆڵ تریپ، ڕاوێژکار پێی گوتم: ”پێموایە باوەڕداران بە مەسیح ئێستا لە جاران زیاتر ئالوودەی هەواڵن. زیاتر لە جاران لە ڕێگەی سۆشیال میدیا و ماڵپەڕەکان و خولەکانی هەواڵی ٢٤ کاتژمێرییەوە، ئاگاداری ئەو شتانە دەبین کە لە دەوروبەرمان ڕوودەدەن. پێموایە بۆ زۆرێک لە ئێمە ئەمە ترسەکانمانی زیاتر کردووە.“[c]

---

a Olga Khazan, “Escaping the Amish for a Connected World,” The Atlantic magazine (Feb. 17, 2016).

b Kate Hakala, “There’s a Special Kind of ‘FOMO’ Stressing Us Out—A nd We’re Doing It to Ourselves,” Mic, mic.com (May 21, 2015).

c Paul Tripp, interview with the author via phone, published as Paul Tripp, “God’s Glory Must Enchant Us,” Desiring God, desiringGod.org (Feb. 1, 2016).

بەڵێ، هەبوونی مۆبایلی زیرەک سەرسوڕهێنەرە، بەڵام هەبوونی ئینتەرنێت لەسەر مۆبایلەکانمان ئەوەیە کە دەستبەجێ دەستمان بە هەموو کارەسات، خەم، بۆردومان و کردەوە تیرۆریستییە گەورەکانی جیهان بگات. ئایا ئێمە ئامادەین ئەم بارگرانییە هەڵبگرین؟

## کرۆکی ترسی لەدەستدان(FOMOS)

دەتوانین کرۆکی ترسە ئینتەرنێتیەکانمان لە دوو نیگەرانی پوخت بکەینەوە، هەروەک یەزدانناس کیڤن ڤانهۆزەر دەڵێت: "نیگەرانی لە پێگە (خەڵک بیر لە چی من دەکەنەوە؟)، وە نیگەرنی پچڕان ("من پەیوەندیم هەیە، کەواتە من هەم"). بەڵام پەیوەستە بە چییەوە، وە بە چ تێچوونێک؟ دەترسم کە بۆ زۆر کەس زۆرجار وەڵامەکە ئەوەیە: پەیوەستە بە ئیمپراتۆریەتی کۆمەڵگەی پیشەسازی کات بەسەربردنەوە. ئێمە لە شوێنێکدا دەژین کە بە "ئابووری سەرنج"، پێدەچێت وتاری بەیانی یەکشەممە لە کڵێسا بە بەراورد بە دانیشتنێکی ئینتەرنێت لاواز دەربکەوێت. ئەمەی دوایی ڕێگەمان پێدەدات سواری شەپۆلەکانی کەلتوور و بۆچوونی باو بین." وەک زۆر خاڵ لە سەرانسەری ئەم کتێبەدا، ئەمە بابەتی واتایە. "ئەو پرسیارەی شایانی گرنگیپێدانە بۆ قوتابی مەسیح ئەوەیە کە ئایا سەرنجمان بۆ شتێکی شایستە ڕادەکێشرێت؟ ئەوەی دەیبینین زوو نامێنێت، هەر بۆیە ئەوانەی بەدەست ترسی لەدەستدان دەناڵێنن هەمیشە لە چاوەڕوانی شتی گەورەی داهاتوون. ئەو قوتابییانەی کە بەئاگان لە ڕاستی، سەرنجیان لەسەر تاکە هەواڵی سەرەکییە کە لە کۆتاییدا گرنگە، ئەویش ئەو هەواڵەیە کە شانشینی خودا لە عیسای مەسیحدا هاتۆتە ناو جیهانەکەمانەوە. ئەم هەواڵە بەپەلەیە پێویستی بە سەرنجی بەردەوامان هەیە، وە ئەندێشەیەکی فراوان و بە ئاگا."[a]

باوەڕداران بە مەسیح، ڕەنگە پێشتر وا نەبووبێت، نیگەرانن بۆ ئەوەی کە پەیوەست بن بە خولی هەواڵی ڕۆژانە، ڤیدیۆ بەربڵاوەکان، پێشبینییە سیاسییەکان، قسە و باسەکانی کات بەسەربردن (وەک لە بەشی ڕابردوو بینیمان). پەیوەندی ئینتەرنێتی زیادەمان سووتەمەنی ترسی لەدەستدانمانە. ڕقمان لەوەیە کە پەراوێز بخرێین، بۆیە سەرنجمان لەسەر هەموو شتێکی گەورەی داهاتووە، وەک بەناوبانگترین فیلمی داهاتوو. وە ئێمە ڕاستییە گەورە و شکۆمەندەکان لەبیر دەکەین وەک بەدیهێنراوی نوێی خودا.

## خەم و بێدەنگی

ترسی لەدەستدانی پەیوەست بە مۆبایلی زیرەک ئەزموونێکی جیهانییە، هەروەک دەبینین، باوەڕداران بە مەسیح پارێزراو نین. کاتێک ئەندی کرۆچی نووسەر چل ڕۆژی

a Kevin Vanhoozer, interview with the author via email (Feb. 26, 2016).

بەبێ ئینتەرنێت بەسەربرد - نە شاشە و نە سۆشیال میدیا- گوتی ئەزموونەکە زۆربەی خۆش بوو. دانی بەوەدا نا و گوتی «بەڵام ئەمە دەڵێم: ترسی لەدەستدان شتێکی ڕاستەقینەیە، ئەوەی زیاتر ترسم لێی هەبوو لەدەستی بدەم، زانیاری نەبوو، بەڵکو دووپاتکردنەوەم بوو. بۆم دەرکەوت کە چەندە وابەستە بووم، یان ڕەنگە ئالوودە بووم، بەو ژەمە بچووکەی ڕۆژانەی دڵنیاکردنەوە کە کەسانی دیکە ‹لایک›م دەکەن و ‹فۆڵۆ›م دەکەن... ئەوە جێگەی سەرنج بوو کە ڕاکێشانەکەی چەندە بەهێز بوو لەسەرم.»[a]

ئەم خواستە بۆ دووپاتکردنەوەی کەسی ڕەنگە بەهێزترین فریودانی مۆبایلی زیرەک بێت، تەنها کاتێک گەورەتر دەبێت کە هەست بە برینی تەنهایی یان ئازار لە ژیانماندا بکەین. لە یەکەم ئاماژەی ناڕەحەتیدا، بە شێوەیەکی غەریزەیی مۆبایلەکانمان دەگرین بۆ ئەوەی بە دووپاتکردنەوە ئازارەکەمان چارەسەر بکەین. ئەم خووە لەوە زیاتر زیانبەخش نابێت.

ئەوەی زۆرجار لەبیرمان دەچێت کاتێک لەنێو سۆشیال میدیا دەگەڕێین ئەوەیە کە چۆن «پیشەییبوون» پلاتفۆرمە گشتیەکانمان لە قاڵب دەدات. زۆربەمان دەزانین کە خاوەنکارانی ئێستا و داهاتوومان پێدەچێت پێداچوونەوە بەو شتانەدا بکەن کە لە تویتەر، فەیسبووک و ئینستاگرام بڵاومان کردۆتەوە. ئەم هەموو زانیارییە لەلایەن خاوەنکار کارێکی قورس و هەندێک جار ترسناکە، بەڵام بەو واتایەیە کە هەر شتێک لە پۆستە گشتیەکانماندا دایدەنێین، پێدەچێت کە دەستکاریکراو، ڕازێنراوە بێت؛ بەوەوە وا دەردەکەوین جڵەوگیرین و متمانە بەخۆبوو و دڵنیاین. کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانمان هەتادێت بەهۆی چاوەڕوانییەکانی کۆمپانیاکانەوە مەرجدار دەکرێن.[b] بەڵام کاتێک تووشی ئازارەکان دەبین، لەبیرمان دەچێت کە سۆشیال میدیا داوامان لێدەکات بە شێوەیەکی یەک ڕەهەندی خۆمان پیشان بدەین و بە وردی پێشبینیکردنی خۆمان. پاشان خۆمان بە خەمبارییەوە دەچینە سەر سۆشیال میدیا بۆ ئەوەی پشتڕاستی بکەینەوە کە ژیانمان چەندە ترسناکە بە بەراورد لەگەڵ کەسانی دیکەی هاوشانمان!

بە واتایەکی دیکە، کاتێک خەمەکانمان درێژە دەکێشن ترسی لەدەستدان فێڵێکی هزری هەڵخەڵەتێنەرە. کاتێک تووشی هەستکردن بە ئازار یان ناخۆشی دەبین، ڕوو لە مۆبایلەکانمان دەکەین؛ وە بە ڕووکردنە مۆبایلەکانمان، ئازارەکە توندتر دەکەین، قەشە مات چاندلەر، کە یەکێکە لە ڕزگاربووانی شێرپەنجەی مێشک ڕوونی دەکاتەوە. بیهێنە

a Cited in Joshua Rogers, “Five Questions With Author Andy Crouch,” Boundless, boundless. org (June 15, 2015).

b See Donna Freitas, The Happiness Effect: How Social Media Is Driving a Generation to Appear Perfect at Any Cost (New York: Oxford University Press, 2017), and Ariane Ollier-Malaterre, Nancy P. Rothbard, and Justin M. Berg, “When Worlds Collide in Cyberspace: How Boundary Work in Online Social Networks Impacts Professional Relationships,” Academy of Management Review (Jan. 2, 2013).

بەرچـاوت کەسـێک بەرگـەی ئازارێکـی درێژخایـەن یـان خەمۆکـی بگرێـت، لـە ماڵـەوە بـە بیجامەکەیەوە دابنیشـتبێت. "تـۆ دەخزێتـە سـەر جێگاکـەت، وە مۆبایلەکەت لەدەسـت دەگریت. دەسـت دەکەیـت بـە سـکڕۆڵکردنی ئەکاونتـی ئینسـتاگرامەکەت. لێـرەدا ئـەوەی دەیدۆزیتـەوە: هاوسـەرگیری هەمـووان زۆر نایـاب و سـەرنجڕاکێشـە. منداڵەکانیـان سەرنجڕاکێشـن. هەمـووان پـارە دەژمێـرن. بـە هیـچ شـێوەیەک ململانێیـان نییـە. ئـازار نییـە. خـەم و پـەژارە نییـە. وە لێرەدا تـۆ لـە ئەزموونەکەتدایـت. تـۆ گاڵۆنێکـی تـەواو ئایسـکرێمت خـوارد بـەدەم تەماشـاکردنی زنجیرەیـەک لـە نێتفلێکـس (Netflix). دەسـت دەکەیـت بـە بێـزاری لێیـان. تووڕەییـت لـە بەرامبەریـان گەشـە دەکات. "بەڕاسـتی؟ ئـەی مـن پـەروەردگار؟ مـن بەرگـەی ئـەم ئەزموونـە دەگـرم؟ چـی دەربـارەی ئـەوان؟ لـە ئەزموونەکەتـدا، دڵـە فێڵبـاز و خراپەکارەکـەت ئاشـکرا دەبێـت، وە بەراوردکـردن ئەوەیـە کـە چـۆن ڕاسـتەوخۆ یارییەکـە دەسـتپێدەکات.»[a]

## ئیرەیی ترسی لەدەستدان

بەراوردکردنـی خۆمـان بـە کەسـانی دیکـە خراپەیەکـی کۆمەڵایەتییـە کـە لەنێـو هاوشـانە کۆمەڵایەتـی و ئابوورییـەکان گەشـە دەکات. لەنێـو ئـەم جـۆرە هاوشـانانەدا، ئیرەیـی تەنهـا بـۆ ئـەوە نییـە کـە ئەوانـی دیکـە هەیانـە، بەڵکـو ئەوەیـە کـە حـەز بـەو شـتە بکەیـن چونکـە ئـەوان هەیانـە. یـان دەکرێـت لـەو ئـارەزووەدا دەربکەوێـت کـە ئـەوان ئـەو شـتەیان نییـە کـە مـن ناتوانـم هەمبێـت. ئـەم گوناهـە بـە فێڵبازانـە ئامانجـی لەناوبردنـی کاڵا و بەخششـەکانی ئەوانـی دیکەیـە لـە ژێـر ڕۆشـنایی زەرەر و نەبوونـی نیـازی خۆمـدا.

بـە واتایەکـی دیکـە، هـەروەک بـراد لیتلجـۆن دەنووسـێت، ئیرەیـی لـە ڕێـگای نیشـانە بەرجەسـتەکانی بەراوردکارییـەوە گەشـە دەکات. ئێمـە ئیرەیـی دەبەیـن بـۆ جیهانـی سـۆشیال میدیـا لـە مۆبایلەکانمانـدا، لەوێـدا دەتوانیـن "بـە ئاسـانی خشـتەی ئـەوە دابنێیـن کـە چەنـد "لایـک"، چەنـد سـەرنج "کۆمێنـت"، چەنـد "دڵخـواز"، چەنـد هاوبەشـکردن "ڕیتویـت" یـان "ڕیپیـن"ی وەرگیـراوە لـە حاڵەتـی هاوڕێکەمـان / وێنەکـەی / تویتەکەی / پۆسـت، لـە بەرامبەر ئـەوەی پۆسـتی ئێمـە چەنـدی وەرگرتـووە. سـەبارەت بـە دڵێکـی ئیرەییبـەر، هـەر یەکێـک لـەم ئایکۆنـە بچووکانـەی پەسـەندکردن، تیخێکـی سـوورکراوە و گەرمـە، ئاگـری سـووتاوی تاڵـی و ئیرەیـی دەسـووتێنێت. دڵـی ئیرەییبـەر بـە شـێوەیەکی ماسـۆخیزمانە[b] هـەر بیرهاتنەوەیەکـی ئازاربەخشـی سـەرکەوتنی ئەوانـی دیکـە هەڵدەگرێـت و خشـتەی بـۆ دادەنێـت و پرۆڤەیـان

a Matt Chandler, sermon, "James: Trials/Temptations," The Village Church, thevillagechurch .net (Feb. 15, 2015).

b ماسـۆخیزم: تێکچوونێکـی دەروونییـە کـە هاوتایـە لەگـەڵ تێکچوونـی سادیسـتی، خواسـتی ملکەچییـە بـۆ شـەڕانگێزی سادیسـت. وشـەکە لـە نـاوی نووسـەرێکی نەمسـایی بـە نـاوی لیۆپۆڵـد زاکـەر ماسـۆخ (١٨٣٦-١٨٩٥) وەرگیـراوە -وەرگێـڕ.

دەکات، هەتا ئەوەی وا دەردەکەوێت هەموو جیهان لە دژی ئەو پیلانگێڕی دەکات.“[a]
ڕەنگە ئەوە نموونەیەکی توندڕەو بێت، بەڵام تەنانەت شێوازەکانی بچووکتر لە ئیرەیی خۆشیمان دەشێوێنێت و لە ژێر قورسایی بەراوردکردندا ژیانمان دەهاڕێت. هاوبەشکردن (شێر) و لایک و هاوڕێ کەڵەکەبووەکان شوێنێکی بەرگە نەگیراومان پێشکەش دەکەن بۆ بەراوردکردن. ڕەنگە دوور نەبێت بڵێین ”فەیسبووک سی ئێن ئێنی ئیرەییە، جۆرێکە لە خولی هەواڵەکانی بەدرێژایی کاتژمێرەکانی تەواوی هەفتە (٧/٢٤)، کێ باشە و کێ باش نییە، کێ بەرزە و کێ لە خوارەوەیە.“[b] لە ڕاستیدا، سۆشیال میدیا دەبێتە ئاگرخۆشکەرێک کە بەردەوام سووتەمەنی دەخاتە سەر ئاگری ئیرەیی ناخمانەوە.

هەموو ئەم ئیرەییەی کە بە پاڵنەری ترسی لەدەستدان بەڕێوەدەچێت، کە بەهۆی ئازاری کەسییەوە سەریهەڵداوە و بە هاندانی دووپاتکردنەوەی کەسییەوە داگیرساوە، کۆمەڵێک پووشە کە زوو گڕ دەگرێت.

## زێدی ترسی لەدەستدان

ترسی لەدەستدان نە ناوازەیە و نە نوێیە. (FOMO) پێش ئەو ناوە کورتکراوەیە دێت کە لە ساڵی ٢٠٠٤ داڕێژراوە، پێش وایفای کەوتووە، پێش مۆبایلی زیرەک کەوتووە. ترسی لەدەستدان ترسێکی کۆنە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ زۆر پێش ئەوەی دەست بکەین بە بەکارهێنانی پەنجەکانمان بۆ ناردنی نامە بۆ قسە و باسی یەکتر. دەتوانین بڵێین کە ترسی لەدەستدان ترسێکی سەرەتایی مرۆڤە، یەکەم ترس کە لە دڵماندا هاتە ئاراوە کاتێک مار خشا و بە نەرمی باسی دەرفەتێکی کرد بۆ یەک جار و پیشانی دا کە زۆر باشە بۆ ئەوەی لەدەستی نەدەین. گوتی «ئەی حەوا، لە دارە قەدەغەکراوەکە بخۆ، وەک خودات لێدێت.»[c]

ئادەم و حەوا چییان لەوە زیاتر دەوێت ڕزگاربن لەوەی بەدیهێنراو بن، بۆ ئەوەی وەک سەرۆکەکەی خۆیان لێبێت، بۆ پاراستنی سەربەخۆیی خۆیان، بۆ پێناسەکردنی ڕاستییەکانی خۆیان، بۆ ئەوەی ببنە تەواوی زانایی و چێژ وەربگرن لە سەربەخۆیی خۆیان. دەیانتوانی بە بوون بە خودا و پەروەردگار هەموو شکۆیەک بۆ خۆیان بپارێزن! کێ دەتوانێت ئەو دەرفەتە بێ وێنەیە ڕەت بکاتەوە کە لە یەک پارووددا وەک خودای لێبێت؟

ئەم وشانە -ئەم درۆیەی ئەوا- بارگاوی بوون بە بەڵێنێکی خۆش کە زۆر خۆشتر بوو لەوەی ڕاست بێت. قسە ڕازاندنەوەیەکی درۆ بوو. ئەوە هەوڵی شەیتان بوو بۆ لادانی خودا

a Brad Littlejohn, “The Seven Deadly Sins in a Digital Age: V. Envy,” Reformation 21, reforma tion21. org (Dec. 2014).

b Freitas, The Happiness Effect, 39.

c بڕوانە پەیدابوون ٣: ٥.

لەسەر تەختی خودایەتی لە ڕێگای هەڵچنینی وشەکان بۆ یاخیبوونێک لەلایەن هەڵگرانی وێنەی خودا خۆیەوە. بە واتایەکی دیکە ترسی لەدەستدان یەکەم تاکتیکی شەیتان بوو بۆ تێکدانی پەیوەندیمان لەگەڵ خودا، وە کاریگەری هەبوو. وە هێشتاش هەروایە.

لە پشت یەکەمین گوناهەوە ئارەزووی ژیانێکی «جیاواز» هەبوو. هەموومان دەتوانین ژیانێکی باشتر لە ئەندێشەماندا هەبێت، بەڵێ، بە وتەی یەکێک لە ڕۆماننووسەکان، ”هەندێک جار گوێم لە قرچەی ئێسکەکانم دەبێت لە ژێر قورسایی هەموو ئەو ژیانانەی کە ناژیم.“[a] فشاری گوزەرانی تەنها یەک ژیان بەسە، بەڵام کات بدە بە خۆت بۆ بیرکردنەوە لە هەموو ئەو ژیانانەی دیکە کە دەتوانیت بژیت، قورسایی ئەگەرەکان فشارت دەخاتە سەر و ڕاتدەکێشێت بۆ سەرابێکی هەڵهاتن هەروەک چۆن بۆ ئادەم و حەوا کردیان. ئەمە ترسی لەدەستدانە.

بەڵام ترسی لەدەستدان لە ژێر دارێکی قەدەغەکراو لە بەهەشتی عەدەن کۆتایی نەهات. تەنها لەوێوە دەستی پێکرد، ئاگرێک لە دارستانی ترسی لەدەستدان هەڵگیرسا کە لەو کاتەوە هەرگیز لە ئەزموونی مرۆڤایەتیدا نەکوژاوەتەوە. هەموو ڕۆژێک گوناهباران هێشتا بە بەڵێنی پووچی گەیشتن بە هەندێک ئاستی خۆبژێوی کە لە کۆتاییدا خودا ناپێویست دەکات، خۆیان لەناو دەبەن.

ڕۆژانە ڕووبەڕووی ئەو ژیانانە دەبینەوە کە ناتوانین بژین، ئەو ژیانانەی کە تەنها کەسانی دیکە دەتوانن بژین و ئەو ژیانانەی کە خودا بە ئاشکرا لێی قەدەغە کردووین. بە پێداگری لەسەر ئەوەی ئێمەی بەدیهێنراوانی خودا، دەرفەت لەدەست دەدەین، درۆکانی ترسی لەدەستدان ئێمە دەکاتە ئامانجێکی ئاسان بۆ ئەوانەی ڕیکلام دەکەن؛ برینی قەیرانەکانی چارەک و ناوەڕاستی تەمەنمان قووڵتر دەکاتەوە؛ وە ساڵانی تەمەنی پیری زیاتر تێکدەدات، کاتێک ڕاستی ”لەدەستدان“ی کەلتووری زیاتر ڕوون دەبێت.

## ترسی لەدەستدان لە گۆڕدا

یەکێک لە درێژترین وانەکانی بابەتی ترسی لەدەستدان لەلایەن ڕزگارکەرەکەمانەوە لە لۆقا ١٦: ١٩-٣١ گێڕدراوەتەوە، چیرۆکێکە لە جیاوازی نێوان لەدەستدانی هەمیشەیی و شکۆمەندی هەمیشەیی. چیرۆکەکە دەست پێدەکات بە پیاوێکی دەوڵەمەند (کە پێدەچێت هیچ شتێکی کۆمەڵایەتی و دارایی لەدەست نەدات) وە لەعازەر، پیاوێکی هەژار (کە پێدەچێت هەموو شتێک لەدەست بدات بە شێوەیەک ئەندێشە نەکرێت). پێچەوانەییەکەی نێوانیان تەنها کاتییە، چونکە هەردوو پیاو دەمرن و ڕووبەڕووی هەتاهەتایی دەبنەوە.

a Jonathan Safran Foer, Extremely Loud and Incredibly Close (Boston: Mariner Books, 2005), 113.

چیرۆکی پیاوە دەوڵەمەندەکە و لەعازەر چیرۆکێکی گەورەی پێچەوانەبوونەوەی ڕۆڵە. لە کۆتاییدا، پیاوێکی دەوڵەمەندی پێشوو دەبینینەوە (کە هەموو شتێکی لەدەستداوە) وە سواڵکەرێکی پێشوو (کە هەموو شتێکی بەدەستهێناوە). دەوڵەمەندەکەی پێشوو ئێستا وەک سواڵکەرێک ڕووبەڕووی ئازاری هەمیشەیی دەبێتەوە کە داوای دڵۆپێک ئاو دەکات بۆ ساردکردنەوەی ئازاری حوکمدان. سواڵکەرێک ئێستا وەک گوناهبارێکی ڕزگارکراو خۆشییەکی هەمیشەیی دەبینێتەوە کە پەشیمانی و ترسەکانی گۆڕاوە بە خۆشی هەمیشەیی لە ئامادەبوونی خودای قەرەبووکەرەوەدا.

لەم خاڵەدا، پیاوە دەوڵەمەندەکە (ئێستا سواڵکەری هەتاهەتایی) هەموو شتێک لەدەست دەدات، وە ترسی ئەوەی هەیە کە ئازیزەکانیشی هەمان شتیان بەسەربێت (ترسی لەدەستدان). داوای بەپەلەی لە ئیبراهیم ئەوە بوو: لەعازەری سواڵکەر زیندوو بکاتەوە و بینێرێتەوە بۆ جیهان تاوەکو دەربارەی ژیانی هەتاهەتایی بە پێنج برایەکەی بڵێت، تاوەکو ئەوان ببیستن و باوەڕی پێ بهێنن، وە لەم لەدەستدانە هەتاهەتاییە بەدبەختە ڕزگاریان بێت. ئەمە هاواری بێهیوایی پیاوە دەوڵەمەندەکەیە.

عیسا لایەنی ڕەوشتی چیرۆکەکە ئاشکرا دەکات. لە هەر شوێنێک کە وشەی خودا دەکرێتەوە و دەخوێندرێتەوە، وە لەلایەن بیسەرەوە وەردەگیرێت، ترسێکی هەمیشەیی نییە؛ تەنها بەڵێنی قەرەبووی هەمیشەیی هەیە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە لەم ژیانەدا لەدەستیان داوە.

## ترسێکی ڕەوا لە ترسی لەدەستدان

وەک ئەم چیرۆکە ئاماژەی پێدەکات، یەکێک لە ترسەکانی لەدەستدان ڕەوایە و هەموو ترسەکانی دیکەی لەدەستدان لە ژیان کورت دەکاتەوە: ترس لە لەدەستدانی هەمیشەیی. تووڕەیی خودا ڕاستەقینەیە. وە جگە لە مەسیح تەنها لەناوبردنی هەمیشەیی هەیە. ئەو پیاوە دەوڵەمەندەی لە چیرۆکەکەی عیسادا هاتووە، وێنەی گەورەترین کارەساتی ژیانە؛ پیاوێک کە گیرفان و سکی و ژیانی پڕ دەکات لە چێژوەرگرتنی پووچ. درۆ کۆن و پووچەکەی شەیتانی کڕی کە بۆ حەوای کردبوو، ڕێگای گەمژانەی خۆبژێوی و پەراوێزخستنی خودای هەڵبژارد، هەرگیز خودای وەک گەورەترین گەنجینەی خۆی وەرنەگرتبوو. ئەو لە ڕێگای بێهۆشکەری ڕۆچوونە ناو خۆبژێوییەوە هەستی ڕاستی حوکمدانی کپ کردبوو، بۆ هەمیشە خۆی لەناوبرد.

لەم دۆخەی ڕەتکردنەوەی باوەڕ، پیاوە دەوڵەمەندەکە ڕووبەڕووی ئازاری خراپترین جۆری ترسی لەدەستدان بووەوە، لەدەستدانێکی هەتاهەتایی، لەدەستدانی گریان و

چیرەچیڕی ددان. «بۆیە کە بەڵێنی چوونە ناو شوێنی حەسانەوەی خودا هەر ماوە، دەبێ بترسین نەوەک یەکێکتان ئەو بەڵێنەی لەدەست بچێت» (عیبرانییەکان ٤: ١). ترس لە لەدەستدانی ژیانی هەتاهەتایی ئەو ترسەی لەدەستدانە کە شایەنی ئەوەیە بەهۆیەوە خەومان بزڕێت؛ بۆ خۆمان، هاوڕێکانمان، ئەندامانی خێزانەکەمان و دراوسێکانمان.

بەڵام ئەگەر لە مەسیحدا بیت، ئەوا برینی لەدەستدان بۆ هەمیشە لادەبردرێت. ئەو گوناهبارانەی تووشی ترسی لەدەستدان دەبن ئینجیلی عیسای مەسیح لە باوەش دەگرن، ئەویش بەڵێنی لەدەست نەدانی هەمیشەییمان پێدەدات. هەموو ئەوەی لەدەستی دەدەین لە ئەودا دەدۆزرێتەوە. هەموو ئەو شتانەی بیری دەکەین لە ئەودا کورت دەکرێنەوە. قەرەبووی هەتاهەتایی‌مان دەکاتەوە بۆ لەدەستدانی هەر شتێک کە لەم ژیانە ساتەوەختییەدا تووشی دەبین. بیروباوەڕی بەهەشت ئەمە دەسەلمێنێت. بەدیهێنراوی نوێ، قەرەبووی هەموو شتێکە کە لەم ژیانەدا بەهۆی گوناهەوە شکاوە؛ قەرەبووکردنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە لەم جیهانەدا لەدەستی دەدەین؛ گەڕاندنەوەی هەموو ئەو شتانەی کە لە پوختەکانی (feeds) سۆشیال میدیاماندا لەدەستمان دەچێت.

لەعازەر ئەم ڕاستییە پیرۆزە فێربوو: ئاسمان وەڵامی هەمیشەیی خودایە بۆ هەموو ئەوانەی لەم ژیانەدا ترسی لەدەستدانیان هەیە. ئاسمان هەر "لەدەستچوونێک» هەزاران جار بە درێژایی هەتاهەتایی قەربوو دەکاتەوە.[a] بۆیە ئەو دروشمەی پێویستە لەسەر فریودانی سەردەمی دیجیتاڵی دابنرێت ئەم قسانەی پۆڵسی نێردراوە، کەوا کەمێک دەستکاری کراوە: من هەموو بێبەشبوونێکی ڕاستەقینە لە ژیانم، وە هەموو بێبەشبوونێک کە لە ئەندێشەمدا لێی دەترسم، بەبێ نرخی دەزانم لەژێر ڕۆشنایی لەدەست نەدانی بەرزی بەهای ناسینی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ بۆ هەتاهەتایە.[b]

---

a کردار ٣: ٢١.

b بڕوانە فلیپی ٣: ٨.

# ١١

## ئێمە توند و تیژ دەبین بەرامبەر بە یەکتر

چـی بکـەم لـەو پیسییەی کـە لەسـەر تۆیـە؟ ئەمـە پرسـیارێکە کـە هەموومـان لـە شـوێنێکدا ڕووبـەڕووی دەبینەوە.

لـە کاتێـکدا لـە کتێبـی پیـرۆزدا چەندیـن جـار دەربڕینـی «یەکـتر» هاتـووە، بـەڵام هیـچ جارێـک «خۆتـان بـە یەکـتر بـەراورد بکـەن» نەهاتـووە، بـەڵام ئەمـە ئـەو ئاراسـتەیەیە کـە ئێمـە لـە ئینتەرنێـت بـۆی دەچیـن. ئێمـە ڕێـز لـە نـاودارەکان دەگریـن، وە بێڕێـزی بـەو کەسـانە دەکەیـن کـە ناوبانگیـان نییـە. لەگـەڵ ئەوانـەی زۆرتـر لـە ئێمـە دەچـن، ئیرەیـی و توندوتیـژی لـە ناخـمان گەشـە دەکات. ئێمـە لەنێـوان ڕوخسـارەکانی متمانـەی ئینتەرنێتـدا دەژیـن کـە لـە کۆمەڵـە شانۆییە لاوازەکان دەچـن. ئیسـێنا ئۆنیـڵ، ئـەو کچـە مۆدێلـەی پێشـووی ئینسـتاگرام کـە پێشـتر ناسـیمان، دەنووسـێت: "سۆشـیال میدیـا؛ وەک سیسـتەمی ئێسـتای حوکمڕانـی ژمـارە و پـارە؛ ژیانێکـی ڕاسـتەقینە نییـە. ئـەوە تەنهـا وێنـەی داڕێـژراو و کلیپـی دەسـتکاریکراوە کـە لـە بەرامبـەر یەکـتردا ڕیزکـراون. سیسـتەمێکە لەسـەر بنەمای پەسـەندکردنی کۆمەڵایەتـی، بەدڵبوون و ناحـەزی، بەدەسـتهێنانی دیدگایـی کۆمەڵایەتـی، سـەرکەوتن لـە ڕێـگای فۆڵـەوەرەکان. ئـەوە حوکمدانێکـی تـەواو ڕێکخـراوە.»[a]

ئێمـە ڕوو لـە ئینتەرنێـت دەکەیـن بـۆ ئـەوەی یەکـتر بـەراورد بکەیـن. ئێمـە یەکـتر سەرزەنشـت دەکەیـن. ئێمـە ئیرەیـی بـە یەکـتر دەبەیـن. وە کاتێـک زانیـاری خراپـمان لەسـەر یەکـتر دەسـتدەکەوێت، دەکەوینـە نـاو حوکمدانێکـی تـەواو ڕێکخـراو لـە دژی یەکـتر.

وە هەمیشە ئاپێک هەیە بۆ ئەوە.

### ئاپی پیپڵ (PEEPLE)

ئاپـی پیپـڵ دروسـتکراوە، ناوێکـی ترسـناکە، لـە بنەڕەتـدا بـۆ ئـەوە دروسـتکراوە کـە دەرفەتێـک بـە بەکارهێنەرانـی بـدات بـۆ ئـەوەی لـە یـەک بـۆ پێنـج ئەسـتێرە ئـەو کەسـانە هەڵبسـەنگێنن کـە دەیانناسـن؛ هـاوڕێ، هـاوکار و هاوبەشـە ڕۆمانسـیەکانی پێشـوویان. ئێمـە

a Essena O’Neill, “Social Media Addiction and Celebrity Culture,” letsbegamechangers .com (Oct. 30, 2015). This quotation from Essena O’Neill appeared in materials on her website, letsbegamechangers. com, at the time of writing. Prior to publication, that site was taken down. Interested readers can find the quotation by searching letsbegamechangers .com through web .archive .org.

باس لە پێداچوونەوەی ڕەخنەگرانە ناکەین بۆ چێشتخانە خراپەکان یان ئەو بەرهەمانە ناکەین کەموکوڕییان هەیە؛ ئێمە باس لە هەڵسەنگاندنی گشتی دەکەین بۆ کەسانی تایبەت.

چ هەڵەیەک لەوەدا هەیە؟ لە ڕاستیدا، زۆر. ڕۆژنامەی واشنتۆن پۆست ئاپی پیپڵی ناوبردووە بە «بە سروشت داگیرکەر»، «بابەتییانە»، «پوخت»، وە سەرچاوەی فشار و دڵەڕاوکێ بۆ "تەنانەت کەسێک کەمترین ئاستی درککردن بە خۆی هەبێت». بەڵکو لەوەش زیاتر، پیپڵ پلاتفۆرمێکی دروستکرد کە هاندەرە بۆ پێشێلکردنی تایبەتمەندی و هەراسانکردن. لانی کەم هەستێکی بەرهەم هێنا "لە هەموو کاتێکدا، لەژێر چاودێری و حوکمدان دایت، بە نیگایەکی بابەتگەرانە کە تۆ پێی ڕازی نەبوویت."[a]"

بۆیە گەشەپێدەرانی ئاپی پیپڵ گەڕانەوە سەر تەختەی وێنەکێشان و بیریان لە سیاسەت و ڕێکارەکانیان کردەوە بۆ ئەوەی دڵنیابن لەوەی کە ماڵپەڕەکە زیاتر بۆ بەرزکردنەوەی کەسانی باش کاردەکات نەک سووکایەتیکردن بە خراپەکاران. هەڵسەنگاندنەکانی پلاتفۆرمەکان هەمیشە بەرەو وێرانکەری دەڕوات، وەک ئەوەی ئێمە بە غەریزە ئەوە دەزانین.

لەپاڵ ئاپەکانی وەک پیپڵ، مۆبایلەکانمان چەندین پەنجەرە بۆ ئەم ڕاستیە سەختە دابین دەکەن. سەرنجی خۆبەزلزانانە لەسەر بابەتەکان دەبینین. ئێمە لە فەیسبووکدا لێدوانی ڕوونی گاڵتەجاڕێ و حوکمدەرانە دەبینین. لە تویتەردا جموجۆڵی شەڕ دەبینین. لە پۆستەکانی بلۆگدا تۆمەت دەبینین سەبارەت بە ڕابەرانی کڵێسای ئینجیلی. گرنگ نییە شەڕ و پێکدادانەکان لە کوێوە دەست پێبکەن، بەڵام بەڵگەی شەڕێکی بێکۆتایین (وە بەبێ خۆشەویستین). ئینجا خۆمان لە پەراوێزدا ببینین یان لە هێڵی پێشەوەی ئەم مشتومڕانەدا، ڕووبەڕووی پرسیارێکی گرنگ دەبینەوە: چۆن دەبێت مامەڵە لەگەڵ گوناه و لاوازییەکانی کەسانی دەوروبەرماندا بکەین؟

سوپاس بۆ خوا، سیناریۆی ئەمە لە مەتا ١٨: ١٥-٢٠ نووسراوە، وە ڕوونە: ئەگەر خوشک یان براکەت خراپەی لەگەڵ کردیت، بڕۆ بە تەنها لەنێوان خۆت و خۆی گلەیی لێ بکە. ئەگەر گوێی لێگرتی و تۆبەی کرد، ئەوا لەبەرچاوی خودا بەدەستهێنانەوەی براکەت ناوازە دەبێت، وە ئاشتەوایی دەبێت. خۆ ئەگەر گوێی نەگرت و تۆبەی نەکرد، یەک یان دوو کەس لەگەڵ خۆت ببە، تاکو ﴿هەر بابەتێک لەسەر زاری دوو یان سێ شایەت ڕاستییەکەی بسەلمێنرێت.﴾ ئەگەر سوودی نەبوو، بە ڕابەرانی کڵێسا بڵێ، ئینجا لە کۆتاییدا بە تەواوی گەلی کڵێسای ناوخۆیی بڵێ. ئەگەر ئەو کەسەی هەڵەکەی کردووە ڕەتی کردەوە تۆبە بکات، چیتر وەک برایەکی باوەڕدار لە مەسیحدا هەڵسوکەوتی لەگەڵ ناکرێ.

a Caitlin Dewey, "Everyone You Know Will Be Able to Rate You on the Terrifying 'Yelp for People'—Whether You Want Them to or Not," The Washington Post (Sept. 30, 2015).

بەرنامەڕێژییەک هەیە بۆ ئەم تەمبێکردنە، وە لەسەر بنەمای خۆشەویستی برایانە دامەزراوە نەک شەڕی چەتەگەری. بە هەمان شێوە، بەرنامەڕێژییەک هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ڕابەرانەی کڵێسا کە گوناە دەکەن، وە بە شێوازێک دەست پێدەکات بۆ دڵنیایی لە تۆمەتەکان و دواتر داوای ئەوە دەکات کە گوناهەکان بەپێی ڕێوشوێن و کردار و دادبینی لایەنی تایەفی چارەسەر بکرێن.[a] لە هەموو حاڵەتێکدا، کتێبی پیرۆز ڕێنمایی ڕێوشوێنەکە دەکات؛ نەک ئامرازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

## بانگهێشت

کاتێک باس لە ڕووبەڕووبوونەوەی گوناهی هەر باوەڕدارێک یان شوانی کڵێسا دەکرێت لە ژیانماندا، دەبێت ڕێز لە ڕێوشوێنی تایبەتمەندی و کتێبی پیرۆز بگیرێت، تەنانەت کاتێک کە بە هێواشیش بابەتەکە دەکرێتەوە. کلیلی تەواوی پرۆسەکە بانگهێشتە؛ چەند کەسێک کە لە دەوروبەرمان بانگ دەکرێن بۆ چارەسەرکردنی بابەتێکی دیاریکراو.[b] گوناە و کێشەکان دەبێت ڕووبەڕوو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت لەنێوان ئەو کەسەی هەڵەی کردووە لەگەڵ ئەو کەسەی هەڵەی دەرحەق کراوە، لەگەڵ شایەتەکان، هەموو ئەمانە لە ژێر دەسەڵاتی کڵێسای ناوخۆییدا.

بۆ ئێمە کە «بانگهێشت» نەکراوین بۆ ئەم هەڵوێستە (زۆربەی ئێمە)، سیناریۆکەمان داوای ئەوەمان لێدەکات کە هەڵوێستی زۆر دژە کەلتووری دان بەخۆداگرتن بگرینەبەر، باسی ئەو گوناهانە نەکەین کە قسەیان لەسەر دەکرێت.[c] ئێمە گوناهەکان دادەپۆشین، نەک بۆ ئەوەی لە بێدەنگیدا گەشە بکەن، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەوانەی بانگهێشت کراون بۆ دۆخەکە بتوانن لە ژێر ڕۆشنایی وشەی خودا مامەڵە لەگەڵ ئەو گوناهانەدا بکەن. لە ڕاستیدا، وەک لە دەقەکەی کتێبی پیرۆز ڕوونی دەکاتەوە، دەرەنجامەکانی دوو یان سێ باوەڕدار کە بانگهێشت دەکرێن بۆ گرفتێکی دیاریکراو، لەبەرچاوی خودا قورسایی زۆر زیاتریان هەیە لەو دوو سەد یان سێ سەد کەسە لەبەرچاوەی کە پڕن لە توڕەیی و لە کۆمێنتەکانی فەیسبووکدا سووکایەتی بە یەکتر دەکەن.

پێشینەییمان بۆ ڕێزگرتن لە دروستکراوی خودا لێرەدا ڕێگریمان لێدەکات لە ناردنی نامە بۆ هاوڕێکانمان سەبارەت بەو خراپەیەی کە لەسەر کەسانی دیکە دەیزانین. ئەم

---

a یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٩-٢١.

b بانگهێشت خاڵێکی گرنگە کە لەلایەن ئامۆژگارییە داناییەکانی پیوریتان ڕیچارد باکستەرەوە گرنگی پێدراوە و زۆربەی نووسینەکانی باسی ئەم بابەتە دەکەن، بە تایبەتی:
The Practical Works of the Rev. Richard Baxter (London: James Duncan, 1830), 6:386–413.

c پەندەکان ١٠: ١٢؛ ١١: ١٢-١٣؛ ١٧: ٩.

جۆرە خۆجڵەوگیرکردنە هەڕەمەکی نییە، بەڵام شتێکی زۆر پێویستە؛ ئەوەش ئەوەیە کە چۆن شەرەفی نزیکەکانمان و خوشک و براکانمان لە مەسیحدا دەپارێزین.

## لێکدانەوەی هەڵە

لە کۆمەڵگەی مۆبایلی زیرەکدا، سۆشیال میدیا بەردەوام دەبێت وەک ئامرازێکی بەهێز بۆ ئاشکراکردنی ساختەکاری، ڕوخاندنی دیکتاتۆرەکان، ڕیسواکردنی تاوانەکان، تۆمارکردن و ئاشکراکردنی نادادپەروەرییە ڕەگەزییەکان. بۆ باوەڕداران بە مەسیح، ئەم ئامرازانە ئامرازەکانی داکۆکیکردن و دادپەروەری کۆمەڵایەتیمان بۆ دابین دەکەن،[a] لە کاتی پێویستدا، لەو کاتانەدا کە زۆر گرنگە گوناهی بەردەوام و بیروباوەڕی درۆیین ئاشکرا بکەین، ئەگینا دەکرێت لە بێدەنگیدا لە کڵێسا و تایەفەکاندا پەرە بستێنێت. بەڵام ئەوەی لە سەرەتادا وەک هەوڵێکی نایاب دەردەکەوێت بۆ ئاشکراکردنی گوناهی ڕابردوو، زۆرجار زۆر دوورتر دەڕوات و دەبێتە هۆی تۆڵەسەندنەوەیەکی بەکۆمەڵ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە، تەنانەت لەلایەن باوەڕداران بە مەسیحیشەوە.

فریودانێکی زۆر ڕاستەقینە هەیە بۆ ئەوانەی کە بانگهێشت نەکراون بۆ هەڵوێستێکی دیاریکراو کە هەوڵبدەن لە دوورەوە دادوەری لەسەر هەڵوێستەکان بکەن، پێشوەختە دەرەنجامەکان دەربکەن و دواتر لە ئینتەرنێت پشتگیری خۆیان دەرببڕن. بەڵام بڕیاری بەکۆمەڵ و بڵاوکردنەوەی دەرەنجامە بێ بنەماکان لە ئینتەرنێت دەکرێت ناوبانگی باوەڕدارێک بە مەسیح بشێوێنێت. ئەمە کاتێکە کە سیناریۆکە بە شێوەیەکی هەڵە و شەیتانانە دەبێت.

لە سەردەمێکدا کە هەر کەسێک مۆبایلی زیرەکی هەبێت دەتوانێت خراپەی هەر کەسێکی دیکە بڵاو بکاتەوە، دەبێت بزانین کە بڵاوکردنەوەی پەیامی دژایەتی لە ئینتەرنێت، بە مەبەستی وروژاندنی دوژمنایەتی بەبێ هیچ ئارەزوویەکی چارەسەرکردن، ئەوەیە کە جیهان پێی دەڵێت «ناوزڕاندن» و ئەوەی پەیمانی نوێ پێی دەڵێت «بوختانکردن.»[b] شێوازی کرداریی ئەو وشە یۆنانییەی کە لە پەیمانی نوێدا بەکارهاتووە بە

---

a هایدی ئەی کامپبێل و ستیڤن گارنەر، تۆڕی یەزدانناسی: دانوستاندن لەسەر باوەڕ لە کولتوری دیجیتاڵی (Grand Rapids, MI: Baker Academic, ٢٠١٦). پشتگیریکردن بە هاشتاگ (#) دەکرێت ئامرازێکی بەهێز بێت، بەڵام بێ سنوور نییە. بڕوانە (مالکۆم گلادوێل، «گۆڕانکاری بچووک: بۆچی شۆڕش تویت ناکرێت»، نیویۆرکەر (٤ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٠)). لەوەش گرنگتر خوێنبەخشین، کاری خۆبەخشی، یارمەتیدانی دراوسێ، بەسەرکردنەوەی هەتیو و بێوەژنەکانە لە ناخۆشیەکانیاندا (یاقوب ١: ٢٧). بەهای پشتگیریکردن لە سۆشیال میدیا هەرچییەک بێت، دەبێت پەیوەست بین بە پێوەرە باڵاکانی پشتگیریکردن لە مەسیحدا (مەتا ٢٥: ٣١-٤٦).

b بڕوانە دووەم کۆرنسۆس ١٢: ٢٠؛ یەکەم پەترۆس ٢: ١ (καταλαλιά - جوێن یان بوختان)؛ ڕۆما ١: ٣٠ (κατάλαλος، بوختانکەران)؛ یاقوب ٤: ١١؛ یەکەم پەترۆس ٢: ١٢؛ ٣: ١٦ (καταλαλέω – بوختان یان بە خراپە باسکردن).

واتـای وشـەیی «قسـەکردن لـە دژی» دێـت. بوختانەکانـی ئینتەرنێـت بریتیـن لـە بڵاوکردنـەوەی زانیـاری ناڕاسـت و دەنگـۆ لەسـەر کەسـانی دیکـە. بـەڵام بوختانکـردن بەگوێـرەی کتێبـی پیـرۆز بوختانکارییـە بـۆ دەرەنجامەکـەی: بریندارکردنـی ناوبانـگ.

## یاقوب ٤

لـە بەشـێکی کتێبـی پیـرۆز کـە پـڕە لـە دانایـی سـەبارەت بـەوەی کـە چـۆن بـاوەڕداران بـە مەسـیح دەبێـت مامەڵـە لەگـەڵ ئـەو خراپەیـەدا بکـەن کە لەسـەر یەکتر هەیانـە، دەبینیـن بوختان گوناهێکـە کـە «بەهـۆی توندییەکەیـەوە ڕاسـپاردەی مەسـیحیبوونی سـەرەتایی پێشـێل دەکات، سـەرباری ئـەوەش کـە درۆیـە.»[a] ئـەوە کلیلەکەیـە. تیـم کێلـەر و دەیڤیـد پاولیسـۆن بوختـان بـەم شـێوەیە پێناسـە دەکـەن کـە «مـەرج نییـە ڕاپۆرتێکـی سـاختە بێـت، بەڵکـو تەنهـا 'دەربڕینێکـی دژە'. مەبەسـت لێـی بچووککردنـەوەی کەسـێکی دیکەیـە، بـۆ هەڵڕشـتنی سـووکایەتییە پێـی، بـۆ گاڵتەپێکردنـی، ئازاردانـی، شـێواندنی، بـۆ تێکشـکانی. وە دڵخۆشـبوون بـەو گوناهـە.»[b]

بوختـان مشـتومڕێکی گشـتی نییـە لەسـەر بیرۆکـەکان یـان سەرزەنشـتێکی گشـتی نییـە بـۆ فێرکاریـی درۆیـن (دواتـر زیاتـر باسـی ئـەوە دەکەیـن). بـە دڵنیاییـەوە دەتوانیـن لـە بـەردەم خەڵکـدا مشـتومڕ لەسـەر بیرۆکـە و بیروبـاوەڕ بکەیـن، هێنـدەی پاکـی و پارێزبەنـدی بنەماکانمان هەبێـت، بـە ڕوونـی و میهرەبانییـەوە نوێنەرایەتـی بۆچوونـی نەیارەکانمـان بکەیـن.[c] ئـەوەی یاقـوب لـە ٤: ١١-١٢ هۆشـداری لەبارەیـەوە دەدات، "هێرشـکردنە سـەر پاڵنـەر و کەسـایەتی کەسـێک، بـە جۆرێـک ڕێـز و خۆشەویسـتی گوێگـران بـۆ کەسـەکە تێکدەچێـت."[d]

قەشـە ڕ. کێنـت هیـوز لـە سـەرنجەکانیدا لەسـەر یاقـوب ٤: ١١-١٢، کـە زۆر پێـش هاتنـی ئایفـۆن نووسـیویەتی، دەڵێـت: "بـە شـێوەیەکی کەسـی، دەتوانـم بیـر لـە چەنـد ڕاسـپاردەیەک بکەمـەوە کـە پێچەوانـەی ڕێکەوتنـە بـاوە پەسـەندکراوەکان بێـت [مەبەسـتی لـە بوختانکردنـە] زیاتـر لـەمە. زۆربـەی خەڵـک پێیـان وایـە گەیاندنـی زانیـاری نەرێنـی ئەگـەر ڕاسـت بێـت باشـە. ئێمـە تێدەگەیـن کـە درۆکـردن بـێ ڕەوشـتییە. بـەڵام ئایـا تێپەڕاندنـی ڕاسـتی زیانبەخـش بـێ ڕەوشـتییە؟ پێدەچێـت ئەمـە بەرپرسیارێتییەکی ڕەوشـتی بێـت!" هـەر لەبـەر ئەمەشـە پێناسـەی کتێبـی پیـرۆز بـۆ بوختانکـردن دژە لەگـەڵ کەلتـووری نـەوەی مۆبایلـی زیـرەک. هەروەهـا دەڵێـت، «هـەر بـەو لۆژیکـە، پێـی وایـە ڕەخنەگرتـن لـە پشـتی کەسـێکی دیکـەوە کـە بـاش

a On "λαλέω," see Gerhard Kittel, Geoffrey W. Bromiley, and Gerhard Friedrich, eds., Theological Dictionary of the New Testament (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1964), 4:4.

b Tim Keller and David Powlison, "Should You Pass on Bad Reports?" The Gospel Coalition, blogs. thegospelcoalition.org (August 4, 2008).

c بۆ گفتوگۆی زیاتر دەربارەی تایبەتمەندییەکانی گفتوگۆ بە ساکارییەوە، بڕوانە نووسینەکانی جۆن نیوتن لە:
John Newton's principles in Tony Reinke, Newton on the Christian Life: To Live Is Christ (Wheaton, IL: Crossway, 2015).

d Keller and Powlison, "Should You Pass on Bad Reports?"

بێت، بە مەرجێک ڕاست بێت. بە هەمان شێوە، دووزمانی کە ناوبانگ دەزڕێنێت (بێگومان هەرگیز پێی ناگوترێت دووزمانی!) باشە ئەگەر زانیارییەکان ڕاست بن. بەم شێوەیە زۆرێک لە باوەڕداران ڕاستی وەک مۆڵەتێک بەکاردەهێنن بۆ ئەوەی لەخۆڕا ناوبانگی کەسانی دیکە بزڕێنن."[a] ئەوەی بە ناوی «دەرخستنی ڕاستی»یەوە دەکرێت، بە تاکە ئامانجی تێکدانی کەسایەتی کەسێک، دەربڕینێکی بوختانکردنە.

ئەگەر ڕووبەڕوو ئەمە نەبنەوە، ئەوا یاقوب ٤: ١١-١٢ هۆشداریمان پێدەدات، ئەوەی بەدوای دۆزینەوەی هەڵەی خەڵکیدا دەگەڕێت و هەڵە بڵاو دەکاتەوە لە کۆتاییدا پێگەکانیان وەک دادوەری ناپاکن کە لە بەرامبەر سەرووی یاسا دەوەستن. ئەم کەسانە لە بێ ئارامگرین و بە گاڵتەکردنیان بە پێوەر و ڕێکارەکان، دەتوانن خۆیان بنە یاسا، دادوەر و دەستەی ڕاوێژکاران بۆ ئەوەی تاوانامەی خۆیان دەرببڕن و سزاکە واژوو بکەن لە دژی ئەو کەسەی سەرپێچی کردووە. ئەم پاڵنەرانە ئاژاوەی ئەو کەسانە ڕادەکێشن کە دەتوانن بە خێرایی شەرمەزاری بەکۆمەڵ لە ئینتەرنێت کەڵەکە بکەن. کرداری ئاشکراکردنی خراپەی کەسێک بە دەگمەن لە ڕاگەیاندنی گەندەڵی و ئاشکراکردنی دەوستێت، بەڵکو بە شێوەیەکی گشتی و تەواو سروشتییەوە دەچێتە ناو تۆڵەسەندنەوەیەکی بە کۆمەڵ کە تووڕەیی بەکۆمەڵ لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە بەکاردەهێنێت بۆ بینینی زیانێکی بەڵگەنامەیی کە دەگاتە ئەستۆی ئەو کەسەی هەڵەی کردووە.

بەڵام خودا ڕێگری دەکات لەوەی برینندارەکان، برینندار بن. بۆ ئەم مەبەستە زۆرجار سیناریۆکەی پێچەوانەیە لەگەڵ تۆوی دانایی ئاسایی، وە هەمیشەش دژی پاڵنەرە جەستەییەکانمان دەبێت. ساکاری بانگهێشتمان دەکات کە لە ناو نەوەیەکی ویکیلیکسدا پەیڕەوی لە سیناریۆیەکی دژە شۆڕش بکەین. لەم سەردەمەی هەڵسەنگاندنی ئەپی پیپڵ، ئاشکراکردنی سەرپێچی، وە ئاشکراکردنی پەردەپۆشکراو، دەقێکی دژە کەلتووریمان پێدراوە کە دەبێت پەیڕەوی بکەین لە کاتێکدا مامەڵە لەگەڵ ئەو خراپەیەدا دەکەین کە لەسەر کەسانی دیکە هەمانە.

## ڕاسپاردەی نۆیەم[b]

بەشی ٤ی نامەی یاقوب لە ڕاستیدا تەنها دووبارە باسکردنەوەی ڕاسپاردەی نۆیەمە،[c] ڕاسپاردەیەکی پێویستە لە دژی درۆکردن لەسەر دراوسێکەمان (نزیکەکەمان) لەناو هۆڵی

---

a R. Kent Hughes, James: Faith That Works, Preaching the Word (Wheaton, IL: Crossway, 1991), 194.

b نۆیەمین ڕاسپاردە لە ڕاسپاردەکانی خودا بۆ گەلی خودا لە ڕێگای موساوە (بە درۆ شایەتی لەسەر کەس مەدەن.) بڕوانە دەرچوون ٢٠ -وەرگێڕ.

c دەرچوون ٢٠: ١٦؛ دواوتار ٥: ٢٠. بۆ چارەسەری تەواو بڕوانە:

John M. Frame, The Doctrine of the Christian Life (A Theology of Lordship) (Phillipsburg, NJ: P&R, 2008), 830–43.

دادگادا، وە لە دەرەوەی هۆڵی دادگا ڕاسپاردەیەکی بوێرانەیە کە داوامان لێدەکات، ”زیاتر مەیلی داپۆشینی کەموکوڕییەکانی دراوسێکەمانمان هەبێت نەک بانگەشەی بۆ بکەین.“[a] وەکو کاتێکسیزمی(شێوازیکی فێرکاری بە پرسیار و وەڵام) گەورەی وێستمینستەر ڕوونی دەکاتەوە، ئەمە بانگەوازێکە بۆ ”ڕێزگرتنی چاکەکارانەی دراوسێکانمان؛ خۆشویستن و ئارەزوو و دڵخۆشی بە ناوبانگی باشیان؛ خەمخۆری و داپۆشینی لاوازییەکانیان؛ بە ئازادی درککردن بە بەخشش و نیعمەتەکانیان، بەرگریکردن لە بێتاوانییان؛ ئامادەیی بۆ وەرگرتنی هەواڵی باش، وە ئامادەنەبوون بۆ دانانان بە هەواڵی خراپ سەبارەت بەوان؛ بێهیواکردنی دووزمانان و درۆزن و بوختانچییەکان.“[b] دیسانەوە، ڕێگریمان لێدەکات لە دەربڕینی پێشبینی دەربارەی پاڵنەر و مەبەستی کەسانی دیکە. داوای وریایی و خۆگرتنێکی زۆر دەکات بەرامبەر بە خراپەی نزیکەکانمان لە ئینتەرنێت.[c]

خودا دەیەوێت ئێمە ڕێککاری تایبەتمان هەبێت بە داپۆشینی گوناهەکانی کەسانی دیکە بە خۆشەویستی،[d] بە جۆرێک بوارێکیان پێدەدەین بۆ تەمبێکردن (لە کاتی پێویستدا) و بۆ تەوبەکردنی کەسی.[e] ئێمە دان بە کاری ڕۆحی پیرۆزدا دەنێین کە زۆرجار نەبینراوە و لە جیهاندا نابینرێت بۆ سەرزەنشتی گوناه. بەم شێوەیە ئێمە بە باوەڕ دەڕۆین، دەزانین کە خودا لە ڕۆڵەکانیدا کاردەکات.

بۆ ئەم مەبەستە، بە یارمەتیدەری دەزانم کە زۆرجار دانپێدانانی ڕاشکاوی چارڵز سپێرجیۆن بەبیر بهێنمەوە: ”ئاسانترین کار لە جیهاندا دۆزینەوەی هەڵەیە.“[f] بەڵێ، ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی ئەوەی دەیدۆزینەوە هەرگیز لەوە سادەتر و بەهێزتر نەبوون. «پیاوێکی شەڕانگێز» کە ئارەزووی ئەوە دەکات ململانێ و ئاژاوە هەڵبگیرسێنێت و بیکاتە بڵێسەی ململانێ، بە دڵنیاییەوە ڕێگەی خۆی بۆ سووتەمەنی سۆشیال میدیا دەدۆزێتەوە. قەشە ڕەی ئۆرتلوند هۆشداری دەدات و دەڵێت: ”بە بەکارهێنانی سۆشیال میدیا، ئێستا دەتوانین بە هێزێکی زیاتر لەوەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەبووە زیان بە خەڵک بگەیەنین و شەرمەزاریان بکەین و ناویان بزڕێنین. هەرگیز خۆگرتن لەوە گرنگتر

a Michael Horton, Calvin on the Christian Life: Glorifying and Enjoying God Forever (Wheaton, IL: Crossway, 2014), 178.

bQuestion 144.

c See Thomas Boston, The Whole Works of Thomas Boston, vol. 2, An Illustration of the Doctrines of the Christian Religion, Part 2 (Aberdeen: George and Robert King, 1848), 323.

d پەندەکان ١٠: ١٢؛ ١١: ١٢-١٣؛ ١٧: ٩؛ یەکەم پەترۆس ٤: ٨.

e پەندەکان ٢٨: ١٣؛ یەکەم یۆحەنا ١: ٨-١٠.

f C. H. Spurgeon, The Metropolitan Tabernacle Pulpit Sermons (London: Passmore & Alabaster, 2), 56:408.

نەبووە (لەوەی ئێستا هەیە).[a]" هەریەکەمان دڕندەیەکی نەگریس لە ناخماندا هەیە، بوختانچییەکمان لە ناخدا هەیە؛ بەشێک لە ئێمە دەیەوێت هەندێک نامەی بە خراپەوە بۆ هاوڕێیەکمان بنێرێت، یان لە ئینتەرنێت بڵاوی بکاتەوە، بەشێوەیەکی نەناسراو ئەو خراپەییە لە ئینتەرنێت بڵاو بکاتەوە. "ئەگەر قسەکانی چرپەکەرێک وەک پارووێکی بەتام وایە، ئەوا سەرنجەکانی (کۆمێنت) ئینتەرنێت وەک بوفێیەکی کراوە وایە بۆ هەموو شتێک کە دەتوانیت بیخۆیت.[b]" وە کێ دەتوانێت لە بەرامبەر بۆفیەیەکی کراوە بەرۆژوو بێت؟

سەرسامی خراپەکارمان بە شکستی کەسانی دیکە پێش سۆشیال میدیا هەبووە. دۆزینەوەی هەڵە خولیایەکی کۆنە، ئامانج لێی پشتگیریکردنی ڕووبەرێکی گرنگیدان بە خودە، تەنانەت لەنێو باوەڕداران بە مەسیحیشدا. دۆزینەوەی هەڵە خۆشەویستیمان بۆ کەسانی دیکە لەناو دەبات. دۆزینەوەی هەڵە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی لە گولگۆسا ڕوویدا. لە مەسیحدا، گوناهەکانمان کە بەخشراون دەخرێنە ناو گۆڕەوە؛ بەڵام بوختانچی شەوانە بەردەوام دەبێت بۆ هەڵدانەوەی گوناهەکانی دراوسێکەی بۆ ئەوەی ئەو تاوانە شیبووەوانە ڕابکێشێتەوە بەرەو ناو ڕووناکی گۆڕەپانی شار.[c] هەر لەبەر ئەمەشە، کاتێک ڕیچارد باکستەری پیوریتان پێی وابوو کە بوختان لە کڵێسای سەردەمی خۆیدا گەیشتووەتە ڕێژەی پەتا، ڕووبەڕووی گوناە بۆوە؛ وە باجەکەی دا. "ویژدانم کە منی گەیاندە داب و نەریتی سەرزەنشتکردنی بوختانچییان [ئەوانەی بوختان بڵاو دەکەنەوە]، بە شێوەیەکی ئاسایی لەسەر ئەوە سەرزەنشت دەکرێت، وەک کەسێک کە بەرگری لە گوناە و خراپەکاری دەکات.[d]" ئۆی. لەسەر بەرپرسیارییتی خۆت، ئەوانە سەرزەنشت بکە کە بەدوای هەڵەدا دەگەڕێن.

دەبێت ئازایەتیمان هەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە بوختانەکانی ئینتەرنێت یان وەک بوختان ڕووبەڕووی ببینەوە. دەبێت چاومان هەبێت بۆ ئەوەی لەودیوی ئەو تۆمەتەوە ئەو کونە ببینین کە بێدەنگیمان نەرینێکە ڕێگە بە گوناە دەدات بەبێ جڵەوگیری تێپەڕێت. خودا دەزانێت کە ئێمە خراپەمان دەبێت لەسەر نزیکەکانمان و لەسەر باوەڕدارانی دیکە بە مەسیح، هەر بۆیە لە دەقەکەی کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت چی بکەین. وشەی خودا پێمان دەڵێت کە بوختانکردن هەڵەیە، کارکردن لەسەر بوختان هەڵەیە، هەروەها دروستە ڕووبەڕووی بڵاوبوونەوەی گوناهەکە ببینەوە لە ئینتەرنێت (تەنانەت ئەگەر بوختانیشمان پێ بکرێت بۆ ئەو کارە!).

---

a Ray Ortlund, interview with the author via email (March 1, 2012).

b Sammy Rhodes, This Is Awkward: How Life's Uncomfortable Moments Open the Door to Intimacy and Connection (Nashville: Thomas Nelson, 2016), 196. See Prov. 18:8.

c Baxter, The Practical Works of the Rev. Richard Baxter, 6:408.

d هەمان سەرچاوەی پێشوو. ٦:٣٩٣.

## ئایا دەبێت لە ئینتەرنێت ڕووبەڕووی گوناهی باوەڕدارێک بە مەسیح ببینەوە؟

لـە کاتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ گوناهێکـی کەسـی مەترسـیدار و فێـرکاری درۆییـن، دوو دەقـی جیـاواز لـە کتێبـی پیـرۆزدا دەبینیـن: گوناهـەکان لەنـاو کڵێسـایەکی ناوخۆیـی و داهێنانـی نوێـکاری لـە دەرەوەی کڵێسـایەکی ناوخۆیـی. مـن پێکـەوە باسـیان دەکـەم:

| ◌ | گوناهەکان لەناو کڵێسایەکی ناوخۆییدا* | داهێنانی نوێکاری لە دەرەوەی کڵێسایەکی ناوخۆیی† | ◌ |
|---|---|---|---|
| ◌ | ئەم گوناهانە بریتین لە هەڵەی گەورەی بیروباوەڕ، شکستی گەورەی ڕەوشتی، وە پەرتەوازەیی بەردەوام و لێکترازان لەناو کڵێسای ناوخۆیی، لەنێو گەلی کڵێسا یان ڕابەرانی.‡ | ئەم گوناهانە بریتین لە فێرکاری درۆیین کە بە بەرفراوانی بڵاودەکرێنەوە لە کتێب، بابەتەکانی نووسەرانی دیار، وتاری گشتی، فێرکارییەکانی یەزداناسی، هەڵوێستی تایەفەکان؛ هەڵەکان کە دەگەنە دەرەوەی کڵێسایەکی ناوخۆیی. | ◌ |
| ◌ | بانگەواز بۆ سەرزەنشتکردنی تایبەت. | بانگەواز بۆ سەرزەنشتکردنی گشتی. | ◌ |
| ◌ | کاردانەوە بەو کەسە دەست پێدەکات کە هەڵەی دەرحەق کراوە، پاشان ئەندامانی دیکەی کڵێسا، وە ڕابەرانی کڵێسا، لە کۆتاییدا تەواوی کڵێسای ناوخۆیی (ئەگەر پێویست بوو). | بەدەنگەوەهاتنی لێهاتووانە بۆ فێرکاریی درۆیین ئەرکێکی سەرەکی ڕابەرە شارەزاکانی کڵێسایە، بەڵام لێرەدا پێدەچێت باشترین شت ئەوەیە لەلایەن ئەو ڕابەرانەوە ئەنجام بدرێت کە دەسەڵاتێکی بەرفراوانیان هەیە. | ◌ |
| ◌ | لە کۆتاییدا بڕیار دەدرێت بە بێتاوانکردن، تۆبەکردن، یان سەرزەنشتکردنی لەسەر ئاستی کڵێسا و ڕەنگە دەرکردن. | پێدەچێت لە کۆتاییدا بڕیار بدرێت بە ئاشکراکردنی گشتی. | ◌ |

*. مەتا ١٨: ١٥-٢٠؛ یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٩-٢٠؛ تیتۆس ١:٩.

†. گەلاتیا ٢: ٧-١٤.

‡. D. A. Carson, "Editorial on Abusing Matthew 18," Themelios, themelios.thegospel coalition.org (May 2011).

ئەمانـە سێ پۆلـی ئـەون کـە شایسـتەن بـۆ ئـەو ململانێیـەی لـە مەتـا ١٨ هاتـووە: هەڵـەی گـەورەی بیروبـاوەڕ (یەکـەم تیمۆسـاوس ١: ٢٠)؛ شکسـتی گـەورەی ڕەوشـتی (یەکەم کۆرنسـۆس ٥)؛ وە «پەرتەوازەیـی بـەردەوام و لێکـترازان» (تیتـۆس ٣: ١٠-١١).

سەبارەت بە من، ئەمانە دوو ڕوونترین پۆلی کتێبی پیرۆزن. بەڵام لە سەردەمی سۆشیال میدیادا، کە دەتوانرێت دەنگە دیجیتاڵییەکان بەکۆمەڵ بکرێت، پۆلێکی سێیەم سەرهەڵدەدات؛ پۆلێک کە بەکاردەهێنرێت بۆ ئاشکراکردنی تۆمەتەکانی پەردەپۆشکردنی کڵێسا و سەرزەنشتکردنی ڕابەرە دیارەکانی باوەڕداران بە مەسیح بەهۆی شکستە ڕەوشتییەکانەوە. ئەم پۆلەی سێیەم داوای پێکهاتەی لێپرسینەوەی گشتی دەکات کە دەسەڵاتی کڵێسای ناوخۆیی یان تایەفەیەک بگرێتەوە.

ڕەنگە ئابڕووچوونی گشتی داوای سەرزەنشتی گشتی بکات، وە کتێبی پیرۆز ئەو ڕاستییە بێزارکەرەمان لێ ناشارێتەوە کە شوانی (قەشە) بێ ئابڕوو هەبوون و لە داهاتووشدا دەبن. وە کاتێک بێ ئابڕوویی ڕوودەدات، دەسەڵاتێکی حوکمڕانی دەبێت چالاکانە هەنگاو بنێتە ناوەوە بە لێکۆڵینەوەیەکی لە کاتی خۆیدا و دادپەروەرانە و بێلایەن لەپێناو بێتاوانی یان سزادان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئاکامەکەی.[a] کاتێک بێ ئابڕووییەکە تۆمەتی تاوانکاری لەخۆدەگرێت، دەبێت دەسەڵاتە شارستانییەکان بانگهێشت بکرێن بۆ پاراستن و لێکۆڵینەوە. کڵێسا پێویستی بە ئەنجامدانی پرۆسەی یەکەم هەیە بۆ لەخواترسی و تایبەتمەندی (بە هاوڕێکی لەگەڵ یاقوب ٤). دەبێت ڕێگە بدات پرۆسەی دووەم بە هاوکاری و بەبێ ڕێگریکردن لە ڕاستییەکان بەردەوام بێت (سەبارەت بە ڕاسپاردەی نۆیەم). بەڵام لە جیهانێکی کەوتوو لە گوناهدا، هەردوو ئەم ڕێوشوێنانە کەموکوڕییان تێدایە، هەندێک جاریش کاتێک دەسەڵاتە کڵێساییەکان و شارستانییەکان ئاگادار و بەشدارن، ناتوانرێت ڕێگری بکرێت لە دابەشبوون لەنێوان باوەڕداران بە مەسیح.

ڕەنگە بۆ چەندین ساڵ پرسیارە درێژخایەنەکان و بێزارییە چارەسەرنەکراوەکان لەسەر دۆخێکی لەو جۆرەدا بە هەڵواسراوی بمێننەوە، ئازار و گرژییەک بەجێبهێڵن کە پێویستی بە بەهێزترین شێوەی باوەڕ بێت؛ متمانەی قووڵ بە خواستی خودا و سەروەری ئەو، وە کاتی نموونەیی و بڕیاری داهاتووی.

## ئایا پێویستە من ئەمە لە تویتەر بڵاو بکەمەوە (تویت بکەم)؟

کەواتە ڕۆڵی من لە سۆشیال میدیا چییە کاتێک ئابڕووچوونی کڵێسا سەرهەڵدەدات؟ بە تێگەیشتن لە ئاڵۆزییە بەرفراوانەکانی دۆخەکان،[b] وە زانینی حەزی خۆم بۆ پشتگوێخستن، پێش ئەوەی مۆبایلەکەم لەدەست بگرم، دەبێت بە وریاییەوە لە خۆم بپرسم:

- ئایا ئەوەی دەیکەم پێشێلی یاقوب ٤ یان ڕاسپاردەی نۆیەم دەکات؟

---

a یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٧-٢١.

b For a good summary of the complexities, see Baxter, The Practical Works of the Rev. Richard Baxter, 6:389–90.

- ئایا ئـەوەی دەیکـەم ڕێگـری دەکات لـە پێکهاتەکانـی لێپرسـینەوەی خـودا لـە کڵێسـایەکی ناوخۆییـدا یـان پووچەڵـی دەکات یـان بێڕێـزی دەکات بـە تـەوەری خـاو و وردی تایەفەیـەک کـە پێشـتر لـە دۆخەکـە ئاگادارکراونەتـەوە؟
- بە لەبەرچاوگرتنی نزیکی یان دووریم لە دۆخەکە، ئایا خودا داوای لێکردووم بۆ ئـەوەی تۆمەتـەکان بنووسـم، سـەرنج (کۆمێنـت) بنووسـم، یـان لـە ئینتەرنێـت بڵاوی بکەمـەوە؟
- ئایـا ئـەوەی دەیکـەم یارمەتیـدەر دەبێـت بـۆ ئاشـکراکردنی ئـەو گوناهـە نەبینراوانـەی کـە ئێسـتا هەڕەشـەیەکی چالاکـن، بـۆ ئارامـی کەسـانی دیکـە کـە بـێ ئـاگان؟[a]
- ئایا گەڕانـم بـەدوای هەڵـەکان گریمانـەی لەسـەر پاڵنەرەکانـی کەسێکی دیکە دروسـت کـردووە، بـە شـێوەیەک کوێـری کـردووم لـە ئاست نیعمەتـی خـودا کـە لـە ژیانـی ئـەو کەسـەدا کاردەکات، منـی خستۆتە بارودۆخێکـی خۆبەزلزانیـن بەرامبـەر بەو؟
- ئەگـەر قسـە بکـەم، کاتـی گریمانەکـراوی بڕیاردانـم کەیـە؟ ئایـا گرتنەبـەری ئـەم کارە لەبـەردەم خەڵکـدا دەبێتـە هـۆی گفتوگۆیەکـی گشـتی و کـراوە و چارەسـەرنەکراو، پاشـان گەشـە دەکات بـۆ لێخۆشـنەبوون و تۆڵەسـەندنەوەی دوژمنکارانـە؟
- ئایا دەتوانـم باشـتر خزمـەت بـە کڵێسـا بکـەم لـە ڕێـگای داکۆکیکـردن لـە چارەسـەر و بڕیـارە سـەرەکییەکان بـۆ لاوازییەکـی تایبـەت کـە لـە کڵێسـادا سـەرهەڵدەدات (بـە شـێوەیەکی چالاکانـە) نـەک قسـەکردن لەسـەر کەسـێک یـان دۆخێکـی دیاریکـراو (بـە شـێوەیەکی پاشەکشـەیی)؟

ئاسانکاری سۆشیال میدیا بەو واتایەیە کە دەبێ من بە پەرۆش بم بۆ دورکەوتنەوە لە زێدەڕۆییکردن لەوەی پێشینەیی بە پێکهاتەکانی دەسەڵاتی جیهان بدەم،[b] وە مکوڕبم لەسەر دەسەڵاتی سەروو سروشتی دوو یان سێ باوەڕدار بە مەسیح «پێکەوە» لە دۆخێکدا پشتگوێ نەخەم، بە پەرۆش بم بۆ ئەوەی بە پاڵنەرەی پاک کاربکەم. دەبێت نوێژ بکەم بۆ ئەوەی خودا یارمەتیم بدات لە هەموو بارودۆخێکی ئاڵۆزدا ئاشتیخواز و نەرمونیان و کراوە بم بەڕووی ئەقڵدا، تامەزرۆی پێشکەشکردنی بەزەیی بم، وە بێلایەن بم.[c]

دەکرێت سۆشیال میدیا بەکاربهێنرێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی شێوازە گەورەکانی گوناه و داهێنانە نوێگەرییە گشتیەکان لە باوەڕ، بەڵێ. بەڵام کاتێک باس لەو خراپەیە دەکرێت کە لەسەر یەکتری دەیبینین، دەبێت زۆر بە ورياييەوە بڕۆین. باوەڕداران بە مەسیح،

a ئەفەسۆس ٥: ٨-١٣.
b یەکەم کۆرنسۆس ١: ١٨-٣١.
c یاقوب ٣: ١٧.

لەنێو هەموو خەڵکیدا، دەبێت زۆرترین وریاییان هەبێت کە بەبێ پێویست خراپەی یەکتر نەخەنە بەرچاوی خەڵکی گشتی.

## هەمیشە چاکسازی

هیوادارم کایەی دیجیتاڵی بە تێپەڕبوونی کات ببێتە شوێنێکی مرۆڤانەتر، بەڵام دڵنیام گوناهی غەیبەتکردن بە زوویی وون نابێت؛ لەگەڵ جەستەی گوناهکار هەڵچنراوە، لە دڵی گوناهباردا چەسپاوە کە خێرا بوختان دەکات. دەبێت فێرببین متمانە نەکەین بە کاردانەوەی گوناهباری ناخمان و ڕێز لەو دامەزراوانە بگرین کە خودا لە کڵێسادا دایناوە، وە لە کاتی پێویستدا یاسای شارستانی جێبەجێ بکەین.

کاتێک هەنگاوێک دەگەڕێینەوە دواوە بۆ تەماشاکردنێکی ڕاستگۆیانە لە سەردەمی دیجیتاڵیمان، تێدەگەین کە مۆبایلی زیرەکمان و سۆشیال میدیا یارمەتیدەرن بۆ سووتەمەنی توڕەیی نەوەی ئێمە. زۆربەمان بە وردی دەزانین بەشداریکردن لە بڵاوکردنەوەی بوختان واتای چییە. ئەو هەستەی وەک پەتا بڵاوبۆتەوە توڕەییە؛ وە ئەو چیرۆکەی وەک پەتا بڵاوبۆتەوە ئابڕووچوونە.

بەو پێیەی خودا لە کتێبی پیرۆز ڕێوشوێنێکی گونجاوی داناوە بۆ چارەسەری تۆمەتەکانی ئەنجامدانی گوناه لە ژیانی قەشەکاندا،[a] من پێموایە نابێت سەرمان سوڕبمێنێت کاتێک ناوبەناو قەشەکان یان دۆخێکی ئابڕووبەر لە کڵێساکانماندا سەرهەڵدەدەن. ڕێوشوێنێک بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەمە هەیە، وە هیوادارم زۆر پێویستمان نەبێت بۆ قەشەکان، بە دڵنیاییەوە لە یەک لە دوازدە کەمتر (ڕێژەی شکستی نێردراوانی ڕەسەن). ڕێژە لەسەدابیەکە هەرچەند بێت، پێویستە دڵتەنگ بین، بەڵام سەرمان نەسوڕمێت. کڵێساکان و ڕابەرانی کڵێساکان هەندێک جار گوناهی مەترسیدار دەکەن، وە کاتێک ئەمە دەکەن، کاری گرنگی کۆکردنەوەی ڕاستییەکان، وە ڕەواندنەوەی ئەفسانە، دابڕینی تۆمەتەکان، ڕووبەڕووبوونەوەی گوناهباران، وە گرنگیدان بە قوربانییەکان زۆر گرنگە، وە زۆر ئاڵۆزە، زۆر هەستیارە بۆ ئەوەی «گونجاو» بێت بە تەکنیکەکانی سۆشیال میدیا کاری لەسەر بکرێت. بەڵام هەروەها نابێت پێویستیی ئەم کارە سەرساممان بکات. ئێمە پێویستمان بە یەکترە بۆ یارمەتیدان بۆ ئەوەی خاڵە لاوازەکانی ناخمان بخەینە بەر ڕووناکی، بۆ ئەوەی یارمەتیدەرمان بن بۆ تۆبەکردن لە گوناهەکانمان لە دژی یەکتر، وە پێکەوە نوێژ بکەین بۆ نیعمەتی خودا لە بەدواداچوونی بەردەوامان بۆ پێگەیشتن لە ڕێگەی سەرزەنشتکردنەوە. کڵێسای چاکسازیخواز هەمیشە پێویستی بە چاکسازییە. وە ئەم خۆسەرزەنشتکردنە گرنگە لە کاتێکدا ڕوودەدات کە کڵێسا بەردەوامە لە پاڵنەری خۆی لە نێردراوێتی ئینجیل بۆ جیهان.[b]

---

a یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٧-٢١.
b Karl Barth, Geoffrey William Bromiley, and Thomas F. Torrance, Church Dogmatics, vol. 4, part 3.2, The Doctrine of Reconciliation (London; New York: T&T Clark, 2004), 779–80.

## گەشبینی لە سەردەمی پۆڕنی توندوتیژ

نامـەی یاقـوب ٤ و ڕاسـپاردەی نوێـەم سەرزەنشـتی هەوەسـمان دەکـەن بـۆ «پۆڕنـی توندوتیـژ»؛ هەوەسێکی کەلتوورییـە کـە لەلایـەن کلیکـی بەدواداگـەڕان خۆراکیـان پێدەدرێـت کـە وەک بازرگانـی بەدڕەوشـتی کاردەکـەن بـۆ "پاڵنەرەکانمـان بـۆ حوکمـدان و سـزادان تووڕەییـەک هەڵدەگیرسـێنن کـە پاساوی ڕەوشـتیی هەیـە."[a] لەبـری ئـەوە خـودا دەقێکـی نووسـیوە بـۆ ئـەوەی یارمەتیـمان بـدات ڕێـز لـە یەکتـر بگریـن و یەکترمـان خۆشبوێت و گرنگـی بـە یەکـتر بدەیـن؛ چونکـە ئێمـە گوناهباریـن و یەکـتر شـەرمەزار دەکەیـن و پێویسـتمان بـە یەکـترە. بـە سـاکارییەوە لەبـەردەم خـودا، وە عیسـای مەسـیح، وە فریشـتە هەڵبژێـردراوەکان، ئێمـە ئەرکـمان لەسـەرە کـە خۆمـان ڕابگریـن لـە «حوکمدانـی پێشـوەختە» سـەبارەت بـە بارودۆخـی ڕەوشـتیی یەکـتر؛ ئـەو حوکمانـە کـە زۆرجـار زیاتـر پاڵنەریـان ئەوەیـە لایەنگـری کەسـیمان و ڕۆحـی دەسـتەگەرایەتیمان بـە ئاسـانی دەوروژێـت.[b]

لـەو بارودۆخانـەی کـە ئێمـە بانـگ نەکراویـن بـۆ دەسـتێوەردان، بێدەنـگ دەبیـن. وە لـەو بارودۆخانـەی کـە بانـگ دەکرێیـن بـۆ دەسـتوەردان، دەبێـت قسـە بکەیـن و ڕووبـەڕو ببینـەوە بۆ ئـەوەی گرنگـی بـە تۆبەکـردن بدەیـن لـە چوارچێـوەی تایبەتمەنـدی. لـە هەمـوو بارودۆخەکاندا، لـە هەمـوو کاتێکـدا، وەک نوێنـەری مەسـیح، مکوڕیـن لەسـەر چارەسـەرکردنی ململانێـکان و ئاشـتیخوازی. ئامانجـمان ئەوەیـە «لـە خۆتـان زیاتـر ڕێـز لە یەکـتری بگـرن» (ڕۆما ١٢: ١٠). کاتێـک خۆمـان دەبینینـەوە کـە سـووکایەتیمان پێکـراوە، بەرەکەتداریـان دەکەیـن؛ کاتێـک بوختانمـان پـێ دەکرێـت، نوێـژ دەکەیـن؛ کاتێـک بـە شـێوەیەکی زارەکـی دەچەوسـێندرێینەوە، بەرگـەی دەگریـن.[c] بـە هـەر نرخێـک بێـت، ئێمـە نابێـت وامـان لێبێـت ئاشـت نەبینـەوە. ئێمـە نابـێـت ببینـە ئـەو پیـاو یـان ژنـەی کـە مشـتومڕێک لـە کڵێسـادا هەڵبگیرسـێنین و هیـچ

a Tim Kreider, "Isn't It Outrageous?" The New York Times (July 14, 2009). The phrase "outrage porn" was coined here.

b یەکەم تیمۆساوس ٥: ٢١.

c یەکەم کۆرنسۆس ٤: ١٢-١٣.

نیازێکمان نەبێت بەدوای چارەسەرکردن و ئاشتەوایی بگەڕێین لە کاتی گونجاودا.[a]

لەم جیهانە سەخت و گۆڕاوە، پۆڵس و سیلا سەرنجیان لەسەر نموونەی گەشبینیەکە کە چەقەکەی مەسیحە. بوختانیان بۆ کرا بە تۆمەتێک کە مەبەست لێی لەناوبردنی ناوبانگیان بوو و بە لێدانێکی جەستەیی بە مەبەستی شکانی جەستەیان لێیاندرا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ژوورێکی زینداندا لە تاریکی نیوەشەو و بە ئازاری لێدان دانیشتبوون، دەبینین کە نوێژیان دەکرد و گۆرانی ڕۆحییان بۆ خودا دەگوت.[b]

قەشە مات چاندلەر سەبارەت بە گفتوگۆکانی فەیسبووک دەڵێت: ”کەلتووری ئێمە بەدوای شتێکدا دەگەڕێت کە تووڕە و بێزار و پەستی بکات. ئێمە لەسەر ڕەشبینی گەشە دەکەین. ئێمە دەمانەوێت تەواو ئاگاداری تێکشکانی شتەکان و کەسانی دیکە بین، ئەوەش شتێک دەربارەی ئێمە ئاشکرا دەکات؛ خودا یارمەتیمان بدات. بەڵام لە ژێر ڕۆشنایی ئەمەدا، نابێت باوەڕداران بە مەسیح بە شێوەیەکی بێزارکەر گەشبین بن؟ ماتەم دەگێڕین لەگەڵ ئەوانەی ماتەمدارن. دەگریێن لەگەڵ ئەوانەی دەگرییێن. ئێمە گەلێکین کە بە ئاسانی دڵمان دەشکێت. بەڵام ئاسان نییە تووشی شێتایەتی ببین.» ئەمە ڕاستە چونکە ”خودای ئێمە هەرگیز ناترسێت.» [c] ئەو لەسەر تەختی سەروەری جڵەوگیریدایە.

ڕەنگە ئێمە لە سەردەمی «پۆڕنی توندوتیژ»دا بژین، بەڵام وەک منداڵانی پاشای سەروەر، کە پێشتر سەرکەوتنی مەزنی لە گەردووندا بەدەستهێناوە، هیچ هۆکارێکمان نییە بۆ ڕەشبینی. بەڵکو هەموو هۆکارێکمان هەیە بۆ ئەوەی بە خۆشی و گەشبینانە «پابەند بین بە دەقی کتێبی پیرۆز».

---

a ئاشت نەبوونەوە (ئەسپۆندۆس - ἄσπονδος) گوناهێکە لە ڕۆژانی کۆتایی گەشە دەکات، پۆڵس وا دەڵێت (دووەم تیمۆس ٣: ٣). لە کەسێکدا سەرهەڵدەدات کە ئامادە نییە ئاشت بێتەوە، نایەوێت لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئاشتی هەبێت و ئامادە نییە دانوستان بکات بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی پەیوەست بە لایەنی دووەم. ئەو کەللەڕەقە؛ «ڕازی نابێت» (وەرگێڕانی ESV)، «کەللەڕەق و ئاشت نابێتەوە» (وەرگێڕانی NASB)، وە «لێخۆشنەبوو» (وەرگێڕانی NIV). پۆڵس زاراوەیەکی جەنگی یۆنانی کۆن هەڵدەبژێرێت، لە بنەڕەتدا، بە واتای ڕەتکردنەوەی چوونە ناو پەیماننامەیە، بۆ گرتنەبەری هەڵوێستێک کە تێیدا ڕێگە بە هیچ ئالایەکی ئاگربەست لە نێوان لایەنەکاندا نەدرێت، گوێ لە هیچ مەرجێکی ئاشتەوایی ناگیرێت. لایەنی ئاشتنەبۆوە ڕەتی دەکاتەوە دۆخی شەڕ بگەیەنێتە کۆتاییەکی دادپەروەرانە. تەنانەت لە ڕێگای داخراویش چەکەکەی دانانێت. هەروەک پۆڵس بۆ تیمۆساوس ڕوونی دەکاتەوە، ئەم کەسە نەک هەر بەردەوام دەبێت لە شەڕەکە، بەڵکو بانگەشەی ئەوەش دەکات کە بەپێی باوەڕی بە مەسیح مامەڵە دەکات، پێی وایە کە ئاشت نەبوونەوەی لە ڕووی کتێبی پیرۆزەوە ڕەوایە. ئاوا نییە، بۆیە دەبێت خۆمان لێی بەدوور بگرین، یان پەیوەندیمان لەگەڵی بپچڕێنین، بێدەنگی بکەین، یان هەرچی پێویست بێت بیکەین بۆ ئەوەی لە ئینتەرنێت لێی دوور بکەوینەوە (ئایەتی ٥).

b کردار ١٦: ١٦-٢٥.

c Matt Chandler, sermon, “Who Was Conceived by the Holy Spirit, Born of the Virgin Mary,” The Village Church, thevillagechurch.net (Sept. 13, 2015).

# ١٢

## ئێمە شوێنی خۆمان لە چوارچێوەی کاتدا لەدەست دەدەین

هەرچەندە ئێمە درکی پێ بکەین یان نا، هەموو ساتێکی بەئاگای ژیانمان، پرسیار لە خۆمان دەکەین: دەبێت چی بکەم؟ دەبێت چی بڵێم؟ دەبێت واز لە چی بهێنم؟ دەبێت چی دەست پێبکەم؟ ئێمە لە کات و شوێندا بوونمان هەیە و هەموو ساتێکی ژیانمان بە نرخ ناخەملێندرێت پێش ئەوەی دەستی پێوە بگرین. لە ئێستادا، تۆ کە ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە (من بۆ ئەوە سوپاسگوزارم)، بەڵام لەو کاتەی ئێستا کە تۆ ئەم کتێبە دەخوێنیتەوە من چیتر ناینووسم. وە لە کاتێکدا ئەم ڕستە دەنووسم، ڕەنگە تۆ ئاگادار نەبیت کە من خەریکی نووسینم. بڕیارەکانی ژیانی من لە ڕابردوو و بڕیارەکانی ژیانی تۆ لە ئێستادا لەم ڕستەدا یەکدەگرنەوە. بەم شێوەیە ژیانەکان یەکتر دەبڕن، لە وەبەرهێنانی سات بە ساتدا.

ئێمە هەمووومان بوونەوەرێکین کە خودا دروستی کردووین، بوونەوەرێکی هەتاهەتایین کە کۆتاییمان بۆ هەبوونی هۆشیارمان نییە. من و تۆ بێکۆتایی بوونمان هەیە، بانگهێشتکراوین بۆ ئەوەی بۆ هەمیشە خودا بەو شێوەیە دەربکەوێت کە ڕازیکەرە وەک ئەوەی لە ڕاستیدا وایە (بڕوانە بەشی شەشەم). واتا بەخششی ئەم ساتەوەختەمان پێدراوە بۆ باوەڕ و گوێڕایەڵی و متمانە بە مەسیح.

لەگەڵ ئەوەدا ئێمە لە کەلتوورێکدا دەژین تەکنەلۆژیا بەڕێوەی دەبات، وە ئێمە مەرجدارین کە بە شێوەیەک کاردانەوەی پێچەوانەمان هەبێت بۆ «دوایین هەواڵ» لە نوێکارییەکانماندا (فید) لەبری ئەوەی لە چوارچێوەیەکی تێفکرین و ڕامان ڕابردوومان بە داهاتووی بێکۆتاییمانەوە ببەستینەوە (بڕوانە بەشی ٩). ئەم مۆرە هەڵەیەی کات[a]، دوا ڕێگەیە کە مۆبایلی زیرەک ئێمەی پێ دەگۆڕدرێت. وەک هەوڵدان بۆ ئەوەی سەرنجمان لەسەر دەرکەوتنی وێنەکان بێت لە کاتی تێپەڕین بەناو سۆشیال میدیاکانمان، ئێمە ئەرکی ووردی بەشەکانی ژیان جێبەجێ دەکەین: بەشێکی نوێ لە گفتوگۆیەکی ئیمەیڵدا، بەشێکی نوێ لە گفتوگۆیەکی کورتەنامەدا، بەشێکی نوێ لە گفتوگۆیەکی تویتەردا. لە ڕاوەدوونانی ئەم هەموو بەشە نوێیانەدا، بە سادەیی لەنێو کاتدا جێگەی خۆمان لەدەست دەدەین.

## کاتێک بۆ تویتکردن (بڵاوکردنەوە لە تویتەر)

a مۆری کات: مۆری نووسینی کات و بەروار -وەرگێڕ.

هیچ نەوەیەک لە مێژووی جیهاندا لەم توانایەدا نەبووە پێشوازی لە سەرقاڵکردنەکان بکات لە ژیانی ڕۆژانەدا و زیاتر بە ئاراستەی جیاوازدا ڕابکێشرێن و زیاتر مەیلی پەیوەندیکردنیان هەبێت لە چەندین گفتوگۆی هاوکاتدا. میکانیزمی ١٤٠ کارەکتەری تویتەر بۆ هاوبەشکردنی بیرکردنەوە کورتەکان بووەتە شێوازێکی کەلتووری بۆ ئەوەی کە ئەم کاریگەرییە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا چەندە گەورەتر بووە. بە ڕۆحی سیپارەی ژیرمەندی ٣: ١-٨، بۆ هەموو وەرزێک تویتێک هەیە:

تویتێک بۆ ڕاگەیاندنی لەدایکبوون، هەروەها تویتێک بۆ ڕاگەیاندنی مردن.

تویتێک بۆ ڕەخنەگرتن، وە تویتێک بۆ هاندان.

تویتێک بۆ گریان، وە تویتێک بۆ پێکەنین.

تویتێک بۆ ماتەمینی، وە تویتێک بۆ سەماکردن.

تویتێک بۆ لەباوەشکردن، وە تویتێک بۆ دابڕان لە لەباوەشکردن.

تویتێک بۆ دڕاندن، وە تویتێک بۆ دوورینەوە.

تویتێک بۆ شەڕ، وە تویتێک بۆ ئاشتی.

بۆ ئەوەی بێ واتایە، دڵڕفێنە، خوازراوە؛ هەموو ئەم وەرزانە ئێستا بە توندی پێکەوە کەڵەکە بوون لە خشتەیەکی هێڵیدا لە لستێکی نوێبوونەوەی فید کە کۆتایی نییە. هەموو ئەم بڵاوکراوانە ئاخنراوەتە سەر یەک بۆ ئەوەی لەناو مۆبایلەکانمان جێی ببێتەوە، هەموو ئەم تویتانە لە یەک هەڵدانەوەی لاپەڕەی تویتەر بەرچاومان دەکەوێت. لە ساتێکدا بانگ دەکرێت بۆ ئەوەی بگریێین لەگەڵ ئەوانەی دەگریێن، وە لە ساتێکی دیکەدا دڵخۆش بین لەگەڵ ئەوانەی دڵخۆشن.

ژیانی ئینتەرنێت قامچییەکە لەنێوان خەمێکی قووڵ و خۆشی چاوەڕواننەکراو و پێکەنینی سووک و بیرکردنەوەی قووڵ و میمی گەمژانە. نوێکارییەکانی (فید) سۆشیال میدیامان ئەو شتانەمان پێ دەبەخشن کە هەندێک جار ئاژاوەگێڕانە، هەندێک جار سەرسوڕهێنەرن، هەندێک جار گێژاوە و هەندێکجاریش خەمۆکین. بەڵام ناتەبایی شتێکە کە ئێمە لای خۆمان پێشوازیمان لێکردووە.

پاشا سلێمان بە وردی تێبینی ئەوەی کردووە کە ڕۆحمان دەبێت مامەڵە لەگەڵ فرێدانی هاتن و چوون بکات، چونکە ژیان زنجیرەیەک وەرزی گۆڕانە کە پێویستی بە کاردانەوەی گۆڕاو هەیە. وە خودا ئێمەی بەدیهێناوە بۆ ئەوەی لە یەک کاتدا چەندین هەست هەڵبگرین، وەک خۆشی و خەم.[a]

---

a دووەم کۆرنسۆس ٦: ١٠.

بەڵام لە سەردەمی دیجیتاڵیدا، ئەو وەرزانە زۆر خێرا دێنە سەرمان، لەبەر ئەوەی زۆر زوو تووشمان دەبن و دەڕۆن، بە دەگمەن هەست بە قورسایی هەستەکانمان دەکەین. لە پشت پشتێنەی سەلامەتی شاشەی مۆبایلەکانمانەوە، دەتوانین بە ئاسانی خۆمان بپارێزین "لە بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ئازار و ترس و خۆشییەکانی کەسانی دیکە و ئاڵۆزی ئەزموونە کەسییەکانیان." ئەمەش وامان لێناکات هەست و سۆز سەرکوت بکەین؛ وامان لێدەکات «هەستی ساختە» دەربڕین.[a]

ئێمە لە ڕووی سۆزدارییەوە دوور لە دەربڕینەکانمان گەشە دەکەین. ئێمە بە پەنجەکانمان ڕازی دەبین بە «LOL»[b] یان بە فرمێسکی گریانی ئیمۆجی بۆ دەربڕینی خەمەکانمان چونکە ناتوانین (وە هەرگیز ناتوانین) کات تەرخان بکەین بۆ ئەوەی بەڕاستی فرمێسکی ڕاستەقینەی خەمباری هەڵبڕێژین. ئێمە مۆبایلەکانمان بەکاردەهێنین بۆ فرەکارکردنی ئەرکی هەستەکانمان. لە سەردەمی مۆبایلی زیرەکدا، هەم هەوڵ دەدەین لە هەستەکان ڕابکەین و هەم هەوڵ دەدەین "پێویستیمان بە بەرکەوتن بە دەرمانی سەرنجی هەمیشەیی بەراوەردبکەین."[c] ئەم یەکگرتنە، وامان لێدەکات پێویست بێت بە شێوەیەکی بەرفراوان پەیوەندیمان هەبێت بەڵام لە ڕووی سۆزدارییەوە قووڵ نەبین.

## لەدەستدانی ڕێڕەوی کات

لە بنەڕەتدا لێرەدا گریمانەیەکی بنەڕەتی هەیە سەبارەت بەوەی کە چەند تویت و نوێکاری کەسی و نوێکاری (فید) هەواڵ، لەگەڵ سروشتە تێکشکاوەکانیان، بۆ ئێمە تەندروستن. ئەگەر کاردانەوە سۆزدارییەکانمان کورت بکەینەوە، وە ئەگەر ڕەتیدەکەینەوە ژیانمان خاو بکەینەوە بۆ ئەوەی هەست بە سۆزی دروست بکەین، ئەوا یەک پرسیاری نارەحەت هەیە کە باوەڕدارێک بە مەسیح دەبێت لە کەلتوورێکی سەرگەرمیدا بیکات، پرسیارێک کە لەدوای پرسینی هەرگیز هەست بە دووپاتکردنەوەی زیاتر ناکات: ئایا من سەرپشکم لەوەی لە ڕێگەی ئینتەرنێتەوە خۆراک وەربگرم لە شتە بێ بایەخە تێکشکاوەکان؟ بە واتایەکی دیکە، ئایا مافی ئەوەم هەیە هەموو مانگێک چەندین کاتژمێر بەسەرببەم تەنها بۆ گەڕان بەدوای شتە سەیر و سەمەرەکاندا؟

من ئەو هەستە جیاوازە لە کتێبی پیرۆزدا بەدەست دەهێنم کە وەڵامەکە نەخێرە. من هی خۆم نیم. بەڵکو پەروەردگار خاوەنی منە. من بە نرخێک کڕدراومەتەو، واتا

---

a Pope Francis, "Encyclical Letter, Laudato Si› of the Holy Father Francis on Care for Our Common Home," The Holy See, w2.vatican.va (May 24, 2015).

b «LOL» کورتکراوەیەکە بۆ پێکەنین بە دەنگی بەرز -وەرگێڕ.

c Olivia Laing, The Lonely City: Adventures in the Art of Being Alone (New York: Picador, 2016), 247.

دەبێت بە پەنجە و گوێ و چاو و کاتم مەسیح شکۆمەند بکەم.[a] وە ئەوەش دەمباتە سەر ئەو خاڵەی دەمەوێت بیڵێم: من «کاتم نییە بۆ کوشتن»؛ بەڵکو کاتم هەیە بۆ کڕینەوە و ڕزگاری. لەگەڵ ئەوەشدا، خراپ بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک دەبێتە هۆی ئەوەی کاتژمێرە بەنرخەکان بەفیڕۆ بدەین، نزیکە لەوەی بە سێ شێوازی جیاواز لە شوێنی خۆمان لە کاتی خۆیدا لامانبدات.

یەکەم، لە هەمووی باوتر، ئێمە بە سادەیی کات لەدەست دەدەین. هونەرمەندی ڕاپ و قەشە تریپ لی پێی گوتم: ”دان بەوەدا دەنێم، کات هەبووە سەرم بەرز کردۆتەوە و بینیومە کە پازدە خولەکە تەماشای مۆبایلەکەمم کردووە و کوڕەکەم لەبەردەممدا یاری دەکات، یان بینیومە کە من وەک پێویست گرنگیم بە ژنەکەم نەداوە. کارەکە پێویستی بە مەبەستە، ئەوەش شەڕێکی بەردەوامە بۆ من.“[b] ئێمە لە جیهانی مەجازیدا ون دەبین و لە جیهانی (جەستەیی) گۆشت و خوێنی دەوروبەرمان بێ ئاگا دەبین و هەستمان بە کات لەدەست دەدەین.

دووەم، ئەمە لە سروشتی تەکنەلۆژیایە کە ئێمە لە ڕووی مێژووییەوە دادەبڕێت. لە بنەڕەتدا کرایگ گای دەنووسێت، ”خووی تەکنەلۆژیی لە ڕووی ئەقڵەوە دژە هۆکارگەراییە[c]. هەتا ڕادەیەکی زۆر تامەزرۆ نییە بۆ زانینی چەمکەکانی هۆکارگەرایی کۆتایی یان ئامانجی کۆتایی و لە ڕاستیدا بێتوانایە.“[d] ئامێرە دیجیتاڵییەکانمان ناتوانن ڕابەرایەتیمان بکەن، ناتوانن نەخشەی مێژوومان دابنێن، ناتوانن پێشینەییەکانمان یەکلایی بکەنەوە؛ هەموو ئەم ئامانجانە بە بەراورد لەگەڵ ئێستای داهێناندا بێ بایەخ دەکرێن.

سێیەم، وە لە هەمووی گرنگتر، ئەگەر مۆبایلەکانمان بۆ دۆزینەوەی گوناە بەکاربهێنین، ئەوا خۆمان لە هێڵی کاتی خودا دادەبڕین. لە کتێبی پیرۆزدا، وێرانکاری بتپەرستی لە هیچ شوێنێکدا لەوە زیاتر دیار نییە کە باس لە یادکردنەوە دەکرێت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە بتە کەلتوورییەکان زەقترین دەربڕینی لەبیرکردنی خودان.[e] بتەکان داماندەبڕن لە بیرهێنانەوەی میهرەبانی ڕابردووی خودا و کوێرمان دەکەن لە نیعمەتی داهاتووی. بتپەرستی تەواوی شێوازی بینینی خۆت لەناو ئەو چیرۆکەی کە لەلایەن بەدیهێنەرەوە نووسراوە، چەواشەی دەکات.

---

a یەکەم کۆرنسۆس ٦: ١٩-٢٠.

b Trip Lee, interview with the author via Skype (March 25, 2015).

c هۆکارگەرایی (تێلیۆلۆژیی) بنەمایانەیەکی بیرکردنەوەیە بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەکان لەڕووی ئەو ئامانجەی کە خزمەتی دەکەن نەک ئەو هۆکارەی کە بەهۆیەوە سەرهەڵدەدەن -وەرگێڕ.

d Craig M. Gay, The Way of the (Modern) World: Or, Why It’s Tempting to Live as If God Doesn’t Exist (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1998), 92, emphasis original.

e دەرچوون ٢٠: ٢٢-٢٤؛ زەبوور ١٣٥: ١٣-١٥؛ ئیشایا ٤٤: ١٩-٢٢؛ ٤٦: ٦-٩؛ ٥٧: ١١-١٣؛ یەرمیا ١٤: ٢١-٢٢؛ حزقیێل ١٦: ٢٠-٢٢؛ یونس ٢: ٧-٨؛ یەکەم پەترۆس ٤: ١-٦.

پۆڕنی دیجیتاڵی نموونەیەکی تایبەتە بۆ ئەوەی چۆن سێکس تێکدەشکێت؛ ساتێکی جیاکراوەی هەوەسی بتپەرستانەیە؛ شوناسی مرۆییمان دەشێوێنێت و پەیوەندیمان لەگەڵ مێژوودا دادەبڕێت. مێژوونووس کارل ترومان ڕوونی دەکاتەوە و دەڵێت: ”بەڵێ، بابەتی پۆڕن جەستەی مرۆڤ دەکاتە شتێکی بابەتیی و بە کاڵای دەکات. بەڵێ، ڕێڕەوی دەمارەکان دەگۆڕێت. بەڵێ، ڕێگری دەکات لە پەیوەندییە تەندروستەکان. بەڵام هەروەها تێگەیشتنێک لە خودی مرۆڤ دەچێنێت کە بە قووڵی دادەبڕێت لە چوارچێوەی مێژوویی، لەسەر ئاستی گەردوونی و ئاستی تاک و هەموو خاڵەکانی نێوانیان.“[a] حەزی سێکسی مرۆڤ ڕاستییەکی بەدیهێنراوە، لەلایەن خوداوە داڕێژراوە، مەبەست لێی پێکەوەیی پەیکەری بوونی مرۆڤە، یەکە خێزانییە نوێیەکان دروستدەکات و نەوەکانی داهاتوو بەرهەمبهێنێت. بابەتی پۆڕن سێکس لەم چوارچێوەیەی کە لەپێناوی داهێنراوە و گرنگی مێژووییەکەی دەشێوێنێت.

هەموو ئەم لەبیرکردن و دابڕانە هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەرگیز نابێت واز لە گەڕانەوە بهێنین بۆ شوناسمان لە مەسیحدا. لەودا هێزەکانی گوناە تێکشکاون. ئێمە چیتر پابەند نین بە گوێڕایەڵی هەوەسەکانمان، پابەند نین بە ڕەزامەندی مرۆڤەوە، پابەند نین بەوەی خۆمان بدۆزینەوە لەنێو نمایشی میمەکان کە وەک پەتا بڵاوبوونەتەوە، یان گیرۆدەی ئەو شتانەین کە لە ماڵپەڕی (reddit) هەیە. هەوەسی ئێمە بۆ چێژوەرگرتن و کنجکوڵی نوێی ڕۆژانە لەگەڵ مەسیحدا لە خاچ دراوە و ئیتر ئەوە منی کۆن نییە کە لە ئینتەرنێت دەژیم، بەڵکو مەسیح لە مندا دەژی، وە ئەو ژیانەی ئێستا لە ئینتەرنێت دەژیم بە باوەڕ بە مەسیح دەژیم، کە هێندە ئێمەی خۆشدەوێت تەنانەت خوێنی خۆی لەپێناو ئێمە ڕشت.[b] هەموو ئەمانە خاڵێکی مێژووییان هەیە، چونکە لە مەسیحدا ڕابردوو و ئێستا و داهاتوویەکم هەیە و ئێستا شوناسی خۆم وەک کەسێک دەبینمەوە کە «لە کۆتایی زەمان دەژین» (یەکەم کۆرنسۆس ١٠: ١١) .

## ڕابکە!

خۆر ناوەندی کۆمەڵەی خۆری فیزیکیمانە، بەڵام زەوی ناوەندی گەردوونی ڕۆحییە؛ ئەمەش بەو واتایەیە کە وەک مرۆڤێک، هەبوونێکی ڕەوشتی زیندوو بیت لە کات و شوێندا، بوونی ڕۆحییە لە قۆناغی ناوەندیدا گرنگترین پێشبڕکێ کە لە ئێستادا ڕوودەدات. ناوێرین خۆمان بخەینە ناو سێبەری تەمبەڵییەوە. هەموو چاوەکان لەسەر من و تۆیە. ئەدرینالینی ڕۆحی پەمپ دەبێت. جەماوەرە مەجازییەکەی فۆڵۆوەرەکانی ئینتەرنێت لەبیر

---

a Carl R. Trueman, “Sex Trumps History,” First Things (March 15, 2016).

b گەلاتیا ٢: ٢٠.

بکـە و بیهێنـە بەرچـاوت کـە هەمـوو باوباپیرانـی ڕۆحیـت لـە بـاوەڕدا چاودێریـت دەکـەن. ئەفسانەی سـەردەمی خۆیـان دروسـت کـرد؛ ئێسـتا کاتـی تۆیـە. ئەگـەر چاوەڕێـی ئـەوە بکەیـت یـان نـا، داردەسـتی بـاوەڕ لـە نەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیەکـی دیکـە دەگوازرێتـەوە، ئێسـتا کەوتۆتـە دەسـتی تـۆ.[a] ڕابکـە!

بـە کۆششـەوە ڕابکە. هەمـوو ئـەو شـتانەی کـە سـەرقاڵت دەکـەن فڕێـی بـدە، ژیانـت ئازاد بکە لـەو کـۆت و زنجیرانـەی کـە پاژنـەی پێـت ڕادەکێشـن، وە بـە ئـازادی و خۆشـییەوە ببینـە لـەوەی کـە شـوێن مەسـیح دەکەویـت. ئێسـتا و لێـرەوە، ڕۆح بـێ ماندووبـوون کاردەکات. ئێسـتا و لێـرەوە، سـەرکەوتوویی کاری مەسـیح لـە جیهانـدا دەسـەلمێت. ئێسـتا و لێـرەوە، دەسـەڵات و میرنشـینەکان کـە لـە گولگۆسـا دۆڕاون، بـە یەکێتـی کڵێسـا شکسـتیان دەردەکەوێـت.[b] پێشـبڕکێکە بەردەوامە- پێشـبڕکێی ئێمەیە! یـەک فیشـەکمان هەیـە، یـەک ڕووداومـان هەیـە؛ یـەک ژیـان. دەبێـت ڕزگار بیـن لـە هەمـوو خووێکـی خـراپ و هەمـوو قورساییەکی سـەرقاڵی ناپێویسـت. دەبێـت ڕابکەیـن.

## گفتوگۆی دیجیتاڵی(چات)

کڕینـەوەی کات - وەرگرتنـەوەی هەسـتکردن بـە شـوێنی خۆمـان لـە چوارچێـوەی کاتـدا- لـە کۆتاییـدا پرسـی گفتوگـۆی دیجیتاڵـی دەوروژێنێـت. بـا ڕاسـتگۆ بیـن، زۆربـەی ئـەو کاتـەی لـە مۆبایلەکانمانـدا بەسـەری دەبەیـن بەکاریدەهێنیـن بـۆ هاوبەشـکردنی نوکتـە، وێنـەی جـوڵاو، وێنـەی فۆتۆگرافـی، ڤیدیـۆ، قسـەکردن لەسـەر وەرزش و کەشـوهەوا، گاڵتـە و کات بەسـەربردن لەگـەڵ هـاوڕێ و ئەندامانـی خێزانەکەمـان. «گفتوگـۆی کـورت»ی دیجیتاڵـی بەکارهێنانێکـی بـاوی مۆبایلەکانمانـە، وە گرنگـە بـۆ ئێمـە بـە وردی بیـری لـێ بکەینـەوە.

نموونەیەکـی گەشەسـەندوو لـە گفتوگـۆی دیجیتاڵـی لـە پلاتفۆرمـی سـناپچاتدا هەیـە، کـە ناوێکـە پـڕ بـە پێسـتی. ئـەم پلاتفۆرمـە ئـەو چەشـنە چەقبەسـتووە دەشـکێنێت کـە دەڵێـت سۆشـیال میدیا شـوێنێکە بـۆ کۆکردنـەوەی دەفتەرێـک لـە وێنـەی زۆر دەسـتکاریکراوی ژیانمـان. لەبـری ئـەوە، سـناپچات بـە شـێوەیەک دروسـتکراوە کـە شـوێنێک بـدات بـە وێنـەی خاوتـر، کراوەتـر، ڕاسـتگۆتر، بـێ فلتـەر و دەسـتکارینەکراوتر. سـناپچات بـۆ هاوبەشـکردنی «دەربڕینـی خێـرا» و «سـێڵفی هەڕەمەکـی» دروسـتکراوە، دەرفـەت بـە بەکارهێنـەران دەدات بـە کامێـرا وێنـەی سـاتێک لـە ژیانـی دەسـتبەجێیان بگـرن. وێنـە یـان ڤیدیۆکـە هاوبـەش دەکرێـت و کاتێـک دەکرێتـەوە تەنهـا بـۆ چەنـد چرکەیـەک بوونـی هەیـە. ئاپەکـە بـە شـێوەیەک دروسـتکراوە کـە سـاتێک لـە کاتـدا جیابکاتـەوە، وە لـە مێـژووی فراوانـی ئینتەرنێـت بەکارهێنـەر دابـڕێـت و لـە

a عیبرانییەکان ١٢: ١-٢.

b ئەفەسۆس ٣: ٧--٤: ١٦.

هـەر چوارچێوەیەکـی فراوانـتری ژیـان بیگۆڕێـت بـۆ ئـەوەی بتوانرێـت هاوبـەش بکرێـت و بـە خێرایـی بـۆ هەتاهەتایـە بسـڕدرێتەوە.[a]

سـناپچات گفتوگـۆ دیجیتاڵیەکانمـان گەورەتـر دەکات، بـەڵام یارمەتیدەرمانـە بـۆ بینینـی هێـزی مۆبایلەکانمـان بـۆ ئـەوەی خاڵـی گفتوگـۆی گونجاومـان پێبـدات لەگـەڵ هـاوڕێ و ئەندامانـی خێزانەکەمـان، هێزێکـە لـە گومـان بـەدەرە. خۆشـە لەگـەڵ کەسـانی دیکـەدا بـە چاوخشـاندنێکی خێـرا بـە ژیانمـان و کەمێـک گاڵتەکردنـەوە بەشـدار بیـت، مۆبایلەکانمـان بـە شـێوەیەکی باوەڕپێنەکـراو ئەمـە دابیـن دەکـەن.

ئەلسـتەر ڕۆبەرتـس دەنووسـێت: "ئەپێکـی وەک سـناپچات زۆر گرنگـە بـۆ تێگەیشـتن لـە مۆبایلـی زیرەکـمان. لەکاتێکـدا ڕەنگـە هەندێـک چاوەڕوانیـان کردبێـت کـە ئینتەرنێـت و مۆبایل بـە شـێوەیەکی سـەرەکی بـۆ گەیاندنـی زانیـاری بەکاربهێنرێـت، بـەڵام گرنگـی سـەرەکییان لـە ژیانـی زۆربـەی خەڵکـدا دابینکردنـی پەیوەندییەکانـی "ئامادەبوونـە". زۆرجـار ئینتەرنێـت کەمـتر هەسـت بـە "ڕێـگای سـەرەکی زانیـاری" دەکات و زۆر زیاتـر وەک "گوندێکـی مەجـازی" وایـە، کـە لـە ڕێگـەی هێڵـە پەیوەندییـە تێکـەڵاوە بێشـومارەکانەوە، تێیـدا هەمـووان خەمـی کاروبـاری کەسـانی دیکەیانـە."[b] ئـەوە ڕاسـتە. وە سـەرباری ئـەم دیـاردە نوێیـە هۆشـدارییە کۆنەکـەی عیسـا هەیـە سـەبارەت بـەو وشـانەی کـە ڕۆژانـە لەگـەڵ یەکـتردا دەیڵێیـن: «پێتـان دەڵێـم: ەەر وشـەیەکی پـووچ کـە خەڵـک پێـی دەدوێ، لە ڕۆژی لێپرسـینەوەدا حیسـابی خۆی ەەیـە، چونکـە بە وشـەکانی خۆت بێتـاوان دەکرێیـت، بە وشـەکانی خۆشـت تاوانبـار دەکرێیـت» (مەتـا ١٢: ٣٦-٣٧).

لـەم چوارچێوەیـەدا، وشـەی «پـووچ» بـە واتـای وشـەیی وشـەیەکە "گوتنـی بـێ ئـەوەی هیـچ بیرکردنەوەیـەک هەبێـت لـەو کاریگەرییـەی لەسـەر کەسـانی دیکـە دروسـتی بـکات."[c]

دەبێـت ئامـادە بیـن بـۆ دانانـی سـنوورێک بـۆ گفتوگۆکانمـان بـە کورتەنامـە دیجیتاڵییـەکان لـە قسـەی پـووچ و تویتەکانـی گاڵتەجـاڕی و پۆسـتە پێکەنیناوییەکانـی فەیسـبووک. بـەڵام چـی ئەگـەر گفتوگـۆ لـە مۆبایلـی زیرەکـمان ئامانجێکـی تێدابێـت؟

سـی ئێـس لویـس بـە شـێوەیەکی ترسـناک ڕاسـت بـوو لـە هۆشـدارییەکەی لـەوەی قسـەکانمان پاڵنـەری یەکـترن بـە درێژایـی یەکێـک لـە دوو ڕێـڕەوی هەتاهەتایـی (بەشـی ٥). وە پێشـبینی ئـەو پرسـیارە دەکات کـە مـن کـردم. ئایا هۆشـدارییەکەی عیسـا داوامـان لێـدەکات

a As explained by Snapchat CEO Evan Spiegel, "What Is Snapchat?" YouTube, youtube.com (June 16, 2015).

b Alastair Roberts, "Twitter Is Like Elizabeth Bennet's Meryton," Mere Orthodoxy, mere orthodoxy.com (Aug. 18, 2015), emphases original.

c Leon Morris, The Gospel according to Matthew, The Pillar New Testament Commentary (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1992), 322.

گفتوگۆکەمـان سـنووردار بکەیـن بـۆ کارلێکـی هەتاڕادەیـەک کـورت لـە کاتێکـدا دەبێـت زانیارییـە بنەڕەتییـەکان بگوازینـەوە؟ ئایـا هیـچ بوارێـک هەیـە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ یەکـتردا کاتێکـی خـۆش بەسـەر ببەیـن؟

بەڵـێ! لویـس سـەبارەت بـە پەیوەندییەکانمـان دەڵێـت: ”دەبێـت یـاری بکەیـن. بـەڵام دەبێـت خۆشـییەکانمان لـەو جـۆرە بێـت (وە لـە ڕاسـتیدا خۆشـترین جـۆرە) کـە لەنێـوان کەسانێکدا هەیـە کـە هـەر لـە سـەرەتاوە یەکتریـان بـە تـەواوی وەرگرتـووە؛ نـە چەواشـەکاری، نـە باڵادەسـتی، نـە گریمانـەی پێشـوەخت.“[a] هەرگیـز نابێـت سـەبارەت بـە گونـاه گاڵتـە بکەیـن، گاڵتـەش ناکەیـن بـۆ ئـەوەی خۆمـان هەڵبکێشـین یـان زیـان بـە کەسـانی دیکـە بگەیەنیـن.

دەتوانیـن لێـرەدا هەنگاوێـک زیاتـر ئامۆژگارییەکانـی لویـس وەربگریـن و بزانیـن کـە گاڵتـەی دیجیتاڵـی و قسـەکردن لەگـەڵ یەکـتر دەکرێـت بـە ئامانجێکـی کۆتاییـەوە ئەنجـام بدرێـت. دەیڤیـد پاولیسـۆن، ڕاوێـژکاری کتێبـی پیـرۆز سـەبارەت بـە تـەوەری فراوانـتری گفتوگـۆی کـورت دەڵێـت: ”عیسـا دەفەرموویـت هەمـوو وشـەیەک گرنگـە. تەنانـەت ئەگـەر هـەر بـە شـێوەیەکی ئاسـایی قسـە بکەیـن، لـە کرۆکـی بابەتەکـە ئەوەیـە کـە گفتوگـۆ ڕێگایەکـە بـۆ ئـەوەی مـن یـان لـە دوورەوە بتهێڵمـەوە، یـان دروسـتکردنی پردێکـە لەنێوانمانـدا. گفتوگـۆ دەکرێـت بگوترێـت: ’نامەوێـت بتناسـم، نامەوێـت تـۆش مـن بناسـیت‘، بۆیـە مـن بـە ڕووکەشـی و خێرایـی دەیهێڵمـەوە، وە دواتـر دەتبینمـەوە. یـان، گفتوگـۆ دەکرێـت ڕێگەیـەک بێـت بـۆ ئـەوەی بڵێیـن، ’مـن گرنگیـت پێـدەدەم و حـەز دەکـەم بتناسـم.‘ ڕەنگـە بـە باسـکردنی تۆپـی پـێ دەسـت پـێ بکەیـن، یـان کەشـوهەوا، لـە کاتێکـدا بـەرەو شـوێنێکی ڕاسـتگۆتر دەڕوات. گفتوگۆیەکـی کورتمـان هەیـە لەلایـەن خـوداوە حوکـم دەدرێـت بەهـۆی مەبەسـتە قووڵەکـەی.»[b]

لێـرەدا دانایـی پۆلیسـۆن کلیلەکەیـە: خـودا بەگوێـرەی مەبەسـتی دڵـمان حوکـم لەسـەر گفتوگـۆ دیجیتاڵییـەکان و گفتوگـۆ تایبەتـەکان و تویتـە گشـتییەکانمان دەدات. بۆیـە لـە خـۆم دەپرسـم: ئایـا گفتوگـۆ دیجیتاڵییەکـەم ئامانجـدارە یـان بـێ ئامانجـە؛ بیـری لێکراوەتـەوە یـان بـێ بیرکردنـەوە؛ سـتراتیژییە بـۆ چاکـەی هەمیشـەیی کەسـانی دیکـە یـان بەفیڕۆچـوو لـە خۆدەربڕیـن؟ ئایـا گفتوگـۆ دیجیتاڵییەکانـم ڕەنگدانەوەیـە بـۆ هەمـوو گفتوگۆکانـم لـە ڕێگـەی ئینتەرنێتـەوە، قسـەکانم کەمکردووەتـەوە بـۆ ئـەوەی هیچـی زیاتـر نەبێـت لـە خۆشـی گاڵتەجـاڕی؟

ئەگـەر مۆبایلەکـەم تەنهـا وەک ئامرازێـک بـۆ «دەربڕینـی دەسـتبەجێ»ی ژیانـم بزانـم،

---

a C. S. Lewis, The Weight of Glory: And Other Addresses (New York: HarperOne, 2001), 46.
b David Powlison, email to the author (May 13, 2016). Shared with permission.

ئـەوا بەکارهێنانـی مۆبایلەکـەم بێهودەیـە. دەبێـت لەخـۆم بپرسـم: ئایـا مـن تەمبـەڵ و بێباکانـم لەگـەڵ ڕۆحەکانـدا، بـێ ئـاگام لـە هێـزی وشـە و وێنـە و بەسـتەرەکان لەسـەر کەسـانی دیکـە؟ یـان مـن گفتوگـۆی دیجیتاڵـی خـۆم وەک ڕێگەیـەک بەکاردەهێنـم بـۆ بنیادنانـی کەسـێک (یـان هەندێـک کۆمەڵگـەی ئەلیکترۆنـی) کـە ئامانجێکـی پەیوەندیـی گەورەتـری بنیادنانـی هەبێـت؟ ئـەم پرسـیارانە دیـاری دەکـەن کـە ئایـا دەق و تویـت و وێنەکانـم پارچـەی بـێ بیرکردنـەوەن یان سـتراتیژییەکی ئامانجـدارن بـۆ ئـەوەی ئامـاژە بـە کەسـانی دیکـە بکـەم بـۆ دۆزینـەوەی خۆشـی و واتـا و ئامانجەکانیـان لـە خـودادا. ئەمـە گفتوگـۆی دیجیتاڵییـە کـە ئامانجێکـی مێژوویـی هەیـە (وە هەتاهەتایـی!).

## یەزدانناسی یادکردنەوە (وە لەبیرکردن) لە زەبوورەکاندا

ئێمـە باسـی کات، مێـژوو، دۆزینـەوەی خۆشـی، واتـا و ئامانجـمان لـە خـودادا دەکەیـن؛ یارمەتیدانـی کەسـانی دیکـە بـۆ ئـەم ئامانجانـە نـەک تەنهـا ئامانجـی ژیانـی بـاوەڕ بـە مەسـیح، بەڵکـو یەکێکـە لـە ئامانجـە زۆر گرنگەکانـی ڕێککاریـی (مەشـقی) ڕۆحـی.

زەبـوورەکان زیاتـر لـە هـەر سـیپارەیەکی دیکـەی کتێبـی پیـرۆز فێرکـردن دەکەن سـەبارەت بـە ڕێـککاری ڕۆحـی وەک ئامرازێکـی بەبیرهێنانـەوە (وە مەترسییە ڕۆحییەکانـی لەبیرکـردن). زەبوورەکانـی ٤٢ و ٧٧ وەک ڕووناکـی وان بـۆ ڕۆشـنکردنەوەی میهرەبانییەکانـی خـودا لـە ڕابـردوو لـە کاتێکـدا ئێسـتامان تاریـک دەردەکەوێـت. کاتێـک ئـازار دێتـە نـاو ژیانمانـەوە و هەسـت بـە ئـازاری ئـەم دونیایـە دەکەیـن، سـوود لـە دڵسـۆزی خـودا وەردەگریـن. زەبـووری ٧٨ بانگەوازێکـە کـە هەمـوو نەوەیەکـی داهاتـووی بـاوەڕداران فێـری ئـەوە بکرێـن چاکـەی خـودا لەبیـر نەکـەن، بـەڵام هەروەهـا هۆشـدارییەکە کـە نابێـت هێنـدە گیـرۆدەی سـەرقاڵکردنی ژیـان بـن بـە ڕادەیـەک کارە بەهێزەکانـی خـودا لەبیـر بکـەن. هەروەهـا بیرهێنانـەوە تـەوەری زەبـووری ١٠٥ ــە کـە گەشـبینترە.

لـە لایەکـی دیکـەوە، داوا لـە گەلـی خـودا دەکرێـت کـە لەبیریـان بێـت لـە زەبـوور ٧٤، زەبـووری ٩ دڵنیامـان دەکاتـەوە کـە خـودا لەبیرمـان نـاکات.

بـە درێژایـی پەیمانـی کـۆن، بـاوەڕداران تەنهـا لـە یادکردنـەوەی خـودادا هێـز و ئاشـتی دەدۆزنـەوە. «هەندێـک شـانازی بە گالیسـکە دەکـەن و ەەندێـک بە ئەسـپ، بـەڵام ئێمـە شـانازی بە نـاوی یەزدانـی پەروەردگارمـان دەکەیـن» (زەبـوری ٢٠: ٧).

ڕێککارییەکی ڕۆحییە بۆ یادکردنەوەی کردەوەکانی ڕزگاریی خودا.

ئـەی گیانـی مـن، ستایشـی یـەزدان بکـە، هەمـوو ناخیشـم ستایشـی نـاوی پـیرۆزی بکە .

ئەی گیانی من، ستایشی یەزدان بکە، هیچ چاکەیەکی لەبیر مەکە:
ئەوەی لە هەموو گوناهێکت خۆشدەبێت، لە هەموو نەخۆشییەک چاکت دەکاتەوە،
ئەوەی ژیانت لە گۆڕ دەکڕێتەوە، خۆشەویستی نەگۆڕ و بەزەیی دەکاتە تاجی سەرت،
ئـەوەی تەمەنـت تێـر دەکات بـە چاکـە، تاکـو گەنجییەتیـت وەک هەڵـۆ نـوێ ببێتـەوە. (زەبـوری ١٠٣: ١-٥)

ئێمـە وشـەی بەهـاداری خـودا پشـتگوێ ناخەیـن، چونکـە پێـی خۆشـحاڵین و بـە بەهـاداری دەزانیـن.[a] ئێمـە کارە بەهێزەکانـی خـودا لـە کۆنـدا وەک نەریتێکـی ڕەسـەن لەبیرمانـە و ئـەم مەشـقەش ئـارەزووی ڕۆحـمان دەوروژێنێـت بـۆ تامکردنـی زیاتـری جوانییـە بەهادارەکانـی خـودا.[b]

یادکردنــەوەی خــودا بریتییــە لــە ڕازیکردنــی ڕۆح و دووبــارە پێوانەکردنــی تێڕوانینــی بــەردەوام گۆڕاومــان بــۆ ڕاســتی. بــەڵام لەبیرکردنــی خــودا، هەڵگەڕانەوەیــە لــە خــودا. ئــەم پەتایــە ڕۆحییــەی لەبیرچوونــەوە، لەبیرچونــەوەی جەســتەیی یــان خەمۆکــی دەروونــی نییــە. بەڵکــو لەبیرکردنــی ڕۆحــی گوناهــە، گوناهێــک کــە گەنجــان[c] تووشــی ئــازار دەکات و هەمــوو چینێکــی دانیشــتووان دەگرێتــەوە.

## یەزدانناسی یادکردنەوە (وە لەبیرکردن) لە پەیمانی نوێدا

مەشـکردنی (ئامـرازی ڕێـککاری) یادکردنـەوە بـۆ نـاو پەیمانـی نـوێ درێـژە دەکێشـێت. پێدەچێـت هەمـوو ڕەهەندێکـی ژیانـی بـاوەڕدار بـە مەسـیح بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان بـە ڕاسـپاردەی بیرهێنانـەوە پێناسـە بکرێـت. بـۆ نموونـە:

- ئێمـە جەسـتە و خوێنـی مەسـیحمان لەبیـرە کاتێـک لـە خوانـی پـەروەردگاردا نـان دەشـکێنین و لـە جامەکـە دەخۆینـەوە، هەمـوو ئەمانـە دەکەیـن، «بـۆ یادکردنـەوە».
- ئێمـە تـەواوی توانـا و تـەواوی چاکـە و تـەواوی ئامادەبوونـی عیسـا مەسـیحمان لەبیرە، کـە بـۆ جێبەجێکردنـی ئەرکـە گەورەکەمان پێویسـتە.
- ئێمـە مێـژووی گوناهـە تاریکەکانـمـان لەبیـرە بـۆ ئـەوەی جوانـی نیعمەتـی مەسـیح بدرەوشـێتەوە بـۆ لێخۆشـبوونی ئێسـتامان (وە داهاتوومـان).
- ئێمە ژنی لووتمان لەبیرە، چاومان لەسەر بتە بێ بەهاکانی ئەم ژیانە لادەبەین.
- ئێمـە مێـژووی دوورودرێـژی چەوسانەوەی سـەر گەلـی خودامـان لەبیـرە بـۆ ئـەوەی

a زەبوور ١١٩: ١٦.
b زەبوور ١٤٣: ٥-٦.
c ژیرمەندی ١٢: ١-٨.

بەبیرمان بێتەوە کە ئەو گرژیانەی لە کەلتووری خۆماندا هەستی پێدەکەین نامۆ نین.

- ئێمە ئەو نیعمەتانەمان لەبیرە کە کاردەکات لە نزیکترین خوشک و براکانماندا بۆ ئەوەی لەپێناویان سوپاسی خودا بکەین.
- ئێمە پێویستییەکانی خوشک و برا نزیکەکانمان لەبیرە بۆ ئەوەی بەڕاستی لەپێناویان نوێژ بکەین.
- ئێمە پێداویستییە جەستەییەکانی دوورترین خوشک و برا باوەڕدارەکانی سەر زەویمان لەبیرە بۆ ئەوەی بتوانین لە دوورەوە گرنگییان پێبدەین.
- ئێمە لەبیرمانە کە خودا تەمبێمان دەکات چونکە ئێمەی خۆشدەوێت، وە بۆ ئەوەی بتوانین لە نیعمەت و خۆبەزلزانین و خۆشیدا گەشە بکەین.

کتێبی پیرۆز پێمان دەڵێت کە خودا نادادپەروەر نییە بۆ ئەوەی کارەکانمان و نیشاندانی خۆشەویستیمان لە خزمەتکردنی کەسە پیرۆزەکاندا لەبیر بکات،[a] هەروەها هەروەک لە مەسیحدا ئیتر گوناهەکانمان لەبیر دەکات.[b]

ئەوەی لە پەیمانی کۆن هەیە لە پەیمانی نوێشدا پەیڕەو دەبێت. خودا دەیەوێت ئەو سیناریۆیەمان لەبیر بێت کە بۆ ژیانمانی نووسیوە، بە تایبەتی کردەوەکانی ئەو بۆ ڕزگاری.[c] ئەمەش لەبەر ئەوەیە کە مەسیح کاتی دەستپێکرد،[d] ئێستا کات دەپارێزێت[e] و دەسەڵاتی سەروەری هەیە کە ئەو ڕووداوانە بکاتەوە کە کات کۆتایی پێدەهێنێت.[f] لە هەموو ساتێکی مێژوودا، مەسیح باسی خۆی دەکات و دەڵێت: «من ئەلف و یێم، یەکەمین و دواهەمینم، سەرەتا و کۆتاییم» (ئاشکراکردن ٢٢: ١٣). ئەو پارێزەری هەموو سەردەم و مێژووە، بە تەنها ئەو مێژووی هەتاهەتایی دەپارێزێت.[g]

## هەرگیز لەبیری مەکە

هەرچییەکی دیکە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا لە یارییەکەدا بێت، باوەڕداران بە مەسیح بەردەوام و بەردەوام فەرمانیان پێدەکرێت کە لەبیریان بێت. نابێت ڕابردوو و داهاتوومان

---

a عیبرانییەکان ٦: ١٠.
b عیبرانییەکان ٨: ١٢؛ ١٠: ١٧.
c ئەفەسۆس ٢: ١١-١٣.
d ئاشکراکردن ٤: ١١.
e عیبرانییەکان ١: ٣.
f ئاشکراکردن ٥-٦.
g یەهوزا ٢٤-٢٥.

لەدەست بدەین لەپێناو تویت و کورتە نامە لە مۆبایلەکانمان. بەڵام بیرهێنانەوەمان وەک ئەوە نییە کە دەفتەرێکی تۆزاوی یادەوەریمان هەڵبدەینەوە. کتێبی پیرۆز بە یادەوەرییەکی زیندوو و چالاک بۆ ژیانی ڕۆژانە لە سەردەمی دیجیتاڵیدا دەچێتە ناو دڵمانەوە. وشەکە بانگمان دەکات بۆ ئەوەی لەبیرمان بێت تاوەکو گوێڕایەڵی بین، وەک پەترۆسی نێردراو ڕوونی کردەوە کاتێک گوتی ئامانجمان پێگەیشتنە لە مەسیح کە لە باوەڕەوە گەشە دەکات بۆ چاکە، وە لە زانینەوە بۆ خۆگرتن، لە کۆڵنەدانەوە بۆ خوداپەرستی و پاشان لە سۆزی یەکترەوە بۆ خۆشەویستی. «بەڵام ئەوەی ئەمانەی نەبێت، ئەوا کوێر و کەمبینە، لە یادی چووە کە گوناهە کۆنەکانی پاک بووەتەوە» (دووەم پەترۆس ١: ٩). هەموو گەشەیەکی ڕۆحی ڕەگ و ڕیشەی لە بەبیرهێنانەوەیە بۆ ئەوەی مەسیح لە مندا کردوویەتی.

بەبیرهێنانەوە کردارێکی سەرەکی ژیانی کەسی باوەڕدارە بە مەسیح. ڕابردوومان بەبیر دێتەوە، کورتبینیمان ڕاست دەکەینەوە، هێزمان بەبەردا دێتەوە، هێزی دەروونی بەدەست دەهێنینەوە، ئارامی لە وشەی هەتاهەتاییدا دەدۆزینەوە. بەبیرهێنانەوە یەکێکە لەو مەشقە (ئامرازی ڕێککاری) ڕۆحییە سەرەکیانەی کە دەبێت بە وریاییەوە بیپارێزین لەنێوان فریودانی تێکشکانی مێشک و لەبیرکردنی ڕابردوو لە سەردەمی دیجیتاڵی.

# پوختە

# ژیانی زیرەکانە لەگەڵ مۆبایلی زیرەک

لـە دوازدە بەشـی ڕابـردوودا هۆشـداریم داوە لـە دوازدە ڕێگـەی هاوتـا کـە مۆبایلـی زیرەکـمان ئێمـە دەگۆڕێـت و تەندروسـتی ڕۆحیـمان تێکـدەدەن:

- مۆبایلەکانمـان ئالوودەبوونمـان بـە سـەرقاڵکردنەکان زیاتـر دەکـەن (بەشـی ١)، ئیتر درککردنمـان بـە شـوێنی خۆمـان لـە چوارچێـوەی کاتـدا دابـەش دەکـەن (بەشـی ١٢).
- مۆبایلەکانمـان پاڵـمان دەنێـن بـۆ ئـەوەی خۆمـان لـە سنووری بەجەستەبوون بپارێزیـن (بەشـی ٢)، ئیـتر دەبێتـە هـۆی ئـەوەی کـە بـە تونـدی مامەڵـە لەگـەڵ یەکـتر بکەیـن (بەشـی ١١).
- مۆبایلەکانمـان ئـارەزووی پەسـەندکردنی دەسـتبەجێمان زیـاد دەکـەن (بەشـی ٣)، وە پەیمانێکـە بـۆ ئـەوەی خۆمـان لـە ترسـی لەدەسـتدان بپارێزیـن (بەشـی ١٠).
- مۆبایلەکانمـان کارامەیـی ئەدەبـی سـەرەکی تێکـدەدەن (بەشـی ٤)، وە بەهـۆی نەبوونـی تەمبێکردنمانـەوە، وا دەکات زەحمـەت بێـت واتـای کۆتایـی دەستنیشـان بکەیـن (بەشـی ٩).
- مۆبایلەکانمـان بوفێیـەک لـە میدیـای بەرهـەم هێنراومـان پێشـکەش دەکـەن (بەشـی ٥) وە فریومـان دەدەن بـۆ ئـەوەی خۆمـان بـە خراپەکارییـە بینراوەکانـەوە سـەرقاڵ بکەیـن (بەشـی ٨).
- مۆبایلەکانمـان شوناسـمان تێدەپەڕێنـن و دەیشـێوێنن (بەشـی ٦) وە فریومـان دەدەن بـەرەو گۆشـەگیری و تەنهایـی ناتەندروسـت (بەشـی ٧).

بـەڵام بابەتەکـە تەنهـا هۆشـداری نییـە. بـە درێژایـی ڕێگاکـە، هەوڵـم داوە ستایشـی دوازدە مەشـقکردن (ئامـرازی ڕێککاری) ژیـان بکـەم کـە پێویسـتمانە بـۆ پاراسـتنی تەندروسـتی ڕۆحیـمان لـە سـەردەمی مۆبایلـی زیرەکـدا:

- سـەرقاڵییە ناپێویسـتەکان لـە ژیـان کـەم بکەینـەوە بـۆ ئـەوە گـوێ لـە خـودا بگریـن (بەشـی یەکـەم) وە دۆزینـەوەی پێگـەی خۆمـان لـەو مێـژووەی کـە خـودا ئاشـکرای دەکات (بەشـی ١٢).
- مۆبایلەکانمـان پاڵنەرمانـن بـۆ ڕاکـردن لـە کۆتـی جەسـتە (بەشـی ٢) وە بـە نیعمـەت و نەرمونیانـی مامەڵـە لەگـەڵ یەکـتر دەکەیـن (بەشـی ١١).
- ئێمـە ئامانجـمان ڕەزامەنـدی کۆتایـی خودایـە (بەشـی ٣) وە بۆمـان دەردەکەوێـت کـە، لـە مەسـیحدا، هیـچ پەشـیمانییەکی کۆتاییـمان نییـە لێـی بترسـین (بەشـی ١٠).

• ئێمە گرنگی دەدەین بە بەخششی خوێندەواری (بەشی ٤) وە پێشینەیی دەدەین بە وشەی خودا (بەشی ٩).
• ئێمە لە بەدیهێنراوانەوە گوێ لە دەنگی خودا دەگرین (٥) وە کانیاوێکی خۆشی لە مەسیحی نەبینراو دەدۆزینەوە (بەشی ٨).
• ئێمە ڕێز لە مەسیح دەگرین بۆ ئەوەی وێنەی ئەو لە ئێمەدا دەربکەوێت (بەشی ٦) وە هەوڵدەدەین خزمەت بە پێداویستییە ڕەواکانی دراوسێکانمان بکەین (بەشی ٧).

کتێبەکە بە شێوەیەک ڕێکخراوە کە هەموو شتێک لە ناوەوەی چڕدەبێتەوە لەسەر بەشەکانی شەشەم و حەوتەم، کە تیشک دەخەنە سەر دوو گەورەترین ڕاسپاردە کە شوناسی ئێمە لە چوارچێوەیەک دەگرن و مەبەستی ئێمە لەسەر زەوی پێناسە دەکەن: خودات خۆشبوێت (بەشی ٦) وە نزیکەکەت خۆشبوێت (بەشی ٧). کتێبی پیرۆز سەرنجی ژیان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا دەکاتە ئەوەی دەکرێت هەبێت، وە ئەوە دەکات کاتێک عیسا ئامانج و مەبەستی ژیانمان لە دوو ئامانج پوخت دەکاتەوە: ڕێزگرتن لە خودا بە هەموو بوونی خۆت، وە پاشان بە خۆشەویستی کەسانی دیکە خۆشی چڕبوونەوەت لەسەر خودا بەدەستبهێنە.[a] هەموو یاساکانی دیکەی مۆبایلی زیرەک پشت دەبەستن بەم دوو ڕاسپاردەیە.

## ستراتیژی «هیچ»ی شەیتانی

لە قۆناغێکدا، دەبێت لاپەڕەکانی ئەم کتێبە بەجێبهێڵین بۆ ئەوەی لە جیهانی ڕاستیدا لەگەڵ ئەم یاسایانەدا ململانێ بکەین.

ئەمڕۆ، پاش ئەوەی لە کارکردن ماندوو بووم، لە مۆبایلەکەمدا فەیسبووکم کردەوە، بەدوای چێژوەرگرتن گەڕام. پەنجەم نا بە ڤیدیۆی پشیلەیەک کە دەنگەکەی وەک گریانی منداڵێک وابوو؛ پاشان لێکۆڵینەوەیەکی نوێم بینی سەبارەت بە جڵەوگیری دەمانچە؛ پاشان داهێنانی کیبۆردێکی نوێی بینی بۆ تابلێتەکان؛ پاشان چیرۆکێکم خوێندەوە لە نوێترین قسەی ناوداران؛ پاشان بیست وێنەی ئەکتەرەکانم پیشان درا کە خراپ پیربوون (من پشتگوێم خست)؛ پاشان هەواڵێکی بەپەلەم بینی سەبارەت بە گروپێکی میلیشیای گومڕا لە ئۆریگۆن؛ پاشان خوێندمەوە کە کۆریای باکوور وادیارە بۆمبێکی ئەتۆمی تاقیکاری تەقاندۆتەوە؛ پاشان تەماشای ڤیدیۆیەکم کرد کە وەک پەتایەک بڵاوبۆتەوە، «ئامێرێکی پارچە پارچەکردنی گەورە» بوو کەوا بەفرگر و کەرەوێت و ئۆتۆمبێلەکان بە ددانی گەورە کانزاییەکانیەوە دەهاڕێت؛ پاشان وێنەی هاوڕێیەکم و هاوسەرەکەیم بینی کە لە

a مەتا ٢٢: ٣٤-٤٠.

پشوودا بوون لە ئایسلەندا. بەردەوام و بەردەوام پەنجەم دەنا بە لیستی شتە پچڕاوەکان و پارچەپارچەکراوەکان و زۆربەیان تەنها بەزەحمەت گرنگ و سەرنجڕاکێش بوون. شتێکم نەبینی بنیادم بنێ یان خزمەتم بکات، تەنها زیاتر ماندوو بووم بەهۆی لەدەستدانی خەوتنێک کە دەبووا بخەوم یان پیاسەیەک کە دەمتوانی بیکەم، وە بە ئاسانی چوومە سەر مۆبایلەکەم بۆ زانیاری زیاتر. پاشان بیرم هاتەوە کە ئەم بەیانییە مەشقە کەسییەکانم فەرامۆش کردووە. شەڕی من لەگەڵ هەموو ئەو مەیلە تەمبەڵییەی مۆبایلی زیرەک کە لە دڵی خۆمدا دەیبینم، تازە دەستی پێکردووە.

ئەوەی من خەریکە تێدەگەم ئەوەیە کە پاڵنەرەی ڕاکێشانی ئامێری یاریکردنی قوماری هەڕەمەکی ناوەڕۆکی وەک پەتا تاکتیکی کۆنی شەیتانە. سی ئێس لویس لە کتێبی (نامەکانی سکروتەیپ - Screwtape Letters) ناوی بردووە بە ستراتیژیەتی "هیچ". ئەوە ئەو ستراتیژەیە کە لە کۆتاییدا پیاوێک لە کۆتایی ژیانیدا بە گریانەوە تەماشای دواوە دەکات و دەڵێت: "ئێستا دەبینم زۆربەی ژیانم لەوەدا بەسەر بردووە کە نە ئەو کارە بکەم کە دەبووا بیکەم وە نە ئەوەی حەزم لێی بووە."[a]

ئەم ستراتیژەی «هیچ» «زۆر بەهێزە: هێندە بەهێزە کە باشترین ساڵەکانی ژیانی مرۆڤ دەدزێت، نەک لە گوناهە شیرینەکاندا، بەڵکو لە چرپەیەکی خەمناک لە مێشکدا کە نازانێت چییە و نازانێت بۆچی، لە تێرکردنی تامەزرۆییەکی زۆر لاوازدا کە مرۆڤ تەنها لە نیوەی ئاگادارە... یان لەناو ئەو سەرکێشییە درێژ و هەزار چەمانەوەی خەونە کاڵانەدا کە تەنانەت هەوەس و تەماحیان نییە بۆ ئەوەی تامێکی پێ ببەخشن، بەڵام کاتێک بە ڕێکەوت پەیوەندی دەستی پێکردووە، بوونەوەرەکە زۆر لاواز و لەرزۆک دەبێت لەوەی لەدەستی بچێت.»[b]

ڕۆتینەکانی هیچ نەبوون. چەند خووێکی ناپێویستن بۆ بانگەوازەکەمان. چەرخێکی سووڕانەوەی هامستەرە کە هەرگیز ڕۆحمان تێر ناکات. هۆشدارییەکەی لویس سەبارەت بە «چرپاندنی خەمناک» لەبەرچاوماندا وەک زەنگێکی پێغەمبەرانەیە بۆ سەردەمی دیجیتاڵی. ئێمە هەمیشە سەرقاڵین، بەڵام هەمیشە بە بێهوودەیی سەرقاڵ دەبین؛ بە شێوەیەکی شەیتانانە فریودەدرێین بۆ ئەوەی لەو شتانە دوور بکەوینەوە کە بەڕاستی گرنگ و بەڕاستی تێرکەرن. بە هۆی هەوەسە دیجیتاڵییە جڵەوگیرنەکراوەکانمان، توانیومانە سەرپێچی هەردوو ڕاسپاردەکە بکەین کە بەڵێن دەدەن سەرنجی ژیانمان بهێننە دی. ئێمە لە چێژوەرگرتن لە خودا شکست دەهێنین. ئێمە لە خۆشویستنی نزیکەکەمان (دراوسێیەکەمان) شکست دەهێنین.

---

a C. S. Lewis, The Screwtape Letters (New York: HarperOne, 2001), 60.

b هەمان سەرچاوەی پێشوو.

لەناو ئەم خووانەی هیچیدا، خۆمان دەبینینەوە کە نیوە بەئاگا لە تەمبەڵی دیجیتاڵیدا سەرگەردان دەبین، مەیلی ئەوەمان هەیە بەرپرسیارێتییە دیجیتاڵییەکانمان بەجێبهێڵین و ببینە کنجکاری دیجیتاڵی و دەستێوەردانی دیجیتاڵی.[a] ئێمە کاتەکانمان دەدەین نەک هەر بەو شتانەی کە بە ڕوونی گوناە نین، بەڵکو بەو شتانەش کە ناتوانن خۆشیمان پێ ببەخشن یان ئامادەمان بکەن بۆ قوربانیدان. ستراتیژییەتی «هیچ»ی شەیتان ئامانجی ئەوەیە کە بێکۆتایی وشە و وێنە و کورتە ڤیدیۆمان پێبدات کە سۆز و خۆشەویستیمان لاواز دەکەن، لەبری ئەوەی خۆشیمان بەهێز بکات و ئامادەمان بکات بۆ ئەوەی خۆمان لە خۆشەویستیدا ببەخشین.[b]

## بت؟

تەکنەلۆژیا ژیان ئاسانتر دەکات، بەڵام ناپێگەیشتن وادەکات تەکنەلۆژیا خۆتێکدەر بێت. بە مۆبایلەکەم، خۆم دەبینمەوە کە هەمیشە لەنێوان کارایی بەسوود و خووی بێ واتادا هاتوچۆ دەکەم. زۆرجار بیرم دێتەوە کە ڕەنگە مۆبایلەکەم زۆر شت بێت، بەڵام یاری نییە. جادووگەر و ساحیر و مۆبایلی زیرەک ئامۆزای نزیکی یەکترن،[c] هەروەک ئەوەی ڕەخنەگری ئەدەبی ئالان جاکۆبس دەڵێت، تەکنەلۆژیای مۆدێرنمان هێزێکی جادوییمان پێ دەبەخشن کە جیاواز نییە لە جادووەکانی زنجیرە فانتازیاکانی هاری پۆتەر: ”زۆرجار خۆشە، زۆرجار سەرسوڕهێنەر و وروژێنەرە، بەڵام هەروەها هەمیشە ئەگەری مەترسی هەیە... تەکنۆکراتەکانی ئەم جیهانە دەسەڵاتگەلێکی نزیکەی بێ سنوور گەورەتریان هەیە لە هێزەکانی ئەلبوس دامبلدۆر و ڤۆڵدیمۆرت.“[d] ئەم داردەستی جادووانە، ئەم مۆبایلە زیرەکانە، ئەم هێزانەی بتپەرستی، کە بە چاوەڕوانی ڕزگارکەرانەوە بارکراون، دەخرێنە دەستمانەوە.

سەردەمی دیجیتاڵی دەکرێت بە شێوازێکی ناتەندروست جادوو بکات و دڵمان بگرێت. پێشکەوتنەکانمان لە تەکنەلۆژیادا ڕێگەیەکی هەیە بۆ ئەوەی خودا زیاتر و زیاتر وەک ئەوە دەربکەوێت پەیوەندی بە جیهانەکەمان و ژیانمانەوە نەبێت؛ ئەمە وردترین پێناسەیە بۆ دونیاگەرایی.[e] وە ئەگەر تەکنەلۆژیای دیجیتاڵیمان ببێتە خوداوەندمان،

---

a یەکەم سالۆنیکی ٤: ١١؛ دووەم سالۆنیکی ٣: ١١؛ یەکەم تیمۆساوس ٥: ١٣؛ یەکەم پەترۆس ٤: ١٥.

b This same principle is explained well by Puritan Richard Baxter in The Practical Works of the Rev. Richard Baxter (London: James Duncan, 1830), 3:535–36.

c C. S. Lewis, The Abolition of Man or Reflections on Education with Special Reference to the Teaching of English in the Upper Forms of Schools (New York: HarperOne, 2001), 76–77.

d Alan Jacobs, A Visit to Vanity Fair: Moral Essays on the Present Age (Grand Rapids, MI: Brazos, 2001), 147–48.

e See Craig M. Gay, The Way of the (Modern) World: Or, Why It's Tempting to Live as If God Doesn't Exist (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1998).

داردەستی دەسەڵاتمان، بێگومان لە قاڵبمان دەدات بۆ تەکنیکارێک کە شارەزایی بەسەر جیهانێکی مردووی ئاسانکارییەکاندا بەدەستبهێنین. بەبێ ئامانج بۆ چەندین کاتژمێر گەڕان بەناو پۆست و وێنەکاندا، هەست دەکەین کە ئێمە جڵەوگیری ئامێرەکانمان دەکەین، لە کاتێکدا ئێمە بەڕاستی بوکەڵەیەکین کە لەلایەن پیشەسازییەکی قازانج بەخشەوە جڵەوگیر دەکرێین.

لە کاتێکدا تەکنیکەکانی جڵەوگیریمان ئێمە ناکاتە بێباوەڕ، بەڵام پێدەچێت پەرستن زیاتر و زیاتر بێ بایەخ بکات، چونکە زیاتر و زیاتر خودا لە ژیانمان دەباتە دەرەوە. لەبیرمان دەچێت چۆن خودا ببینین، لەگەڵ ئەوەشدا بەرگری لە مۆبایلی زیرەکمان دەکەین، ئامادە نین دان بەوەدا بنێین کە زیاتر خەمی جڵەوگیرکردنی میکانیکی ژیانمانە نەک پەرستنی ئەو خودایەی کە دەسەڵاتی سەروەری ئەو هەموو هەناسەیەکمان ئاراستە دەکات.

دەبێت چاودێری ئەو نیشانانە بکەین کە پەرستنەکەمان لە ڕێڕەوی خۆی لادەدات. چیتر ناتوانین بە سادەیی بە سەرسامیەوە خودا بپەرستین یان نوێژ بکەین بەبێ ئەوەی بە ناچاری قسە بۆ مۆبایلەکانمان بکەین. ئێمە زیاتر باسی خودا دەکەین نەک قسەی لەگەڵ بکەین. دڵمان زیاتر گرنگی بە شوێنکەوتنی نەخشە بەتاڵەکانی پەرستن دەدات نەک بەیەکگەیشتنی ڕۆح. پەرستشمان لە ڕۆژی یەکشەممەدا ساردە، بەڵام هەفتەکەمان پڕە لە گەڕانێکی بێکۆتایی بۆ ئامۆژگاری مەسیحی بۆ چاککردنی ئەوەی دەزانین هەڵەیە. ئێمە بەدوای پەیوەندییەکی میکانیکیدا دەگەڕێین لەگەڵ خودا، بەدوای تەکنیکی نوێدا دەگەڕێین بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی ڕۆحی لە ژیانماندا. نیشانەکانی وەک ئەمانە ئاشکرای دەکەن کە چۆن تەکنەلۆژیا پێشینەییمان دادەبەزێنێت. بەڵام پەرستش داوای دووبارە ئاراستەکردنەوە دەکات لە ژیانماندا.

## تەکنیکەکانی پیرۆزی؟

قەشە تیم کێلەر دەڵێت: "سەد ساڵ لەمەوبەر، هیچ باوەڕدارێک بە مەسیح بیری لەوە نەدەکردەوە کتێبێک بنووسێت بە ناوی "سێ هەنگاوی ئاسان بۆ پڕبوون لە ڕۆح". دەبینیت لە لایەکەوە ئێمە هێندە کاریگەری کۆمەڵگەی تەکنەلۆژیمان لەسەرە کە دەمانەوێت هەموو شتێک بکەینە کاڵا. با هەموو شتێک پوخت بکەینەوە بۆ چەند هەنگاوێک. من دەمەوێت جڵەوگیری بکەم."[a] ئێستا ژیان بەم شێوەیە بەڕێوەدەچێت.

کێلەر نیشانەیەکی هۆشداری ڕەخنەگرانە بۆ گەشتیارانی باوەڕدار لە سەردەمی دیجیتاڵیدا بەرز دەکاتەوە. لە خۆشەویستیمان بۆ میکانیزم و تەکنیک و دەسەڵات،

a Timothy Keller, sermon, “Be Filled with the Spirit— Part 1,” Gospel in Life, gospelinlife.com (June 16, 1991).

ڕێگاکەمان وێڵ دەکەین، وە پەرستن و نوێژەکانمان لەدەست دەدەین، چونکە لەسایەی ئەو تەکنەلۆژیایەی هەمانە خودا دەبێتە شتێکی لاوەکی. بەڵام خودا پاشای خاوەن سەروەرییە کە بۆ ئامێرە سەروەرەکانمان ناچەمێت. دەکرێت ئاپەکان یارمەتیم بدەن کە سەرنجم لەسەر پلانەکانی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز بێت و یارمەتیم بدەن ژیانی نوێژکردنم ڕێکبخەم، بەڵام هیچ ئاپێک ناتوانێت هەناسەی ژیان بدات بە هاوبەشیم لەگەڵ خودا.

ڕەخنە لەخۆ گرتن لە سەردەمی دیجیتاڵیدا مەشقێکی (ئامرازێکی ڕێککاری) پێویستە؛ کردەوەیەکی بوێرانەیە. "لە ڕێگای توانای ڕەخنەگرتنەوە ئازادی خۆمان دەردەبڕین. ئەمە تاکە ئازادییە کە هێشتا هەمانە، ئەگەر لانیکەم بوێری ئەوەمان هەبێت درکی پێ بکەین."[a] ئازادی کەسیمان لە خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆژیا بە توانای ئێمە دەپێورێت بۆ ڕەخنەگرتن بە شێوەیەکی ورد و سنووردارکردنی ئەوەی چاوەڕێی دەکەین لە ژیانماندا بیکات. بەندبوونمان بە تەکنەلۆژیا دەپێورێت بە بێتواناییمان لە ڕەخنەگرتن لە خۆمان بە شێوەیەکی ورد. چونکە مرۆڤ چی قازانج دەکات ئەگەر هەموو نوێترین ئامێرە دیجیتاڵییەکان و هەموو تەکنیکەکانی شارەزایی لە شاشەیەکی تاچدا بەدەستبهێنێت، بەڵام خۆی بدۆڕێنێت؟

ئایا ئێمە هێندە بوێرین کە بپرسین؟

لە ڕاستیدا، دەنگی ئۆتۆماتیکی ناو مۆبایلە زیرەکەکەم دەتوانێت چێشتخانەیەکی ناوخۆییم بۆ بدۆزێتەوە یان پێم بڵێت کەی بڕۆم بۆ ئەوەی لە قەرەباڵغی هاتوچۆ ڕزگارم بێت. بەڵام مۆبایلەکەم هەرگیز ناتوانێت گەورەترین پێداویستییەکانم لە ژیاندا دابین بکات. مۆبایلەکەم (وەک هەر تەکنەلۆژیایەک) ناتوانێت ڕوونی بکاتەوە کە بۆچی بوونم هەیە، ناتوانێت ئامانج و مەبەستی ژیانم پێناسە بکات، ناتوانێت پێم بڵێت داخوا ڕێگام ون بوویێت، ناتوانێت پێشینەیی ژیانم ڕێکبخات، وە ناتوانێت پێم بڵێت چ بژاردەیەک لە ژیاندا لە ڕووی ڕەوشتییەوە ڕاست یان هەڵەیە.

لە کردەوەی بوێرانەی ڕەخنە لەخۆگرتندا، دەبێت سێ پرسیار بکەم:

- ئامانج: ئایا ڕەفتارەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم بەرەو خودا دەمجوڵێنێت یان لێی دوورم دەخاتەوە؟
- کاریگەری: ئایا ڕەفتارەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم من و کەسانی دیکە بنیاد دەنێت، یان هیچ شتێک بنیاد نانێت کە بەهایەکی بەردەوامی هەبێت؟
- کۆیلایەتی: ئایا ڕەفتارەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەکم ئازادیم لە مەسیحدا ئاشکرا دەکەن یان کۆیلایەتیم بۆ تەکنەلۆژیا؟

---

a Jacques Ellul, The Technological Bluff (Grand Rapids, MI: Eerd mans, 1990), 411.

## گوێگرتنێکی بێفیزانە

کەواتە، ئایا باوەڕداران بە مەسیح دەبێت مۆبایلی زیرەکیان بگۆڕنەوە بە مۆبایلی ئاسایی؟

ئەم بڕیارە دەبێت هەریەکەمان لەلایەن خۆیەوە بیدات لەکاتێکدا گوێ لە ڕێنمایی ڕۆحی پیرۆز دەگرین لە ژیانماندا. ئێمە زیاتر گرنگی بە مۆبایلەکانمان دەدەین وەک لە گرنگیدانمان بە ڕۆحی پیرۆز کە کەسایەتی سێیەمی سیانەی پیرۆزی خودایە، بەڵام ئەو زیاتر گرنگیمان پێدەدات لەوەی ئێمە گرنگی بە خۆمان دەدەین. ڕەنگە باوەڕت بەوە هەبێت کە بە دوورکەوتنەوە لە مۆبایلەکەت بۆ ماوەیەک لە ڕووی ڕۆحییەوە سوودمەند دەبیت. یان ڕەنگە هەست بکەیت کە وابکەیت دووبارە بیر لە سنوورە باشترەکان بکەیتەوە لە ژیانی دیجیتاڵی خۆتدا. یان ڕەنگە بێزار بیت لە پەیوەندی خۆشەویستی/ ڕق/ ناچالاککردنی هەژمار/ سڕینەوە/ دووبارە چالاککردنەوەی هەژماری سۆشیال میدیا، وە ئامادەیت بە تەواوی خۆت لە مۆبایلە زیرەکەکەت ڕزگار بکەیت. ناتوانم پێت بڵێم چی بکەیت، بەڵام دەتوانم هانت بدەم کە گوێ لە سەرزەنشتی ڕۆحی پیرۆز بگریت، کە یارمەتیت دەدات بۆ ئەوەی هەنگاوی داهاتووی گوێڕایەڵی بنێیت.

هەندێک لە بەکارهێنەرانی مۆبایلی زیرەک شارەزاییان دەسەلمێنن لە هاوسەنگکردنی بەکارهێنانی مۆبایلی زیرەک و نەکەوتنە ناو ئەو فریودان و تەڵە بەهێزانەی کە لەم کتێبەدا ڕوونکراونەتەوە. هەندێک کەس خاڵە بەهێزەکانی نیعمەتە دیجیتاڵییەکان تێکەڵ بە ژیانیان دەکەن، بە جۆرێک لە بوونەوەرە دیجیتاڵییە تەندروستەکان دەچن. بەڵام هەموومان ناتوانین ئەم هاوسەنگییە بپارێزین.

بەڵام بۆ هەمووومان ئاڵنگارییەکە لە فراوانکردنی بواری نیعمەتدایە بۆ یەکتر. لووتبەرزی ترس لە تەکنەلۆژیا دەڵێت، «خودایە، سوپاست دەکەم کە من وەک ئەم ئالوودەبووانە بە ئامێر نیم کە بەهۆی ئامێرەکانییەوە سەرقاڵ دەبێت و لە شتە بێ بایەخەکانی جیهانی ساختە خۆراک دەخوات.» لووتبەرزی خۆشەویستی تەکنەلۆژیا دەڵێت، «خودایە، سوپاست دەکەم کە من وەک ئەم کەسە نیم کە ڕقی لە تەکنەلۆژیا دەبێتەوە کە ناتوانێت بە تەواوی خۆی ڕابگرێت بۆ بەڕێوەبردنی سەرقاڵی دیجیتاڵی لە جیهانی ڕاستەقینە.» هەردوو بۆچوونەکە لووتبەرزین.

## هەمەچەشنی مۆبایلی زیرەک

کڵێسا پێویستی بەو باوەڕدارانە هەیە کە مۆبایلی زیرەک بەکاردەهێنن و ئەوانەی کە بەکاری ناهێنن. هەروەک لە پێشەکی ئەم کتێبەدا گوتم، خووەکانی بەکارهێنانی مۆبایلی

زیـرەک دڵ ئاشـکرا دەکـەن، ئەمـەش بـەو واتایەیـە کـە چارەسـەری خـووە ناتەندروسـتەکانی مۆبایلـی زیـرەک تەنهـا لـە باوەشـی ئـەو شـارەی پێـش سـەردەمی دیجیتاڵـی هەبـوو بـە ئامێـری تایپکـردن و تۆمـارە ڤینێلییـەکان. بـە سـادەیی داواکـردن لـە هەمـوو بـاوەڕداران بـە مەسـیح بـۆ ئـەوەی واز بهێنـن لـە مۆبایلـی زیـرەک چارەسـەرێکی ئەفسـوناوی نییە، چونکـە بەبێ سـاکارییەکی ڕاسـتەقینە، وە دانپێدانانـی ڕاسـتەقینە بـە گونـاە، وە گۆڕینـی دڵ بـە شـێوەیەکی سـەروو سروشـت، ئێمـە لـە سـەرقاڵی پـووچ و فریـودەري شـیرین ئـازاد نابیـن کـە بێکۆتاییـە و لـە ئینتەرنێـت دوور ناکەوینـەوە (بڕوانـە ئـەم چیرۆکـە[a]). وە کاتێـک باوەڕدارێـک بـە مەسـیح بەهـۆی ڕۆحـی پیـرۆز قەناعەتـی دێـت و هەنگاوێکـی ئـاوا بوێرانـە دەنێـت، دەبێـت بەهـۆی نیعمەتـی خـوداوە خۆنـزم بکەینـەوە و بـە ڕوانگەیـەک بەختـەوەر بیـن کـە چـۆن پێشـینەییە تەندروسـتە نوێیـەکان دەتوانـن جێگـەی خـووە ناتەندروسـتەکانمان بگرنـەوە (بڕوانـە ئـەم چیرۆکـە[b]).

لـە سـەرەتای ئـەم پڕۆژەیـەدا، زانـای یەزدانناسـی دەیڤیـد وێڵـز گوتـی کـە ناتوانیـن ببینـە کاهینـی دیجیتاڵـی. نەخێـر، هەمووامـان نـا. مێژوونـووس بـروس هیندمـارش یەکـەم کـەس بـوو کـە پێشـنیاری بـۆ کـردم کڵێسـا پێویسـتی بـە چەنـد گەنجێکـی بـاوەڕدار هەیـە کـە خۆبەخشـانە لـە دەرەوەی تـۆڕی دیجیتاڵـی دەژیـن بـۆ ئـەوەی ئـەو باوەڕدارانـەی کـە لەنـاو تـۆڕی جیهانـی دیجیتاڵیـن بتوانـن نموونـەی پێچەوانـە و بەراوردێـک بدۆزنـەوە بـۆ ڕامانـی کەسـی. بـە گوتـەی ئـەو، ئەوانـەی لـە دەرەوەی تـۆڕی تەکنەلۆژیـان، وەک کەشـتیوانێکی ئاسـمانی کاردەکـەن کـە لـە بۆشـایی ئاسـمان دەژیـن، دەتوانـن بگەڕێتـەوە و ڕاپـۆرت لەسـەر ئـەوە بـدات کـە ژیـان لـە ژینگەیەکـی جیـاوازدا چۆنـە.[c] یـان، ئەگـەر بتوانـم لێکچواندنەکـە هەڵبگێڕمـەوە (بـۆ ئەوانـەی ناڕەزایەتیـان هەیـە بەرامبـەر بـە زاراوەی "کاهینـی دیجیتاڵـی"[d])، پێویسـتمان بـە کەسـانێکە کـە ژیانێکـی دابـڕاو لـە ئینتەرنێـت لەسـەر زەوی بژیـن بـۆ ئـەوەی ئێمـە کـە پەیوەسـتین بـە ئینتەرنێـت لـە سـەردەمی دیجیتاڵـی، وە ئێسـتا لـە ئاسـمانی دەرەوەی داهێنانـی تەکنیکـی، دەکرێـت ئاوڕێـک لـە دواوە بدەینـەوە بـۆ ئـەوەی بزانیـن ئایـا مۆبایلـی زیرەکـمان بەڕاسـتی ژیانمانـی خێراتـر کـردووە؛ یـان تەنهـا بەبـێ ئامانـج دەخولێینـەوە.

لـە هـەردوو دۆخەکـە، ئێمـە پێویسـتمان پێیـان هەیـە؛ مەبەسـتم بـاوەڕداران بـە مەسـیح کـە دەتوانـن، هێنـدەی پێیـان بکرێـت، دوور لـە ئینتەرنێـت بژیـن (تەنانـەت زۆرێـک پێشـبینی

a Paul Miller, “I’m Still Here: Back Online after a Year without the Internet,” The Verge, theverge.com (May 1, 2013).

b Andrew Sherwood, “The Sweet Freedom of Ditching My Smartphone,” All Things for Good, garrettkell.com (Jan. 21, 2016).

c Bruce Hindmarsh, interview with the author via phone (March 12, 2015).

d Alan Levinovitz, “I Don’t Have a Cellphone. You Probably Don’t Need One, Either,” Vox, vox.com (March 15, 2016).

ئـەوە دەکـەن کـە زاراوە جیاوازەکانـی پەیوەنـدی بـە ئینتەرنێـت online و پچڕانـی ئینتەرنێـت offline نامێنـن).

سـەبارەت بـە بەکارهێنەرانـی مۆبایلـی زیـرەک، بـێ گومـان کاهینێتـی دیجیتاڵـی وەرزی دەبێتـە مەشـقێکی بنەڕەتـی بـۆ ژیانـی بـاوەڕی مەسـیحی تەندروسـت. مـن نەمدەتوانـی ئـەم کتێبـە بنووسـم بەبـێ ئـەوەی زۆرجـار مۆبایلەکـەم بکوژێنمـەوە. وە کاتێـک ڕێکاری نووسـینەکە بـە شـێوەیەکی تایبەتـی چـڕ دەبـۆو، وایفـای کۆمپیوتەرەکەمـم دەکوژانـدەوە. سـەرەتا هەسـتم بـە گۆشـەگیرییەکی زۆر دەکـرد، بـەڵام بـە تێپەڕینـی کات، بـووە چارەسـەر و ڕزگارکـەر، بـۆ ئـەوەی بـە یەکێـک لـە بانگـەوازە وەرزییەکانمـدا ڕابگـەم.

ئێمـە سـوودمەند دەبیـن کـە زۆرجـار بگەڕێینـەوە بـۆ ئالنگارییەکـەی فرانسـیس شـافر، کـە گوتـی: "بـاوەڕداران بـە مەسـیح دوو مەرجـی سـنووربەندییان هەیـە: (١) مرۆڤـەکان دەتوانـن چـی بکـەن، وە (٢) مرۆڤـەکان دەبێـت چـی بکـەن. مرۆڤـی سـەردەمی نـوێ ئـەم سـنووری دوایـی نییـە."[a]

ئـەو پرسـیارە گرنگـەی کـە دەبێـت بـەردەوام لـە سـەردەمی خێـرا پەرەسـەندنی تەکنەلۆژیـای دیجیتاڵیـدا لـە خۆمانـی بکەیـن، ئـەوە نییـە کـە "دەتوانـم" چـی بـە مۆبایلەکـەم بکـەم، بەڵکـو "دەبێـت" چـی بکـەم؟ ئـەو وەڵامـە، وەک بینیـمان، تەنهـا بـە تێگەیشـتن لـەوەی کـە لـە پێگـەی یەکەمـدا بۆچـی بوونمـان هەیـە، چارەسـەر دەکرێـت.

## ئایا پێویستە مۆبایلە زیرەکەکەم ڕزگارم ببێت؟

ئەگـەر وەرزێـک لـە مێـژووی مۆبایلـی زیرەکـدا هەبووبێـت کـە ڕووبـەڕووی بڕیـاری "هەڵبـژاردن" بووینـەوە بـۆ ئـەوەی بچینـە نـاوی یـان نـا، ئـەوا ئـەو ماوەیـە کـورت و تێپەڕیـوە. ئێسـتا تاکـە پرسـیار ئەوەیـە کـە ئایـا ئێمـە "دەچینـە دەرەوە" یـان نـا. بۆیـە دەگەینـە ئـەو پرسـیارە گەورەیـە: ئایا پێویسـتە واز بهێنـم لـە مۆبایلـە زیرەکەکـەم؟

سـەرەتا، دەبێـت بزانیـن مۆبایلەکانمـان کـۆی هەمـوو میکانیزمـە دیجیتاڵییەکانمانـن، بـە جۆرێـک کـە زۆرجـار بیـر لـەوە ناکەینـەوە چـی بەکاردەهێنیـن و چیـمان پێویسـتە لەسـەر مۆبایلەکانمـان. دەتوانیـن بـەردەوام سـوودمەند بیـن لـە جیاکردنـەوەی مۆبایلـی زیرەکـمان، تێکدانـی تەکنەلۆژیاکەمـان لـە ڕووی تێچـوون و تایبەتمەنـدی و کاراییەکانـەوە. بـۆ نموونـە زۆرجـار ئـەم دوازدە پرسـیارە لـە خـۆم دەکـەم:

١. مۆبایلـە زیرەکەکـەم سـاڵانە چەنـدی تێدەچێـت ئەگـەر نرخـی ئامێرەکـە و پاراسـتنی بیمـە و کەڤـەر و کەیسـەکان و خزمەتگـوزاری مانگانـەی کۆبکەمـەوە؟

---

a Francis A. Schaeffer, The Complete Works of Francis A. Schaeffer: A Christian Worldview, vol. 1, A Christian View of Philosophy and Culture (Westchester, IL: Crossway, 1982), 369, emphases original.

٢. ئایا پێویستم بە دەستگەیشتن بە ئینتەرنێتی مۆبایل هەیە بۆ پشکنینی ئیمەیڵەکانم لە ئەرک یان خزمەت؟
٣. ئایا نامە ناردن زۆر گرنگە بۆ گرنگیدانم بە کەسانی دیکە؟ ئایا پێویستە ئەو نامانە لە کاتی ڕاستەقینەدا ببینرێن؟ وە ئایا مۆبایلی زیرەک تاکە ڕێگایە بۆ ئەنجامدانی؟
٤. ئایا پێویستم بە دەستگەیشتن بە ئینتەرنێتی مۆبایل هەیە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی خزمەت بە کەسانی دیکە بکەم؟
٥. ئایا پێویستم بە دەستگەیشتن بە ئینتەرنێتی مۆبایل هەیە بۆ گەشتکردن بە شارە نامۆکان؟ ئایا ئامێرەکە بەشێکی سەرەکییە لە گەشتەکەم؟
٦. ئایا پێویستم بە مۆبایلە زیرەکەکەم هەیە بۆ ئەوەی سوود لە کۆبۆنەکان وەربگرم لە فرۆشگاکان؟ لەبری ئەوە چەند پارە پاشەکەوت دەکەم بەبێ پلانی زانیاری مۆبایلی زیرەک؟
٧. ئایا دەکرێت دەستڕاگەیشتن بە ئینتەرنێت دوابخرێت؟ ئایا ئاسانکاری دەستگەیشتن بە ئینتەرنێتی مۆبایل شتێکە کە بتوانم بە شێوەیەکی کارایی بیگۆڕم بە کاتێکی دواتر لە لاپتۆپ یان کۆمپیوتەری سەر مێز؟
٨. ئایا دەتوانم بە هەمان شێوە لەگەڵ مۆبایلی ئاسایی، خاڵی وایفای، ئایپۆد، یان تابلێتدا بیگونجێنم؟
٩. ئایا دەتوانم بە شێوازی دیکە گوێ لە دەنگ و پۆدکاست بگرم (بۆ نموونە لە ڕێگەی ئایپۆدەوە)؟
٠١. ئایا ئالوودەی مۆبایلەکەم بووم؟ ئەگەر وایە، ئایا دەتوانرێت کێشەکە بە هاوسەنگی چارەسەر بکرێت، یان پێویستە تەنها وازی لێبهێنم؟
١١. ئایا فریودانەکانی مۆبایلە زیرەکەکەم لە مرۆڤ و پێداویستییە ڕاستەقینەکانی دەوروبەرم دایبڕاندووم؟
٢١. ئایا دەمەوێت منداڵەکانم ببینن کە من لەگەڵ گەورەبوونی ئەواندا چاوم لە شاشەکەی نێو دەستمدایە؟ ئەم خووە چ ڕەنگدانەوەیەکی لەسەر ئەوان و کەسانی دیکەی دەوروبەرم هەیە؟

ئەمانە پرسیاری گرنگن.

وازهێنان لە مۆبایلێکی زیرەک نەک هەر یەکێک نییە لە بوێرترین و دژە کەلتووریترین کردەوەکانی سەرپێچیکردن کە لەمڕۆدا دەکرێت، بەڵکو دیارییەکە پێشکەشی کەسانی دیکە دەکەین. ئەگەر من ئالوودەی سۆشیال میدیا بم، خۆجڵەوگیرنەکردنم گەشە دەدات

بە ئالوودەبوونی سۆشیال میدیا لە تۆدا. وە هەتا زیاتر نامە و تویت و سناپچات بنووسم، زیاتر تۆ و کەسانی دیکە دەکێشمە ناو گێژەڵوکەی دیجیتاڵی پابەندبوونی بەرامبەرەوە. ئەمە نهێنی ئەوەیە کە چۆن سامانی زەبەلاحەکانی سۆشیال میدیا گەشە دەکەن بۆ ملیارەها دۆلار. پێویستیان بە "من"ە بۆ ئەوەی "ئێوە" ڕابکێشم. تەنانەت شتێکی سادەی وەک دەرهێنانی مۆبایلە زیرەکەکەت لەناو قەرەباڵغیدا "باوەشکێکی نوێیە"؛ هەموو کەسێکی دیکە لە دەوروبەرت هەست بە سەرنج و ڕاکێشانی دەستبەجێ دەکەن بۆ پشکنینی مۆبایلەکانی خۆیان.[a] بە دەگمەن بیر لەوە دەکەینەوە کە چۆن ئالوودەبوونە دیجیتاڵییەکانی خۆمان کاریگەرییان لەسەر کەسانی دیکە هەیە (بە تایبەت منداڵەکانمان)، وە بە دەگمەن ئەمە وەک یەکێک لە ترسناکترین ئاڵنگارییەکان دەبینین بۆ وازهێنان لە مۆبایلی زیرەک. بۆ هەر ئالوودەبوویەک کە هێندە ئازا بێت واز لە مۆبایلی زیرەک بهێنێت، من چەپڵەی بۆ لێدەدەم. تۆ بە شێوازی نەبینراو خزمەت بە خەڵکی دەوروبەرت دەکەیت کە هەرگیز سەرنجی نادرێت و ئاهەنگی بۆ ناگێڕدرێت.

## ژیانی زیرەکانە لەگەڵ مۆبایلی زیرەک

لە کاتی ئێستادا، لەم وەرزەی خزمەتدا، دەبمە خاوەنی مۆبایلێکی زیرەک. بەڵام بە شێوەیەک کە پێشتر ڕووی نەداوە، دەتوانم ئێستا بزانم چۆن مۆبایلەکە ناپێویستە بۆ زۆربەی لایەنەکانی ژیانم. من هەستم بە ئاڵنگاری کردووە کە زۆرترین ڕێککاریم هەبووە لەوەی کە هەرگیز ئەندێشەم کردبێت. نووسینی ئەم کتێبە سەردەمێکی نوێی لە پەیوەندی من لەگەڵ تەکنەلۆژیای دیجیتاڵیدا دیاری دەکات.

ڕەنگە ڕوونترین ڕاگەیاندن کە ئەم کتێبە پێشکەشی دەکات سادە بێت: بۆ ئەوەی سوود لە مۆبایلەکەم وەربگرم، نابێت بەردەوام هەموو تایبەتمەندییەکان بەکاربهێنم. ئەمە ڕاستە چونکە مۆبایلەکەم سەکۆیەکی کراوەیە بۆ گەشەپێدەران بۆ پڕکردنەوەی لە ئاپی بریقەدار کە بەڵێنی بەرهەمهێنان یان کات بەسەربردنم پێدەدەن. بە پێچەوانەی دانایی شافر، ئێمە مۆبایلەکانمان بەو گریمانە بێ پرسیارە دەکڕین کە هەر شتێک ئامێرەکانمان بتوانن بیکەن، پێویستە بیکەن. یان، بۆ ئەوەی زیاتر بە شێوەیەکی کەسی ئەمە بڵێین، ئێمە مەیلی ئەوەمان هەیە ئامێرەکانمان پڕ بکەینەوە لە زۆرێک لە ئاپی ناپێویست. ئەگەر ئەمە سەیر بێت، ئەوە چونکە ئێمە مەرجدار بووین کە هەرگیز ئەو پرسیارە سادەیە نەکەین: بەڕاستی ئەو شتە پێویستانە چین بۆ ئەوەی مۆبایلەکەم بە ئەنجامی بگەیەنێت؟

ئێمە ئەم پرسیارە دەربارەی تەکنەلۆژیاکانی دیکە دەکەین. ئەندێشەی ئەوە بکە

---

a Donna Freitas, The Happiness Effect: How Social Media Is Driving a Generation to Appear Perfect at Any Cost (New York: Oxford University Press, 2017), 218.

کە ئۆتۆمبێلە ڤانەکەم لێدەخوڕم. بە پشتبەستن بە خوێندنەوەی داشبۆردەکە، ڤانەکەم دەتوانێت بە خێرایی ١٤٠ میل لە کاتژمێرێکدا بڕوات (ئەمەم تاقی نەکردۆتەوە). بۆیە دەمتوانی هەموو کۆتایی هەفتەیەک لە یاریگای پێشبڕکێی ناوخۆیی بە ڤانەکە پێشبڕکێ بکەم بۆ خۆشی. بەڵام ڤانەکە بۆ ئەوە نییە. مەبەست لێی بردنەوەی پێشبڕکێکان یان تێپەڕاندنی سنووری خێرایی نییە. بۆ دابینکردنی هاتوچۆی سەلامەت بۆ خێزانەکەمە. بۆ ئەوەی سوودی تەواو لە ڤانەکە وەربگرم، پێویست ناکات هەموو تایبەتمەندییەکان بەوپەڕی توانا بەکاربهێنم. ئەگەر لە ڕاستیدا ڤانەکەم بتوانێت بگاتە ١٤٠ میل لە کاتژمێرێکدا (کە گومانم لەوە هەیە!)، ئەوە بۆ ئەوەیە کە بتوانێت بە خێرایی ٧٠ میل لە کاتژمێرێکدا بە شێوەیەکی یاسایی، سەلامەت و ئاسوودەیی گەشت بکات. سنوورێکی نەگوتراو هەیە بۆ ئەوەی کە من داوا لە ڤانەکە دەکەم چی بکات. هەندێک تایبەتمەندی خزمەت بە خێزانەکەم دەکەن؛ هەندێکی دیکە نا.

کلیلی هاوسەنگکردنی خۆمان لە سەردەمی مۆبایلی زیرەکدا هۆشیارییە. تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی زۆرترین سوودی بۆ ئێمە هەیە لە کاتێکدا گەیشتنەکەی بۆ ژیانمان سنووردار دەکەین. جیهان هەمیشە چاوەڕێی ئەوە دەکات کە تەکنەلۆژیا مرۆڤایەتی لە تاریکترین ترسەکانی ڕزگار بکات، بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر و زیاتر خۆی ملکەچی داهێنانە سنوور شکێنەکان دەبێت. بەڵام بە دوورکەوتنەوە لە زیادەڕەوی لەم حەسرەتە بە هەڵە ئاراستەکراوە بۆ ڕزگارکردنی تەکنەلۆژیا، دەتوانین بە سادەیی تەکنەلۆژیا لە باوەش بگرین بۆ ئەوەی کە هەیەتی؛ ئامرازێکی زۆرجار یارمەتیدەر و کارا بۆ خزمەتکردنی پێویستییەکی ڕەوا لە ژیانماندا.

هەموو تەکنەلۆژیایەک پێویستی بە سنووردارکردنی هەیە، مۆبایلی زیرەکیش لەوە بەدەر نییە. ئەگەر بۆت دەرکەوت مۆبایلە زیرەکەکەت بە تەواوی پێویستە بۆ ژیان و پەیوەندیکردنت، ئامرازی ڕێکخەری ڕوون لە شوێنی خۆی دابنێ. ئەم دوازدە سنوورە لەبەرچاو بگرە:

١. هەموو ئاگادارکردنەوەکانی پاڵنەری ناپێویست بکوژێنەرەوە.
٢. سڕینەوەی ئاپەکانی بەسەرچوو و ناپێویست و کات بەفیڕۆدەر.[a]
٣. شەوانە مۆبایلەکەت لە ژووری نووستن دوور بخەرەوە.
٤. کاتژمێری زەنگداری ڕاستەقینە بەکاربهێنە، نەک زەنگی مۆبایلەکەت، بۆ ئەوەی مۆبایلەکە لە بەیانیاندا لەبەردەستت دوور بێت.
٥. پارێزگاری لە نەریتە ڕۆحییەکانی بەیانیان و شێوازی خەوتنی ئێوارانت بکە بە

[a] See the helpful app-management tips from Tristan Harris, “Distracted in 2016? Reboot Your Phone with Mindfulness,” tristanharris.com (Jan. 27, 2016).

بەکارهێنانی ڕێکخستنەکانی تەلەفۆن بۆ بێدەنگکردنی ئاگادارکردنەوەکان لەنێوان کاتژمێرێک پێش خەوتن هەتا ئەو کاتەی کە بە شێوەیەکی لۆژیکی چاوەڕێ دەکەیت کە بەیانیان بە خووە کەسییەکانت تەواو دەبێت (بۆ من ٩ی شەو هەتا ٧ی بەیانی).

٦. ئاپەکانی خۆ سنووردارکردن بەکاربهێنە بۆ یارمەتیدان لە سنووردارکردنی کارەکانی مۆبایلی زیرەکت و بڕی ئەو کاتەی کە لە پلاتفۆرمە جیاوازەکاندا بەسەری دەبەیت.

٧. بزانە کە زۆربەی ئەو شتانەی کە بە خێرایی وەڵامیان دەدەیتەوە دەکرێت چاوەڕێ بکەن. لە کاتێکی دواتر و گونجاوتردا وەڵامی بدەیتەوە.

٨. تەنانەت ئەگەر پێویستت بە خوێندنەوەی ئیمەیڵەکان بوو لە مۆبایلە زیرەکەتدا، لە ڕۆژدا خاڵە ستراتیژییەکان بەکاربهێنە بۆ وەڵامدانەوەی ئیمەیڵەکان لە کۆمپیوتەر (بۆ من نیو کاتژمێر لە کاتژمێر ٩ی بەیانی و ٤ی ئێوارە).

٩. هاوسەرەکەت و هاوڕێکانت و ئەندامانی خێزانەکەت بانگهێشت بکە بۆ ئەوەی سەرنجیان پێشکەش بکەن لەسەر خووەکانی بەکارهێنانت بۆ تەلەفۆنەکەت (زیاتر لە ٧٠٪ی باوەڕداران بە مەسیح لە ڕاپرسییەکەمدا گوتوویانە کەسی دیکە نازانێت چەند کاتیان بە ئینتەرنێت بەسەر بردووە).

١٠. لەکاتی نانخواردن لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت یان هاوڕێکانت، مۆبایلەکەت لەبەرچاو دووربخەوە.

١١. لەکاتی بەسەربردنی کات لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەت یان هاوڕێکانت، یان کاتێک لە کڵێسایت، مۆبایلەکەت لە شوێنێک یان لەناو ئۆتۆمبێلەکەتدا بەجێبهێڵە، یان تەنها بیکوژێنەوە.

١٢. لە ساتەوەختە ستراتیژییەکانی ژیاندا، ژەهری دیجیتاڵی لە ژیانت دووربخەوە و پێشینەییەکانی خۆت ڕێکبخەرەوە. هەنگاوێک لە سۆشیال میدیا دووربکەرەوە بۆ پشوویەکی ستراتیژی بەردەوام (هەموو بەیانییەک)، هەروەها شەبەتی[a] دیجیتاڵی (هەفتانە ڕۆژێک بێ ئینتەرنێت)، وە شەبەتی دیجیتاڵی ساڵانە (هەر ساڵی دوو پشوودان بۆ هەریەکەی ماوەی دوو هەفتە).[b]

## خۆت تاقی بکەرەوە

ناکرێت ئەم کتێبە کۆتایی بێت بەبێ لەبەرچاوگرتنی کاریگەری مۆبایلی زیرەکمان

a ڕۆژی شەممە واتا ڕۆژی حەوتم کە تەرخانە بۆ یەزدانی پەروەردگار(دەرچوون ٢٠: ١٠)

b See Tony Reinke, "Know When to Walk Away: A Twelve-Step Digital Detox," Desiring God, desiringGod.org (May 30, 2016).

لەسەر تەواوی جەستەمان. شتێکی بێ پاساو نییە کە زیاتر نیگەرانی بارگاویکردنەوەی مۆبایلەکانمانین لەوەی هەژماردی بکەین جەستەمان پێویستی بە چەند کاتژمێر خەوتن هەیە. ئێمە بوونەوەری بەجەستەکراوین، ئەوەش بەو واتایەیە کە شێوازی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی بە شێوەیەکی گشتی دەمانگۆڕێت؛ لە ڕووی دەروونی، جەستەیی و ڕۆحییەوە. پاشا سلێمان هۆشداری پێداین لەوەی مێشکمان لە تەواوی جەستەمان جیا نەکەینەوە، ئەوە فریودانێکی بەهێزە لە سەردەمی شاشە کە بە دەستلێدان (تاچ) کار دەکات.[a]

لێکۆڵینەوە لەدوای لێکۆڵینەوە دەریانخستووە کە بەسەربردنی کاتی زۆر لەگەڵ مۆبایلەکانمان کاریگەری قووڵی لەسەر تەندروستی جەستەییمان هەیە، بۆ نموونە (بەڵام سنووردار نییە بە) تەمبەڵی و قەڵەوی، فشار و دڵەڕاوکێ، بێخەوی و نائارامی، خراپی دۆخی جەستە و ئازاری مل، گرژبوونی چاو و سەرئێشە، وە بەرزی فشاری خوێن و شێوازی هەناسەدانی قووڵ بەهۆی فشارەوە. زۆرجار دەرەنجامە جەستەییەکانی خووە نادانابییەکانی مۆبایلی زیرەکمان بێ ئاگا دەبن، چونکە لە ڕیزبەندی جیهانی دیجیتاڵیدا بە سادەیی هەستکردن بە جەستەمان و دۆخی جەستەمان و هەناسەدانمان و لێدانی دڵمان لەدەست دەدەین.

گرنگیدانی زۆرمان بە وێنە پیشاندراوەکان دەبێتە هۆی کەمتەرخەمی سەبارەت بە جەستەمان. بڕۆ بۆ یوتیوب، بەدوای «ڕووداوی نامە ناردن و هاتوچۆ "texting and walking accidents"»دا بگەڕێ، کۆمەڵێک ڤیدیۆ کلیپی بەکارهێنەرانی مۆبایلی زیرەک دەبینیت کە هێندە سەرقاڵی مۆبایلەکانیانن بەبێ ئاگاداری ڕاستەوخۆ دەچن بەرەو ئاماژەکانی هاتوچۆی شەقامەکان یان دیوارەکان، دەکەونە ناو جۆگای ئاوی گشتی، یان خلیسکان و گیرخواردن لەناو شووراکانی شەقامەکان. مۆبایلەکانمان وای کردووە لە شوێنە گشتییەکاندا لە ڕووی جەستەییەوە لە کەسانی دیکە بێئاگا بین کە «لە گرتنی دەرگا بەهۆی ڕێزگرتنەوە گۆڕاوین بۆ وەستان لەبەردەمیدا لەبەر بێئاگایی.»[b]

شکستهێنانمان لە گرنگیدان بە دەرەنجامە جەستەییەکانی خووە مەجازییە بێ جەستەکەمان، هەڵەیەکە کە زۆرێک هەوڵی ڕاستکردنەوەی دەدەن.[c] یەکێک لە هیواکانم بۆ ئەم کتێبە لێکۆڵینەوەیە لە خۆئاگاداری نوێبۆوە لەوەی کە چۆن تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەرم هەیە، لەسەر تەواوی بوونی من. من دەمەوێت تۆیش ئاگاداری خۆت بیت.

---

a ژیرمەندی ١٢: ١٢.

b John Dickerson, "Left to Our Own Devices," Slate, slate.com (June 24, 2015).

c See David M. Levy, Mindful Tech: How to Bring Balance to Our Digital Lives (New Haven, CT: Yale University Press, 2016).

لـە کاتێکـدا دەتوانـم هەندێـک لـە نیشـانە ئەگەرییەکانـت بخەمـەڕوو، بـەڵام ناتوانـم دەستنیشـانت بکـەم، بـە دڵنیاییـەوە ناتوانـم ڕاتبسـپێرم بـە تـەواوی لـە مۆبایلەکـەت ڕزگارت بێـت.

پێویسـتە بەکارهێنانـی تەکنەلۆژیـا تاقـی بکەیتـەوە هـەروەک چـۆن شـێوازی خواردنـت تاقـی دەکەیتـەوە. ئەگـەر لـەدوای نانخـواردن هەسـتت بـە باشـی نەکـرد، لەخـۆت دەپرسـیت ئایـا بەهـۆی زیادەڕۆیـی لـە خـواردن بـووە، یـان هەسـتیاریت هەیـە بـەو شـتانەی کـە خواردوتـە، یـان لەبـەر ئـەوەی خواردنێکـی خێـرا، خواردنـی خـراپ، یـان خواردنـی ژەهـراوی خـواردووە. سـەبارەت بـە مۆبایلـە زیرەکەکـەت پرسـیاری هاوشـێوە بکـە. چـی بەسـەر دەروون و جەسـتەتدا دێـت کاتێـک بـۆ مـاوەی هەفتەیـەک لـە فەیسـبووک دوور دەکەویتـەوە، کاتێـک لـە مۆبایلەکەتـەوە وەڵامـی ئیمەیڵـەکان نادەیتـەوە، کاتێـک لـە نزیـک مۆبایلەکەتـەوە ناخەویـت، یـان کاتێـک بەکارهێنانـی تویتـەر سـنووردار دەکەیـت بـۆ کاتێکـی دیاریکـراو؟ وە لـە کاتـی خەریکبوونـت لەگـەڵ مۆبایلەکـەت، چاودێـری هەناسـەدان و ئاسـتی دڵەڕاوکـێ و دۆخـی جەسـتەت بکـە.

وە لـە ڕووی ڕۆحییـەوە هەمـان شـت بکـە. بەکارهێنانـی مۆبایلـی زیرەکـت بگـۆڕە و بزانـە ژیانـی خواپەرسـتیت چـی بەسـەر دێـت. ئایا بەیانیەکانـت بەرهەمدارتـر و سەرنجڕاکێشـترن؟ لـە کڵێسـا چـی ڕوودەدات کاتێـک مۆبایلەکـەت لەنـاو ئۆتۆمبێلـدا بەجێدەهێڵێـت؟

گـوێ لـە جەسـتەت بگـرە و گـوێ لـە ڕۆحـت بگـرە، ئـەو هەڵسـەنگاندنانە بەکاربهێنـە سـەبارەت بـە خووەکانـی بەکارهێنانـی مۆبایلـی زیرەکـت. کاریگەرییـە نەرێنییـەکان بەکاربهێنـە بـۆ هەڵسـەنگاندنی پەیڕەوکردنـت، وە بـا کاریگەرییـە ئەرێنییـەکان بەرچاوڕوونیـت پێبـدەن سـەبارەت بـە سـتراتیژییەکانی داهاتـووت.

ئـەو پرسـیارانەی دەربـارەی مۆبایلـی زیرەکمان دەیکەیـن گرنگـن. زۆرێـک لـە ئێمـە حـەز دەکەیـن بـە لیسـتێکی یاسـاکانی مۆبایلـی زیـرەک وەڵامـی ئـەم پرسـیارانە بدەینـەوە، بـەڵام ناتوانیـن بـە سـادەیی یـەک لیسـت چـاپ بکەیـن و لـە ژیانـی هەمـوو کەسـێک هەڵیبواسـین. لەگـەڵ دیاریکردنـی سـنوورێک بـۆ مۆبایلـی زیرەکـت، شـێوازێکی بـە نـۆرە بەکاربهێنـە، نوێـژ بکـە، مۆبایلـە زیرەکەکـەت بـە دانایـی خـودا بەکاربهێنـە، بـە هەمـوو ڕێگەیەکـی پێویسـت، هۆشـیاربە بـۆ ئـەوەی لـە تەڵـەی سـتراتیژییەتی "هیـچ"ی شـەیتان دوور بکەویتـەوە.

# کۆتایی

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، خۆم دەبینمەوە کە بەهۆی ماوەی خراپ بەکارهێنانی ئایفۆنەوە سەرزەنشت کراوم، هاندراوم بۆ دانانی پێوەرێکی باشتر بۆ خۆم (وە بۆ خێزانەکەم[a]). گیرم خواردووە لەنێوان دڵەڕاوکێیەکدا کە چۆن مۆبایلەکەم خووەکانم بە یەکتر دەگەیەنێتەوە و کاریگەری لەسەر جەستەم دەبێت. من پرسیار دەکەم ئایا دەتوانرێت دووبارە بەرنامەڕێژ بکرێمەوە، یان زۆر درەنگ بووە. لەگەڵ ئەوەشدا بە سوپاسگوزارییەوە سەرسامم بەوەی کە چۆن مۆبایلەکەم بەرهەمهێنان و گەیشتن بە خزمەتەکەم بەرەوپێش دەبات.

کاتێک پەیوەندیم کرد بە ئۆلیڤەر ئۆدۆنۆڤان، ڕەوشتناسە بەڕێزەکە، لێم پرسی: ئایا دەبێت باوەڕداران بە مەسیح هەست بە نائارامی بکەن سەبارەت بە سەرهەڵدانی تەکنەلۆژیای پەیوەندییە دیجیتاڵییەکان؟

بە داناییەوە هۆشداریدا و گوتی: «هەستکردن بە نائارامی وەڵامێکی بەس نییە. هەموو ئەو شتانەی کە بە سوپاسەوە لە خوداوە بەدەستدێن، پێویستە بە سوپاسەوە وەربگیرێن.» ئەوەش کاردانەوەیەکی باشە. درێژەی بە قسەکانی دا و گوتی، «ئەوەی من لە تەمەنی پەنجا ساڵ بوو، وە زۆر سەرقاڵ بوو، کاتێک یەکەم کۆمپیوتەری کەسی هاتە گۆڕەپانەکە، وە بۆیە ڕەنگە هەرگیز بەسەر دووفاقیی خۆماندا زاڵ نەبووین لەو ژاوەژاو و پەرتەوازەییە تەواوەی کە تەکنەلۆژیا دروستی کرد، چونکە دەبووا هەموو ئەو کارامەییانەی پەرەمان پێداوە فێرببینەوە. پاشان دووبارە فێرببینەوە، کاتێک شەپۆلی یەکەمی نەرمەکاڵای کۆمپیوتەر جێگەی خۆی بە شەپۆلی دووەم دا.»

گوتی کە ناچار بووە بە پێنج شەش شێوازی جیاواز فێری تایپکردنی ئەلفوبێی یۆنانی ببێت، لەگەڵ بەرەپێشچوونی نەرمەکاڵای کۆمپیوتەر نوێیەکان و گۆڕانکارییەکانی بەدرێژایی ساڵان.

سەرەڕای ئەم کەموکوڕیانەی تەکنەلۆژیا، «هێشتا دەتوانم سوپاسی خودا بکەم بۆ هەندێک شت کە ئەم داهێنانانە پێی بەخشیووم، وە هیوادارم نەوەکانم بتوانن سوپاسی خودا بکەن لەپێناو زیاتر. بەڵام چۆن فێری سوپاسکردنی خودا ببین؟ مرۆڤ ناتوانێت سوپاسی خودا بکات بۆ هەر شتێک کە نەتوانێت لێی تێبگات. ئەمە پرسیارێکی ڕاستەقینە و قورسە، وە تەنها بابەتی گەشبینی و باوەڕبوون بە پێشکەوتن نییە.»[b]

---

a See my family takeaways in Tony Reinke, "Walk the Worldwide Garden: Protecting Your Home in the Digital Age," Desiring God, desiringGod.org (May 14, 2016).

b Oliver O'Donovan, interview with the author via email (Feb. 10, 2016).

کەواتە چۆن بتوانین زاڵ بین بەسەر مۆبایلی زیرەکماندا؟ چۆن دەتوانین سوپاسی خودا بکەین لەپێناوی و لە هەمان کاتدا لە نوێژکردن بەردەوام بین بۆ ڕەخنە لەخۆگرتن بۆ خووەکانمان لە بەرکارهێنانی؟

## سەرسوڕهێنەرە نوێیەکان

جی. کەی. چێستەرتۆن (١٨٧٤-١٩٣٦) نزیکەی کۆتایی ژیانی نووسیویەتی: «من هێندە گەورەم بۆ ئەوەی جیهانی پێش ئامێری تەلەفۆنم لەبیر بێت.»[a] چێستەرتۆن منداڵ بوو کاتێک ئەلێکساندەر گراهام بێل بەڵگەنامەی داهێنانی پێ بەخشرا بۆ ئامێری دووبارەکردنەوەی دەنگی، هەتا کاتی مردنی چێستەرتۆن پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان لە سەرانسەری زەریای ئەتڵەسیدا بەیەکەوە دەبەستران. ڕەنگە سەیر بێت کە کتێبێک لەسەر مۆبایلی زیرەک بنووسرێت بە ئاوڕدانەوە لە تەلەفۆن کۆتایی پێبهێنیت، بەڵام بەو پێیەی ژیانی هەم داهێنان و هەم بڵاوبوونەوەی ئەم ئامێرە شۆڕشگێڕییەی گرتەوە، ڕەنگە چێستەرتۆن شتێکی هەبێت پێمان بڵێت.

ڕابوونی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵی لە سەردەمی ئێمەدا نزیکە لەوەی بە جادوو بچێت، جۆرێک لە جادوو کە دەبێت سەرسامی و سەرسوڕمانی ڕۆحمان فراوانتر بکات. بەڵام بە شێوەیەکی تایبەت وا ناکات. جادووەکە تێکدەشکێت، وەک ئەوەی چێستەرتۆن هۆشداری دا.[b] بەڵکو شۆڕشی تەکنەلۆژی «خێرا بووە لە کۆنبوونی شتەکان؛ پەلەکردنێک لە دابەزین بۆ جیهانی تەخت و خەمناکی هەڕەمەکی؛ پەلەکردن لە شتە سەرسوڕهێنەرەکان بۆ لەدەستدانی سیما سەرسوڕهێنەرەکەیان؛ لافاوێکی سەرسوڕهێنەر بۆ لەناوبردنی واتای سەرسوڕهێنەر. ڕەنگە ئەمە سروشتی پێشکەوتنی ئامێرەکان بێت، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ناتوانرێت پێشکەوتنی مرۆڤ بێت.»[c]

لە کۆتاییدا سەرسوڕهێنەرە تەکنەلۆژییەکانمان شکست دەهێنن لە بەدەستهێنانی سەرسامیمان؛ ئەوان ساردتر دەبن لە پرۆسەی میکانیکی ژیانی ڕۆژانەدا کە ئێمە بێ مەبەست لێی شارەزا دەبین. ئامێری کارپێکەری ئەلیکترۆنی لە بزوێنەری ئۆتۆمبێلەکانمان نموونەیەکی باشە. بیر لەوە بکەرەوە: بەبێ هیچ شتێک جگە لە وەرچەرخانی داردەستێکی بچووکی سیحراوی کانزایی، پریشکەکان شلەیەکی تەقینەوە دادەگیرسێنن کە لە شلەیەکی

a G. K. Chesterton, The Collected Works of G. K. Chesterton, vol. 35, The Illustrated London News: 1929–1931 (San Francisco: Ignatius, 1991), 252.

b In the words of one modern-day novelist, “The sexier our high-tech stuff gets, the less I am able to feel anything about it.” Charles Yu, “Happiness Is a Warm iPhone,” The New York Times, nytimes.com (Feb. 22, 2014).

c G. K. Chesterton, The Collected Works of G. K. Chesterton, vol. 37, The Illustrated London News: 4–1936 (San Francisco: Ignatius, 2012), 22–23.

ئۆرگانیکی کۆن پاڵاوتە کراوە -شلەیەک بە جۆرێک لە جۆرەکان لە قووڵایی زەویدا نوقم بووە، داپۆشراوە، بەهۆی تەمەن و فشارەوە شل بۆتەوە بۆ ئەوەی دواتر ببێتە دەرمانێک لە بۆشاییەکانی ژێر زەویەوە دەمژرێت و چارەسەر دەکرێت بۆ سووتەمەنییەکی سووتێنەر کە دواتر دەخرێتە ناو تانکیەکانەوە و لە کۆتاییدا دەخرێتە ناو سلندەرە نەرمەکانەوە کە لە پۆلایەکی ڕەقەوە نەخشێنراون، لەوێدا لەگەڵ ئەو پریشکانەدا کۆدەبێتەوە- دەبێتە هۆی تەقینەوەیەکی کۆریۆگرافی کە هێندە بەهێز و هێندە تەواوە و بە بەردەوامی بڵق دەکات کە دەتوانین، لەگەڵ ئاگر و بە پێیەکی درێژکراوەوە، خۆمان بە ئاسانی بەسەر شارەکەدا پاڵ بدەین لەسەر فەرشێکی جادوویی کە چوار تایەی هەیە.

بەڵام کاتێک داردەستەکە دەسوڕێنین و بەرهەمی ئەو شلە کۆنە دەتەقێتەوە و دەبێتە زنجیرەیەک تۆپی ئاگرین، بە سادەیی ئێمە دەڕۆین. بێگومان ئەگەر پاترییەکە بمرێت یان تەواوی سوتەمەنییەکە بەکارهات و داردەستە جادوویەکە بێ هێز بوو، سوێند دەخۆین و ئاژاوە دروست دەکەین. بەڵام زۆربەی کات، کاتێک هەموو شتێک بە باشی کاردەکات، ئێمە هەستی پێناکەین.

## بێباکیمان بەرامبەر بە سەرسوڕمانەکان

دەبێت سەرنجی ئەم سەرسوڕهێنەرانە بدەین، بۆیە لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٣٥، چێستەرتۆن لە ستوونێکدا سەبارەت بە سەرسوڕهێنەرە نوێیەکان، بە ناوی «بێباکیمان بەرامبەر بە سەرسوڕهێنەرەکان» باسی بیرچوونەوەی تەکنەلۆژی کرد.[a] هەتا ئێستاش وەک یەکێک لە گرنگترین بەشدارییەکانی باوەڕداران بە مەسیح لە سەردەمی دیجیتاڵیدا ماوەتەوە. چێستەرتۆن لە نووسینەکەیدا کاری کرد لەسەر ڕوونکردنەوەی ڕوانگەی خۆی سەبارەت بە بوونی بتپەرستی:

«پێم بڵێن کە ئەو بازرگانە مێشک جەنجاڵە وەک ئەوەی لە نوێژدا ڕابوەستێت کاتێک گوێی لە دەنگی تەلەفۆن دەبێت، وەک جوتیارانی میلیت لە ئەنجێلۆس؛ پێم بڵێن کە لە سندوقی تەلەفۆن نزیک دەبێتەوە بە ڕێزەوە کڕنۆش دەبات؛ تەنانەت پێم بڵێن کە وەک بتپەرست ستایشی دەکات لەبری ڕێوڕەسمی باوەڕداران بە مەسیح، کە گوێی خۆی دەداتە سەماعەکە وەک ئەوەی گوێ لە جادووگەری دێلفی بگرێت، یان بیر لەو خانمە گەنجە دەکاتەوە کە لەسەر کورسییەکی نووسینگەی بۆرسە دانیشتووە وەک کاهینێک کە لەسەر تەختێکی سێ پایە دانیشتووە لە پەرستگایەکی دووردا؛ تەنانەت پێم بڵێن کە ئەو پێزانینیەکی شیعر ئاسای هەیە بۆ بیرۆکەی هاتنی ئەو دەنگە مرۆییە بەسەر گرد و دۆڵەکاندا -هێندەی پێزانینی مرۆڤ لەبارەی کەڕەنای ڕۆلاند یان هاوارەکەی ئەکیلەوە-

---

a هەمان سەرچاوەی پێشوو ٢١-٢٤.

پێم بڵێن کە ئەم دیمەنانەی پەرستن یان وروژاندن لە نوسینگەی بازرگانیدا باون لەسەر وەرگرتنی پەیوەندی تەلەفۆنی، وە پاشان (بەو گریمانە سەرەتاییەی باوەڕم بە وشەیەک هەیە کە تۆ دەیڵێیت)، ئەوا بەڕاستی من بەدوای بازرگانە سەرقاڵەکە و داهێنەری بوێر و زانستی تۆدا دەڕۆم بۆ داگیرکردنی جیهانە نوێیەکان و بۆ سەرکەوتن بۆ سەر ئەستێرەکان. چونکە ئەو کاتە دەزانم کە بەڕاستی ئەوەی دەیانەوێت دەیدۆزنەوە و لەوە تێدەگەن کە دەیدۆزنەوە؛ دەزانم کە ئەوان ئەزموونی نوێ بۆ ژیانمان و هێز و خولیای نوێ بۆ ڕۆحمان زیاد دەکەن؛ کە وەک مرۆڤ وان کە زمانی نوێ، یان هونەری نوێ، یان قوتابخانەی نوێی تەلارسازی بدۆزنەوە. بەڵام تەنها شتێک کە دەتوانن بڵێن ئەوەیە کە دەتوانن شتگەلێک دابهێنن کە بە گشتی ئاسانکاری باون، بەڵام زۆرجار نارەحەتی باون.[a]

لەم بابەتەدا چێستەرتۆن چالاکی بە ئەفسانەی بتپەرستی دەکات. بۆ ئەوەی ئەمە لە وەرگێڕانێکی کورتتری خۆمدا دابنێم، پێدەچێت بڵێت کە بتپەرستی پێش سەردەمی نوێ باشتر دەگونجا لەگەڵ سەردەمی تەکنەلۆژیا لەوەی کە ئێستا ماتریالیستی عەلمانی هەیەتی. چێستەرتۆن پەیامهێنەرێک بوو کە سەرهەڵدانی جیهانێکی بێهیوا و میکانیکی بینی کە بە تەکنیکەکانی تەکنەلۆژیا بەڕێوەدەبرا. وە بینی مرۆڤەکان وەک شتێکی ڕۆبۆتی بێ سۆز کاردانەوەیان هەیە. کەواتە، لەم بابەتەدا، بە ڕاکردن دێتە لامان و دەستەکانی بەرز کردۆتەوە، بە نارەزایەتییەوە دەستی دەجووڵێنێت. وە ناتەبایی ئەو ئەمڕۆ بە شێوەیەکی ڕاست دەنگ دەداتەوە: «سیستەمی مۆدێرن پێشگریمانە دەکات کە کەسانێک بە شێوەیەکی میکانیکی هەڵسوکەوت لەگەڵ میکانیک دەکەن؛ نەک کەسانێک بە شێوەیەکی ناڕوون وەریبگرن.»[b] ئەوە ترسی ئەو بوو. چێستەرتۆن پێی وابوو کە ماتریالیزم لە پشت هەردوو بیرۆکەکەدایە: مۆبایل نەفرەتمان لێدەکات یان مۆبایل ڕزگارمان دەکات. نەفرەتکردن لە مۆبایل کارێکی بتپەرستییە، تەواو وەک پەرستنی مۆبایلە. چارەسەر ئەوەیە کە ئێمە بە دانایی چێژ لە مۆبایلی زیرەک وەربگرین؛ بە شێوەیەکی خەیاڵی و زاڵ، وەک شتێک کە دەبێ سەرسوڕمانەکەمان قووڵتر بکاتەوە.

کەواتە کاتێک کۆمەڵناسێکی سەردەمی مۆدێرن دەڵێت تەنها ئەوانەی «توانای لابردنی تەکنەلۆژیایان هەیە دەتوانن لە شوێنێکی دیکە دەست بکەن بە گەڕان بەدوای واتا و هیوادا،» بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕاست دەکات.[c] هیوامان بە ڕزگارکەری کۆتاییمان لە تەکنەلۆژیادا نییە. ئێمە تەکنەلۆژیا بۆ مەبەستی تایبەت بەکاردەهێنین. بەڵام چێستەرتۆن

a هەمان سەرچاوەی پێشوو، ٢٣-٢٤.

b G. K. Chesterton, The Collected Works of G. K. Chesterton, vol. 5, The Outline of Sanity; The End of the Armistice; Utopia of Usurers—and Others (San Francisco: Ignatius, 1987), 152.

c Richard Stivers, Shades of Loneliness: Pathologies of a Technological Society (Lanham, MD: Rowman & Littlefield, 2004), 121.

پاڵـمان پێوەدەنێـت بـۆ ئاراسـتەیەکی تەندروسـت. لـە کاتێـکدا تەکنۆفیتیشـیزم وەک ئامانجێـک لـە خۆیـدا هەرگیـز ئامانـج نییـە، بـەڵام چارەسـەرەکە ئەوەیـە کـە مۆبایلـی زیـرەک لەکاربخرێت. چێستەرتۆن قەدەغـەی دەکات کـە کوێـر بیـن لـە بەرامبـەر هێـزی نـاوازەی مۆبایلەکانـمان، کـە دەکرێ بگەڕێتـەوە بـۆ شـکۆمەندی خـودا. ئێمـە لـە بیپی کورتـە نامەیـەک نزیک دەبینـەوە نەک بـە وروژانێـک بـۆ کنجۆڵـی بەڵکو وەک ئاماژەیەکـی نـوێ بـۆ سەرسـوڕمانییەکی تەندروسـت.

## سوپاسگوزار بۆ فرمێسکەکان

ژیانـم بـە یەکێـک لـە دوو ڕوانگـە بەڕێوەدەچێـت: شـکۆمەندی خـودا لـە دەوری خودادایـە، لـە جیهانێـکدا پـڕ لـە شـکۆمەندی ئـەو و بـە سـەروەری ئـەو بەڕێوەدەچێـت، یـان بێبـاوەڕی تەکنەلـۆژی، دوور لـە خـودا، بـە بـاوەڕ بـە تەکنیـک و ڕێـکارە دروسـتەکان بـۆ بەڕێوەبردنـی ڕاستی لـە جیهانێکـی ئـازاد و میکانیکیـدا.[a] ئەمـە ئـەو بڕیارەیـە کـە هـەر جارێـک مۆبایلەکانـمان هەڵدەگریـن ڕووبەڕوومـان دەبێتـەوە.

لـە کۆتایـی لێکۆڵینەوەکانـم بـۆ ئـەم کتێبـە، پرسـیارم لـە جـان پایپـەر کـرد کـە چـۆن تەکنەلۆژیـا بەکاردەهێنێـت لـە بەدیهێنانـی ئامانـج و بانگـەوازی ژیانیـدا، ئەویـش خێـرا ڕژایـە سـەر هەمـوو ئـەو ڕێگایانـەی کـە ئـاپ و نەرمەکاڵاکانـی کتێبـی پیـرۆز بەدرێژایـی سـاڵان خۆراکیـان بـە ڕۆحـی داوە. لـە کۆتاییـدا تەماشـای خـوارەوەی لاپتـۆپ و ئایپـاد و ئایفۆنەکـەی کـرد کـە هەموویـان لەسـەر مێزەکـە دانرابـوون و گوتـی: «خریکـە فرمێسـک هەڵبڕێـژم بـۆ ئـەوەی کـە چەنـدە بەهـادارن بـۆ مـن.» بەڵـێ، ئەوانـە ئامـرازی درەوشـاوەن کـە زیاتـر لەلایـەن ئـەو ژن و پیاوانـەوە دروسـتکراون کـە ملکەچـی خـودا نیـن، هەروەهـا دووپاتـی کـردەوە و گوتـی، ئەوانـە ئامـرازن کـە ژیانـی بـەڕووی هـەزاران فریودانـی گونجـاودا دەکەنـەوە، بـەڵام ئەگـەر بـە وردی و وریاییـەوە بەکاربهێنرێـن، ئـەوا ئامـرازە دیجیتاڵییـەکان، هـەروەک گوتـی: «سـندووقێکی گەنجینـەی شـکۆمەندی خـودان.»[b]

مـن زۆر حـەز لـە ڕێکخسـتنی دەکـەم؛ لـە بەکارهێنانـی مۆبایلەکـەم وەک ئامرازێـک بـۆ ئـەوەی بەڕاستی ڕووبـەڕووی خـودا ببمـەوە، بـۆ ئـەوەی بـە پێزانینـەوە سـوودی لـێ وەربگـرم لـە بەهـا هەمیشـەییە تەواوەکـەی. بـەڵام بـۆ زۆرێـک لـە ئێمـە کـە ئـەم پێگەیشـتنەمان نییـە، تەکنەلۆژیـا مەیلـی ئـەوەی هەیـە کـە خـۆراک بـە بێهودەییـمان بـدات و سەرسـوڕمانییەکەمان بکوژێـت. لـە خراپتریـن حاڵەتـدا مۆبایلەکانـمان داردەسـتێکی فەرمانڕەوایـن لەدەسـتمان، بەڵێـن دەدەن گۆشـەگیرییە گوناهبارەکـمان بپارێـزن، خۆگەورەییـمان پیشـان دەدەن، پشـتگیری

a See Tony Reinke, "The Rise of the Modern Control Freak," tonyreinke.com (March 16, 2016).

b John Piper, interview with the author via Skype, published as "How Do You Use Your iPhone and iPad in Christian Growth?" Desiring God, desiringGod.org (April 1, 2016).

تــاوەرە دیجیتاڵیەکانــی ستایشــکردنی خۆمــان دەکــەن، بــرەو بــە ماتریالیزمــمان دەدەن، وە فریومــان دەدەن بــۆ خراپەکارییــە بەنــاو «نادیــارەکان»، وە هەڵســەنگاندنی "هەڵهاتــن"ی بوونەوەربوونمــان. ناتوانیــن بــە خــراپ بەکارهێنانــی تەکنەلۆژیــا سەرســام بیــن. سەرسوڕمانی ڕاستەقینە پێویستــی بــە ســاکاری هەیــە. سەرســوڕمان خۆشــی تایبەتــی خودایــە کــە بــۆ ئــەو کەســانە تەرخانکــراوە کــە لــە ژێــر سەرســامی خــودای بــاوک بوونەتــە منــداڵ و ســاکار. بــە ســاکاری دەبینــە «سەرســوڕهێنەر»، ئــازاد لــە بێهیوایــی عەلمانــی، وە لــە بەڵێنەکانــی بازرگانــی کــە ماتریالیــزم ناتوانێــت بیگەیەنێــت، وە لــە تەڵــەی کاتیــی ڕزگارمــان دەبێــت بــۆ ئــەوەی بــە ڕوونــتر شــکۆمەندی خــودا لــە تەکنەلۆژیاکەمانــدا و لــە ڕێگــەی تەکنەلۆژیاکەمانــەوە ببینیــن.

کاتێــک مۆبایلــی زیرەکــمان بــە دروســتی بەکاردەهێنیــن، شاشــە درەوشــاوەکانیان بــە گەنجینــەی شــکۆمەندی خــودا لــە مەســیحدا دەدرەوشــێنەوە، وە لــەو شــکۆمەندییە درەوشاوەکەیەدا، چاوخشــاندنێکی خێــرا دەکەیــن بــە ســەردەمێکی گەورەتــر کــە لــە داهاتــوودا دێــت.

## داهاتوو

مەســیح ســەروەری بەســەر هەمــوو تەکنەلۆژیایەکــدا هەیــە، بــەڵام هێشــتا هەمــوو تەکنەلۆژیایــەک نەخراوەتــە ژێــر خواســتی هەڵســوکەوتی ئــەوەوە. کاتێــک ئــەو ڕۆژە هــات خودا لەپێــش چاومــان پــەردە لەســەر شــارە پیرۆزەکــەی لادەدا. ئــەم شــارە لــە هەمــوو گوناهێــک دوور دەبێــت، پــڕ دەبێــت لــە داهێنــان کــە ئێســتا ئەندێشــەکردنی مەحاڵــە. یۆحەنــای نێــردراو پێشــبینییەکمان دەربــارەی ئەمــە پێــدەدات:

> بینــای شــووراکە لــە یەشــب بــوو، شــارەکەش لــە زێــڕی بێگــەرد بــوو، وەک شووشــەی ســاف. بناغەکانــی شــووراى شــارەکە بــە هەمــوو بەردێکــی گرانبەهــا ڕازێنرابــووەوە. بناغــەی یەکــەم یەشــب، دووەم یاقووتــی شــین، سێیەم یاقووتی سپی، چــوارەم زمرووت، پێنجــەم شــیلانە، شەشــەم یاقووتــی ســوور، حەوتــەم زەبەرجــەد، هەشــتەم زمــرووتی ســەوز، نۆیــەم یاقووتــی زەرد، دەیــەم یاقووتــی ســەوز، یازدەیــەم یاقووتــی زەعفەرانــی، دوازدەیــەم جەمشــت. دوازدە دەرگاکــەش دوازدە مرواریــن، هــەر دەرگایــەک لــە یــەک دەنکــە مــرواری بــوو. شــەقامی شــارەکە لــە زێــڕی بێگــەرد بــوو وەک شووشــەی ڕۆشــن. (ئاشــکراکردن ٢١: ١٨-٢١)

ئــەم شــارە نوێیــە نایــاب و ناوازەیــە لــە باشــترین کەرەســتەی خــاوی ســەر زەوی دروســت دەکرێــت، گەوهــەر و کەرەســتە بەهادارەکانــی ڕووناکــی درەوشــاوەی بەدیهێــنراوی نــوێ دەدرەوشــێننەوە -عیســای مەســیحی شــکۆمەند- وە سەرســامکەر دەبێــت! خــۆر لــە

ئاسمانەکەماندا تەنها پێکهاتەیەکی جێگرەوەیە بۆ شکۆمەندییەک کە دێت و حەوت هێندە گەشاوەتر دەبێت و هەموو ئەم بەدیهێنراوە نوێیانە هونەری ڕاستەقینە دەبن، درەوشاوەیی کوڕ هێندەی دیکە درەوشاوەتر و سەرسوڕهێنەرتر دەکەن.

ئەم بینینە چەندە نایاب بووە لە سەردەمی یۆحەنا، لە ئیسرائیل، کە دیمەنە سروشتییەکان لە تۆز و خانووەکان لە بەرد دروستکرابوون، شەقامەکان لە قوڕ دروستکرابوون و تاریکی نیوەشەو بێ سنوور بووە.

ڕەنگە ئەندێشەکانمان بازدانێکیان لەسەر وێنەکان هەبێت؟ چەندین سەدەی داهێنانی تەکنەلۆژیا وا دەکات دیدگای یۆحەنا زیاتر بۆ ئێمە ڕاستەقینە بێت. دەتوانین دەست بکەین بە ئەندێشەکردنی جیهانێک کە شەوێکی ڕاستەقینەی تێدا نەبێت، چونکە کارەبامان هەیە بۆ درەوشاندنەوەی گڵۆپەکان بە بەردەوامی، تەنانەت بۆ ڕووداوە وەرزشییەکانی دەرەوەش. تەلارە هەوربڕەکانی شارەکانمان بە شووشە ڕووپۆش کراون، کە ڕەنگدانەوەی خۆرئاوابوونێکی شکۆمەندن بە ئاسۆیەکی زێڕین. دەتوانین دەست بکەین بە تێگەیشتن لە شارێکی تۆکمە، کە بە شکۆمەندی دەدرەوشێتەوە و توانای لەخۆگرتنی ڕووناکی هەبێت.

بەڵام جیهانی ئێمە هێشتا تەنها ڕەنگدانەوەیەکی کاڵە. بەهێزترین شوراکانمان و باشترین ڕێگاکانمان پۆڵا و کۆنکرێت و قیری ڕەشن نەک زێڕی ڕوون. شووشە ناتوانێت قورسایی شارەکانمان هەڵبگرێت، ئەگەر بشیکات، ناتوانێت شکۆمەندی تێپەڕ بکات وەک ئەو جیهانە نوێیەی کە لەسەری دەخوێنینەوە و بە جیهانەکەماندا تێپەڕێت. لە ئێستادا، ئێمە بەردەوام بە لاکێشە درەوشاوەکانی ئامێرەکانمان ڕووناک دەبینەوە، بەڵام نەک بە بەردەوامی بە شکۆمەندی جەستەیی مەسیح.

ئامانج لە کتێبی پیرۆز ئەوەیە کە شارە خراپەکەی بابل و هەموو ئامێرە دوور لە خوداکانی لە ڕەگەوە هەڵدەکێشرێن و فڕێدەدرێن بۆ ئەوەی شوێن بکەنەوە بۆ شاری خودا، ئۆرشەلیمی نوێ، کە بە دیمەن و تەکنەلۆژیایەک دەدرەوشێنەوە کە ئێستا ئەندێشەی

ناکرێت و لە هەموو داهێنەر و چاوەڕوانییەکانی مرۆڤ تێدەپەڕن.[a]

گەورەترین پێویستیمان لە سەردەمی دیجیتاڵیدا ئەوەیە کە شکۆمەندی مەسیحی نەبینراو لە درەوشاوەیی شین و کاڵ و بێهێزی کتێبە پیرۆزە پێکسڵییەکانماندا ببینین، بە باوەڕ.[b] بەڵام لە بەدیهێنراوی نوێدا، لە شارە تەواوکراوەکەی خودادا، چێژ لە شکۆمەندی گەشاوەی مەسیح وەردەگرین، بە بینین. ئەم ساتە ترۆپکی ژیانمان دیاری دەکات، کاتێک دەگۆڕدرێین بۆ هەڵگری تەواوەتی وێنەی خودا.[c] لەم بینینە خۆشەدا، ڕۆحمان خۆشحاڵ دەبێت بۆ هەمیشە دڵمان خۆشحاڵ دەبێت و بێ شەو دەبێت. بەدیهێنراوی نوێ پەرۆشی عیسا و نوێژی ئەو بەدی دەهێنێت کە ئێمە لەگەڵیدا بژین، نەک تەنها بۆ ساتێکی نایاب،[d] بەڵکو بۆ هەتاهەتایە، لە ڕۆشنایی شکۆمەندییەکەی کە کاڵنابێتەوە.[e]

---

a ئیشایا ٦٠: ١٧-٢٢. ئایا ئەو بینینەی لە سیپارەی ئاشکراکردن هاتووە ئاماژە بە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زیادەی گشتی دەکات لە بەدیهێنراوی نوێدا؟ بەڵێ و نەخێر. پێموایە یۆحەنا داهێنانێکی بینیوە کە نەیتوانیوە بە تەواوی بیخاتە ڕوو، بەڵام من ئاماژە بەوە ناکەم ئەو گەوهەرانەی لە دیوارەکاندا جێگیرکراون، بەڕاستی شاشەی تاچ، گڵۆپی LED، یان هەر شتێک کە لە پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان بچێت کە ئەمڕۆ پێی ئاشناین بە سادەیی لە بینینەکەیدا پڕۆژە کراوە. دەبێ خۆمان بەدوور بگرین هەم لە ئەندێشەی هەتاهەتاییەکی بێ تەکنەلۆژیا کە بە تەواوی پەیوەندی بە داهێنانی مرۆڤەوە نییە و هەم لە بیرکردنەوە لەوەی کە ئەوەی بەهەشت دەکاتە بەهەشت، کەلتووری تەکنەلۆژیایەکەیەتی. شکۆمەندی بەرخەکە لە هەموو شوێنێک دەبێتە کرۆکی ژیانی هەتاهەتایی و هەموو تەکنەلۆژیای داهاتووش خزمەت بەو دەکات. بەڵام من پێموایە مێژووی ڕزگارکەر ئاماژە بەوە دەکات کە پێویستە چاوەڕوانی بەردەوامی بین لە نێوان پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی و ئەو تەکنەلۆژیایەی کە لە ژیانی هەتاهەتایی دەردەکەوێت، لەوانەش شتگەلێکی وەک گەشتە ئاسمانییەکان. ئەگەر حوکمڕانی و کاری مرۆڤ لە جیهانی ئاسمانیدا هەبێت، وە من پێموایە کە هەیە (مەتا ٢٥: ١٤-٣٠)، ئەوا دەبێت باوەڕم بەوە هەبێت کە ژیانی هەتاهەتایی بەردەوام دەبێت لە دابینکردنی قۆناغێک کە تێیدا پەردە لەسەر پێشکەوتنە تەکنەلۆژییە بێکۆتاکانی هەڵدەدەین باشترە لە هەموو شتێک کە لەسەر زەوی دەیزانین، بەڵام لە ڕێڕەوی تەکنەلۆژیا کە ئێستا شایەتی ئەوەین، نەگۆڕین. نیعمەتی خودا مەبەستە تەکنەلۆژییەکانمان پاک دەکاتەوە و تەواوی دەکات، هەرچەندە دەبێت ناڕوونییەکی زۆر لە پێشبینییەکانماندا بەجێبهێڵین.

b دووەم کۆرنسۆس ٣: ١٢ -- ٤: ٦.

c یەکەم یۆحەنا ٣: ٢.

d مەتا ١٧: ١-٨؛ مەرقۆس ٩: ٢-٨؛ لۆقا ٩: ٢٨-٣٦.

e یۆحەنا ١٧: ٢٤؛

The most beautiful sustained meditation on this passage is found in John Owen's Meditations and Discourses on the Glory of Christ, in The Works of John Owen, ed. William H. Goold (Edinburgh: Banner of Truth, 1965), 1:273–461.

## گەڕانەوە بۆ داهاتوو

کەواتە، نەخێر، سەیر نییە کە بە تەلەفۆنی مۆمدار کۆتایی بە گەشتەکەمان بهێنین. تەکنەلۆژیاکانمان لە چاوتروکانێک مۆدێلیان تێدەپەڕێت و بەسەردەچن، ئەو ئامێرە مۆبایلە زیرەکانەی ئەمڕۆ بە نرخێکی زۆرەوە دەستمان کەوتووە، بەم زووانە لە ژێر ڕۆشنایی داهێنانە نوێتر و باشترەکاندا بێناوبانگ دەبن. لە کۆتاییدا هەموو ئامێرەکانی ئێستامان فڕێ دەدرێنە لایەک، کاتێک خودا پلانی سەرەکی خۆی ئاشکرا دەکات بۆ هەموو ئەوەی تەکنەلۆژیا بە درێژایی ماوەکە لە پێشەنگدا بوو.

من نالێم تەکنەلۆژیا بێ بەهایە؛ بە دڵنیاییەوە نالێم هەموو تەکنەلۆژیایەک بۆ هەتاهەتاییدا دەژییێت؛ وە لە دڵەوە هیوادارم ئەو تەکنەلۆژیا و پلاتفۆرمە کۆمەڵایەتیانەی کە لە کاتی نووسینی ئەم کتێبەدا باون، کۆن ببن و شوێن بۆ تەکنەلۆژیای نوێ بکەنەوە -باشتر لە خۆیان- لەبەردەستمان بێت. خودی داهاتوومان ئاوڕێک لە خودی ئێستامان دەداتەوە و بە لاکێشە درەوشاوەکانمان پێدەکەنین، وە بە وایەرەکانی ناو گوێچکەمان، وایەری شەحنکردنەوەی ئاڵۆز و پاترییە سنووردارەکانمان. ئەو ئامێرە قورسانەی ئێستا هەڵیدەگرین وەک ئەوەی داهێنانی ناوازەن نەوەکانمان بە زەحمەت دەیناسن، وەک ئەوەی منداڵەکانم نازانن کاسێت چییە. ئێمە بە مۆبایلی زیرەک تووشی گەمژەیی دەبین، وەک بوونەوەرێکی سنووردار کە تەنها لە بوار و کاتدا دەکرێت بژییێت. ڕەنگە ڕوخسارمان سەرسامییەکی چێستەرتۆنی هەبێت لەسەر مۆبایلی مۆمدار، بەڵام ڕاستییەکە هەروایە: مۆبایلی زیرەک سەرسوڕهێنەری تەکنەلۆژین لە سەردەمی ئێمە. وەک کاریگەرترین ئامێر لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەربڵاوە. وە لەگەڵ ئەوەشدا خەریکە تێدەپەڕێت. خەریکە بەسەردەچێت. وە ئێمە بانگ کراوین بۆ ئەوەی بە زیرەکی مۆبایلی زیرەک بژین لە کاتێکدا ئێمە لە مەسیحدا بەرەو شارێکی درەوشاوەی پڕ لە شکۆمەندی و داهێنان دەڕۆین کە مۆبایلی زیرەکمان کاڵ دەکاتەوە بۆ یادەوەرییەکی تەماوی.

# سوپاس و پێزانین

ژیانی دانایی لە سەردەمی مۆبایلی زیرەکدا پێویستی بە یەکلاکردنەوەی گرێیەکی زۆر ئاڵۆز لە کێشەکان هەیە، بۆ ئەوەش پێویستم بە یارمەتی هەبوو. مکوڕی ئەو ئەرکە پێویستی بەوە بوو زۆرێک لە ئەقڵی باوەڕداران بە مەسیح کۆببنەوە و بە ساکارییەوە بۆ چارەسەرێکی وورد کاربکەن. ئەم کتێبە لەبەر ئەوە هاتە بەرهەم کە تیمێک هاوڕێیان بەشدارییان کرد و هەموویان شایەنی باسکردنی تایبەتن. (هەرچەندە لەگەڵ ئەوەی کات هەڵە و کورتبینی ئەم کتێبە ئاشکرا دەکات، بەڵام ئەو هەڵانە لە ئەستۆ دەگرم).

سوپاسێکی تایبەت بۆ ئەو زانایانەی یەزدانناسی کە ڕازی بوون لە چاوپێکەوتنەکانیان لەگەڵمدا وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە سەبارەت بە تەکنەلۆژیا، وە هیچیان بەقەد جان پایپەر زیاتر نەبوون کە وەڵامی سەدان پرسیاری منی داوەتەوە لە پۆدکاستە ڕۆژانەکەی بە ناوی لە قەشە جان بپرسە. قەشە جان، ئامادەیی تۆ بۆ وەڵامدانەوەی دەیان پرسیار لەسەر تەکنەلۆژیا بۆ پۆدکاست (وە لە کۆتاییدا بۆ خوێنەرانی ئەم پرۆژەیە) زۆر بەرز دەنرخێندرێت. من پێشەنگییەکەتم خۆشدەوێت، هاوڕێیەتیت بەرز دەنرخێنم و سوپاسی خودا دەکەم بۆ ئەو شێوازەی کە بە ڕژدییەوە وێنای دەکەیت بۆ ڕاڤەکاری و یەزدانناسی و ڕەوشت.

سوپاسێکی تایبەت بۆ چەندین زانای یەزدانناسی و مێژوونووس و فەیلەسوف و زانای ڕەوشتناس و قەشە و هونەرمەندی دیکە کە ڕازی بوون چاوپێکەوتن بکەن لەگەڵم لەسەر بابەتگەلێکی جۆراوجۆری تەکنەلۆژیا: فرانسیس چان، مات چاندلەر، سینکلێر فێرگسۆن، کرایگ گەیی، دۆگلاس گرۆتویس، بروس هیندمارش، تیم کێلەر، تریپ لی، پیتەر لیتارت، ڕیچارد لینتس، ئۆلیڤەر ئۆدۆنۆڤان، ڕەی ئۆرتلوند، دەیڤید پاولیسۆن، ئەلستەر ڕۆبەرتس، کیڤن ڤانهۆزەر و دەیڤید وێلز. (من قسەی هەموو ئەم پیاوانەم لەو چاوپێکەوتنە سەرەکییەکان وەرنەگرتووە، بەڵام نووسراوەکان لە ماڵپەڕی tonyreinke.com کۆکردۆتەوە.)

مۆبایلی زیرەک و سۆشیال میدیا هەرگیز لە گۆڕانکاری ناوەستن، ئەوەش بەو واتایەیە کە دانایی بۆ ژیانی باوەڕدار بە مەسیح لە سەردەمی دیجیتاڵیدا هەمیشە بەرهەمی گفتوگۆی بەردەوامی نێوان ڕابەرە باوەڕدارەکان، دایک و باوک، هاوڕێیان و کڵێسا ناوخۆییەکانە. هیوادارم ئەم کتێبە یارمەتیدەر بێت بۆ وروژاندنی زۆر گفتوگۆی نوێ. ئەو هاوڕێیانەی کە لەسەر ئەم کتێبە گفتوگۆیان لەگەڵ کردم بریتین لە جۆ و سیلقی ئۆسبورن کە بڕێکی سەرسوڕهێنەر لە بیرکردنەوە و کارلێکی ڕەخنەگرانەیان وەبەرهێناوە، هەروەها جۆن دایر، جانیس ئیڤانس، تریسی فرۆهۆف، گلۆریای فورمان، یاسەمین هۆڵمز، براد لیتلجۆن، دەیڤید مۆرای، کیم کاش تایت، وە لیز وان. سوپاس بۆ هەمووتان.

سوپاس بۆ چوار سەرنوسەری سەرەکی: ئەلیستەر ڕۆبەرتس، پۆڵ ماکسوێڵ، جۆن ڤیکێری و برایان دیوایر، باشترین هاوڕێی توێژەرێک، کە بابەتەکانی پەیوەندیداریان لەسەر تەکنەلۆژیا بەڕێوەبرد.

سوپاسێکی گشتی بۆ تەواوی تیمی کرۆسوەی (Crossway) بۆ بەردەوامییان لە باشترین ئاستیان لە هەموو ئاستێکی بڵاوکردنەوەدا، هەروەها سوپاسێکی تایبەت بۆ ڕاوێژکار و هاوڕێکەم جەستن تایلۆر کە ئەم پڕۆژەیەی بەدیهێنا. وە سوپاس بۆ سەرنوسەری دانا و سەرنوسەری ستراتیژیم گرێگ بەیلی کە هەموو لاپەڕەیەکی ئەم کتێبەی دەوڵەمەند کرد. شانازییە کە لەگەڵ ئێوەدا کار بکەم و سوود لە باشی نووسینتان وەربگرم.

دیزاینی بەرگەکە پێویستی بە سوپاسێکی بێپایان هەیە بۆ دیزاینەری خاوەن دیدگا جۆش دێنیس لە کۆمپانیای کرۆسوەی کە ئەندێشەی پیاوی ئایفۆنی کردووە؛ وە بۆ دۆن کلارک لە کۆمپانیای (Invisible Creature Inc) کە دیزاینی کردووە؛ وە بۆ کورتیس کلارک، گیتارسازێکی شارەزا، کە بە لێهاتوویی لە دارتاشییەکەی هێنایە ئاراوە. وێنەی بەرگەکە هەرگیز بە تەواوی نوێنەرایەتی هاوسەنگییەکەی ناکات (پیاوی ئایفۆنی شەش پێ بەرزە و کێشی ٢٥٠ پاوندە!). جۆش، دۆن، کورتیس؛ سوپاسگوزاری خودام بۆ شارەزایی و داهێنان و لێهاتوویی هونەریتان.

سوپاس بۆ سێ منداڵە بەهادرەکانمان- جی ئۆن، کریستابێل و بونیان. کاتێک بە بێدەنگی کتێب دەنووسم، زۆرجار بە خەیاڵمدا دێت کە قسەتان لەگەڵ دەکەم، یان وردتر بڵێم بۆ خودی داهاتووتان دەنووسم. بۆیە دەمەوێت سوپاسی ئێوە (خودی ئێستاتان) بکەم لەسەر پشتگیری و خۆشویستنم لە کاتێکدا ئەم بابەتەم نووسی، وە سڵاو و سوپاس بۆ (خودی داهاتووتان) بۆ خوێندنەوەی. ئێوەم خۆشدەوێت.

لە سەرووی هەمووشیانەوە سوپاسی ڕزگارکەر و خودا دەکەم بۆ ئەو نیعمەتەی کە پێم بەخشراوە. ئیتر، سوپاست دەکەم، کارالی، هاوسەرەکەم. ڕەنگە تێنەگەم کە سوپاس و پێزانینەکان چۆنن، چونکە ئەمە سێیەم کتێبمە پێشکەشە بە تۆ- وە سەختە بیر لە کەسێک بکەیتەوە کە لە تۆ شایستەتر بێت. تۆ باوەڕت پێم هەیە، بە شێوەیەکی بێکۆتایی پشتگیری لە ماندووبوونەکانم دەکەیت و بە لێهاتووییەکی زۆرەوە دەستکاری هەموو ڕستەیەک دەکەیت بۆ ئەوەی ئەو واتایە بدات کە هەوڵی بۆ دەدەم. من تەنها لە تەنیشتی تۆوە دەتوانم کتێب بنووسم.